10

# ڕۆژنامەنووس

گۆڤارێکی وەرزییە
تایبەتە بە کلتوری ڕۆژنامەنووسی

109

2007

# لە یادی (١٠٩) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردیدا

فەرهاد عەونی

هاوکات لەگەل یادی (١٠٩) ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی، کە بەدەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە مێژوودا (٢٢نیسانی ساڵی ١٨٩٨) دەستپێ دەکات، بەدرێژای ئەم مێژووەش، تاکو رۆژانی ئەمرۆ، دەیان و سەدان رۆژنامەو گۆڤاری هەمە جۆر و هەمەڕەنگ هاتونەتە گۆرەپانی رۆژنامەگەری کە بێ گومان بە قۆناغی زێدە ترسناک و دژواردا تێپەڕیوەو ئەشکەوتی شاخەکانی کوردستان و ژێر زەمینە سارد و تاریکەکان لە بارودۆخێکی نهێنیدا ئەم کارە پیرۆزەیان تێدا ئەنجام دراوەو بەسەدان رۆژنامەنووس، دوور لە پلەوپایە و دوور لە خەلات و بەخشش، وەکو سەربازی ون پێشمەرگانە کارەکانیان بەڕێوە بردووە، بەڕادەیەک لەلای هەندێک لەو پێشڕەوانە شێوازی (التصوف)ی وەرگرتووە، لە ئاکامدا بەتێکرایی بۆتە یەکێ لەهۆکارەکانی دروستی بوونی ئەو قۆناغەی کە ئێستا رۆژنامەنووسانی کوردستانی تێدا دەژین سەرەرای هەندێ کەموکوری (ئەوجا لە هەرلایەنێک بێت) دەتوانن رۆژانی سەردەمی ساڵانی پێشووتری پێشڕەوانی کاری سەختی رۆژنامەنووس وەکو بەشێک لە مێژووی ئەم گەلە ستەم دیدە باس لێوەبکەن، لە کاتێکدا ئێستا ئەوان، یانی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەشداری لەو پرۆسەیە دەکەن کە تێدا (چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووس و دابین کردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان) بۆتە ئەرکی هەموو لایەک، بەتایبەتی ئەو چوارچێوە یاساییەی کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە، چالاکانە توانیویەتی پرۆژەیەک ئامادەکا بکات و بێ گومان لە ئاییندەیەکی نزیک دا دەبینە لەمپەرێکی یاسایی بەرامبەر هەر پێشلکارییەک کە بەرامبەر ئازادی رۆژنامەنووس و مافی رۆژنامەنووسان بکرێن، سەرەڕای پاراستنی مافی هەموو لایەک کە تێدا ئەو پرۆژەیە (یاسای ئاییندە) دەبێتە یەکلاکەرەوەی هەموو کێشەکان کە ئەمیشیان قۆناغێکی تازەی دیکەیە کە کاری رۆژنامەنووس بەخۆیەوە دەگری کە دیسان، ئەرکی پاراستنی دەکەوێتە ئەستۆی هەمولایەک، لە پێشەوەشیان رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە لەلایەک بەشداری لەو پرۆسە نەتەوایەتیە دەکەن کە دەمێک ساڵە خەونی پێوە دەبینن، لەلایەکی دیکەوە بە پەردە لادان لەسەر هەموو کەموکورییەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە ئەزموونە سیاسیەکەشییەوە (کە پێویستە بەوپەڕی گیانی بەرپرسیارییەتیەوە پیادە بکرێت) ببێتە تاجەگوڵێنەی هەمەڕەنگ بۆ سەر گۆڕی پێشڕەوانی ئەمری ئەم بوارە.

"

**دوور لە پلەوپایە و دوور لە خەلات و بەخشش، وەکو سەربازی ون پێشمەرگانە کارەکانیان بەڕێوە بردووە، بەڕادەیەک لەلای هەندێک لەو پێشڕەوانە شێوازی (التصوف)ی وەرگرتووە**

"

# "10"

kurdistanjournalists.org
govar2004@yahoo.com

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کلتوری ڕۆژنامەنووسیی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات

**خاوەن ئیمتیاز:**
فەرهاد عەونی

**سەرنووسەر:**
عەبدوڵڵا زەنگەنە

**سکرتێری نووسین:**
خالید بەکر ئەیوب

**دەستەی نووسەران:**
- ئازاد عوبێد
- ئەکەد مراد
- ئەنوەر حوسێن
- ئیسماعیل عەلی
- ڕەفیق ساڵح ئەحمەد
- سۆزان مامە
- موسەدەق تۆڤی

**دەستەی ڕاوێژکاران:**
- حامد محەمەد عەلی
- د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی
- د.کەمال سەعدی
- د.مۆفەق دەرگەڵەیی
- د.هیمداد حوسێن
- یونان هۆزایا

**تایپ و نەخشەسازی:**
- هاوڕێ محەمەد زادە
- هەوار محەمەد عەلی
- ئەیوب محەمەد بابەکر

<u>ناونیشان</u>: هەولێر– شەقامی کوردستان
"شەست مەتری"– گەڕەکی زانیاری
**Tel: +964 66 229 4800**
**Mobile: +964 750 456 8886** سەرنووسەر

# بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی رۆژنامەنووس


دیاریی ژمارە ---- کوردێکی یەکرەنگ ---- ٣
راگەیەنراوی کۆبوونەوە ---- ١٤
چەند سەرەقەڵەمێک ---- ئازاد عەبدولواحید ---- ١٥
هەواڵ و سیاسەت لە گۆڤاری ---- شادمان مەلا حەسەن ---- ٣٥
مرۆڤی زانا پێی خۆشە رەخنەی لێ بگیرێ..؟ ---- رۆژنامەنووس ---- ٤٦
کۆمەڵەی هێڤی و گۆڤاری "رۆژی کورد" ---- د.جەلیلی جەلیل ---- ٤٧
چەند راستییەکی نوێ دەربارەی ---- کەمال مەزهەر ---- ٦٢
بەڵگەنامەیەکی تەمەن ٢٣ ساڵە ---- نەوزاد عەلی ئەحمەد ---- ٦٨
گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ---- هیوا فریادڕەس ---- ٧٦
یەکسانی و بەراورد کردن ---- و: د.سەپان ---- ٨٦
بیبلیۆگرافیای رۆژنامەگەری ---- بەهادین ئەحمەد ---- ٩٦
گۆڤاری هیوای قوتابیان ---- موسا ئەحمەد ---- ١٠٨
رەوەشت و ئاکاری رۆژنامەنووسیی ---- و: هاوار ئەحمەد ---- ١٢١
ئۆریژنالەکانی یەکەمین رۆژنامەی ---- عەبدوڵڵا زەنگەنە ---- ١٣٢
لە پەراوێزی "ئەزموونی رۆژنامەگەریم"دا ---- فەرهاد عەونی ---- ١٥١
بیرەوەرییەکانی رۆژنامەنووسیم لە بەغدا ---- زادوق ئادەم ---- ١٧٠
وێستگەی رۆژنامەنووس ---- ١٨٥
"٥٣" ساڵ لەمەوبەر داوای مام جەلال ---- عەبدوڵڵا زەنگەنە ---- ١٨٦
چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە ژیانی ---- و: محەمەد وەسمان ---- ١٩٠
"دارا تۆفیق" سەرکردەو رۆژنامەنووسی شەهید ---- هیوا ساڵح ئەحمەد ---- ٢١٤
دارا تۆفیق ---- فەلەکەدین کاکەیی ---- ٢٣٣
پەیڤێک دەربارەی ---- سمکۆ هەولێری ---- ٢٣٧
"بین النهرین" گۆڤارێکی پڕشنگداری ---- ئەکەد مراد ---- ٢٤٣
لەیادی رۆژنامەنووسیی کوردی ئەمساڵدا ---- حەمید بەدرخان ---- ٢٤٨
هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکا ---- ئا: خالد بەکر ئەیوب ---- ٢٥١


**ریزبەندی بابەتەکان تەنیا پەیوەندی بە لایەنی هونەرییەوە هەیە**

## دیاریی ژماره...

# داوەریکردن و وەسیەتنامەکەی پێشەوا قازی محەمەد..!!

**کوردێکی یەکڕەنگ**

لـه سـاڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠دابـوو، کاتـێ خەریکی چاپکردنی کتێبی "ژیانەوەو شـوێنی لە رۆژنامەنووسـی کوردیـدا"و کتێبی "چەند لاپەڕەیـەک لـە مێـژووی گەلـی کـورد"ی د.کەمـال مەزهـەر بـووم، کـە دەزگای چاپ و بڵاوکردنـەوەی موکریانـی خەریکـی چاپکردنـەوەی بابەتی (دەقـی دادگاییکردنی پێشەوا قازی محەمەد و سەدرو سەیفی قازی) بوو، تا لـە دووتوێی کتێبێکدا بڵاوی بکاتەوە، چەنـد جارێک بەرپرسـی دەزگاکـەم ئاگادار کردەوە، بۆ ئەوەی ئەم کتێبە ببێتە سەرچاوەو جێـی متمانـەی دەزگا زانسـتییەکان، ئەگەر دەقـی بەڵگەنامـەکان لەبـەر باروزرووفێکی تایبەتـی لەبەردەسـتیش نەبن، واباشـە هەر هیچ نەبێت، چەند بڕگەیەک لە وێنەی بەشێک لـە فۆتۆی دەقی ئەو دەسنووسـەی بە زمانە ئەسـڵییەکەی، دەقەکەی پێ نووسـراوەتەوە لەتـەک بابەتەکـەدا دابنرێت، ئەوەبوو ئەو ئاماژەی وا بۆ کردم گوایـە ئامادەکار خۆی خەریکی پێداچوونەوەی بابەتەکەیە، بۆیە هەر ئەو رۆژە چوومە دەزگای مانگنامەی (رامان)، لەوێ چاوم بە (بەدرەدین ساڵح)ی ئامادەکاری کتێبەکە کەوت، کە ئەوسا لەوێ کاری دەکرد، باشـم بەبیـرە کەمێـک بەتوونديـش قسـەم لەگەڵی کرد، گوتم: ئەو بابەتە وەکو لەمەوبەر کـە لە (خەباتـی قوتابیـان)دا بڵاوکراوەتەوە، ئاوەها بڵاوبکرێتەوە، هیـچ بەڵگەیەکی لەگەڵ نەبێـت بیسـەلمێنێ، ناچـارم بەدەنـگ بێم و لەسـەری بنووسـم، چونکە ئەمڕۆ فۆتۆیەکی یەک لە وەسـیەتنامەکان لەبەردەستەو وەکو خـۆی بڵاوکراوەتـەوە، تەنانەت بۆ پاڵپشـتی بۆچوونەکانـم نـاوی سەرچاوەکەشـم بـۆ دیارکـرد، یەکسـەر باوەشـی پێداکـردم و گوتی پەلـە مەکە تا کتێبەکەم بڵاودەکرێتەوە، چونکە هەندێ شـتی تێدایە، بـەڵام بەداخەوە دوای چاپکرانی کتێبەکە، ئەو لەجیاتی فۆتۆی

چەند بەشێکی وەسیەتنامەکەی لای خۆی بڵاوبکاتەوەو کارەکەی خۆی بسەلمێنێ، بۆ چەواشەکردنی خوێنەران چوو بوو گۆڤاری (مامۆستای کورد)ی هێنابوو و فۆتۆی ئەو وەسیەتنامە ئەسڵییەی، کە من بۆیم دەستنیشان کردبوو، بەبێ هیچ بەڵگەنامەیەکی دیکە لە دووتوێی کتێبەکە دانابوو، هەر ئەو ماوەیەش بوو، من خەریکی کۆکردنەوەی کۆمەڵێک بەڵگەنامەبووم تا (کاریزما)یەتی جەنابی مەلا مستەفای بارزانی پێوە بسەلمێنم، ئەوەبوو (١١) مانگ خەریکی بووم، تەنانەت بیرمە چەندین جار ژیانی خۆم دەخستە ترسەوەو دەچووومە بەغدا، تا لەوێ سەردانی کۆمەڵێک خەڵک بکەم، ئەوەبوو سەردانی زۆر دەزگاو ئەرشیفیشم کرد، ئەو پەرۆشییەی من بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕە نادیارەکانی مێژووی کورد بوو، مەگەر هەر چەند کەسێکی وەکو د. کەمال مەزهەر و رۆژنامەنووس محەمەدی مەلاکەریم و حسێن فەیزوڵڵا جافی نووسەرو و عەبدولڕەزاق بیماری تۆژەرو نازانم کێ و کێی دیکە هەستیان پێی کردبێ و بیگێڕنەوەو باسی بکەن، خۆ خوالێخۆشبووان خەسرۆ تۆفیق و محەمەد کەریم فەتحوڵڵا لە ژیاندا نەماون، تا ئەوانیش بۆ پەرۆشیم بکەمە شاهید، جگە لە سەرنووسەری رۆژنامەی (هاوکاری)ی ئەوسا، پێی ناوێ نە لە کۆڕی زانیاری و نە لەکتێخانەی نیشتمانی لە بەغداو نە لە خانەی (سەدام) بۆ پاراستنی بەڵگەنامەکان لێرەدا ناوی کەس بێنم، لەهەموو ئەو شوێنانەو لە هەموو ئەو بەڵگەنامانەش کە لەسەر کەسایەتی و پرسەکانی کورد هەن، هیچ کامێکیان بەقەدەر ئەو دەقی داوەریکردن و ئەو وەسیەتنامەیەی پێشەوا قازی کە لەلایەن گۆڤاری (خەباتی قوتابیان) بڵاوکرایەوە، سەرنجی ڕانەکێشابووم، بۆیە چ لە کوردستان و چ لە عیراق زۆر بەدوای ساخکردنەوەی ئەو دەقەدا چووم، خۆ ئەوەتا مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادەو کاک کەمال کەریمی لە کوردستانن، بە قەولی خۆیان ئەوان خاوەنی مەسەلەکەن و هەوەستیشیان بە زۆربەی ناوەرۆکی وەسیەتنامەکە هاتووە، بەڵام ئەوانیش بەبێ نیشاندانی بەڵگەنامەی پێویست دڵیان پێ خۆش نەبوو و بڕوایان پێی نەبووە.

لە پاڵ ئەو گەڕان و سوڕان و بەدوداچوونەمدا، چ لێرەو چ لە بەغدا، زۆر جارانیش، لە ڕێگەی نووسینگەکانی حیزبەکەی ئەو دوو زاتە هەموو جارێک نامەو سەرچاوە، تەنانەت کارتۆنە کتێبیان بۆ هێناومەتەوە، لێرەش چیم هەبووە بۆیان بردوومەتە بەغدا، زۆر چاک لەبیرمە،

**"لەهەموو ئەو شوێنانەو لە هەموو ئەو بەڵگەنامانەش کە لەسەر کەسایەتی و پرسەکانی کورد هەن، هیچ کامێکیان بەقەدەر ئەو دەقی داوەریکردن و ئەو وەسیەتنامەیەی پێشەوا قازی کە لەلایەن گۆڤاری (خەباتی قوتابیان) بڵاوکرایەوە، سەرنجی ڕانەکێشابووم"**

هەواڵنامەی کتێب

جارێکیان کارتۆنێک کتێب و نامەی خەڵکم نارد، لێرەدا دەبێ ئـەوەش بڵێم هەر جارێک پۆسـتەکەم بەڕێ دەکرا. رۆژی دواتر، بۆ دڵنیابوون لە گەیشتنی یەکسەر بەدوایدا دەچوومە بەغدا، ئەوەبوو پۆسـتەکەی ئەمجارەیان بە هەڵە بردبووە لای خوالێخۆشـبوو مەلا جەمیلـی رۆژبەیانی، بۆیە لەگەڵ مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم ناچاربووین بە هەڵەداوان خۆمـان بگەیەنینـە نووسـینگەکەی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە بەغدا تا چارەنووسـی پۆسـتەکە بزانین، لەگەڵ ئەو برادەرەی ئەوێش پرسـی ئەو وەسیەتنامەیەی پێشـەواو داوەریی کردنەوەکەی خرایە بەرباس، ئەوەبوو زۆر باسـی خوالێخۆشـبوو مەلا جەمیلیش کـرا، دواجار بەرپرسـی نووسینگەکە کەسـێکی لەگەڵ ناردین تا بچینە لای مـەلا جەمیـل و لەوێ شـتەکان بێنینـەوە، بەتایبەتی ئەوانـەی پەیوەندییان بە مامۆسـتا محـەمەدی مەلا کەریم هەبـوو، زۆر چـاک بەبیرمـە بەرگی پێنجەمـی کتێبەکەی (محەمەد ئەمین بۆز ئارسلان)یش لەبارەی گۆڤاری (ژین)، هەروەهـا ١٨ ژمـارەی رۆژنامـەی (خەبات)ی ئەوسـای تێدابـوو، هەروەهـا نامەیەکی (دلشـاد عەبدولڕەحمان)ی قوتابی ماستەری تێدابوو، هەروەها کتێبی (ژیانەوە)ی من و کۆمەڵێـک کتێبی دیکەی بۆ د. کەمـال مەزهەر تێدابوو، بەبیـرم نەمـاوە ئـەم جارەبوو، یـان جارێکـی دیکە بوو، هەندێ کتێبی حوسـێن فەیزوڵلا جافی تێدابوو، سـەیرەکە لەوەدابوو لە رۆژی گەیشـتنی کارتۆنەکە خوالێخۆشـبوو مەلا جەمیل، کارتۆنەکەی هەڵپچڕی بوو و جگە لەنامەکەی دلشاد، هەموو ئەمانەتییەکانی د.کەمال مەزهەری ناردبۆوە، بـەڵام ئەوەی مامۆسـتا حەمـەی مەلا کەریـم، کە هەندێ شـتی بڤەشـی تێدابوو نەگەیشـتبوو، کاتێ بە مەبەسـتی چوونە لای خوالێخۆشـبوو مەلا جەمیلـی رۆژبەیانی، کە دەمێـک بـوو حەزم دەکـرد بیبینم و لە نزیکەوە بیناسـم، بەتایبەتـی بـۆ سـاخکردنەوەی پرسـی داوەریکردنەکەی پێشـەوا، لەگەڵ مامۆستا حەمەی مەلا کەریم و برادەرانی دیکـە لـە نووسـینگەکە بەڕێیان کردین، وام هەسـت کرد کاکە حەمە، بەهۆی سـاردییەکی پێشـووتری نێوان خۆی و مەلا جەمیل، پەشیمان بۆوەو لەگەڵمان نەهات، ئەوەبوو مـن و ئـەو بـرادەرەی رێنوێنـی دەکردیـن، ناچاربووین تەکسـیەکمان گرت و چووینەماڵی مـەلا جەمیل، بینیمان دەرگاکـە کراوەتـەوە، چونکـە یاوەرەکەم تەواو شـارەزا بـوو، چـووە ژوورەوەو زۆر ئەملاو ئـەولای کرد، بەڵام نەدەنـگ و نەڕەنگـی کـەس دیارنەکـەوت، برادەرەکە کە

**ل.......ە رۆژی گەیشـتنی کارتۆنەکە خوالێخۆشـبوو مەلا جەمیل، کارتۆنەکەی هەڵپچـڕی بـوو و جگـە لەنامەکەی دلشاد، هەموو ئەمانەتییەکانی د.کەمال مەزهـەری ناردبۆوە، بەڵام ئـەوەی مامۆسـتا حەمەی مـەلا کەریم، کـە هەندێ شـتی بڤەشـی تێدابـوو نەگەیشتبوو**

گەڕایــەوە لام زۆر پەشــۆکاوبوو، پێی گوتــم: کەس دیار نییە، ماڵەکە شێواوە، خوێن لە هەندێ شوێن دیارە، لەبیرم کــرد پێتان بڵێم ئەوکاتەی لە نووســینگەکە باســی ژیانی مــەلا جەمیل کرا، من ژیانی ڕۆژنامەنــووس و ڕووناکبیر خوالێخۆشــبوو نەجمەدیــن مەلام دەهاتەوە پێشــچاو، کە لەسەرەتای شەســتەکان لە ماڵەکەی خۆیدا بە شێوەیەکی گومانــاوی مردبوو و پشــیلەکەی دەم و چاوی ڕنیبۆوە، بۆیــە کە هەســتم کرد شــتێک قەومــاوە، بــە برادەرەکەم گــوت: با بڕۆین و ئێرە جێبهێڵیــن، بابچین پۆلیس ئاگادار بکەینەوە، کاتێ ماڵەکەمان جێهێشــت ئینجا بەبیرم هاتەوە هەردولامان هەڵوێســتمان لای حکومــەت چەندە ئاڵۆزە؟! بۆیــە بەبرادەرەکــەم گوتەوە: کاکــە بانەچینە لای پۆلیس، هەر ئێســتا تۆ بڕۆوە نووســینگەکەو ئاگاداریــان بکەوە، بەهیچ شێوەیەکیش ناوی من مەبە، نەکەی لە بەرپرسەکەت زیاتر لای کەسی دیکە باسی ئەو ڕووداوە بکەی، ئەوەبوو منیــش چوومــەوە لای مامۆســتا حەمــەی مــەلا کەریــم، دواتــر د.کەمال مەزهــەرم ئــاگادار کردەوە، پشــێوییەک کەوتــە ناو کوردە ڕۆشــنبیرەکانی بەغــدا، بۆیە ئاگاداری د.کەمــال مەزهــەرم کــردەوە کــە دوای بڵاوکردنــەوەی بەرگی دووەمی کتێبەکەی، هەر کاتێ لەلایەن حکومەتەوە هەســتی بە هەر شــتێکی نائاســایی کرد، دەکــرێ ڕوون کردنەوەیــەک بڵاوبکەیــەوەو خــۆت لەمن نەنــاس بکەی، ئەوەبــوو خۆشــم کاتێ هاتمەوە هەولێر ســیناریۆیەکم لە "دواگوتە"یەکدا نووسی و خستمە پاڵ کتێبەکە، وا دیاربوو ئەوسا بەدحاڵیبوونێک لەلای بەرپرسی دەزگای موکریانی لەســەر (دواگوتە)کــە دروســت بــوو، بۆیە دوو کەســی ناردبووە (خانەی برایەتی) و (دواگوتە)کەی منیان لە یەک بەیەکــی کتێبەکان دەکردەوە، دواتــر باجێکی زۆرم دانا تا لێــی دەرچووم. ئەو هەموو ڕووداوانە گشــتی لە ئەنجامی بەدواداچوونی ســاخکردنەوەی ئەم وەسییەت و داوەریی کردنە بوو. ئەوەندەی پێنەچوو لێژنەیەک بە سەرۆکایەتی مامۆســتا عەزیز محەمەد و ئەندامێتی چەند ڕۆشنبیرێکی دیکــەی کورد، بۆ کۆنگرەی یادی ســەد ســاڵەی بارزانی دامەزرا، کاک مومتاز حەیدەری تازە وازی لە ســەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سەرنووسەریی لە گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) هێنابوو، وادیاربوو پێشــتر کار کردنی من وەکو سکرتێری نووسینی گۆڤارەکە کاریگەری خۆی لای کاک مومتاز هەبوو. ئەو کارەکانی منی زۆر بەدڵ بوو، بۆیە هانی دەدام ڕۆژانە هاتوچۆی بکەم و بۆ زۆر لە کاروباری

> **بــە برادەرەکەم گــوت: با بڕۆیــن و ئێرە جێبهێڵین، بابچیــن پۆلیس ئــاگادار بکەینــەوە، کــــــاتــێ ماڵەکەمان جێهێشت ئینجا بەبیرم هاتەوە هەردولامان هەڵوێستمان لای حکومەت چەندە ئاڵۆزە؟!**

هەوالنامەی کتێب

رۆژانه لــه بارەگاكەی هاریكاری بكــەم، بەداخەوە، لەبەر بەدواداچوونی بابەتی خەڵكی دیكەو لەبەر نەپەرژانە سەر گەیاندنــەوەی هەندێ بەڵگەنامەی گرنگ لەبەغدا، نەمتوانی بەم بۆنەیەوە سەرلەبەری ئەو كتێبەی خۆم لەسەر بارزانی چاپ بكەم، ئەوەبوو كورتەیەكی بابەتەكەم لەژێر ناونیشانی (كاریزمای كورد مەلا مســتەفای بارزانــی لە دەربەدەری سلێمانییەوە تا پلەی زەعیمی) لە ل (٢٤٣-٢٨٢)ی بەرگی یەكەمی كتێبی (كۆنگرەی یادەوەری ســەد ساڵەی بارزانی نەمر) بۆ بڵاوكرایەوە، ئەو بابەتە، وەكو پێشتر بۆ د. كەمال مەزهەرم خوێندبۆوەو ئەویش پێشبینی كردبوو، زۆر سەر ئێشەی بۆ دروست كردم، بەتایبەتی كە پێشتریش د. دلێر ئیســماعیل شاوەیس لەسەر نەنووســینەوەی سەرچاوەو دیاركردنی پەراوێزەكان گلەیی لێكردبووم، بەڵام پاساوی من ئەوەبوو كە ئەو بابەتە كورتەو پێناســەی پرۆژەیەكی كتێبێكــە نەك بابەتێكی ســەربەخۆ، ئەوســا لەبەر ئەوەی بڕوام بەدڵســۆزی خۆم بۆ كارەكــەم هەبوو، بۆیە دانم بە خۆم داگرت و بەرگەی هەموو رەخنەكانم گرت و نەچوومە ژێرباری هەندێك لەبۆچوونەكان، ئەوەتا وا بابەتەكەی من ســەرباری ناونەهێنانی هەموو سەرچاوەكان، رۆژ بەرۆژ بە شــایەدی زۆر كەس، رەســەنی و راســتی و دروستی ســەلمێنرا، دەمێكیــش بوو بە تەما بــووم دەقی بابەتەكەو یەكــەم و دووەم پیــڕەو و پرۆگرامــی پارتــی دیموكراتی كورد، دواتر پارتی دیموكراتی كوردســتان، رەنگە تاوەكو ئێســتا لای (پارتــی) خۆیشــی نەبێ، بڵاوبكەمــەوە، بەڵام هەموو جار كە ناوی خوام لێ دەهێناو دەمەویست دەست پــێ بكەمەوە، ناوەڕۆكی ئەو كتێبەی بەدرەدین لەپێشــمدا دەبووە كۆسپێكی گەورە، بەتایبەتی كە لە یەك لە خاڵەكانی ئــەم بابەتــە پەنجەی گومانم خســتبووە ســەر كتێبەكەی دەزگای موكریانــی، دواتریش كاك (موســا ئەحمــەد)ی سەرنووســەری ئەوسای گۆڤاری (خەباتی قوتابیان) زۆر بە راشــكاوانە باســی ئــەو (م.م.بــۆكان)ەو رای ئەو كاك حەیــدەر رواندزیەی كە لە تێبینییەكــەی گۆڤاری (خەباتی قوتابیان) ناوی هاتووە پێ گوتم و باســی رای ســەرووی خۆیشی لە بارەوەو چۆنیەتی دەسكەوتنی وەسیەتنامەكەی بۆ كردووم، من زیاتر بەرچاو روونتر دەبووم.

ئەســڵی مەبەســت والێــرەدا بەكــورت و كرمانجــی دەیڵێمەوە، من پێم وایە وەكو چۆن ئاڵاكەی ســەڵاحەدینی ئەیوبــی ئەمــڕۆ نابێتە ئــاڵای كوردســتان، ئاوەهاش ئەو دادگاییكردنەی پێشەوا قازی و وەسیەتنامەكە نابنە دەقێكی

> **پاســاوی مــن ئەوەبــوو كە ئــەو بابەتــە كورتەو پێناســەی پرۆژەیەكــی كتێبێكە نــەك بابەتێكی سەربەخۆ، ئەوســا لەبەر ئــەوەی بڕوام بەدڵســۆزی خــۆم بۆ كارەكــەم هەبوو، بۆیە دانم بە خۆم داگرت و بەرگەی هەموو رەخنەكانم گــرت و نەچوومە ژێرباری هەندێك لەبۆچوونەكان**

بڕوا پێکراو و متمانە پێکراو، تەنانەت کاتی خۆی من گومانم لەسەر ئەو وێنەیەش هەبوو کە لەدووتوێی گۆڤارەکەی (خەباتی قوتابیان) بڵاوکراوەتەوە، گوایە هی قازی محەمەد بووبێت، ئەوەتا ئەمیش دواتر وەکو وێنەی پیشەوا لەم کتێبەدا دانراوە. پێم وایە دوای گێڕانەوەی ئەم کورتە سەربوردەو پێزانینی ئەو گیانی خۆخستنە مەترسییەوە، لەپێناو راست پیشاندانی مێژوومان، خوێنەران لەگەڵمدا دەبن ئەگەر لە جەنابی وەزیری رۆشنبیری بپرسم: باشە کاکە فەلەکەدین کاکەیی، جەنابتان، بەر لەوەی وەزیر بن، وەکو رۆشنبیرێکی دیارو بەرچاوی نێو میللەتەکەمان ناسراون، بەبێ لەبەردەست بوونی هیچ بەڵگەیەک لەسەر ئەو داوەری کردنەو دەقی وەسیەتنامەکە، با قسەی جوان و رێکوپێکیشی تێدا نووسرابێت، چۆنە وا بە سانایی (٢٠٠٠) دوو هەزار دانەتان چاپ و بڵاوکردۆتەوەو وێنەی وەسیەتنامە ئەسڵییەکەشی لەگەڵ دانەنراوەتەوە، ئایا پێشتر لە کتێبەکەی کۆنگرەی سەد ساڵەی بارزانیدا، کە خۆیشت یەک لە ئەندامە دیارەکانی لیژنەی یادەکە بووی، تەماشایەکی ئەم بابەتەی منت کردووە، کە بە نزیکەی لاپەڕەو نیوێک باسی ئەم داوەریی کردنەو پەیوەندی نێوان جەنابی پێشەواو مەلا مستەفای بارزانیم کردووە، ئایا ئەو نامەیەی مەلا مستەفات تێدا خوێندۆتەوە کە جەنابی بەبۆنەی دامەزراندنی پارتی بە هەمزە عەبدوڵلادا ناردوویەتییەوە عیراق، کە تاوەکو ئەم دواییەش لەبەردەست نەبووە، یان ئەم سێ خاڵەی باسی فیدراڵیت تێدا خوێندۆتەوە کە لە یەکەم پەیڕەوو پڕۆگرام و پەیماننامەی (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا دەقەکەی راگوێزراوەو.. هتد.

کامەیان سەروەریی سەرکردەکانمان زیاتر بەدیاردەخا، ئەمانە و شیعرەکەی "عەشیرەت هاوارە"ی پیرەمێرد، یان ئەو شیعرە هەڵبەستراوەی گوایە سەدری قازی بەسەر جەنابی مەلا مستەفایدا هەڵگوتووە، دیارە بەدرێژایی ئەو ٦٠ ساڵەی دوای رووخانی جمهوری کوردستان نەمانبیستووە کەسێک ئاماژەیەکی بۆ شیعرێکی واکردبێ، نەک هەر ئەوەندە، تاوەکو ئێستا رۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی و هاوەڵانی جێگای مشت و مڕە، ئایا ئەو کارەساتە لە ٣٠ی ئادار بووە یان لە ٣١؟ باشە کاکە بەدرەدین ساڵح، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ بەرواری داوەریی کردنەکە بە ساڵی هەتاوی بکا، چۆن هەردوو رۆژی ١٩٤٧/٣/٢٥ و ١٩٤٧/٣/٢٨ی بۆ گەیشتنی دەستەی دیاریکراوی داد لە تارانەوە بۆ تەورێز، پاشان بۆ مەهاباد،

”
**کامەیان سەروەریی سەرکردەکانمان زیاتر بەدیاردەخا، ئەمانە و شیعرەکەی "عەشیرەت هاوارە"ی پیرەمێرد، یان ئەو شیعرە هەڵبەستراوەی گوایە سەدری قازی بەسەر جەنابی مەلا مستەفایدا هەڵگوتووە**
“

وا بە سـووک و سـانایی بەبێ دانانی بـەرواری هەتاوی، کە هەتا ئێستا حیزبی دیموکراتی کوردستان لەناو ئێمەش بەکاری دێنێ، دیارکردبوو.

هەروەهـا ئەگەر ئەو شـیعرەی لەدووتوێـی کتێبەکەدا راسـتبێت و ئەبولقاسـمی سـەدری قـازی شـیعرێکی وای بەسـەر جەنابـی مەلا مسـەفای بارزانیـدا هەڵگوتبێ لەبـەر ئەوەی سـەروان کیومەرس سـاڵح، لەبەر کوردی نەزانییەکەی، هەندێ وشـەی هەڵەی چاپی تێخسـتبێ، ئایا دەبێ کاک بەدرەدین لەسەر چ سەرچاوەیەک ئەم شیعرەی راست کردبێتەوە.

پاشان تاوەکو ئێستاکەش نەمتوانیوە لە بەڕێوەچوونی کاری دادگاکە دڵنیابم، با دادگایەکی سـەربازیش بووبێت، ئایا دەکرێ هـەر لیژنەیەک خۆبەخۆ لەخۆیانەوە لەسـەر یاخیبـوون و وەلام نەدانـەوەی گیراوەکەیان، کۆ ببنەوەو سـەرۆکی دادگایەک لاببەن و یەکێکی دیکـە لە لیژنەکەدا لە شـوێنی دابنێن؟ لەلایەکی دیکەوە پێشـەوا قازی خۆی رێککەوتننامـەی لەگەڵ ئازەر (عەجەم)ەکان ئیمزا کردووە هاوپەیمانیان بووە، ئایا دەبێ ئاوەها بە سووک و چرووکی تەماشـایان بکات و باسیان بکات؟ سوپاس بۆ خوا ئەمڕۆ دوای چاپکردنـی ئـەو دەیـان بەڵگەنایەی د. ئەفراسـیاو هەورامی و ئەنوەری سـوڵتانی و لەبەردەسـت هەبوونی بیرەوەرییەکانی (قوام السلطنة) و چاپکردنی کۆمەڵێک کتێبی مەحمودی مەلا عیزەت و چەند کەسێکی دیکەو هێنانەوەی نامەی ماسـتەری هۆزان دۆسکی و تێزی دکتۆرای وەکو د. یاسـین سەردەشـتی و برهانەدین یاسین لەبارەی ئەم ماوە هەستیارەی مێژووی نەتەوەکەمان، ناکرێ و نابێ بە بڵاوکردنەوەی کتێب و بابەتی ئاوەها مێژوومان سـووک و بێ بایەخ بکرێت.

هەرچـی لەبـارەی کتێبخانەکەی پێشـەوایە، دڵنیام نە جەنابـی تاقە کوڕەکەی پێشـەواو نە جەنابـی وەزیرو نە خانم تامان شـاکر، کە قسـەیان لەبارەوە کردووە شتێکی ئەوتۆ لەبارەی دەستخستنی نازانن، ئەوەندەشی کە وەکو کوردەکانی ئێران پێیان گوتوم ئەو کتێبانەیە کە تا کۆتایی سەردەمی شا مابوون، ئومێدەوارم لەژێر حوکمی خۆمان ئـەم کتێـب و بەڵگەنامانـە بـەدەردی بەڵگەنامەکانـی نێو مۆنیمێنتەکـەی هەڵەبجە نەبرێن. فەرموون ئەمەش وێنەی بەڵگەنامەو دەقی وەسیەتنامەکەی پێشەوا کە بۆ بنەماڵەی قازی و ئەم تێبینییانەش کە لەبارەی نووسراونەتەوە.

"

**هەرچـی لـــــە بارەی کتێبخانەکەی پێشەوایە، دڵنیـام نـە جەنابـی تاقـە کوڕەکەی پێشـەواو نـە جەنابـی وەزیـرو نە خانـم تامـان شـاکر، کە قسـەیان لەبارەوە کردووە شـتێکی ئەوتـۆ لەبـارەی دەستخستنی نازانن**

"

# وەسێتنامەی پێشەوا قازی محەمەد

ئامادەکردنی: سەیید محەمەدی سەمەدی

ساڵی ١٩٩٥ چلونۆیەمین ساڵڕۆژی دامەزران و ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهابادە و چلوهەشتەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی پێشەوای خۆشەویست و گەورەی کورد قازی محەمەدە. لە ماوەی هەموو ئەم ساڵانەی ڕابوردوودا زۆر کتێب و لێکۆڵینەوە و وتار لەبارەی ئەزموونی کۆماری کوردستان و ژیان و شەهیدبوونی پێشەواوە نووسراوە. لە زۆربەی سەرچاوەکانیشدا باسی وەسێتنامە [یا وەسێتنامەکان]ی قازی کراوە، بەڵام هەتا ئێستا تێکستی ڕاستەقینەی ئەو وەسێتنامەیە لە هیچ کوێیەک بڵاونەکراوەتەوە.

ئێستا بۆ یەکەم جار وەسێتنامەکەی پێشەوا لە مامۆستای کورددا بڵاودەکرێتەوە. سوپاس بۆ برای هێژا مامۆستا سەیید محەمەدی سەمەدی و ئەو بەڕێزانەی کە بۆ ئامادەکردنی ئەم بەڵگە گرنگەی مێژووی تازەی کوردستان، هەوڵیان داوە.

خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم بەڵگەنامەیە زۆر شت سەبارەت کۆماری کوردستان، هەلومەرجی شەهیدبوونی پێشەواکانی کۆمار و تەنانەت باری دەروونیی پێشەوا قازی محەمەد دەخاتە ڕوو. هیواداریین بڵاوبوونەوەکەی ببێتە هۆی زیاتر ناسین و ناساندنی ئەو قۆناخەی مێژووی کورد و قووڵکردنەوەی باس و لێکۆڵینەوەکانی پێوەندیدار بە ئەزموونی کۆماری کوردستانەوە، بەتایبەت کە دەزانین ساڵی داهاتوو، ١٩٩٦، یادی پەنجایەمین ساڵەی دامەزران و ڕووخانی کۆماری کوردستانە.

مامۆستای کورد


ماموستای کورد - ژمارە ٢٤ و ٢٥ - لاپەرە ٩

این وصیتنامه، قاضی در دهم فروردین ۱۳۲۶ بحضور اینجانب محمد صدیق صدقی گفته‌اند.

یک پارچه یا دو پارچه قالی یا قالیچه سید رحیم پسر سید جامی با اسبابهای متند، بدهید بخودش و او هم پولی به من مقروض است، اگر داد خوب و اگر نَداد مختار است.
گندمی که در تثبیت بوده‌است و مال من است اگر دادند بگیرید.

ماشین فورد ٤٦ هم مال شخص خودم است.

موقعی که مرا بازداشت کردند پنجهزار و دویست تومان در جیبم بوده، از من گرفتند و یکصد و پنجاه و سه تومان هم یک فقره و ده هزار تومان هم سروان شریف به نام حق الوکاله از عیال من گرفته ان را هم پس بگیرید.

معینی سه هزار تومان چیزی زیاد یا کم به من مقروض است و او هم چیزی داده‌است و ساعت که به عنوان هدیه برای من اورده داخل دفتر شرکت کرده و من با شرکت طرف نبوده‌ام.

سید سلام نمیدانم هشت هزار تومان یا چیزی کمتر طلب بر سرم دارد، هرچه خودش گفت به او بدهید.

تلفون را برده‌اند تعقیب نمائید.

اتومبیلی که از بابا شیخ گرفته‌اند انهم مال شخصی خودش است.

چهار جیب که بشخص خودم ... و در اختیار من بوده انها هم مال شخص خودم میباشند.

چون سروان شریف زحمت ... در حدود سیصد تومانی به او بدهند.

اگر ان پانزده هزار تومان بالا اخذ شد به هر یک از سعید همایون و میرزا رحیم که خدمت کرده‌اند یک هزار تومان و به محمد فیروزه خانم هم پانصد تومان بدهید.

خواهر خودم هستند غیر از اغلیان که به اسم خودم ثبت شده، در همه، ترکه پدرم حق دارند، ایشان را راضی نمائید.

عیالم مادر بچه‌ها وصی باشد اطفالها سرپرستی بکند و ملا عبدالله ناظر باشد.

مطبعه هم خودم خریده‌ام مال من است.

مام عزیز قرنی اقا کاری که بر سرش امده به خیالش به تحریک من بوده‌است اگرچه بی خبرم، اما کاری بکند که مرا ازاد نماید.

میرزا رحمت با دیگری هرچند از کشتن نجاتش دادم اگر از من چیزی در دل داشته باشد ازادم کند.

نوکرها که این مدت خدمت کرده‌اند زحمت با من کشیده‌اند، نیکی به ایشان کرده و ایشان را راضی نمائید.

بعد از ... چند هزار تومان برایم اسقاط و تهلیل نمائید.

شب ١٠-١-١٣٢٦

امضاء ملا صدیق صدقی و قاضی محمد



هەواڵنامەی کتێب

## هەندێ سەرنج و ڕوونکردنەوە:

١- ئەم سەنەدەی لێرەدا بڵاودەکرێتەوە بەشێکە لە وەسێتنامەی پێشەوا قازی محەمەد، کە بە خەتتی مەلا صدیق صدقی لە شەوی ١٠-١-١٣٢٦ی هەتاویدا، نیو سەعاتێک پێش شەهید بوونی قازی نووسراوەتەوە و لەژێرەوە ئیمزای مەلا صدیق و قازی محەمەدی پێوەیە. قازی هەمیشە ئیمزای خۆی بە "محمد قاضی" نووسیوە. مامۆستا مەلا سدیقی سدقی ڕۆحانییەکی زۆر بەڕێزی مەهابادی بووە و لە ڕابوردوودا پێشنوێژ و دەرسبێژی مزگەوتی هەیاساغای مەهاباد بووە. لە شەوی لە دار درانی قازیدا بۆ وەسیەت کردنی قازی و یارانی، ئەویان هێناوە تا وەسیەتەکەیان یادداشت بکا.

ئەسڵی ئەم وەسێتنامەیە لەلای "دۆکتور عەبدوڵلا ئەبریشەمی" یە. دۆکتور ئەبریشەمی پیاوێکی هەڵکەوتووی مەهابادە، زاوای قازی محەمەدە و ئێستا لە تاران دەژی. کاک سەعیدی هومایوون کە خوشکەزای قازییە، بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی چەند جێگەیەکی ئەو بەڵگەنامەیە یارمەتییان دام. زۆر سوپاس بۆ گەورەیی و پیاوەتیی هەردوو لایان.

٢- [گندمی کە در تثبیت است ]، تثبیت (تەسبیت) ناوی جێگەیەکە و عەمباری دەغڵ و دان بووە.

٣- معینی: محەمەد ئەمینی موعینی، وەزیری کیشوەر لە کابینەی کۆماری مەهابادا.

٤- [سید سلام نمیدام هشت هزار تومان]، سەید سەلامی حوسەینی، ئەرباب (خاوەن)ی دێی سەوزی بووە.

٥- باباشێخ: جەنابی حاجی باباشێخ؛ سەرۆکوەزیرانی حوکوومەتی مەهاباد.

٦- لە دوو جێگەدا ناوی سەروان شەریف هاتووە. ئەم سەروان شەریفە ئەفسەرێک بووە لە پادگانی مەهاباد کە ئەو سەردەمە لە لایەن حوکوومەتەوە وەک وەکیل (پارێزەر)ی بەرگری دانراو (تسخیری) بۆ پێشەوا قازی دیاری کراوە، پیاوێکی بەڕێز و ڕاستگۆ بووە، پاشتر خانوو مریەمی کاکاغازادەی خەڵکی مەهاباد بوو بە هاوسەری. زۆربەی ڕووداوەکان لە بارەی قازییەوە و کاروباری بە دادگادانی ئەوی بۆ خەڵکی مەهاباد گێڕابوویەوە و ئاشکرا کردبوو.

٧- [عیالم مادر بچەها ... و ملا عبدالله]، مەبەست مەلا عەبدوڵلای مودەڕیسییە.

٨- [اگر ان پانزده هزار تومان بالا اخذ شد به هر یک از سعید همایون و میرزا رحیم ... و به محمد فیروزه خانم]، سەعیدی هومایوونی کەسایەتییەکی بەڕێز و خۆشەویستی مەهابادە (لە بنەماڵەی فەیزوڵلابەگییە) و خوشکزای پێشەوا قازی محەمەدە. میرزا رەحیم، میرزا رەحیمی جەوانمەردی قازییە. محەمەدی فەیرووزە خانم کارمەندی ئیدارەی دوخانییات (کارگێڕیی توتن)ی مەهاباد بووە، تارزەنێکی لێهاتوو بووە و پووری قازی بووە.

٩- میرزا رەحمەت: خوداڵێ خۆشبوو میرزا رەحمەتی شافیعی، یەکێک بوو لە کەسایەتییە ناودار و دیارەکانی مەهاباد.

١٠- ئاغڵیان: ناوی دێیەکە لە دەوروبەری مەهاباد.

# راگەیەندراوی کۆبوونەوەی

# "ئازادی رادەربڕین و
# بەرپرسیارێتی لە نووسینی کوردیدا"

رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٠٧/٤/٥ لە هۆڵی (هەورامان) لە شاری هەولێر ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووس و رۆشنبیر، مامۆستایانی زانکۆو نوێنەری دەزگاکانی میدیای کوردی هەرێمی کوردستان، بۆ وتوویژ کردن لەسەر پرۆژەی کاری (ئازادیی رادەربڕین و بەرپرسیارێتی لە نووسینی کوردیدا) کۆبوونەوە.

دوای هەڵسەنگاندنی باری رۆژنامەگەریی کوردی ئەمڕۆ، لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم، لە رووی زمانی دەربڕین، دیاردەی توندوتیژی و زبریی لە نووسیندا، جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە، کە هەمو لایەک بە بەندەکانی ئێتیکی رۆژنامەنووسیی، رێزی بەرابەری، پاراستنی هاننەدانی توندوتیژی پابەندبن و داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و بە یاساییکردنی پرۆسەی رۆژنامەنووسی لە (کوردستان)دا بکەن. هەروەها جەخت لەسەر سەروەریی یاساو سەربەخۆیی دادگاو گوشار خستنە سەر دەزگا حکوومییەکان بۆ زانیاری و بەخشینی بە کەناڵەکانی راگەیاندن بێ جیاوازی کرا، داوا کرا کە شەفافییەت بە جۆرێ پێڕەو بکرێ، کە هۆیەک بێ بۆ بەشداریی پێکردنی کۆمەڵانی خەڵک لە بڕیارو سەرنج و پرۆسەکاندا. دواجار بەشداربووانی کۆبوونەوەکە، ئەم بڕیارو راسپاردانەی خوارەوەیان دەرکرد:

١- کۆمیتەیەک بۆ پاراستنی بەڵێنامەی تایبەت بەکاری رۆژنامەنووسی لە (کوردستان)دا پێکبهێنرێ.

٢- کۆمیتەیەک بۆ بەدواداچوونی راسپاردەکانی کۆبوونەوەکە پێکبهێنرێ، پەیوەندی بە پەرلەمان، حکومەتی هەرێم، مەکتەبی راگەیاندنی پارتەکان و کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بکا، تا چارەسەرێ بۆ ئەو گرفتانە بدۆزنەوەو پێوەی پابەندبن.

٣- داوا لە پەرلەمانی کوردستان بکرێ، هەرچی زووترە، پرۆژەی یاسایی کاری رۆژنامەنووسیی لە کوردستاندا پەسند بکا.

٤- جەخت لەسەر پەرەپێدانی میدیای ئازاد بکرێتەوە، داکۆکی لە دەستکێشانەوەی حزب و حکومەت لە کاری رۆژنامەنووسان بکرێ و بە ئاراستەی بەرژەوەندی هیچ لایەکیدا نەبەن.

لە کۆتاییدا داوا لە هەموو لایەک دەکەین، لە پرۆسەی پەرەپێدان و زانیاری بەخشین بە هاوڵاتیانی کوردستان بەشداربن و لەهەموو ناوزڕاندن و توانج و تانە گرتن لە کەسایەتی مرۆڤ خۆیان بەدوور بگرن، چونکە جگە لە زیاتر پەرتکردنی جەستەو گیانی مرۆڤی کورد شتێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە.

**کۆبوونەوەی**
**ئازادی رادەربڕین و بەرپرسیارێتی**
**لە نووسیندا**
**٢٠٠٧/٤/٥**

# چەند سەرەقەڵەمێک سەبارەت بە ڕۆژنامەگەری کوردی



ئازاد عەبدولواحید*

**ئاماژەیەکی پێویست**

گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، کە گۆڤارێکی تایبەتە بەکولتووری ڕۆژنامەنووسیی، هەر لە سەرەتاوە بەردەوام هەوڵی داوەو هەوڵ دەدات هەموو ئەو لێتوێژینەوەو وتارو کارە ئەرشیڤیانە بگرێتە خۆیەوە کە پێوەندییان بە بواری ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە. منیش وەک هەر ڕۆژنامەنووسێک، کە سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەوانیم، هەندێ جار لە گۆشە تایبەتەکەی خۆم لە گۆڤاری (ڕامان)دا ویستوومە باری سەرنج و قسەی دڵی خۆم سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆژنامەوانی کوردی بکەم، بۆیە ئەوەی لەو گۆشەیەدا نووسیومە زیاتر هەڵقووڵاوی ئەزموون و تاقیمانەی خاکەڕاو سادەی خۆمە لەو بوارەدا، واتە نەمویستووە لەو گۆشە چکۆلەیەمدا قسەی ناو کتێبان بلێمەوە، ئەوەندەی ویستوومە باری سەرنجی خۆم لەمەڕ ئەو واقیعەی هەیە دەرببڕم. ئەو پێنج وتارەی من کە لە پێنج ژمارەی جودا جودای (ڕامان)دا بڵاوکراونەتەوە، چەند سەرە قەڵەم و تیرۆژەکن بۆ سەر ئەو بزاڤە کە لە کات و سات و کەشی خۆیاندا نووسراون. زۆر جار برایانی ڕۆژنامەنووسم داوایان لێکردووم جارێکی دی و لە شوێنێکی دیکەدا دووبارە بڵاویان بکەنەوە، من ئەوەم پێ خۆش نەبووە، بەڵام لەبەردەم داوایەکی لەو جۆرەی برای ڕۆژنامەنووسم (عەبدوڵڵا زەنگنە) نەمتوانی دەست بە ڕوویەوە بنێم کە دەیویست ئەو باری سەرنج و قەناعەتانەی

من بەسەر یەکەوە لە ژمارەیەکی (ڕۆژنامەنووس)دا بڵاوبکرێنەوە.. خوێندەی بەڕێزم. ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە پێنج سەروتار و نووسینی جۆراوجۆر و کورتی منن کە لە کاتی جیا جیادا بڵاوکراونەتەوە، ئەم کارەش هەتا ئەو ڕۆژەی سەرجەم وتارو سەروتارو نووسینەکانم پۆلێن دەکەم و لە دووتوێی چەند کتێبێکدا چاپیان دەکەم لە سوودبەخشین بەدەر نین. خوێنەری ئەمڕۆکەشمان ئەو ماوەیەی نییە لەناو ئەو گۆڤارەدا ئەو وتارانە بە پەرش و بڵاوی ببینێ و بخوێنێتەوە، بۆیە وا بەسەریەکەوەو بۆ بەپیرەوەچوونی ئەو پێشنیارە خستمنە بەر دەست و دیدەتان.




## وەستان و بەخۆداچوونەوە

• لە دەمێکەوە وتراوە گۆڤارو ڕۆژنامە زمانحاڵی سەردەم و نەتەوەیە، بگرە ئاوێنەی بێگەردی هەست و نەست و خەون و خۆزگەو دنیابینی ڕۆڵەکانیەتی. بێگومان ئەگەر ڕۆژنامەگەریی هاوتەریبی ئازادی بیروڕا دەربڕین و چاونەترسی ڕۆژنامەنووس بێت، ئەوە بە کۆشش و تەقالای بەردەوامی کارێکی زۆر گەورە دەکاتە سەر گۆرانکارییەکانی کۆمەڵگا و پێشکەوتنی ژیان، هەر بۆیەشە ڕۆژنامەیان بە دەسەڵاتی چوارەم ژماردووە، یا هەندێ بە (دەسەڵاتی رای گشتی)یان داناوە، کە ئەمە بۆ خۆی باشترین بەڵگەی دەسەڵاتی ڕۆژنامەیە لە ژیانی مرۆڤدا.

• ڕۆژنامەگەری وەک هۆیەکی ڕاگەیاندنی شارستانیی کاریگەر، ئەگەر سانسۆری لەسەر نەبوو، دەبێتە هۆیەکی فەرامۆش نەکراوی هۆشیارکردنەوەو ڕاپەڕین و داچڵەکاندنی کۆمەڵ و دەتوانێ بۆ مەبەستی پەروەردەکردنی گیانی لێپرسینەوەو پتەوکردنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی تێبکۆشێ.

ڕۆژنامە هەر لە یەکەم ڕۆژی پەیدابوونییەوە خزمەتێکی ڕاستەقینەی بۆ ڕێنموونی و ئاراستەکردن و بەرینکردنی ئاستی تێگەیشتن و پێگەیاندنی هۆشیاری و ڕابەرایەتی کردنی کۆمەڵانی خەڵک نواندووە، بگرە ئەو ڕۆژنامانەی زمانی ڕاستگۆیانەی گەل و نەتەوە بوون، لە کاروانی ئازادی و سەرفرازیدا ڕێبازی ڕاست و ڕەوانی هێمنیان گرتووەتە بەر، بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودەو بێ پەرژین، چونکە هەمیشە دەنگی دلێری بانگی شۆڕشگێڕانە بووە دژی بەلاوەنان و پێشێل کردنی خەباتی شۆڕشگێڕان.

• مێژووی دەرکەوتن و پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری کوردی، بەشێکی زیندووە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری سەراپای جیهان، سەرهەڵدانەکەی بۆ ئەنجامی گەشەکردن و پێگەیشتن و پێشکەوتنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و

**ئەگەر ڕۆژنامەگەری سانسۆری لەسەر نەبوو، هۆیەکی فەرامۆش نەکراوی هۆشیارکردنەوەو داچڵەکاندنی کۆمەڵە بۆ پەروەردەکردنی گیانی لێپرسینەوەو پتەوکردنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی**

شارستانی دەگەڕێتەوە. ئەگەر مێژووی سەرهەڵدانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەند بێت بە پێشکەوتنی بارودۆخی سیاسیی کورد، کەوایە سەیر نییە بەردەوام ڕەنگدانەوەی رازو سکاڵای ئەو خەڵکە بووبێ و مێژوویەکی پڕ لە شکۆمەندیی بۆخۆی نووسیبێتەوە، سەرەڕای هەموو جۆرە چاو سوورکردنەوەو گەف و هەڕەشەیەکی کە رووبەڕووی بووەتەوە، کەچی هەردەم نوێنەری دەنگی ئەو کەسانە بووە کە دڵسۆزانە درێژەیان بە خەبات داوەو بۆ بەجێگەیاندنی پەیامی وشەی گەوارای کوردی لە هەوڵ و تەقالای خۆیان نەکەوتوون.


ئازادی

• ئەو خەباتگێڕانەی ڕۆژنامەیان کردووە بە نوێنەری دەنگی نەتەوەو شۆڕشگێڕان، دیارە هەبوون دژی خەباتەکەیان وەستابن بۆ مەبەستی دەم کوت کردن و ساردکردنەوەیان کاریان کردبێ تا لە گەیاندنی ئەو پەیامە ڕێیان پێ لابدەن، بۆیە دەبێ هەمیشە یادی ئەو ڕۆژنامەنووسە پێشەنگانەمان لەبیر نەکەین کە تەمەنێکی دوورو درێژی پڕ لە تێکۆشان و شەونخوونییان لەگەڵ وشەی پڕشنگداری کوردی بردووەتە سەر، جگە لە یادکردنەوەی بەردەوامیان دەبێ ئەو ڕۆژنامەنووسە نەمرانە کە وەک مۆم بۆ گەشانەوەی وشەی کوردی توانەوە پەیکەریان بۆ دابتاشرێ و لەبەرچاوی نەوەکانمان نەمریان بکەین، ئەمەش ئەرکێکی نەتەوەیی سەرشانمانە.

• هەر لەم بۆنەیەدا پێم باشە چەند پێشنیارو بۆچوونێک، بۆ بەبیرهێنانەوەش بێ، بخەمە بەردەستی لایەنە بەرپرسەکان تا هەوڵی بۆ بدەن و لە داهاتوودا جێبەجێیان بکەن، کە بێگومان بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکانە خزمەتی زیاتر بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی دەگەیەنن و بۆ بەرەوپێش بردنی تەکانێکی دیکە دەبێ، لەوانەش:

١- دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە هەوڵ بدەن سەرجەمی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی خۆمان، بەتایبەتی ئەوانەی دەگمەن و دانسقەن، لە چاپ بدەنەوەو تەنانەت ئەم کارە ببێتە سەردەفتەرو یەکە ئەرک و کاری لەپێشینەیان، تا ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە لە فەوتان ڕزگار بکرێن و بخرێنە بەردەستی نەوەی ئەمڕۆکەمان و لێتوێژەرەوە و باسکارانمان سوودیان لێوەربگرن، چونکە ئاوێنەیەکی باڵانماو سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری ژیانی ئەو ڕۆژگارەی ئێمەن.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێنان و کڕینی چاپخانەی گەورەو مۆدێرن، دەتوانێ خزمەتێکی بەرچاوی بزاڤی ڕۆشنبیری و چاپەمەنی کوردی بکات و لە ڕووی زۆرکردن و جۆری تەکنیکەوە قەڵەمبازێکی دیکە بە ڕۆژنامەگەری کوردی بدات، هەروەها هانی سەرمایە

> **لەلای ئێمەدا پیشەی ڕۆژنامەنووسیی لەجیاتی داهێنان و دۆزینەوەو گەڕان بەدوای هیلاکی بێ، دەبێتە کارێکی ڕۆتین و لەباوەش وەزیفەدا خۆی دەدۆزیتەوە**

گوزارەکانی کورد بدرێن و کارئاسانییان بۆ بکرێ تا لەم بوارەدا جێ دەستیان دیاربێ و ئەوانیش لەو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەدا دوانەکەون.

٣- هیچ ڕۆژنامەگەرییەک لە دنیادا نییە پێشکەوتبێ و کاریگەری هەبووبێ بەبێ فەراهەم کردنی کەشی لە باری (ئازادی) بۆ ڕۆژنامەنووسان، بەڵام دەبێ (ئازادی) لەناو چوارچێوەی یاسادا ڕێک بخرێ، تا کەسانی نامەسئوول بەخراپی بەکاری نەهێنن و (جنێوفرۆشی)و (ئاژاوەگێڕی)و (تومەتبارکردنی) بێ بنەماو واهیمە تێکەڵ بە ئازادی نەکرێ و ئازادی تاکەکەس لەو شوێنەدا بوەستێ کە ئازادی کەسانی دی دەست پێدەکات.

٤- ئەرکی سەرشانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە، کە ئەندامانی خۆی لە (جنێوفرۆشان) و بوختانچییان بپارێزێ و ئەو جۆرە کەسە لامێژ و مشەخۆرانەی سەر سفرەی ڕۆژنامەگەریی کوردی بداتە دەست یاساو تەنانەت ئەوانەش کە لە دەرەوەی وڵات سوودیان لە لیبرالییەت و ئازادی ئەوێ وەرگرتووە بە شێوەیەکی یاسایی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ و ڕاوەدوو بنرێن.

٥- ئەرکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە ڕیزەکانی ڕۆژنامەنووسان لە کەسانێ پاک بکاتەوە کە بەدار شەقە هاتوونەتە ناو ڕۆژنامەگەری و داوونەریتی ڕۆژنامەگەرییان تێکداوەو ئاوو هەواکەیان ناسازکردووە، کە ئەوانەش فریان بەسەر پیشەی ڕۆژنامەگەرییەوە نییەو لە جیاتی لە ڕێگای ڕەواو لە دەرگاوە بێنە ناو ئەو جیهانەوە، لە پەنجەرەو بنمیچەوە خۆیان کوتاوەتە ناوییەوە، بەداخەوەش ئەوانە بوونەتە هۆی لەکەدارکردنی ناووناوبانگی پیشەی ڕۆژنامەگەری و بۆ هەر مەبەستێ بێ بەکاری دەهێنن. یان هەیانە لە پیشەی موزمینی ڕاپۆرت نووسینەوە پەڕیونەتەوە ناو ڕۆژنامەگەری کوردی، دیسان دەبێ دوای یەکگرتنەوەی ئەو دوو ڕێکخراوە هەوڵ بدرێ ڕیزەکانی سەندیکا لەو جۆرە کەسانە پاک بکرێتەوە.

٦- تا بە ئەمڕۆکەش دەگات (ڕۆژنامەنووس) هەیە لەنێوان تەپ و تۆز بەرپاکردن و نوقرچک گرتن و پەلامارو ئیستیفزاز و هەست بریندارکردن لەلایەک و (هونەری ورووژاندن)ی ڕۆژنامەوانی لەلایەکی دیکەوە کە کارێکی پێویستە لە ڕۆژنامەگەریدا جیاوازی ناکەن، بۆیەشە کە لە هونەری (زەق کردنەوە) و (خستنە ژێر میکرۆسکۆبی) گەورەکردنی ڕۆژنامەگەری و هونەری (ورژووانـدن) نەزانراو بە پێخاوسی کەوتینە ئیستیفزاز کردن و یەکتر بریندارکردن و تانەو تەشەرو (قیل و قال)ەوە، ئەو کاتە دیالۆگ دروست نابێ، ئەوەندەی گێرەشێوێنی و وەڵام و وەڵامدانەوەی بێ ئامانج و پەیام و بێ سەمەر جێگەی



**ئەرکی سەرشانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە ڕیزەکانی ڕۆژنامەنووسان لە کەسانێ پاک بکاتەوە کە بەدارشەقە هاتوونەتە ناو بواری ڕۆژنامەگەری و داوونەریتی ڕۆژنامەوانییان تێکداوەو ئاو و هەواکەیان ناساز کردووە**

ڕۆژنامەوان

دیالۆگ دەگرێتەوە.

٧- بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی بەهرەو توانایی رۆژنامەنووسە دڵسۆزو چالاکەکان، پێویستە سستمی خوێندنی (کۆرس) و پەیمانگای رۆژنامەگەری بیری لێبکرێتەوە، هەروەها ناوبەناو چەند رۆژنامەنووسێک، بە مەبەستی زیاتر شارەزایی پەیداکردن، رەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێن، تا لەلایەک لەگەڵ زمانێکی زیندوو ئاشنایەتی پەیدابکەن، لەلایەکی تریشەوە بەچاوی خۆیان داوونەریتی پێشکەوتووی رۆژنامەگەری لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ببینن و لێیانەوە فێربن.

٨- بە بەردەوامی رۆژنامەنووسی بەناوبانگ و خاوەن ئەزموون بۆ هەرێمی کوردستان داوەت بکرێن کە دۆستی کورد بن و لە نزیکەوە رۆژنامەنووسان لەگەڵیاندا بیروڕایان ئاڵوگۆڕ بکەن، ئەوانیش بەکۆڕگرتن و سیمینارەکانیان سوود بە رۆژنامەنووسانی لای ئێمە بگەیەنن.

٩- لە پاڵ ئەوەشدا ناکرێ رۆڵی خولە تایبەتەکانی رۆژنامەگەری لەبیر بکەین کە بۆ رۆژنامەنووسانی لاو زۆر سوودی هەیە تا لایەنی تیوریی خۆیان دەوڵەمەند بکەن و لە پاڵ لایەنە عەمەلییەکان خزمەتیان بکات، بەڵام دەبێ ئەو خولانەش خولی نەوعی بن، نەک تەقلیدی و ساردو سڕ.

١٠- هەوڵ بدرێ بەهەر نرخێک بێت هەموو رۆژنامە و گۆڤارەکانی خۆمان (هی ئێرە و هەندەران) لە سەنتەرێکدا کۆبکرێنەوە، تا کاریان لەسەر بکرێ و بخرێنە بەردەستی خوێنەرانەوە.

١١- دیسان پێ لەسەر کارابوونی دەوری سەندیکای رۆژنامەنووسان دادەگرین کە بۆ خوڵقاندنی کەشوهەوایەکی سازگارو داوونەریتێکی لەبار بۆ رۆژنامەگەری هەوڵی زیاتر بدات و لە پاڵ دابین کردنی ژیانێکی سەربەرزانە بۆ رۆژنامەنووسان و پاراستنی مرۆڤایەتی و کەرامەتیان، کەشوهەوای (ئازادی بیروڕا)ی زیاتریشیان بۆ دەستەبەر بکات، بێگومان ناشتوانێ داوونەریتێکی تەندروست فەراهەم بکات، ئەگەر نەتوانێ لە پێشەوە عەریزەنووس و (گیاکەڵە)کان لەناو باخچەی رازاوەی رۆژنامەگەری کوردی ریشەکێش نەکات!


العرب والاكراد شركاء في هذا الوطن

خەبات

**نەتوانین داوونەریتێکی تەندروست فەراهەم بکەین، ئەگەر نەتوانین عەریزەنووس وگیاکەڵەکان لەناو باخچەی رازاوەی رۆژنامەگەری کوردی ریشەکێش نەکەین**

### تەنیا (ئازادی)
### کاری رۆژنامەنووسیی بەرێوە دەبات

• باوەڕناکەم خوێنەرێک هەبێ رۆژنامەیەک بە رۆژنامە بزانێ ئەگەر نەیگوێزێتەوە بۆ جیهانێکی نوێ، جیهانێک کە پێشتر پەی پێ نەبردبێ، ئەگەر رۆژنامەیەکت خوێندەوەو نەیتوانی بتباتە ناو ئەو جیهانە نوێیەوە، ئەوە بزانە هەرگیز

نەیتوانیوە بە باشی لەگەڵ هونەری ئازادی رەفتار بکات.

رۆژنامەنووس نەتوانێ بەچاکی لەگەڵ ئازادیی خۆی هەڵسوکەوت بکات، مانای وایە نەیتوانیوە لەناو کەشوهەوای یاسا کۆنەکانی جیهانی رۆژنامەنووسیی رزگاری ببێ. هەرچەندە لە پاش راپەرین بزاڤێکی رۆژنامەنووسیی گەورە کەوتە ناو کوردستانەوە، بەڵام تا ئێستە هەر لەناو جیهانی رۆژنامەنووسیی کۆندا دەژین، هەواڵی سواو و دووبارە وەک چێشتی گەرم کراوە دەگوێزینەوە، ناواخن و لایەنە مردووەکانی رۆژنامەکانی جیهان وەردەگرین، بایەخ بە نووسەری کاڵەوە بووی بێ جەماوەر دەدەین، خەمی خوێنەرێک دەخۆین کە عەودالی دووبارە بوونەوەو جووینەوەو بابەتی جاڕسکار و بێزارکردنە.

• رۆژنامەنووسیی لەلای ئێمەدا چۆن وا نەبێ؟ تۆ سەیر کە کادیرەکانی ئەو رۆژنامانە لەرووی هونەری رۆژنامەنووسییەوە پەککەوتەن، چونکە زۆربەیان بەدارشەقێکەوە هاتوونەتە ناو ئەو جیهانەوەو یەکێک چووەتە بن باڵیانەوە تا لە یەکێ لەو رۆژنامانەدا دایمەزراندوون، واتە بێکار بووەو لەبەر بێکاری پەنای بردووەتە بەر پیشەی رۆژنامەنووسیی، کە باوەڕ ناکەم لە هەموو تەمەنیاندا رۆژێک لە رۆژان خەمی رۆژنامەنووسییان هەبووبێ، یان بیریان لێ کردبێتەوە. لەناو ئەو هەراو زەناو نەمانی پێوەرو پێوانانە رۆژنامەنووسی بەڕاستی رۆژنامەنووس پاشەکشەی کردووەو گەڕاوەتەوە ناو ناخی خۆی و بە بێدەنگی خۆی دەخواتەوەو مێشکی دەکرۆژێ و زووخاو هەڵدەڕێژێ.

•لەبەر ئەوەیە دەبینی رۆژنامەنووسی چاک وەک نووسەری گەورە دەکەوێتە پەراوێزی کاری رۆژنامەنووسیی، زۆرجار کە پێشنیار دەکات، پیاو خراپ دەکرێ و پەنجەی تاوانی بۆ درێژ دەکەن، ئەگەر لە هەل و دەرفەتێکدا دەرکەوت و بەرەو پێشەوەچوو، ئەوە نووسەرێکی ناکام و پێنەگەیشتوو تەنگی پێ هەڵدەچنێ، گوێی لێ ناگیرێ، میلاکی ئیفلیجی رۆژنامەکە هەوڵ دەدەن لەسەر نەخشەی کاری رۆژنامەنووسیی بیسڕنەوە، ئەویش هەر ئەوەندەی دەسەڵاتە بەو داخ و کەسەرەوە گینگڵ بدات.

• بەم جۆرە رۆژنامەنووسیی لەلای ئێمەدا لەجیاتی داهێنان و دۆزینەوەو گەڕان بەدوای هیلاکی بێت، دەبێتە کارێکی رۆتین و لە باوەشی وەزیفەدا لەدایک دەبێ و خۆی دەبینێتەوە، ئەوسا ئەرکێکی وەزیفیانەی رووت بەجێ دەگەیەنێ، کە ژیانی تێدا نییەو رێک وەک عەدەسەی وێنەگری لێدێ، کە چاوی کامیراکەی تەنیا ئەو دیمەنانە دەگوێزێتەوە کە لە خاڵێکی وەستاودا دەگیرێن. هەرگیز




**ئەگەر رۆژنامەیەکت خوێندەوەو نەیتوانی بتباتە ناو جیهانێکی نوێوە، ئەوە نەیتوانیوە بە باشی لەگەڵ هونەری ئازادی رەفتار بکات**

کۆمەڵیش لەم سەردەمە بزێوەدا کامیرا نییە، چونکە جووڵانەوەی کۆمەڵ هەندێکی بەدەرەوەیەو ڕواڵەتە، بەڵام سەرتاپاگیرو هەمەلایەنە، بەشێکی تری شاراوەیە، بەڵام زیندووەو لە جووڵە ناکەوێ، کامیراش دیمەنی سەرتاپاگیر و زیندوو نابووژێنێتەوە، ناشتوانێ زیندوویێتی لەناو شتەکاندا بدۆزێتەوە.

• لەو سەردەمی خێراییەدا خوێنەر ڕۆژنامەیەکی پێویستە بە بەرهەم و بابەت و هەواڵ و کاری نوێ ڕووبەڕووی ببێتەوە، چەمکی نوێ، چالاکی نوێ، زانیاری نوێ، دۆزینەوەو هەواڵی نوێ بە زمانێک نووسرابن سەرنج ڕاکێش و هاوچەرخانە بێت و ژیان بجووڵێنێ، بە ئازادیی گەلانی دنیای بناسێنێ، بە ژیانی پەرلەمانی و دەستوورو چۆنیەتی بەسەربردنی ژیانیان، بیرکردنەوەیان، کارکردنیان بناسێنێ، ئەو نووسەرو هونەرمەندانەیان پێ ئاشنابکات کە قەڵەمەکانیان لەپێناوی میللەتەکەیاناندا چەقاندبێتە ناو برینەکانیانەوە، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی سوپاس و شاباش و پاداشت بن.

• ئەگەر خوێنەری ئەو سەردەمە بەشێوەیەکی گشتی حەساس و وردبین بن و بە زەینێکی کراوەو گورج و گۆڵەوە بخوێننەوە، ئەوە وا چاکترە ڕۆژنامەیەکیان بدەینێ پڕ بە پێستی ئەو هەست و نەست و زەینەیان بێت.

کاری ڕۆژنامەنووسیی یەک یاسای هەیە کە ئەویش ئازادی بەڕێوەی دەبات، ئەگەر ڕۆژنامەنووس ئازادانە خەیاڵی بزێ و بیرکردنەوەی خۆی دەرببڕێ، ئەو کاتە ئازادی وڵاتیش لەلای قووڵ دەبێتەوەو ڕەگ دادەکوتێ، وڵاتیش لە فەرهەنگی ڕۆشنبیراندا بەو مانایە نییە کە چەندین گردو تەپۆڵکەو تۆپەڵە خۆڵ و شاخ و ڕووبارو مووچەو خەڵات و بەرات بێ، بگرە بە پلەی یەکەم هەستێکی نەتەوەیی خاوێن و ویژدانێکی زیندووە کە بەرژەوەندییە باڵایەکانی میللەتەکەی بەلاوە مەبەست بێ، هەر تەنیا ئازادیشە دەتوانێ گەوهەرە شاراوەکانی نیشتمان لەناو قۆزاخەی نهێنییەکاندا بەرەڵڵا بکات و خەیاڵی ڕۆژنامەنووس بورووژێنێ، ئەو کاتەش ئازادی بۆ دەربڕینی نهێنییەکانی نووسین پاڵی پێوەدەنێ.

• ئەگەر ئازادی نووسەر هەڕەشەی کەوتە سەر، ئەوکاتە سەرچاوەی ڕوونی ناوەوەی لێ شێلوو دەبێ، هەستی خۆرسک و شاراوەی دەگۆڕێ، کەسیش ئەو ئاواتە بۆ نووسەرو ڕۆژنامەنوسان ناخوازێ ببێتە لاشەیەکی ساردەوەبووی بێ هەست و گیان. دەبێ سەرچاوە ڕوونەکەی ناخی نووسەر بە شێوەیەک بڕوات و خوڕە بکات کە سروشت بۆی دارشتووە، ئازادی لە جووڵان،



**لەو سەردەمە خێرایەدا خوێنەر ڕۆژنامەیەکی پێویستە، بە بەرهەم و بابەت و هەواڵ و کاری نوێ ڕووبەڕووی ببێتەوە**

لە خەیاڵ، لەوەی کەسێکی سەربەخۆو خاوەن کەسایەتی تایبەت بێ، نەک بەشێکی بچووک بێ لە کەسێک، یان بورغوویەک بێت لە ئامێرێکی گەورەدا. نووسەر لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا دەبێ مێژووی میللەتەکەی بێ وەک ئەوەی کە هەیە، هۆشیاری میللەتەکەی بێ وەک ئەوەی کە هەیە، جوگرافیاو داوونەریت، سۆزو هەستی میللەتی خۆی بێ، پاشان گرینگە بەهرە گەورەکان بە پیرۆزی تەماشا بکرێن، ڕێز بۆ کارو پرۆژەی چاک و ڕەمزە ماندوو و جوانەکان دابنرێ، خوێنەریش شتێکی خۆش ناوێ لە دەرەوەی مێژووی ڕاستەقینەی خۆیەوە سەری هەڵدابێ.



### هەر لەو پەراوێزەدا وتەیەکی دی

• خەڵکی ئارەزووی خۆیەتی چۆن ڕیکلام بۆ ئەهلیی بوون و ئازادیی ڕۆژنامەو بڵاڤۆکەکەی خۆی دەکات، یان چۆن باسی سەربەخۆیی دارایی خۆی دەکات بەوەی گوایە کۆمەکی دارایی لەکەس وەرناگرێ، یان چۆن بە قودرەتی قادیر هەواڵ و باسوخواسی گەرماو گەرمی چنگ دەکەوێ، بەڵام منیش وەک خوێنەرێک ئازادم لەوەدا کە ئەمە بە وەهمێکی گەورە بزانم. پێم وایە ئەوانەی دەکەونە بەر کاریگەریی ئەو جۆرە بانگەشەیەوە تەنیا ئەوانەن کە وەک (کۆرس) قسەی ئەو خاوەن قسە زلانە دەڵێنەوەو پێی باوەڕ دەکەن. ئەوانە پێیان وایە لە کوردستاندا بەراستی ڕۆژنامەگەری ئەهلی و ئازاد هەیە کە بەبێ کۆمەک و هاوکاری لایەن و پارت و ڕێکخراوەکان کاری خۆیان دەکەن، یان بەبێ بوونی سەرچاوەی هەواڵ و زانیاریی ڕۆژنامە و بڵاڤۆکی بەهەرمێن و بازاڕ گەرم دەردەکەن و فرۆشتنی کارەکانیان لە بازاڕ زۆرو بێ وێنەیە. ئەوانە ڕاست دەکەن، چونکە ئەوەی ئەوان دەری دەکەن خۆ ڕۆژنامەگەری (ورووژاندن لەپێناو ورووژاندن) و (فەزائحییەت) نییە، بە بوێری خۆیان هەواڵە گەرموگوڕەکان پەیدا دەکەن و لە پاش بەدەستهێنانی ئەو هەواڵانە بڵاویان دەکەنەوەو سەرنجی خوێنەرانی پێ ڕادەکێشن، خۆ ئەوان زانیارییە گەرموگوڕەکانیان لە پشت پەردەی دەزگاو کەناڵە هەواڵگەرییەکانەوە پێناگات، بوێرییەکەشیان لە ئاسمانەوە بۆ دابەزیوەو هەر ئەمەش وای کردووە زۆر بێلایەنانە ئەو هەواڵانە دابڕێژنەوە!

• لایەنێکی دیکەی ورووژاندن، هێنانە گۆڕێی باسوخواسی (سێکس)ە کە بووەتە ڕوویەکی دزێوی ڕۆژنامەگەری کوردیمان، ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەیانەوێ بەو وتارو جۆرە بابەتانە سەرنجی لاوان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و بازاڕی فرۆتەنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان بەرەو هەڵشکان

> دەبێ ئازادێ لەچوارچێوەی یاسادا ڕێکبخرێ تا کەسانی نامەسئوول بە خراپی بەکاینەهێنن و فەوزاو واهیمەو تۆمەتبار کردنی بێ بنەما تێکەڵ بە ئازادێ نەکەن

ببەن. من لەگەڵ ئەوەدام خۆمان لە قەرەی قەدەغکراوەکان بدەین و بەشێوەیەکی زانستییانەو تێر باسیان لێوەبکەین، چونکە هەمیشە باسکردنی قەدەغەکراو لەباس نەکردنی سوود بەخشترەو بەرچاوی لاوان ڕووناکتر دەکاتەوەو وەک بەشێکی بەدەست هێنانی ڕۆشنبیری سێکسی دەبێ چاوی لێبکرێ، بەڵام ناکرێ مەسەلەکە (ورووژان لەپێناو وروژان) بێ، ئەوەندەی دەکرێ بە قووڵی و بە ئاقاری ڕاست و دروست و تەندروست بەڕێوەبچن، واتە کارەکە بازاڕییانە نەبێ و هەر بۆ ختووکەدانی سۆزو غەریزەی لاوان ئەم کارە بکرێت.




• کارو پیشەی ڕۆژنامەگەریی، پێش هەر شتێ، عیشق و ڕاستگۆییە، لەوانەیە ڕۆژنامەنووس سیاسەتوانێکی زیرەک و خاوەن توانایی بێ، کە ناکرێ ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنڤان سەری لە سیاسەت و دیپلۆماسییەت دەرنەچێ، چونکە سیاسەت و ڕاگەیاندن دوو ڕووی دراوێکن، بەڵام ناشکرێ بابای تایین هەڕ لە بڕی سیاسەت نەکاتەوەو لەڕێگەی داوودەزگای (هەواڵگەرییەوە) قەڵەمبازێک بداتە ناو دنیای پاک و بێگەردی پیشەی (گەڕان بەدوای هیلاکی)دا و پێی وابێ کارکردن بە عەقڵێکی (هەواڵگەرانە)وە دەتوانێ بیکاتە ڕۆژنامەنووسێکی گەورەو چاک و سەرنجڕاکێش، یان ڕۆژنامەیەکی ڕاستگۆو خاوەن مسداقییەت دەربکات، یان لە پشت پەردەوە دەزگایەکی (هەواڵگەری) کۆمەڵێ زانیاری بداتە ڕۆژنامەیەک، ڕۆژنامەنووسێک، تا ئەوانیش بیخەنە چوارچێوەی پرسیارەوەو بیدەن بە تەنگەی ئەو کەسەی دەیانەوێ (تەڵە و داوی) بۆ دابنێنەوە، بە حیسابی خۆیان گوایە (دەمەتەقێ) یان (چاوپێکەوتن) و (دیمانە)ی ڕۆژنامەوانی لەگەڵدا ئەنجام دەدەن!

• لە ڕاستیدا بێ سەروبەری و تەهریج بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیی کوشتووە، دەردی زۆری و بۆریش لەولا بوەستێ، زۆری و بۆری و خنکاندنی بازاڕی چاپەمەنی بەو هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاڤۆکانە نیشانەی پێشکەوتن و ئازادیی نییە، بگرە بێ بەرنامەییەو ئەو پەتایە بەهیچ شێوەیەک خزمەتی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی ناکات. ئەم پاشا گەردانییە، ئەم دەردی زۆری و بۆرییە سەری لە خوێنەرانیش شێواندووە، تەنانەت متمانەیان بە دەورو کاریگەری ڕۆژنامەگەری لاوازبووەو خەریکە نامێنێ. ئێستا هەر چین و توێژێ بگرین، هەر ڕێکخراوێک، هەر شارو شارۆچکەیەک، تەنانەت وای لێهاتووە بۆ وەزن و قافیە بڵێین هەر گوندو گەڕەکێکیش ڕۆژنامەو گۆڤاری بەردەکەوێ، بەڵام ڕۆژنامەو گۆڤاری بێ تەئسیر و بێ کەڵک، دەکرێ بڵێین ئەو گوندو گەڕەکانەش کە تا ئێستا

"
**ناکرێ ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنڤان سەری لە سیاسەت و دیبلۆماسییەت دەرنەچێ، چونکە سیاسەت و ڕاگەیاندن دوو ڕووی دراوێکن**
"

ڕۆژنامــەو گۆڤاریان نییە، ئەوانیـش هەقیانە لە داهاتوودا داوای ئۆرگان و ڕۆژنامەو گۆڤاری تایبەت بەخۆیان بکەن و بکەونــە دەرکردنــی بڵاڤۆکێک، بۆیە زۆر پێویســتە ئەم زۆری و بۆرییە سـنوورێکی بـۆ دابنرێت و کەم و پوخت بکرێنەوەو لە پرۆسەیەکی (پێداچوونەوە)ی دیراسەتکراودا بەو فەوزایەدا بچینەوە کە هەیە، چونکە ئەم حەمکە گۆڤارو ڕۆژنامانە لەسەر حیسابی یەکتر دەردەچن، لێرەشدا بەپێی یاسای (مانەوە بۆ چاکتر) دەبێ ڕەفتار بکرێ.

• ئێمـە لەپاش تێپەڕینی (١٥) سـاڵ بەســەر (ڕاپەڕین)ی خەڵکی کوردســتان و ئەو ئازادییەی لە ئەنجامی تێکوپێک شـکاندنی داوودەزگایەکانی داگیرکاری و سەرکوت کردن بۆمان فەراهەم بوو، خەریکە کێشەی (چەپاندن)ی فیکری و ئازادی بیروڕا دەربڕین وەک سەرەتای ڕاپەڕین هەمانبوو نامێنــێ، یان بەرەو کـزی و لاوازی دەڕوات، کە هەر ئەو تاســەو تامەزرۆییەی ئازادی بوو وای لێمان کرد لە ساڵی ١٩٩٦ بــەولاوە بە لێشــاو گۆڤارو ڕۆژنامــە و چاپەمەنی دەربکەیــن، ئــەم بــارودۆخ و حاڵەتە ئەگەر تــا ئەمڕۆش ڕەواو پێویســت بووبێ، بەڵام لەمڕۆ بەدواوە پێویستە لەم بێ ســەروبەرییە خۆ دەرباز بکەین و بۆ داهاتوو ڕۆژێک زووتر ژیانی ڕۆژنامەوانی خۆمان ڕێک بخەین و هەنگاوی بۆ بنێین.

• لەجیاتــی دەرکردنــی ئــەم هەمــوو گۆڤــارو ڕۆژنامەو بڵاڤۆکانە کە ڕۆژ دوای ڕۆژیش ڕوو لە زیادبوونن، دەبێ هەوڵ بــدرێ دنیــای ڕۆژنامەگەریی کــوردی بژار بکرێ و چیتــر نەهێڵین (ڕۆژنامەنووســی!) ناشــی و ناکارە خۆ بکوتنە ناو دنیای ڕۆژنامەگەری و وەک لامێژو مشــەخۆر بەســەرییەوە ببنە بارگرانی و مایەی ڕەزا قورس کردنی، کــە لــەم بارودۆخەشــدایە ڕۆژنامەنووســی چــاک ون دەبـن، بۆیــە بە ئەرکی هەمــوو لایەکی دەزانــم ئەم کارە لە ئەســتۆی خۆیان بگــرن و ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووســە بێ کەڵکانە دەستنیشــان بکەن و وردە وردە لە ڕیزەکانی خۆیان بەلاوەیان بنێن و بەســەر بزاڤی ڕۆژنامەنووســیدا ساغیان نەکەنەوە، هەر هیچ نەبێ ناوبەناو ڕۆژنامەنووسە چاکەکان بەســەر بکرێنەوەو خــەلات بکرێن و ڕێزیان لێ بنرێ تا لەوانی دیکە جودا بکرێنەوە.

• ئێســتا کــەم نووســەر هەیــە کــە پێــی نایە نــاو دنیای ڕۆژنامەگەرییــەوە چاوی لــەوە نەبێ لە (سەرنووســەر) کەمتــری بــۆ دابنرێ، یەکێکیش لــە هۆیەکانی زۆر بوونی ژمــارەی ئــەو هەموو گۆڤــارو ڕۆژنامانە هــەر بۆ ڕازی کردنی ئەو حەزەیە کە لەبەر خاتری وان گۆڤارو ڕۆژنامە زیــاد دەکرێــن تا دڵیــان ڕابگیرێ و گۆڤــارو ڕۆژنامەیان



**پێویســتە زۆری و بــۆری ڕۆژنامەگــەری کــوردی ســنوورێکی بۆ دابنرێت و کــەم و پوخــت بکرێتەوەو بەو فەوزایەدا بچینەوە کە هەیە**

بـۆ دەربکرێ و بکرێنـە (سەرنووسـەر) و (بەڕێوەبەری نووسـین) و نەڕەنجێن. ئەگەر هەموو ڕۆژنامەنووسەکان چاویـان لـە سەرنووسـەری بـێ، یـان بەلانـی کەمەوە (بەڕێوەبەری نووسین)ی بێ، ئەی کاری بوارەکانی دیکەی ڕۆژنامەوانیـی چۆن ڕاپەڕێنین؟ کابـرای خاوەن کۆمپانیا ناهەقـی نەبووە کاتێ وتبووی (بەدوای سەرنووسـەرێکدا دەگەڕێـم)، چونکە وا نەبێ ئەو ڕۆژنامەنووسـەی وەگیر ناکەوێ، ئەوە لە کاتێکیشـدایە کە بەشی هەرە زۆری ئەو ڕۆژنامەنووسـانە نەدەزانن هەواڵێک بەجوانی دابڕێژن و نە دەزانـن کاری (بەتاڵکردنەوە) ئەنجام بدەن، نە دەتوانن گفتوگۆیەک-دیمانەیەک ئامادە بکەنەوە، نە عەرەبی دەزانن و تێـی دەگـەن تا بـە ئەمانـەت و دەسـتپاکییەوە کارەکە ڕاپەڕێنـن، نەکوردییەکەشـیان بایـی ئەوەندەیـە لە کاتی ڕاگوێزانی گفتوگۆکە بەوردی کارەکان ئەنجام بدەن.




• ئەمڕۆکە بەشێوەیەک چەمکی (ئازادی) لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا شێواوە کە ئامانجی پاک و پیرۆزی (ڕەخنەگرتن) تێکـەڵ بـە (جنێوفرۆشـی) و (تانـەو تەشـەر) لێدان و وڕووشاندنی هەست و بریندارکردنی کەسایەتی تێکەڵاوی یەکتـر بوونـە، بۆیـە ئەگـەر پێناسـەیەکمان بـۆ چەمکی (ئـازادی) نەبێ، ئـەوە ئازادییەکەی بۆ (بیـروڕا) دەربڕین داوای دەکەیـن حاڵـی بـەدەردی ئـەو (ئازادی)یە دەچێ کـە لەنـاو (ڕۆژنامەگـەری ئەلیکترۆنـی)دا هەیـەو لەناو سـایتە کوردییەکانـدا دەبیندرێ، خوێنـەرێ ڕێزی چێژ و عەقـڵ و هەسـتی خۆی بگـرێ، قەت بەلایانـەوە ناچێ و نایانخوێنێتەوە.

• پێویسـت بـوو ئـەم سـاڵ داوودەزگای ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەوانـی حزبـی و حکوومـی لـە یـادی (٢٢)ی نیسـاندا، بەهاوکاری سـەندیکای ڕۆژنامەنووسان پلان و پرۆژەی ئایندەییان دابڕێژن کە سـەرجەم ڕۆژنامەنووسە جدییەکانیانی تێدا بەشدار بێ، تا زیاتر کاری ڕۆژنامەوانی لە چوارچێوەی پرۆژەی یاسـایەکدا ڕێک بخرێت. لەلایەک ڕۆژنامەگـەری لـە زۆری و بـۆری ڕزگاربکەن، لەلایەکی دیکەوە لە (لاسـاییکردنەوە) قورتاری بێ، چونکە کە ئەوە کرا ئەوسـاکە (ڕۆژنامـە) و (گۆڤارەکان)یـش پەنا نابەنە بـەر (وێنەی ڕووت) و (کەلووەکان) تا فرۆختی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیـان زیـاد بکەن، ناچاریش نابـن بۆ دەرچوونی ڕۆژنامەو گۆڤارەکەیان کەسانی نارۆژنامەنووس لەخۆیان کۆبکەنەوە بیانگرنە خۆیانـەوە. ئەمڕۆکە دەبێ ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەنووسیی سـەردەفتەر-ئەولەویاتی خۆی لەپێـش چاو دابنێ کە پێش هەر شـتێ بەهێزکردنی گیانی لێبوردەیـی و بەیەکـەوە ژیـان و یەکتـر قەبووڵکـردن و

**جگە لەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی تا بینەقاقا لەناو لاسایی کردنەوەدا نوقمە، پەناش دەبرێتە بەر وێنەی ڕووت و کەلووەکان تا فرۆختی گۆڤارو ڕۆژنامەکان زۆربێت**

بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانییە کە نەوەی ئەمڕۆکە بۆ بەیانی ئامادە دەکات.

• بەڵێ... دەبێ ڕۆژنامەنووس فێر بکرێ کە بوێری و جورئەتەکەی لە (فیکری) دایە، نەک لە (چەقاوەسوویی) و ڕووقایمی و هەڵەشەیی و هەڵتیزان و گێرەشێوێنی. بێ ڕێزی بە خەڵک کردن بوێری نییە، شەلم کوێرم ناپارێزم بوێری نییە، لەدەستدانی ئەمانەت و شەرەفی پیشەکەو دوو دۆشاو تێکەڵ کردن، بوێری نییە. نووسەرێ، ڕۆژنامەنووسێ ڕێزی قەڵەمەکەی خۆی بگرێ لە خۆڕا قسە ناکات و تفەنگ بە تاریکییەوە نانێ، خوێنەرو هاووڵاتی خۆی لە داوودەزگا نیشتمانییەکانی وڵاتەکەی تووشی بەدگومانی ناکات و تەڕو وشکیش پێکەوە ناسووتێنێ. هەست نەکردن بەپرسیاری و سنوور بەزاندن ئازایەتی و جورئەت نییە، چونکە زۆرمان لەو بوێرییە بینی بۆ (خۆدەرخستن) و ناوبانگ و دەسکەوت و پلەو پایە بوون و زۆر (شێر)ی کارتۆنیشمان بینی هەر زوو (مێ) کران و بوونە ڕێوی.

• ئەگەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری ئێمە، بە مەبەستی زیاتر خزمەت گەیاندن بە بواری ڕۆژنامەگەریی، هاوئاهەنگیی یەکتر بکەن، ئەوساکە دەتوانن لە پاش دەرباز بوون لە دەست زۆری و بۆری، ڕۆژنامەنووسە دڵسۆزو چاکەکان، بەهرەدارو بەتواناییەکان لە مووچەو ئیمتیازاتیاندا دادوەری هەبێ و چیتر (میزاج)ی تاکەکەسی ڕۆژنامەگەری بەو دەردە نەبات کە بردوویەتی. پێشم وایە هەر ئەو بێ سەروبەرییەیە وای کردووە هەندێ لەو بەناو ڕۆژنامەنووسانە پەنا بۆ زیاتر لە چەند کارێک و چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندن ببەن کە هەرگیز ئەوانە نەتوانایان بایی ئەوەندەیەو نە دەتوانن هەقی ئەو شوێنانەش بدەن کە کاری تێدا دەکەن، دەشبێ ئەو شێوەی کارکردنە هەر لە بنەڕەتەوە ڕەت بکرێتەوە، چونکە لەلایەک یاسایی نییە کەسێ لە دوو یان زیاتری داوودەزگایەکی حزبی یان حکوومیدا کاربکات، لەلایەکی تریشەوە ئەو ڕۆژنامەنووسە سەفەرییانە کە وەک (دەسگێر) خۆنمایش دەکەن ناتوانن هەقی هیچ کام لەو کەناڵانە بدەن کە کاری تێدا دەکەن، چونکە دەبنە هۆی پشت سارد کردنەوەی ڕۆژنامەنووسی جددی، کاتێ دەبینن دەسکەوت و داهات و مووچەی ئەوانەی کورێنی بەسەر کاری ڕۆژنامەگەرییەوە دەکەن، زۆر زیاترە لەهی ئەوان کە ڕێزی قەڵەمی خۆیان و پیشەکەیان گرتووە، بۆ ئەو جۆرە (ڕۆژنامەنووسانەش) ڕێگری یاسایی هەبێ تا ئەمبەرو ئەوبەر کردن نەبێتە نەریت.




**بەداخەوە ئەمڕۆکە کە ئامانج و پەیامی پاک و پیرۆزی ڕەخنەگرتن لەگەڵ جنێوفرۆشی و تانەوتەشەر تێکەڵ بووە، ئەمەش چەمکی ئازادی شێواندووە**

• پێویستە زۆر بە پەلە (پێداچوونەوەیەک) بە سەرجەم بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردیماندا بکرێ، بەتایبەتی پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە تا ئەوانەی پێویست نین نەمێنن و ئەوانەش کە پێویستە بمێنن و بەکەڵکی مانەوە دێن و کۆدەنگییەک بۆ باشییەکەیان هەیە، خزمەتی زیاتر بکرێن و وەک هەر کەناڵێکی خواپێداوی دیکەی چاپ و بڵاوکردنەوە چاوی لێبکرێ و دەسەڵاتی هەبێ و بۆ خزمەتکردنی کارو کادیرەکانی دەست کراوەبێ. پێشم وایە ئەگەر دەسەڵاتیان هاوشانی یەکتر بێ، ئەوساکە دەکرێ کێبەرکێی تەندروست و رەوا لە نێوانیان دروست ببێ، نەک جیاوازی و تەفاوتی نێوانیان ئەرزو ئاسمان بێ و دەست رۆییوەکانیان بە پارەی مفتەوە بچنە ژێر کلێشەی کادیری کەناڵەکانی دیکەوەو کار لە یەکتری بنکۆڵ بکەن و ئەمەش بە ناهەمواری بۆ رۆژنامەگەری کوردی بگەڕێتەوە.


ژیان

### شاعیران لە کاری رۆژنامەگەریدا

• کە شاعیرێک نەبێ خۆی بە تەواوی بۆ (شیعر نووسین) تەرخان کردبێ و بژێوی ژیانیشی لەسەر شیعر بێ، ئەوە شاعیرانیش وەک هەر کەسانێکی دیکە روو دەکەنە بواری رۆژنامەگەری، بۆیە دەبینین لەپاش راپەڕین دیاردەی رووکردنی شاعیران لە دنیای رۆژنامەگەری رووی لە زیادییە، رۆژنامەگەریی کوردیش هەر لە سەرەتاوە سەرومڕ لەلایەن ئەدیبانەوە بەڕێوەچووەو تاک و تەرایەک نەبێ رۆژنامەنووسی تایبەتمەندو خۆ تەرخانمان نەبووە بەتەنیا ئەو کارە بکەن، لەناو ئەوانیشدا شاعیران رێژەیەکی بەرچاو پێکدەهێنن، بۆیە ئەمڕۆکە دەبێ بزانین ئەو پێوەندییەی نێوان شاعیران و رۆژنامەگەری چۆنە؟ کاتی ئەوەش هاتووە لەسەر ئەو پێوەندییە بوەستین و لێی بکۆڵینەوەو بپرسین: ئایا ئەو رووتێکردنە لە خۆشەویستی و عیشقی رۆژنامەگەرییەوە سەری هەڵداوە یان هۆکاری دیکەی لە پشتەوەیە؟

• زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی گەلانی دەرودراوسێ و دنیا بۆ ماوەیەکیش بووبێ بەکاری رۆژنامەگەرییەوە خەریک بوون، هەندێکیان لەو بوارەدا جێ پەنجەیان بەجێ هێشتووەو تەنانەت لە رێگەی ئەم پیشەیەوە ناوبانگی زیاتریان پەیدا کردووەو پتر لەلایەن خوێندەوارانەوە ناسراون، چونکە هەندێ جار کارێکی رۆژنامەگەرییانەی سەرکەوتوو سا ریپۆرتاژێک، چاوپێکەوتنێکی گرنگ، نووسینی ستوونێکی بەردەوام بێ، کاریگەرییەکەی بەسەر خوێنەرانەوە هیچی لە شیعرێ، چیرۆکێ کەمتر نییە، تەنانەت هەندێ لەو شاعیرو نووسەرانە لە

”

**ئەمڕۆ خوێنەرێک بیەوێ رێز لە چێژو عەقڵ و هەستی خۆی بگرێ، قەت ناتوانێ نووسینی ناو سایتە کوردییەکان بخوێنێتەوە**

“

ناوبانگەکەیاندا قەرزاربارى ڕۆژنامەگەرین، کە وەک پیشەیەک خزمەتیانی کردووە، بۆیە هەندێ لەو شاعیرو ڕۆماننووس و نووسەرانەی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کاریان کردووەو بەناوی خوازراوەوە بەرهەمەکانیان بڵاوکردووەتەوە، زۆرجار ناوە خوازراوەکانیان لەناوی ئەسڵی خۆیان ئاشناتر بووە، لەکاتێکدا ئەمڕۆکە هەر ئەو کەناڵانە دەتوانن رای گشتی بخولقێنن.

• زۆر لە شاعیرە نوێخوازەکانی عەرەبیش وەک (ئەدۆنیس، بەیاتی، بلند حەیدەری، نزار قەبانی، مەحموود دەروێش) کە لە دوورەوە ستوونی ڕۆژنامەگەرییان نووسیوەو لەماوەی ساڵانێکی دوورو درێژ بەبێ پچڕان و بە نەفەسێکی درێژ، وەک لە بواری شیعردا درەوشاوەبوون، بەهەمان شێوە توانیویانە لەبواری ستوون نووسینی ڕۆژنامەگەریشدا هەر درەوشاوەو گەورە دەربکەون و بە نەفەس و بەگیانێکی شاعیرانەوە لە ڕووداوەکانی ڕۆژ و سیاسەت و کێشە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکان بدوێن.

• هەر شاعیرو نووسەرێکی گەورە لەهەر کارێکی بواری داهێنان و نووسیندا کە دەستی بۆ دەبەن، دەبێ بە گەورەیی و بەگیانی هەست کردن بە لێپرسراوی بەرانبەر بە وشە کارەکەی خۆیان وەک عاشقێک بە هەمان پەرۆشی و عیشقی شاعیرایەتییەکەیانەوە بە قووڵی و ناسکی ڕاپەڕێنن. بەواتا (ڕۆژنامەگەری) لەلای شاعیری گەورەو عاشقە وشە کارێکی هەروا ئاسان نییەو ڕەوتەنیانە بەلایدا تێپەڕێ و بۆ ڕۆژ بەڕێکردنی بێ، یان تەنیا بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان و گوزەرانی بێ، بۆیە پێویستە ئەو شاعیرانەی لە پیشەی ڕۆژنامەگەرییەوە ئالاون، بەچاوی کەم بایەخەوە نەنۆڕنە پیشەکەیان، هەردەم هەست بەوە بکەن ئەو کارەشیان ئەگەر بە گەورەیی نەکەن وەک شاعیر لەسەریان دەکەوێ. وەک لە شیعر نووسیندا بەدوای دەنگ و تایبەتمەندیی خۆیاندا دەگەڕێن، دەبێ لەکاری ڕۆژنامەگەریشدا بەدوای تایبەتمەندی خۆیاندا بگەڕێن. وەک چۆن پێویستە لەهەر کارێکی تری نووسینیشدا هەروا بن.

• ڕۆژنامەو ڕۆژنامەگەری وەک ئامرازێکی پێوەندی کردنی جەماوەری بۆ ژیانی گەلان پێویستە، ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەش، لەناویاندا شاعیری کوردیش لەوانەیە لەناو ئەو شۆڕشی زانیاری و ڕووداوە گەرموگوڕو زۆرو بەیەکدا چووانەدا، تەنیا بە نووسینی (شیعرێک) تینوێتی نەشکێ، بۆیە لە پاڵ نووسینی شیعر لەوانەیە حەزبکات پەل بۆ بوارێکی دیکە بهاوێ، لەوانەش ڕۆژنامەگەری و بەتایبەتیش لەو سەردەمەدا کە خوێنەریش بایی خۆی هیلاکەو دەیەوێ چارەسەری بابەت و ڕووداوەکان لە ڕۆژنامەدا بخوێنێتەوە، بۆیە شاعیرانیش کە بەشێکی


ژیان

**"بوێری لە فیکر دایە نەک لە چەقاوەسوویی و دۆو دۆشاو تێکەڵ کردن، ڕۆژنامەنووسێکیش ڕێزی قەڵەمەکەی بگرێ، هاووڵاتییان لە داوودەزگا نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیوڵاتەکەی تووشی بەدگومانی ناکات"**

رۆشـــنبیری کـــوردی پێکدەهێـــن وەک ســـێوەکەی ئادەم، (رۆژنامەگەری) فریویان دەدات و سەرنجیان بۆ لای خۆی رادەکێشێ و دەکەونە ژێر کارتێکردن و ئەفسوونییەوە.

• هەندێ لە شـــاعیران بـــواری رۆژنامەگەری، بە بوارێکی کـــراوەی پـــان و بەریـــن دەزانن بـــۆ خزمەتی فریشـــتەی شـــیعرەکانیان و خـــۆ گونجاندنیـــان لەگەڵ گیانی شـــیعرو داهێنانیان، چونکە لە رۆژنامەگەریدا کۆت و پێوەندی وەزیفە و رۆتیـــن کەمترە وەک لە پیشـــەکانی دی، شـــاعیر لەهەر بەشـــێکی رۆژنامەدا کاربکا (زمان، هەڵەچنی، چاوپێکەوتن دیالۆگ ســـازدان، مێزگرد، ریپۆرتاژ..تاد) زیاتر ســـوودی لێوەردەگـــرێ، لـــە رۆژنامەگەری رۆشنبیریشـــدا ســـوود وەرگرتن لە خوێندنەوەی وردی بابەتەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ پیت و وشـــەو رســـتەکاندا وا دەکات ئەو زانیاری و بابەتانە چوار مەشـــقی لەخانەکانی یادەوەرییاندا دابنیشن و بمێننەوە.

• بەڵـــێ رۆژنامەگەری، کارێکی خۆشـــە، بـــەلام لە هەمان کاتیشـــدا زەحمەتـــی و هیلاکـــی و وردەکاری و دیقـــەت و وردبینییـــە، کە لە راپەڕاندنی کارەکانیدا زیهنێکی ســـاف و زاکیرەیەکـــی گورج و گۆڵ و زیندووی دەوێ، بەتایبەتیش ئەگەر بە خۆشەویستی و راستگۆییەوە بەپیرییەوە بچین.

لێرەدا پێویســـتە ئەو بابەتە بەچەند پرســـیارێک بەسەر بکەینـــەوەو بزانیـــن ئاخـــۆ تـــا چ رادەیەک شـــاعیرایەتی و رۆژنامەگـــەری دەتوانـــن تێکەڵـــی یەکـــدی ببن و ســـوود بەیەکتر بگەیەنن و ئاســـۆی بەردەمی یەکتر فراوان بکەن؟ ئایا شـــاعیران دەتوانن لە هەردوو بواردا داهێنەر بن، یان لەهـــەردوو جەژنەکە دەبـــن؟ ئایا رۆژنامەگەری ســـوودو قازانـــج بـــە شـــاعیران دەگەیەنێ، یـــان بەهـــرەو خەیاڵ و توانایی شیعرییان دەکوژێ و دەست دەنێتە بینەقاقایانەوە؟ بۆچی ئەو ئەفســـوونە زیاتـــر فریوی لاوەکان دەدات وەک لـــە پیـــرەکان؟ ئایا لەبـــەر ئەوەیە کـــە لاوەکان گوڕو تینی کارکردنیان لە پیرەکان زیاترەو جۆشوخرۆش و کەفوکوڵی کارکردنیـــان زیاتر تێدایە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە ئەو لاوانە لە رێگەی خۆشەویستی ئەو مەیدانەوە مەبەستیانە ناویان بڵاوببێتـــەوەو رۆژنامەو گۆڤـــارەکان بابەتەکانیان زووتر بڵاوبکاتـــەوە؟ یـــان بـــە لێوردبوونەوەو تاقیمانـــە ئەو تاڵە دەزووەیان دۆزیوەتەوە کە شیعرو رۆژنامەگەری پێکەوە دەبەســـتێتەوە؟ ئایا دەتوانـــن وەک لە مەیدانی (شـــیعر)دا کارێکیـــان کـــردووە، بەهەمان رۆحییـــەت و گوڕوتین بێنە نـــاو جیهانی رۆژنامەگەرییەوە؟ یـــان هەر ئەوەیان بەلاوە مەبەســـتە قاچێکیان لە مەملەکەتی شـــیعرو ئەوی دیکەیان لـــە مەملەکەتـــی رۆژنامەگەریـــدا بێ؟ ئایا هاتنیـــان بۆ نێو ئـــەو دنیایـــە دەســـت لە پـــەری شـــیعرییان ناوەشـــێنێ و


ژیانەوە

**هەن لە ئەلف و بێی سیاسەت نازانن، کەچی لە رێگەی داوودەزگای هەواڵگرییەوە قەڵەمباز دەدەنە ناو دنیای رۆژنامەگەری، ئەوانە وا دەزانن لەو رێگەیەوە دەبنە رۆژنامەنووسی گەورەو سەرنجراکێش**

بەهرەو داهێنانیان ناکوژێ؟ کاتێ شاعیرەکە ئەفسوونی ڕۆژنامەگەری بەلای خۆیدا رایدەکێشێ، ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە لەشیعر دابڕێ و مەلی شیعری پێ لە شەقەی باڵ بدات و هەڵبفڕێ..؟ یان دەتوانێ ڕۆژنامەنووسیش بێ و وەک شاعیرێکی ڕەسەن و خاوەن دەنگ بمێنێتەوە؟ بەڕاستی دەتوانێ پەری شیعر لەخۆی نەتۆرێنێ؟ یان هەموو جادوو و فریودانەکانی دنیا تەفرەی نادەن و بەچاوی کاڵی شیعرێکی جوانی خۆی ناگۆڕێتەوە؟ ئایا شاعیران ئەوەیان لەبەرچاوە کە ئەوان بۆ بوارێک کار دەکەن کە بنەماو پێوەرو دابونەریتی خۆی هەیە؟

• ڕاستە کاری ڕۆژنامەگەری ڕاستکردنەوەی زمان و هەڵەچنی و ڕێنووس و ئامادەکردن و سازکردنی گفتوگۆ (خۆ سەلماندن – تحقيق الذات)ی بۆ شاعیر تێدا بەدی نایەت، ئەوەندەی نووسینی شیعرێک ئەوەی بۆ دێنێتە دی، بەڵام خۆ دەبێ لە سەرەتاوە شاعیرەکەش بڕیاری خۆی بدت کە لەناو شیعردا (ببێ) یان (نەبێ) و کوڕێنی بەسەر کاری ڕۆژنامەگەرییەوە نەکات و بایی ئەوەندە لەگەڵ خۆی ڕاستگۆو بوێر بێ!

• ئەمە ئەگەر لەکاری ڕۆژنامەگەریدا حاڵی شاعیرە چاک و گەورەکان بێ، ئەوە بۆ فەریکە شاعیران و شاعیرۆکەکانیش کە بەرێکەوت، یان لە پەنجەرەو بن ساپیتەوە خۆیان فڕێ داوەتە ناو دنیای ڕۆژنامەگەری قسەی دیکەمان دەبێ، کە لە بنەڕەتەوە دەسکەوتی ماددی هەڵی داونەتە ناو ئەو دنیایەوە، بەڵام دەبێ بپرسین: دەکرێ ئەو شاعیرە ڕۆشنبیرییەکی هەمەلایەنەی نەبێ و لەو بوارەدا تۆز بکات؟ دەکرێ (شاعیر) بێ و لە ڕۆژنامەدا کاربکات و کوردی نەزانێ؟ دەکرێ لە (حیثیات)و هونەرو پشووی کاری ڕۆژنامەگەری نەزانێ؟ دەکرێ ڕێپۆرتاژو چاوپێکەوتن سازدان نەزانێ؟ دەکرێ ئامادەکردنەوەی چاوپێکەوتن و بابەتەکان نەزانێ؟ دەکرێ زەوینەی ڕۆشنبیری بایی ئەوەندە نەبێ لەکاتی (هەڵەچنی) وشە لەیەکچووەکان، ناوەکان، زاراوەکان لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو بکات؟ دەکرێ کە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا بەخێرایی خۆی قایم کردو ناوبانگی دەرکرد، ئیتر شیعر بەلاوە بنێ؟ دەکرێ و دەکرێ و دەکرێ؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەزانم و نازانم..!!

## چیتر لە چاپدانەوەی گۆڤارو ڕۆژنامە کۆنەکانمان دواخستن هەڵناگرێ

• بەپێی ئەو زانیارییانەی دڵسۆزانی ساغکردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی لە دووتوێی کتێب و باس و وتارەکانیاندا بۆیان تۆمار کردووین، بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردیشمان هەروەک بزاڤە سیاسییەکەی ئەویش بە




"

**بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی وەک بزاڤە سیاسییەکەی بە درێژایی تەمەنی خۆی تووشی هەڵبەزو دابەزی زۆر بووە**

"

درێژایــی تەمەنــی خۆی تووشــی هەڵبەزو دابــەزی زۆر بووە، بەڵام لە هەموو سەردەم و قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشــەکردنی خۆیدا بەپیــر داوایــە مێژووییەکانــی نەتەوەکەمانــەوە چووە. لە زۆر برگــەو قۆناغی مێژوویی گرنگدا کە خەباتەکەی بۆ ماوەیەک خامۆشــی بەخۆیەوە دیــوە، یــان کــە رووناکبیرانــی کــورد زانیویانــە خەباتە چەکدارییەکــەی ئامانجــە سیاســییەکانی ئــەو گەلە بەدی ناهێنێ و بە زەبری پیلانگێڕی و ئاگر و ئاسن و توندوتیژی و گەلەکۆمەکــی لەبــار بــراوە، ئــەوە خەباتێکــی دیکەیان دەســت پێکردووە کە خۆی لە خەباتی هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیــی و ورە بەرزکردنــەوەو خۆبەدەســتەوە نەدان لــە پەنــای کاری رۆژنامەوانی دیوەتەوە، بۆیە ســەرومڕ لاپەڕەکانــی ئەو گۆڤارو رۆژنامانە تەژین لە رەنگدانەوەی رووداوەکانــی ئەو قۆناغانە و هەمیشــە واقیعی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئەدەبــی بە ئەمانەتەوە گواســتووەتەوە. هەڵدانــەوەی لاپەڕەکانــی مێژووی دێریــن و هاوچەرخی بــە ئەرکی سەرشــانی خــۆی زانیــوە تا پەنــدو عیبرەتی لێوەربگیرێ، ئەوە باســی خزمەت گەیاندن و گەشەپێدانی زمانــی کوردی هەر ناکەم کــە لەهەموو قۆناغەکاندا وەک کۆڵەگەیەکی نەتەوەیی ئەرکەکەی خستووەتە سەر نەڕەی شانی خۆیەوە.




• ئــەو نووســەرو باســکارانەی ئەمرۆکــە دەیانــەوێ لێتوێژینــەوە بنووســن و ژیانــی کــوردەواری پێش ئەو ســەد و هەشــت ســاڵەی بکۆڵنەوە، بێگومان ناتوانن بەبێ دەورکردنــەوەو هەڵدانــەوەی لاپەڕەکانــی ئــەو گۆڤــارو رۆژنامانــە هیــچ بەهیــچ بکەن، کــە لە نووســینی باس و لێتوێژینەوەکانیاندا، ئەو ســەرچاوە گرنگەی رۆژنامەگەری کــوردی زەمینەی دەوڵەمەند کردنی بــاس و بابەتەکانیان بــۆ خــۆش دەکات و بەردەمیــان بۆ روونــاک دەکاتەوە، بۆیە ئەو باســکار و لێتوێژەرەوانــە لەهەموو کەس زیاتر پێویستیان بە گەڕانەوەیە بۆ سەر لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەوە.

• رۆژنامەنووســانیش بــۆ کاری رۆژنامەوانیــی خۆیــان پێویســتیان بەوەیــە ئاگایان لــە مێــژووی رۆژنامەگەری کوردی بێ، تەنانەت بەلای منەوە دەبێ بەر لەوەی دەست بدەنــە کاری رۆژنامەوانی بکەونــە هەڵدانەوەی لاپەڕە بە لاپەڕەی ســەرجەمی گۆڤــارو رۆژنامەکانی کوردی، هەر لە سەرەتای دەرچوونییەوە تا رۆژی دەستبەکار بوونیان وەک رۆژنامەنــووس، بــۆ ئەوەی بــە وردی لە تەکنیک و شــێوازی کارکردن و پێشــکەوتنی ئەو گۆڤارو رۆژنامانە تێبگــەن، هەروەهــا لــە شــێوەی پەرەســەندنی زمــان و رێنووســی کوردی ورد ببنەوە، لە هونەری وتار نووسین و ئاســتی ئەدەبــی و هونەری و بایەخــی ئەوان بە مێژوو و کەلەپــوورو گرنگیدانیان بە هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و لایەنی

> دەبــێ هەمـــــــــــــــــوو رۆژنامەنووســانی کــورد بــۆ کاری رۆژنامەوانــی خۆیان ئاگایان لەمێژووی رۆژنامەگەری کوردی بێ

سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بازرگانی، زانیاری بەدەست بخەن، یان لەچۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ وێنەدانان و دیزاین و نەخشەسازی بزانن، پرۆسەی وەرگێڕان و پێشکەوتنی پەخشانی کوردی و چاوهەڵێنانی سەروتارو ڕەخنەو چیرۆکی کوردی لەوێدا ببینن، کە هەموو ئەو لایەنانە لەناو لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەدا هەریەکەیان بە قەبارەیەک هەن و لەسەر لاپەڕەکانیاندا خۆیان دەنوێنن، ئەم بەسەرکردنەوەیە حەتمەن دەبێ قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لە ئامۆژگاو زانکۆکانیش بگرێتەوەو جێگەی بایەخی ئەوانیش بێت.




• ئەوانەی تێزی ماستەرنامەو دکتۆرا دەنووسن، لەگەڵ ئەوانەی نیازیانە لێکۆڵینەوە لە بارەی هەر بوارێک لەو بوارانەی سەرەوە ئاماژەمان پێدان بنووسن، یان هەر کەسێ بیەوێ ئیندێکس و بیبلیۆگرافیا بۆ لایەنێکی مێژوویی و کولتووری ساز بکات، بیەوێ و نەیەوێ دەبێ بگەڕێتەوە سەر ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە، وەک من ئەو ئازارەم بەدەست پەیداکردن و دۆزینەوەی سەرجەمی گۆڤارو ڕۆژنامەکان چەشتووەو لەپێناوی ئەوەی خەڵکی دیکە ئەو ئازارە نەچێژن و بۆ ئەوەی بە تەقەڵی درشت ئەو کارە نەکرێ، دەبێ سەرجەمی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامە کۆنانە لەبەردەستماندا هەبن، تا کارمان مەیسەرو ئاسان بکات و زانستییانە ئەرکەکەمان ڕاپەڕێنین. لەبەر ئەوەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا کتێبخانەی نیشتمانیمان نییە کە هەموو ئەو گۆڤارو ڕۆژنامە دوورەدەستانەمان لەبەردەست دابنێ و بە مایکرۆفیلم پارێزرابن، لەبەر ئەوەش کە نابێ تەنیا لەکاری ئەکادیمی و نەتەوەییانە ئێش هەر لەسەر ڕۆژنامەو گۆڤاری باشووری کوردستاندا بکەین، بۆیە دەبێ هەتا زووە هەڵمەتێکی کۆکردنەوەو ڕزگارکردنی سەرجەمی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە بگرینە ئەستۆ تا لە سەنتەرێکدا کۆبکرێنەوەو دابنرێن، پاشان کام گۆڤارو ڕۆژنامەیە هاتە دەست و ژمارەکانی بە زنجیرە و بە تەواوی هەبوون، ئەوە بەزووترین کات بە چاپیان بگەیەنین، دواتریش کەلێنی ژمارە ناتەواوەکان پڕ بکەینەوە.

• ئێمە لێرەدا نابێ ئەو نەریتە جوانە کە بەهەوڵ و هیمەتی کەسانی وەک (جەمال خەزنەدار) دەستی پێکرد لەبیر بکەین، کە لە حەفتایەکاندا جگە لە (ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی)یەکەی، هەردوو ڕۆژنامەی سەردەمی حوکمرانی شێخ مەحموودی نەمر (ڕۆژی کوردستان) و (بانگی کوردستان)ەکەی چاپ کردەوە. پاشانیش سێ ژمارەی (ڕۆژی کورد)ی بە ئۆفسێت لەچاپ دایەوە، ئەم کارەشی بە بەرزی دەنرخێنین، هەروەها هەوڵ و کۆششی تاقانەی (مومتاز حەیدەری) بۆ لەچاپدانەوەی گۆڤاری (پەیژە)ی مستەفا شەوقی، هەروەها هەوڵ و پەرۆشی عەبدوڵڵا زەنگنەش ناکرێ لەبیر بکەین، کە ئەو هەوڵانەی ئەویش

> ”هەتا زووە هەڵمەتێکی کۆکردنەوەو ڕزگارکردنی سەرجەمی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە بگرینە ئەستۆ تا لە سەنتەرێکدا کۆبکرێنەوەو دابنرێن“

جێگەی بایەخ و پیزانینن کە تا ئێستاش لەسەریان بەردەوامە.

• لە ئێستاشدا هەوڵەکانی (وەزارەتی رۆشنبیری) و (دەزگای ئاراس) و (بنکەی ژین) نابێ لە یاد بکەین کە زۆر خەمخۆرانە کەوتنە سەرلەنوێ لە چاپدانەوەی (نزار، ژیان، رۆژی کورد، ژیانەوە، دیاری کوردستان، زاری کرمانجی و رووناکی، دیاری لاوان و یادگاری لاوان، پێشکەوتن)ی زەمانی مێجەر سۆنیان رزگار کرد، بەڵام ئەو جموجووڵە دەبێ خێراتر بکرێ و پتر لای لێ بکرێتەوەو لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەموو رۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکە بخاتەوە بەردەستی خوێنەران و نووسەران و لەوانەش: (گەلاوێژ، رۆژی نوێ، شەفەق، هیوا، بڵێسە، پێشکەوتن-ی ١٩٥٨، هەتاو، پێشمەرگە، هەولێر، دەنگی گێتی تازە.. تاد) برایانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش هەرچی زووترە بکەونە خۆیان بۆ کۆکردنەوەی رۆژنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستانی زەمانی قازی محەمەد، بەتایبەتی رۆژنامەی (کوردستان) و (هەڵاڵە) و (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) و چاپەمەنییەکانی دیکەیان هەر زوو بەچاپ بگەیەنن، تا لەوەی زیاتریان لێ نەفەوتاوە، چونکە ئەو لاپەڕانە رۆژ دوای رۆژ دەپوێن و بەهۆی کاریگەریی کەشوهەواو شێداری لەبەین دەچن.




• ئەمڕۆکە باری رۆژنامەگەریی عەرەب لە عێراقدا لە بارودۆخی پاراستنی ئەرشیڤی رۆژنامەگەریی کوردی حاڵیان باشتر نییە، لە عێراق بێجگە لە ژمارەکانی (لغة العرب)ی ئەنستانس ماری ئەلکەرمەلی، باسکار چاویشی سپی ببێ رۆژنامەو گۆڤارەکانی سەرەتای سەدەی رابردووی بەدەست ناکەوێ، بۆیە زۆر لەو رۆژنامانەیان تەنیا وەک ناو ماون، من بۆ لێکۆڵینەوەیەکم کە چەندان ساڵە رامگرتووەو تا ئێستا بە چاپم نەگەیاندووە، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە بۆ بینینی رۆژنامەکانی (العراق) و (الزهور) و (التعاون) زۆرم هەوڵدا، کەچی تا ئێستا بە ئەنجامێ نەگەیشتم، چونکە لەوێ زۆر بابەتی گرنگیان سەبارەت بەو بابەتەی من لەخۆ گرتووە.

**جێبەجێ کردنی لەچاپدانەوەی پرۆژەی گۆڤارو رۆژنامە کۆنەکانمان زۆر نووسەری تەمبەڵ لە ئەمانەتی زانستی نزیک دەخاتەوەو چیتر بەرهەمی نووسەرانی رۆژگاری زووش تالان و فەرهوود ناکرێن**

• ئەمڕۆکە کە دنیای نووسینی کوردی پڕ بووە لە (چەواشەکاری) و زۆر بە دەگمەن نووسەری خاوەن ئینساف و زانست پەروەر و دەستپاک و ئەمانەت پارێز بەرچاو دەکەون، بۆیە لە چاپدانەوەی سەرلەنوێی ئەو گۆڤارو رۆژنامانە لەلایەک رێ لە تالان و فەرهوود کردنی بەرهەمی رەنجی نووسەرە دێرینەکانمان دەگرێ و لەلایەکی تریشەوە زۆرجار رێ کەوتووە نووسەرم دیوە ئاماژەی بە رۆژنامەیەکی کۆن وەک سەرچاوەیەک کردووە خۆی ئەو سەرچاوەیەی نەدیوەو ئەسڵەن ئەو نەفەس و تاقەتەی نەبووە ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە ببینێ یان بەدوایاندا

بگەڕێ، چونکە زۆر دانسقەو دەگمەن و دووردەستن، بۆیە نەیتوانیوە ڕاسەوخۆ سوودیان لێوەربگرێ، ئەوانە دەچن سوود لە ئاماژەکانی نووسەرێکی دیکە وەردەگرن کە خۆی هیلاک کردووەو ئەرکی کێشاوە تا ئەو سەرچاوە ئەسڵییەی دۆزیوەتەوەو سوودی لێ وەرگرتووە، کەچی برامان هاتووەتە سەر سفرەی حازرو وەک نووسەری دووەم مشەخۆرانە وەری گرتووەو بێزی نەهاتووە ئاماژە بەو سەرچاوەیە بدات کە ڕاستەوخۆ زانیارییەکەی لێ وەرگرتووە، بۆیە بۆ زۆرکردنی (سەرچاوەکانی خۆی) و بۆ هەمەڕەنگ کردنی سەرچاوەکانی، دەنووسێ (ژیان، ژین، پێشکەوتن، گەلاوێژ) کە حاشا نەیانی دیوە. ئەمەش لەکاری نووسین و ڕۆژنامەوانیدا دەستپاکی و ئەمانەت و نووسینی زانستی پێ ناوترێ، بەڵکو ئەوەی بۆ چاووڕاو و بۆ خۆنواندن و خۆ نمایش کردن کردووەو ئەو سەرچاوەیە دەنووسێ بۆ ئەوەی بە خوێنەران بڵێ گوایە من هیلاک بووم تا بەدوای ئەو ژمارەیەی ئەو ڕۆژنامەیە، یان ئەو گۆڤارە کۆنەدا گەڕاوم، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەو لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی کتێبێک یان لێکۆڵینەوەیەکی دیکە ئەوەی وەرگرتووە، بێگومانیشم بەو کاری لە چاپدانەوەیە زۆر نووسەری تەمبەڵیش لە ئەمانەتی زانستی نزیک دەبنەوە.



• لە جیاتی ئەوەی لە یادی (٢٢)ی نیسانی هەموو ساڵێکدا کۆڵێک پارەوپوول بە هەدەر بدرێ و لە گێڕانی ئاهەنگی بێ سوودو بێ ڕەونەق و وتاری ساردوسڕ لە ڕێوڕەسمی تەقلیدی یادکردنەوەی ئەو بۆنەیەدا سەرف بکرێ، پێویستە بەرنامەیەکی توکمە بۆ ئەو مەبەستە دابنرێ کە ساڵانە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە بکرێنە دیاری بۆ کتێبخانەی کوردی، کە هەر ئەوەش دەمێنێتەوەو لە کتێبخانەدا جێی خۆی دەگرێ. لە پاڵ ئەوەشەوە دەکرێ بیبلیۆگرافیایەک بۆ ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە، بەناوی (نووسەرەکان) و (بابەت)ەکانەوە ڕێک بخرێ، پێم وایە بەوە کارێکی زۆر گرنگ دەکرێ، تا نووسەران و خوێنەران کە باسێک، بابەتێکیان ویست بە هەڵدانەوەی لاپەڕە بە لاپەڕەیانەوە کاتیان بە فیڕۆ نەڕوا، بگرە بەپێی پیتی ئەبجەدی و دەمودەست ناوی نووسەرەکە دەدۆزرێتەوە، ئەم کارەش مەگەر تەنیا باسکاران بزانن چ کەلێنێکیان بۆ پڕ دەکاتەوەو چەند کارێکی بەجێ و سوودبەخشە بۆیان و چەند کاتیان بۆ دەگێڕێتەوە.

**"لەجیاتی ئەوەی لەیادی (٢٢)ێ نیسانی هەموو ساڵێکدا کۆڵێک پارەوپوول بەهەدەر بدرێ و لە گێڕانی ئاهەنگی بێ سوودو وتاری ساردو سڕو ڕێ و ڕەسمی تەقلیدی سەرف بکرێ، پێویستە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە چاپ بمرێنەوەو بکرێنە دیاری بۆ خوێنەران"**

* سەرنووسەری گۆڤاری رامان



# هەواڵ و سیاسەت
# لە گۆڤاری "زاری کرمانجی"دا!!

شادمان مەلا حەسەن

گۆڤاری زاری کرمانجی، دەتوانین بڵێین یەکەم گۆڤاری کوردییە، کە لەسەر خاکی کوردستان و لەلایەن گەورە ڕۆشنبیرێکی کورد خۆی و لە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ دەرچووە، هەروەها یەکەم گۆڤاریشە تەواوی لاپەڕەکانی بەنووسینی زمانی کوردی پڕ کرابێتەوە، چونکە هەموو گۆڤارەکانی پێش ئەم گۆڤارە بەدوو زمان یاخود زیاتر دەرچوو بوون.

ئەم گۆڤارە، لەسەردەمی خۆیدا، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، لەهۆشیارکردنەوەی خەڵک و چەکەرەکردنی بیری نەتەوەیی و گەشەپێدانی و بەئاگاهێنانەوەی گەلی کورد لەخەوی نەزانین و دواکەوتوویی، ئەمەش بە بابەتەکانی نێو گۆڤارەکەدا دەردەکەوێت، چونکە هەمووی پڕە لە بابەتی هەمەجۆر لەسەر چۆنیەتی ڕزگاربوون لەنەزانین و پەروەردەو ئافرەت و منداڵ و نیشتمانپەروەری و بایەخی

خوێندن و خوێندەواری و قوتابخانە و گەشەپێدانی ئابوری و بازرگانی و ڕێگاوبان و چەندین لایەنی تر کەهۆکارن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ و گۆڕینی لەبارێکەوە بۆ بارێکی باشتر و پێشکەوتووتر.

## زاری کرمانجی و ڕواندوز

هەرکاتێ سەیری هەڵکەوتە جوگرافیاکەی شاری ڕواندوز دەکەین، دەبینین لەناوچەیەکی سەختی شاخاوی دایە، بۆ ئەو سەردەمەی کە گۆڤاری زاری کرمانجی لێ دامەزراوە هەر زۆر سەخت و دژوار بووە بۆیە چەند پرسیارێک هەڵدەگرێ کەوا ئەم چاپخانەیە بە چ مەبەستێک بۆ ئەوێ براوە و کتێب و گۆڤاری پێ لەچاپ دراوە.

شاری ڕواندوز لەجەنگی یەکەمی جیهان (١٩١٤-١٩١٨)دا بەهۆی هاتنی سوپای ڕوسیای قەیسەری بەتەواوی وێرانکراوە و خەڵکێکی یەکجار زۆر بەدەستی ئەم سوپا داگیرکەرە لەناو چوون[١]، دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەر لەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی و جوگرافی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، شاری ڕواندوز بەر بەشی کوردستانی عێراق کەوتوو و بووە قەزایەک سەربە پارێزگای هەولێر، ساڵی ١٩٢٣ یەکەم قائیمقامی بۆ دیاریکراوە، ئەویش کەسایەتی سیاسی و ناوداری ئەو کاتە سەید تەهای نەهری نەوەی شێخ عەبدوڵڵای نەهری (ڕاستتر شێخ عوبەیدوڵلا- ڕۆژنامەنووس) ڕابەری ڕاپەرینی مەزنی ١٨٨٠-١٨٨١ کرا بەقائیمقامی ئەم شارە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی بریتانیاو حکومەتی تازەی عیراقەوە.

سەید تەها پیاوێکی نەتەوەپەروەری چالاک و ناسراوی ئەوکاتەی کوردستان بوو، بەردەوام لەگەڵ بریتانیەکان لەسەر هێڵی گفتوگۆو دانوستاندن بوو، بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بکات دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستان لەژێر ئینتیدابی ئینگلیزەکان خۆیان دابمەزرێنن. لەیەکێ لەبەڵگەنامەکانی حکومەتی بریتانیا بەژمارەی ٢٨٧٧٠ بەغدا ٨ی تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٢٠دا هاتووە، کە ئەفسەری سیاسی ئینگلیز (مێجەر های) لەهەولێر لە ڕۆژانی ١٨/٢٣- ئەیلولی ١٩٢٠ لەشاری هەولێر گفتوگۆی تێر وتەسەلی لەگەڵ سەید تەهادا کردووە،لەنامەکەدا باسی دەکات کە چۆن سەید تەها بیر وبۆچوون و هەوڵەکانی خۆی و سەرۆک عەشیرەتەکان و سەرکردەی ناسراوی ئەوکاتە سمکۆی شکاکی بە ئەفسەری سیاسی بریتانیا گەیاندوە بەنیازی ئەوەی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بەپشتیوانی بەریتانیا لەسنووری ئێران و تورکیا دابمەزرێنن[٢].

سەید تەها پیاوێکی نەتەوەپەروەری چالاک و ناسراوی ئەوکاتەی کوردستان بوو، بەردەوام لەگەڵ بریتانیەکان لەسەر هێڵی گفتوگۆو دانوستاندن بوو، بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بکات دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستان لەژێر ئینتیدابی ئینگلیزەکان خۆیان دابمەزرێنن

هەر لەم ڕوانگەیەوە سەید تەها بایەخی چاپخانە و کتێب و گۆڤاری زانیوە، بۆیە سەید حوسێن حوزنی موکریانی لەپاشکۆی کتێبی مێژووی میرانی سۆراندا دەڵێ (سەید تەها ئەفەندی چاپخانەی من و گۆڤارێکی لەڕواندوز دامەزراند کە گۆڤاری زاری کرمانجی بوو).

بۆ ئەو سەردەمە ڕواندوز ناوەندێکی چالاکی سیاسی کوردستان بوو، هەم لەبەر مێژووە کۆنەکەی کە زۆر کات ناوەندی ئەمارەتێکی بەهێزی کوردی بووە،هەم هەڵکەوتە جوگرافیە سنوریەکەی ئەو کاتەی بۆ پەیوەندی کردن بە بەشەکانی تری کوردستان گونجاو و لەباربووە . بەم شێوەیە سەید حوسێن حوزنی موکریانی چاپخانەکەی لە وڵاتی شامەوە گواستۆتەوە بۆ شاری رواندوز و دەستی بەچاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و کتێب کردوە. لە ١٢ی (ذی القعدة)ی ساڵی ١٢٤٤ی کۆچی کەبەرامبەر ٢٥ی مایسی (لەلایەن سەرنووسەر گۆڤارەکەمان ساغ کراوەتەوە ئەم رۆژە رێک بەرامبەر ٢٤ی ئەم مانگ و ساڵە دەکات نەک ٢٥- رۆژنامەنووس) ساڵی ١٩٢٦ی زاینیە، یەکەم ژمارەی گۆڤاری زاری کرمانجی لەشاری رواندوز بڵاوکرایەوە، بەم ناونیشانە خۆی ناساندوە (زار کرمانجی گۆڤاریکی اجتماعی تاریخی فنی ادبی یە) صاحب امتیاز و مدیر مسئول سید حسین موکریانی، مدیر ادارە عبدالرحمن گیو، بۆچشتێک مخابرە لەتەک ادارە خانە دەکرێت[٣]. شایانی باسە لە ماوەی دەرچوونی هەر ٢٤ ژمارەکەدا ئەم ناونیشانە چەندین جار گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک وشەی سیاسی نەچۆتە ناو ڕستەی خۆناساندنەکەی. بابەتەکەی ئێمە لەسەر دوو بەش لێکۆڵینەوەی بۆ دەکرێ ئەوانیش :

**یەکەم**

**هەواڵ و سەرچاوەی هەواڵ لەگۆڤاری زاری کرمانجی دا:**

دیارە بۆ هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەیەک، جا لەهەر بوارێک دەربچێ، هەواڵ پێویستە و ناسنامەی ئەو بڵاوکراوەیەیە، هەتاکو ئەو گۆڤارانەش کە تایبەتمەندن بە تاکە لایەنێکی ژیانەوە هەواڵیان تێدایە، جا ئەو هەواڵە ئەگەر وەکو هەواڵی ئاساییش دانەڕژرابێ. بەڵکو لەوانەیە هەواڵێکی زانستی یاخود ئەلکترونی یان ئەدەبی بێ لەدوو تۆی ووتارێک دارێژترابێ. بەڵام پەیامی هەواڵ بوونی خۆی بۆ خوێنەرەکەی یاخود بینەر و گوێگرەکەی دەگەیەنێ . بۆ ئەو سەردەمەی کە گۆڤاری زاری کرمانجی تێدا دەرچووە تاکە سەرچاوەی دەست خستنی هەواڵ و زانیاری هەر

**"دیارە بۆ هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەیەک، جا لەهەر بوارێک دەربچێ، هەواڵ پێویستە و ناسنامەی ئەو بڵاوکراوەیەیە"**

ڕۆژنامە و گۆڤار بووە.چونکە تازە ڕادیۆ داهاتبوو و تەلەفزیۆنیش لەسەروبەندی داهاتن بوو[٤]. بەڵام بۆ وڵاتی ئێمە هێشتا هەروەک هەواڵیش ئەم دوو ئامێرە نەبیسترابوون.هەروەها تەلەگراف زۆر کەم بوو بۆ یەکێکی وەک موکریانی دەستخستنی زەحمەت بووە تاکو هەواڵی پێ کۆبکاتەوە،تەلەفۆنیش لەم دەڤەرە هێشتا بوونی نەبوو،ئەمە جگە لەنەبوونی ئاژانسێکی هەواڵدەری لە عێراق، تاکو گۆڤارەکە بتوانێ هەواڵی لێوەربگرێ یاخود بیکڕێ . بۆیە لەوانەیە بۆ ئەو سەردەمە هەواڵێکی چەند مانگی لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر گەرم وگوڕ و نوێ و کاریگەر بووە، سەرەڕایی ئەوەی کە ڕۆژنامە و گۆڤار سەرچاوەی دەست خستنی هەواڵ و زانیاری بوونە. بەڵام هۆکارەکانی هاتوچۆش زۆر خراپ بووە وەک کەمی ئۆتۆمۆبیل و شەمەندەفەر و فڕۆکە و خراپی ڕێگاوبانیش لەولاوە بووەستێ، تاکوگۆڤار و ڕۆژنامەکان بەزووی و ئاسانی دابەش بکرێت ولەکاتی خۆی بگات و هەواڵی تازەش دەست بخرێ بۆ بڵاوکردنەوە.



حوسێن حوزنی موکریانی

جا دەبێ پیاوێکی وەک سەید حوسێن حوزنی، کە بەتەنها گۆڤارێک لەشارێکی دوورە دەستی وەک ڕواندوز دەربکات بەبێ ئەوەی حکومەت یاخود دەزگایەک یان ڕێکخراوێک لەپشتیەوە بێت،چۆن هەواڵی دەست کەوتبێ و بڵاوی کردبێتەوە.

**هەواڵ چی یە؟**

١- ڕوداوێکی سەرنج ڕاکێش بێت.
٢- شتێک بێت لەمەوپێش نەبیسترابێ.
٣- تازەترین زانیاری بۆ خوێنەرەکەی یاخود گوێگر و بینەرەکەی تێدابێت.
٤- کاریگەری دروست بکات.
٥- نرخی ئەوەی هەبێ لە کەناڵەکان بڵاو بکرێتەوە، مانای خەبەری خۆی بسەلمێنێ.

**شەش ڕەگەزەکەی هەواڵ**

کاتێ ئەم ڕەگەزانەی هەواڵ شی دەکەینەوە بوونی مادەیەک دەردەکەوێ کەپێویستە بکرێتە هەواڵ واتە:
١- چی: چییە ئەوەی کە ڕوویداوە، ئەمە کرۆکی هەواڵە.
٢- کەی: هەموو ڕوداوێک مێژوێکی هەیە واتە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە.
٣- کێ: واتە کێ ڕووداوە کەی ئەنجام داوە، یاخود

**"لەوانەیە بۆ ئەو سەردەمە هەواڵێکی چەند مانگی لەناوچەیەکـــــەوە بۆ ناوچەیەکی تر گەرم وگوڕ و نوێ و کاریگەر بووە"**

پاڵەوانی ناو ڕووداوی هەواڵەکەیە.
٤- لەکوێ: شوێن زۆر گرنگە، چونکە هەموو ڕووداوێک لەشوێنێکی جوگرافی ڕوودەدات دەست نیشان کردنی بۆ خوێنەر زۆر گرنگە.
٥- چۆن: چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکە کە هەواڵەکە دەردەخات گرنگە.
٦- بۆچی: هۆکاری ڕوودانەکە، واتە چی وایکردووە ئەم ڕووداوە ڕووبدات، تاکو ببێتە هەواڵ.

هەواڵەکانی گۆڤاری زاری کرمانجی کاتێ دەیانخوێنیتەوە زۆربەی ئەو ڕەگەزانەی هەواڵی تێدایە نمونە:

**باسی کوردستان**

سلێمانی ٢٤ی شەوال ژیان هەواڵمان نشر دەکات لەسلێمانی جەمعیەی زانستی کوردان تەشکیلی لە تەرەف حکومەتەوە تەسدیق کراوە[٥].
١- چی: جەمعیەی کوردان دروست بووە.
٢- کەی: ٢٤ مانگی شەوال هەواڵەکە لەژیان راگەیەنراوە دەکات مێژووەکەی.
٣- کێ: ئەو کوردە هۆشیارانەی لەشاری سلێمانی دادەنیشن.
٤- لەکوێ: لەشاری سلێمانی.
٥- چۆن: دروست کراوە و حکومەت تەصدیقی کردوە.
٦- بۆچی: بۆ بلاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری و هۆشیارکردنەوەی خەڵک، واتە لێرەدا وشەی (زانستی) بۆچی یەکەیە.

**جۆرەکانی هەواڵ**

**لەگۆڤاری زاری کرمانجی دا:**

موکریانی لەگۆڤارەکەیدا جۆرەکانی هەواڵی لەژێر سەردێری چەند ناوێک پۆلێن کردووە، لەوانە:
<u>١- هەموو لایەک:</u>

بەزۆری ئەو هەواڵانەی کە لەدەرەوەی کوردستان و عێراقن واتە هەواڵی جیهانی و هەرێمین زیاتر سەرچاوەکەی ڕۆژنامەکانە. ئەگەر چی زۆرجار ناوی ڕۆژنامەکان و ژمارە و مێژووی دەرچوونیانی نەنوسیوە، بەلام وەک مۆدێلێک ناوی پایەتختی نوسیووە و خاڵێکی داناوە یاخود نووسیویەتی جەریدان وا نەشر دەکەن:
نمونەی هەواڵێک:-
جنوبی- ایران
دەستی سوور

دەعوەت بولشفیکی لە مەملەکەتی ئێراندا بە تەواوی لە هەموو گۆشەیەکی دا بلاو بۆتەوە دەستی (سوور)

> **ئەو هەواڵانەی کە لەدەرەوەی کوردستان و عێراقن واتە هەواڵی جیهانی و هەرێمین زیاتر سەرچاوەکەی ڕۆژنامەکانە**

لــە خاکی کیانیان و ساســانیان دا کەوتۆتە ســەر هەموو دەستان[٦].

٢- هات و چوون:

ئەم ســەردێرە زیاتر بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی گەورە پیاوانی کورد و کاربەدەستانی ئیداری کوردستان و ئەندام پەرلەمانەکانی کورد لەعێراق بووە، بەزۆریش بۆ ئەوانەی ســەردانی شــاری ڕەواندوزیــان کــردوە بڵاوکراوەتەوە، نمونەیــەک: ســەعادەت نایــب خۆشەویســتمان جنــاب ئیســماعیل بەگ بەمناســەبەتی تەواو بوونی مەجلس ملی بەتەیارە لەبەغداوە تەشریفیان هێناوە بەخێرهاتن[٧].

٣- خەبری وکوڤ:

زیاتــر هەواڵــی متەصرفــی هەولێــر و قائمقامیەتــی ڕوانــدوزە لــە کۆبونەوە و بڕیارەکانیانــدا کەچیان کردوە یاخود بەشێک لە ئاگاداری و جاردانیش دەگرێتەوە.

نمونەی هەواڵێک: لەســەر ئەمــری لیوای هەولێر ١٠ی ئاگســتۆس محەمەد عەلی ئاغای رئیسی پێشوو دیسان بە گەورەی شــار ئینتخاب کراوە تا چوار ساڵی دیکە، لەخودا دەخوازین کە بۆ خێری مللەت و شارمان موەفەق بێ[٨].

٤- ڕاپۆرت:

ڕاپۆرت هەمیشە درێژەی هەواڵێکە کە بە تیرو تەسەلی لەســەر بابەتێک بــڵاو دەکرێتــەوە، واتە چەندیــن لایەنی ڕووداوەکەی تێدا ڕوون دەکرێتەوە، کە لەوانەیە لەدەقێکی کورتی هەواڵی پێویســت نــەکات. گۆڤاری زاری کرمانجی چەنــد ڕاپۆرتێکــی بڵاوکردۆتــەوە کــە لەهەندێ کەســی خوێندەوار لەشــارەکانی تری کوردستان پێی گەیشتووە، لەوانە ڕاپۆرتێک لەســەر شــەوانی ڕەمەزانی شاری کۆیە و دەوری مــەلای گەورە لە هۆشــیارکردنەوەی خەڵک بۆ ناردنی منداڵانیان بۆ خوێندن و بیری نەتەوەیی و بایەخی زانست و زانیاری لەبەشێکی دا هاتووە.

( ئەما جناب مامۆستا (مەلا محەمەد جەلی زادە کۆیی) خودا پایەدار و سەرفراز و ڕاوەستاوی بکات ئەم ڕەمەزانە وەکو ڕەمەزانەکانی تر وەعزی فەرموو زۆرترینی هەدەفی وەتەن و محافظ قەومیەت بووە، ئەهالی دەســتە بەدەستە بە توجار و بەئەشراف و بەکاسب و ڕێبوارە وەبۆ بیستن و گوێــداری ئــەم وەزعــە دەچوونــە مزگەوت، ئــەم زانا پرمێشــکەی عالمە مبحرە بەهەموو قوەتی علمیەو زرنگی خــۆی بە ئایــات و ئەحادیس بۆیانی دەگوت و وشــیاری دەکردنەوە...[٩]

٥- ڕیپۆرتاژ:

ڕیپۆرتــاژ هەمیشــە ئــەو بابەتەیــە کە هەمــە لایەنە و زۆربەی لایەنەکانی ڕووداوێــک یاخود دیاردەیەک ڕوون

**"ڕاپــۆرت هەمیشــە درێژەی هـــ.......ـەواڵێکــە کــە بە تیــرو تەســەلی لەســەر بابەتێک بڵاو دەکرێتەوە، واتــە چەندیــن لایەنــی ڕووداوەکــەی تێــدا ڕوون دەکرێتەوە"**



دەکاتـەوە و سـەرنج و تێبینیـەکان تۆمـار دەکات و بەیەکـەوە دەیانخاتە ڕوو، واتە هەواڵێک لە تێکسـتێکی دوور ودرێـژ کەلـە ڕاپـۆرت درێژتـرە. گۆڤـاری زاری کرمانجـی چەندیـن ڕیپۆرتـاژی لەژمارەکانی خۆیـدا بڵاوکردۆتـەوە، لەوانە سـەردانی سـەرۆک وەزیرانـی عێراق جەعفەر عەسـکری بۆ ڕواندوز لە ١٩٢٧/٦/٣٠.

چۆنیەتی دامەزراندی یانەی فەرمانبەرانی هەولێر لـە ژمارە ١٦ سـاڵی ١٩٢٧، هاتنی موتەسـەریفی هەولێـر عبدالحەمیـد بـەگ لـە ١٩٣٠/٦/١ بـۆ ڕواندوز ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٣٠. لەگەڵ چەندین ڕیپۆرتـاژی تر کە لە ژمارەکانـی ئەم گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە .

٦- داخویان:

لەزۆربـەی ژمارەکان داخۆیـان و هەواڵی چـاپ کردنی کتێبی تـازەی بڵاوکردۆتەوە،جا ئەو کتێبانە لە چاپخانەکەی زاری کرمانجی چاپ کرابـن یاخود لەچاپخانەی تر ئـەو داخۆیانی بۆ کردوە و خستنەڕوێکی سەرنج ڕاکێشی جوانی بۆ نووسیوە .لەمەوە بۆمـان دەردەکەوێ کە موکریانی شـارەزاییکی باشـی لە ڕیکلام و ئاگاداری و جوانی داڕشتنی دەقەکانی هەبووە.

٧- جگـە لەمانە زۆرجار هەواڵی تری لەسـەر ڕواندوز و عێراق بڵاوکردۆتەوە:

بەخوێندنـەوە و وورد بوونەوەمـان لەبڵاوکردنـەوەی هـەواڵ و ڕیپۆرتاژەکانـی گۆڤـاری زاری کرمانجـی بۆمـان دەردەکـەوێ زۆربەی لەلایەن حوزنـی موکریانی خـۆی داڕژراون و ئامادەکراون،سـەرچاوەکانیش یـان خـۆی ئامـادەی شـوێنی کۆبونـەوە و ڕووداوەکە بووە، یـان لەڕۆژنامـەکان وەریگرتـووە، یاخود لەو کەسـانەی بەڕێبـواری ڕوویـان لـە ڕواندوز کـردوە، وەک ئەو دوو هەواڵەی لەسەر بزوتنەوەی کوردی ئێران بەسەرۆکایەتی سمکۆی شـکاک بڵاویکردۆتەوە دەڵێ: وەک ڕێبواران بینا لەسەر قسەی ڕێبواران لەکوردستانی ئێراندا.

> هـەواڵ و ڕیپۆرتاژەکانـی گۆڤـاری زاری کرمانجـی زۆربـ.........ـەی لەلایـەن حوزنـی موکریانـی خـۆی داڕژراون و ئامادەکـراون، سـەرچاوەکانیش یان خۆی ئامادەی شوێنی کۆبونەوە و ڕووداوەکە بووە

گۆڤاری زاری کرمانجی لەهەر ٢٤ی ژمارەکەیدا بەسەر یـەک چەندین هـەواڵ و ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ و داخۆیان و ئاگاداری بڵاو کردۆتەوە بەم شێوەیە:

١- هەواڵ: ١٦٧ هەواڵ لەهەموو ژمارەکان.
٢- ڕاپۆرت: ٤ ڕاپۆرت لەهەموو ژمارەکان.
٣- ڕیپۆرتاژ: ٥ ڕیپۆرتاژلەهەموو ژمارەکان.
٤- داخۆیان: ٢٩ داخۆیان لەهەموو ژمارەکان زۆربەی بۆ کتێبە.

٥- ئـاگاداری (جـاڕ): ٩ ئـاگاداری لەهەمـوو ژمـارەکان زۆربەی تایبەتە بە قائیمقامیەتی رواندوز .

**دووەم**

**سیاسەت لەگۆڤاری زاری کرمانجی دا:**

گۆڤـاری زاری کرمانجـی، وەک لەخۆناسـاندنەکەی دیارە، سیاسی نەبووە، هەروەها ئۆرگان و زمانحاڵی هیچ ڕێکخرا و حزب و دەمەزراوەیەکیش نەبووە، تەنها لەلایەن خەمخۆرێکـی کوردەوە بـۆ خزمەتی ئـەدەب و هونەر و کەلتـور و هۆشـیاری نەتەوەکـەی دەرچـووە، هەروەها سـەید حوسـێن حوزنی کاتێ داواکاریەکەی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتـی چاپەمەنی کردووە لـە وەزارەتی ناوخۆ ئەوانیش داواکەیان پەسـەند کردووە بەنوسـراوی ژمارە ٤٢٦١ی رۆژی ٣٠مارتـی ١٩٢٦، بـەڵام گۆڤارەکە مەرجی بۆ دانراوە لەوانە نابێ بەهیچ شێوەیەک بەلای...

١- سیاسەت و کاروباری سیاسیدا بچێ.

٢- ئەو بابەتانەی دەبێتە هۆی ناکۆکی ئاینی و نەتەوەیی.

٣- کەسایەتی و شێواندنی ئادابی گشتی.

بەڵام کاتـێ گۆڤارەکە دەخوێنیتەوە بـەووردی بۆمان دەردەکـەوێ کە کـەم بابەت هەیـە لەم گۆڤارەدا باسـی نیشتمانپەروەری و داواو مافە رەواکانی گەلی کوردی تێدا نەبـێ، هەتاکو هۆنراوە و هەواڵەکانیش زۆریان داشـکانە بەلای سیاسەت دا.

زۆربـەی ژمارەکانـی گۆڤـاری زاری کرمانجـی سـەروتاریان تێدایـە، کاتـێ لـەرووی رۆژنامـە وانیەوە فاکتەکانی سـەروتار دەخوێنیتەوە، دەبینی زۆر بەڕوونی لەم گۆڤارەدا پەیرەو کراوە

هەندێ لەتایبەتمەندەکانی سەرووتار:

١- شێوازی نوسین و گێڕانەوەی دەبێت سادەبێت، واتە وا لەخوێنەر بکات کە گرفتێکی بۆ شی دەکاتەوە.

٢- دەوڵەمەند بکرێ بەڕووداو و ڕاسـتیە گەرمەکان، ئەو کەسـەی دەینووسێ دەبێ شارەزا بێت و توانایەکی باشی هەبێت.

٣- باس لە کێشەکانی خەڵک و وڵات بکات.

٤- بـە زمانێکی وابنووسـرێ کەئەوانەی نووسـینەکەیان ئاراسـتە دەکرێ تێیبگەن و بتوانرێ کاریگەری لەسەریان دروست بکات.

سـەید حوسـێن حوزنی زۆر ژیرانە مامەڵـەی لەگەڵ ڕووداوەکانی رۆژ کردووە، بەتایبەت (ئەو سەرووتارانەی کـە بەنـاوی (ڕزگاری لەنەزانین)ە. لەزۆربـەی ژمارەکان بەم ناونیشـانە بابەتێک نوسـراوە، هەرچەندە بابەتەکە لە

**"سـەید حوسێن حوزنی زۆر ژیـرانـە مامەڵـەی لەگـەڵ ڕووداوەکانـی ڕۆژ کـردووە، بەتایبەت (ئەو سەرووتارانەی کە بەناوی (ڕزگاری لەنەزانین)ە"**

هەواڵنامەی کتێب

ڕووەکەشدا بۆ پەروەردە و زانستە بەڵام بیروڕای سیاسی تێدایە، نمونە لەسەر ووتاری ژمارە ١٠دا لەژێر سەردێڕی ( ڕزگاری لەنەزانین) ردیە بۆ وەکیلیکی ...ملت. نووسیوە: ( وەزیری مستەعمەراتی بریتانیا گەورە لە ٣ ئەیلول ١٩٢٥دا لە بەرامبەری مەجلس خوتبەیەکی خوێندەوە ئیشارە بە تەقرراتی لجنە حدود ئوممی و قرارات مەجلس ئەقوام فەرموو بوونی و لەو خوتبەیەدا دەفەرمویٚ نیزام ئیداری بەسەداقەت مساعدەی ئەوەی کرد کە توحیەو راسپاردنی لجنەی حدود ئوممی و قراری مەجلس ئەقوام بەشێکی زۆر گەورە تەتبیق بکرێت ئەوە بوو بە سەندێکی گەورە بۆ ئیدارەی مەنتیقەی کوردستان تەعلیقێکی زۆر چاکی بەسەر تەدابیری حەقیقی و ڕاستێکی وادەهەیە کە : کوردستان و هەموو ئەفرادێکی کوردانی لیٚ بەهرەوەربن کە فەرمویانە لازمە حکومەتی عێراق بە صەداقەت سەعی بکا بۆ ئەمە کە عنصری کورد سەربەست و ئازاد بن و مەیدانی ئەمەشیان بۆ فرەکا کە کورد بەمەدەنیەت بژین.[١٠]

هەروەها لە سەرووتاری ژمارە ١٦دا سەرووتارێکی بە بۆنەی هاتنی مەندوبی سامی بۆ عێراق و کوردستان نوسیووە بەم ناونیشانە ( بەمناسەبەتی تەشریف هێنانی مەندوبی سامی تازە بریتانی گەورە بۆ عێراق فەخامەتمەئاب" پیر کلبریت ئلایتون" خۆشەویستمان.)

(بەهاتنی ئەو گەورە پیاوە بەرزە جێگایە هەموو مللەت کورد خۆیان بە سەرفراز و بەختەوەر دەزانن و بەمە ئومێدەوارم کە بەعەدالەت و داد خواهی ئەو خاوەند همەتەوە ڕۆژ بەڕۆژ ئازادی و سەربەستی ڕەگەز و تیرەی کوردان ڕوو لە بەرز بوون بکا ڕەوشتوو ژیان و خوی مللی بەخێو بکریٚ شار و بازاری نیشتمان ئاوا بێتەوە معارف و هۆگری و یەکێتی کوردستان زیاد بیٚ بارگرانی هەژارەکان سوک بکریٚ هەتاوی پیرۆزی کوردستان روناک کا ئەستێرەی بەخت بەدرەوشانی هەلی تیشکی عەدالەت بکەوێتە سەر هەمووان نەگبەت باویژری رەشای شەوە زەنگی فەری وون بکریٚ مللەت نەجیبی کورد لە عەدالەت پناهی دەوڵەت بریتانی گەورە چاوە دێری فەخامەتمە ئاب (سید هنری دوبی) خۆشەویست لە ساڵی ١٩٢٢ وە هەتا ئەمرۆکە ووردە ووردە بە گەلێک دڵخواز گەیشتوە و گەلێک گریٚ یان لەدەست و پیٚ کراوە ئەوە لەوە زیاتر ئومێد ئەکەین کە لەسایەی (سید کلبرت کلای تون) ئەفخەمەوە لەمەش بەم لاوە چەند گریٚ ییەکی کەمابن بکرێنەوە و کوردستان بەهەموو دڵخوازێکی خۆی نایل بەهەموو کاروانێکی جێبەجیٚ بکریٚ خاک کوردستان

"لازمە حکومەتی عێراق بە صەداقەت سەعی بکا بۆ ئەمە کە عنصری کورد سەربەست و ئازاد بن و مەیدانی ئەمەشیان بۆ فرەکا کە کورد بەمەدەنیەت بژین"

بەتیشکی مەعارف ڕووناک دەکرێ و معارفی کوردستان زۆر چاک پێشدەکەوێ، ئومێد ئەکەین لەسایەی ئەو گەورە پیاوەوە مەتبوعات و نەشریت کوردی تەرەقی بکا وە ئومێد دەکەین وەکو بابێکی میهرەبان دەستی پیرۆزی بەسەر و پۆتەراکی کوردی بێکەسدا بێنی وەڕووی خۆشەویستی بخاتە سەرمان، بە زمانی هەموو کوردێکەوە عەرزی بەخێرهاتن دەکەین و موەفەقیەت و دەوامیش لەخوای تەک و تەنها دەخوازین[١١].

هەر کاتێ لەم سەرووتارە وورد دەبینەوە زۆر بەهێمنی و بەژیرانە نوسراوە لەسەر و بەندی هاتنی مەندوبی سامی واتە گەرم و گوڕیەتی تەواوی تێدایە.

هەروەها زۆر جوان داواکانی خەڵکی کوردستانی خستۆتە بەرچاو وەک:

١- مافەکانی کورد و عەدالەتی بریتانیا.
٢- ئاوادانکردنەوە و گەشەپێدانی بازاڕ.
٣- زیاتر بایەخدان بە معارف و پەروەردە و فێرکردن.
٤- زیاتر بایەخدان بە چاپەمەنی و بڵاو کردنەوە، واتە ڕۆژنامە و کتێب، ئەمەش نیشانەی ڕۆشنفکری موکریانی نیشان دەدات، چونکە لەهەموو بابەت و هۆنراوەکانی پێی وابووە خوێندن و خوێندەواری و ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب سەرچاوەی پێشکەوتنی مللەتن و بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووتری دەبا بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگاش هەر بەم هۆکارانەوە دێتە کایەوە .

بۆیە هەر دوایی بڵاوبوونەوەی ئەم ژمارەی گۆڤارەکە. کە بەپێی مۆلەتی گۆڤارەکە هەمووجار دوو دانەی ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنی عێراق کراوە، بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنی نوسراوێکی ئاراستەی گۆڤارەکە کردوە بە ژمارەی تەلەگرافی ١٢٣بەرایی و ژمارەی نوسراو-١٠٧- لەڕۆژی ٢٨ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٢٩ تێدا هاتووە.

**خاوەنی ڕۆژنامەی زاری کرمانجی**

ئیمتیازی بەخشراو بەئێوە بەنوسراوی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ژمارە ٤٢٦١ لەمێژووی ٢٩-٣٠ مارتی ساڵی ١٩٢٦دا ئاگادارکراون باس لە کاروباری سیاسی نەکەن وە مۆڵەتتان دراوە بۆ باس لە کاروباری ئەدەبی و هونەری بەس وە لە سەیرکردنمان بۆ ژمارە ١٦ لە گۆڤارەکەتان بابەتێکمان بینی لە ناوەڕۆکدا باسێکی سیاسیە ئەم کارە دەرچوونە لەو ڕێگایە کەدەبێ ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبیەکان پەیڕەوی بکەن لەبەر ئەوە ئاگادارتان دەکەینەوە دووربکەونەوە لەکاروباری سیاسی و بابەتەکانتان چڕ بکەنەوە لە مەسائلی زانستی و ئەدەبی.

**ئیمزا**

**بەڕێوەبەری چاپەمەنیەکان**

زاری کرمانجی بەوە نەوەستاوە لە ژمارە ١٩دا بابەتێکی تێر وتەسەلی بە پشت بەستن بەبەڵگە مێژووی و جوگرافیەکان لەسەر لیوای کەرکوک، بە ناونیشانی (هەموو لیوای کەرکوک کوردە، قەزا و دێهات و ناحیەکانی کەرکوک سەرتاپا کوردن).

ئەگەر بنۆڕینە (پێناس- مەبەست- جوگرافیا) کەرکوک بە هەرسێ قەزا و ناحیەکان و هەموو دێهاتیەوە لیوای کەرکوک لیوایەکی کوردە لەناو ئەم لیوا گەورەیەدا چەن دێیکی تورکمان هەیە (تیس خورماتوو، داقوقە، بەشیر، ترکەلان،ە کانن) ئەگەر ئەم دێهاتانە دوانیان مەرکەزی ناحیەن بەڵام لەدەوروپشتیان جگە لە کورد کەسێک نابینرێ نەفسی شاریش سیە بەشی کوردە و بەشێکی کلدانی و ئیسرائیل و تورکمانە لە مەکتەبەکانی کەرکوک دەرس وتنەوە بەکوردی یە بە تورکی و تان (عارەب)ی یە لە مەکتەبی ئیبتیدایی قەلات لەهەموو ریزەکانیا وتنەوە بە تورکی یە لەمەکتەبی ئاوقاف لە چوار ریز سنفا تدریسات بە تورکیە..[١٢]

بەم شێوەیە باس لەڕەوشی ئەو کاتەی کەرکوک دەکات و ڕەخنە لە کاربەدەستانی دەگرێ کە زۆر بایەخ بە زمانی کوردی نادەن و هێشتا خەڵکی نەخوێندەوار لەناو کوردەکاندا زۆرە زۆربەی کاروبارەکانیان دەبەنەوە لای مەلای مزگەوتەکان.

گۆڤاری زاری کرمانجی لەسەر ڕێبازەکەی خۆی بەردەوام بووە تاکو دوا ژمارەی لەساڵی ١٩٣٢ لێدەردەچێ کە ژمارە ٢٤ بەردەوام هەوڵی چاکسازی کۆمەڵی کوردەواری و گەشەپێدانی خوێندن و خوێندەواری و ئاوەدانی و هۆشیاری نەتەوەیی و تەندروستی و پێگەیاندنی منداڵ و مافەکانی ئافرەت داوە، بابەتەکانی گۆڤاری زاری کرمانجی هێندە کاریگەر بوونە بۆیە حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٤٩ دوایی دووساڵ لە مردنی خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەرەکەی ئەوجا بەبەڕێوەبەرایەتی پڕوپاگەندەی گشتی سەر بەوەزارەتی ناوخۆ لەنوسراوێکدا بۆ خاوەنەکەی کە سەید حوسێن حوزنی موکریانی بووە بڕیاری هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی ئیمتیازەکەی داوە لەکاتێکدا ئەم فەرمانە دەرچووە موکریانی چەندین گۆڤاری تری وەک ڕووناکی و دەنگی گێتی تازەی دەرکردبوو دوو ساڵیش بوو هاونیشتمانی شاری خامۆشان بوو.

## ئەنجام

بە تاوتوێ کردنی سەر لەبەری بابەتەکانی گۆڤاری زای کرمانجی چەند ڕاستیەکمان بۆ دەردەکەوێ

١- گۆڤارێکی کوردی ڕەسەن تەعبیری لەناخی کۆمەڵی کوردەواری کردوە.

٢- زمانحاڵێکی نەتەوەیی بووە بۆ لێدوان و خستنە ڕووی داوا و کێشە سەرەکیەکانی کوردستان.

٣- هەمیشە لەگەڵ کاربەدەستان و خەڵک لەپەیوەندی دا بووە.

٤- گۆڤارێکی هەمە لایەنە بووە هەموو بابەتێکی تێدا دەبینرێ، هەندێ بابەت بۆ ئەو کاتە لە کوردستان زۆر زوو بووە واتە نوێ وکاریگەر بووە.

٥- گەشە پێدەری بیری سیاسی خەڵکی کوردستان بووە، بۆ پێشکەوتن و دامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنی و بایەخ دان بە زانست و زانیاری.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


١- سەید حسێن حوزنی موکریانی .مێژووی میرانی سۆران. هەولێر سالی ١٩٦٢ چاپی دووەم.

٢- وەلید حەمدی. کورد وکوردستان لەبەڵگەنامەکانی بریتانیا.وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق.سلێمانی ١٩٩٩.

٣- گۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە-١-١٩٢٥/٥/٢٥ ڕواندز .

٤- ڕادیۆ لەساڵی ١٩١٨ کەوتە بازاڕەو تەلەفزیۆنیش ساڵی ١٩٢٧.

٥- گۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە -١- لاپەڕە -٨- ١٩٢٥/٥/٢٥ .

٦- گۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە-٨-لاپەڕە -١٨-٢٠ی شوباتی ١٩٢٧ .

٧- گۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە -١٠-لاپەڕە-٢٤-٣ی تەمموزی ١٩٢٧ .

٨- گۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە-٣-لاپەڕە-٢٤-١٤ی سەفەر ١٣٤٥ هجری.

٩- گۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە-١٨-لاپەڕە-١١-٢٧ی ئاداری١٩٢٧ .

١٠- گۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە-٤-لاپەڕە-٩-١٩ی ڕەبیعی یەکەم١٣٤٥ .

١١- گۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە-١٠-لاپەڕە-١,٢-٣ی تەمموز ١٩٢٧ .

١٢- گۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە-١٦-لاپەڕە-١-٧ی کانوونی دووەم ١٩٢٩ .

١٣- گۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە-١٩-لاپەڕە-١٠-٢٦ی ئایاری ١٩٢٩ .

١٤-دکتۆر کوردستان موکریانی: پێشەکی چاپی دووەمی سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری زاری کرمانجی، هەولێر ساڵی ٢٠٠٢ .١٥-سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری زاری کرمانجی .

١٦- مەنهەجی قۆناغی سێیەمی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی .

١٧- شادمان مەلا حەسەن : ڕۆڵی گۆڤاری زاری کرمانجی لە گەشەپێدانی ڕۆشنبیری کوردی دا، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس ژمارە -١-ساڵی ٢٠٠٤ .

# مرۆڤی زانا
# پێی خۆشە ڕەخنەی لێ بگیرێ..؟!

ڕۆژنامەنووس

ئەو دوو بابەتە کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەیخوێنیتەوە، لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو نووسراون، هەردووکیشیان لەبارەی ئەو گۆڤارە (رۆژی کورد)ەن، کە لە ساڵی ١٩١٣دا لەلایەنی "کۆمەڵی هیڤی تەلەبەی کورد" لە ئەستەنبۆڵ بڵاوکراونەتەوە، هەردوو بابەتەکەش پڕن لە زانیاری، بەڵام لەبەر ئەوەی تا ئەوسا هەر چوار ژمارەکەی ئەم گۆڤارە لەبەردەست نەبوونە، بۆیە نووسەرەکان بۆ هەڵێنجانی زانیارییەکانیان متمانەیان کردۆتە سەر سەرچاوەی لابەلا، کەواتە زۆر ئاساییە هەندێ زانیاری پێچەوانەی یەکتریان تێکەوتبێ، بابەتی یەکەمیان چەندین جار بە زمانەکانی رووسی و عەرەبی و کوردی، چ بە کرمانجی خواروو چ بە کرمانجی سەروو و رێنووسی لاتینی، بڵاوکراوەتەوە، دوا وەرگێڕانی لە رووسییەوە بووە، دووجار چاپ کراوە، یەکەمیان لە سوێد و دووەم جاریشیان لە ساڵی (٢٠٠٦)دا لە سلێمانی چاپ کراوەتەوە.

بەداخەوە وادیارە ئەمڕۆ کتێب چاپکردن لە کوردستان زۆروبۆر بووە، هەڵەی چاپی و ناڕێکی نەخشەسازی و دەرهێنانی کتێب بۆتە شتێکی باو، ئەم کتێبەی دواییان، کە لە سلێمانی چاپ کراوە، بەچاوپۆشین لە وەرگێڕانە جوان و زمانە پاراوەکەی، لەم گرفتانە بەدەرنەبووە، لەم رۆژانەدا کە د. جەلیلی جەلیل بۆ یادی شێست ساڵەی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی لە هەولێر بوو، مەراقی بوو ئەم چاپەش بخاتە ریزی بڵاوکراوەکانی دیکەی، کە لە کتێبخانەکانی هەولێر لە دەستخستنی دانەیەکی ئەم کتێبەی بێ ئومێد بووین، ئازاد عوبێدی هاوکارمان ئەو دانەیەی خۆی پێشکەش کرد کە لەو پێشانگای کتێبەدا کە پەراوێزی شێخ مەحموودی نەمر لە سلێمانی سازدرابوو، پەیدای کردبوو، دوای پرس و راگۆڕینەوە لەگەڵ د. جەلیلی جەلیل رێگەی پێداین ئەم بابەتەیمان، دوای راست کردنەوەو پەراوێز بۆ کردنی لە گۆڤارەکەمان بڵاوی بکەینەوە، ئێمە لەگەڵ بابەتەکەی د. کەمال مەزهەر بەراوردمان کردووەو پێکمان گرتوون و پەراوێزمان بۆ نووسیوە.

هەواڵنامەی کتێب

# کۆمەڵەی هێڤی و
# گۆڤاری "ڕۆژی کورد"



جەلیلی جەلیل

و.لە ڕووسییەوە: ئەنوەر قادر محەمەد

قوتابیان، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردەواریدا، دەورێکی باڵایان گێڕاوە. دەنگی ئەو قوتابیانەی کە لە زانکۆو زانستگاکانی ئەستەمبووڵدا دەیانخوێند، لە مانیفێست و کۆڕو کۆبوونەوە سیاسییەکانی کوردانی پایەتەختدا زوڵاڵ و بەرز بوو. ئەو تێکۆشەرە کوردانەی خاوەنی تاقیکردنەوەی بەپێزو مێژووی پڕ لە شانازیی خەبات بوون، هەمیشە ئامۆژگاریی ئەم قوتابیانەیان دەکرد و ئاستی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتییان بەرز دەکردنەوە.

سەرەتای ساڵی ١٩١٢، لە ئەستەمبووڵ کۆمەڵەیەکی نوێی قوتابیان، هی "هێڤی – هیوا"[١]. پەیدابوونی ئەم کۆمەڵەیە لە ئەنجامی ئەو بارە نوێیەدا هاتەکایەوە، کە وڵاتی پێدا تێدەپەڕی و زادەی سەرکەوتنی سیاسەتی ناوەوەو دەرەوەی تورکانی لاو بوو.

ئەندام و سەرکردەکانی کۆمەڵەکە پەیوەندییەکی بەتینیان لەگەڵ تێکۆشەرانی کوردی ئەستەمبووڵ هەبوو. کۆمەڵەکە لە کۆلیجی کشتوکاڵی (خالکالی) دامەزرا، چونکە ژمارەی قوتابییە کوردەکانی ئەم کۆلیجە زۆربوو.. هەروەها لە کۆلێجەکانی پزیشکی و شاهەنشایی. هتد ئەندامی هەبوو[٢].




(عومەر جەمیل پاشا) سەرۆکی کۆمەڵەکەو (قادر جەمیل پاشا)[1]ش سکرتێری بوو.

(فوئاد تەمۆ)، (جەڕاح زادە)، (مەمدوح سەلیم)، (نەجمەدین حسەین)، (عەبدولعەزیز بابان)، (ئەفەندی عومەر)، (زەکی بەگ). هتد لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەکەبوون[٣]. قوتابیان بە گوێرەی پەیرەوی کۆمەڵەکە ئابوونەیان دەدا و خەزنەداری کۆمەڵەکەش (خەلیل خەیالی) بوو.

کۆمەڵەکە پەیوەندیشی لەگەڵ خەباتکەرو پیاوە ناودارو سیاسییەکانی عەرەبیشدا بەتین بوو. بۆ نموونە پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان (نەجمەدین حسەین و قادر جەمیل پاشا) و نووسەری ناسراوی عەرەب (سەعدوڵلا جابیر) و (رەشید ریاز)دا هەبووە[٤]. ئەمانە لەدامەزرێنەرانی حیزبی نەتەوەیی عەرەبی (حزب المركزيه الاداريه العيمانيه) بوون، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩١٢دا لە قاهیرە دامەزراوە[٥].

ئەم کۆمەڵەیە لە (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی) چالاکی زۆرتری لە ناو کورددا نواندووە. لقی ئەرزەرووم کە لە قوتابخانەیەکی ناوەندیدا دروست بووە، دەورێکی دیاری هەبووە، سەرکردەی ئەم بەشە (تەیب عەلی) بوو[٦]. کۆمەڵەکە لە هەندەرانیش لە لۆزان لقێکی هەبوو. لە ئەنجامی ئەو راونان و شاڵاوە دڕندانەدا، کە دەبرایە سەر کۆمەڵە، لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا چالاکیی نەما. ئەرکیف و دەسمایەی کۆمەڵەکە درابووە دەست (عەبدولعەزیز بابان) تا بیپارێزێ[٧]. هەموو ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەکە برابوون بۆ سەربازی[٨]. کۆمەڵە گۆڤارێکی مانگانەشی بەناوی (رۆژی کورد)ەوە دەردەکرد. لە ژمارە چوارەوە ناوەکەیان کردووە بە (هەتاوی کورد)[٩].

ژمارەی یەکەمی ئەم رۆژنامەیە شەشی حوزەیران و دووەمی شەشی تەمووز و سێیەمی یەکی ئاب[١٠]، چوارەم ژمارەشی کە ناوەکەی بۆتە (هەتاوی کورد) لە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩١٣ دەرچووە[١١]. سێ ژمارەی یەکەم بە دوو پەڕە دەرچووە[2]، چوارەم ژمارەی نیوەی ئەمە بووە[3]. سەرنووسەری سێ ژمارەی یەکەم (عەبدولکەریم) ناوێکی خەڵکی سلێمانی بووە[4]. هی چوارەم ژمارەی (عەبدولعەزیز بابان) بووە[5]. گۆڤارەکە بە کوردی و تورکی دەرچووە.

هەرچەندە ئەم گۆڤارە هی قوتابیان بووە، بەڵام گەلێ لە پیاوە سیاسی و ناودارەکانی کورد، لە وێنەی

**"کۆمەڵە گۆڤارێکی مانگانەشی بەناوی (رۆژی کورد)ەوە دەردەکرد. لە ژمارە چوارەوە ناوەکەیان کردووە بە (هەتاوی کورد)"**




نەجمەدین کەرکووکلی، سالح بەدرخان و کەسانی تر هاریکارییان لە دەرکردنیدا کردووە. سەرنج راکێشە، کە نووسەرانی وەک عەبدوڵلا جەودەت لە لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەدا نووسینیان بڵاوکردۆتەوە، ئەم پیاوە یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی جووڵانەوەی (تورکانی لاو) لەگەڵ ئیسماعیل حەقی بابان زادەدا، کە وەزیری رۆشنبیری حکومەتی تورکانی لاو بووە، هەردووکیان دوایی وازیان لە تورکانی لاو هێناو هاتنە نێو بزووتنەوەی کوردایەتییەوە، وازهێنانیشیان لە ئەنجامی بە درۆ دەرچوونی بەڵێنەکانی تورکانی لاودا بووە. ئاشکرایە، ئەمانە پێش ئەوەی دەستەڵات بگرنە دەست، لە دووەم کۆنفرانسیاندا، ساڵی ١٩٠٧، حیزبی ئیتیحادو تەرەقییان بڕیاری دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی میللەتانی ئیمپراتۆری عوسمانی دابوو. هی ئەو میللەتانەی تا دوێنێ لە دژی رژێمی سوڵتان عەبدولحەمید پێکەوە خەباتیان دەکرد[١٢]. ژمارەکان (رۆژی کورد) لە ئەستەمبوڵەوە دەگەیشتنە کوردستان. باشترین بەڵگەی ئەمەش ئەو نامەو پیرۆزباییانەن، کە لە خوێنەرانی کوردەوە بە گۆڤارەکە گەیشتوون.

پارچە شیعرێکی حاجی قادری کۆییشیان لەگەڵ پیرۆزبابییەکەدا ناردووە بۆ گۆڤارەکەو بڵاوکراوەتەوە.

ڤ.مینۆرسکی کە باس لە بەربڵاوی بڵاوبوونەوەی (رۆژی کورد) دەکات لە کوردستاندا دەڵێ: (دەگەیشتە ئەو سلێمانییە دوورەدەستەو باسی دەکرا، لەوێ، کە سەرداره رۆشنبیرە کوردەکان نیازی بەرپاکردنەوەی مەسەلەی نەتەوەییان هەبووە)[١٣]. ئەم لای وایە کە هەموو گیروگرفت و ئامانجەکانی کوردی هەموو کون و قوژبنێکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی باس دەکرد، بۆیە وەها برەوی هەبووە. باسی یەکێتی میللەت و ژیان و گوزەرانی کۆمەڵایەتی و گەلێ لایەنی تری ژیانی خەڵکی دەکرد.

(رۆژی کورد) تەنیا سەرنجی خوێنەری کوردی بۆ لای خۆی رانەکێشابوو، بەڵکو هی رۆژنامە ئەرمەنییەکانی وێنەی (هۆریزۆن)یش، کە ستایشی ناوەڕۆکی وتارەکانی گۆڤارەکەی کردووە. لای وایە، کە گۆڤارەکە بیری پێشڕەوانەو ئازادیخوازانە لەناو کورددا بڵاودەکاتەوە[١٤].

گۆڤارەکە باسی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی تورکانی لاوی لە مەسەلەی نەتەوەییدا دەکرد. هەر بۆیە تەنیا چوار ژمارەی لێ دەرچوو و دوایی دایانخست و کەوتنە راونانی

**ڤ.مینۆرسکی کە باس لە بەربڵاوی بڵاوبوونەوەی (رۆژی کورد) دەکات لە کوردستاندا دەڵێ: (دەگەیشتە ئەو سلێمانییە دوورەدەستەو باسی دەکرا**




نووسەر و بەشداریکەرانی گۆڤارەکە (ساڵح بەدرخان) پەیامنێری گۆڤارەکە ساڵی ١٩١٣ بە تاوانی لە دژی سیاسەتی دەوڵەت نووسین، حەپسکراوە. رۆژنامەی (ژاماناک)ی ئەرمەنی، لە رۆژنامەی (تەرجەمان)ی تورکییەوە هەواڵێکی بڵاوکردۆوە دەڵێ: (لەبەر ئەوەی ساڵح بەدرخان، لە گۆڤاری "رۆژی کورد"دا وتارێکی دوژمنانەی نووسیوە، دەزگا سوپاییەکان بە دوایدا گەڕاون و گرتوویانەو خستوویانەتە بەندیخانە)(١٥).

هەروەها ساڵی ١٩٠٩ لە لاپەڕەی رۆژنامە تورکییەکاندا هەندێ وتاری وا پەیدا بوون، کە رەخنەیان لە سیاسەتی تورکانی لاو دەگرت، لەو یاسایەی کە بە گوێرەی، ئەگەر حکومەتی ئەهلی یان موتەسەریف لە رۆژنامەکاندا وتارێک یان باسێکی چاپکراوی دژی دەوڵەتیان بدیایە، بۆیان هەبوو هەم سەرنووسەر و هەم خاوەن وتارەکە و هی ئەو چاپخانەیەش بگرن، کە رۆژنامەکەی لێ چاپکراوەو بیاندەنە دادگا(١٦).

بێجگە لەم گێرەو کێشەیە دەوڵەت لەبەردەم گۆڤارەکەدا قوتی دەکردنەوە، گەلێکی تریش هەبوون، وەکو ئەوەی کە سەرپەرشتیکەرانی گۆڤارەکە، ئەو پسپۆڕی و شارەزاییە تەواوەیان لە رۆژنامەنووسی و دەرهێنانی گۆڤاردا نەبوو، ئەمە هەر با گیروگرفتی رێنووسی عەرەبی و وردە بابەتی تر لەولاوە بوەستێ.

وتارە و بابەتەکانی (رۆژی کورد) زۆر لایەنی ژیانی کوردەوارییان گرتۆتەوەو باسیان کردووە. لە ژمارە یەکدا وتاری (کۆمەڵەی قوتابیانی کورد و خزمەتی کۆمەڵی کورد)[6] و (باری کۆمەڵایەتیمان)ی (نەجمەدین کەرکووکلی) و (تواناو دەرفەتی بڵاوکردنەوەی شارتانییەتی لەناو کوردان)ی فەخری و (رێبازی نەتەوایەتی)ی خارپووتلی و (حکومەتێکی گشتی و بەهێزی) مەدحەت و گەلێ بابەت و وتاری دیی بڵاوکراونەتەوە.

لە ژمارە دوودا بە وتاری (ئەرکی سەر شانتان لەبەردەم نەتەوەدا)ی (بولگارستانی) و هەندێ وتاری تری وەک: (رێگای یەکێتی)ی (عەبدوڵلا جەودەت) و (موسڵمانییەتی و کوردی)ی (ئیسماعیل حەقی بابان زادە)، (هەر من بم و کەسی تر نەبێ)ی و (عیبرەت)ی (عەبدولکەریمی سلێمانی)، (بەخت رەشی و مەحروومیا کوردان)و (زمان و نەزانیا کوردان)ی (خ. مۆدانی) و گەلێ بابەتی هەمەڕەنگی دیی بڵاوکردۆتەوە[7].

**"بێجگە لەم گێرەو کێشەیە دەوڵەت لەبەردەم گۆڤارەکەدا قوتی دەکردنەوە، گەلێکی تریش هەبوون، وەکو ئەوەی کە سەرپەرشتیکەرانی گۆڤارەکە، ئەو پسپۆڕی و شارەزاییە تەواوەیان لە رۆژنامەنووسی و دەرهێنانی گۆڤاردا نەبوو"**




ئـۆ. ل. ڤیلچێڤسـکی زۆر بـەرز گۆڤـاری (رۆژی کـورد) دەنرخێنێـت، دەڵـێ: (ئـەو نووسـینانەی تیادا بڵاوکراونەتـەوە بـە ئاشـکرا هەسـتی نەتەوایەتییان پێوە دیارە، وتارەکانی لە دژی چەوسـانەوەو ستەمی تورکـن. داوای ئەوەی کـردووە، کە کورد بۆ یەکێتی و هاوخەباتـی لـە پێنـاوی ئـازادی سـەربەخۆیی کوردسـتاندا یەکبگرن)(١٧)، بەهەرحاڵ، بەکارهێنانی زاراوەی (نەتەوەیی) ئەوەندەی پەیوەندیی بە سـێ ژمـارەی یەکەمی گۆڤارەکەوە هەبێ، زۆر لە جێی خۆیدا نییـە، چونکە لەو ژمارانەدا سیاسـەتی دژ بـە سـوڵتان و خەباتی لە پێناوی سـەربەخۆییدا ئامانجـی بنەڕەتـی گۆڤارەکـە نەبووە. ئەرکی سـەرەکی گۆڤارەکـە، زیاتـر لـە پڕوپاگەندەی تەنویریـدا خـۆی دەنوێنـێ، گۆڤارەکـە بـە پارێزەوە لـە مەسـەلەی رووبەڕووبوونەوەی دژ بـە دەوڵەتی روانیوەو بە قەرەیدا نەچووە. گۆڤارێکیـش ئەمـە ڕێبازی بێ، ناشـێ بانگی ئاشـکرای ئازادی و سـەربەخۆیی کوردسـتان هەڵدا. ئەم دیاردەیـەش زادەی هەلومەرجـی ئـەو رۆژگارە بـووە. دەبێ ئەوەشـمان لە یاد نەچێت کە ئەوانەی سەرپەرشتی گۆڤارەکەیان کردووە، گۆشکراوی بیروباوەڕی تورکانی لاو بوون و باوەڕیان وابووە، کە بەڵێنەکانیان بەجێ دێنن. بیروڕای مینۆرسـکی لەم بارەیـەوە گونجاو ترە کە دەڵێ: (گۆڤاری "رۆژی کـورد"، ڕێبازێکی نەتەوەیی وای هەبوو، کە زیاتر لەوانی تر لەگەڵ واقیعدا دەگونجا)(١٨).

هەر لەم بارەیەوە ئەوەش بڵێین، کە لە چاو چاپەمەنییە نەتەوەییەکانـدا زیـاد لـە پێویسـت بەشـان و باهـۆی (رۆژی کورد)یاندا هەڵـدەدا. ئەم ستایشـە زۆرەش هۆی بێدەرەتانـی و پێشـنەکەوتنی کورد بـوو. گۆڤارەکە خۆی لە وتاری (ئامانجی ریگا)دا باسـی ئەم مەسـەلەیە دەکات و دەڵێـت: (دەبـێ دان بـەوەدا بنێین، کە کورد هێشـتا لە شارسـتانییەتەوە دوورە، تاکـو ئێسـتەش هـەر دوورە زانست و رۆشنبیرین)(١٩). دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە سـەرچاوەی ئـەم دواکەوتوویی و بـارەی کوردیان بەو ستەم و زۆرە دەزانی، کە بەردەوام لە گەلی کورد دەکرا. وتویانـە: (کـوردان دەزانن، نەخوێندەواریـان زۆرە، بۆیە هەسـت دەکەن، کە پێویسـتیان بـە زانسـت و خوێندنە)، تێکۆشـەرانی کورد خوێندەوارییـان بە یەکەمین هەنگاوی ڕێگاکەیان دەزانی. گۆڤارەکە دەڵێ: (ئێستاکە شەبەقی هیوا داویەتی، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین، زۆرداری بەرە بەرە نامێنـێ، لەناو کوردانـدا دوو مەشـخەڵ هەڵکـرا، "هێڤی" و

**ئـــــەرکـــی ســەرەکی گۆڤـــارەکــە، زیاتــر لە پڕوپاگەندەی تەنویریدا خۆی دەنوێنـــێ، گۆڤارەکە بە پارێزەوە لە مەسەلەی رووبـــەڕووبوونـــەوەی دژ بە دەوڵەتـــی روانیووەو بـە قـــەرەیـدا نەچـووە. گۆڤارێکیش ئەمە ڕێبازی بێ، ناشێ بانگی ئاشکرای ئـــازادی و ســەربەخۆیی کوردستان هەڵدا**

"ڕۆژی کورد"، واتە ئێمە دوو ڕێگەی هۆشیارکردنەوەمان بۆ ئاوەڵا بووە)[٢٠].

دەبێ ئەوەش بوترێ، کە خەباتی تەنویری تێکۆشەرانی کورد لە تێکۆشانە سیاسییەکە جیانەبوو و لە گۆڤارەکەشدا ڕەنگیان داوەتەوە. هەر لە هەمان وتاردا نووسراوە: (لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی سیاسیدا، ئێمە ڕێگایەکی زانستی پیشان دەدەین، تەنیا ڕێگایەک کە بەرەو ئامانج دەڕوا)[٢١].

(ڕۆژی کورد) دەربارەی سەختی و نارەحەتیی ئەم ڕێگایەش نووسیویەتی: (ئەمڕۆ لاوانی کورد لەبەردەم میللەتەکەیان و هەموو جیهاندا ئەم ئەرکە دەگرنە ئەستۆی خۆیان و دەشزانن، کە بەم خەباتەش بە زوویی تێی هەڵدەهێننەوەو لەم ڕێگایەشدا گەلێ نارەحەتی و نوشوستیان تووش دەبێت، بەڵام کۆسپی ڕێگای پێشکەوتن و شارستانییەتیش تەخت دەکەن)[٢٢].

(ڕۆژی کورد) بەم شێوەیە گیروگرفت و لایەنەکانی کۆمەڵی کوردەواریی شیدەکردەوەو هەڵیدەسەنگاندن و ڕوونی دەکردنەوە، ئەم هەوڵەش دەورێکی چاکی هەبوو لە گەشەسەندنی ئایدۆلۆژیای کوردایەتیدا. هەرچەندە گۆڤارەکە لە ئەرکی سەرشان دەدواو ڕێگای ڕزگاربوونی دەستنیشان دەکرد، بەڵام پێ ناچێ، کە ئەو ڕۆشنبیرانە، بە باشی توانیبێتیان ڕێبازی خەباتی خۆیان دیاری بکەن. (بیری نەتەوەیی) زادەی بەرژەوەندی نووسەرانی گۆڤارەکە بوو.

(عەبدوڵڵا جەودەت) لە وتارێکیدا دەربارەی ئەرکەکانی کۆمەڵی کوردەواری و هاندانی بۆ فێربوون و زانست، نووسیویەتی: (ئێمە لە قۆناغی دروست بوونی نەتەوەدا دەژین). نەتەوەش بەلای (عەبدوڵڵا جەودەت)ەوە، (ئەو گەلەیە کە کەسایەتیی تایبەت و سەربەخۆی جیاوازی خۆی هەبێت). مەبەستیشی لە سروشتی نەتەوایەتی ئەوەیە، کە پێویستە هەمیشە لە گۆڕاندا بێت و بیروهۆشی مرۆڤ بخەملێنێ. بەردەوام بووە لەسەر ئەم بۆچوونانەی و نووسویەتی: (نەتەوە مێژوویەکی مەیین و وەستاوی نییە، ئەو نەتەوەیەش وابێ، ئەوە سرو لە پەل و پۆ کەوتووە)[٢٣]. خوێندنی مێژووی نەتەوەش زادەی هۆشیاری سیاسییە. هەر بۆیە ئاوا ڕوو لە خەڵکانی کوردستان دەکات: (ئێمە لە سەدەی بیستەمدا دەژین، ئەو نەتەوەیەی ڕابردووی خۆی نەزانێ و تێی نەگەیشتبێ، ناتوانێ داهاتووی خۆی دیاری بکات و نابێتە خانەخوێی خۆشی. نەتەوەی پارچە پارچەش قەت ئازاد نابێ و خەڵکی تر هەمیشە دەیچەوسێننەوە)[٢٤].

(عەبدوڵڵا جەودەت) مەسەلە گرنگ و ناسکەکانی

**"(ڕۆژی کورد) گیروگرفت و لایەنەکانی کۆمەڵی کوردەواریی شیدەکردەوەو هەڵیدەسەنگاندن و ڕوونی دەکردنەوە، ئەم هەوڵەش دەورێکی چاکی هەبوو لە گەشەسەندنی ئایدۆلۆژیای کوردایەتیدا"**

هەواڵنامەی کتێب

دەخستە بەردەم ڕۆشنبیران و لاوانی کورد. ئەو دەیوت دەبێ بزانین چیمان دەوێ، بەتەماین سەربەخۆ و ئازادبین یان هەر لە سای ئیمپراتورییەتی عوسمانیدا بژین، ئەگەر دەمانەوێ هەر لەم قەوارەی ئیمپراتۆرییەتدا بمێنینەوە، بە چ شێوەیەک؟! هەروەها بۆ هێنانە دی ئەم ئامانجەش دەبێ (خوێندەواری و شارستانییەت) لەناو میللەتدا پەرەبسێنێ و سەقامگیر ببێ.

(عەبدوڵڵا جەودەت) دوای دوو سێ مانگ لە (هەتاوی کورد)دا، دەربارەی ئەرکەکانی سەرشانی قوتابی کورد لە کۆمەڵەی (هیڤی)دا وتارێکی نووسیوە، کە سەرنجی نووسەرانی ڕۆژنامەی (ژاماناک)ی ئەرمەنیی ڕاکێشاوەو دەقی وتارەکەشیان بڵاوکردۆتەوە.

(جەودەت) بە شێوەیەکی بابەتی لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری میللەتی کورد و دواکەوتوویی دواوە. زۆر بە توندوتیژی ڕەخنەی لەو (تێکۆشەرانە)و (نیشتمانپەروەرانە) گرتووە، کە لە ئەستەمبووڵەوەو دوور لە کوردستان، بەناوی گەلەوە قسە دەکەن و هەر بەدەم خەبات دەکەن، ئەوانەی خۆ لە خەبات دەدزنەوەو نایانەوێ بچنەوە شوێنە چەپ و دوورەکانی کوردستان، (لەوێ کە دەشتە پڕ گوڵاڵەکان بوونەتە گۆڕستان، لەو زەوییە بە پیت و ڕێژەنانەدا، کە برسییەتی و هەژاری ڕووی زاڵی ژیانە). نووسەر دەڵێ: (هەر بەهیواو داڵغەی باش لێدان، سەربەستی کوردان وەدەست نایەت، تەنیا چارەسەر و ڕێگای ڕاستەقینە، گەڕانەوەیە بۆ ناو میللەت، بۆ کوردستان...)

هەروەها دەڵێ: (قسەو گفتوگۆ و دەست ڕاوەشاندنی بێ مانا، لێرە لە قوستەنتەنییە هیچ سوودێک ناگەیەنێت. بەرەو دێهاتەکان! بەرەو دێهاتەکان! بۆ شیرو کۆلیرە خواردن و فەلاح وریاکردنەوەو هاندانی بەرەو شارستانییەت. ئا ئەمەیە ئەرکی سەرشانی لاوی کورد)[8](٢٥).

ئەگەر (عەبدوڵڵا جەودەت) ڕزگاربوون و بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵی بە زانست و خەباتەوە بەستبێتەوە، ئەوا (عەبدولکەریم)ی سەرنووسەری گۆڤارەکە لە وتاری (تەنیا من خۆم بم، کەسی تر نەبێ)[9] دەربارەی ساکاری و کاڵ و کرچی ڕادەی هۆشیاری نەتەوەی کورد نووسیویەتی و بە کۆسپی یەکنەگرتنی لە قەڵەم داوە.

(عەبدولکەریم) لە هەموو هۆ کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەم دواکەوتوویەی کۆمەڵی دەرەبەگی و ئۆتۆکراتی دواوەو بە بەرهەڵستی بەرەو پێشەوەچوونی گۆڕانی زانیوە. داوای لە میللەت کردووە، کە بە خوێندەواری و زانست تەختی بکات. نووسیویەتی: (فقط درمانی جهلش

**(جەودەت) بە شێوەیەکی بابەتی لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری میللەتی کورد و دواکەوتوویی دواوە. زۆر بە توندوتیژی ڕەخنەی لەو (تێکۆشەرانە)و (نیشتمانپەروەرانە) گرتووە، کە لە ئەستەمبووڵەوەو دوور لە کوردستان**



زور سهله معارف چنده له ترقەدابی، ملت اونده کامل دبی. معارف چنده تعمم بکات ملتش بگویره اوه هنگاو توسع دکا)[10](٢٦). (عەبدوڵڵا جەودەت) سیمایەکی گەشەسەندن و گۆڕانی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە برەوی ڕۆشنبیردا بینیوە، دەڵێ: (لە لەشێکی نەخۆشدا، هۆش و گیانی ساخ دەست ناکەوێت).[11]

نووسەر گەلێ ڕاستی تاڵ و دژواری دەربارەی بڵاوبوونەوەی درم و نەخۆشی و برسییەتی لە ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتدا هێناوەتەوە، دەڵێ لە (٧٤٤) کەسی بۆ سەربازی بانگ کراوی خەڵکی گوندێکی کوردنشینی نزیکی ئەدەنە، تەنیا دوانزە کەسیان تەندروست و لاشەساغ بوون.[12]

(عەبدوڵڵا جەودەت) داوای لەلاوان دەکرد، کە بە قووڵی و هەمەلایەنە لە هۆ ناوەکی و دەرەکییەکانی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی میللەتی کورد بکۆڵنەوە.

بۆ نموونە باسی وەکو سەرژمێری کورد، شوێنی نیشتەجێبوون، جۆری کارو فرمان، باری ئابووری، ژمارەی ژن و پیاو، مردن و لەدایک بوون، خوێندەوار و نەخوێندەوار، پەیوەندی ئابووری کوردو گەلانی دراوسێ و پیشەسازی و جۆری زەوی و زار و گەلێ شتی تری هێنایە کایەوە بۆ لێدوان و لێکۆڵینەوە، هەروەها خۆی وتوشیەتی، کە وەڵامی ئەم مەسەلانە لەناو کۆمەڵدا دەست دەکەوێت: (ئەو کاتەی ئەم ئەرکانە بەجێ دێنن، دەتوانن ببنە تێکۆشەرێکی ڕاستەقینەی ڕێگای پێشکەوتن، ئەو کاتە پلەی مامۆستایەکی قوتابخانە، لە هی قائیمقامێک هێژاو بەرزتر دەبێت)[13](٢٧).

(نەجمەدین) کە تێکۆشەرێکی خەڵکی شاری کەرکووک بووەو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵەی (هێڤی)یەوە هەبووە. لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (کۆمەڵەی کوردو خزمەتی کۆمەڵەی کوردەواری کردن)[14]، پیرۆزبایی لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) کردووەو داوای لە لاوانی کورد کردووە، کە زیاتر لە میللەتی کورد نزیک ببنەوەو شتی گەوهەری لە هی لاوەکی جیابکەنەوە، دەڵێ: بە هۆشیاربوونەوە و ڕۆشنبیربوونی لاوان لە دەست چەوساندنەوە ڕزگارمان دەبێ. ئەرکی سەرشانی هەر ئەندامێکی (هێڤی) لای ئەم، چوونە ناو جەماوەرو لێ نزیک بوونەوەیەتی. نووسەر مەبەستی وتارەکەشی زیاتر بە پەنامەکی و قسەی بە توێکڵ دەربڕیوەو بە گەلێ وشەی

**"(عەبدوڵڵا جەودەت) داوای لەلاوان دەکرد، کە بە قووڵی و هەمەلایەنە لە هۆ ناوەکی و دەرەکییەکانی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی میللەتی کورد بکۆڵنەوە"**

جوان و پڕ ماناش ڕازاندوویەتییەوە.

چالاکی تەنویری ڕۆشنبیرە کوردەکان لەم مەیدانەدا گەشەی سەندبوو. دانانی ڕێنووسی کوردی، کردنەوەی قوتابخانە، خوێندنی مێژوو و کلتووری کورد، خەملاندنی هۆشیاری نەتەوەیی، لە دواییشدا خەباتکردن بۆ چاککردنی ژیانی ئابووری کورد.

ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە شۆڕشی تورکانی لاو هێنای بەسەر وڵاتدا، کارێکی زۆری کردە سەر بڵاوبوونەوەی تەنویرییەت لەناو کورددا. تورکناسی سۆڤیەتی (ئە. د. ژیلتیکۆڤ و یو. ئا. پیترۆسیان) دەڵێن: (سالانی دوای شۆڕشی تورکانی لاو، سالانی ژیاندنەوەو گەشەسەندنی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی کلتووری وڵات بوون. لەو سالانەدا بیری نەتەوەیی تورک بە جارێ خەملا و لەناو ڕۆشنبیرانی تورکدا، تین و تاوێکی ئاشکرای پەیدا کرد)[٢٨]. ئەمەش لەناو گەلانی تردا، ڕێبازی دژەتورکایەتی هێنابووە ناوەوە.

پەیدابوونی نووسین بە کوردی، هەنگاوێکی گەورە بوو، جاران ئەمە کۆسپێکی گەورەی بەرەو پێشەوەچوونی کلتووری کورد بوو. تێکۆشەرانی کورد لە هەموو ڕوویەکی ئەم مەسەلەیە لە لاپەڕەکانی (ڕۆژی کورد)دا دەدوان. ئەو گۆڕانکارییەی دوای شۆڕشی تورکانی لاو بەسەر نووسینی کوردیدا هات، کارێکی چاکی کردە سەر نووسینی کوردی و پێشخستنی. لە ئەستەمبووڵ (کۆمەڵەی چاککردن و بڵاوکردنەوی ئەلف و بێ)[15] دامەزرا. کە ئەرکی بنەڕەتی دانانی ئەلف و بێیەکی تازەی کوردی بوو. (عەبدوڕەزاق بەدرخان) لەم ڕووەوە نووسیویەتی: (لەبەر ئەوەی ئەم ئەلف و بێیە کوردییەی ئێستا، بناغەکەی عەرەبییە و سیستێمی فۆنەتیکی زمانی کوردیش لەگەڵ هی عەرەبیدا ناگونجێت، لەبەر ئەوە پێداویستی دانانی ئەم ئەلف و بێیە هاتە کایەوە)[٢٩][16].

لە ژمارەی یەکەمی (ڕۆژی کورد)دا، (مەسعود سلیمانلی)[17] وتارێکی بەناونیشانی (پیتەکانمان و توانای خوێندنەوەیان) نووسیوەو باسی ئەوەی کردووە، کە پێویستە چاوێک بە ئەلف و بێی کوریدا بخشێنرێتەوە، بەلای نووسەرەوە، ئاڵۆزیی لە نووسیندا یەکێکە لە هۆی دابڕینی جەماوەری کورد لە شارستانییەتی ئەورووپا و نەگەیشتن بەو زانست و پێشکەوتنەی پێی گەیشتووە.

شایانە باسە، نووسەر هیچ پێشنیارێکی چاککردنی ئەلف و بێی نەکردووە.

هەر لەمەڕ ئەمە، م. س. ئازیزی، (سالح بەدرخان) بەرنامەی گۆڕین و تەواو کردنی ئەلف و بێی پێشنیار

> **ئەو گۆڕانکارییەی دوای شۆڕشی تورکانی لاو بەسەر نووسینی کوردیدا هات، کارێکی چاکی کردە سەر نووسینی کوردی و پێشخستنی**

کـــردووەو بـــە جێشـــبووەو ســـەرنجی خەڵکی ڕاکێشـــاوە (دۆزینەوەی ئەلف و بێیەکی کوردیی شیاو بۆ نووسین و خوێندنەوە)[٣٠][18].

لە ئەلف و بێیەکەی (ساڵح بەدرخان)دا، کە هەر لەسەر بناغـــەی هـــی عەرەبییەکە داینابـــوو، پێشـــنیاری کردبوو، هەشت شێوازی تریش بۆ پیتە بزوێنەکانی زمانی کوردی دابنرێت و بخرێتە سەر (٣٢) پیتەکەی پێشوو.

ڕاستییەکەشـــی ئەم کارە لـــە پراکتیکدا هەروا ئاســـان نەبـــوو و دانـــەر خۆشـــی چاک لەم کێشـــەیە گەیشـــتووە وتویەتـــی: (داوا لە برا کوردەکانم دەکەم، کە ئەوانیش بیر لە مەسەلەی ئەلف و بێ بکەنەوە، بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە بیـــروڕا ئاڵشـــت بکەیـــن)، هەروەهـــا داوای تەرخانکردنی گۆشـــەیەکی لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد)دا، بۆ ئەم مەبەستە کردووە.[19]

گۆڤارەکە بایەخێکی زۆریشی بە کردنەوەی قوتابخانەی نـــوێ دەدا. دیـــارە قوتابخانە کۆنەکانی کوردســـتان، هەر حوجرەو مەدرەسەی ئایینی بوون.

گۆڤارەکـــە مەبەســـتی بـــووە، کـــە گرنگـــی بەزانســـتە دنیاییـــەکان بدرێ، بۆیە لـــەم بارەیـــەوە (عەبدولکەریم)ی سەرنووســـەر لـــە وتاری (منداڵ بـــۆچ زوو فێری خوێندن نابـــێ)[20]دا ڕەخنـــەی لە ڕێبـــازی دەرزوتنـــەوەی حوجرە گرتـــووەو وتویەتی لەگەڵ ئەوەشـــدا لێـــرە ماوەیەکی زۆر دەخوێنن، بەڵام لەسەرتاوە بە ئاسانی فێری خوێندەواری نابـــن. دەڵێ: (بو تەحســـیلیی علوم مـــلای او مزگەوتە اول امردکا جامی بخونە فقیە چند ســـال لگل ردو بدلی عصام الدیـــن و عبدالغفـــور و عبدالکریم و محمد أفندیا مشـــغول دبـــی نهایـــت اوندە فیردبـــی زید بە چی بـــۆرەو راء عمرە بچی منصوبە..[21])[٣١]. دواییش دەڵێ ئەمە یارمەتیی قوتابی نادات، کە بە زوویی لە مەسەلەی سیاسی و ڕووداوەکانی وڵات تێ بگات، لە قوتابخانەکان دەبێ باسی دیموکراتییەت و پەرلەمـــان و ئۆتۆکراتییەت و یاســـاو دەســـتوورو.. هتد بخوێندرێـــت، هەروەها (عەبدولکەریـــم) دەڵێ: (چەند چاکە ئەگەر منداڵ زانستی ئابووری و کشتوکاڵ و کیمیا بخوێنێ). نووسەر لای وابوو، بەم شێوە خوێندنە دەتوانرێت کادری خۆماڵی پێبگەیندرێت و پێویستی بە بێگانە نەمێنێت.

بۆ بەرەوپێشەوەچوون و گۆڕان پێویستە منداڵ هەر لە تەمەنی قوتابخانەی سەرەتاییەوە بۆ کاروباری کۆمەلایەتی پەروەردە بکرێت. دوایی نووســـەر دەڵێ: (جارێک نەبووە کە ئەوروپاییەکان زانســـتی خۆیان بەبێ فروفێڵ بۆ سوود وەرگرتـــن پیشـــانی خەڵکـــی ئێمە بدەن، پێویســـتە ئەوەش بوتـــرێ، کە زۆر لە تێکۆشـــەرە کـــوردەکان، خوێندەوار و

**"بـــۆ بەرەو پێشـــەوەچوون و گۆڕان پێویستە منداڵ هەر لە تەمەنـــی قوتابخانەی سەرەتاییەوە بۆ کاروباری کۆمەلایەتـــی پـــەروەردە بکرێت"**

هەواڵنامەی کتێب

زانستیان لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و خەباتکردن لە پێناو گۆڕین و بەرەو پێشەوەبردنیاندا دانە دەبڕێ، بە تەواویش لە گەوهەری کولتووری ڕۆژئاوا نەگەیشتوون، بۆیە دەیانویست تۆوی لە کوردستاندا بچێنن، بەرژەوەندیشیان زاتی ئەوەی نەدەخستەبەر، کە بانگێکی ئاشکرای خەبات لە دژی پاشماوەو ئاسەواری پەیوەندیی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا هەڵدەن، وەک دەردەکەوێ، تێکۆشانی ڕۆشنبیرانی کورد بەرنامەو ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کارکردنی دیاری نەبوو. تەنانەت دەمدانیشیان لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و زانست تەنیا ئامانجێکی رووت بوو بەس.

هەروەها لە (ڕۆژی کورد)دا، جاروبار وتار دەربارەی گۆڕانی باری ئابووری کۆمەڵ بڵاودەکرایەوە، بۆ نموونە سەرنووسەر وتارێکی بەناونیشانی (تاڵ و شیرین) و (نەژدەت دیاربەکری) وتاری (جووتکاری)ی بڵاوکردۆتەوە. ئەم وتارانە دەربڕی بیری نەتەوەیی نووسەرەکانیانن و بەرژەوەندی چینایەتیشیان.

(عەبدولکەریم) لە وتاری (تاڵ و شیرین)دا، داکۆکیی لە بازرگانییەتی بورژوازیی تازە لەدایکبوو دەکردو خەریکی بانگەشەی یاریمەتیدانی بوو. نووسەر داوای لە پارە (پارەدار)و دەسەڵاتدارە کوردەکان کردووە، فێری هونەری بازرگانی و سەرمایە خستنەگەڕ ببن[22]. زۆر شێوە، ڕێگای بازرگانیی نیشان داون و لاشی وابووە، کە هەر ئەمە بنەڕەتی ژیانی ئابووریی کوردستان دادەڕێژێ، ئاماژەی ئەوەی کردووە، کە جم و جووڵ و تاوتوو باری ئابووری کۆمەڵ دەشڵەقێنێ و بەرەو پێشەوەی دەبات. هەروەها کردنەوەی قوتابخانەو مەڵبەندی زانستیش بە لایەنێکی تری ئەم پرۆسەیە زانیوە. نووسەر پێی وابووە، چۆن زانست لە ئەورووپا بۆتە هۆی دامەزراندنی کارگەو فابریکاو مەکۆی پیشەسازی، ئاوهاش دەتوانێ هەمان دەور ببینێ و ژیانی خەڵکەکە ڕێکخا، بەڵام بە قەرەی ئەوەدا نەچووە، کە یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەم ئەم پێشکەوتنە پەیوەندی دەرەبەگییە، چونکە دیارە لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا بازرگانی سەرمایەداری، بە سەدان داو بەرژێمی دەرەبەگایەتییەوە بەندە.

وتاری (جووتکاری) لە دەرگای باسێکی تری داوە. (نەژدەت) تاکە نووسەرێکە کە لە دێهاتەکانی کوردستان دواوە، دەڵێ: (زەوی و زاری کوردستان بۆیە وەک هی ئەورووپا بە بڕشت و ڕێژە نییە، چونکە تفاق و کەرەسەو ئامێری کۆن و دواکەوتوو بەکاردێنن). هەروەها بەرپەرچی ئەو بیروڕایەی داوەتەوە، کە گوایە بەکارهێنانی مەکینە

"

**تێکۆشانی ڕۆشنبیرانی کورد بەرنامەو ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کارکردنی دیاری نەبوو. تەنانەت دەمدانیشیان لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و زانست تەنیا ئامانجێکی رووت بوو بەس**

"

گومڕایـی و گوناهە، دەڵێ: (شـغلاندن ماکنه باشـە، نەخراپـە، نەگنەیە، کی ژمـە بییژە کو مشـغولتین گنەیە. اڤی یا درەڤ دبی. تشـتک نزانـە)، (نەژدەت) ئاوا کۆتایـی بە وتارەکەی دێنـێ: (گرک هـوون ژی هیدی هیـدی، ژڤانا پیدابکـن. جاروکـی پاشـیون، ای ڤـی ببینن. قزانـج بکن، عردایمە باش ببـی مولانی بیدرا مـە بلامزیـن بە، پاشـیل مە بلا تژی بـە)[٣٢].

داوای منـداڵ فێرە پیشـەو تەکنیکیش کراوە، لـە هەنـدێ وتـاردا، ئەمانە بیـرو بۆچوونی بورژوازیی خۆماڵی تازە سـەرهەڵداو بوون، کە لە هەوڵی ئەوەدا بوو، بەر لە سـەرمایەی بێگانە ببڕێتەوەو نەهێڵێت سـامانی نەتەوەیی بڕژێتە ئەورووپاوە.

گۆڤارەکـە زۆر دووربوانانـە و وردبینانە، داوای لـە ڕۆڵانـی گەلەکـەی کـردووە، کـە پەیوەندییان لەگەڵ مەسـیحییەکاندا دۆستانە و چاک بێ. سیاسـەتی (فرق تسد)ی سوڵتانی بە پەندکردووە، ئەمەش لە وتاری (سەردەمی باو باپیرانمـان ....)[23]دا باسـکراوە، وتارەکە ئاماژەی ئەوەشـی کـردووە، کـە دوور نییە هەندێ موسڵمانی کۆنەپەرست، کلکێکیان لەم کارە وەردابێت، هەمیشەش نابێ دەوری باڵای رووناکبیرە کوردەکانمان لـە بڵاوکردنەوەی هەسـتی نەتەوایەتی و هۆشـیاری سیاسـیدا لەبیـر بکەیـن. نموونەیەکی بچکۆلـەی ئەمە، لـەم وتارانـەدا: (هوشـیاربن!)، (زمـان و نەزانـی کـوردان)، (عیبـرەت) و گەلێکی دیدا دەردەکەوێ.

(عەبدولکەریـم) لـە بەرپەرچدانـەوەی ئـەو بەندوباوانـەدا، کـە لـە ئەورووپـاوە بڵاوکراونەتـەوە، گوایە کورد زمان و ئەدەبی نییـە، لە وتـاری (عیبرەت)دا نـاوی چەندەها شـاعیر و زاناو پیاوی سیاسی هەڵکەوتووی کـوردی هێنـاوە، وتویەتی مایەی شـانازییە، لەنـاو کـورددا پیاوانـی وەک (شـێخ مارف، نۆتشی، قزڵجی، چوڕی، شێخ قادری پێنجوێنی، کاکـە ئەحمەدی شـێخ، مەولانا خالیـد، نالی، سالم، موسـتەفا بەگی کوردی، حاجی قادری کۆیـی، شـێخ ڕەزای تاڵەبانـی و چەندانی تر هەڵکەوتوون)[٣٣].

گۆڤارەکـە بەڵێنی داوە، کە بەرهەمەکانیان بڵاوبکاتەوەو وتویەتی جێگەی داخ و موخابنە خوێنـەران بەرهەمـی ئـەو هەڵکەوتووانەیان بـە چاپکـراوی نەخوێندۆتـەوە. هەنـدێ لـە شـیعرەکانی حاجی قادرو شیعری خوێنەران لە ستایشی گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە.

لـە یەکەمیـن دوو ژمـارەدا، چیرۆکێکـی جوانی (فوئاد تەمۆ) هەیە، کە بەزمانێکی ڕەوان نووسـراوە، ئەم چیرۆکە سەرنج ڕاکێشەو لە بابەتی خۆی بە یەکەمین نموونەی پەخشـان دەژمێردرێـت. بـاس لـە ژیانـی ناهەمواری هـەژاران دەکات (پاڵەوانەکـەی شـوانێکی هەژاری بێ پشـت و پەنای کۆمەڵەو دەربڕی چارەنووسـی میللەتـە)، لەبـەر داخسـتنی گۆڤارەکـەو بڵاونەبوونـەوەی چیرۆکەکـە هەمـووی[24]، ئاسـان نییـە لەسـەر گشـت لایەکی ئەم چیرۆکە بنووسـریت. بە گوێرەی سـەرەتاکەی بێ، چیرۆکنووس ویسـتویەتی ئاشـتی بخاتە نێـو ئاغاو فەلاحـی کوردەوە. نووسـەر جەختی ئەوەی کردووە، کورد ئاغا و سـەپانی بەدەسـت تورکانەوە زەلالەتییانە. ڕاستییەکەشی ئەم قوڵفی چینایەتی لە خەباتی کـورد نەنانـە، ڕێبازێکـی ئاشـکراو دیـاری گۆڤاری (ڕۆژی کورد) بووە.

دەرکەرانـی گۆڤارەکـە نەیانتوانیـوە چارەسـەری بنەڕەتیـی هەنـدێ کێشـەو گێرگرفـت بکەن و سانسـۆریش کۆسـپێکی گەورەی ڕێگەی بە ڕاشـکاوی دوان بووە لە هەندێ باسدا.

(سـاڵح بەدرخان) لە وتاری (هۆشیاربن)دا، نووسیویەتی: (ئیرو تو قوم نمایە کە هەریک نە خویی پازدە جریدا بە، بڤان جریدا حالی خوە بیان دکـن، دردی خوە تشـریح دکن. مگلبک وان هەبـە دخازن، جریدە نـو هر قومکی رە دبە شـونا عزمانی! هیچ قومی بی جریدەیە او مروک لالە، نە دکاری دردی خوە بیژە و نەژی سح دکە حال و موقع خوە چییە)[٣٤][25].

لەگـەڵ ئـەو سـەرنج و وردە تێبینییانەدا، کە دەربارەی ڕوانگەو هەڵوێسـتی گۆڤارەکە هەمانـە، لەگـەڵ ئـەو هەمـوو گیروگرفت و گێرەو کیشـە زۆرەشـدا کە دەستەو یەخەی

بـوون، گۆڤارەکە ئۆرگان و تریبوونی کوردە پێشـڕەوەکانی ئەو سەردەمە بووە. بەو ماوە کەمــەش توانیویەتــی ببێتــە ئاوێنــەی ئامانج و بیــری نەتەوەیــی ئــەو رۆژگارەی کــورد، ئاوێنــەی ئایدیۆلۆژییەتــی کوردایەتــی. بــە شــێوەیەکی تەماوی و لەملاو لەولا تەئسیری بیــری شارســتانییەتی ئەورووپــا و هەنــدێ تێڕوانین و گۆشــەنگیای تورکانی لاوی پێوە دیارە، گۆڤارەکە دەتوانــرێ بوترێ، دەربڕی بیــری بورژوازییــای دیموکراتیی کور بووەو جێگەیەکــی دیــارو بەنرخیشــی لــە مێژووی رۆژنامەنووسی و دنیای رووناکبیری کورددا هەیە[٣٥].

## سەرچاوەو پەراوێز:

١– ڤ. ف. مینۆرســکی. وشەی (هیوا)ی بە (یەکێتی) تەرجەمە کردووە. بڕوانە: ڤ. مینۆرسکی. کورد. تێبینی و ســەرنج. پیترۆگراد. ١٩١٥، ل١٨. ئەمین زەکی و بلەچ شــێرکۆ ساڵی ١٩١٠ یان بە ساڵی دامەزراندنی کۆمەڵەکە زانیوە. بڕوانە: بلەچ شــێرکۆ. مەســەلەی کورد، ل ٥٢. لەم ســاڵەدا ئیتیحادییەکان هەموو دەزگاو رێکخراوە کوردییەکانیــان قەدەغەکــرد، لەبەر ئەوە رێی تــێ ناچێت، لە بارودۆخێکــی وادا کۆمەڵەیەکی وا بێتە کایە. لە نیوەی یەکەمی ســاڵی ١٩١٢دا، لەو کاتەدا بە بۆنەی شکســتی شــەڕی بەڵکانەوە، هەڵوێســتی ئیتحادییە راســترەوەکان بــەرەو لاوازی دەچوو و دواییش حیزبی (حوڕییەت و ئولفــەت)ی تورکانی لاو لەناوچوو، لەم کاتەدا کوردان توانیویانە کۆمەڵەیەکی نوێ دامەزرێنن.

٢– (التاخی). ١٠ تموز، ١٩٦٧.

(لە هەموو وەرگێڕدراوەکاندا (١٠)ی تەمووز نووسراوە، کەچی راستییەکەی (١٠)ی ئابە، ع.زەنگەنە)

٣– الدکتور بلەچ شیرکو، القچیە الکردیە. ص ٥٢.

٤– لە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیەدا نووســەرو زانای کوردی ناســراو رەفیق حیلمــی دەورێکی باڵای هەبووە. بڕوانە: (رۆژی نوێ) سلێمانی، ١٩٦٠، تەمووز، ژمارە ١، ل ٦١.

(دوور نییە، لێرەدا کاک جەلیل حیزبی هیواو کۆمەڵەی هێڤی – هیوای تێکەڵ کردبێ – وەرگێڕ).

٥– La Verite La Question Syrienne. Publ. Par La Commandment de la IV–me armee. Stamboul. ١٩١٦، p٥٨.

٦– لە ساڵی ١٩٢٥دا، کەمالیستەکان تەیب عەلی تێکۆشەریان لە سێدارەدا، لەسەر ئەوەی لە شۆڕشەکەی شێخ سەعیددا بەشداریی کردبوو.

٧– پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، کۆمەڵەکە بە سەرکردایەتی ئەسیف بەدرخان دەستی کردۆتەوە بە کارکردن. ئەکرەم جەمیل پاشا سەرۆکی فەخریی بووە. لەم قۆناغەی خەباتیدا، کۆمەڵەکە هەندێ کتێبیشی لە چاپ داوە، بۆ نموونە بەرهەمی ئەحمەدی خانی، کتێبی فێربوونی زمانی کوردی، کە ئەکرەم جەمیل پاشا دایناوە. ساڵی ١٩٢٢ لە سۆنگەی سیاسەتی مستەفا کەمالەوە کۆمەڵەکە قەدەغەکراوە.
(بەرهەمەکەی ئەحمەدی خانی لەلایەن ئەم کۆمەڵەیە چاپ نەکراوە– ع.زنگەنە)
٨– محمد أمین زکی. خلاصە تاریخ الکرد وکردستان. ص٣٥، الدکتور بلەچ شیرکو. القچیە الکردیە. ص٥٢.
٩– ڤ. ف. مینۆرسکی و ڤ. نیکیتین (رۆژی کورد) یان بە (هەتاوی کورد) وەرگێڕاوە. بڕوانە: ڤ. ف. مینۆرسکی و ڤ. نیکیتین کورد. ل ٥٢٩. لە زمانی کوردیدا وشەی رۆژ بە مانای هەتاو و رۆژیش دێت، لە گۆڤارێکی ئەڵمانیدا، لە وتارۆکەیەکدا بە راستی ئەم وشەیەیان وەرگێڕاوە، بڕوانە:
(Die Welt Des Islam. Berlin، ١٩١٣، Hett، Band. I ،٣١٤، s–٢٢١)
دوای قەدەغە کردنی رۆژنامەکە، ناوەکەیان گۆڕیوە بە (هەتاو).
١٠– (رۆژی کورد). ١٩١٣، ژمارە ٣.
١١– ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی و م. س. لازەرێڤ، بە هەڵە ١٩١٤یان بە ساڵێ دەرچوونی (هەتاوی کورد) لە قەڵەمداوە. بڕوانە: ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی. بیبلیۆگرافیای چاپەمەنییە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات لە سەدەی بیستەمدا. (زمانە ئێرانییەکان). ل١، مۆسکۆ–لینینگراد، ١٩٤٥، ل١٥٨، م.س. لازەرێڤ. کوردستان و مەسەلەی کورد. ل ١٣٩.
١٢– لە چاپەمەنی و ئەدەبیاتی کوردیدا، باسی دەوری دیاری عەبدوڵڵا جەودەت، لە پەیدابوونی ئایدۆلۆژییەتی بزووتنەوەی کوردایەتیدا نەکراوە. بەڵام بەڵگەو شـایەتی تێکۆشانی ئەم کوردە دڵسۆزە، ئەو وتارانەیەتی کە لە لاپەڕەکانی (رۆژی کورد)دا دەربارەی کارو ئەرکی سەرشانی ئینسانی کورد بڵاوی دەکردنەوە. بێجگە لەوەی لە چاپەمەنییە تورکییەکاندا دەربارەی مێژوو و ئەدەبیات و کلتووری کورد نووسـینی بڵاوکردۆتەوە. هەروەها لەبەر و دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا دەورێکی چاکی لە دامەزراندنی کۆمەڵە سیاسـییەکانی کورددا هەبووە. هـەروا خۆڕایی نەبووە، کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لە سـاڵی ١٩٢٥دا، کاتی راپەڕینی کوردان، لە رۆژنامە تورکییەکاندا، کۆمەڵێ خەڵک دژی ئەم تێکۆشەرە وەستابوون و بەوەیان (گوناهبار) دەکرد، کە داوای دامەزرندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دەکات.
بڕوانە: رۆژنامەی (ئاشاکشام). کانوونی دووەمی ١٩٢٥.
١٣– ڤ. ف. مینۆرسکی. کورد. ل١٨.
١٤– (هۆریزۆن). ١٩١٣، ٢٥ی ئەیلوول، ژمارە ٢١٤.
١٥– (ژاماناک). ١٩١٣، ژمارە ١٦٠٠، ٢٣ی ئۆکتۆبەر. (بە ئەرمەنی).
١٦– ک.یوست. چاپەمەنی ئەنەدۆڵ. تیفلیس، ١٩٢٢، ل١٤. (بە رووسی).
١٧– ئـۆ. ل. ڤیلچێڤسـکی، بیبلیۆگرافیـای چاپەمەنیی کوردی لە هەندەران لە سـەدەی بیسـتەمدا (زمانی ئێرانییەکان)، بەرگی یەکەم، مۆسکۆ–لینینگراد، ١٩٤٥، ل١٥١.
١٨– ڤ. ف. مینۆرسکی. کورد ل١٨.
١٩– (رۆژی کورد). ١٩١٣، ژمارە ١، ل٢.
٢٠– سەرچاوەی پێشوو.
٢١– سەرچاوەی پێشوو.
٢٢– سەرچاوەی پێشوو.
٢٣– سەرچاوەی پێشوو.ل٤.
٢٤– سەرچاوەی پێشوو.
٢٥– (ژاماناک) ١٩١٣، ژمارە ٨ ٠ ١٩، ٣١ی ئۆکتۆبەر.
٢٦– (رۆژی کورد)، ١٩١٣. ژمارە ٢، ل٢١.
٢٧– (ژاماناک). ١٩١٣، ٣١ی ئۆکتۆبەر، ژمارە ١٦٠٨.
٢٨– ئە. د. ژیڵتیکۆڤ، یو. ئا. پیترۆسیان. مێژووی تەنویرییەت لە تورکیا. ل١٠١.
٢٩– (کورتە هەواڵێک دەربارەی میللەتانی دراوسێی یەکتری). ١٩١٣، ژمارە ٤٠، ل١١.
٣٠– (رۆژی کورد) ١٩١٣، ژمارە ٢، ل١٢.
٣١– (رۆژی کورد) ١٩١٣، ژمارە ١، ل٢١.
٣٢– (رۆژی کورد) ١٩١٣، ژمارە ١، ل٢٥.
٣٣– سەرچاوەی پێشوو.
٣٤– سەرچاوەی پێشوو. ژمارە ٢، ل٢٣.
٣٥– جەلیلی جەلیل. گۆڤاری (رۆژی کورد). وەک سـەرچاوەی لێکۆڵینەوەی بیری کۆمەڵایەتی و سیاسـی کورد لە سـەرەتای سەدەی بیسـتەمدا. بڵاوکراوەی (وڵاتان و میللەتانی رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست). بەرگی ٧، (کوردناسی)، ئیریڤان، ١٩٧٥.

## پەراوێزەکانی (رۆژنامەنووس):

(1) راستییەکەی (قەدری جەمیل پاشا)یە.

(2) لەوانەیە هەڵەی چاپ بووبێت، بە بەراورد لەگەڵ وتارەکەی د. کەمال هەر وایشــە، راســتییەکەی جگە لە چوار لاپەڕەی بەرگ، بە (٣٢) لاپەڕە دەرچووە.

(3) چوارەم ژمارەیشی وەکو ژمارەکانی دیکە بە (٣٢) لاپەڕە بووە.

(4) ئەم زاتە ئەمڕۆ ناسراوەتەوە کە عەبدولکەریمی کوڕی حاجی عەبدووڵڵا-ئەولا-ی حەمە کەرکووکی خەڵکی ســلێمانییە، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوو دادوەری دادگای مونفەریدی کەرکووک و پاشان سلێمانی بووە. لە ١٩٢٩/٩/١٨دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

بنۆڕە: ساخکردنەوەی ناسنامەی خاوەنی رۆژی کورد، عەبدوڵڵا زەنگەنە، رامان (گۆڤار)، ژمارە ٥٦ی شوباتی ٢٠٠١، هەولێر.

(5) بەپێی هەندێ ســەرچاوە واپێدەچێ تا دوای جەنگی یەکەمی جیهانیــش چالاکی زۆری هەبووە، بەداخەوە تەنانــەت (جەمال بابان)یش لەو کتێبەیدا لەبارەی (بابان)ییەکانی نووسیوە هیچی لەبارەوە نەنووســیوە، لە کاتی دەرچوونی (رۆژی کورد) نووســینگەیەکی پارێزەری بەناوی (عثمانلی تســهیل مصالح ادارەخانەسی) لە ئەســتەنبۆڵ کردۆتەوە، بەهۆیەوە خزمەتــی نەتەوەکەی کردووە، تاوەکو ئەمــڕۆ زانیارییەکی ئەوتۆمان لەبارەیەوە لەبەر دەستدا نییە.

(6) راســتییەکەی ئەم وتارە بەناونیشــانی (کرد طلبــە جمعیتی و کردلرک مقام خلافــە خدمەتلری) بەزمانی عوسمانی بووە.

(7) لەدەقە ئەسڵییەکەدا، لێرەدا تێکەڵ و پێکەڵییەک کەوتبووە نێوان بابەتەکانی ئەو دوو زاتەو ئێمە راستمان کردۆتەوە.

(8) دەقــی ئەم وتــارەی د. عەبدوڵڵا جەودەت لە ژمارە (١)ی (هەتاوی کــورد)دا بڵاوکراوەتەوە نەک لە (رۆژی کورد)دا.

(9) ناونیشــانی راســت و دروســتی ئەم بابەتە (هەر من بم و کەســی تــر نەبێ) بووە، نــەک وەکو ئەوەی نووسراوە.

(10) ئەم دەقە بەرێنووسی کۆن نووسراوەتەوە، هەندێ وشەیشی لێ لابراوە.

(11) لە (هەتاوی کورد)دا بڵاوکراوەتەوە.

(12) دەقەکە هی (هەتاوی کورد)ە.

(13) دەقەکە لە (هەتاوی کورد)دا هەیە.

(14) لە پەراوێزی ژمارە (٥)دا، لەســەرەوە دەقەکەی ئەم ناونیشــانەمان بە تورکی عوسمانی نووسیوەتەوە، مانای (کۆمەڵەی قوتابیانی کوردو خزمەتی کوردان بۆ پایەی خەلافەت) دەگەیەنێ.

(15) ناوەکەی (تعمیم معارف و اصلاح حروف جمعیتی) بووە.

(16) ناوهێنانی عەبدولڕەزاق بەدرخان و هێنانەوەی ئەم دەقەو باســی (رۆژی کورد) لێرەدا زۆر لێک دوورن، بۆیە لای من جێی گومانە، مەگەر هەڵەی چاپ بێت.

(17) ئەو زاتە (مەســعود فانی)یە، یەکەم کەســە لە ســاڵی ١٩٣٣دا دکتۆرای بەناونیشــانی (الشعب الکردی وتگورە الاجتماعی) لەسەر کورد هێناوەتەوە، پیاوێکی بە توانا بووە، دواتر وەکو د. شوکری محەمەد سەگبان داویەتەوە پاڵ رژێمی تورکیا.

(18) بابەتەکەی بەدواداچوونێکی بابەتەکەی مەسعودی سلێمانییەی بووە.

(19) ئەم گۆشەیە لەدوا لاپەڕەی ژمارە (٣) دا بڵاوکراوەتەوە.

(20) لە لاپەڕە (٢١-٢٣)ی ژمارە (١)ی گرتۆتەوە.

(21) دەقەکە بەرێنووسی کۆن بڵاوکراوەتەوە.

(22) ژمارە (٢)دا بڵاوکراوەتەوە.

(23) ئاماژەیــە بــۆ وتاری (دەمــا کالێ مە، چاخا مــە، دەماتێ)ی غــەزال لە ژمــارە (٢)ی (رۆژی کورد)دا بڵاوکراوەتەوە.

(24) ئەم چیرۆکە نە لەبەر داخســتنی گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە، بەڵکو واپێدەچێ نووسەرەکەی خۆی تەواوی نەکردبێ.

(25) ئەو دەقانەی لێرەدا بەرێنووســی کۆن بە تێکەڵ و پێکەڵی نووسراونەتەوە، دەقەکەیان بە رێنووسی نوێ و بەراست و دروستی لە کتێبی (رۆژی کورد)ی بڵاوکراوەکانی (بنکەی ژین) بخوێننەوە.

# چەند ڕاستییەکی نوێ دەربارەی یەکەم گۆڤاری کوردی

هەواڵنامەی کتێب



کەمال مەزهەر

وەک ئاشکرایە نەوەتەکانی سەدەی نۆزدە سەرەتای مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردییە، دوای هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ (کوردستان)ی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بووە بەردی بناغەی ڕێبازێکی نوێ لە ژیانی ڕووناکبیریی کوردا. دوای ئەوە بە دە ساڵ و نزیکەی حەوت مانگ (ڕۆژی ٩ی تشرینی دووەمی (١٩٠٨)[1] دووەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی)یەوە(١) دەرچوو کە جەمیل بەگی دیاربەکری سەرنووسەری بوو، دەوروبەری پێنج ساڵی تر پێویست بوو بۆ نانی هەنگاوی سێیەم لەم مەیدانە تازەیەدا. ئەمجارەیان یەکەم گۆڤاری کوردی بەناوی (ڕۆژا کورد)[2]، (ڕۆژی کورد)ەوە دەرچوو.

لەو کتێبەدا کە ماوەیەک لەمەوبەر بەناوی (تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا) بڵاوم کردەوە چەند ڕاستییەک دەربارەی ئەم گۆڤار نووسراوە(٢)، زۆر بەسەر چاپبوونی ئەو کتێبەدا تێنەپەڕی کە وتاری (گۆڤاری ڕۆژا کورد وەک سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوەی بیری کۆمەڵایەتی، سیاسی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستدا)ی دکتۆر جەلیلی جاسمم بەرچاو کەوت(٣)[3]. ناوەڕۆکی ئەو وتارە چەند لاپەڕەیەکی تری مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ڕوون کردۆتەوە، تایبەت ئەوی پەیوەندیی بە گۆڤاری (ڕۆژی کورد)ەوە هەیە. لە زوربەی ئەو باسانەدا کە ئەو لە وتاری خۆی و من لە کتێبی خۆمدا دەربارەی ئەم گۆڤارە کردوومانە یەکمان

گرتۆتەوە.

کاتی خۆی لە شام روونووسی یەک دوو ژمارەی (رۆژی کورد)م لە ڕێگەی ئەندامی یاریدەدەری (کۆڕی زانیاری کورد) رەوشەن بەدرخانەوە دەستکەوت، بەڵام ژمارە یەکی تێدا نەبوو. بەپێی هەندێک بەراورد و لێکدانەوە وای بۆ چووم کە ژمارە یەکی دەبێ حوزەیرانی ساڵی ١٩١٣ دەرچووبێت(٤). دکتۆر جەلیلی جاسم[4]، کەوا دیارە ژمارە یەکی دیوە، رۆژی دەرچوونی بە ٦ی حوزەیران ساڵی ١٩١٣ داناوە[5].

ژمارە دووی رۆژی ٦ی تەمووزی هەمان ساڵ دەرچووە[6].

دیسان لە دیارکردنی رۆژی دەرچوونی ژمارە سێی (رۆژی کورد) یەکمان گرتۆتەوە کە یەکی ئابی ساڵی ١٩١٣یە[7]. بەڵام لە دیارکردنی ژمارە چواریدا جیاوازییەکی زۆر کەوتۆتە نێوانمان. لای من رۆژی دەرچوونی ٣٠ی ئابی ١٩١٣یە[8]، بەڵام لای ئەو ٢٣ی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەیە[9]. جا گەر دکتۆر جەلیلی جاسم بۆ خۆی ئەو ژمارەیەی دیبێت دیارە ئەو راست و من هەڵەم و ئەوساش دەبێت مێژووی ژمارە چواری (رۆژی کورد) بەپێی قسەکەی ئەو تۆمار بکرێن[10].

لە نیشاندانی رێبازی رووناکبیری (رۆژی کورد)ا، جارێکیتر یەکمان گرتۆتەوەو وەک دوایی نیشانی دەدەین چەند نموونەو بەڵگەیەکی تری ئەم راستییەی بڵاوکردۆتەوە.

جگە لەمانە لە وتارەکەی دکتۆر جیلیلی جاسمدا ژمارەیەک زانیاری بە کەڵکی تر بەرچاو دەکەون، کە وا بزانم لە هەموویان گرنگتر باسی بەشداری عەبدوڵڵا جەودەتە لە دەرکردنی یەکەم گۆڤاری کوردیدا. ئەم راستییە پێویستی بە کەمێک روون کردنەوەیە.

عەبدوڵلا جەودەت یەکێکە لە رووناکبیرە کوردە هەرە ناودارەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی کۆتایی سەدەی رابردوو سەرەتای ئەم سەدەیە[11]. لە عەرەبگیر لەدایک بووەو دوای تەواوکردنی قوتابخانە چۆتە زانستگەی پزیشکی ئەستەمول. لێرە عەبدوڵلا جەودەت، ئیسحاق سکۆتی هاوڕێ و هاوزمانی(٥) لەگەڵ دوو قوتابی تر ساڵی (١٨٨٩) بەنهێنی بناغەی کۆمەڵی (تورکانی لاو)یان دامەزراند کە بیست ساڵی نەخایاند تەخت و تاراجی رژێمە ستەمکارەکەی سوڵتان عەبدولحەمیدی تێکداو بووە بەڵگەو نیشانەی وریابوونەوەی گشت گەلانی ئاسیای پان



عەبدوڵلا جەودەت

**عەبدوڵلا جەودەت یەکێکە لە رووناکبیرە کوردە هەرە ناودارەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی**

و بەرین.

ئەو سەردەمەی کۆمەڵی (تورکانی لاو)ی تیا هاتە کایەوە زوربەی نیشتمانپەروەران لە دەوری ئاڵای عوسمانلی کۆبوونەوەو تەنانەت هەرە دووربینەکانیان بیریان لە جیابوونەوەو سەربەخۆیی نەدەکردەوە. هەستی ئایینی دەوری کەمی لەمەدا نەبینی. لەبەر ئەوە ڕۆڵەی زۆر نەتەوەی ناو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی پێکەوە خەباتیان بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی پێشکەوتووتر دەکرد. ئەم ڕاستییە کە پڕ بە پێستی کات و شوێنی خۆی بوو وای لە ژمارەیەک نووسەری ڕۆژئاوایی کردووە وای لە قەڵەم بدەن گوایە عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکۆتی هەستی کوردایەتییان نەبووە[٦]. ئەمە دوورکەوتنەوەیەکی بێ بەڵگەیە لە ڕاستی. دکتۆر ئیسحاق سکۆتی تا مردنی پەیوەندیی نهێنی لەگەڵ عەبدولڕەحمان بەدرخانی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کوردستان) نەپچڕی، بەرادەیە کە لە میلانۆی ئیتالیا گیانی بەخاک سپارد، (کوردستان) بە کوڵ بۆی گریاو پەرچی ناحەزانی دایەوە[٧].

بێگومان بەشداری دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەتیش لە دەرکردنی (ڕۆژی کورد)ا بەڵگەیەکی یەکجار گرنگی تری کوردو کوردایەتی ئەم دوو پیاوە ناودارەیە[12]. لە نووسینەکانی عەبدوڵڵا جەودەتدا خوێنەر کوردێکی تێگەیشتوو، دنیادیدەو خاوەن هەست دەبینێت.

وەک خوێندەوارێکی پایە بڵند زۆر قووڵ بۆ سەردەمی خۆی باسی نەتەوەو کۆمەڵ و ئەرکی ئەندامیانی کردووە. بەرهەمەکانی عەبدوڵڵا جەودەت بەرادەیەک سەرنجیان ڕاکێشاوە کە جاری وا هەبووە ڕۆژنامە ئەرمەنییەکان سەرتاپای وتارێکیان وەرگێراوەتە سەر زمانی ئەرمەنی و بڵاویان کردۆتەوە[٨].

لەو وتارەیدا کە لە ژمارە یەکی (هەتاوی کورد)ا[٩][13] بڵاوی کردۆتەوە عەبدوڵڵا جەودەت بەکوڵ داوای لە لاوانی کورد کردووە (ڕووبکەنە گوندەکان، گوندەکان)، با لەوێ خۆراکیان (نانی جۆو شیری بزن بێت) بۆ ئەوەی (تیشکی شارستانەتی بگەیێنە جوتیارانی کورد). (ئەی لاوانی کورد، کەی ئێوە مامۆستاییتان لە بوونە قائیمقام لاباشتر بوو، ئەوساکە دەتوانن خۆتان بە خەباتکەری ڕێگەی پێشکەوتن دابنێن)![14].

کوردایەتی دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت زۆر لەوەش تێپەڕی، بە ڕادەیەک بەر لە ڕاپەڕینە گەورەکەی ساڵی ١٩٢٥ کەوتە بەر هێرشی نارەوای ژمارەیەک ڕۆژنامەی وەک (ئەقشام).

جگە لە عەبدوڵڵا جەودەت ژمارەیەکی تر کوردی

> **دکتۆر ئیسحاق سکۆتی تا مردنی پەیوەندیی نهێنی لەگەڵ عەبدولڕەحمان بەدرخانی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کوردستان) نەپچڕی، بەرادەیە کە لە میلانۆی ئیتالیا گیانی بەخاک سپارد، (کوردستان) بە کوڵ بۆی گریاو پەرچی ناحەزانی دایەوە**




نـاوداری وەک ئیسـماعیل حەقی بابان زادەو سـاڵح بەدرخان و نەجمەدین کەرکووکی و کەسانێکی تر لە دەرکردنی (رۆژی کورد)ا بەشـداربوون. یەکەمیان یەکێکە لە سەردارە چالاکەکانی دەستەی (تورکانی لاو) و دوای شۆڕشـی ساڵی ١٩٠٨ بووە وەزیری زانیاری جگە لەوە ئیسماعیلی حەقی بابان زادە بە رۆژنامەنووسـێکی ناوداری عوسمانی ناسراوە. دووەمیـان کـە دکتـۆر جەلیلـی جاسـم بەهەڵە بە سـەلاح بەدرخانـی ناودەبـات رووناکبیر و رۆژنامەنـووس و سیاسـییەکی نـاودار بـوو (باوکی رەوشەن بەدرخانە). لە نووسینەکانیدا بایەخی زۆری بە خوێندن و خوێندەوار دەداو بە دەرمانـی بێ هاوتای هەمـوو دەردەکانی کۆمەڵگای کوردی دادەنا.

شایانی باسە بەدرخانییەکان تەنها بناغەی رۆژنامەنووسیی کوردییان دانەڕشـت، بەڵکو چالاکانەش بەرەوپێـش پاڵیـان بـە رەوڕەوەی پیرۆزییـەوە نا. دوای شۆڕشـی ١٩٠٨ جگە لە ساڵح بەدرخان ژمارەیەکی تر لە پیاوانی دڵسـۆزی ئەم بنەماڵەیە هەمەجـۆر لە دەرکردنی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا بەشداربوون.

عەبدولڕەحمـان بەدرخانـی دووەم سـەرنووسـەری (کوردسـتان) یەکێـک بـوو لەوان. ئـەم پیاوە کـە لەگەڵ میقـداد مەدحەتـی بـرا گەورەیدا یەکەم دوو پێشـەنگی رۆژنامەنووسـی کوردین. دوای سـاڵی ١٩٠٨یش دەستی باڵای لـە ژیانی رووناکبیری و رۆژنامەنووسـی کوردیدا هەبوو. ئەو قوتابخانـە کوردییەی کۆمەڵی (کورد تەعاون وە تەرەقـی جەمعیەتـی) لە ئەسـتەموڵ دایمەزراند لەژێر چاودێری ئەودا دەبرا بەڕێوە.

هەرچی ئەمین عال بەدرخانە یەکێک بوو لە سـەردارە هەرە چالاک و خوێندەوارەکانی هەمان کۆمەڵ.

(رۆژی کـورد) بە کوردی و تورکی بڵاودەبۆوە، بەڵام هەمـوو ناوەڕۆکـی بۆ باسـی کوردەواری و خواسـت و کێشەکانی تەرخان کراوە.

ژمـارە یەکی و هەروەهـا ژمـارە دووی ٣٢ و ژمارە چواری ١٦ لاپەڕەن[15].

سەرنووسـەری سـێ ژمارەی یەکەمـی عەبدولکەریم ناوێ خەڵکی سلێمانی بووە. لە ژمارە چواریدا عەبدولعەزیز بابان بووە سەرنووسەری[16].

(رۆژی کـورد) وتـاری کۆمەڵایەتـی و رووناکبیری و سیاسـی هەمە چەشـنەی بڵاودەکردەوە. لە ژمارە یەکیدا ئەم وتارانەی نووسیوە:

> شـــــایانی باسـە بەدرخانییـەکان تەنهـا بناغەی رۆژنامەنووسـیی کوردییان دانەڕشت، بەڵکو چالاکانـەش بەرەوپێـش پـــاڵیان بـە رەوڕەوەی پیرۆزییەوە نا

(باری کۆمەڵایەتیمان، توانای بڵاوبوونەوەی شارستانەتی بەناو کوردا، پیتەکانمان و توانای خوێندنەوە، تاڵ و شیرین، کارتێکردنی کۆمەڵایەتی و دەروونی زانست و هونەری، دیوانی سەدای نالی، خوێندن و کار) و چەند وتارێکی تر. لە ژمارە دویدا ئەم بەرهەمانەی چاپکردووە: (بۆ کورد، ئەرکتان بەرامبەر نەتەوەکەتان، ئیسلام و کورد، ڕێگەی یەکیەتی)[١٠]، (کوردانی بەناوبانگ، سەلاحەدینی ئەیوبی، هەر من و کەسی تر نا، لە خەو هەڵسن، چیرۆک)[١١]، (شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی)، (زوبان و نەخوێندەواری کورد)، (کارو خوێندن) و چەند بەرهەمێکی تر[١٢].

دیارە ئەم جۆرە باسانە لەگەڵ ئارەزووی دەستەی (تورکانی لاو)دا نەدەگونجان کە دەمێک بوو کورتبینانە کەوتبوونە گیانی هەموو نەتەوەکانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی، تایبەت عەرەب و ئەرمەن و کورد. کاربەدەستان کەوتنە بیانووگرتن بە بەڕێوەبەرانی (ڕۆژی کورد) کە ناچاربوون لە ژمارە چواریدا ناوی بکەنە (هەتاوی کورد)، ئەم هەنگاوەش دادی نەداو بە دەرچوونی ژمارە چوار کۆتایی بە تەمەنی کورتی پڕ شانازی یەکەم گۆڤاری کوردی هێنرا. ساڵح بەدرخانیش لەسەر یەکێک لە وتارەکانی ناو ئەم گۆڤارە درا بە دادگا[17].

هەندێک بەڵگە وای نیشان دەدەن کە (ڕۆژی کورد) دەنگێکی باشی لەناو دەستەی ڕووناکبیری کوردا داوەتەوە. ژمارە دووی (ڕۆژی کورد) گەلێک نامەی ئەو خوێنەرانەی بڵاوکردۆتەوە کە گەرم پێشوازیی لەدایکبوونی یەکەم گۆڤاری کوردییان کردووە.

مینۆرسکیش ساڵی ١٩١٥ باسی ئەوەی کردووە کە ژمارەی ئەم گۆڤارەی لە شاری سلێمانی دیوە[١٣]، ڕۆژنامەو گۆڤارە ئەرمەنییەکانیش بایەخیان بە دەرچوون و ناوەڕۆکی داوە.

بێگومان شوێنی (ڕۆژی کورد) لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا دیارە گەشەدارە.

**پەراوێزەکان:**

**١- ئۆرگانی کۆمەڵی (کورد تەعاون وە تەرەقی جمعیەسی) بوو کە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٠٨ دەستەیەک ڕووناکبیری کورد لە ئەستەموڵ دایانمەزراند.**

**٢- بڕوانە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، (تێگەیشتی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا)، بەغدا ١٩٧٨، ل ٧٣-٧٤، ٢٣١.**

**٣- بەرووسی لەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە: (وڵاتان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست)، بەشی حەوتەم (کوردناسی)، یەریڤان ١٩٧٥، ل٧١-٨٩.**

**٤- (تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا)، پەراوێزی ل ٧٣.**

**٥- خەڵکی دیاربەکرە.**

**٦- بەوێنە بڕوانە:**

E.E Ramseur، the Young Turks. Prelude of the Revolution of ١٩٠٨، Princeton. ١٩٧٥، p.٦٣.

**٧- بڕوانە: (کوردستان)، ژمارە ٣٠، جنێڤ، ٤ ژی الحجە ١٣١٩، ١٤ مارت ١٩٠٢.**

٨– رۆژنامـــەی (ژامەناک)، (کات)ی ئەرمەنی کە لە ئەســـتەموڵ دەردەچوو دەقـــی یەکێک لە وتارەکانی دکتۆر عەبدوڵلا جەودەتی بلاوکردۆتەوە.
٩– وەک دوایی باسی دەکەین ناوی (رۆژی کورد) لە ژمارە چوارەوە بووە (هەتاوی کورد).
١٠– ئەم وتارە یەکێکە لە نووسینەکانی دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت لە (رۆژی کورد)ا.
١١– (رۆژی کورد) لە ژمارە یەک و دوویدا چیرۆکێکی فوئاد تەمۆی بلاوکردۆتەوە. دیارە ئەمە سەرەتای چیرۆکی کوردی دەگێرێتەوە پێش شەڕی یەکەمی جیهان. ئەو چیرۆکە بە زمانی ساکاری خەڵک بەسەرهاتی پڕ مەینەتی شوانێکی کورد دەگێرێتەوە.
١٢– هیوادارین دەقی ئەو ناوانەمان دەست بکەوێت و وەک خۆیان بلاویان بکەینەوە.
١٣– بڕوانە: ڤ. ف. مینۆرسکی، کورد. تیبینی و سەرنج، پیترۆگراد، ١٩١٥ (بەزمانی روسی)، ل١٨.

## پەراوێزەکانی (رۆژنامەنووس):

(1) ئەم بەرواری ٩ی تشرینی دووەمە بەرامبەر ١٣٢٦ی ساڵی رۆمییە، خۆ ئەگەر بکرێتە زایینی دەبێت ١٣ رۆژی بخرێتە سەر، واتە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٠٨.
(2) هەندێ لە مامۆســـتاو تۆژەرانمان ئاوەها بەناوی (رۆژا کورد) ناوی گۆڤارەکەیان بردووە، بەلام لەســـەر بەرگی ئۆریژناڵەکە نووسراوە (رۆژ کرد).
(3) خاوەنی وتار، هەرچەند (جاسم) باوکیەتی، بەلام خۆی بە (جەلیلی جەلیل) بە خوێنەرانی دەناسێنێ.
(4) ئەوســـا د.جەلیلی جەلیـــل گۆڤارەکەی نەدیوە، بەڵکو زانیاریی لە بارەیەوە لە ســـەرچاوە ئەرمەنییەکان هەلێنجاوە.
(5) بەهەمان شـــێوەی پەراوێزی (١) ئەو بەروارە بەرامبەر ساڵی ١٣٢٩ی رۆمی بووە، ١٣ رۆژی دەخرێتە سەر، دەکاتە ١٩ی حوزەیرانی ١٩١٣.
(6) ژمارە (٢) لە ٦ی تەموزی ١٣٢٩ی رۆمی، بەرامبەر ١٩ی تەموزی ١٩١٣ دەرچووە.
(7) رێکەوتی ١٤ی ئابی ١٩١٣ دەکات.
(8) هیچ جیاوازییەک نەکەوتۆتە نێوانیان، بەڵکو زانیارییەکانی د.کەمال مەزهەر راســـت بوون، چونکە ژمارە (4)ی گۆڤارەکە لە ٣٠ی ئابی ١٣٢٩ی رۆمی، بەرامبەر ١٣ی ئەیلوولی ١٩١٣ دەرچووە.
(9) ئەو بەروارەش کە د.کەمال بە جیاوازی نێوان خۆی و د. جەلیلی داناوە دیســـان (١٣) رۆژی دەخرێتە سەر، رێک دەکاتە رۆژی دەرچوونی ژمارە (١)ی (هەتاوی کورد).
(10) وەکو لە پەراوێزی پێشووتر وتوومە زانیارییەکەی د.کەمال راستن، چونکە لەسەر کۆپی وتارێکی محەمە ســـاڵح بەدرخان وەرگیراوە، وەکو خۆی باســـی کردووە کاتی خۆی لە (رەیوشەن بەدرخان)ی وەرگرتووەو لە دووتوێـــژی چەند لاپەڕەیەی ئۆریژناڵی (رۆژی کورد) وەرگیـــراون، هەرچی زانیارییەکانی (د. جەلیلی جەلیل) بووە لەسەرچاوە ئەرمەنییەکان وەرگیراون.
لـــە ٢٠٠٧/٤/٨دا لە هەولێر ئەو باســـم لەگەڵ د.جەلیلی جەلیـــل یەکلاکردۆتەوە، دیاربـــوو بۆچوونەکانی سەلماندم.
(11) لێرەدا مەبەســـتی د.کەمال کۆتایی ســـەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیســـت بووە، کە وتارەکەی تێدا نووسراوەو بلاوکراوەتەوە.
(12) ئاماژەی د.کەمال راست و دروستە، نەمزانی بۆچی ئەم تێبینییەی بۆ وتارەکەی کردۆتە پەراوێزو هایداری داوەتە خوێنەران گوایە (رۆژی کورد) لە ژمارە چوارەوە بۆتە (هەتاوی کورد).
(13) لەهەردوو گۆڤاری (رۆژی کورد) و (هەتاوی کورد)دا وتارەکانی د.عەبدوڵلا جەودەت وەکو (سەروتار)ی ئەم دوو گۆڤارە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە.
(14) هەر چوار ژمارەکەی (رۆژی کورد)، جگە لە بەرگ، ٣٢ لاپەڕە بووە.
(15) سەرنووسەری هەر چوار ژمارەکەی (رۆژی کورد)، وەکو پێشتریش پەراوێزی وتارەکەی د. جەلیلی جەلیل نووسیومانە، عەبدولکەریمی حاجی عەبدوڵلای کەرکووکی زادە بووە، گۆڤارەکەش، لە ژمارە چوارەوە نەبۆتە (رۆژی کورد)، بەڵکو وەکو گۆڤارێکی سەربەخۆ، بە ژمارە (١) دەست بەبلاوکردنەوەی کراوە.
(16) لە ژمارە (١)ی (هەتاوی کورد)دا هیچ ئاماژەیەک بۆ گۆڕینی ناوی (رۆژی کورد) نەکراوە.
(17) من لەســـەر درانی محەمەد ســـاڵح بەدرخان دادگا لەسەر وتارەکانی لە (رۆژی کورد)دا بە گومانم، بەڵکو پێم وایە ئەوە لەسەر ناوەرۆکی وتارەکانی (یەکبوون) بووە، کە دوای وەستانی (رۆژی کورد) دەرچووە، ئەوەی شایانی باسە لە ماوەی مانگێکی دوای ژمارە (٤)ی (رۆژی کورد)، ئەم بلاوکراوەیە سێ ژمارەی لێ دەرچووە.

## بەڵگەیەکی تەمەن ٢٣ ساڵە

# بەیاننامەی دامەزراندنو ئامانجەکانی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب



نەوزاد عەلی ئەحمەد- سوید
nawzad.ali@hotmail.com

بۆ ئەرشیفکردنی مێژووی نەتەوەکەمانو ساغکردنەوەی کێ یەکەمین جار کاری بۆ دامەزراندنو راگەیاندنی ڕێکخراوێکی پیشەیی بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کردووە وا ئەم دۆکۆمێنتە دەخەمە روو کە تەمەنی ٢٣ ساڵە، دۆکۆمێنتەکە بریتییە لە نامیلکەیەکی شەش لاپەڕەیی کە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانو ئامانجەکانی ڕێکخراوی ناوبراوی لە خۆوە گرتووە، ئەم بەڵگەیەش وەک هەزاران بەڵگەی بێ بەڵگەنەویست لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکەمان دەوڵەمەند دەکەن بە تایبەتیش بۆ بواری کاری پیشەیی ڕۆژنامەنووسان کە لە ژیانی خەباتی نهێنیو پێشمەرگایەتیدا دەستپێشخەریان بۆ کردووە.

بە گوێرەی زانیاری من نامیلکەی ناوبراو لە یەکێک لە چاپخانەکانی ئەوسای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاخ لە ساڵی ١٩٨٤ چاپکراوەو ڕێکخراوی ناوبراویش بە هاوکاری ڕۆژنامەنووسانی پێشمەرگەو چەند ڕۆژنامەنووسێک لە ناوەوەی شارەکاندا دامەزراوە.

من تەواوی نامیلکەی ناوبراوم جارێکیتر دەقاودەق نووسیوەتەوە،تەنیا لە چەند



شوێنێکی کەم لە باری ڕێنووسدا دەستکاریم کردووە بە تایبەتیش ئەوان وشەی(بوون) یان بە یەک (و) تایپ کردبوو،ئەگەرنا هەست دەکەم لە چەندان شوێندا وشەی نادرووستو دەستەواژەی بێهێز بەکارهێنراون، هەروەها گرنگیان بە خاڵبەندی نەداوەو بە گوێرەی پێویست نیشانەکانی خاڵبەندیم داناوە، هیچ لێکدانەوەیەک بۆ نامیلکەی ناوبراو نانووسم،چونکە خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری زیاترم سەبارەت بە ڕێکخراوی ناوبراوم بە مەبەستی کۆکردنەوەی تەواوی بەڵگەکان لە کتێبێکی سەربەخۆدا، جا لێرەوە رووی بانگەواز لە هەر کەسێک دەکەم کە زانیاریان سەبارەت بە یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە شاخ هەیە با بڵاوی بکەنەوە یاخود بۆ ئیمایلەکەم بنێرن سوپاسیان دەکەم.

**دەقی بەڵگەنامەکە؛**

**بەیانی نامەی دامەزراندنی**
**یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان١٩٨٤**

<u>ڕۆژنامەنووسە ئازادیخوازەکانی کوردستان</u>

ڕۆژنامە وەک چەکێکی فیکریو ئایدیولوژی دوژمنانی ئاشکرای گەل ریسوا دەکات و پەردە لە رووی شاراوەکانیان هەل دەماڵێ . دەبێ سەنگەری خۆی لە پێشەوەی کاروانی خەبات دابگرێ. هەروەک چۆن هەموو سوپایەک بەبێ چەک ناتوانێ شەڕ بکات. بە هەمان رەنگ شۆڕش لە گۆڕەپانی فیکریو ئایدیۆلۆژییەوە ناتوانێ بەبێ چەکی ڕۆژنامە ئەرکەکانی خۆی رابپەڕێنێ، پێداویستە قورسەکانی قۆناغی خەباتی نیشتمانی رزگاری گەلی کوردمان لە هەموو بوارێکدا، شان بەشانی ئەرکە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیەکان ئەرکی گرتنە باوەشی ڕۆژنامەگەریتی کوردی بە گەرمی دێنێتە پێشەوەو لەو روانگەوە کە ئامرازێکی گرنگە بۆ هوشیار کردنەوەو هاندانو ئامادەکردن. بۆ ئەوەی لە ئاستی ئەو ئەرکە پیرۆزەدا بێت. بەجێ گەیاندنی ئەم داخوازییە نیشتمانییە سەلارو مرۆڤ پەروەرییە پێویستی بە فکرێکی ئاشکراو تەکنیکێکی ڕۆژنامەگەریتیو لە باوەش گرتنی دەستکەوتە تەکنیکیو زانستیەکانی مەیدانی چاپخانەو بەڕێوەبردنو نوسینو قەڵەمی رەنگینو دابەشکردن هەیە.

> **ڕۆژنـــامە وەک چەکێکی فیکری و ئـــایدیولوژی دوژمنانی ئاشکرای گەل ریسوا دەکات و پەردە لە رووی شاراوەکانیان هەل دەماڵێ**

<u>ڕۆژنامەنووسە تێکۆشەرەکان</u>

سەرەڕای دەست پێ کردنی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە دووری وڵاتەوە.کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دڵسۆزی کوردستانو مەسەلەی گەلی کوردبووەو لەگەڵ واقیعی کوردستان تێکەڵ بووەو جوامێرانە داکۆکی لە گەلی کوردو مەسەلە بنەڕەتیو گیروگرفتو ژانەکانی کردووە.

دیارە لە دایک بوونی ڕۆژنامەگەریتی کوردی بۆ دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان. بۆ ڕۆژی ٢٢ ی گوڵانی ١٨٩٨ ی زایینی دەگەڕێتەوە.کە لە سەردەستی(مقداد مدحت بدرخان) ی نەمر هاتۆتە دنیا و نیشانەیەکی دیاری ڕاپەڕینی ڕاستەقینەی گەلی کوردو سەرەتای کاروانی تێکۆشانی سەرفرازی بووە کە تێیدا ڕۆژنامەی کوردی لە ناو جەرگەی سەنگەری مەسەلەکانی گەلی کوردو داواکاریەکانی لە ئازادیو ڕزگاربوون لە چەوساندنەوە. هەتا ئەو کاتەی ڕۆژنامەکە بووەتە بەشێکی گرنگی ئەو مەسەلەیەو لە دەرچوونی ئاشکراو نهێنیدا لە سەری بەردەوام بووە..جا ئەوەی لێرەدا جێگای داخە هۆیەکانی پاشکەوتوویی ڕۆژنامەگەریتی کوردی هەتا ئێستاش هەرماوەو سەرەڕای تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەک بەسەر لە دایک بوونی ئەگەر نەڵێین گیروگرفتەکان زۆرترو ئاڵۆزتر بووە ئەوە کەمتر نەبووە.

جا ئەگەرچی چەوسێنەرانی گەلی کورد ناوە ناوە هەندێ ڕۆژنامەو گۆڤاری ڕەنگ زەردیان دەرکردووە بۆ حەزی تاکتیکی ئامانجداری تایبەتی خۆیان بۆ بەربەست کردنی هەستانەوەو گەشە کردنی هەستی نەتەوایەتیو نیشتمانی لە کوردستاندا.

بەڵام ڕۆژنامەی شۆڕش. ڕۆژنامەی وشەی شەڕکەری تێکەڵاو بە گوللەی چاونەترس ڕۆژنامەی پێشمەرگە خۆی لەخۆیدا داهێنانی جۆرە دەستورێکی ڕۆژنامەی نوێ بووە کە تێیدا شێوازێکی تێکۆشەرانەی تازە دووپات کراوەتەوەو سەرەڕای توانای کەمو بارودۆخی ناهەموارو گەیانراوەتە فراوانترین کۆمەڵانی خەڵک و دەنگو ڕەنگی شۆڕشی بە گوێی هەموو گوندو شارێک گەیاندووەو بەم ڕەنگەش بە سەر ڕۆتینی بەڕێوەبردنو مامەڵەی بیرۆکراتیيانەی مەیدانی ڕۆژنامەگەریتی زاڵ بووەو جەماوەرێکی بەرفراوانی لە ڕۆڵەکانی کوردستاندا بە ئامانجەکانی جوڵانەوەی نیشتمانی ڕزگاری گەلی کورد بەستووەو گیانی هوشیاری کۆمەڵایەتیو نیشتمانیو نەتەوایەتی لە ناو گەلێ توێژە جیاجیاکان ژیاندوتەوەو بە ڕاستی بووەتە چەکێکی گرنگی دەستی گەلی کوردو

> **جێگای داخە هۆیەکانی پاشکەوتوویی ڕۆژنامەگەرێتی کوردی هەتا ئێستاش هەرماوەو سەرەڕای تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەک بەسەر لە دایک بوونی ئەگەر نەڵێین گیروگرفتەکان زۆرترو ئاڵۆزتر بووە ئەوە کەمتر نەبووە**

هەواڵنامەی پێشمەرگە

ئامرازی خەباتگێڕانەی توندو تۆڵ بووە لە رووی پەیوەندی بە جەماوەرە.

رۆژنامەنووسە پێشکەوتن خوازەکان..

بـا لە پێناوی ژیاندنەوەی سـەرفرازیەکانی رۆژنامەی کـوردی بـە شـێوەیەکی خەباتگێڕانـەی ئەوتـۆ خەبـات بکەیـن کە لەگـەڵ گۆڕانکاریەکانی قۆناغو گەشـە کردنی شـێوازەکانی تێکۆشـان بگونجێـت و وەک رۆشـنبیرێکی نیشـتمان پـەروەری باوەڕ لە بـن نەهاتوو بە مەسـەلەی گەل و عەدالەتـی . داکۆکی لە داخوازی‌یەکانی گەلەکەمان بکەین‌و بۆ گەشەپێدانی داهاتووی رۆژنامەگەرێتی کوردی تەقەلاش بدەین.

بـە جۆرێک کە پشـت قایم بێت بە دیراسـەکردنی ئەو هۆیـە پێویسـتیانەی کـە بەردەوامی‌و سـەرکەوتنی ئـەم گەشـەکردن‌و گەیشـتنە ئەوپـەڕی قۆناغ دابین بـکات کە لەپێشـەوە ئامادەکردنی وەسـیلە ماددی‌و یاسـاییەکانی پاراسـتنی مێشـکی بەرهەم هێنەرو دابین‌کردنی زۆرترین وەسـیلەی بەردەسـتە بـۆ وەرگرتنـی بەرهەمی زیاتـر . ئەم گەشـەکردنە هەروا لە خۆڕاییەوەو بە شـێوەیەکی عەفەوی نابێت . بەڵکو لە رێگای رێکخستنی‌و سەرپەرشتی بەردەوام دەبێ . بۆیە پێویسـت وا دەکات رۆژنامەنووس ئـەو مرۆڤە داهێنەرە بخرێتە ئەو شـوێنەوە کە هاوشـانە لەگـەڵ تواناکانی لە نـاو جەماوەرداو داننان بـە هەوڵ و تەقەلاو دەستی رەنگینی لە لایەک و خۆشی رۆژنامەنووس لـە لایەکی‌ترەوە دەبـێ بزانێ کـە بەرهەمی ئەو هەمـوو بینـەو بەردەیە زروفی بابەتـی‌و مێژوویـی‌و کۆمەڵایەتی رەخساندووە.

دەبـا هەمـوو پێکـەوە کاربکەیـن بـۆ دەربازکردنـی رۆژنامـەی کـوردی لـە زەلـکاوی بازرگانـی کـردن بە توانای رەنگینی رۆژنامەنووسـی‌و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆژنامەنووس بۆ هاوشـانی ئەو تێکۆشەرانەی لە پێناوی مافەکانی گەلەکەیان خەبات دەکەن.

> **دەبـا هەمـوو پێکەوە کاربکەین بۆ دەربازکردنی رۆژنـامـەی کـوردی لە زەلـکاوی بازرگانـی کردن بە توانـای رەنگینی رۆژنامەنووسی**

رۆژنامەنووسان.. هە لگرانی ئەمانەتی وشەی مولتەزیم

ئەگـەر هیـوای رۆڵەکانـی کوردسـتان لـە هەبوونـی رۆژنامەیەکی کوردی سـەربەخۆی پێشـکەوتوو ئاواتێکی رەوا و داواکـراو بێت. ئەوا ئێمە بەوپەڕی دڵسـۆزی‌یەوە بۆ جێ بەجـێ بوونی ئەم داخوازی‌یە بەنرخو پیرۆزەو لە پێنـاوی درێژەپێدانی رۆژنامەگەرێتی کوردی خەباتگێڕ بۆ جێ‌بەجێکردنی ئەرکی ئیجابی‌یانەی سەرشانی‌و لەپێناوی هێمنـی وڵاتو پێشـکەوتنی‌و هەبوونـی پەیوەندی‌یەکـی راستو رەوانی نێوان هەموو هێزە نیشتمانی‌و پێشکەوتن

خوازەکانـدا. بەو رەنگەی کە رۆژنامــە رۆڵێکی گرنگ لەم مەیدانەدا دەبینێ.
بڕیاری لــە دایک بوونی (یەکێتی‌ی رۆژنامەنووســانی کوردســتان) ماندا . بۆ ئەوەی ئەم یەکێتی‌یە گۆڕەپانێکی ئـــازاد بـــێ. بـــە پاکـــی‌و ئەمانەتەوە بـــەو پەڕی کۆششـــی داهێنەرانــەوە. بــە وزەیەکی لە بــن نەهاتووەوە لــە خزمە ت گەیانـدن بە جەمـاوەری زەحمەتکێشـان لە کرێـکارو جوتیارو رۆشــنبیرە شۆڕشگێڕەکان لە دژی چەوسێنەرو داگیرکــەرو ئــازادی خنکێنــەرەکان..و لــە دژی نموونەی ئوپورتونیســتی کــتو پروکاتــی بودەڵە و مشــەخۆر کە لەمەیدانی رۆژنامەنووسی‌دا مومارەسەی هەڵ خەڵەتاندنی فیکری‌و شێواندنی دەکەن‌و پوخڵەواتی نانیشتمانی دەخاتە ئەستۆی رۆژنامەگەرێتی کوردی‌و بیروڕای خوێندەواران دەشێوێنن‌و ورەیان پێ بەردەدات .
هەمــوو رۆژنامەنوســەکانی کوردســتان چاک ئــەوە دەزانــن، دروســت کردنــی رێکخــراوە پیشــەییەکان وەنەبێــت بــە شــێوەیەکی دیموکراتــی بووبێتو هەمــوو مەرجێکــی ئــازادی‌و هاوســانی تێـدا بووبێـت . بەڵکـو هەمیشە دەســتی تێ‌وەردراوەو دەستەمۆکراوەو ئامرازی کۆکردنەوەی ژمارەیەک کەســانی جاش‌و ئوپورتونیستی ئەوتۆ بووە کە جێ ی بڕوای دەســەڵاتی رەسمی دەوڵەت بوونــە لە رژێمە یــەک بە دوای‌یەکەکان‌و بــە زۆردارەکی مۆرکی دیموکراتی‌یان بەســەردا دراوەو ئێتــر لەبەر ئەمە رۆژنامەنووســە شــەرەفمەندەکانی کوردســتان بەهــۆی رووبەڕوو بوونەوەی مومارەســەی ناشەرعی دەزگاکانی دەوڵــەت لەم بــوارەوە تووشــی گەلــێ چەوســاندنەوەو داپلۆسین‌و گرتن‌و راوە دوونان هاتوون.

<u>خوشکان.. برایان</u>
لــە لای هەمووومــان ئاشــکرایە گەلــێ شاســواری تێکۆشــەرو خۆڕاگر بە ئەرکی دەســت پێ‌کردنی مێژووی رۆژنامەنووســی کوردی ڕاپەڕیون و لــەم رۆژە پیرۆزو خۆشەویســتەدا بۆ ئەوەی لە داستانە گەورەکانی خەباتی ئــەوان‌و بەرەنگاربوونــەوەی چاونەترســانەی تیــرۆرو کوشتنی‌و داپلۆسینی‌و زیندان دەرس وەرگرین کە هەموو ئــەو راگەیاندنە نەیتوانیوە کۆســپ بخاتە نێوان ئــەوان‌و نێــوان درێژەپێدانــی خەبات بــە جۆرێک کە گیان لەســەر دەستان بوون لە پێناوی نیشتمان‌و گەلەکەیاندا.

<u>داخوازی</u>
رۆڵەکانی کوردســتان لە پێشــوازی کردنی ئەم رێگایە پێویستیتان بە کەســێکە کە رێگایان بۆ رووناک بکاتەوەو

"رۆژنــــــامەنـووســە شـــــەرەفمەندەکانی کـــــوردســتان بەهــۆی رووبەڕووبوونــەوەی مومـــــارەسەی ناشەرعی دەزگاکانــی دەوڵــەت لەم بــــوارەوە تووشــی گەلــێ چەوســاندنەوەو داپلۆسین و گرتــن و راوەدوونــــــان هاتوون"

بـە وشـەی مولتەزیمی ئامانجـدارو بە توانا گـۆش بکریَ لەســەر خۆڕاگرتنو بەرزکردنەوەی مەعنەوی‌یاتی خەبات کردنو زۆرتر بەســتنەوەیان بە مەسەلەکانی گەلەکەیان لە رزگاری‌و سەربەخۆیی‌دا.

ئازادیــش هەمیشــە لە گەشـانەوەدایە هەر کە پیــاو لە پیّناوی‌دا خەبات دەکات.

سەری ریّزو نوازش بۆ ئەو رابەرە مەزنو شەهیدانەی کە گیانیان پیشکەش بەم ریّگایە کردووە.

سـڵاوی وەفــاداری‌و ئەوپەڕی ریّـز .. بۆ گیانــی پاکی (مقـداد مدحت بدرخــان ) و پیرەمیّردو حوزنی موکریانی‌و گیــوی موکریانــی. نافع یونس.جمــال حیدری...... شــەهید جەعفەرو... شــەهیدان ئارامو جەمیـل رەنجبەرو بورهان مستەفا قەرەداغی‌و مامۆستا مەحمودو ئەوانی‌تر....

**٢٢ ی گوڵانی ١٩٨٤**

**دەستەی دامەزریّنەری یەکیّتی‌ی**

**رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**ئامانجەکانی**

**یەکیّتی‌ی رۆژنامەنوسانی کوردستان**

١. ناو؛ یەکیّتی‌ی رۆژنامەنووسانی کوردستان

٢. ی.ر.ک؛ ریّکخســتنیّکی پیشــەیی ئــازادو ســەربەخۆیە هەموو رۆژنامەنووسیّکی نیشتمانپەروەرو پیّشکەوتن‌خواز لە کوردستان‌دا ئەوانەی رۆژنامەنوسیان کردوەتە پیشەی خۆیــان بۆ خزمەت کردنــی گەل‌و نیشــتمانەکەیان هەموو مافیّکی بەشــداری کردنیان تیّدا هەیە بەبیَ گویَ‌دانە رای سیاسی‌و بیروباوەری فیکری.

١- کارکردن بۆ توند کردنی خەباتی گەلی کورد لە پیّناوی گەیشتنە هەموو مافە نەتەواییە رەواکانی.

٢- کارکردن بۆ بەرز کردنەوەی ئاســتی رۆژنامەگەریەتی کــوردی لە رووی روخســارو ناوەڕۆکەوە کە لە ئاســتی هونەری رۆژنامەنووســی وڵاتە پیّشــکەوتووەکان‌دا بیّتو کارکردن بۆ دامەزراندنی چاپخانەی نویَ‌و دروست کردنی دەزگای بڵاوکردنــەوەو دابەش کــردنو مەشــق پیّکردنی کادرە چاپەمەنیە شارەزاکان.

٣- کۆشــش کردن بــۆ دەرچواندنــی رۆژنامــەو گۆڤاری سیاســی‌و کۆمەڵایەتــی‌و فەرهەنگــی‌و هەمــوو جــۆرە رۆژنامەیەکی تایبەتو رۆژنامەگەریەتی کوردی شویّنیّکی شایســتەو دیاری رەوای خۆی لــە نــاو رۆژنامەگەریەتی ناوچەیــی‌و جیهانی‌دا هەبیّ‌و گەیاندنی دەنگــی گەلی کورد بیَ بــۆ هەموو دنیــای ئــاوەدانو پەیامنیّرە هەمیشــەیی‌و کاتیەکان بۆ دەوڵەتو کۆنگرە گرنگەکان بنیّریَ.

**ئەوانەی رۆژنامەنووسیان کردوەتــە پیشــەی خۆیان بۆ خزمــەت کردنی گــەل‌و نیشــتمانەکەیان هەمــوو مافیّکی بەشداری کردنیان تیّدا هەیە بەبیَ گویَ‌دانە رای سیاســی‌و بیروباوەری فیکری**

٤- کۆشش کردن لە پێناوی دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان دوای ئامادەکردنی کادری پێویستو بە تواناو دەزگای هونەری‌و ئامێرەکان.

٥- بەشێکی تایبەت بە ڕاگەیاندن لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆکانی کوردستان بکرێتەوە دوای ئامادەکردنی کادری پێویستو فراوان کردنی وەرگرتنی ئەو خوێندکارە کوردانەی ئارەزووی خوێندنی ڕۆژنامەگەریەتی‌یان هەیە لە ناوەوەو لە دەرەوەی وڵات.

٦- یارمەتی‌دانی ئەندامەکانی یەکێتی بە پێی پێویستو توانای دارایی‌و کۆشش کردن بۆ دۆزینەوەی کار بۆ ئەوانەی بێ کارن.

٧- پتەو کردنی گیانی برایەتی ڕاستەقینە لە نێوان هەموو هاووڵاتیان بەبێ گوێ‌دانە بیروڕای جیاجیاو ڕێزگرتن لە مافە فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتیەکانیان.

٨- وەستان دژی چەوسانەوەو دەست بەسەراگرتن‌و خەباتی بێ وچان دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی‌و پاڵپشتی کردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانیەکان بە شێوەیەکی گشتی لە پێناوی ئاشتی لە جیهان‌داو بڵاوکردنەوەی عەدالەتو ئازادی‌و پێشکەوتن.

٩- ڕێزگرتنی ڕاستی وەک شتێکی ڕەزا کە دەبێ هەموو کەسێک بیزانێ‌و ڕێ‌نەدانی هیچ هەواڵێکو قەدەغەکردنی دەست تێ‌وەردانی بەڵگەنامەو چاک کردنەوەی هەواڵێکی بڵاوکردنەوە کە پاشان ناڕاستیەکەی دەردەکەوێ.

١٠- بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی کە تەنیا سەرچاوەکانیان دەزانرێ‌و فڕێ‌نەدانی هیچ بەشێکی‌و قەدەغەکردنی دەست وەردانە بەڵگەنامەکان‌و چاک کردنەوەی ئەو هەواڵەی کە بە هەڵەیی بڵاوکراوەتەوە.

١١- دوور کەوتنەوە لە دروست کردنی هەواڵ‌و خولقاندنی‌و بازدان‌و هەموو جۆرە تاوانبارکردنێک کە لە ڕاستی دوورەو مسۆگەر کردنی مافی جەماوەر لە ئاگاداربوونی لە دەنگوباسە ڕاستەکان.

١٢- داکۆکی کردن لە ئازادی‌و ڕۆژنامەگەرێتی‌و مافەکانی ڕۆژنامەنووسان‌و مسۆگەرکردنی بازنەی پێویست بۆیان لە دژی هەموو جۆرە تاوانێک کە بەرامبەریان دەکرێت لە ئەنجامی ڕادەربڕین‌و بۆچوونەکانیان‌و مسۆگەر کردنی مافی بەرگری کردن لە خۆیان‌و دابین کردنی ژیانیان.

١٣- ڕزگارکردنی ڕۆژنامە لەو ترسەی کە سەبارەت بەو فشارانە ڕووبەڕووی دەبێ سنوور بۆ سەربەستی دادەنێ وەک باج دانان‌و بێ بەشی کردنی لە ئیعلاناتو سانسۆر لەسەر دانانی بە هەردوو جۆرەکانیەوە پێش بڵاوکردنەوەو دوای بڵاوکردنەوە.

**"کۆشش کردن لە پێناوی دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان دوای ئامادەکردنی کادری پێویستو بە تواناو دەزگای هونەری‌و ئامێرەکان"**

١٥- کارکردن بۆ دامەزراندنی پەیوەندی هەرەوەزیو برایەتی لەگەڵ رۆژنامەنووسەکانی عیراقو وڵاتانی دۆستو بەشداری کردن لە رێکخراوی رۆژنامەنووسانی جیهانو ئەو رێکخراوانەی ئاوکوفن لە ئامانجدا.

١٥- کۆشش کردن بۆ پتەوکردنی خۆشەویستی وڵاتو وەفاداریو شەرەفی هاووڵاتیەتی بویو بەربەرەکانی کردنی بێ موبالاتیو بەهێز کردنی بەرەی خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم بە هەردوو شێوە کۆنو تازەکەیەوە لە سەر بنچینەی هاریکاریەکی پاک لە نێوان هێزە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازەکان کە خێرو پێشکەوتنی کوردستانو مافی نەتەوەیی گەلی کوردو دیموکراتی راستەقینە بۆ گەلی عیراق دابین بکات.

١٦- کۆشش کردن بۆ بنیات نانی خانوو بەرەو مسۆگەر کردنی زەوی بۆ ئەندامانو بە نرخێکی هەرزان بووردنیان لە باجو رسوماتو کرێی راژە تەندروستیەکان .

١٧- یارمەتی دانی رۆژنامەنووسە ئازادە چەوساوەکان کە سەبارەت بە خەبات کردنیانو هەوڵ دانیان بۆ ئاسان کردنی مەسەلەی گوزەرانو کۆمەڵایەتیان دەچەوسێنەوە.

١٨- هاوکاری کردن لەگەڵ هێزە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازەکان لە وڵاتانی عەرەبیو دونیاو پشتگیری خەباتی رەوایان دژی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستی بە تایبەتیش مافی
گەلی عەرەبی فەلەستین لە گەڕانەوەو نووسینی چارەی خۆیانو پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆیان.

تکا لە هەموو رۆژنامەنووسە پێشکەوتنخوازو نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان دەکەین کە پشتگیری یەکێتیە تێکۆشەرەکەیان (ی. ر. ک) بکەن بەوەی کە بەرهەمو نووسینو سەرنجەکانی خۆیانیان بۆ بنێرن.

# گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا

## هەڵسەنگاندنی پرۆفیشناڵانەی ئاستی بایەخ پێدانی هەفتەنامە کوردییەکانە بە بواری کێشەو ماف و داخوازییەکانی گەنجان و ئافرەتان



هیوا فریادڕەس

هەواڵنامەی کتێب

### ناوەڕۆکی پرۆژە

ئەم پرۆژەیە بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی پرۆفیشناڵانەی ئاستی بایەخ پێدانی هەفتەنامە کوردییەکان بە بواری کێشەو ماف و داخوازییەکانی گەنجان و ئافرەتان. لەم هەڵسەنگاندنەدا هەموو ئەو (هەواڵ، راپۆرت، ریپۆرتاژ، دیدار، وتار، کاریکاتێر.. هتد). بابەتە رۆژنامەوانیانە لەهەر یەکێک لە هەفتەنامەکاندا کە بۆ بوارە ئاماژە پێدراوەکان تەرخان کراون بەپێی پێوانەکانی فۆرمی ئامادەکراو هەڵدەسەنگێندرێن، ئەوەش لەبەرچاو دەگیردرێ کە لەکام لاپەڕەو لەچ سووچێکی رۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە، هەروەها (زیندوێتی بابەتەکان، جۆرێتی بابەتەکان، مەکانەتی بابەتەکان، رووبەری تەرخانکراو) لەنێوان پێوانەکانی فۆرمی هەڵسەنگاندنەکاندا بە بایەخەوە وەردەگیردرێت.

لە ئەنجامگیریدا هەفتەنامەی (براوەی یەکەم) ئەو هەفتەنامەیە دەبێت کە لەنێو ریزبەندی هەفتەنامە هەڵسەنگێندراوەکاندا لە ئاستی بایەخدان بەو بوارانە پلەی بەرزترین بەدەست بهێنێ. لە کۆتاییدا نوێنەری هەفتەنامەکان بۆ پریس کۆنفرانسێکی تایبەت بانگهێشت دەکرێن و ئەنجامەکان بەشێوەی

نووسراو و وتراو رادەگەیەنرێن، هاوکات خەڵاتی "خۆری زێرین"ی بزاڤی ژیان لەلایەن نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان پێشکەش بە (براوەی یەکەم) دەکرێت، لەلایەن بەڕێوەبەری پرۆژەشەوە (بەڵگەنامەی ستایش و پێزانین) بە (براوەی یەکەم) و (براوەی دووەم) دەبەخشرێت.

## سنووره پرۆژە

ئەم هەڵسەنگادنە تەنها (٨) هەفتەنامەی کوردی کە لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی دەردەچن دەگرێتەوە، کە بریتین لە:

- هەفتەنامەکانی (هاولاتی)، (ئاوێنە).. خاوەن رەوتی عەلمانی.
- هەفتەنامەکانی (میدیا)، (جەماوەر). خاوەن رەوتی نەتەوەیی.
- هەفتەنامەکانی (کۆمەڵ)، (یەکگرتوو).. خاوەن رەوتی ئیسلامی.
- هەفتەنامەکانی (رێگای کوردستان)، (ئالای ئازادی). خاوەن رەوتی چەپ.

## ماوەی پرۆژە

ئەم هەڵسەنگاندنە ژمارە دەرچووەکانی (سێ) مانگی دەست نیشانکراوی هەر یەکێک لە هەفتەنامەکان دەگرێتەوە، یاخود لە حالەتی دەرنەچوون و کەوتنە پشووی یەکێک یان زیاتر هەفتەنامەکان (١٢) ژمارەی دەرچونی یەک بەدوای یەک لەدوای ماوەی دیاریکراوەوە هەڵدەسەنگدرێن.

## ئامانجی پرۆژە

ئامانج لەم پرۆژەیە هاندانی بەڕێوەبەرایەتی هەفتەنامەکانە بۆ گەشەپێدانی زیاتری بواری کۆمەڵایەتی، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە گەنجان و ژنانەوە هەیە.

## ناساندنی هەفتەنامەکان

### ئاڵای ئازادی

رۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، مەکتەبی راگەیاندنی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکات.

خاوەن ئیمتیاز : مەکتەبی راگەیاندن

سەرنووسەر : ئاریان محەمەد

جێگری سەرنووسەر : (ناوی بەسەرەوە نیە)

شوێنی دەرچوون : سلێمانی

مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارەی بەسەرەوە نیە.

### ئاوێنە

رۆژنامەیەکی ئەهلی سیاسیی گشتییە

خاوەن ئیمتیاز : هانا رەئوف

سەرنووسەر : ئاسۆس هەردی

جێگری سەرنووسەر : شوان محەمەد

شوێنی دەرچوون : سلێمانی

مێژووی دەرچوونی یەک ژمارەی بەسەرەوە نیە

### جەماوەر

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتی ئازادە

خاوەن ئیمتیاز : هندرێن عەبدولقادر حەمەد

سەرنووسەر : هێمن مەهدی نەقشبەندی

جێگری سەرنووسەر : (ناوی بەسەرەوە نیە)

شوێنی دەرچوون : هەولێر

مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارەی بەسەرەوە نیە

### رێگای کوردستان

هەفتەنامەیەکی سیاسییە، حیزبی شیوعی کوردستان دەری دەکات

خاوەن ئیمتیاز : کەمال شاکر

سەرنووسەر : هندرێن ئەحمەد

جێگری سەرنووسەر : ئاسۆ جەلال

شوێنی دەرچوون : هەولێر

مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارەی بەسەرەوە نیە

### کۆمەڵ

رۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان/عێراق دەری دەکات

خاوەن ئیمتیاز : مەکتەبی راگەیاندن

سەرنووسەر : تۆفیق کەریم ساڵح

جێگری سەرنووسەر : (ناوی بەسەرەوە نیە)

شوێنی دەرچوون : سلێمانی

یەکەم ژمارەی لە ٢٠٠١/٦/٢ دەرچووە.

**میدیا**

ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانyndk دەری دەکات.

خاوەن ئیمتیاز : غەفوور مەخمووری

سەرنووسەر : ئاکۆ محەمەد

جێگری سەرنووسەر : بێستوون نووری

شوێنی دەرچوون : هەولێر

مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارەی بەسەرەوە نیە.

**هاوڵاتی**

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی سیاسی گشتی ئەهلییە، چاپخانەی ڕەنج دەری دەکات

خاوەن ئیمتیاز : تاریق فاتیح حەسەن

سەرنووسەر : توانا عوسمان

جێگری سەرنووسەر : (ناوی بەسەرەوە نیە)

شوێنی دەرچوون : سلێمانی

یەکەم ژمارەی لە ٢٠٠/١١/٥ دەرچووە.

**یەکگرتوو**

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەری دەکات

خاوەن ئیمتیاز : زوهێر محەمەد ئەمین

سەرنووسەر : عەبدولکەریم محەمەد

جێگری سەرنووسەر : (ناوی بەسەرەوە نیە)

شوێنی دەرچوون : هەولێر

یەکەم ژمارەی لە ١٩٩٤/٤/٢٢ دەرچووە.

**تێبینی:** ئەو ناساندنەی بۆ هەفتەنامەکان کراوە هەمان ئەوەیە کە لەدووتوێی لاپەڕەی هەفتەنامەکان هەیە، ئەگەر لە٢٠٠٦/١١/٣٠ بەولا هەرگۆڕانێک بەسەر پێناس و ناوەکان دابێ و لەگەڵ ئەمە پێچەوانە بکەوێتەوە، بەرپرسیاریەتیەکەی بەئەستۆوە ناگرین.

## مێژووی دەرچوون و ژمارە هەڵسەنگێنراوەکانی هەفتەنامەکان

**ئاڵای ئازادی**

لەژمارە (٦٧٧) ی ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/٤ تا ژمارە (٦٨٨) ی ڕۆژی ٢٠٠٦/١١/٢٧

تێبینی : ٢٠٠٦/١٠/٢٣ ژمارەی تازەی دەرنەچووەو بەهۆی هاتنی جەژنی ڕەمەزانەوە کەوتووەتە پشوو.

**ئاوێنە**

لەژمارە (٣٥) ی ٢٠٠٦/٩/٥ تا ژمارە (٤٦) ی ٢٠٠٦/١١/٢٨

تێبینی: ٢٠٠٦/١٠/٢٤ ژمارەی تازەی دەرنەچووەو بەهۆی هاتنی جەژنی ڕەمەزانەوە کەوتووەتە پشوو.

**جەماوەر**

لەژمارە (١٩١) ی ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/٤ تا ژمارە (٢٠٢) ی ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/٤

تێبینی : ٢٠٠٦/١٠/٢٣ ژمارەی تازەی دەرنەچووەو بەهۆی هاتنی جەژنی ڕەمەزانەوە کەوتووەتە پشوو.هەروەها لەڕۆژی ٢٠٠٦/١١/١٣ بەهۆی گرفتی تەکنیکیەوە ژمارەی تازەی دەرنەچووە.

**ڕێگای کوردستان**

لەژمارە (٧٠٧) ی ٢٠٠٦/٩/٦ تا ژمارە (٧١٨) ی ٢٠٠٦/١١/٢٩

تێبینی: ٢٥ /٢٠٠٦/١٠ ژمارەی تازەی دەرنەچووەو بەهۆی هاتنی جەژنی ڕەمەزانەوە کەوتووەتە پشوو.

**کۆمەڵ**

لەژمارە (٢٣٨) ی ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/٢ تا ژمارە (٢٥٠) ی ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/٢

تێبینی: ژمارە (٢٤٥) ی ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/٢١ بۆ هەڵسەنگاندن نەگیردراوەتە دەست، چوونکە ئەو تەنیا هەفتەنامەیەک بووە کە لەوکاتەدا نەکەوتووەتە پشوو.

**میدیا**

لەژمارە (٢٥٦) ی ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/٥ تا ژمارە (٢٦٧) ی ڕۆژی ٢٠٠٦/١١/٢٧

تێبینی: ٢٠٠٦/١٠/٢٤ ژمارەی تازەی دەرنەچووەو بەهۆی هاتنی جەژنی ڕەمەزانەوە کەوتووەتە پشوو.

**هاوڵاتی**

لەژمارە (٢٩٠) ی ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/٦ تا ژمارە

(٣٠٢) ی رۆژی ٢٠٠٦/١١/٢٩

تێبینی: ٢٠٠٦/١٠/٢٥ ژمارەی تازەی دەرنەچووەو بەهۆی هاتنی جەژنی رەمەزانەوە کەوتووەتە پشوو.

**یەکگرتوو**

لەژمارە (٦٠٥) ی رۆژی ٢٠٠٦/٩/٥ تا ژمارە (٦١٦) ی ٢٠٠٦/١١/٢٨

تێبینی: ٢٠٠٦/١٠/٢٤ ژمارەی تازەی دەرنەچووەو بەهۆی هاتنی جەژنی رەمەزانەوە کەوتووەتە پشوو.

## رونکردنەوەو بنەما و پێوانەکان

### (بەپێی ریزبەندی خشتەکان)

**خشتەی (١)**

١- لەهەڵسەنگاندنەکاندا تەنها لاپەڕە جێگیرەکان بەبنەما وەرگیراون و پاشکۆ خولەکیەکان و ناخولەکیەکان پشتگوێ خراون.

٢- لەهەڵسەنگاندنەکاندا ئەو بابەتانەی دەربارەی ژنانی پاشماوەی ئەنفال بڵاوکراونەتەوە بەبنەما وەرنەگیراون.

٣- ریزبەندی ناوی هەفتەنامەکان لەم خشتەیەدا بەپێی بەرزیی رێژەی (٪) رووبەری تەرخانکراو دانراوە.

**خشتەی (٢)**

١- ریزبەندی ناوی هەفتەنامەکان لەم خشتەیەدا بەپێی بەرزیی رێژەی (٪) رووبەری تەرخانکراو دانراوە.

**خشتەی (٣)**

١-لاپەڕە(٢)ی(١٢)ژمارەهەڵسەنگێندراوەکانی هەفتەنامەکانی (رێگای کوردستان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) لەهەربابەت و هەواڵێکی پەیوەندیدار بەگەنجان و ئافرەتان خاڵیە.

٢- لەلاپەڕە (٢) ی (١٢) ژمارە هەڵسەنگێنراوەکانی هەفتەنامەکانی (جەماوەر، ئاڵای ئازادی) بەهۆی نەبوونی شوێنی تایبەت بۆ کورتە هەواڵەکانی لەشێوەی رووداو تێکەلاویەک هەیە، لەسەربنەمای ئەوەش کە ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە زۆربەی رووداون بۆیە هەمووی خراونەتە گۆشەی رووداوەکانەوە.

٣- لە (١٢) ژمارەی هەڵسەنگێندراودا هەفتەنامەی (یەکگرتوو) شوێنی تایبەتی بۆ رووداوەکانی گەنجان و ئافرەتان تەرخان نەکردووەو هیچ رووداوێکیشی بڵاونەکردووەتەوە.

٤ - ریزبەندی ناوی هەفتەنامەکان لەم خشتەیەدا بەپێی بەرزیی ژمارەی کۆی سانتیمترە چوارگۆشەکانی رووبەری تەرخانکراو دانراوە .

**خشتەی (٤)**

١-لەهەڵساەنگاندنەکاندا گۆشەبەندکرنی (رێپۆرتاژ و راپۆرت) بەیەکەوە پەیوەندی هەیە بەوەی کە لەهێندێ لە هەفتەنامەکاندا ئەم دووبابەتە رۆژنامەوانیە تووشی بەنێویەکداچوون هاتوون و لەرووی سیفەتەکانەوە نەتوانراوە بەئاسانی لەیەک جیابکرێنەوە.لەسەر ئەم بنەمایە لەرووی (جۆرێتی بابەتەکان) تەنها بەیەک (جۆر) پێوانەکراون.

٢-لەهەڵسەنگاندنەکاندا گۆشەبەندکرنی (چیرۆکە هەواڵ و بابەتی وەرگێڕدراو) بەیەکەوە، هۆی یەکەمی ئەوەیە کە لەتەواوی هەفتەنامە هەڵسەنگێنراوەکاندا هیچ کامێکی ئەم دوو بابەتە رۆژنامەوانیە بایەخێکی ئەوتۆی نەدراوەتێ، هۆیەکی تریشی هەبوونی چەند چیرۆکە هەواڵێکی وەرگێڕدراوە .

٣- ریزبەندی ناوی هەفتەنامەکان لەم خشتەیەدا بەپێی بەرزیی ژمارەی کۆی سانتیمترە چوارگۆشەکانی رووبەری تەرخانکراو دانراوە .

**خشتەی (٥)**

١- لەهەڵسەنگاندنەکاندا (مەکانەتی بابەتەکان) بریتیە لەوجیاکاریەی لەنێوان لاپەڕە (١) و (٢) و لاپەڕەکانی تردا دیاری کراوە و بەرامبەر بەهەر سانتیمترێکی چوارگۆشەی بابەتی بڵاوکراوە بۆ لاپەڕە (١)(تەنها (٣) خاڵ و بۆ لاپەڕە (٢) تەنها (٢)خاڵ و بۆ لاپەڕەکانی تر

تەنها (١) خاڵی بەلانس هەیە، کە (١٠٠٠) خاڵ بەرامبەرە بە (١) پلەی بەلانس.

٢- لەهەڵسەنگاندنەکاندا پێوانەکردنی (زیندوێتی بابەتەکان) لەسەربنەمای ئاستی ڕۆژەڤێتی بابەت و زمان و شێوازی دارشتن ئەنجامدراوە.

٣- لەهەڵسەنگاندنەکاندا (زیندوێتی بابەتەکان) بەسەر پلەکانی (نایاب، زۆرباشە، باشە) جیاکراونەتەوە کە لەرووی بەلانسەوە بەپێی خشتەی لای خوارەوە بەرامبەر بەپلە و خاڵە دیاریکراوەکانن:

| پلەکانی زیندوێتی | پلەی زیندوێتی بەرامبەر بە پلەی بەلانس | پلەکانی زیندوێتی بەرامبەر بە خاڵەکانی بەلانس |
|---|---|---|
| نایاب | چوار پلەی بەلانس | ٤٠٠٠ خاڵی بەلانس |
| زۆرباشە | دوو پلەی بەلانس | ٢٠٠٠ خاڵی بەلانس |
| باشە | یەک پلەی بەلانس | ١٠٠٠ خاڵی بەلانس |

٤- لەهەڵسەنگاندنەکاندا (جۆرێتی بابەتەکان) لەسەربنەمای گۆشەبەندیەکانی خشتەکانی ژمارە (٣،٢،١) دەست نیشانکراون و لەبەرگرنگی و بایەخی هەواڵ هەواڵەکانی لاپەرە (١) و (٢) و( لاپەرەکانی تر) بەجیا گۆشەبەندکراون و لەسەرئەم بنەمایەش بەجیا خراونەتە نێو جۆرێتی بابەتەکانەوە، کە بەرامبەر بەهەرجۆرێک (١٠٠٠) خاڵ واتا (١) پلەی بەلانس هەیە.

٥- ریزبەندی ناوی هەفتەنامەکان لەم خشتەیەدا بەپێی بەرزیی ئاستی بەلانس دانراوە .

**خشتەی (٦)**

١- ریزبەندی ناوی هەفتەنامەکان لەم خشتەیەدا بەپێی بەرزیی ئاستی بەلانس دانراوە .

**خشتەی (٧)**

١- لەهەڵسەنگاندنەکاندا دابەزینی ژمارەی خاڵەکانی بەلانس بەرامبەر بەغیابی بابەت و مادده ڕۆژنامەوانیەکان لەسەربنەمای ئاستی زەحمەتیەکانی دەستەبەرکردن و ئامادەکردنی بابەتەکە دیاریکراوە.

٢-- ریزبەندی ناوی هەفتەنامەکان لەم خشتەیەدا بەپێی بەرزیی ئاستی بەلانس دانراوە.

**خشتەی (٨)**

١-لەم خشتەیەدا (غیابی گشت لەژمارە) بەو مانایەیە ژمارە هەبوبێت کە هیچ هەواڵ و بابەتێکی پەیوەندیدار بەگەنجان و ئافرەتانی بڵاونەکردبێتەوە.

٢- لەهەڵسەنگاندنەکاندا درێژرۆیی بابەت بەکێماسی لەتوانستی ڕۆژنامەوانی حیساب کراوە، لەسەرئەم بنەمایە هەربابەتێک بە(٢) لاپەرە و لە (٢) ژمارەدا بڵاوکرابێتەوە، لەم خشتەیەدا (٥٠٪) ی ڕووبەری بابەت دابەزێندراوە.

٣- لەهەڵسەنگاندنەکاندا بەئایدیۆلۆژیکردنی هەواڵ بەکێماسی لەئاستی ڕۆژنامەوانی حیساب کراوە، لەسەرئەم بنەمایە هەرهەفتەنامەیەک زیاتر لەجارێک خۆی تووشی ئەوەکردبێت (٣٠٠٠) خاڵ لەبەلانسەکەی دابەزێنراوە.

٤- - ریزبەندی ناوی هەفتەنامەکان لەم خشتەیەدا بەپێی بەرزیی ئاستی بەلانس دانراوە.

**خشتەی (٩)**

١-لەم خشتەیەدا گۆشەی (دواهەمین پلەکان) ئەنجامی کۆتایی هەڵسەنگاندنەکان بەجیاوازی پلەکانەوە دەخاتەروو.

٢- ریزبەندی ناوی هەفتەنامەکان لەم خشتەیەدا بەپێی بەرزیی ئاستی بەلانس دانراوە.

## نەخشەی کۆتایی

لەم نەخشەیەدا هەفتەنامەکان بەپێی پلەکانی سەرکەوتن ریزبەندکراون و براوەکان ئەوانەی خوارەوەن :

- هەفتەنامەی (میدیا)......... براوەی یەکەم
- هەفتەنامەی (هاوڵاتی) ......... براوەی دووەم
- هەفتەنامەکانی (ڕێگای کوردستان، ئاوێنە) ......... براوەی سێیەم

## خشتەی ژمارە (١)

کۆی ڕووبەری بڵاوکردنەوە لە (١٢) ژمارەی هەفتەنامەکاندا بەپێی (سانتیمتری چوارگۆشە) و ڕووبەری تەرخانکراو بۆ بابەتەکانی پەیوەندیدار بەگەنجان و ئافرەتان بەپێی ڕێژەی (%)ی و (سانتیمتری چوارگۆشە) دەخاتەڕوو

| ژ | ناوی هەفتەنامەکان | ژمارەی لاپەڕەکان | ڕووبەری بڵاوکردنەوە بە پێی سانتیمەتری چوارگۆشە | ڕووبەری تەرخانکراو بە پێی سانتیمەتری چوارگۆشە | ڕووبەری تەرخانکراو بە پێی ڕێژەی (%) |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەفتەنامەی میدیا | ٢٤٠ | ٢٥٩١٧٦ | ٢١٥٦٣ | %8,31 |
| ٢ | هەفتەنامەی هاوڵاتی | ٢٤٠ | ٣٠٦٠٠٠ | ١٣١١٣ | %4,28 |
| ٣ | هەفتەنامەی ئاوێنە | ٢٤٠ | ٣٢٠٣٢٨ | ١٥٦١٢ | %4,87 |
| ٤ | هەفتەنامەی جەماوەر | ٢٤٠ | ٣١٩٩٤٤ | ٢٧٤١٧ | %8,56 |
| ٥ | هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان | ١٤٤ | ١٩٣٠٦٨ | ١٢٩٢٨ | %6,69 |
| ٦ | هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی | ٢٤٠ | ٣٢٥١٢٨ | ١٢٨٣٥ | %3,94 |
| ٧ | هەفتەنامەی کۆمەڵ | ١٤٤ | ١٥٢٨٦٨ | ١٢٢١٥ | %7,99 |
| ٨ | هەفتەنامەی یەکگرتوو | ١٤٤ | ١٥٥٥٤٤ | ١٠٢٧٤ | %6,60 |

## خشتەی ژمار (٢)

کۆی ڕووبەری بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەلاپەڕە(١) ی (١٢) ژمارەی هەفتەنامەکاندا بەپێی (سانتیمتری چوارگۆشە) و ڕووبەری تەرخانکراو بۆ هەواڵەکانی پەیوەندیداربەگەنجان وئافرەتان بەپێی ڕێژەی(%) ی و (سانتیمتری چوارگۆشە) دەخاتەڕوو

| ژ | ناوی هەفتەنامەکان | ڕووبەری بڵاوکردنەوە بە پێی سانتیمەتری چوارگۆشە | ڕووبەری تەرخانکراو بە پێی سانتیمەتری چوارگۆشە | ڕووبەری تەرخانکراو بە پێی ڕێژەی (%) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەفتەنامەی میدیا | ١٠٢٠٠ | ٥٣٣ | %5,22 |
| ٢ | هەفتەنامەی هاوڵاتی | ١١٨٨٠ | ١٠٠٨ | %8,48 |
| ٣ | هەفتەنامەی ئاوێنە | ١٣٨٩٦ | ٢٠٥ | %1,47 |
| ٤ | هەفتەنامەی جەماوەر | ١٢٠٠٠ | ٤٠ | %0,33 |
| ٥ | هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان | ١٣١٧٦ | ٧٤٥ | %5,65 |
| ٦ | هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی | ١٣٩٠٨ | ---- | %0,00 |
| ٧ | هەفتەنامەی کۆمەڵ | ١١٤٢٤ | ٦٩٠ | %6,03 |
| ٨ | هەفتەنامەی یەکگرتوو | ١١٠٨٨ | ٢٥٢ | %2,27 |

### خشتەی ژمار (٣)

کـۆی ڕووبــەری بلاوکردنــەوەی هــەواڵ و ڕووداوەکــانی پەیوەندیـدار بەگــەنجان و ئافرەتــان لەلاپەڕە(٢)ولاپەڕەکانی تر ی (١٢) ژمارەی هەفتەنامەکاندا بێجگە لەلاپـەڕە(١) ، بـەپێی (سانتیمەتری چوارگۆشە دەخاتەڕوو

| ژ | ناوی هەفتەنامەکان | ڕووبەری بلاوکردنەوەی هەواڵ لەلاپەڕە (٢) بە پێی سانتیمەتری چوارگۆشە | ڕووبەری بلاوکردنەوەی هەواڵ لەلاپەڕەکانی تر بە پێی سانتیمەتری چوارگۆشە | ڕووبەری بلاوکردنەوەی ڕووداو بە پێی سانتیمەتری چوارگۆشە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەفتەنامەی میدیا | ٧٦٥ | ٧٠ | ٤٤١ |
| ٢ | هەفتەنامەی هاوڵاتی | ١٢٥٠ | ٣١٠٥ | ٨٦٥ |
| ٣ | هەفتەنامەی ئاوێنە | ٣٢٧ | ٥٦٠ | ١٧٣٥ |
| ٤ | هەفتەنامەی جەماوەر | --- | ٢٩٤ | ٢٧٢ |
| ٥ | هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان | --- | ١٥٠ | ١٤٥٥ |
| ٦ | هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی | --- | --- | ١٦٤٤ |
| ٧ | هەفتەنامەی کۆمەڵ | --- | ٨١١ | ٢٦٨ |
| ٨ | هەفتەنامەی یەکگرتوو | --- | ٦٠٤ | --- |

### خشتەی ژمار (٤)

کۆی ڕووبـەری بلاوکردنـەوەی (ڕیپۆرتـاژو ڕاپـۆرت، وتـار، دیدار، کاریکـاتێر، چـیرۆکەهەواڵ و بابـەتی وەرگێڕدراوله (١٢) ژمارەی هەفتەنامەکاندا بەپێی (سانتیمەتری چوارگۆشە) دەخاتەڕوو

| ژ | ناوی هەفتەنامەکان | ڕیپۆرتاژو ڕاپۆرت بە پێی س چ | وتار بە پێی س چ | دیدار بە پێی س چ | کاریکاتێر بە پێی س چ | چیرۆکەهەواڵ و بابەتی وەرگێردراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەفتەنامەی میدیا | ٦٢٩١ | ٨٣٤٤ | ٤٠٣٢ | ٢٤٧ | ٨٤٠ |
| ٢ | هەفتەنامەی هاوڵاتی | ٥٧٤٥ | ٣١٠٥ | ٨٧٠ | --- | --- |
| ٣ | هەفتەنامەی ئاوێنە | ٩٠٦١ | ٣١٩٧ | --- | --- | ٥٢٧ |
| ٤ | هەفتەنامەی جەماوەر | ٢٦٩٣ | ١١٦٧٨ | ١٢٤٢٣ | --- | --- |
| ٥ | هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان | ٤٧٦٠ | ٢٧٩٤ | ٢١٨١ | --- | ٨٤٣ |
| ٦ | هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی | ٣٨٠٤ | ٣٥٤٤ | ١٧٦٨ | ٢٥٢ | ١٨٢٣ |
| ٧ | هەفتەنامەی کۆمەڵ | ٧٨١٧ | ٢٠٥٦ | ٤٥٩ | --- | ١١٤ |
| ٨ | هەفتەنامەی یەکگرتوو | --- | ٥٠٤٣ | ٣٢٨٣ | --- | ١٠٩٢ |

هەواڵنامەی کتێب

## خشتەی ژمار (٥)

پلەوخاڵەکان بۆ (١٢) ژمارەی هەفتەنامەکان بەپێی (زیندوێتی بابەتەکان) و (جۆرێتی بابەتەکان) و(مەکانەتی بابەتەکان) ی پەیوەندیداربەگەنجان وئافرەتان دەخاتەڕوو

| ژ | ناوی هەفتەنامەکان | پلەی زیندوێتی لەبابەتەکاندا | پلەی جۆرێتی لەبابەتەکاندا | خاڵەکانی مەکانەتی بابەتەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەفتەنامەی میدیا | نایاب | نۆپلە | ٢٣٣٩٤ |
| ٢ | هەفتەنامەی هاوڵاتی | نایاب | حەوت پلە | ١٦٣٧٩ |
| ٣ | هەفتەنامەی ئاوێنە | نایاب | حەوت پلە | ١٦٣٤٩ |
| ٤ | هەفتەنامەی جەماوەر | زۆرباشە | شەش پلە | ٢٧٧٧٦ |
| ٥ | هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان | زۆرباشە | حەوت پلە | ١٤٤١٨ |
| ٦ | هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی | زۆرباشە | شەش پلە | ١٤٤٧٩ |
| ٧ | هەفتەنامەی کۆمەڵ | باشە | حەوت پلە | ١٣٥٩٢ |
| ٨ | هەفتەنامەی یەکگرتوو | باشە | پێنج پلە | ١٠٧٧٨ |

## خشتەی ژمار (٦)

بەرزبوونەوەی بەلانس بەهۆی پلەوخاڵەکان لەسەربنەمای پێوانەکان بۆ (١٢) ژمارەی هەفتەنامەکان لەپەیوەست بەبابەتە پەیوەندیدارەکانی گەنجان و ئافرەتان بەپێی ریزبەندی خشتەکان دەخاتەڕوو

| ژ | ناوی هەفتەنامەکان | بەلانس لەخشتەی (١) | بەلانس لەخشتەی (٢) | بەلانس لەخشتەی (٣) | بەلانس لەخشتەی (٤) | بەلانس لەخشتەی (٥) | کۆی بەلانس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەفتەنامەی میدیا | ٨٠٠٠ | ٥٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ٥٠٠٠ | ٣٦٣٩٤ | ٥٧٣٩٤ |
| ٢ | هەفتەنامەی هاوڵاتی | ٤٠٠٠ | ٨٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ٢٧٣٧٩ | ٤٥٣٧٩ |
| ٣ | هەفتەنامەی ئاوێنە | ٤٠٠٠ | ١٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ٢٧٣٤٩ | ٣٨٣٤٩ |
| ٤ | هەفتەنامەی جەماوەر | ٨٠٠٠ | --- | ٢٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ٣٥٧٧٦ | ٤٨٧٧٨ |
| ٥ | هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان | ٦٠٠٠ | ٥٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ٤٠٠٠ | ٢٣٤١٨ | ٤٠٤١٨ |
| ٦ | هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی | ٣٠٠٠ | --- | ١٠٠٠ | ٥٠٠٠ | ٢٢٤٧٩ | ٣١٤٧٩ |
| ٧ | هەفتەنامەی کۆمەڵ | ٧٠٠٠ | ٦٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ٤٠٠٠ | ٢١٥٩٢ | ٤٠٥٩٢ |
| ٨ | هەفتەنامەی یەکگرتوو | ٦٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ١٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ١٦٧٧٨ | ٢٨٧٧٨ |

## خشتەی ژمار (٧)

دابەزینی بەلانس بەهۆی بڵاوکردنەوەی (ڕێپۆرتاژو ڕاپۆرت، وتار، دیدار، کاریکاتێر، چیرۆکەهەواڵ و بابەتی وەرگێڕدراو) ی پەیوەندیدار بەگەنجان و ئافرەتان لە (١٢) ژمارەی هەفتەنامەکاندا دەخاتەڕوو

| ژ | ناوی هەفتەنامەکان | غیابی ڕیپۆرتاژو ڕاپۆرت دابەزینی (٣٠٠٠)خاڵ | غیابی وتار دابەزینی (١٠٠٠) خاڵ | غیابی دیداردابەزینی (٢٠٠٠) خاڵ | غیابی کاریکاتێردابەزینی (١٠٠٠) خاڵ | غیابی چیرۆکەهەواڵ و ب. وەرگێردراو (١٠٠٠)خاڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەفتەنامەی میدیا | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٢ | هەفتەنامەی هاولاتی | --- | --- | --- | ١٠٠٠ | ١٠٠٠ |
| ٣ | هەفتەنامەی ئاوێنە | --- | --- | ٢٠٠٠ | ١٠٠٠ | --- |
| ٤ | هەفتەنامەی جەماوەر | --- | --- | --- | ١٠٠٠ | ١٠٠٠ |
| ٥ | هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان | --- | --- | --- | ١٠٠٠ | --- |
| ٦ | هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٧ | هەفتەنامەی کۆمەڵ | --- | --- | --- | ١٠٠٠ | --- |
| ٨ | هەفتەنامەی یەکگرتوو | ٣٠٠٠ | --- | --- | ١٠٠٠ | --- |

## خشتەی ژمار (٨)

دابەزینی بەلانس بەهۆی(ئایدیۆلۆژیی هەواڵ،غیابی هەواڵ لەلاپەڕە (١،٢) غیابی گشت لەژمارەدا، بابەتی (٢)لاپەڕەیی، غیابی شوێنی تایبەت بەڕووداوەکان ) ی پەیوەندیدار بەگەنجان و ئافرەتان لە (١٢) ژمارەی هەفتەنامەکاندا دەخاتەڕوو

| ژ | ناوی هەفتەنامەکان | غیابی هەواڵ لەلاپەڕە (١) دابەزینی (٣٠٠٠) خاڵ | غیابی هەواڵ لەلاپەڕە (٢) دابەزینی (٣٠٠٠) خاڵ | غیابی شوێنی تایبەت بۆ ڕووداوەکان دابەزینی (٣٠٠٠) خاڵ | غیابی گشت لەژمارە دابەزینی (٣٠٠٠) خاڵ | بابەتی (٢) لاپەڕەیی دابەزینی 50%ی ڕووبەری بابەت | ئایدۆلۆژیی هەواڵ دابەزینی٣٠٠٠خاڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەفتەنامەی میدیا | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٢ | هەفتەنامەی هاولاتی | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٣ | هەفتەنامەی ئاوێنە | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٤ | هەفتەنامەی جەماوەر | ٣٠٠٠ | --- | ٣٠٠٠ | --- | ٥٤٠٠ | --- |
| ٥ | هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان | --- | ٣٠٠٠ | --- | --- | --- | --- |
| ٦ | هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی | ٣٠٠٠ | --- | ٣٠٠٠ | ٣٠٠٠ | --- | --- |
| ٧ | هەفتەنامەی کۆمەڵ | --- | ٣٠٠٠ | --- | --- | --- | ٣٠٠٠ |
| ٨ | هەفتەنامەی یەکگرتوو | --- | ٣٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ٣٠٠٠ | --- | ٣٠٠٠ |

### خشتەی ژمارە( ٩ )

ئەنجامە کۆتاییەکان و دواهەین ئاستی بەلانسی (١٢) ژمارەی هەڵسەنگێنراوی هەفتەنامەکان بەپێی پێوانەدیاریکراوەکانی بایەخدان بە بابەتەکانی پەیوەندیدار بەگەنجان وئافرەتان دەخاتەروو

| ژ | ناوی هەفتەنامەکان | کۆی بەلانسی پێشوو | دابەزینی بەلانس لەخشتەی (٧) | دابەزینی بەلانس لەخشتەی (٨) | کۆی بەلانسی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەفتەنامەی میدیا | ٥٧٣٩٤ | --- | --- | ٥٧٣٩٤ |
| ٢ | هەفتەنامەی هاولاتی | ٤٥٣٧٩ | ٢٠٠٠ | --- | ٤٣٣٧٩ |
| ٣ | هەفتەنامەی ئاوێنە | ٣٨٣٤٩ | ٣٠٠٠ | --- | ٣٦٣٤٩ |
| ٤ | هەفتەنامەی جەماوەر | ٤٨٧٧٨ | ٢٠٠٠ | ١١٤٠٠ | ٣٥٣٧٨ |
| ٥ | هەفتەنامەی رێگای کوردستان | ٤٠٤١٤ | ١٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ٣٦٤١٤ |
| ٦ | هەفتەنامەی ئالآی ئازادی | ٣١٤٧٩ | --- | ٩٠٠٠ | ٢٢٤٧٩ |
| ٧ | هەفتەنامەی کۆمەڵ | ٤٠٥٩٢ | ١٠٠٠ | ٦٠٠٠ | ٣٣٥٩٢ |
| ٨ | هەفتەنامەی یەکگرتوو | ٢٨٧٧٨ | ١٠٠٠ | ١٢٠٠٠ | ١٥٧٧٨ |

### میدیا

**براوەی یەکەمی پرۆژەی گەشە پێدانی کۆمەلایەتی لەرۆژنامەگەری کوردیدا**
**خەلآتی ( خۆری زێڕین )ــی بزاڤی ژیان بەدەست دەهێنێ**



# یەکسانی و بەراوردکردن
# لە ڕاگەیاندنی چوار دەوڵەتی ئەوروپیدا



د.ئەکرەم ئێنێن (ئازاد)

و/لەسویدییەوە: دکتۆر سەپان

هەواڵنامەی کتێب

**ئەوروپایەکی دیکە "روسیا"**

پرسیارەکانی تایبەتن بە ڕەگەزی نێوان نێر و مێ، دەتوانین بڵێین لەسەر ئاستی حکومەت زۆر لەبەرزی دان و لە هەمان کاتیش لە خوارەوە و کاری ڕۆژانەی روسیا، تەواو پشتگوێ خراون. سەیرکردن بەم شێوەیەی سەرەوە و جیاوازی و لەیەک ئەوەندە دوورییەی نێوانیان، باوەڕ ناکری هەبێ چونکە ئەم ناوچەیە دوو مێژووی هەیە. یەک مێژووی روسیا (روسیای کۆن)، ئەوەی دیکەش مێژووی یەکێتی سۆڤیەتە. لە ئەنجامی هاتنە کایەی واقیعی نوێ و ڕاگرتنی باری ئێستای وڵات، هەردووک سیستێمی کۆن و نوێ بەیەکەوە زۆر ئاڵۆز و لەیەک دوورن.

پرێسترۆیکە بۆ پرسیاری ژن، وەک جۆرێک لە سەرهەڵدان و لە دایکبوونەوەیەکی سروشتی بوو. میخائیل گورباتشۆڤ ئاشکرای کرد، کە دەیەوێت ژن ڕزگار بکات و ئەو دەرفەتییە پێبدا، کە هەست بکەن، لەماڵەوەن و پرسیارەکەیان بەڕێزەوە سەیر دەکرێ. گورباتشۆڤ لەم قسەیەی مەبەستی ئەوە بوو، کە ریفۆرم دەرگای نوێ دەکاتەوە و مرۆڤ وەک تاک، کاتی زۆرتر بۆ ژیانی تایبەتی خۆی ئازادی زۆرتر دەبێت، کە پێشتر لە ناو کۆمەڵگا و سیستێمی یەکێتی سۆڤێت نەیان بوو و لێی بێبەش بوون. لەو کات (سەردەمی یەکێتی سۆڤێت)، ژیان و گرفتی تایبەتیش بە حیزب و کۆمەڵەوە بەسترابوونەوە و پەیوەندی بەتینیان لە نێوان

هەبـوو. لێرە حکومەت دوو مەرجی بۆ ژن دانابوو: ئەوان دەبوایـە لە ناو پیـاوان کارکەری "باش" بـن و لە کۆمەڵ "دایکی" نموونەیی بن.

دەسـتووری روسـیا جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکات، کـە ژن و پیاو مافیـان لە ئازادی و هەڵبژاردن یەکسـانە، بەڵام پرینسـیپی بە یەکسانی کردنی ئەوان، بەتایبەتیش لە ئۆرگانەکانـی بەرزی دەوڵـەت و دابەش کردنی کارەکانی حکومـەت لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا لە پراکتیک ئاسـان نییـە. لـە هەڵبژاردنی پەرلەمانی روسـیا لە سـاڵی ١٩٩٣ ریـژەی ژنـی ئەندام پەرلەمـان تەنیا ١٤٪ بوو، لە سـاڵی ١٩٩٥ ڕێژەیـان ١٠٪ بـوو لە سـاڵی ١٩٩٩ ئەم ڕێژەیە بۆ ٧،٧٪ دابەزی. لە دوا هەڵبژاردنی روسیا کەلە ساڵی ٢٠٠٣ کرا، ڕیـژەی ژنانی ئەندام پەرلەمان لە ١٠٪ ی تێنەپەڕاند. (بۆ زیاتر ئاشـنا بـوون، سـەیری: //www.gender.ru http):بکـە. بوونـی ئەم ڕێژە نایەکسـانییە لـە پەرلەمان، ناتوانێـت بەرژەوەندییەکانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتی یان تایبەتمەندێتی ژن لە کۆمەڵ بپارێزێت.

### ئەزموون و مووچەی کەم لە "کار و پیشەی ژنانە"

لەوانـەی بەشـداری چالاکانە لە بوژانـەوەی ئابووری روسـیا دەکـەن ٤٧٪ ژنن. ئەوان مووچـەی مامناوەندیان هەیـەو کاری ژنانـە دەکەن. مەبەسـتمان لـە کاری ژنانە بۆ نموونە: (پیشەسـازی سـووک، کارگەی بەرهەمهێنانی قوماش...هتـد) ریـژەی ٤٠٪ لـە مووچەکەیـان کەمتـرە، بەبەراورد لەگـەڵ کاری پیاوانـە وەک: دەرهێنانی نەوت، کـە ١٠٠٪ مووچەی تەواوی خۆیان وەردەگرن. مووچەی ژن لە روسـیا بەگشـتی لە پیاو کەمتـرە، لەکاتێکدا ئەگەر ئەوان هەمان کاری پیاوانیش بکەن! (هەمان سـەرچاوەی پێشوو).

بـە گوێرەی ئاماری حکومی، کە لە سـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٠ کـرا، پیـاو لـە هەفتەیـەک ٣٩،٩ کاتژمێـر و ژنیش ٣٧،٩ کاتژمێـر کاریان دەکـرد. لە هەمان کات، ئەو کارەی مرۆڤ بەبێ مووچە لەماڵەوە دەیکات بە گوێرەی دەزگای "ناوەندی لێکۆڵینـەوەی بازاڕی کار" ڕۆژانە ١،٤ کاتژمێرە بـۆ پیـاو و بۆ ژنانیـش دووبەرانبەر ئەوەندەیـە. ڕۆژانی پشوودان کاری ژنان لە ماڵەوە زیاتر دەبێت. کاری ماڵەوە بۆتە بەربەسـتی گـەورە، لەبەردەم یەکسـانی هەردووک ڕەگەز لە مەیدانی کارکردن دا.

> **ڕۆژانـی پشـوودان کاری ژنـان لـە ماڵـەوە زیاتر دەبێت. کاری ماڵەوە بۆتە بەربەستیگەورە، لەبەردەم یەکسانی هەردووک ڕەگەز لە مەیدانی کارکردن دا**

### لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن یەکسانی چۆن دیارە

لە پرسـیاری یەکسـانی لە نێوان هەردووک ڕەگەز لە نێـوان پیـاو و ژن لـە مێدیاکانـدا چۆن دیـارە و چۆنیش

کارتێکی پیاو و ژن لەم پیشەی دابەش کراوە و ڕەنگی داوەتەوە. زۆربوونی ڕێژەی ژن لە میدیاکانی روسیا گرفتی زۆر گەورەن. پێش نزیکەی ٢٠ ساڵ ڕێژەی ژن و پیاو لە ڕۆژنامەنووسان تەواو وەک یەک بوو، بەڵام لەو کات، کاری گران و بەرپرسیتی بە پیاوان دەدرا و ژنانیش کاری خوارەوە و پەیامنێریان دەکرد. پاش رووخانی یەکێتی سۆڤیت ئەم دابەشکردنە گۆرانکاری بەسەرداهات. ئێستا زیاد لە ٩٠٪ لەوانەی لە بەشی ڕۆژنامەگەری دەخوێنن لە ڕەگەزی ژنن. بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەی کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کردوویەتی، ڕێژەی ژن نزیکەی ٨٠٪ لە میدیاکانی روسیایان داگیر کردووە."١".

لە ناوچەکان جیاوازی بەرچاو دەبیندرێت. وەک پێشان، لە شاری مۆسکۆ پیاوان کارە گەورەکانیان پێدەدرێت. تا ئێستا یەک ژن بەرێوەبەری گشتی هیچ کەناڵێکی تەلەفزیۆن یان ئاژانسی هەواڵ نییە. ڕێژەی ژنانی ڕۆژنامەنووس لەناو سەرنووسەرانی ڕۆژنامە گەورەکان زۆر کەمە. لە هەمان کات لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوچەکانی دیکە، مووچە بە گشتی زۆر کەمترە و ڕێژەی ژنانی سەرنووسەریش زیاترە. زۆر لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆ لەلایەن ژنەوە دەردەچن و ئەوانیش بەرێوەی دەبەن. ئەگەر مووچە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکومەت و ئەهلی بەراورد بکەین، ئەوا دەزگا حکومییەکان نزیکەی ٣٠٪ کەمتر مووچە بە کارمەندانیان دەدەن. "٢".

ئەم مووچە کەمە بۆتە هۆی ڕاستەوخۆیە لە بەهێزبوونی "فێمینیزم" لە پیشەی ڕۆژنامەگەری. پیاوەکان واز لە ڕۆژنامەنووسی دەهێنن و بە دوای ئەو کارانەی، کە مووچەی بەرزترە وەک سیاسەت، بازرگانی، دەگەڕێن، لەهەمان کات، ژن وەک پێشان بە پارەی کەم و کاری زۆر ڕازییە.

لێرە ژن مەرجیان بۆ کار وەرگرتن کەمترە، بە کاری خراپتر ڕازین و مووچەشیان کەمترە. ئەو ژنانەی منداڵی بچووکیشیان هەیە، زۆر سەخت ترە بۆیان، تا بتوانن لە شوێنێک دامەزرێن. جگە لەوانەی سەرەوە، وەرگرتنی پۆستی بەرز، تا بتوانێت بگاتە لووتکەی کاری خۆی بۆ ژن گرانترە. ئەوانەی دەرفەتیان زۆرترە، بۆ زیاتر خۆپەروەردەکردن و فێربوون و قوڵبوونەوە لە کاری خۆیان، لە ڕێگای کۆرسی جیا جیا و خوێندنی زیاتر، پیاون نەک ژن!

پێشتر لە ترادیسیۆنی میدیا و بابەتی ژن و بەرزکردنەوەی پرسەکەیان، بەتایبەتیش ئەو پرسانەی ژن بە پەرۆشیەوەن وەک: پرسیارەکانی خێزان،

"
**لێرە ژن مەرجیان بۆ کار وەرگرتن کەمترە، بە کاری خراپتر ڕازین و مووچەشیان کەمترە. ئەو ژنانەی منداڵی بچووکیشیان هەیە، زۆر سەخت ترە بۆیان، تا بتوانن لە شوێنێک دامەزرێن**
"

هەواڵنامەی کتێب

پەیوەندییەکانی کۆمەڵ و مرۆڤ لەگەڵ پرسیارەکانی تەندروستی، ژن زاڵ بوون و ڕەنگدانەوەی ئەوانیان پێوە دیار بوو. ئێستا لەگەڵ بەرەو پێشوەچوونی دیموکراتیەت لە روسیا، ئەو وردە گۆڕانکارییەی لە مێدیا روودەدات کەمێک بە ئاراستەی باشتر و لە بەرژەوەندی پرسیاری ژن دایە. ژن زۆرتر کار لەسەر ئەو پرسانە دەکات، کە پێشتر تەنیا پیاو خەریکی بوو، ئەوانەش وەک: سیاسەت، ئابووری، تەکنۆلۆژیا، زانست، جەریمە لەگەڵ وەرزش. لە باسکردنی ئەم پرسانە ژن توانا و پسپۆری خۆیان باش سەلماندووە.

پرسیارێکی دیکە چۆن پیاو و ژن لە مێدیاکان باس دەکرێن و پێشکەش دەکرێن. لە مێدیاکانی روسیا، ژن زۆربەی جار وەک خەتابار (ئۆفر) یان سیمبۆلی سێکس باس دەکرێ. ژنەکان بە سووکی و گاڵتە پێکردنەوە باسیان دەکرێ. بەم جۆرە باسکردنە، تەنیا لەلایەن پیاوەکانەوە باس ناکرێ بەڵکو لەلایەن ژن خۆشیانەوە بەم شێوەیەی سەرەوە باس دەکرێن. ئەگەرچی ڕێژەیەکی زۆر لە ڕەگەزی ژن لە بواری زانست و کاروباری دەوڵەت بەناوبانگن و سەرکەوتنی زۆریان لە کارەکانی خۆیان بەدەست هێناوە، لەگەڵ ئەوەش پیاو وەک پسپۆر و ڕاوێژکار کاریان پێدەدرێ.

بەگوێرەی ئەو ئامارەی بۆ کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژنامەنووس کرا، نیشانی دەدات، کە ئەو پێشنیارانەی لەلایەن، ژنانەوە کراوە و پەسند کراوە بە ڕێژەی تەنیا ١٪ لە هەموو مێدیای نەتەوەیی روسیا لە ساڵی ١٩٩٥ کاری پێکراوە و لە ساڵی ٢٠٠١ ئەم ڕێژەیە بۆ ٢٪ بەرز بۆتەوە"٣". ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە نیشانی دەدات کە مێدیای روسیا ڕەنگدانەوەی ڕاستی کۆمەڵگای روسیای پێوە دیار نییە. بۆ ئەوەی بەتەواوی بزانین، پیاو و ژن چۆن لە مێدیاکان باس دەکرێن، پێویستی بە قووڵتر لێکۆڵینەوە لەسەر هەردووک ڕەگەز هەیە.

سیاسەتی ڕاست دەتوانێت کار بۆ ئەم جیاوازییە لە مێدیا بکات. پێش هەموو شتێک دەبێت سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، هەوڵ بدات، جیاوازی لە مەرجی وەرگرتن نەکرێت، لە مووچە و قووڵبوونەوە و بەرزبوونەوە لە کار، جیاوازی نەمێنێت. سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی روسیا لەگەڵ کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی ژنان، بایەخی زۆرتری پێبدرێت. زیاتر بەچاوی یەکسانی باس لە کێشەی ژن لە مێدیاکان بکرێت.

**"لە مێدیاکانی روسیا، ژن زۆربەی جار وەک خەتابار (ئۆفر) یان سیمبۆلی سێکس باس دەکرێ. ژنەکان بە سووکی و گاڵتە پێکردنەوە باسیان دەکرێ. بەم جۆرە باسکردنە، تەنیا لەلایەن پیاوەکانەوە باس ناکرێ بەڵکو لەلایەن ژن خۆشیانەوە بەم شێوەیەی سەرەوە باس دەکرێن"**

## بەریتانیا

بەریتانیا شوێنێکی باش لە کار پێکردن و دانی کار بە ژنان داگیر دەکات. دەبێت ئەوەش بێنینەوە یاد، لەو ڕێژەیەی ٦٣،٥٪ کە کار دەکەن، ڕۆژانە نیو دەوام کار دەکەن، یانی ٤ کاتژمێر. لەو کاتەی ژن منداڵی دەبێت، زۆربەی کاتەکان بە تەنیا ئەو لەماڵ منداڵ بەخێو دەکات. (ئەگەر لە سوید ژن منداڵی ببێت، بۆی هەیە نزیکەی ١،٥ساڵ لەگەڵ منداڵەکەی بێت و بەخێوی بکات. هەموو ئەو کاتە ٨٠٪ مووچەی تەواوی خۆی وەردەگرێت. لێرە باوک دەتوانێت لەجیاتی دایک لەماڵەوە لەگەڵ منداڵەکەی بێت. ئەویش هەمان مافی دایکی هەیە. ساڵ دوای ساڵ ڕێژەی ئەو باوکانەی دەیانەوێت لەگەڵ منداڵەکەیان بن، لە زیاد بووندایە. وەرگێڕ). لێرە زۆر بەدەگمەن باوک بەڕۆژ لای منداڵی دەمێنێتەوە. دایکان ١٤ هەفتە لەگەڵ منداڵیان دەمێننەوە و ٨٠٪ مووچەیان وەردەگرن.

خەریکە ژنی زۆرتر دادەمەزرێنن و پیاوانیش دەردەکەن، ئەمەش تەنیا لەو کاتەی، ئەگەر لە دەفتەری کاری (کونیە) ژنان نووسرابێت، بە نیو دەوام ڕازین (نیو دەوام یانی نیو مووچە. وەرگێڕ)، بە کارکردن لە کاتی جیاو ناخۆش لەگەڵ پاپەند نەبوون بە هیچ ڕێکخراوێکی پشتیوان کەر. هەندێک ژن پۆستی بەڕێوەبردنی بانکیشیان پێسپێردراوە، ئەوانە کەمن، بەڵام هەن. لە ناو ٨١ کەسی پیاو، سێ یان ژنن!

لە بەریتانیا مووچەی ژنان بە بەراورد لەگەڵ پیاوان ٥٣-٦٩٪ یە، (یانی زۆر کەمتر. وەرگێڕ) ئەگەر ژنان هەمان کاری پیاوانیش بکەن. یاسایەک لە دەوڵەتانی بازاری هاوبەشی ئەوروپا و بەریتانیا هەیە، کە دەڵێت: مووچەی پیاو و ژن لەسەر کار دەبێت وەک یەک بێت.

لە بەریتانیا مانگانە ٦٠٠ کەس یاداشت پێشکەش بە دەزگای (Employment Casework) دەکات، کەلەسەر کار جیاوازی لە مووچە یان ڕەگەزیان کراوە. ژن کاری خراپتریان پێدەدرێ و مەرجی وەرگرتنیان گرانترە. بەریتانیا ڕازی بووە، لەسەر ئەوەی پەیڕەوی یاساکانی لیژنەی ئەمستەردام بکات، کە دەکاتە یەکسانی لە کارکردن. "٤".

بەگوێرەی ڕێکخراوەکانی UK Nation Agenda ی پەرەگرافی ٥، میدیاکان دەتوانن کاریگەریی زۆریان لەسەر خەباتی ژنان بۆ یەکسانی هەبێت. نەمانی جیاوازی لە میدیاکان، دەکرێ بۆ لق و پۆپەکانی دیکەی ناو کۆمەڵیش تەشەنە بکات و بڕوا. بۆ ژنانی گەنج هەندێک ترسناکترە، لەبەرئەوەی توانای ئەوان زۆر جار خەفە دەکرێ.

**باوک دەتوانێت لەجیاتی دایک لەماڵەوە لەگەڵ منداڵەکەی بێت. ئەویش هەمان مافی دایکی هەیە. ساڵ دوای ساڵ ڕێژەی ئەو باوکانەی دەیانەوێت لەگەڵ منداڵەکەیان بن، لە زیاد بووندایە**

لە ساڵی ٢٠٠٠ ڕێکخراوی ژنان بەناوی: Wmens National Commission on) the implementation of the Beijing (Platform for Action in the UK لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ٤ ملیۆن ژنی ئینگلیز کرد. بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر کۆمەڵگای بەریتانی و ڕۆلی ئەوان تێدا پرسیاریان لێکرا و ڕایان وەرگیرا. ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە نیشانی دا، کە ژن و کارتێکی ژنانی بەریتانی لە میدیاکان کەمە و ژنانیش بەگشتی پۆستی گەورەیان پێنادرێ. "٥"

ژنانی ئینگلیزی لەوە ڕازی نین، کە ئەوان بەخراپە لە میدیاکان باس دەکرێن.

زۆربەی کات ژن بۆ ڕێکلام سوودیان لێوەردەگیرێ و بەچاوی پیسیش سەیر دەکرێن و باس دەکرێن. ڕۆژنامەکانی بەریتانی هەوڵدەدەن، هەر بەوشێوە نەگۆڕەی هەیە بمێننەوە. لاپەڕەی زیاد تایبەت بە ژنان زیاد ناکرێ، لەوانەش زۆرجار وەک سیمبۆلی سێکس باسیان لێوە دەکرێ. ئەو ژنانەی کەمێک چوونەتە تەمەن، تەواو پشتگوێ خراون. ژنان تا ئێستا کارتێکیان لەسەر میدیا کەمە، ئەگەرچی پلەیان دەگاتە بەڕێوەبەری مامناوەندی، بەڵام بەرز تر نا. بۆ نموونە تەنیا دوو سەرنووسەری ژن لە هەموو ڕۆژنامە میللییەکانی بەریتانیا هەن. بەم دوایە ژن کاری بەڕێوەبەری گشتییان لە رادیۆ و تەلەفزیۆن پێدراوە. لە BBC ژمارەی ژنانی بەڕێوەبەر زیاد دەکەن، بەڵام بە درێژایی مێژوو ژنێک نەبۆتە بەڕێوەبەری گشتی ئەم دەزگایە"٦". ڕێژەی ٧٠٪ لەو ژنە ڕۆژنامەنووسانەی کەلە ڕۆژنامەی جیا کاردەکەن، هەست دەکەن، کە ئەو شانسەیان پێنادرێ تا بتوانن زیاتر خۆیان پەروەردە بکەن و خۆیان پێش بخەن. ژنانی ڕۆژنامەنووس هەست دەکەن، لەگەڵ بەساڵاچوونی تەمەن، هێشتنەوەیان لە کارە گرنگەکان گرانتر دەبێ. چەند پیرتر ببێت، ئەوەندە گرانترە بەرەو پێشەوە بڕوات، پۆستی باشتر وەربگرێت یان لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە. ئەم بیردۆزە بۆ پیاوان تەواو پێچەوانەیە. پیاوانی ئینگلیز قەت سیاسەتی یەکسانیان بەتەواوی جێبەجێ نەکردووە. لە ١٥ ساڵی ڕابردوو چەندین ڕێکخراو پلانیان بۆ یەکسانی لە نێوان هەردووک ڕەگەز لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پووچ بووەوە و سەرکەوتنیان بۆ باشتر کردنی مەرجەکانی کار و یەکسانی بەدەست نەهێنا"٧". ئێستا هەموو ئەوانەی لە میدیا کار دەکەن، تێگەیشتوون دەبێت چارەسەرێک بۆ ئەمە بدۆزرێتەوە و باری ژنان باشتر بکرێت. حکومەت دەبێت یارمەتی میدیا بدات و چارەسەرێک بۆ ئەو بارودۆخە بدۆزێتەوە.

## دانیمارک

لە دانیمارک ڕێژەی ڕۆژنامەنووسانی ژن لە میدیاکانی میللی لە زیاد بووندایە. ژنان لە ٤٠٪ ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پێکدێنن"٨". لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ یەکەم جار ژمارەی ئەو کچانەی لە بەشی ڕاگەیاندن وەرگیران لە ڕێژەی پیاوان زیاتر بوو"٩". دابەشکردنی کار لە نێوان پیاو و ژن لە میدیاکان جیان. بۆ نموونە زۆرترین ژمارەی ژنان لە گۆڤارە هەفتەییەکان هەیە و لە ڕۆژنامە ڕۆژانەکان، ڕێژەی پیاوان زیاترە. وەک لە وڵاتانی دیکە، ژن و پیاو لە ڕوانگەی جیاوە باس دەکرێن. کارتێکی پیاوان لە سیاسەت و ئابووری تا ئێستا زۆر لە ژنان زیاترە. تا ئێستا بە شێوەی کۆن باس لە ژنانی سیاسەتمەدار دەکرێ. سەنگی زۆرتر دەخرێتە سەر ئەوەی، کە ئەوان لە پێشدا ژنن، ئینجا سیاسەتمەدار. مەرجەکانی دامەزراندن بۆ ژنانی ڕۆژنامەنووس خراپترە و مووچەشیان کەمترە. بەگشتی ژنان ٩٤٪ لەو پارەیەی پیاوان وەردەگرن، ئەگەرچی هەمان کاریش دەکەن"١٠" دامەزراندنی ژنانی گەنج زۆر سەخت ترە. هەموو ڕۆژنامەکان، هەوڵ دەدەن، کەمتر خەڵک دابمەزرێنن و سەنگی خۆیان دەخەنە سەر ڕۆژنامەنووسانی ئازاد، کاری ڕۆژنامەنووسانی ژنی ئەوەندەی دیکە گران کردووە. ئەوەندە زۆر لەمێژ نییە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کۆبوونەوەیەکی لەسەر پرسی یەکسانی کرد. ئەگەر چی ڕێژەی ژنان




**ڕێژەی ژن و پیاو لە ڕاگەیاندن لە چوار دەوڵەتی ئەوروپی: سوید، روسیا، دانیمارک لەگەڵ بەریتانیا**

لە ناو سەندیکا زۆرە، لەگەڵ ئەوەش ئەوان تەنیا ئەندامی ساکارن و پیاوانیش پۆستی بەرزیان پێدراوە. ئەوەش دەکاتە ئەوە، کە خەباتی یەکسانی میدیا بە هێواشی بڕوا. ئێستا زۆر لە میدیاکانی دانیمارکی باس لە یەکسانی دەکەن، بەڵام بۆ باشتر چاککردنی، دەبێت پێشنیازی چارەنووسساز بنووسرێن و کاریان لەسەر بکرێ.

## یەکسانی لە ڕۆژنامەگەری وەرزش

توێژەرانی میدیا و ڕۆژنامەنووسان لەسەر ئەوە کۆکن، کە نوێنەری ژن لەم بوارە کەمە. لە سێمیناری یەکسانی، کەلە ١٦ مایسی ٢٠٠٣ لە ستۆکهۆلم دەربارەی وەرزش و ڕۆژنامەنووسانی ژن بەسترا، نوێنەری BBC، ڕۆژنامەی ئەفتۆنبلادێت، ڕۆژنامەی سڤێنسکە داگبلادێت لەگەڵ ڕادیۆ بەشداریان کرد. یەک لە پرسیارە سەرەکییەکانی کۆنفراس ئەوەبوو: بۆ ڕێژەی ژن لە دەستەی نووسەران بە گوێرەی قسەی Sofi Sjöstedt لە وەرزش و باسکردن لەم بوارە کەمە و تەنیا بە ڕێژەی ٧٪ هەیە؟ لە دەستەی نووسەرانی BBC ئەم ڕێژەیە خۆی لەنێوان ٥-١٣٪ دەدات. پاتریک یونگێ بەڕێوەبەری بەرنامەی وەرزش لە بی بی سی گوتی "ئێمە گرفتێکمان هەیە".

مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە، کە بینەران دەبێت بەرنامەی خۆیان لە کەناڵی خۆیان بناسنەوە. هەمان شتیش بۆ ئەوانەی لەدەرەوەی بەریتانیا هاتوون و لە بی بی سی کار دەکەن، ڕێژەی ئەوان تەنیا ٣ ٪ یە . ئەم گرفتە لەڕاستیدا لەناو ڕێکخراوی بی بی سی هەیە. بە گوێرەی قسەی پاتریک یۆنگێ، ڕێژە کەمەکان (ژن و پەناهەندە) لە ناو دەستەی نووسەران کەمن و بەش ناکەن. Ania Hirdman توێژەر لە فاکولتێتی ڕۆژنامەگەری ستۆکهۆلم، ڕەخنەی لەناوەڕۆکی نووسینەکانی وەرزش و هەڵبژاردنی وێنە و فیلمەکان گرت. بەڕای ئەو یەک لەو هەڵبژاردنانە ئەوەیە: ژنان زۆرتر لە کاتی ژیانی تایبەتی خۆیان، نیشان دەدرێن و وەک سیمبۆلێکی سێکس باس دەکرێن، لە هەمان کات، پیاو لە کاتی مەشق و یاریکردن نیشان دەدرێت و باسی لێوە دەکرێ. Lasse Anrell نووسەری وەرزش لە ڕۆژنامەی ئەفتۆنبلادێت، دژی ئەم بۆچوونە وەستا و بەبێ بناغەی لەقەڵەمدا. ئەو مەبەستی ئەوە بوو، کە هەندێک لە وێنە




**نوێنەرایەتی ژن لە بەشی وەرزش لە چوار دەوڵەتی ئەوروپی: سوید، روسیا، دانمارک لەگەڵ بەریتانیا**

و فیلم بۆ پیشـــاندان هەڵدەبژێردرێن، بە هەڵە نیشان دەدرێن. ئەویش ڕای لەسەر ئەوە بوو، کەلە ناو دەســـتەی نووســـەران هەندێک جار بە چـــاوی دیکە ســـەیری ژن دەکرێ، بەڵام لەو بڕوایەدابوو، کە بارودۆخەکە لەگەڵ کات چارەسەر دەکرێ.

Lasse Svensson بەڕێوەبـــەری وەرزش لـــە رادیۆ گوتی: دابەشـــکردنی کار، لەنێوان ژن و پیاو تەواو نییە و خوارە، بەڵام ئەویـــش وەک بەڕێوەبـــەری گشـــتی وەرزش لـــە ڕۆژنامـــەی سڤێنســـکە داگبلادێت Sune Sylven دەستنیشانی ئەم گرفتەی بەوەکرد، کـــە زۆر لـــە ژنـــان نایانەوێت لەم بەشـــە کار بکـــەن. ئـــەو پەنجـــەی بـــۆ گرفتێکـــی تریش، "کاتەکانـــی کارکردن" ڕاکێشـــا، کە بە ڕۆژانی پشوو یەکجار زۆرە.

هیچ چارەســـەرێک لەم کۆنفرانسە نەهاتە نووســـین. بـــەڵام ڕێـــژەی بەشـــداربووان، نیشـــانی دا، کـــە خەڵکێـــک هەن بە پەرۆشـــی دۆزینـــەوەی چارەســـەرن، بەتایبەتیش ژنان بـــە ٤٤ کەس بەشـــداریان کرد، ئەوەش تەواو نیوەی بەشداربووانی کۆنفرانسی یەکسانی لە ستۆکهۆڵم بوو.

**مۆدێلەک بۆ سەرجەم دەوڵەتانی دیکەی جیهان**

بە گوێرەی WEF، World Economic Forum، لە جنێف، لە ٥٨ دەوڵەت، ٣٠ لەوانە ئەندامـــی OECD لەگـــەڵ ٢٨ دەوڵەتی دیکە، کـــە ئابوریان لـــە بوژانەوە دایە، ســـوید پلەی یەکـــەم وەردەگرێت، بەوەی نارەوایی لەنێوان هـــەردووک ڕەگەز کـــەم کردۆتـــەوە. WEF دەنووسێت:




**یەکسانی لە ڕاگەیاندن لە هەندێک لە دەوڵەتی جیهاندا**

یەکەم جار کەناهەقی دەبینـدرێ، دەبێت سـەیری دابەشکردنی کار و کارتێکی ژنان لە بواری سیاسـەت و ئابـووری لەگەڵ بەرزی بڕوانامەکان بکرێ.

**ئەنجام**

بەراورد کردنی باری ژن لەنێوان دانیمارک، بەریتانیا، روسـیا لەگەڵ سـوید ئاسـان نییە. ئـەم دەوڵەتانـە جیاوازیـان لە سیاسـەت و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دابونەریت هەیە. ئەم دەوڵەتانە شتێکی هاوبەشیان لە نێواندا هەیە، ئەویش بەرز کردنەوەی پرسـیاری یەکسانی لـە میدیاکانیان و بـەراورد کردنیـان لەگەڵ یەکتریدا.

دوو لا لـەم کارەی بەردەسـت، لێیـان دەکۆڵدرێتەوە:

چۆن کارتێکی پیـاوان و ژنان لە میدیا لە نێـوان هـەردووک رەگەز دابـەش دەکرێ و چۆن ژن و پیاو لە میدیا باس دەکرێن. ئەنجام نیشـانی دەدات، کە سـوید شوێنێکی بەرز بە بـەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە لە یەکسـانی لە نێـوان هەردووک رەگەز داگیر دەکات، لەگەڵ ئەوەش هێشتا کاری زۆر ماوە تا یەکسانی لە میدیاکان باشتر بکرێت.

## سەرچاوە:

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی روسیا. www.ruj.ru
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی دانیمارک. www.journalistforbundet.dk
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیا. www.journalism.co.uk
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی سوید. www.sjf.se

1–Rysk Journalistförbundet. www.ruj.ru/
2–Sankt Petersburg journalistförbundet. www.spb.ru
3–www.prometeus.nsc.ru/women.ssi
4–http://www.vasa.gavle.se/projekt/eu/sociala/jamstall/storbrit.htm
5–http://www.thewnc.org.uk/pubs/women2000.doc
6–National Union of Journalists.The BBC is threatened too www.nuj.org.uk
7–http://www.journalism.co.uk
8– www.journalistforbundet.dk
9–www /.dr.dk/omdr/nyt/artikler/kommentar_producent.htm
10–Jauert، Per og Ole Prehn (2001): 'The Danish Media Landscape. Structure، Economy

جگە لەمانەی سەرەوە ئەم بەرهەم و سایتانەش سوودیان لێوەرگیراوە:

1–http://www.paraplyprojektet.se.test.levonline.com/news.php?id=236&categoryID=4
2–http://www.aftonbladet.se/vss/kvinna/story/0،2789،646204،00.html
3 –Forskning& Framsteg. http://www.fof.se/?id=06436b
4–www.ecscoman.edu.ru
5–Center for journalism in extrememsituations. www.cjer.ru
6–http://www.holdthefrontpage.co.uk/index.shtml– Bucikngham، David & Bragg،Sara: Youngpeople،media and personal Relationships. BBC and Broadcasting Standarts Commission،London 2003
7–International Federation of Journalists (2003): Quality Journalism for the Information Age. Polity Statement to the United Nations World Summit on the Information Society

# چەند سەرەقەڵەم و ڕوونکردنەوەیەک لەسەر بابەتی "بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی ئیسلامیی کوردی ١٩٩١-٢٠٠٦"

بەهادین ئەحمەد*

## دەستپێک

لەدوای سەرنجدان و خوێندنەوەی بابەتی (چەند سەرەقەڵەم و....) لەژمارەی پێشووی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)دا سەرەتا دەستخۆشی لەنووسەری بەڕێزی بەکەم، دواتر بەپێویستم زانی (وێڕای سەرقاڵی خۆم بەنووسینی نامەی ماستەرەکەم)، ئەم سەرنج و تێبینیانە بۆ نووسەر و خوێنەران بەهیوای سوودمەندی بخەمەڕوو کە لەم خاڵانەدا کورتی دەکەمەوە:

یەکەم: نووسەر خۆی لەقەرەی بابەتێکی گرنگ و مەودا فراوانی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردستان داوە، کەئەمیش قۆناغی دوای ڕاپەڕینە، باس لە فراوانترین قۆناغی گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستان دەکات لەنێوان ساڵانی(١٩٩١-٢٠٠٦)، بۆیە واپێویستی دەکرد پەلەی نەکردایە و بەشێوەیەکی ورد و مەیدانی و بە پشوودرێژی شەن و کەوی ئەم بابەتەی بکردایە، لەناوخۆی شار و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەتەواوی سەر و سۆراغی هەموو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی سەرجەم پارت و ڕەوتە سیاسی و فیکری و ڕێڕەوە ئیسلامییەکانی ئەنجامدایە.

دووەم: نووسەر هەندێک جار بەبێ پێویستی لەچوارچێوەی مێژووی دیاریکراو (١٩٩١-٢٠٠٦) دەرچووە، باسی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە ئیسلامییانە دەکات کە بەر لەو قۆناغە دەرچوون و دەبوایە تەنها پەیوەست بووایە بەباسکردنی قۆناغی دوای ڕاپەڕینەوە.

سێیەم: ناو و مێژووی دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر لە گۆڤارو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی ئیسلامی کە لە هەرێمی کوردستان دەرچوون نەهێناوە کە هەندێکیان چەندین ساڵە دەردەچن و ناووبانگ و خوێنەریان زۆرە؟ لەوانە:




**١- (دوانگە) المنبر:**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی وەرزییە، مەکتەبی بانگەواز و زانستە شەرعییەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکات. ژمارە (١)ی لە وەرزی هاوینی (١٩٩٩) دەرچووە و دوا ژمارەی (٢٧) لە وەرزی هاوینی (٢٠٠٦) دەرچووەو بەردەوامە لەدەرچوون و لە شاری سلێمانی دەردەچێت.




**٢-ڕێگای ڕاست الصراط المستقیم:**

گۆڤارێکی زانستیی شەرعی و ڕۆشنبیری وەرزییە، دەستەیەک لە مامۆستایانی ئایینی دەریدەکات.

خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر: مامۆستا عەبدوڵلەتیف ئەحمەد مستەفا.

بەڕێوەبەری نووسین: سەلاحەدین عەبدولکەریم.

ژمارە(١) لەوەرزی هاوینی(٢٠٠٢) و، دوا ژمارەی (٧) لەساڵی (٢٠٠٦) دەرچووە وبەردەوامە لەدەرچوون و لە شاری سلێمانی دەردەچێت.




**٣- پەیرەو:**

گۆڤارێکی ئیسلامیی گشتییە، پەیرەوانی سوننەت و جەماعەت، ڕێبازی نەقشبەندی (بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکەن)

خاوەنی ئیمتیاز: عابد عەبدوڵڵا مستەفا.

سەرنووسەر: دەروێش غەفور.

بەڕێوەبەری نووسین: عیرفان شێخ نورەدین.

ژمارە (١)ی لەساڵی (١٩٩٨و) دواژمارە (٤٤) لەساڵی (٢٠٠٧) دەرچووەو بەردەوامە لەدەرچوون. ئەم گۆڤارە لە هەولێری پایتەخت دەردەچێت.



**٤- هەستیار:**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتیی توێژی قوتابیان و لاوانە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەدەچێت.

خاوەنی ئیمتیاز: ئوسامە سەلاحەدین.

سەرنووسەر: بەختیار ئەحمەد.

ژمارە (٠)ی ئەزموونی کەبەشێوەی ڕۆژنامە بووە و (٢) لاپەڕە بووە لەڕۆژی (٢٠٠٤/١٢/١٢) دەرچووە و تاوەکو ژمارە (٥) بەشێوەی ڕۆژنامە دەرچووە و لەژمارە (٦)وە بۆتە گۆڤار و لە ڕۆژی (٢٠٠٥/١٢/١) دەرچووە. دواژمارە (١٠) لەمانگی ئەیلوولی (٢٠٠٦) دەرچووە و بەشێوەیەکی کاتی لەدەرچوون وەستاوە و ئەم گۆڤارە لە شاری هەولێری پایتەخت دەردەچێت.



## ٥- باباگوڕگوڕ:

گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە، کۆمەڵەی رۆشنبیری و کۆمەلایەتیی باباگوڕگوڕ دەریدەکات. ئەم کۆمەڵەیە سەر بەیەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە، گۆڤارەکە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەشاری کەرکوک دەریدەکەن.
سەرنووسەر: کامەران محەمەد سابیر.
دەستەی نووسەران: فاتح محەمەد سەنگاوی، زرار عەلی و محەمەد محێدین.
ژمارە (٠)ی ئەزموونی لەهەولێری پایتەخت لەساڵی (٢٠٠٠) دەرچووەو لەژمارە (٤)ەوە لەشاری کەرکوک دەردەچێت . ژمارە (٢) لە هاوینی(٢٠٠١) و، ژمارە (٧) لەمانگی نیسانی (٢٠٠٥ ) دەرچووە و تاوەکوئێستا زیاتر لە (١٣) ژمارەی دەرچووە.



## ٦- نەوەی نوێ:

" گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتیی مانگانەیە، ناوچەی پردێی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەریدەکات" .
ژمارە (٢) لەمانگی ئەیلوولی (٢٠٠٤) و ژمارە (٣) لەمانگی تشرینی یەکەمی (٢٠٠٤) دەرچووە .




## ٧- پەیامی ئیصلاح:

" گۆڤارێکی ئیصلاحی سیاسی و رۆشنبیریی گشتییە " .
خاوەنی ئیمتیاز: عەبدولباری ئەحمەد.
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا حوسێن ساڵەح.
ژمارە (١) لەمانگی تشرینی دووەمی (١٩٩٥) لە شاری سلێمانی دەرچووە و تەنیا ئەم ژمارەی لێ دەرچووە.

هەواڵنامەی کتێب



## ٨- هەژان:

" گۆڤارێکی فیکریی وەرزییە" دەستەیەک لە رووناکبیرانی سەر بەیەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە شاری سلێمانی دەریانکردووە .
خاوەنی ئیمتیاز: عەلی ساڵەح میران.
سەرنووسەر: سۆران محەمەد سێوکانی.
ژمارە (١) لەساڵی (١٩٩٩) و ژمارە (١١- ١٢) لەساڵی (٢٠٠٣) دەرچووە.

## ٩- رابن:

" بڵاوکراوەیەکی مانگانەی گشتیی ئیسلامییە، راگەیاندنی لقی چەمچەماڵی پەیوەندی ئیسلامیی خوێندکارانی کوردستان دەریدەکات".
ئەم رێکخراوە ئۆرگانی خوێنکارانی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق بوو .
ژمارە (٢) کەلەبەردەستدایە لە مانگی تشرینی یەکەمی

(١٩٩٥) و ژمـاره (٣) لـە مانگی کانوونـی یەکەمی هەمان سـاڵ دەرچووە . ئەمـە یەکەمین بڵاوکراوەی ئیسـلامییە لەناوخـۆی قەزای چەمچەمـاڵ دەرچووە و تاوەکو ژمارە (٥)م بینیووە، بەڵام ئێستا لەبەردەستدا نییە .




**١٠- هەنگاو:**

"بڵاوکراوەیەکـی پەروەردەیـی و ڕۆشـنبیریی گشـتییە، ڕاگەیاندنـی ناوەنـدی چەمچەماڵی ڕێکخـراوی قوتابیانی کوردستان مانگی جارێک دەریدەکات " .

ئـەم ڕێکخـراوە ئۆرگانـی قوتابیانی کۆمەڵی ئیسـلامیی کوردستانە .

ژمارە (١) لەمانگی تشرینی یەکەمی (٢٠٠١) و، دواژمارەی (٢٥) لەمانگی کانوونـی دووەمـی (٢٠٠٧) دەرچـووە و بەردەوامە لەدەرچوون.

سەرنووسەر: (پشتیوان عومەر)ە.




**١١- ڕاژان:**

" گۆڤارێکـی ڕۆشـبیریی گشـتیی مانگانەیـە، ڕاگەیاندنی لقـی چەمچەماڵـی یەکگرتـووی ئیسـلامیی کوردسـتان دەریدەکات".

ژمارە (١) لەمانگی ئایاری (٢٠٠٠) و ژمارە (١٥) لە مانگی ئابـی (٢٠٠٢) دەرچـووە و لـە ژمـارە (١٦) ناوەکەی بۆ گۆڤـاری (ڕێنما ) گۆڕاوە و بە زنجیرەی پێشـووی ژمارە (١٦) لەمانگی تشـرینی دووەمی (٢٠٠٢) دەرچووە و تەنیا ئەم ژمارەی بەناوی (ڕێنما) دەرچووە و دواتر وەستاوە.




**١٢- دەروازە:**

" بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ئیسلامیی گشتییە، قوتابخانەی نوری قورئان لە چەمچەماڵ دەریدەکات".

ژمارە (١) کە لە بەردەسـتدایە لە مانگی شـوباتی (٢٠٠١) دەرچووە، بـەڵام نازانرێت تاوەکو کەی بەردەوام بووە و چەند ژمارەی لێ دەرچووە.




**١٣- ئاسوودەیی:**

بڵاوکراوەیەکـی ڕۆشـنبیریی مانگانەیـە دەسـتەیەک لـە قوتابیان و لاوانی سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی لە ناحیەی شۆڕش سەر بە قەزای چەمچەماڵ دەریدەکەن.

سەرنووسەر: (هیوا ڕەفعەت )ە.

ژمارە (٠)ی ئەزموونی لە مانگی تشرینی یەکەمی (٢٠٠٣) و،دواژمارە (٢١) لە زستانی (٢٠٠٧) دەرچووە .



### ١٤-گزنگ:

"بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە، ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان – ناوچەی تەکیە دەریدەکات " .

ئەم ڕێکخراوە ئۆرگانی قوتابیانی یەکگرتووی ئیسلامییە، ناحیەی تەکیە سەر بە قەزای چەمچەماڵە .

ژمارە (١) لە ڕۆژی (٢٠٠٣/١١/١٨) و، ژمارە (١٨-١٩) لە ڕۆژی (٢٠٠٧/٢/١٩) دەرچووە و بەردەوامە لەدەرچوون.

سەرنووسەر: (مامۆستا عومەر ستار)ە.



### ١٥- خەزان:

" گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتیی ساڵانەیە، ڕاگەیاندنی مەڵبەندی (٥) ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، تایبەت بە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە دەریدەکات " .

سەرنووسەر: جەمال کاکەبرا.

بەڕێوەبەری نووسین: مودریک عەلی عارف.

ژمارە (١) لەڕۆژی (١٩٩٦/٣/١٦) و،دواژمارە (٧) لە ڕۆژی (٢٠٠٤/٣/١٦) دەرچووە .



### ١٦- پەیام:

"بڵاوکراوەیەکی پەروەردەیی ڕۆشنبیریی گشتییە،ڕێکخراوی پەیامی ڕۆشنبیریی دەریدەکات " .

ئەم ڕێکخراوە سەربە کۆمەڵی ئیسلامییە و بڵاوکراوەکە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەشێوەی گۆڤاردا دەردەکات .

ژمارە (٣) کەلەبەردەستدایە لەمانگی تشرینی یەکەمی (٢٠٠٥) دەرچووە .

خاوەنی ئیمتیاز: ئەحمەد کەرکوکی.

سەرنووسەر: ئامانج دۆڵەیی.

بەڕێوەبەری نووسین: نەبەز خۆشناو .



### ١٧- ڕووناکی:

" بڵاوکراوەیەکی ئیسلامیی گشتییە بۆ نەوەی نوێ، مانگی دووجار دەردەچێت " .

ئەم گۆڤارە دەستەیەک لەقوتابیانی ئیسلامیی زانکۆی سلێمانی دەریانکردووە .

ژمارە (٣٠) ساڵی سێیەم کەلەبەردەستدایە لەڕۆژی (١٥/ ڕەبیعی دووەم / ١٤٢٧ ) ی کۆچی بەرامبەر (٢٠٠٦/٥/١٢) ی زایینی دەرچووە .




**١٨- تەبایی:**

گۆڤارێکـی وەرزییـە، مەکتەبـی کاروبـاری کۆمەڵایەتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەریدەکات .

ژمارە (٥) ی کە لەبەردەستدایە لەمانگی شەعبانی (١٤٢١) ی کۆچی – تشرینی دووەمی (٢٠٠٠) دەرچووە .



**١٩- گۆڤاری ئەندازیاری:**

گۆڤارێکی پیشـەیی ئەندازیاریـی گشـتییە،ئەنازیارانی یەکگرتووی ئیسلامی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکەن.

خاوەنی ئیمتیاز: ئەندازیار تاهیر جەلال.

سەرنووسـەر: ئەندازیـار تەهـا سـۆڵەیی و بەڕێوەبەری نووسین: ئەندازیار نەجات حەسەن.

ژمارە (١) لەساڵی (١٩٩٨) و، ژمارە (١٣) ی ساڵی (٢٠٠٧) دەرچووە.




**٢٠- خاوێن:**

گۆڤارێکـی تەندروسـتیی وەرزییـە، تەندرووسـتکارانی یەکگرتووی ئیسلامی دەریدەکەن .

ژمـارە (١٥-١٦) کـە لەبەردەسـتدایە لـەوەرزی هاوینی (٢٠٠٢) دەرچووە.




**٢١- مختارات من الانترنيت:**

گۆڤارێکـی تایبـەت بە بابەتە ئیسـلامییە وەرگێـراوەکان لەتـۆڕی ئینتەرنێـت بەزمانی عەرەبـی و مانگانە لەلایەن مەڵبەندی (٣)ی دهۆکی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە دەردەچێت .

ژمارە (٤) ی کە لەبەردەستدایە لەمانگی کانوونی دووەمی (٢٠٠٢) دەرچووە .

**٢٢- هوشیاری:**

گۆڤارێکـی ناوخۆیـە، مەکتەبـی ڕێکخسـتنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەریدەکات.

**٢٣- ڕاپەڕین:**

بڵاوکراوەیەکـی سیاسـی ڕۆشـنبیرییە لە ڕانیە لەسـاڵی (٢٠٠٠) لەلایـەن یەکگرتـووی ئیسـلامیی کوردسـتانەوە دەرچووە.

-٣٣ شەبەنگ:

بڵاوکراوەیەکـی ڕۆشـنبیرییە لـە ڕانیە لەسـاڵی (٢٠٠١) لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە دەرچووە.



**٢٤- نامە:**

بڵاوکراوەیەکی هەواڵنامەی تایبەتە بە زانیاری و هەواڵی ڕێکخراوەکان، ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی دوو مانگ جارێک بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەریدەکات .

ئەم ڕێکخراوە، ڕێکخراوێکی ئیسلامیی سەربەخۆیە .

ژمارە (٥) بڵاوکراوەیەکە لەبەردەستدایە لە مانگی حوزەیرانی (٢٠٠٣) دەرچووە .

**٢٥- نامە:**

لەوەی پێشووی جیاوازە،گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە چەمچەماڵ دەردەچێت .

ژمارە (١) کەلەبەردەستدایە لە مانگی نیسانی (٢٠٠٦) دەرچووە .خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: ڕێبوار سەنگاوی .



**٢٦- بێداری:**

"بڵاوکراوەیەکی ئیسلامیی مانگانەیە دەستەیەک لەقوتابیانی چەمچەماڵ دەریدەکەن " .

ژمارە(٠)ی ئەزموونی لەمانگی تشرینی دووەمی (١٩٩٩) و،دواژمارە (٩)ی لەمانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ دەرچووە ودواتر لەدەرچوون وەستاوە .




**٢٧- ڕازی قوتابیان:**

" بڵاوکراوەیەکی فەرهەنگییە، ڕاگەیاندنی ناوچەی زانکۆی سەلاحەدینی یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامیی کوردستان بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکات " .

ژمارە (٢) لەمانگی کانوونی دووەمی (١٩٩٧) و، ژمارە (٧) لە مانگی مایسی (١٩٩٨) دەرچووە .

**٢٨- (الجماعە):**

پاشکۆی ڕۆژنامەی (کۆمەڵ)ە کە ڕۆژنامەیەکی سیاسیی هەفتانەیە، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بە پێی پێویست و ناوە ناوە بە (٤) لاپەڕە و بە هەمان قەبارەو زنجیرەی ڕۆژنامەکە بەزمانی عەرەبی دەریدەکات .




**٢٩- ئازاری هەڵەبجە:**

" بڵاوکراوەیەکی ساڵانەیە تایبەت بە یادی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە،هەموو (٣/١٦)یەک ڕاگەیاندنی مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی شارەزووری کۆمەڵی ئیسلامی دەریدەکات " .

ژمارە (١)ی لە(٣/١٦)ی (٢٠٠٥) و،ژمارە (٢)ی لە(٣/١٦)ی









(٢٠٠٦) بـە (١٢) لاپـەڕەی قەبارەی ڕۆژنامـەی (کۆمەڵ) دەریدەکات .
خاوەنـی ئیمتیاز: ڕاگەیاندنی مەڵبەندی (١)ی ڕێکخسـتنی شارەزووری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان.
سەرنووسەر: ئارام عەلی سەعید.
دەسـتەی نووسەران: (سـەعید ئەحمەد، موحسین ساڵەح، عەباس محەمەد و پەروین سان ئەحمەد) .

**٣٠- لڤین:**
گۆڤارێکـی ڕۆشـنبیریی گشـتیی مانگانەیـە، سـەنتەری چالاکی لاوانی یەکگرتووی ئیسـلامی لەشـاری سـلێمانی دەریدەکات.
ژمـارە (١) لە مانگی تشـرینی یەکەمـی (٢٠٠٣) و، ژمارە (٤٩) لەمانگی شوباتی (٢٠٠٧) دەرچووە .
خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: ئەمجەد محەمەد.
جێگری سەرنووسەر: ئەحمەد میرە.
بەڕێوەبەرانی نووسین: یاسین عومەر و هێمن باقر .

**٣١- ستاندەر:**
" گۆڤارێکی مانگنامەی سیاسی گشتییە ".
ئەم گۆڤارە کە ناوەڕۆک و ڕەوتێکی ئیسلامی لەخۆگرتووە لەشـاری هەولێری پایتەخت دەردەچێت، لەسەرجەم شار و ناوچەکانی کوردستان خوێنەری زۆری هەیە بەتایبەتی خوێنەری ئیسلامی.
ژمـارە (١) لەمانگـی کانوونی دووەمـی (٢٠٠٦) و، ژمارە (١١-١٢) لەمانگـی کانوونـی یەکـەم و دووەمـی (٢٠٠٧) لەبەرگێکدا دەرچووە .
خاوەنی ئیمتیاز: مەسعود عەبدولخالق و ستافی نووسینشی هەیە .

**٣٢- شاعیرانی ناو سەنگەر:**
" بڵاوکراوەیەکی وێژەیی وەرزییە، نووسینگەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق دەریدەکات ".
تەنیـا یەک ژمـارەی دەرچووە ئەویش لـەوەرزی پاییزی (١٩٩١) بووە .

**٢٢- پەروەردە:**
گۆڤارێکـی پـەروەردەی مانگانەیە لەلایەن مامۆسـتایانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە دەردەچێت .
ژمـارە (١) لەسـاڵی (١٩٩٦) و دوا ژمـارە (٢٩) لەمانگـی تەمموزی (٢٠٠٢) دەرچووەو دواتر وەستاوە.

**٢٣- ڕۆشنایی:**
بڵاوکراوەیەکـی ئیسـلامیی مانگانەیـە لەلایـەن قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر دەرچووە .

ژمارە (٥) ی کە لەبەردەستدایە لەڕۆژی (٧ی ڕەمەزانی ١٤٢٤ )ی کۆچی بەرامبەر (١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣) بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە .

**٣٥- خەندە:**

گۆڤارێکی پەروەردەیی منالانە،دەستەیەک لەلاوان بەهاوکاری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان لەشاری سلێمانی دەریدەکەن
خاوەنی ئیمتیاز: تۆفیق کەریم، سەرنووسەری نییە .
بەڕێوەبەری نووسین: تەها ئەحمەد، لەگەڵ ستافێکی نووسین .
ژمارە (١) لەڕۆژی (٢٠٠٢/٢/١٥) دەرچووە، تاوەکو ئێستا بەردەوامە لەدەرچوون.

**٣٦- بانگی ڕاستی:**

گۆڤارێکی سیاسی وڕۆشنبیریی گشتی مانگانە بووە، لە لەندەن لەلایەن دەزگای ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی (لەشکری ئیسلامیی کورد)ەوە دەرچووە .
ژمارە (١)ی خولی دووەمی لەمانگی ئەیلولی (١٩٩١) دەرچووە، بەڵام نازانرێت تاوەکو کەی بەردەوام بووە لەدەرچوون؟

**٣٧- مەشخەڵ:**

گۆڤارێکی ئیسلامی بووە، ژمارە (١)ی لەساڵی (١٩٨٧) و ژمارە (٢)ی لەمانگی گوڵانی هەمان ساڵ بە (٢٢) لاپەڕە لەدەرەوەی کوردستان دەرچووە، نازانرێت چەند ژمارەی لێ دەرچووە؟
جگە لەژمارەیەکی تر لەگۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی ئیسلامی تر کە دەگونجێت بەندە و (کاک ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی) نەمان بینیبێت یان لەبیرمان چووبێت یان ئێستا لەبەردەستدانەبن و زانیاری تەواومان لەلانەبێت لەوانە (گۆڤاری مەئوا، بڵاوکراوەی فەرهەنگ، خەندە، هوشیاری، بانگی ڕاستی، مەشخەڵ، ڕاپەڕین، شەبەنگ، لە ڕانیە لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامییەوە دەرچوون) و پەیام – گۆڤاری ڕێکخستنی ناوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامی کە بەڕێز مامۆستا عەلی باپیر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی ئەودەمەی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان / عێراق بەشێوەی مانگانە بۆ ڕێکخستنەکانی دەردەکرد و پەیامی خۆی پێ دەگەیاندن، خۆم هەموویانم بینیوە و خوێندوومەتەوە)و...هتد.

چوارەم: هەندێک لەو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە ئیسلامییانەی کەنووسەر باسی لێوەکردوون زانیاری سەرەتایین یان ورد نین و هەڵەیان تێدایە و، پێویستی بەڕاستکردنەوەیە (لەڕووی مێژووی دەرچوون و ناوەڕۆکەوە) لەوانە:

**١- بێداری:**

"بڵاوکراوەیەکی گشتییە، ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی یەکبوونی قوتابیانی ئیسلامیی کوردستان دەریدەکات " .
ژمارە (١) لەڕۆژی (٢٠٠٠/٤/١٠) بە (٨) لاپەڕەی ڕۆژنامە دەرچووە .
خاوەنی ئیمتیاز: عەبدولڕەحمان غەفور – سکرتێری یەکبوونی قوتابیانی ئیسلامیی کوردستان.
سەرنووسەر: سۆران عومەر، بەڕێوەبەری نووسین: پێشەوا ئەحمەد .
لەلایەن یەکبوونی قوتابیانی ئیسلامییەوە (١١) ژمارەی دەرچووە کە لەبەردەستمدایە، نەک پەیوەندیی ئیسلامیی خوێندکاران، دواتر لەکاتی هەڵوەشانەوەی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی کوردستان و ئەو بارگرژیەی ڕووی کردە سەرجەم مەکتەب و مەڵبەند و ئۆرگانەکانی، خاوەنی ئیمتیازی بڵاوکراوەکە بۆ (عەدنان نوری) و سەرنووسەری بۆ (ڕامان محەمەد) و بەڕێوەبەری نووسین (ڕزگار عەبدوڵڵا هەڵەبجەیی) گۆڕاوە کەسەر بە باڵی (مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیز )ی ڕابەری بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی کوردستان بوون، تەنیا یەک ژمارەشیان بەناوی پەیوەندی ئیسلامیی خوێندکارانی کوردستان دەرکردووە کە دواژمارەیە (١٢)یە و لەمانگی ئازاری (٢٠٠٢) دەرچووە و دواتر وەستاوە.



ئەمــەش دوای ئیعلانکردنــەوەی بزووتنــەوەی ئیســلامی و ڕاگەیاندنــی کۆمەڵــی ئیســلامیی کوردســتان لەڕۆژی (٢٠٠١/٥/٣١) دێت.

**٢- ئاڵای ئیسلام:**




ســەرەتا لەلایــەن پەیوەنــدی قوتابیانــی موســوڵمان لــە کوردســتان لــەدەرەوەی وڵات یەکــەم ژمارەی لەســاڵی (١٩٨٦) دەرچووە،دواتر ئــەم ڕێکخراوە لەوەرزی پاییزی (١٩٩٢) کۆنگــرەی یەکگرتنــی لەگــەڵ یەکێتــی ئیســلامی قوتابیــان و لاوانــی کوردســتان لــە هەولێر ئەنجامداوە، (پەیوەنــدی ئیســلامیی خوێندکاران و لاوانی کوردســتان ) پێکهاتــووە، ئــەم ڕێکخــراوە نوێیــە (ئــاڵای ئیســلام)ی لەهەنــدەران بەعەرەبــی، (ئــاڵای ئیســلام)ی بەکوردی لە هەولێر دەرکردووە .

لــەدوای هەڵوەشــانەوەی ڕێکخراوەکە لــەدەرەوە، کۆڕی ڕۆشنبیری ئیسلامیی کورســتان دامەزراوە و ســەرلەنوێ دەرکردنــەوەی گۆڤــاری (ئــاڵای ئیســلام)ی بەعەرەبــی لەئەســتۆگرتووەو یەکــەم ژمــارەی ســاڵی پانزدەیەمــی بەنــاوی ڕێکخراوەکــەی لەمانگــی ئــازاری (٢٠٠١) دەرکردووە،هەروەک لەسەر گۆڤارەکە نووسراوە .

**٣- بانگی حەق:**



ژمارە (٠)ی ئەزموونی لەمانگی کانوونی دووەمی (١٩٩١) لە پاکستان دەرچووە.

سەرنووسەری ئەبو توانا (د.عەلی محێدین قەرەداغی).

بەڕێوەبەری نووسینی (بورهانەدین شێروانی) بووە .

ئێســتا لە ژمارە (١٨)وە لەشاری سلێمانی دەردەچێت کە لەمانگــی ئایــاری (٢٠٠٥) دەرچووە، تاوەکو ئێســتا (٢٣) ژمارەی لێ دەرچووەو دوا ژمارەی (٢٣) لەمانگی شوباتی (٢٠٠٧)دا بڵاوکراوەتەوە .

خاوەنی ئیمتیاز: پرۆفیسۆر دکتۆر عەلی محێدین قەرەداغی، سەرنووسەر (عومەر عەلی)ە .

**٤- داهێنان:**



ژمــارە (٠)ی ئەزموونی لە مانگی ئابی (١٩٩٥) دەرچووە. دوای دەرچوونی ژمارە (سفر و یەک)، کەبەشێوەی گۆڤار بووە، لە ژمارە (٢)وە بۆتە ڕۆژنامە .

**٥-ئاسۆی ئیسلام:**

هەمــوو ژمارەکانــی پێــش ڕاپەڕین دەرچووە، شــەهیدی ئەندازیــار (ئــازاد بەرزنجــی) ئەندامــی ســەرکردایەتی و بەرپرســی مەکتەبــی ڕاگەیاندنی بزووتنــەوەی پەیوەندی ئیســلامیی کوردســتان، ســەرنووســەری بووە کەســاڵی

(١٩٨٧) بەبۆردومانـــی فڕۆکەکانـــی ڕژێـــم لەدەوروبەری خورماڵ شەهید بووە .
ســـەرجەم (٥) ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارەی (١) لەساڵی (١٩٨٤) و ژمارە (٥)ی لەســاڵی (١٩٨٦) و دواژمارەی (٦) کە دەســـتنووس بووە و ئامـادەی چاپکردن بووە، بەهۆی بۆردومانـــی ناوچەکـــە لەلایەن ڕژێمەوە لەســاڵی (١٩٨٧) و دواتـــر شـــەهیدبوونی سەرنووســـەرەکەیەوە هـــەروا بەدەستنووسی ماوەتەوە و چاپ نەکراوە.



### ٦- النفير:

سەرەتا بەشـێوەی ڕۆژنامە دەرچووە تاوەکو ژمارە (٣)، دواتر لەژمـارە (٤)ەوە بۆتە گۆڤار کە لە مانگی تەمموزی (١٩٩٠) دەرچووە، وێنەیەکی ڕۆژنامەی (النفير) کەبەزمانی عەرەبی دەرچووە لای بەندە پارێزراوە.

### ٧- ڕاپەڕین:

هەروەکو لەســەر هەردوو ژمارەی گۆڤارەکە نووسراوە: "پاشکۆی گۆڤـاری نەفیـر بەزمانـی کـوردی لەلایـەن بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دەردەچێت".




### ٨- بوار:

ژمـارە (١)ی لـەوەرزی بەهـاری (٢٠٠٠) لەهەڵەبجـە دەرچووە .

### ٩- دەنگی غەریبان:

ژمارە (١)ی لە (١٩٩٨/٧/٢٥) دەرچووە.

### ١٠- لواء الاسلام:

ژمارە (١)ی لەمانگی تەمموزی (٢٠٠٢) دەرچووە.

### ١١- وەرچەرخان:

"گۆڤـاری نێوخـۆی مەکتەبـی ڕێکخســتنی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق " .
ژمارە (٠)ی ئەزموونی لەمانگی شەعبانی (١٤٢٠)ی کۆچی دەرچووە.




### ١٢-جەماوەر:

(٨٥) ژمـارەی لـێ دەرچـووە، دواژمـارە (٨٥) لەمانگـی تەمموزی (١٩٩٩) دەرچووە.

### ١٣- الحوار:

ژمـارە (١)ی لەمانگـی ئابـی (٢٠٠٢) و دوا ژمارەی نوێی کـە ژمارە (٥٣)یـە لە مانگـی کانوونی دووەمـی (٢٠٠٧) دەرچووە.

**١٤- سەدای جیهاد:**

سەرەتا بەشێوەی بڵاوکراوە بووە، لەلایەن سەربازگەی شێخ سەعیدی پیرانی سەر بە مەکتەبی عەسکەری بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دەرچووە. ژمارە (٨)ی لەبەردەستدایە لەمانگی ئەیلوولی (١٩٩٤) دا دەرچووە .

**١٥- گزنگ:**

گۆڤارێکی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی گشتییە بووە، لەلایەن ژمارەیەک لاوی ئیسلامی ئاوارەی کوردەوە لەئۆردوگای (جوانڕۆ)ی نزیک بەشاری (باختەران)ی ئێران دەرچووە. ئەم گۆڤارە بە (٣) قۆناغ دەرچووە: قۆناغی یەکەم (١٠) ژمارەی لێ دەرچووە لە ئۆردوگای ناوبراو لەلایەن (ئیکرام کەریم، موسەنا ئەمین و هاوڕێکانیانەوە ) دەرکراوە.
قۆناغی دووەم کە (٩) ژمارەی لێ دەرچووە لەلایەن (سالم الحاج و جەلالەدین نەجمەدین)ەوە لەشاری (کرماشان) ی ئێران دەرکراوە . دواتر قۆناغی سێیەمی (دوای ڕاپەڕین) کەیەکەم ژمارەی لەمانگی ئەیلولی (١٩٩٢) دەرچووە لەلایەن لقی سلێمانی (کۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامیی کوردستان)ەوە دەرچووە کە هەریەکە لە (موسەننا ئەمین، ئیبراهیم ساڵح و ڕێبوار عەلی ) ڕۆڵی سەرەکیان تێدابینیوە. پاشان هەمان ستافی گۆڤارەکە، دوای وەستانی گۆڤاری (گزنگ) لەدەرچوون، گۆڤارێکی نوێیان بەناوی (پەیامی ڕاستی) دەرکردووە.



**١٦- بانگی غەریب (نداء الغريب):**

هەر بۆزانیاری زیاتری خوێنەرانی ئازیزو بەڕێز کاک (ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی)، یەکەم گۆڤاری لقی برایانی موسوڵمان ناسراو بە (ئیخوان موسلیمین) لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەناوی بانگی غەریب (نداء الغريب) لە ئێران بەهەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی دەرچووە .
سەرجەم (٧) ژمارەی لێ دەرچووە، سەرنووسەری: مامۆستا عومەر عەبدولعەزیز (ئەندامی ئێستای مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کردستان بووە).
ژمارە (١) لەمانگی نیسانی (١٩٨٤) و، دواژمارە (٧) لە مانگی ئابی (١٩٨٦) دەرچووە .
ئێستا وێنەی بەرگی هەندێ لە ژمارەکانی لای بەندە پارێزراوە، دوای ئەوەی لەسەردانێکمدا بۆلای مامۆستا عومەر عەبدولعەزیز لەماڵەکەی خۆی لەشاری سلێمانی لەساڵانی ڕابردوودا بەڕێزی پێشکەشی کردم .
لەکۆتاییدا دووبارە هیوای سەرکەوتن بۆ نووسەری بابەت دەخوازم، دەستخۆشی لێدەکەم و ئومێد دەکەم ڕەخنە و تێبینییەکانم بەسنگێکی فراوان وەربگرێت و لەچاوێکی بابەتی و ئەکادیمیانە و ڕەخنەی بونیادنەرانەوە بڕوانێتە نووسینەکەم.

* چەمچەماڵ قوتابی ماستەر لەکۆلێژی ڕاگەیاندن– زانکۆی بەغداد

# گۆڤاری هیوای قوتابیان و لاوان

## ١٩٨٦ - ١٩٨٩

## خوێندنەوەیەکی شیکاری



موسا ئەحمەد

هەواڵنامەی کتێب

قوتابیان، ئەو توێژە کاریگەرەن، لە دیدگای کۆمەڵگایەوە، بەردەوام وەک کارەکتەرێکی چالاک و کاریگەر سەیرکراون. ئەوانن بەردەوام گۆڕان دروست دەکەن و نوێبوونەوە لەگەڵ خۆیان دەهێنن.

لە کوردستانیشدا، لەگەڵ فراوان بوونی قوتابخانەکان و چوونی قوتابیانی کورد بۆ زانکۆ، هەروەها درێژە پێدانی خوێندنی بالا لە دەرەوەی وولات، وای کرد ئەم توێژە کاریگەرە شوێن پەنجەی بە هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕامیاری، ڕۆشنبیری، جڤاکی، کۆمەڵگاوە دیارو بەرچاو و جێگای ئومێدی خەڵکی خۆیان بن . یەکێ لەو بوارانە ڕۆڵی قوتابیانە لە کاری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا . ئەم ڕۆڵە بە شێوەیەکە کەبەشی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسانی ئێستا و دوێنێی کوردستان سەرەتای کاریان یان لە ڕۆژنامەی ناوەندەکانی خوێندن دەست پێ کردووە، یاخوود چ بە ئاوایەکی نهێنی یان ئاشکرا لە ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوەکانی یەکێتی و کۆمەڵەکانی قوتابیان هەنگاوی بەراییان هاوێشتووە. بۆیەشە کە سەیری ئەو پەرتووک و بڵاوکراوانە دەکەین کە لە بارەی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە نووسراون، لە هەر هەموویاندا بەشێکیان بۆ ڕۆژنامەگەریی قوتابیان تەرخان کردووە.

ئاشکراشە کە بەشە شێری ڕۆژنامەگەریی قوتابیان بەر ڕێکخراوی دایک، یەکێتی قوتابیانی کوردستان، دەکەوێت.

ئـەم ڕێکخـراوە بە شـێوەیەک بایەخی بۆ ئـەم بوارە هەبووە، کە لەتێکۆشـانی نهێنی و ئاشـکرا و شـاخدا، بە لەبەرچاوگرتنی باری گوزەران و کاری تەکنیک و ڕەوشی وڵات، لە بچووکترین هەلدا بواری ڕۆژنامەگەریی فەرامۆش نەکردووە. هەر بۆیەشە، جگە لەناوەندەکانی خوێندن، زۆر شـارو شـارۆچکە هەن بـۆ یەکەمجار یەکێتـی قوتابیانی کوردسـتان یەکـەم بڵاوکـراوەی تێدا بـڵاو کردۆتەوە. وەک نموونـە: (دەنـگ ڤەدانا گازیا خوێنـدکارو لاوان) لە زاخـۆ، کـە وەبەرچاو نەکەوتووە پێـش قوتابیان لە زاخۆ بڵاوکراوەیەکـی تایبەت بەو شـارە هەبووبێـت. هەروەها (بەردەڕەشی نوێ) لە بەردەرەش .

ئەوەی من لەم کورتە باسـەدا دەمەوێت هەڵوەسـتەی لەسـەر بکـەم، ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـی ئـەو یەکێتییەیە لەخەباتی (شاخ). ئەم قۆناغەشم بەرتەسکتر کردۆتەوە بۆ نێوان (١٩٧٦) تا ١٩٩١ لە یەکەم ئەڵقەشـدا قسـە لەسـەر گۆڤاری هیوای قوتابیان و لاوان دەکەین، بە تایبەتیش، کە جگە لە ژمارە (٣)، هەموو ژمارەکانم لە بەر دەستن.

* وەک لەخسـتنەڕووی ژمارەکانـی ئـەم گۆڤـارەدا دەردەکەوێت ئەم گۆڤارە وەرزی بووە، بەڵام بەرێکوپێکی و لەسـەر وەرزی خۆیـدا بڵاوکراوەتەوە. ئەمەشـیان، بە لەبەرچاوگرتنی رەوشـی مـاددی و تەکنیکی ئەو کات، بۆ ڕێکخراوێک کارێکی دژوار بووەو هەروا ئاسان نەبووە.

لەناوەڕۆکـی گۆڤارەکەدا بەدیار دەکەوێت، کەسـانێک بەئارەزوویێکی زۆرو گـەرم و گـوڕو پـڕ لەگیانـی شۆڕشـگێرییەوە کاریـان تێدا کـردووەو چاوەڕوانـی دەرکردن و دەرچوونی بوونە.

گۆڤارەکـە لـەرووی هونەرییـەوە سـەرکەوتووە، بە کاری گەنجـان دەچێت. زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکان و گۆشەکان مۆنتێڤیان بۆ دروست کراوە.

وێـڕای ئـەوەی بەرگـی گۆڤارەکەش هەر لـە هەمان کاغـەزی ناوەڕۆکەکەی بـووە (دیارە ئەمـەش بۆ لایەنی ماددی دەگەڕێتەوە)، بەڵام لـەرووی هونەرییەوە کارێکی جوانی بۆ کراوە بۆ خوێنەر وا خویا دەکات کە کاغەزێکی جیاواز بێت.

هیوای قوتابیان و لاوان، بەدەزگای ڕۆنیۆ لەچاپدراوە، بـەڵام ئـەوەی جێـی داخـە وەک باوبوونێـک لـەو کاتی کاری ڕۆژنامەگەریی شـاخ، دەسـتەی نووسەرانی ناویان دیارنەکراوەو زۆربەی نووسینەکانیش بەبێ ناون.

گۆڤـاری هیـوای قوتابیـان و لاوان، کـە لەبەرگـی

**گۆڤـــــــــارەکـە لەرووی هونەرییەوە سەرکەوتووە، بـە کاری گەنجان دەچێت. زۆربـەی هـەرە زۆری بابەتـەکان و گۆشـەکان مۆنتێڤیـان بـۆ دروست کراوە**

سـەرەوەیدا نووسـراوە، ئۆرگانی لقی ئـاوارەی (یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان-عیراق)ە.
هـەروەک ئەو سـەربازە ونانەی کـە لەدواندنەکانیاندا تیشـکی دەخەنە سـەری، دوای کۆنفرانسـی ئابی (١٩٨٦) کەتێدا بڕیاردرا خەبات و ڕێکخسـتنەکانی هەردوو یەکێتی قوتابیـان و لاوان تێکەڵ بکرێن. لە شـاری کەرەج (وڵاتی ئێران)، وەک درێژە پێدەری هەردوو گۆڤاری هیوای لاوان کە (٢٣) ژمارەی لێ دەرچووبوون، دەنگی قوتابی کە (٢٩) ژمارەی لێ دەرچوو بوون، لەچاپدرا.
هیـوای قوتابیـان و لاوان کەهـەردەم بـۆ قوتابییـە ئاوارەکان، تەنانەت کوردانی ڕۆژهەڵاتیش، قوتابخانەیەکی بێ وێنە بوو بۆ مومارەسـەکردنی زمانی کوردی و کاری ڕۆژنامەنووسـی و ڕۆشـنبیری و رامیـاری. هـەر لـەم پێناوەشـدا گەلێک کادیـری پێگەیانـدن، کەئەمڕۆ خاوەنی قەڵەمی دیار و کەسایەتی هەڵکەوتوون.
دیسان بۆ لەبەرچاوگرتنی خزمەت و ماندووبوونی ئەو بەڕێزانـەی لـەم گۆڤارەدا کاریان کردووە بە پێویسـتمان زانی بیان دوێنیـن و خۆیان باس لە چۆنییەتی دەرچوون و ڕێکخسـتنی گۆڤارەکـە و لایەنـی مـاددی و گەیشـتنی بابەتەکان و تایپ کردنیان و کاری هونەری ئەو گۆڤارەمان بۆ بکەن.

**ڕۆژنامەنووس مەحمود ئەرگوشـی بەم جۆرە باسـی هیوای قوتابیان و لاوان دەکات:**

دوای کۆنفرانسـی ئابی (١٩٨٦) کەهەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان و یەکێتی لاوانی کوردستان تێکـەڵ بەیەکبوون، بڕیاردرا کەهـەردوو گۆڤاری (هیوای لاوان) و (دەنگـی قوتابـی) لەژێر ناوی (هیـوای قوتابیان و لاوان) وەکـو ئۆرگانـی نوێی ئەو ڕێکخـراوە ناو بەناو دەربچێت.
ئەوسـا دەرکردنی بەیاننامەیەک یاخـود ڕاگەیانراوێک گرنگیەکـی زۆری هەبـوو، چـی بگاتـە ئـەوەی گۆڤارێک دەربکرێت، هەرچەندە ئەوسـا دەرکردنـی گۆڤار کارێکی زۆر قورس بوو، لە هەر بوارێکەوە .
لە ڕووی زمانەوە لاوازبوون و شارەزاییەکی ئەوتۆیان نەبووە، ئەو کێشـەیەش زیاتر پەیوەندی بەنەبوونی کتێب و سـەرچاوەی کوردییەوە هەبوو، هەتا بەلاڤوکی پارتیش کەم بوون و وەکو پێویسـت لەبەر دەست نەبوون. بەشی هەرە زۆری ئەو بابەتانەی کە لەگۆڤارەکەدا بڵاودەکرانەوە لەلایەن دەستەی کارگێڕی لقی ئاوارەی یەکێتی قوتابیان و لاوان دەنووسـران، بەڵام هیچ بابەتێکیش بێجگە لەبابەتی ئەدەبی نـاوی نووسـەرەکەی لەسـەر نەبـوو، هەتا ئەو

> **هیـوای قوتابیـان و لاوان کەهـەردەم بـۆ قوتابییە ئاوارەکـــــــان، تەنانەت کوردانـی ڕۆژهەڵاتیـش، قوتابخانەیەکی بێ وێنە بوو**

شـیعرو چیـرۆک و پەخشـانانەی کەبڵاودەکرانەوە ناوی راستەقینەی نووسەرەکانیان پێیەوە نەبوو، بەڵکو هەمووی نازناو بوون.

لێـرە بەپێویسـتی دەزانم ئاماژە بەناوی راسـتەقینەی هەنـدێ لـەو هەڤاڵانـە بـدەم کە بابەتیـان بـۆ دەناردین، ئـەو بابەتانەی بەناوی (جوتیار)ەوە بـوون، هەڤاڵ (فریاد بارزانی) دەینووسـی، (هەڵۆ) هەڤاڵ (ئیبراهیم ئیسـماعیل) دەینووسی، (زەهاوی) (زەهاوی محەمەد ئەمین) بوو.

ئەمەو چەند هەڤاڵێکی تر هەبوون کە ناو بەناو بابەتیان بۆ دەناردین بەتایبەتی ئەدەبی، شـیعر، چیرۆک، پەخشان. لەوانـە هەڤـاڵان (حەمید یەحیـا، قەچـاخ، ئەیوب هاشـم میرۆزی، بێریڤان، جانی، میرە، بارزان، فەرهاد ئەرگۆشی، هیوا، رێبوار-ک، شـەپۆل، رزگار-ک، سـەباح ون، دڵسۆز شەرەفانی و عەبدولقادر توانا)، و چەندین هەڤاڵی تر، داوای لێبـوردن لەو هەڤاڵانە دەکەم کە لێـرەدا بواری ئەوە نابێ ناویان بێنم. لـە رووی ئامێری چاپ، ئامێری ئەوتۆ لەبەر دەسـت نەبوو، هەتـا ئەوانەی هەبـوون زۆر کۆن بوون، ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بەتایپێکی زۆر ئاسایی تایپ دەکران، لەلایـەن هەڤـاڵ (کازم پیرانی). هەموو ئـەو بابەتانەی کە تایپ دەکران لاپەڕە بەلاپەڕە بەهۆی ئامێری فۆتۆ ستێنسڵ دەخرانە سـەر ستێنسڵەوە، ئینجا ستێنسڵەکانیش دانە دانە دەخرانە سەر ئامێری (رۆنیۆ) و چاپ دەکران.

رۆنیۆیەکەش بۆ خۆی کێشـەیەک بوو، کاتێ بە کارەبا کاری پێ دەکرا، زۆر جار دوو تا سـێ پەڕی بەیەک جار دەردەخسـت، یاخود نووسـینەکانی تـۆخ دەردەچون یان کاڵ، واتـە دابەش کردنی مەرەکەب زۆر ناڕێک بوو. بۆیە ناچار دەبووین واز لە کارەبا بێنین و بە دەست کاری پێ بکەین، ئەوە سـەرەڕای سەختی کارەکە، کاتێکی زۆریشی پێویست بوو، چونکە دەبوایە هەندێ لەکاغەزەکان بەدەست لەستێنسڵەکە بکەینەوە، وابزانم ئەو رۆنیۆیە هی سەردەمی شۆڕشـی ئەیلول بوو، درابوو بە قوتابیان و لاوان. زۆر جار شـەو هەتا بەیانـی دەماینەوە هەر جـارەو هەڤاڵێک دەسکی رۆنیۆیەکەی دەسووڕاند.

هەڤاڵانـی ئەوسـا کەدەسـتەی کارگێـڕی و کاری گۆڤارەکەیـان دەکـرد، هەڤـاڵ (فریـاد بارزانـی، رەفعەت سەعید، ئیبراهیم ئیسماعیل، ئەحمەد زکری) بوون.

پۆسـتەرەکانی سـەربەرگی گۆڤارەکان و مۆنتێڤەکان کاری هونەرمەند (بروسـک محەمەد سـەعید) بوون. زۆر جاریش ئەو پۆسـتەرانە لەسەر ستێنسڵ دەکران، کارێکی زۆر سـەخت بوو، و لـە هەمانکاتدا وردەکاری پێویسـت بوو.

**"وابزانم ئـەو رۆنیۆیە هی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول بـوو، درابوو بە قوتابیان و لاوان. زۆر جار شەو هەتا بەیانـی دەماینـەوە هەر جـارەو هەڤاڵێک دەسـکی رۆنیۆیەکەی دەسووڕاند"**

مانشێت و ئەو بابەتانەی کە دەستخەت بوون، خۆم دەمنووسین.
دەرچوونی هەر ژمارەیەکی گۆڤار، جیا لەوەی کەچالاکییەکی گەورەبوو وەکو جەژنێک وا بوو، بە تایبەتی بۆ ئەو قوتابی و لاوانەی کە بەرهەمیان بڵاو دەکرایەوە.
مەسروفاتی ئەو گۆڤارەش زۆر جار لە ڕێگای ئەو پیتاکەوە بوو کە هەڤاڵان ئەندامانی ڕێکخراوەکە کۆیان دەکردەوە........

## بیبلیۆگرافیای گۆڤاری هیوای قوتابیان و لاوان

**ژمارە "١":**




ئۆرگانی لقی ئاوارەی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان/ عێراق.
ژمارە یەکی هیوای قوتابیان و لاوان بەقەبارەی کتێبییە و (٣٤) لاپەڕەیە. بەرگی یەکەمی پۆستەرێک لەخۆدەگرێ و لەبۆکسی سەرەوەش نووسراوە (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان). لاپەڕەی ناوەوەی وێرای وێنەیەکی بارزانی نەمر و فەرموودەیەکی، پێرستی بابەتەکانی ئەو ژمارەیەش لە خۆ دەگرێت.
لەژێرەوەش نووسراوە هیوای قوتابیان و لاوان ژمارە (١) پاییزی (٢٦٨٦)ی کوردی (١٩٨٦) زایینی نرخی (٣٥٠) فلس.
- سەروتار: کۆنفرانسی ئابی (١٩٨٦) ئاسۆیەکی گەشداری خەباتی بێ وچانمانە، ل ١-٢.
- لە ووتە بەنرخەکانی نوێنەری مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک)- عێراق لە کۆنفرانسی ١٩٨٦، ل ٣ .
- زمانی کوردی، نووسینی: د. ابراهیم عزیز ابراهیم مامۆستای پێشووی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر، ل ٤-٦ .
- ئاسۆی رۆشنبیری جیهانی سێیەم، وەک دیارە ئەم بابەتە درێژە پێدەری ژمارەکانی رابردووی (دەنگی قوتابی)ە، ل ٧-٨.
- سڵاو لەکۆنگرەی (٢١)ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، ل٩.
- بەشداری کوردەکانی سۆڤیەت لە جەنگی دووەمی جیهاندا، ل ١٠-١١، هەر لە نیوەی لاپەڕە (١١)دا پیرۆزبایی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی نیشتمانی هەیە.
- شۆڕشەکانی جیهانی (کەمبۆدیا)، ل ١٢-٣.
- هەر لەنیوەی لاپەڕە ١٣دا، هەواڵی بڵاوبوونەوەی

ڕۆژنامەی کوردستان پرێس بڵاوکراوەتەوە کە لەسوید دەرچوو.
- زاراوەی ڕامیاری (ناسیۆنالیزم)، ل ١٤.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەی شەهید، ل ١٥-١٦.
- ژیاننامەی شەهید (عەبدولڕەحمان حامید)، ل ١٧-١٨، لە نیوەی لاپەڕە ١٨ شیعرێکی قەچاخ بەناوی شەمالک هەیە.
- چیرۆک: مژدەی درەنگە شەو، ل ١٩-٢٠-٢١.
- سبەدایی، شیعر: موئید تەیب، ل٢٢-٢٣.هەر لە نیوەی لاپەڕە ٢٣ هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەند محمد عارف ڕاگەیەنراوە.
- قوتابخانەی دێیەکەمان، ل ٢٤-٢٥-٢٦-٢٧.
- با ساڵی نوێ بکەینە ساڵی یەکگرتن، نیوەی لەپەڕە ٢٧ی گرتووە.
- پەیڤێک لەسەر پێشمەرگە، ل ٢٨.
- چالاکیەکانی قوتابیان و لاوان، ل ٢٩.
- شاعیری شۆڕشگێڕی کورد حاجی قادری کۆیی، ل ٣٠.
- لەگەڵ خوێنەرانی گۆڤارەکەماندا، ل ٣٢.
- چەند بەندێکی پرۆگرامی قوتابیان و لاوان، ل ٣٣.
- یەکێتی هەڵوێست و ڕەفتار-ڕێبازی کۆڵنەدان سەرکەوتنە، دوا لاپەڕە.



*** پاشکۆی هیوای قوتابیان و لاوان:**

ئەم پاشکۆیە تایبەتە بە وەرزش و خستنەرووی چالاکییە وەرزشییەکان کەلەنێو قوتابیان و لاوانی ئاوارە لەلایەن یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان ئەنجام دەدران.
- گۆڤارەکە لە حەجم و قەبارەی گۆڤاری هیوای قوتابیان و لاوانە.
- بەرگی یەکەمی وێنەی مەراسیمێکی وەرزشییە.
- بەرگی ناوەوەی وێنەیەکی سەرۆک بارزانیە لەگەڵ وتەیەکی بەڕێزیان لەسەر وەرزش و وەرزشوانان. بارزانی لەوتەکەیدا دەڵێ: ئێوە دەبێ لە ڕێگای وەرزشەوە چەوساندنەوەی میللەتەکەمان بە جیهان رابگەیێنن و لە ڕێگای وەرزشەوە خووڕەوشتی بەرزی گەلی کوردمان و دەنگی ناڕەزایی جەماوەری زۆرلێکراومان بەگەلانی جیهان بگەیێنن.
- دواتر پێرستی بابەتەکانی ژمارە دێت.
- لە ژێرەوەش نووسراوە پاشکۆی هیوای قوتابیان و لاوان، ژمارە (١)ی پائیزی ٢٦٨٧.

- چۆنیەتی پەروەردەکردن لە فێربووندا، ل١-٢.
- شۆڕش و وەرزش، ل ٣.

* مەسعود بارزانی و ئەم جامە، ل ٤.

- جامی بیرەوەری شەهیدانی زێوە، ل ٥-٨. لەم بابەتەدا چەندین وێنەی رەش و سپی و تەنانەت خشتەی یاریەکانیش تۆمارکراوە.
- بەرگی دواوەی تەنیا نرخەکەی لێ نووسراوە کە ١٥٠ فلس.

**ژمارە "٢":**




- لە ژمارەی دوو دا، بەرگی یەکەم دیسان پۆستەرێکی هونەرییە. لە بۆکسی سەرەوەدا نووسراوە: "بەرەو یەکگرتن بۆ روخاندنی رژێم و کۆتایی هێنان بەشەڕ تا بتوانین بە ئاشتی و دیموکراسی بخوێنین"، (ئەمەشیان دروشمی کۆنفرانسی ئابی ١٩٨٦).
- بەرگەی ناوەوە فەرمودەیەکی بارزانی نەمرو وێنەیەکی بەرچاو دەکەوێ، دواتریش پێرستی ژمارەیە. لە خوارەوەش نووسراوە: ژمارە (٢) نرخی (٣٥٠) فلس. وەرزی زستانی ساڵی ٢٦٨٦ ی کوردی لەم ژمارەیەدا ساڵی زایینی نەنووسراوە.
- سەروتار رژێمی رەگەزپەرستی بەغدا بەردەوامە لەسەر لەناوبردنی گەلی کوردو قەڵاچۆکردنی کوردستان، ل ١-٢.
- لە وتە بەنرخەکانی نەمر ئیدریس بارزانی،ل٣.
- ١٨ شوبات ئاسۆیەکی پرشنگدارە لە خەباتماندا، ل٤.
- یادی هەشتەمین ساڵی کۆچی دوایی بارزانی نەمرو چلەمین رۆژی ماڵئاوایی نەمر ئیدریس بارزانی دەکەینەوە، ل٥.
- بریارە سیاسییەکانی کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ل٦-١٠. لە کۆتایی لاپەرە ١٠ پیرۆزبایی ئاراستەی مەکتەبی سکرتاریەت کراوە بەبۆنەی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری پێشکەوتن.
- شۆڕشەکانی کورد، محمد پاشای رواندوز، ل١١-١٣.
- بەشداری کوردەکانی سۆڤیەت لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، نووسەر سیامەند عەلی سیامەندۆڤ (نەنووسراوە وەرگێر کێیەو لەچ زمانێک وەرگیراوە)، ل١٤-١٥.
- ئاورێک بەسەر زیندانەکانی تورکیا، ل ١٦.
- شۆڕشەکانی جیهان (نیکاراگوا)، ل ١٧-١٨.
- زمانی کوردی، لە نووسینی: دکتۆر ابراهیم عزیز ابراهیم. ئەم بابەتە فێربوونی پیتی لاتینیشی لەخۆگرتووەو بەشی

دووەمە، ل ١٩-٢١.
- زاراوەی رامیاری ئانارشیزم، ل ٢٢.
- شیوەن بۆ ئیدریس — شیعری (هیوا)، ل ٢٣.
- زانیاری گشتی: برین و چۆنیەتی پێچانەوەی، ل ٢٤.
- ژیاننامەی شەهید سبحی عیسی شەریف، ل ٢٥.
- چیرۆک: داستانی رزگاری، ٢٦-٢٧.
- نەورۆز جەژنی شۆڕش و خەبات، ٢٨.
- شـاعیری شۆڕشـگێڕی کورد ئەحمـەدی خانی، ل ٢٩-٣٠.
- چالاکی قوتابیان و لاوان، ل ٣١.
- لەگەڵ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان، ل ٣٢.
- بەرگی ناوەوە وێنەیەکی شەهید ئیدریس بارزانییە.
- دوا لاپـەڕە بابەتێکی بـەم ناوە لەخۆگرتـووە، مێژوو . پەندو بەسەرهات و هەڵوێست!
(بە داخەوە ژمارە (٣)ی گۆڤارەکەمان دەست نەکەوت)

**ژمارە "٤":**
- بەرگی یەکەم وێنەیەکی هونەرییە.
- لە ژمارە (٢)یەوە بۆکسـی سەرەوە جێگیر دەبێ بە دروشمی کۆنفرانسی ئابی ١٩٨٦.
- بەرگی ناوەوە وێنەیەکی بارزانی نەمرەو پێرسـتی ژمارە دێ.
- لە خوارەوەش نووسراوە ژمارە (٤)، نرخی (٣٥٠) فلس. کۆتایی هاوینی ٢٦٨٧ی کوردی.
- سـەروتار: وریابن مەبەسـتی رژێم لەناوبردنی کوردە، ل ١-٢.
- ٤١ ساڵ شۆڕش و خەبات، ل ٢-٤.
- سیاسـەت و هونـەر، ل ٥-٦. هـەر لەنیـوەی ئەم لاپەڕەیە هەواڵـی کۆچی دوایی هونەرمەند تاهر تۆفیق و هەواڵی بەسـتنی کۆنگرەی ١٥ی یەکێتی قوتابیانی جیهانی بڵاوکرایەوە.
- سـینەمای کوردی وێنەیەکی یولماز گۆنای هەیە، ل ٧.
- هەواڵەکانی هونەری، ل ٨.
- شۆڕشـەکانی کورد: شـێخ مەحمودی نەمر، ل ٩-١٠.




- نامەی شـێخ مەحمودی نەمر بـۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان، ل ١١-١٣. لـە نیـوەی لاپەڕە (١٣) دا یادی یەکەم سـاڵەی کۆنفرانسی ئابی ١٩٨٦- کۆنفرانسی یەکگرتن کرایەوە.
- چیرۆک (هەڵبژاردن) عەزیز نەسین، ل ١٤-١٦.
- خوێندنەوە. (بەشـی یەکەم) وەرگێڕانی هەڵمەت، ل ١٧-١٨.

- بەسەرهاتی کچە کوردێکی ئاوارە، ل ١٩-٢١.
- چالاکی قوتابیان و لاوان، ل ٢٢.
- لەگـەڵ خوێنەرانی گۆڤارەکەمـان، ل ٢٣-٢٤. لە نیوەی لاپەڕە (٢٤)دا هەواڵی ئامادەکاری بۆ فیستیڤالی (١٣)ەمینی قوتابیان و لاوانی جیهانی بڵاو کرایەتەوە.
- لەبەرگی کۆتایی ناوەوە، وەسیەتی شەهید (شەپۆڵ).
- دیـن بیـن فۆیاو کانی ماسـی، بەرگی کۆتایـی دەرەوە نووسەر لەم بابەتەیدا داستانی کانی ماسی بە داستانی دین بینی ڤیتنامی دەشبهێنێ.




**ژمارە "٥":**

- بەرگی یەکەمی پۆستەرێکی هونەرییە.
- بەرگـی ناوەوەی فەرمودەییەکـی بارزانی نەمرە لەگـەڵ وێنەیەکـی. ئینجـا فەهرەسـتی بابەتەکانی ژمارە. نرخی (٣٥٠) فلس. کۆتایی پائیزی ٢٦٨٧ی کوردی.
- سەروتار: ڕۆڵی قوتابیان و لاوان لە شۆڕشدا، ل ١.
* زانکۆی سلێمانی، ٢-٣.
- شۆڕشـەکانی کورد"ڕاپەرینەکانـی کـورد لەسەدەی نۆزدەهەمدا"، ل ٤-٥.
- شۆڕشەکانی جیهان (لیبیا)، ل ٦-٧.
- وتووێژێـک لەگـەڵ ڕۆژنامەنووسـێکی فەڕەنسی، ل ٨-١٠.
- چیـرۆک: تابلۆیەکی پێکاو. نووسـینی ک. ڕێبوار، ل ١١.
- ناڵەی چەوسانەوە. شیعری (هیوا)، ل ١٢.
- خوێندنـەوە: وەرگێڕانی هەڵمەت (بەشـی دووەم)، ل ١٣-١٤.
- بۆچی وەرزش، ل ١٥.
- لەگەڵ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان، ل ١٦.
- پێشمەرگە، ل ١٧.
- ڕۆژی جیهانی قوتابیان (بەرگی کۆتاییە).




**ژمارە "٦":**

- کلێشەی بەرگ هەروەک خۆیەتی.
- وێنەی بەرگی دووەم دوو وێنەی کارەساتی هەڵەبجەی شەهیدە. (یەکیان وێنەی مام عومەر خاوەر و منداڵەکەیەتی).
- بەرگی ناوەوە فەرمودەیەکی بارزانی نەمرە بـە وێنەکەیەوە. پێرسـتی بابەتەکانی ژمارە. نرخی (٣٥٠) فلس ـ کۆتایی زستانی ٢٦٨٧ی کوردی.

- سەروتار: لە بیرەوەری (٣٥)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیمان، ل ١.
- بۆ یەکەمین جار لە مێژووی یەکێتی قوتابیانی جیهانی (IUS)دا، ل ٢-٣.
- کارەساتە جەرگبڕەکەی هەڵەبجە (بابەتی سەربەرگ)، ل ٤.
- تەنیا فاشیستەکان چەکی کیمیاوی بەکار دەهێنن (بابەتی سەربەرگ)، ل ٥-٦.
- شۆڕشەکانی کورد (راپەرینەکانی کورد لە سەدەی ١٩هەمدا)، (دوا بەش)، ل ٧-٨.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشمەرگەیەکی لاو، ل ٩-١٠.
- بەڵێن. شیعر، ل ١١.
- هەڵەبجە. پ.م. سەید ناسر شارەزور (١٩٨٨)، ل ١٢.
- خوێندنەوە: وەرگێرانی هەلمەت (دوا بەش)، ل ١٣-١٤.
- سەنگەری هونەرمەندان شۆڕشە، ل ١٥.
- لەگەڵ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان، ل ١٦.
- لە بیرەوەری نۆیەمین ساڵگەردی بارزانی نەمر یەکەمین بیرەوەری ماڵئاوایی هەڤاڵی هەمیشە زیندوو ئیدریس بارزانی وێنەی ئەو دوو نەمرە هەیە لەگەڵ دوو فەرمودەیان، بەرگی کۆتایی ناوەوە.
- بەرگی کۆتایی (دێرەلوک رەمزی سەلماندنێکی تر).

**ژمارە "٧":**



- لەم ژمارەیەدا کلێشەی بەرگ هەندێک گۆڕاوە.
- وێنەی بەرگ: وێنەیەکی فۆتۆگرافی مێردمنداڵێک خۆیا دەکات کە خەریکی جۆت کردنە. کۆتایی بەهاری ٢٦٨٨/١٩٨٨- نرخی (٣٥٠) فلسە.
- لەم ژمارەدت پێرستی بابەتەکان بەرچاو ناکەوێ.
- سەروتار: نەورۆز رۆژی راپەڕین و هەلمەتی شێرانەیەێ ل دوای بەرگ.

<u>تێبینی</u>: بەرگی گۆڤارەکە هەر لەهەمان کاغەزی لاپەڕەکانە، بەڵام لەم ژمارەیەدا دیکۆری بەرگیان بۆ دروست کردووە، پێدەچێ هۆکاری ماددی بێ. ئیتر ئەو شکلەی جارانیان نەهێشتووە. یەک راست بابەتیان دابەزاندوونە. ئەمیش بۆ ئەوە بووە کە هەرچۆنێک بێ بابەتێک زیاتر بڵاو بکەنەوە.

- رۆڵی خوشکانی ئاوارەمان (لەکارەساتی هەڵەبجەدا)، ل ٢.
- لەزاری بریندارێکی هەڵەبجە/ ل ٣.

- رووداوەکانی وەرزی بەهار/ ل ٤-٦.
- چیرۆک: ئەگەر لێمانگەڕێن (زهاوی)/ل ٧-٨.
- بیرەوەری تێپەربوونی (٢) ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا هێمن/ ل ٩-١٠. دوای کورتەیەکی مێژووی ژیانی شاعیر (شیعری رەشەمە و نەورۆز) مام هێمنە، کە بۆ بارزانی نەمر هۆنراوەتەوە، بەرچاو دەکەوێ. هەر لەکۆتایی ئەم لاپەڕەیەشدا، پیرۆزبایی دەنگی قوتابیان و لاوان ئۆرگانی لقی هەولێر هەیە بەبۆنەی دەرچوونی ژمارەی یەکەم.
- یەڵماز گۆنای و خەبات لەرێی ئازادی، ل ١١-١٤.
- ئۆڵەمپیک، ل ١٥-١٦.
- لەگەڵ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان، ل ١٧.
- ٢٦ی گولان ئاسۆی خەباتێکی تر، ل ١٨.
- بابەتی بەرگی دواوە (تەنیا مەرجی سەرکەوتن یەکگرتنە یەکگرتن).


هیوای قوتابیان و لاوان

**ژمارە "٨":**

- بەرگی یەکەمی وەک خۆی لێهاتووە. وێنەی بەرگەکە کۆلاجێکی مانشێتی رۆژنامەی فارسی و عەرەبی و بیانییەکان لەسەر کارەساتی هەڵەبجە.
- ناوەوەی بەرگ فەرمودەیەکی بارزانی نەمر لەگەڵ وێنەکەی.
- پێرستی بابەتەکانی ژمارەکە. لە خوارەوەی لاپەڕە ژمارە (٨)، نرخ بۆتە (٤٠٠) فلس ـ کۆتایی هاوینی ٢٦٨٨ی کوردی ـ ١٩٨٨ ی زائینی.
- سەروتار لە هەڵەبجە تا بادینان، ل ١-٢.
- جیهان رژێم تاوانبار دەکات (بابەتی سەر بەرگ)، ل ٣-٤.
- سڵاو لە کۆنگرەی یەکبوونی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ل ٥.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیری نەتەوەیی کورد هەژار، ل ٣-١٣.
- چیرۆک، (دوا دیتن) زهاوی، ل ١٤-١٥.
- پەخشان (ناما پێشمەرگەیەکی بۆ دایکاوی) رزگار ک، ل ١٦.
- چۆنیەتی هاندانی قوتابیان بۆ خوێندنەوە، ل ١٧-١٨.
- چالاکی قوتابیان و لاوان، ل ١٩.
- لەگەڵ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان، ل ٢٠.
- بەهاری سوتاو، شیعر (صباح وون ١٩٨٨)، ل ٢١.
- بابەتی بەرگی کۆتایی (داستانی قارەمانی خواکورک).

**ژماره "٩":**

- کلێشەی بەرگ وەک خۆیەتی.
- وێنەی بەرگ: کارێکی هونەرییە.
- بەرگی نـاوەوە: وتەیەکـی بارزانی نەمـرە لەگەڵ وێنەیەکی.
- ژمـارە (٩) نرخـی (٤٠٠) فلسـە ـ کۆتایـی پائیزی ٢٦٨٨-١٩٨٨زایینی.
- سەروتار بارودۆخی رژێم پاش راوستانی شەڕ، ل ١-٥.
- کورد چۆن بە ئاگری نەتەوە سوتاوە، ل ٦-٨.
- نیـوەی لاپـەڕە (٨) شـیعرێکی (قەچـاخ) هەیە بەناوی شانازی.
- چاوپێکەوتـن لەگەڵ شـاعیری کورد هێدی، ل ٩-١٤.
- فۆلکلۆری کوردیمان، ١٥-١٦.
- شیعری پێشمەرگە، ل ١٧.
- سـۆز و پەیمانبەرێ. شـیعری (جوتیار)، ل ١٨-١٩.
- ئەی لاو، ل ٢٠.
- وڵاتانی تاک بەرهەمی و چۆنیەتی هاتنەکایەوەیان، ل ٢١.
- مێژووی ئادەمیزاد لە روانگەی زانستەوە، ل ٢٢-٢٣.
- لەگەڵ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان، ل ٢٤-٢٥.
- بەرگی کۆتایی (پەیامێکی شادی هێنەر).



**ژمارە "١٠":**

- لە کلێشــەی گۆڤارەکە هەنـدێ گۆڕانی کەم بەدی دەکرێ.
- بەرگی یەکەمی پۆسـتەرێکی هونەرییە. کۆتایی زستانی (١٩٨٩).
- بەرگـی نـاوەوە، وتەیەکـی بارزانـی نەمـرو وێنەکەی. ئینجا پێرستی بابەتی ژمارەکە.
- سـەروتار (سـەدام و چەند جروجامشێک)، ل ١-٢.
- دوو میشـیل یەکتـر دەگرنـەوە، ئـەم بابەتە نیوەی لاپەڕە سێی گرتووە.
- ئەنجوومەنـی هـاوکاری عەرەبـی، نیوەی لاپەڕەی ٣-٤.
- (٣٦) ساڵ خەباتی بێ وچان، ل ٥.
- ریپۆرتاژێـک (لەمەڕ ئاهەنگی یادکردنەوەی ١٨ی شوبات)، ل ٦.
- لەیادی نەمراندا، ل ٧.



- من پێشمەرگەم (عبدالقادر توانا)، ل ٨.
- یادی شاری شەهید هەڵەبجە دەکەوینەوە، ل ٩.
- کارەساتی هەڵەبجە شاکاری تاوانەکانی رژێمی کیمیاوی بەغدا بوو، ل ١٠-١٢.
- پیڤان. شیعری قەچاخ، ل ١٣.
- چیرۆک، تاقە شینگێڕ (زەهاوی)، ل ١٤-١٧.
- هەڵەبجە هاودەردی هیرۆشیما. شیعری هەلۆ، ل ١٨.
- نامەی پێشمەرگەیەک، ل ١٩-٢٠.
- شیعری ژوان (هێدی)، ل ٢١.
- بەرگی کۆتایی، لەم گۆشەیەدا هەواڵی کۆبوونەوەیەکی لیژنەی باڵای هاریکاری نێوان رێکخراوە دیموکراتییەکانی قوتابیان و لاوانی کوردستان و سەرتاسەری عێراق هەیە. نرخی ئەم ژمارەیە (٥٠٠) فلسە.

**ژمارە "١١":**

- کۆتایی بەهاری ١٩٨٩ دوا ژمارەیەتی.
- وێنەی بەرگ پۆستەرێکی هونەرییە.
- بەرگی ناوەوە: فەرمودەیەکی بارزانی نەمرو وێنەکەیەتی.
- فەهرەستی بابەتەکانی ژمارە.
- سەروتار (٢١ی ئادار رۆژی هاوکاری لەگەڵ قوتابیان و گەلی کورد)، ل ١-٢.
- (٢٤)ی نیسان رۆژی ماتەمینی نەتەوایەتی گەلی کورد، ل ٣-٤.
- سڵاو لەسێزدەهەمین بیرەوەری شۆڕشی (٢٦)ی گولانی نیشتمانی، ل ٥.
- قوتابیانی جیهانی رژێم ریسوا دەکەن، ل ٦.
- رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی، ل ٧-٨.
- لەنیوەی لاپەڕە (٨)دا سڵاو لەبیرەوەری دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی گشتی عێراق، ل ٩-١٠.
- روون کردنەوەیەک لەمەڕ ڤیستیڤاڵەکانی قوتابیان و لاوانی جیهان، ل ١١.
- دوو نامە لە دەرەوە/ ل ١١.
- چەند هەواڵێک، ل ١٢.
- کۆچی دوایی رێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران، ل ١٣.
- نامەی دایکێکی کورد بۆ رای گشتی جیهانی، ل ١٤-٢٠.
- شەهید سمکۆ ئامێدی ستێرەکا گەشە لە ئاسمانێ کوردستانێ، ل ٢١-٢٢.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەندی لاو، جوان، ل ٢٣-٢٤.
- شڤان و هەیڤە شەڤەک هۆزانا (دڵسۆز شەرەفانی)، ل ٢٥-٢٦.
- هۆزان جگەرخوێن (ژین دەستان تو دەرکەڤە)، بەرگی کۆتایی ناوەوە.
- بەرگی کۆتایی هەواڵی کردنەوەی پیشانگایەکی هونەرییە.

# ڕەوشت و ئاکاری ڕۆژنامەنووسیی

**وەرگێڕانی: هاوار ئەحمەد**

لە بارەی ئاکارو ڕەوشت (ئەخلاق)ەوە پتر لە هەر بابەتێکی دی وتەگەلێکی بێسەروبەر وتراوەو نووسراوە. ئەم بابەتە پتر لەلایەن ئەو کەسانەوە حەزی لێدەکرێت کە هیچ کارێک ناکەن و هیچ بەرپرسیارێتییەکیان لە ئەستۆدا نییە، چونکە ئەم بابەتە هەلێکی گەورە دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ئەو کەسانەی کە لە میدیاکاندا کار دەکەن.

لەنێو بەرگریکارانی ڕەوشتداو لەنێو وڵاتانی روو لە جەماوەرگەراییدا ڕێکخراوگەلێک هەن کە حوکم دەدەن و ڕۆژنامەوانان سەرەتاو بەر لە ئامێری تایپ، کۆمپیوتەر، لە چاپدان و تەنانەت گڵۆپ و ڕووناکی دەبێ بیر لە ڕەوشت یاخود ئاکار بکەنەوە، گشت ئەمانە دەرەنجامی خراپ تێگەیشتنێکی مێژووییە.

ئەوەی کە بەشێوەیەکی بڕیار لەسەردراوانە ڕەوشت چییەو ئەوەی کە دەبێ چی بێت، دوو شتی لێک جیاوازن.. ڕۆژنامەنووسان لە خاوەن کارو پیشەکانی دیکە پتر لەبەردەم ئامۆژگاری ئەخلاقیدان.

**ڕەوشت (ئەخلاق) چییە؟**

هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان دەڵێن: لە بنچینەدا ڕەوشت ماددەیەکی یاساییە کە گشت کارمەندانی میدیاکان یاخود ئەوانەی لە میدیاکاندا کاردەکەن دەبێ پێیەوە پابەند بن، یاخود گەر پێشییەوە پابەند نەبن هیچ نەبێ لەکاتی پابەندبووندا خۆیان هەست بەشەرمەزاری بکەن بۆ خەڵکانی دی هەر هێندەی کە ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی ماندوونەناسانەو ئامادە جێبەجێ دەکەن، پابەندبوون بە ڕەوشتەوە.

بابەتەکانی ڕەوشتی ڕۆژنامەوانی پەیوەستە بەوەوە کە پەیامنێرەکە لەکام ڕۆژنامە کاردەکات، خوێنەرەکانی کێن و لەگەڵ چ کەسانێک لە میدیاکاندا کاردەکات و هەڵسوکەوتی هەیە لەگەڵیان و ئەمانە هەمووی جیاوازی هەیە. پابەند بوون بەم ئاکارو ڕەوشتانەو ئەوەی کە ئایا ڕۆژنامەنووس پابەند دەبێت؟ پەیوەندی هەیە بە ئاستی مووچە، کێبڕکێ و ئەو کلتوورەی کە زاڵە بەسەر دەزگا ڕاگەیاندنەکەدا. کاتێک ڕۆژنامەنووسێک مووچەی کەم وەردەگرێت بۆی هەیە هەموو جۆرە پاداشت و بەرتیلێک وەرگرێت یاخود لەدووی کارێکی ئازادبێت، یاخود شتێک بۆ ڕێکلامەکان بنووسێت بۆ ئەوەی بژێوی ژیان ڕاست بکاتەوە.

بەڵام ئەگەر مووچەکەی تەواوبێت و بەشی

بکات، سەختترین بابەتەکان وەردەگرێت و تارادەیەک ئامادەی ئەنجامدان و وەرگرتنی هەر کارێکە، هەڵبەت حاڵەتی هەڵاوێردەش هەیە، وەک ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە مووچەیەکی بەرز وەردەگرێت و ترسی ئەوەی هەیە کە کارەکەی لەدەست بدا و بۆیە بۆ پاراستنی کارەکەی، خۆی لە هیچ شتێک نابوێرێت.

بەڵام وەک بنەمایەک، تا ڕۆژنامەنووس (تأمین) کراوتر بێت، پتر ئامادەی تیایە بۆ پاراستنی بنەما (ڕەوشت)یەکان.

هۆکاری کێبڕکێش هۆکارێکی گرنگە، فشاری کێبڕکێ لەنێو میدیاکانداو بۆ وەدەستهێنانی خوێنەر و بینەری پتر، وا لە سەرنووسەران و بەڕێوەبەرانی نووسین دەکات کە زۆر بۆ پەیامنێران بهێنن و هەر ئەمەش وادەکات کە بونیادە ڕەوشتییەکانیان سست و لاواز بێت، هەروەها کێبڕکێی ڕۆژنامەنووسان لە شوێنی کاردا، وا لە ڕۆژنامەنووس دەکات کارگەلێک بکات کە لەکاتی نەبوونی کێبڕکێدا کاری واناکات، گەر وەک بابەتێکی ڕۆحی و دەروونی بنواڕینە "ڕەوشت"و وای دابنێین، ڕۆحی ڕۆژنامەنووس بە هەمان ئەندازە "ڕەوشتیانە"یە کە لە شوێنی کاردا برەوی هەیە یاخود کلتووری گشتی بواری پێ دەدات.

کەواتە هەر ئەم ڕەوشتە ڕۆژنامەنووسیانە، هەم بە یاساییکردنی ڕەوشت و کلتووری لە قاڵب دراوەو لەلایەکی دیکەشەوە پەندێکی ناپەیوەندیدار لەمەڕ "ئیستانداردەکان"ی ڕەوشتی کە "تأمین"نەکراوە. هەڵبژاردنی هەردوو بابەتەکەو لەهەر بارێکدا گرنگییەکی وەهایان نییە.

دەبێ لە ڕۆژنامەوانیدا بابەتی ئەوەی کە چ کەسێک بڕوادارترە لەیاد بکرێت، بەڵکو دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن ڕەوشت پێناسە بکەین، نەک تەنیاش بیر لە بنەکامان و ئەوەی لە کارەکەدا پارێزراوترە بکەینەوە، دەبێ لە شوێن ڕێگەچارەگەلێک بین بۆ ئەوەی پیشەکەمان وەها توندو مەحکەم بێت کە بواری بچووکترین تانەو توانج و بیانووگرتنی تیانەمێنێت، دەمانەوێت شێوازێک هەڵبژێرین بۆ ئەوەی هۆشیارانە پیشەی ڕۆژنامەنووسی بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە هەڵبژێرین.

لە هەمان کاتدا ناوبانگی خۆمان بپارێزین، چونکە هەر چۆنێک بێت ئەو شتەی کەپتر متمانەو شوێنگەی شیاو دەداتە کاری ڕۆژنامەنووس، ناوبانگیەتی. ڕۆژنامەنووس هیچ کات ناتوانێت بێ بایەخ بێت بەرانبەر بەناوی خۆی.

ئاکارو ڕەوشت هەواڵی، هەر چۆنێک بێت نابێتە جێگرەوەو تای متمانەو شوێنگەی ڕۆژنامەنووس، ڕەوشت بۆ ڕۆژنامەنووس بابەتگەلێکە کە فێری دەبێ و

"ئەو ڕۆژنـامەنووسەی کە مووچەیەکی بەرز وەردەگرێت و ترسی ئەوەی هەیە کە کارەکەی لەدەست بدا و بۆیە بۆ پاراستنی کارەکەی، خۆی لە هیچ شتێک نابوێرێت"

هەواڵنامەی کتێب

لەســـەر بنەمای (صداقت)، بێ لایەنی و خۆدوورگرتن لەو تەنگژانەی کە پەیوەندی بــە دژایەتی کردنی بەرژەوەندی گشتییەوە هەیە. ئەم خاڵانە باشترین و پارێزراوترین ڕێگەیە بۆ دەســکردن بە کاری ڕۆژنامەنووســی و گەر لەبەرچاو بگیردرێن، بێ لــەوەی کە ڕۆژنامەنووس چ ڕۆحیەتییەکی هەبێت و بۆ کام ڕۆژنامە کار بکات، سەرکەوتوو دەبێت.

ئاکارو ڕەوشت هەواڵی، بەپێی بەڵێننامەیەکی نەنووسراو کە هەمیشــە لەنێــوان ڕۆژنامەنووس و خوێنــەردا هەیە، شــیاوی پیادەکــردن و کارپێکردنــە لەهــەر کۆمەڵگایەکی ئــازاددا، هەر هەواڵ و ڕاپۆرتێک لە ڕۆژنامەدا، دەرنجامی ڕەزامەندبوونــە لەســـەر ڕێکەوتنێــک بەبــێ گرنگیدان بە گوشارە سیاسی و بازرگانی و نابازرگانییەکان، پەیامنێر لە بەرانبەر ئامادەکردنی هەواڵ پارە لە خوێنەرانی وەرناگرێت و نووســینەوەو هەڵەچــن کردنیــان، لــە کەشــێکی تێکەڵ لەگەڵ بەدواداچوونی دڵســۆزانەو بە مەبەست دابینکردنی خواســتی خوێنەری خۆی ئامــادە دەکات، بە دەربڕینێکی دیکە، ئەمانەت بنچینەو چەمکی ئەم هەوڵدانانەیە..

### بنەما سەرەکییەکان

<u>ڕۆژنامەنــووس دەبــێ تەنیــا لــە خزمەتــی خوێنــەری ڕۆژنامەکەی خۆیدا بێت</u>

ئەگەر ڕۆژنامەنووس دەیەوێت ڕاگەیێنەری سیاسی یا بازرگانــی بێت، باشــتر وایە بچێت لە شــوێنی پەیوەندییە گشــتییەکان، کۆمپانیاکانــی ڕێــکلام یاخود لــە ڕێکخراوە حکومییــەکان کاربــکات. ڕۆژنامەنووس نابێــت لەهەمبەر هیچ هۆکارێک هەســت بە وەفاداری و قەرزاری بکات بێ لە ڕۆژنامە، بەتایبەت پارتە سیاســییەکان، سیاســەتوانان، خاوەن سەرمایە یاخود سەنتەرە بازرگانییەکان و ناوەندە پیشەسازییەکان و هتد...

**ئەگــــــەر ڕۆژنامەنووس دەیــەوێــت ڕاگەیێنــەری سیاســی یــــا بازرگانــی بێت، باشــتر وایــە بچێت لــە شــوێنی پەیوەندییە گشتییەکان، کۆمپانیاکانی ڕێکلام یاخود لە ڕێکخراوە حکومییەکان کاربکات**

هەرچەنــد کــە بەبــێ کەم و کــوڕی و شــیاویش بێنە بەرچــاو، ڕۆژنامەنووس بێ لایەن، لەناخ (نەفس)ی خۆیدا، بەپێــی پێویســت ســەخت و بــە گرفت هەیە کە پێویســت بەم ســەختییە دروســتکراو زیادانە نەکات، بەپێی یاسای ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) هیچ ڕۆژنامەنووسێکی سەر بــەو ڕۆژنامەیە ناتوانێت لــە هیچ چالاکییەکدا بەشــداری بــکات، تەنانــەت ڕێپێــوان و کۆبوونــەوەی نارەزایەتــی، بــەم هۆیەوە کاتێــک چەند هاوکارێکی ئــەو ڕۆژنامەیە بە قازانجی پشــتیوانی لێکــردن لە قەدەغکردنــی لەباربردنی منداڵ لە ڕێپێوانێکدا بەشــدارییان کــرد، فەرمانیان پێدان مافی ئەوەیان نییە کە تەنانەت یەک وشــەش لەو بارەیەوە لە ڕۆژنامەدا بنووسن.

*** هەر هەواڵ یاخود ڕاپۆرتێک دەبێ بەچاوی هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی ڕاستی سەیر بکرێت:**

ئەم بنەمایە لە پەیامنێریدا بێ چوون و جیا ڕاستە کە بابەتەکە دەبێ هەوڵێکی بیرمەندانە بێت لەم پێناوەدا کە "لەڕاستیدا"، چی ڕوویداوەو بڵاوکردنەوە دەبێ لەگەڵ پلانێکی دیارکراو بێت بۆ بڵاوکردنەوەی هەمان ڕووداو، گەرچی لەگەڵ بیرو خواست و ئارەزووی کەسی ڕۆژنامەنووسدا نەگونجێت..

هەر بۆیە ڕۆژنامەنووسان نابێ کارێک قەبوڵ بکەن یاخود لەدووی سەلماندنی خاڵێک (بابەتێک) بن کە خۆیان یا کەسێکی دیکە لە بارەیەوە پێشبینییەکی کردبێت و نووسیبێت، لە بڵاوکراوەکاندا دەتوانی هەواڵ و ڕاپۆرتگەلێکی زۆر ببینییەوە کە نووسەر بە سەختی و ماندووییەوە هەوڵی داوە کە وەها پانتایی بە خاڵەکان و بابەت و نموونەکان ببەخشێت و ڕەنگرێژی بکات کە لەگەڵ مەبەستێکی تایبەت بگونجێت، نموونەیەکی بەناوبانگی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژنامەی (سان) کە یەکێک بوو لەو ڕۆژنامانەی کە ژمارەیەکی زۆری لێدەفرۆشرا.

سەرنووسەری ئەوکاتی ڕۆژنامەکە، بەهۆی هەندێک هۆکارەوە کە لەوانەیە بەلای ئەو کەسە خۆی بەس بوو بۆ ڕازیکردنی وەها بڕوای کردبوو کە هۆکاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشی (ئایدز) تەنیا ماددە بێهۆشکەرەکان و لادانی سێکسییە، ڕۆژنامەکە لە زمانی حکومەتەوە لەچەند ڕووەوە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لەو دوو دیاردە نەخوازراوە، ئامارگەلێکی لەو بارەیەوە بڵاوکردبووەوە، ئەم هەڵە تێگەیشتنە کە ماوەیەکی دوورودرێژ لە ڕۆژنامەی (سان) ڕیکلامی بۆ دەکرا زۆر بە سەختی زیانی بە ڕۆژنامەکە گەیاند، چونکە ئەم هەڵەیە بۆی هەبوو زیان بە خوێنەرانی بگەیەنێت، چونکە هۆکارگەلێکی دیکەش هەن بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە، نموونە یاخود پێشبینی سەداسەد لە ڕۆژنامەوانی شوێنی نییە، لە ناخی خۆیدا دەبێ میدیا ڕووبەڕووی بڵاوبوونەوەی هزری داخراو ببێتەوە..

*** نابێت هیچ (وەسواس)ێک ڕۆژنامەنووس ناچار بە بڵاوکردەوەی بابەتێک بکات.**

ئەم ئامۆژگارییە بەو واتاییەیە کە نەک هەر پارەو دیاری، بەڵکو پەیمانی دەرەنجامێکی باش، یاخود ئیمتیازێک لە ئایندەدا نابێت وا ڕۆژنامەنووس هان دات بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتێک، ئەم کارە ئەگەری چوونی ڕیکلامی بۆ ناو هەواڵ یاخود ڕاپۆرت زیاد دەکات، چونکە بۆی هەیە ڕۆژنامەو پەیامنێر پەیامێکی خوازراو لە دامەزراوەی پەیوەندییە

**"ڕۆژنامەنووسان نابێ کارێک قەبوڵ بکەن یاخود لەدووی سەلماندنی خاڵێک (بابەتێک) بن کە خۆیان یا کەسێکی دیکە لە بارەیەوە پێشبینییەکی کردبێت و نووسیبێت"**

هەواڵنامەی کتێب

گشتییەکانەوە لە شوێنی بابەتگەلێکی گشتی و ئاسایی دابنێت، ئەم کارە پێشینەی لە هەندێ بڵاوکراوەدا هەیە بەوەی کە بابەتگەلێکی راسپێردراو لەنێوەندی بابەتگەلێکی دیکەدا خوێنەری پێ تەلقین دەکرێت و لە بەرانبەردا پتر لە ئاست و شوێنی ئاسایی (بەشی ئاگاداری و ڕێکلام) لەو کەسە تایبەتییە پارە وەربگرن.
ئەم کارە لەبەر چەند هۆیەک وێرانکارە:
<u>یەکەم</u>: ئەوەیە کە ئەو بەڵێننامە نەنووسراوەی نێوان ڕۆژنامەنووس و خوێنەر پووچ دەبێتەوە، چونکە بەهۆی چاپ کردنییەوە پارەیەک دەس بەدەس کراوە.
<u>دووەم</u>: وەها قۆپیەک، کەشی متمانەی نێوان خوێنەرو ڕۆژنامەکە، کەدەبێ بەرگری لێکەری ڕەهایی شتە بەرجەستەکراوەکان بێت، ژەهراوی دەکات.
<u>سێیەم</u>: ئاگاداری شاراوە زیان لە ئاگادارییە راستەوخۆکانی ڕۆژنامە دەدات.
<u>چوارەم</u>:کاتێک بەڕێوەبەرەکانی نووسین و سەرنووسەرەکان خوو بگرن بەم شێوەیە، ڕۆژنامەنووسانی ژێر دەستیان بە چاولێکەری لێیان، بەرەو وەرگرتنی پارە لە کۆمپانیاکان لە بەرانبەر دانانی بابەتە خوازراوەکانی بەرپرسەکان و بەڕێوەبەرەکان کێش دەکرێت و ئیدی خەڵکی لە بەرانبەر بابەتە جدی و خاڵی لە ڕێکلامەکانیشیان بەدبین (ڕەشبین) دەبێ و بە گومانەوە تێی دەڕوانێت.
<u>پێنجەم</u>: درێژەدان بەم کارە پەیوەندی نێوان خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرەکانی ڕۆژنامە لە بەرانبەر پەیامنێردا وەک پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەری میوانخانەکان و کارمەندەکان لێدەکات، بەوەی کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەخشیشەی کە موشتەری بەکارمەندی دەدات مووچەیان لە ئاستێکی نزمدا پێ دەبەخشن.
چونکە ئەمە بیانوویەکە بۆ ئەوەی بە ئەندازەی ماف و ئەو کارەی کە دەیکات پارە بە ڕۆژنامەنووس نەدەن.
<u>شەشەم</u>: گەر پێویستە بابەتێکی لە بەرانبەر پارەدا بڵاوبکرێتەوە، ئەی بۆچی لەلای سەرەوەیدا نەنووسین (ڕێکلام، ئاگاداری)؟ یاخود بۆچی هێڵێک بەژێر رستە تایبەتییە راسپێردراوەکاندا لەلایەن کەسی نووسەرەوە نەهێنین و لە خوارەوەش شی بکەینەوە، کە ئەم بەشەی نووسراوەکە خوێنەر دەبێ وەک ئاگاداری لێی بڕوانێت!؟
گەر وەها نەکەین ڕێزی خوێنەرمان نەگرتووەو ئەمانەت و راستگۆیی خۆمانمان نەسەلماندووە، گەر نییەت پاکی لە ئارادا بێت کەسی راسپاردەکار بەخێرایی واز لەم شێوازە هەڵسوکەوتە لەگەڵ ڕۆژنامەکەدا دێنێ و بەرەو ئاگاداری راستەوخۆی دەچێت، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا

**گەر پێویستە بابەتێکی لە...... بەرانبەر پارەدا بڵاوبکرێتەوە، ئەی بۆچی لەلای سەرەوەیدا نەنووسین (ڕێکلام، ئاگاداری)؟**

لە بەرژەوەندی رۆژنامەکەدایە.

حەوتەم: (بە ئازارتر لە هەمووان) بە بەردەوام بوونی شێوازی ریکلامی ناراستەوخۆ، رۆژنامەنووس کەم کەم ئەم پەیامە دەدات بە خەڵک کە پێنووس و هزری من کاڵایەکە دەفرۆشرێت، ئەو نرخەی کە پێی دەدەن رایبگەیەنن!!

ئەوکات دەبێ بپرسێت، لە بەرانبەر وەرگرتنی پارەدا ئامادە بەهەر کارگەلێکی دیکەبکات؟ نووسینی بابەت بە دڵی تاقمە خراپەکارەکان؟ لەدوورەوە راگرتنی لاپەڕەکانی رۆژنامە لەبەرانبەر لادانی کۆمپانیاکان و دامەزراوە جۆراوە جۆرە یاساشکێنەکان؟

لە ئەورووپای رۆژئاوادا رۆژنامەنووسان بەم شێوەیە دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە، پێدانی بلیت بەبێ پارە، قەبوڵکردنی ئەرک و تێچوونی سەفەرەکانی پشوو، میوانداریکردن لە چێشتخانە گران باییەکان و هتد...

چ متمانەو رێزێک بۆ رۆژنامەنووس دەمێنێتەوە گەر ئەم بەخشیشانە بە شێوەیەک لە شێوەکان خەڵک پێی بزانن؟

*** رۆژنامەنووسان نابێ بواری ئەوە بدەن کە خاوەن ئاگاداری و ریکلامەکان بەڕێوەبەرانی نووسین و سەرنووسەرەکان بخەنە ژێر کاریگەرییەوە، جا راستەوخۆ یاخود ناراستەوخۆ.**

هەواڵنامەی کتێب

لەنێو بڵاوکراوە نەناسراوەکاندا، بەتایبەت بڵاوکراوە بچووکەکان، داهات کەم یاخود ناوچەیی، وا باوە کە خاوەن ئاگاداری هەوڵ بدەن کە سوود لەهێزی دابینکردنی داراییان وەربگرن بۆ ئەوەی گشت بڵاوکراوەکە بخەنە خزمەت خۆیانەوە. لە بەرانبەر ئەم زۆر بۆهێنانەدا دەبێ بەردەوام خۆڕاگری بنوێنێت. ئەم زۆربۆهێنان (فشارە) بەم جۆرە دەچێتە واری پراکتیزەییەوە کە خاوەن ئاگادارییەکان بە سەرنووسەر بڵێن، فڵان کۆمپانیا ئاگادارییەکی باشی هەیەو خراپ نییە گەر لە بارەیەوە بابەتێک بنووسرێت.

هەندێ کاتیش دەستە ریکلامییەکان بە شێوەیەکی هەماهەنگ هەوڵ دەدەن کە رۆژنامەکە ناچار بکەن شێوازی راپۆرتەکانی بگۆڕێت.

"هەندێ کاتیش دەستە رێکلامییەکان بە شێوەیەکی هەماهەنگ هەوڵ دەدەن کە رۆژنامەکە ناچار بکەن شێوازی راپۆرتەکانی بگۆڕێت"

کاتێک من (دەیڤید رەندال) بوومە سەرنووسەری رۆژنامەیەکی ناوچەیی بەریتانی، فەرمانم دەرکرد کە ئیدی هیچ هەواڵێک لەمەڕ دەستگیرکردنی دزانی فرۆشگاکان دانەبەزێت، چونکە ئەم هەواڵانە بە ئەندازەیەک دووبارە بوون کە (رەزا قورس) دەهاتنە بەرچاو، پاش هەفتەیەک، بەڕێوەبەرانی فرۆشگاکان خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەکە یان ئەو لایەنەی کە رۆژنامەکە چاپ و بڵاودەکاتەوە، ئاگادار

كـردەوە كە ئەگەر ئەم هەواڵانە دانەبەزێت، ئیدی بەتەمای ڕێكلام نەبن (كە زۆر زۆر و بەرچاویش بوو!) دەیانگووت هەواڵی گرتنی دزەكان لە فرۆشـگاكانیاندا دەبێتە هۆكاری پێشگیری لە ئەگەری دزی كردن لێیان.

ئەوكات خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەكە، پشتگیریی لێكردم و من تەسلیم نەبووم.

مەترسـی تەسـلیمبوون لە بەرانبەر خواسـتی خاوەن ئاگادارییەكان چ بە شـێوەی تاك و چ بە شـێوەی دەستە، لەوەدایە كە ڕۆژنامەنووس تواناى كەسـی خۆی لەدەست دەدات، گرفتەكە لەوەدایە كاتێک تەسلیمی بۆچوونی خاوەن ئاگاداری (ڕێكلام)ێک دەبێت، ئەوانی دیكەش ڕیز دەگرن.

*** نابـێ بابەتـەكان بۆ پشـتگیری لێكـردن یاخود پێداچوونـەوەو چاككـردن بنێردرێنـە دەرەوەی ڕۆژنامەكە.**

هەندێ لە ڕۆژنامەكان هێشـتا نەریتی نیشـاندانەوەی بابەتەكانیـان لاماوەو پاراسـتوویانە: بـەو بیانوویەی كە ئـەم كارە پێشـگیری دەكات لـە ئەگەری بوونـی هەڵە لە ژمارەو ئەو شـتانەی كە پشـتیان پێ بەستووەو هۆكاری چاككردنـەوەش فەراهەم دەكات، بـەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم كارە هیـچ پەیوەندییەكـی بـە گۆڕینـەوەی ڕاوبۆچـوون لەمـەڕ شـێوازی ئامادەكردنـی بابەتەكـەوە نییـە، ئـەو خاڵانـەی كە جێگیركـراون تێیـدا، ئەم كارە لە ئەسـتۆی ڕۆژنامەنووسـدایە، ئەو خاڵەی كـە ئەگەر ڕۆژنامەنووس لەمەڕ ناوەڕۆكی نووسـینی بابەتێـک ڕاوبۆچوون لەگەڵ كەسـایەتییە پەیوەسـتەكان بەو بابەتەوە بگۆڕێتەوە، بەو واتایەیـە كـە داوایان لـێ دەكات بابەتەكان و شـێوازەكە پشتراسـت بكەنەوەو ئـەم مافەیان هەیە كە لـە بارەیەوە ڕاوبۆچوون بدەن.

زۆر ڕوو دەدات كـە سـەرچاوەیەک یاخـود كەسـێک شـتێک بە پەیامنێرێـک دەڵێت و پاشـتر ناچێتە ژێر باری ووتەكەیەوە، ئەمە نەریتێكی باش نییە كە پەیامنێر بوار بداتە سەرچاوەی هەواڵەكە، كە هەركات ویستی وتەكانی خۆی دەسكاری بكات و چاكی بكاتەوە، ئایا دەكرێت ئەو ئەگەرە دابنێت كە خواستی دیتنەوەی هەواڵ یاخود ڕاپۆرت، تەنیا بە مەبەسـتی یارمەتیدانی پەیامنێرە؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، ئەم داواكارییەی كە بە كەسێک لە دەرەوەی ڕۆژنامە ئەو بـوارە بدرێت كە دەقـی هەواڵەكە بەر لـە بڵاوبوونەوەی بخوێنێتەوەو چاكی بكاتەوە، نەک هەر ئەوەی كە بانگهێشت كردنە بۆ سانسۆركردن و زۆرهێنان بۆ ڕۆژنامەنووس لە پێنـاو گۆڕینی ڕاوبۆچوونی، بەڵكو ئەو خاڵە دەسـەلمێنێ كـە وەها پێداچوونەوەیەک بـۆ ڕاوبۆچوونەكانی، كارێكی

> **مـەترسـی تەسـلیمبوون لـە بەرانبـەر خواسـتی خـاوەن ئاگادارییەكان چ بـە شـێوەی تـاک و چ بە شێوەی دەسـتە، لەوەدایە كـە ڕۆژنامەنووس توانای كەسی خۆی لەدەست دەدات**

ئاسایی مافی سەرچاوەی هەواڵەکەیە.

گەر یەک جار ڕۆژنامەنووس ڕازی بێت بە وەها کارێک، بۆ هەمیشە و هەمووان ئەم کارەیان لێ دەوێت..

*** پەیامنێر دەبێ بەردەوام بە ڕاستگۆییەوە زانیارییەکان بگوازێتەوە.**

کەمترین دەسکاریکردن لە دەستەواژەکاندا، هەندێ کات گشت واتای ئەو دەستەواژەیەو جەختکردنەوە تایبەتییەکەی دەگۆڕێت، ڕاست نییە کە پەیامنێر ئەم بیانووە بهێنێتەوە کە: (مەبەستی قسەکەرەکە هەر ئەوە بوو!) چۆن دەزانێت کە وەهایە؟ بەتایبەت کە لە هەواڵ یاخود ڕاپۆرتدا، ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ساز دەکەیت بە شێوەیەکی دوولایەنی و ئیشارە (ئاماژەی وەڵام بداتەوە. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە بەشی سیاسیدا کار دەکەن، زۆربەی کات زمانی ئاخاوتنی سیاسەتمەدارەکان چاک دەکەن و ڕێکی دەخەنەوە، وابیر دەکەنەوە کە ئەرکی سەرشانیانە ووتە نارێک و نا پەیوەندیدارو تەمومژاوی و تەنانەت بە دوور لە ڕێساکانی زمانی ئەو کەسانە بگۆڕن بۆ ڕستەگەلێکی ڕوون و جوان، لەکاتێکدا وەها نییە، چونکە:

یەکەم: گواستنەوەی پەیامنێرەکە ڕاستەو دروست نییەو کە بانگەشەی ئەوەش دەکات کە ئەو گوتوویەتی، لەڕاستیدا نەیگوتووەو ئەم کارە بە دوورە لە (عینیت)عەینییەت لەهەواڵدا.

دووەم: کاتێک ئەو سیاسەتمەدارەی کە پەیامنێرەکە لەگەڵی دەدوێ، هێندە بێ ئاگایە کە بە دروستی ناتوانێت بە زمانی دایک بدوێت، بۆچی ناهێڵێت کە خوێنەران بەم شتە بزانن؟ ئەم هۆشیارییە بۆ نموونە لەکاتی دەنگداندا دەبێ کاریگەریی هەبێت.

گواستنەوەی پەیامنێر بۆی هەیە فۆرمێکی نەشیاوتریش بەخۆیەوە بگرێت، هەندێ کات ئەو لایەنەی کە دیمانەی لەگەڵ کراوە لە وەڵامدا (نەء) یاخود (بەڵێ)یەک دەدرکێنێ یاخود تەنیا سەر دەجوڵێنێت، پەیامنێرەکە لەم وشەیە، یاخود لەم جوڵەیە ڕستەیەک دروست دەکات و دەیخاتە دەمی کەسی دیمانە لەگەڵ کراودا، بۆ نموونە: پەیامنێرەکە بپرسێت: (ئایا تۆش ڕات وایە کە حکومەت لەم لایەنەوە کەم و کورتی نواندووەو ئێستا هەوڵ دەدت تا دەرەنجام و کاریگەرییەکانی داپۆشێت؟) ئەوکات لایەنی دیمانە لەگەڵ کراو، تەنیا سەر بجوڵێنێت، پاشان پەیامنێرەکە لە هەواڵ یاخود ڕاپۆرتەکەیدا بڵێت: (بەبۆچوونی ناوبراو، حکومەت بە تەواوی بێبایەخ بووە لە بەرامبەر ئەم بابەتەداو ئێستا خەریکی گەڕانەوەو چاکسازییە، شێوە دروستەکەی

**"ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە بەشی سیاسیدا کار دەکەن، زۆربەی کات زمانی ئاخاوتنی سیاسەتمەدارەکان چاک دەکەن و ڕێکی دەخەنەوە"**

هەواڵنامەی کتێب

ئەوەیە کە پەیامنێرەکە هەمان پرسیارو هەمان وەڵامەکە بگەیەنێت، چاکسازی کردن لە ڕستەکانی سەرچاوەی هەواڵەکە، دەبێ هەست پێ نەکراو و کەم گۆڕانکاری تیاکراوبێت لە بەرانبەر ئەسڵەکەیدا، هەندێک لە پەیامنێران پێیان وایە کە ئەگەر سەرپێچی بکەن لەو بنەمایە، زیانێکی زۆر دەکەوێت لەو هەواڵە یاخو ڕاپۆرتەی کە خەریکی ئامادەکردنین، بەڵام پابەند نەبوون بەم بنەمایە شتێکە لەودیو یاخود لە سەرووی نەبوونی ڕاستگۆییەوە:

یەکەم: دیمەن سازی وشەیی هیچ ڕۆژنامەنووسێک، ناتوانێت دەربڕو وەرگێڕی زمان و ئاوازی ئەو وەڵامدەرەوەیە بێت کە لەسەر شەقامێک شتێک بە پەیامنێرێک دەڵێت.

دووەم: دەبێ پەیامنێر توانای گەڕاندنەوەی گشت جۆرە وشەو جوڵەو گۆکردنەکانی هەبێت بۆ سەر ڕستە ڕۆژنامەییەکان گەر وانەبێت نووسینەکەی دەبێتە نووسینێکی ئامێری.

ڕۆژنامەنووسی هەڵاتوو لەو جۆرە واباشترە کە بچێت ئەفسانە بنووسێت، ئەگینا لە بنچینەدا نابێت بنووسێت..

*** هیچ کات نابێت پەیامنێر سوود لە شوێنگەی خۆی وەرگرێت بۆ هەڕەشەکردن یاخود وەرگرتنی ئیمتیازێک.**

ڕۆژنامەنووس، هێز (دەسەڵات)ی هەیە، نابێت ئەم هێزە بقۆزیتەوە (واتە بە شێوەیەکی ناتەندروست بەکاربێت)، چ لەکاتی ڕوودانی هەواڵداو چ لە دەرەوەی مەیدانی هەواڵ، بەدواداچوونی تەنگژە کەسی و تایبەتییەکان، لەژێر چەتری بەکارهێنانی ئەم بانگەشەیەی کە: (من هەندێ ناسراوی بەدەسەڵاتم هەیە) لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە، جۆرێکە لە خۆدەرخستن لە بە دەسەڵاتی، ئەویش خۆ دەرخستنێکی بەدوور لەعەقڵ و لۆژیک، پەیامنێر چۆن دەتوانێت باجی ئەم کارە ڕاپۆرتێکی لە بارەی ئەو کەسەوە یاخود ئەو دامەزراوەیەوە بنووسێت؟ یاخود چۆن دەتوانێت لەسەر ئەو سەرچاوەی پشتیوانی لێکەرە، باشتر بابەت و ڕاپۆرت و ..هتد ئامادەبکات؟ پەیامنێر مافی ئەوەی نییە لە لۆگۆو هێمای ڕۆژنامەکەی خۆی بۆ نووسینی نامەیەک داواکاری ئیمتیازی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت، یاخود هەر شتێک لە دەرەوەی کاری ڕۆژنامەنووس کەسێک، سوود وەرگرێت. ئەم کارە، پەیامنێر و ڕۆژنامەکە بەرەو ڕێچکەیەکی ئیداری دەبات کە لە ڕووی (ئەخلاق)یەوە هەم زیان لە ڕۆژنامەکە دەدات و هەم لە پەیامنێرەکە خۆی.

*** هیچ کات نابێت پەیمانی ڕێگەگرتن لە دابەزینی هەواڵێک دا بدرێت لەڕووی برادەرایەتییەوە یاخود یارمەتیدانی کەسێک.**

**پەیامنێر مافی ئەوەی نییە لە لۆگۆو هێمای ڕۆژنامەکەی خۆی بۆ نووسینی نامەیەک داواکاری ئیمتیازی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت، یاخود هەر شتێک لە دەرەوەی کاری ڕۆژنامەنووس کەسێک، سوود وەرگرێت**

هەندێ كات ڕۆژنامەنووسان دەكەونە بەردەم خواست و داوالێكردنێك بۆ بڵاونەكردنەوەی بابەتێك یاخود بەشێك لە بابەتێك..

هەندێ كات ئەم داواكردنە بە چوارچێوەی بەخشینی دیاری یا تەنانەت پارە (لە هەندێ وڵاتدا) دەردەكەوێت، ئەم سەودایە (بەهەر شێوەیەك) كارێكی هەڵەیە. دەقاودەق بەو هۆیەوە كە داوا كاری لەمەڕ بڵاوكردنەوەی بابەتێك، دەكرێت بە هەڵە لە قەڵەم بدرێت..

*** بۆ وەرگرتنی زانیاری نابێ خەڵك بخەڵەتێنی.**

دەبێ ڕۆژنامەنووس ناسنامەی خۆی ڕوون بكاتەوە، گەر وانەبێت لە پێناو وەرگرتنی زانیاری فێڵی لە خەڵك كردووە، ئەم كارە بە تەنیا نادروستی نییە، بۆی هەیە هەندێ كات مەترسیدار بێت.

هەموو دەزانن كە زۆربەی كات خەڵكی بە ئاسانی و ئازادانە، لەگەڵ یەك دەدوێن، بەڵام كاتێك كە بزانن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێكدا دەدوێن، كە بە نیەتێكی تایبەتەوە دەپرسێت، هەلومەرجەكە جیاوازدەبێت. لەم حاڵەتەدا ئەوان خێرا خۆیان ڕێك دەخەنەوەو هەوڵ دەدەن وتەكانی خۆیان هەڵسەنگێنن و بەر لەوەی زانیارییەكانیان بدركێنن بە جوانی هەڵسەنگاندن و لێكۆڵینەوەیەكی خودی بۆ بكەن. لێرەدا خەڵك دەبێ هەست بە بەرپرسیارێتی بكەن و ئەو لایەنە زانیارییانەی كە دەیدركێنێت هەڵی بسەنگێنن.

گەر پەیامنێر نەڵێت ئەو زانیارییانەی بۆچی دەوێت، دوور نییە خەڵك زێدەڕەوی تێدا بكەن، بەو شێوەیەی كە كاتێ لەگەڵ خەڵكی ئاسایی لە بارەی بابەتێكەوە دەدوێن، بەبێ گرنگیدان بە زانیاری و ژمارەكان زیاد و كەم دەكەن، خۆیان وەك شاهید دەناسێنن و تەنانەت بۆی هەیە خۆیان بنوێنن و خەیاڵ و حەزی تایبەت خۆیان لەگەڵ زانیارییەكاندا تێكەڵ بكەن، بەو شێوەیەی كە لە گۆڕینەوەی ڕووداوەكاندا ڕوو دەدات، تەنیا لە هەندێ هەل و مەرجی تایبەتیدا پەیامنێر بۆی هەیە ناسنامەی خۆی بشارێتەوە، بۆ نموونە ئەو كاتەی كە خەریكی ئامادەكردنی ڕاپۆرت یا هەر بابەتێكی دیكەی بەدواداچوونانەیە.

*** نابێ زانیارییەكان دروست بكرێت یاخود دەسكاریيان بكەیت.**

دەسكاریكردن لە زانیارییەكاندا بە شێوەیەكی ڕەها هەڵەو مەترسیدارە، هەندێ كات تەنانەت بچووكترین دەسكاریكردنی زانیاریەكان، زیان لە ڕێكخستنی عەینییەكان و نیشاندانی هەستەكان لە بەرانبەر هەندێ ڕووداوداو وردبینی و ڕاستگۆیی گشت هەواڵ و ڕاپۆرتەكە دەدات و گشت بابەتەكە دەگۆڕن بۆ بابەتێكی دروستكراو.

> **دەبێ ڕۆژنامەنووس ناسنامەی خۆی ڕوون بكاتەوە، گەر وانەبێت لە پێناو وەرگرتنی زانیاری فێڵی لە خەڵك كردووە**

هەواڵنامەی كتێب

ئەم ڕێکخسنی عەینییەتانە، لە شێوەی ئەو کارەن کـە هەنـدێ لە وێنەگرانـی هەواڵی بۆ ئەوەی وێنەکە برازێنێننەوە دەیکەن.

لـە ئەورووپـای ڕۆژئـاوا، هەنـدێ کات وێنەگرانـی بڵاوکـراوە هەندێ شـت و مەک و کەرەسـتەی تایبـەت بـە ئۆتۆمبێلەکەیاندا دادەنێن بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا و لەکاتی وێنەگرتن سوودی لێ وەرگرن. بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەم کەرەستانە بریتین لە:

بووکـە شوشـە، بەتایبـەت لـە شـێوەی ئاژەڵەکان، ورچ و کەروێشـک و.. هتد، یاخود تاکـە پێڵاوێکـی منداڵانە، کاتێـک ڕووداوێکی وەک پێکدادانـی دوو شـەمەندەفەر، کەوتنـە خـوارەوەی فڕۆکەیـەک، زەوی لـەرزەو لافـاو و.. هتد، ڕوودەدات، ئـەم وێنەگرانە لە شوێنەکەدا ئامادە دەبن و ئەو بووکەشووشە یاخـود تاکـە پێڵاوە لـە گۆشـەیەکداو لەنێو وێرانییەکاندا یاخود لەناو پارچەکانی فڕۆکەو شـەمەندەفەرەکەدا زۆر بە زیرەکانە دادەنێن و وێنەی دەگرن بۆ ئەوەی هەسـت و سۆزی خوێنەر بجولێنـن، ئەمڕۆکە ئەم جۆرە وێنانە بۆتە شـتێکی کلێشـەی سـواو، بـێ لەوەش بـۆ نموونـە هەندێ کات پـاش چەند ڕۆژ کە ئاساری ڕووداوەکە بڵاودەبێتەوە، دەبینی لەو ڕووداوەدا منداڵی تیانەبووە!

**تێبینی:**

بەهـۆی ئـەوەی چەنـد دێڕێـک لاپەڕەکانـی کۆتایی ئەم بەشە ڕوون نەبوو لەبەر ئەمانەتی بابەتەکـە وەرم نەگێـڕا، بـەو هیوایـەی لـە داهاتوودا نوسـخەی دیکەی ئەم کتێبەم چنگ بکەوێت و بتوانم تەواوی کتێبەکە وەرگێڕم.

**وەرگێڕ**

**سەرچاوە:**

**ڕۆژنامەنگاری حرفە ای، دیڤید رندال**

# ئۆریژناڵەکانی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی

عەبدوڵڵا زەنگەنە

وەرگێڕانی دەقە تورکییەکان: هێمن عەساف

### پێشکەشە بە گیانی شەهید مەهدی خۆشناو

لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)دا، لەژێر ئەم ناونیشانەی سەرەوەدا، نووسیومە: (پەیوەندیم بە مامۆستا "مالمیسانژ"ی دانیشتووی سوێد کردووە، بەڵکو لەکاتی سەردانی بۆ هەولێر لە ڕۆژانی یادەوەری ڕۆژنامەنووسیی ئەمساڵدا هەردوو بەرگی کتێبەکەی "بۆز ئارسلان"مان بۆ بێنی، تاوەکو بە یەکەوە کارێکی وا بکەین هەموو دەقە وەرگێڕدراوەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بەراورد بکەین) هەر لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەدا هەواڵی ڕێنووس گۆڕکێی ژمارەکانی دیکەم لە ٢٠ تا ٣١ ڕاگەیاندبوو.

ئەوەبوو لەکاتی سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لەسەر پێشنیازی من "مالمیسانژ" هاتە هەولێر، وا دیاربوو گفتەکەی خۆی بەجێ گەیاندبوو و هەردوو بەرگی کتێبەکەی (بۆز ئارسلان)ی بەدیاری بۆ هێنابووم. بەڵام زۆر بەداخەوە بەهۆی هەڵەشەیی و هەڵەی کارمەندێکی سەر کۆمپیوتەرەکەمان هەموو کارەکانی پێشووترم لەسەر کۆمپیوتەر ڕەش ببوونەوە، بۆیە ماوەی پتر لە سێ مانگ زیاتر ناچار بووم شەوو ڕۆژ، سەرباری سەرقاڵیم بە کتێبخانەکەم، جارێکی دیکە بە بابەتەکاندا بچمەوەو چاپ و هەڵەبژێریان بکەمەوە، ئەم جارەیان کتێبەکەی (بۆز ئارسلان)یشی هاتبووە سەر، هەر دەقێکی کوردییەکەم هێنابێتە سەر ڕێنووسی باو، لەگەڵ دەقە لاتینییەکەی بۆز ئارسلان بەراوردم کردوەتەوە، دیارە هەندێ جیاوازییان لەنێواندا هەیە، بۆ نموونە:

- هەندێ وشەو دەستەواژە هەبوون لەڕۆژنامەکەدا چۆن نووسراون، من دووبارە وام نووسیونەتەوە، بە نموونە: وشەی (مرۆڤ) لەهەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا بە (مرۆو) نووسراوە، خەڵکێکی زۆری دەوروبەری هەولێریش وا گۆی دەکەن، بۆیە هەر وام نووسیوەتەوە.
- لە زۆربەی ڕۆژنامەکەدا (ب) وەکو چۆن بە (بە) نووسراوە، لەهەموو دەقەکاندا هەر وام هێشتۆتەوە.
- جارێکی دیکە هەموو ئەو وشەو دەستەواژانەی عەرەبی بوون، بەڕێنووسی کوردی نووسیومەتەوە، بەنموونە: (ظولم)م بە (زولم) نووسیوەتەوە، (مەوثوق)م کردۆتە (مەوسوق).

دیارە ئەو کارەی من سەرەتاکەی لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) تایبەت بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی و ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٤)دا دەستی دراوەتێ. بە هاندانی کۆمەڵێک لە مامۆستاو برادەرانم وا بە ئەنجام گەیشت ئەوانەی لە هەمووان زیاتر هانیان داوم شەهید مەهدی خۆشناو، د. کەمال فوئاد، د. نەجاتی عەبدوڵڵا، د. کەمال مەزهەر، کاکە حەمەی مەلاکەریم، ئازاد عوبێد، د. جەلیلی جەلیل، فەرهاد عەونی، دوای ئەو هەموو ئەوانەش حەمید ئەبوبەکر. لە ژمارە (٢٠-٣١)ی ڕۆژنامەکە، کە دوا کۆمەڵەی کارەکەمان، ئەوەندی کاری نەخشەسازی بوارمان پێدات، بڵاویان دەکەینەوە.

دیارە دوای دەستکەوتنی سەرچاوەکانی هەریەک لە مالمیسانژو محەمەدئەمین بۆز ئارسلان و چەند سەرچاوەیەکی دیکە، جارێکی دکە بەهەموو ژمارەکاندا دەچمەوە، ئومێدەوارم تۆژەران ڕەخنەی پێویستم لێ بگرن و ڕێنماییم بکەن..

عەدەد٢٩ | سالا سسییێ | رووپەر ١

صاحب و محرری
بدرخان پاشا
اوغلی عبدالرحمن
***
درج اولنمیان اوراق
اعاده اولنمز
***
هەرجار دوسەد
جەریدەیا ئەزێ رێکم
کوردستانێ دە بەلاش
بدن خەلکێ

کردستان ١٣١٥

(هەیڤێ جارەکێ دەردکەڤە جەریدەیا کوردی یە)
(کردلری تحصیل علوم وفنونه تشویق ایدر نصایح وادبیات کردیەیی حاوی)
(آیده بر نشر اولنور کردجه وترکجه غزتەدر)

KURDISTAN

غزتەنک مسلکنه موافق عربجه فارسیجه مکتوبلر کردجەیه بالترجمه نشراولنور

Adress:
Kurdistan
FOLKSTONE
Angleterre
هر طبعده ٢٠٠ نسخه کردستان
ولات عظامنه ارسال اولنور
***
کردستان خارجنده هر
یر ایچون آلتی آیلغی
٥٠ سنەلک یبونه بدلی
٨٠ غروشدر
کردستان داخلنده
خصوصی استەینلره
مجانا کوندریلور

دوشمب ٢ رجب شریف سنه ١٣١٩ / ١ تشرین اول سنه ١٣١٧


## وەزعیەتا حازرو موستەقبەلا کوردستانێ

ڤــان زەمانێــن پاشــایکێ، نــاڤ و دۆر کوردســتانێ حەوقاس خراپی دبن، نوفووز و حاکمیەتــا دەولەتا مە حەوقاس تونە بییە کو، خەلق حەمــی هێڤییا بەلاکە مەزن مانە، لەوما ئــەزێ ڤێ جەریدا خــوە دە هنەک ژ ڤی حالی بەحس بکم:

ئەڤە دە سالە ژ ئیفساد و تەشویقا خونکار، قیتالێن مەزن لە کوردســتانێ دبن، حوزور و ئاسایش لە کەس نەمایە. ئیدی کەس تو ئومیدا قەنجیــێ ناکــە، خەلــق حەمی مونتــەزرن کو ئیدارا حکومەتی بگوهۆرە، وە ئیللا، سەلامەتا مە رە تو رێ نەمایە.

ژ ملکــێ ئــەو کوردێــن هنــدە زەمانــە ژ روویێ حکومەتێ ناڤ جەهل و نادانیێ مایین، بە تەحریکا خونکار حەچی ئەرمەنییێ راست تێــن، دکوژن، ژ غەیری ڤــان، حەچی کوردێ موغایــرێ ڤان قیتالا هەبن ئــەو ژی وەک ئەرمەنییــا دژمــن تەخمین دبــن و مەعروزێ تەسەلوتا سوارین حەمیدیەنە. ژ ڤی سەبەبی، ب غەیــری حەق کوردســتان حەمی نەفرەتێ عامە جەلب کریە. ژ ئالییەکی ژی هن ئەرمەنی هەنە کو ئیســتیقلالا خوە تهلــەب دکن. زالمێ خوە، کو خونکار و حکومەتا وی یە، ڤەدشێرن و عەلەیها موســولمانییێ و مللەتی حەرەکەت دکن و سەر مەقســەدا خوە گەلەک ئەحوالێن خیلافێ ئینســانییەت و مورووەت ئیجرا دکن. ئــەو ژ زولمــا حکومەتێ دبینن ئیســتیدعایێ عەدالەتــێ دە گەلەک خوەی حەقن، لاکین هن ژ ڤــی حودودی دبــوورن، حالێــن مەزمووم دکن.

ژ ئالیەکی ڤە ژی روسیا سەر ئیستیقبال و سەعادەتا خوە، ڤی شەر و نیفاقا ناڤ هەردوو عونســورێن حەتا نهۆ برایی و هەڤالی عومر کــرن، ئیخــلال و ئیفســاد دکە، هــەردو ملان نەیار نیشــانێ هەڤدوو دکە، قیتالا مابەینا وان زێدە دکە.

ڤــان ئەحوالێن ها دە چهار نوقتە هەنە کو شایانێ تەدقیق:

بــێ قەیدییــا حکومەتــا مــەو موناڤقیــا عەبدولحەمید، بە بەلا جەهالەتێ و وەســاتەتا کوردا ب قیتال و تالانی، بێ تەدبیریا ئەرمەنییا و ســەودایێ ئیســتیقلالا وان، هــەر حــالا دە موداخەلا روسیەیی.

١-پاش قیتالێن سـالێن بوری زوهوور کرن، شونا حکومەت بە تەدابیرێن موئەسیر نەکران وان مەنع بکە، بە ئیدارەیێ مەسلەحەت هشت و لەوما هەتا نهۆ ئاگرێ فەسادێ دەوام دکە. حکومـەت، دا قسـوور و نوقسـانا خوە کەتم بکە، فەسـاد ئاڤێت ناڤ هەردوو عونسـوراو سەر مەعسـوومیەتا خوە نەزهرا ئەوروپایێ دە (کـورد) ئیتیهام کر. سـەر ڤێ مەقسـەدێ خونـکار هەر ئیعلان کـر کو ئەوی دڤێ ملکێ خوە ئیسلاح بکە، لاکین کورد عاسی نە، دڤێن وەحشـەتا خوە دە بمینن. خونکار، ئیسـباتێ مودەعا رە، گەلەک حیەل و دەسائیس تەرتیب کر، ئـەڤ فکر لە ئەوروپایـێ دا قەبول کرن، قیتالین حەتا نهۆ لە کوردسـتانێ دبن، حەمی تەئسیرا ڤا تەدابیرێن عەبدولحەمیدن.

لەوما، گەلی کوردینۆ، ئیدی قیتال و تالانێ بـەردن، ئەرمەنییـا رە ئیتیفـاق بکـن، هەگەر ئـون ڤێ نیفاقێ، تەرک نەکـن و ئەرمەنییا رە بیلئیجتیماع، زهلەمەیێ مەئمورێن عەبدولحەمید رێدکە سـەر وە دەفع نەکن، موحەقەق بزانن کـو ئـون و ئەرمەنـی حەمی ئونـێ یەکجار پایمال ببن.

٢-کـورد ڤان قیتالا ئیجرا دکن، لاکین نە چکو کـورد مەییالێ قەتل و زولـمن. هەگەر کورد تهبعـەن مەییالێ ڤان حالا ببیا، ئەڤە حەوقاس عەسـرە ئەو و ئەرمەنی هەڤ رە عومر دکن، ئەزمانێ سـابیقە ژێ ئەمسالێن قیتالێن هۆلێ ببیا. لاکین بیلعەکس، حەتا نهۆ ئەڤە حەوقاس زەمانـە کـورد و ئەرمەنی هەر بـە هەڤالی و بەبراتی هـەڤ رە بووراندنە. لاکین ئیرۆ ژێ وەک حەمـی زەمانا، کـورد خونکاری خەلیفە ناس دکـن، ئەمرو ئیرادەیێـن وی موقەدەس دزانـن، ئیجراکرنا ئیرادا خونکار فەرز دزانن، بـە جەهل و نادانیێ، نزانـن کو ئەڤ خونکار سـولتانەک غاسبە کو شـەڤ و رۆژ ئینقراز مللەتـا خـوەو حیمایـا نەفس و تەختێ خوە دخەبتە.

٣-ڤـا مەسـائلێن قیتالا دە هـن ئەرمەنی ژێ هەنە کو گەلەک شایانێ موئاخەزەنە. ئەو ژێ ئەو قسـمێ ئەرمەنی نە کو عەسیانێ خوە دە سـەبەبا زولما دبینن، ئیسنادێ موسولمانییێ کـرن و بە ڤی سـورەتێ چڤاس موسـولمان هەنـە، تـرک و کـورد حەمی ژ خـوە تەبرید کرن، هۆلێ نیفاقەک، کینەک مەزن دانین ناڤ خوە و هەڤـال و برایێن خوە دە. تو ویلایەت نینـن کو ئەرمەنی ژ مللەتین دی یەعنی ئان ژ کـوردا ئان ترکا زێدەتر بن، لەوما سـەودایێ ئیستیقلالا ئەرمەنییا خەیالەک موستەحیلە، ئو سەرحسـولا سـەوداکە هۆلێ، ئیفترایێن وان سەر موسـولمانییێ و مللەتی، تشتەک گەلەک فهێتـە. هەگـەر ئەرمەنـی ژ ئەول کـوردا رە ئیتیفاق کرببیا، بێ شوبهە هەتا نهۆ مەزهەرێ عەدالەتێ ببین و حەوقاس ئەرمەنی ژێ قەتل نەدبین.

ئیبتیدایـێ حالی دە حەتا ئینگلیز تەسـەور کر کو ئەڤ عەسـیان عمومی یە، چکو ئینگلیز قەوەت و ئیسلاحا مە دڤی، ئیعانە ئەرمەنیا رە کر. ئینگلیز وە تەسـەور دکر کو ئەڤ عسیان عەلەیها حکومەتێ خونکار دە بە. لاکین وەقتا کو دیت ئەرمەنی عەلەیها مللەتی دە نە. دەست وان بەردا.

٤-روسیا دزانە کو ئیختیلال و نیفاق، وەلاتەکی زەعیف دکە. لەوما هنەک ئیسلاحاتێن حکومەتێ دڤیا چێکە، ب هەر حیلە روسـیایێ مەنع کر. ئەو ئەرمەنیێن دچوون روسیایێ ئیلتیجا دکر، روسیایێ تەسلیمێ حکومەتی مە دکر، خونکار چڤا زولم دکر، ئەوێ تەحسین و تەقدیر دکر. ئەمر دکر قونسـولوسـێن خـوە یێ ویلایەتێن مە، بە ئیحسان و ئیکراما و بە تەشویقا هەدیا، کوردا عەلەیها ئەرمەنییا دە تەشـویق دکە، ئو ژ ملـەک دی ڤە ژێ دبێـژە ئەرمەنییا کو ئەو دەستێ حکومەتا خونکار دە گەلەک مەزلومن، دڤـێ ئیلتیجا دینـێ (ئورتودۆقس)بکن، دا ئەو بکار بە وان ببە بنێ حیمایا خوە دە.

لاکیـن دڤـێ ئەرمەنـی بزانن کـو دائیما روسـیا گەلەک ب قەنجـی ئیبتیدار دکە، حەتا ملکێ وەلاتەکی دکە دەستێ خوە دە. وەقتا کو کەت لەپێ وی دە، حەمی سـورەتا مللییەت و عەسـەبییەتا وی مللەتی مەحوو و ئیفنا دکە، تـو حورییـەت دەسـتی وان دە ناهێلە. ئەڤ حەقیقەتەک ئاشـیکارە کو تو جارا روسـیایێ ناڤێ حکومەتەک موسـتەقلەک ئەرمەنییا بەر

ملێ ویدە تەشەکول بکە.

ئەرمەنی، نیهایـەت دڤێ بە دەولەتا مە رە سەعادەتا خوە تەحەری بکن. وەئیللا دەستێ روسـیایێ دە تو سـەعادەتێ نابینـن، هەگەر دەولەتـا مە باقـی بمینە، ئەرمەنـی ژی باقی دمینـن، هەگەر نـە، ئەرمەنـی یەکجار مەحو دبن. هەگـەر ئەرمەنی ژ دەولەتا مە ئینفیکاک بکـن دەولەتا مە دیسـا ب سـەرێ خوە کارە دەوام بکە، بەس تەئەسـوفەک ژ مە رە دمینە، ئەو ژی ئەو تەئەسـوفە کو، ئەو ئەرمەنیێن ژ هنـدە زەمانی ڤە مە رە عومر کرن، وێ ژ مە فەقەتن.

* * *

## زین و مەم

### تەفەحوس و تەفائولا داییێ ژ سەر سالی ژ کەشفا حەقیقەتا وی ئەحوالی

وێ دەللەیێ بێ فەسالێ موحتال
زیرەک دو برن ددەست خوە بۆ پیر
گۆ: "من دوو کورک هەین د مەعسووم
رۆژادە کو بوویە عید و سەر سال
رابوونە ڤە هەردو چوونە گەشتێ
ئیرۆ هە دەما کو بوونا پەیدا
هاتینە ڤە بێ لیباس و تازی
بێهش دکەڤن، گەلەک دمینن
ئەڤ خاتەمە نە ئەوان د دەستن
ئەی واقفێ رەمز و کاشفێ راز
ئیحسان بکە، قەنج ژێ خەبەر دە
مەجنوونی یە، سەرعە یا هەوا یە
ئەی مورشید و پێشەوایێ موقبل
سڕەک هەیە وێ د ڤان نگینان
ئەسحابێ نگین، ببێژە کی نە

سوبحێ خوە گیهاندە پێشێ رەممال
ئەڤ رەنگە هە کر زەمیر تەقریر
بێباب و یەتیم و ژار و مەحرووم
ئەو ژی ب تهریقێ تەبعێ ئەتفال
غوولان غەلەتاندبوون ل دەشتێ
دینن، تەلەسن، جنوون و شەیدا
گەه گەه دکرن فیغان و گازی
گاڤا وە کو رادبن د دینن
گۆیا تو دبێ ب ڤان د مەستن
بێچارە مە ئەز تو چارەپەرداز
کانێ بچووکانێ من چە دەردە
چاوا مەرەزە، چە بۆ دەوا یە
حەلالێ عقود و حەلێ موشکل
پەیدا یە ل نک وە دوورەبینان
جنی نە، پەری نە، ئادەمی نە

* * *

## بارودۆخی ئێستاو داهاتووی کوردستان

ئـەو رووداوە دڵتەزێنانـەی کـە لـەم چەند هەفتـەی دواییـدا، لەنـاوەوەو دەوروبـەری کوردسـتان روویانـدا، گەیشـتبوونە رادەیەک بەتەواوی خەڵکییان نارەحەت کردبوو.

لەبەر ئەوەی ئەو دەسـەڵاتە لاوازو هیچەی حکومەت، بۆتە بەڵایەکی گەورەی ترسـناک بۆ ناوچەکەمان، پێویستە سەرلەنوێ بۆ سەرچاوەو هۆکاری ئەو رووداوانە بگەڕێین.

ئەو کوشـتارەی نێوان کـوردو ئەرمەنەکان بەهـۆی ئەو (توخمی دووڕوویەوە کە بەلوتفی تایبەتی شەهریار چێنراوە) بەردەوامبوونی بۆتە هۆی نەمانی ئاسایشی و لەناوچوونی ناوچەکە.

بەدڵنیایـی تـەواوەوە دەڵێیـن تاکـو گۆڕانکارییەکـی تـەواو و سەرتاسـەری لەناو حکومەتـدا روونـەدات ئاسـایش و نەزانـی و بـێ ئاگاییانـەوە تەنیا بەقسـەیەکی هاندەرانەو هەڵخەڵەتێن پەلاماری چەکەکانیان دەدەن، هەر ئەرمەنییەکیشـیان تووش بێت پەلاماری دەدەن و دەیکـوژن، هـەر کەسـێکیش بەرهەڵسـتیی ئـەو کردارەیان بـکات دەیکـوژن، بەهۆی ئەو کردارانەیانـەوە، کـە کارێکـی تێکدەرانەیـە، بەردەوام لەهەموو کاتێـک زیاتر بوونەتە جێی نەفرەتی گشتی.

لەلایەکـی دیکەیشـەوە پەیوەسـتبوونی ئەرمەنییـەکان بەبیروبـاوەڕی سـەربەخۆیی، هەروەها بەشـاردنەوەی ئەو زوڵم و زۆرداری و کـرداره نارەوایانەی حکومـەت کە بەچاوی خۆیان دەیبینن، گەلێک خراپەکاری دژی ئیسلام و عوسـمانێتی دەکـەن و هێرش دەکەنە سـەر کـورد. ئـەوەش کەجێـی نیگەرانیمانـە نازانین ئەم هەمـوو رق و کینەیە لەکوێوە هەڵدەقوڵێت و هۆکارەکەیشـی چییە؟ ئـەو دوو رەگەزە کە لەچەندین سـەدەوە وەکو هاوڕێ و برا پێکەوە لەنیشـتمانێکدا دەژیان، لەرووی نەزانی و گوێ نەگرتن لەئامـۆژگاری کەوتوونەتە لەناوبردنی یەکدی.

رووسیاش کە ئارەزووی ژێرو زەبەر بوونی جیهانە، لەناو فەسادا بەهۆی دەستێوەردانییەوە ئەوەنـدەی دیکـە بارودۆخەکـەی فراوانتـر و ئاڵۆزتـر کـردووە. لـەدوای ئەم هەموو باسـە چوار شـت هـەن کـە دەبێت بیانخەینـە ژێر ووردبینییەوە.

گوێنەدانـی دەوڵـەت بـەرووداوەکان، دووڕوویـی سـوڵتان عەبدولحەمیـد، بوونـی کـورد، لـەرووی نەزانییـەوە بەئامێرێکـی ئەنجامـدەری زوڵـم و زۆرداری زۆر خـراپ، کورتیـی بیرکردنـەوەی ئەرمەنییـەکان کـە جموجووڵەکانیان لەبابەتی تاقیکردنەوەی بەختا بێت وایە رووسـیاش لەهەر رووداوێکدا جۆرە هەڵوێستێکی جیاواز دەردەخات.

١- حکومەتی عوسـمانی پێویسـتە بەهیمەت و غیرەتێکی جیـدی و حەقیقی ئەو رووداوانەی رابـردوو هێوربکاتـەوە و نەیانهێڵێت، لەکاتێکدا کە توانای دامەزراندنی ئیدارەیێکی دادپەروەرانە

بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی هاوولاتیان و ژیانی ئاسوودەییان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بەهیچ شێوەییەکی رووکەشی چارەسەر دەکات، هەروەکو حوکمی ئەوە بدات کە بۆ جارێکی دیکە ئەو کارەساتە بەشێوەیەکی توندوتیژ سەرهەڵنەداتەوە، بەئیدارەی مەسلەحەت ئیکتیفا دەکات. بەتایبەتی زاتی شاهانە بەمەبەستی شاردنەوەی بێتاوانیی خۆی لای سەرجەم جیهانی مەدەنیەت جێی ستایش و پێزانین بێت، بەڵام ئەم کوردە توندڕەوو دڕندانە، لەبەر ئەوەی لەو مرۆڤانە نین کە یاساو نیزام بناسن، کوشتوبڕی ئەرمەنییەکان دەکەن و دەیانەوێ لەناویان بەرن، بەم کردەوەیەشیان دەبنە هۆی تێکچوون و نەمانی ئاسایش، لەگەڵ ئەوەیشدا بەڕاکردنیان بۆ شاخ چەندین مانگ حکومەت بەشەڕی ناوخۆوە تووشی ماندوویەتی و نارەحەتی دەکەن. ئەم زاڵمە لەخیانەتی دروستکردنی ئەم جۆرە بوختانانە سڵ ناکات، بەپێچەوانەیشەوە هەوڵی دامەزراندنی حکومەتێکی حەقناس دەدات، کە ئازادی و ژیانی وڵات و خەڵکەکەی دابین بکات، بۆ ڕێگای خوارو خێچ و فرت‌وفێڵی سیاسی دەگەڕێت، بۆئەوەی بەو ڕق و کینەیەی، کە لەنێوان هاوڵاتیاندا دروستی کردووە، لە وردو خاشکردنی یەکدی بەیەکیاندا دەدات و هەست بە خۆشحاڵییەکی تایبەتی دەکات.

ئەم خراپەکارییانەی ئەمڕۆ، کە پاشماوەی کارەساتەکانی رابردوون، هەر هەموو ئەم کوشتارە دڵتەزێن و بێ ویژدانییانە لە دەستی زوڵم و زۆرداریی، پێویستە ڕۆژێک زووتر ڕاپەڕین و دەنگمان دژی ئەو سەرای شاهانایە بەرزکەینەوە کە پەیمانی داوە بە دەستی فەرمانبەرە زۆردارو زاڵم و بێ ئابڕووەکانی بکات بە قەسابخانەی مرۆڤایەتی، ئەگەر بێت و هەروا بە بێدەنگی بمێنینەوە وڵاتەکەمان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو بارودۆخێکی ترسناکتر دەبرێت.

٢- ئەو کوردانەی کە بەکاری پیاوکوژی ناوبانگیان دەرکردووە لەگەڵ دروستبوونی خۆیاندا دروست نەبووە، ئەو بێچارە نەجیب و دڵ و دەروون بەرزو پاکانە تەنانەت لە رابردوودا نەیاندەزانی کێ پاشایانەو واتەی پاشاشیان نەدەزانی، لەم خۆنەحسەدا لەکەداربوون لەبەر ئەوەی کە فەرمانی حکومەتیان بە فەرمانێکی غەیبی زانیوە، بۆیە هەرچی فەرمانێکیان بۆ ئەنجامدانی کارێکی خراپ پێدرا، بێ بیرکردنەوە لە ئەنجامی کارەکە، دەستبەجێ ئەنجامیان داوە، بە گوێرەی ئارەزووی ئەو خەلیفەیە، کە جوڵێنەری کرداری تاوان بووە، کرداریان کردووەو بەپێی ئەو وتە بەناوبانگە کە دەڵێت: (الناس علی سلوک ملوکهم)، نابێ بە بەرپرسیاریان لە قەڵەم بدەین، چونکە هەردەم نەتەوە نەزان و بێ ئاگاکان وەک ڕانەمەڕ لەدوای شوانەکەیانەوە دەڕۆن.

٣-بەشێک لە ئەرمەنەکان لەو ڕاپەڕینە بێ بڕواییەیاندا بە درۆو دەلەسەو بوختانێکی زۆر، کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم چەرخەدا ناگونجێت، هۆکاری سەرجەم ڕووداوەکانیان خستە ئەستۆی موسڵمانێتی و عوسمانێتی، بەم کارەشیان هاونیشتانیەکانی خۆیانیان لەخۆیان تەکاندەوە، ئەم بێ مەنتیقییەشیان شتێکی قەبوول نەکراوە.

لە کاتێکدا هەروەکو هەموو میللەتەکانی دیکە هیچ جۆرە حەق و سەلاحیەتێکی سیاسییشیان نەبووە، کەچی لەم سەدەی دواییەدا، بەهۆی لاوازی و بێدەسەڵاتی دەوڵەتەوە، هەرواوهۆریای سەودای دروستکردنی ئەرمەنستانێکیان دەست پێکرد.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە، لە هیچ یەکێک لەویلایەتەکانی ئەنادۆڵدا، ژمارەی دانیشتوانی ئەرمەنی لە دانیشتوانە ئیسلامەکان زۆرتر نییە، دەبێت بزانن کە دامەزراندنی ئەرمەنستانێک بۆ ئەوان کارێکی مەحاڵە. تەنیا شتێک لێرەدا هەیە پێویستە بیڵێم ئەو ئەرمەنییانە لە جیاتی ئەوەی داوای پێکهێنانی ئەرمەنستانێک بکەن، دەبوو دژی ئەو ئیدارە زاڵمە ڕاپەرینایە کە بێ جیاوازی سەرجەم هاونیشتمانیانی خستوتە ژێر زوڵم و زۆرداری، دیارە بەو کارەشیان دەستەبەری پێزانینێکی زۆری نەتەوەی عوسمانییان دەکرد.

سەرەتا سیاسەتمەدارانی ئینگلیز وەک پشتیوانێکی ئەم جوڵانەوە تێکدەرانەیە خۆیان دەرخستبوو، بە بیانووی بەخێرایی پیادەکردنی چاکسازی لە کوردستاندا یارمەتییەکی زۆری ئەرمەنییەکانیان دابوو، بەڵام ئینگلتەرە لە بیرکردنەوەی بەختەوەری ئەرمەنییەکان زیاتر ناچاری بیرکردنەوە لە دەسکەوتە ئاییندەییەکانی خۆی بوو، وەک لای هەموان ئاشکرایە رووسیا بەو جوڵانەوە داگیرکەرانەیەی بەرەو باشوور تێکچوونی ئاییندەی خۆی لەکاتی خۆیدا هەست

پێکرد.

بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەو بەرزێتی و تەکامولەی کە لە دەستەی گشتیی عوسمانیدا بەدەستی نەهێنابوو لە سنوری قەفقاسیادا بەدەستی بێنێت، بوو بەکارگوزارێکی چاک بۆ دامەزاندنی ئیدارەییکی رێک و پێک و چاک لە پێناو هێنانەدیی ئەو مەبەستەی، ئامادەی بەختکردنی هەموو شتێک ببوو، چونکە ئەگەر کوردستان لە ژێر ئیدارەییکی باشدا بێت رووسیا بواری دەستێوەردانی نابێت، بەو جۆرە ئینگلتەرەش لەگەڵ ئێمەدا لە مەترسی رزگار دەبوو، بەڵام بڵێم چی، ئەرمەنییەکان لە جیاتی پەیڕەوکردنی جموجۆڵێکی مەعقوول بۆ رماندنی زوڵم و زۆرداری، کەوتنە هەوڵی تێکدانی مرۆڤایەتی و ئیسلامییەت. ناوەندە سیاسی و چاپەمەنییەکانی ئینگلتەرە کە پاڵپشتیان بوون لەمەپێش عەبدولحەمیدیان بەبەرپرس دەزانی، بەڵام لە پێناو هێرشکردنە سەر عەناسری گشتیی ئیسلامییەت سوڵتانیان بەبێ تاوان لەقەڵەمدا، دەرئەنجام بەوەیش لە حیمایەی ئینگلتەرە بێبەشکران، بەم شێوەیە، ئەو ئومێدەی بۆ سەلامەتی و پارێزاوی پەیدا بوو، بەتەواوی لە دەست چوو.

لە کاتێکدا ئەو راپەڕینانەیان، کە شەش ساڵ لەمەوبەر، پاڵپشت بەو ماددە تایبەتییەی پەیماننامەی بەرلین، ئەنجامیان دابوو، بەنیازێکی پاک و خاوێن ئەنجام بدرایە ئەو پەیمانی چاکسازییەی کە پێیان درابوو، بەدەستیان دەهێنا، ئێستا لەگەڵ هاوڵاتیەکانیاندا لە خاکێکی پڕ لە بەختەوەریدا دەژیان، بەڵام نیازی گڵاوی سووکایەتی کردن و زەلیلکردنی ئیسلامییەت و عوسمانییەت و لە دەستدانی حیمایەی ئینگلتەرە ئەو هەلانەیان لە دەست چوون، ئێستاش لە هەوڵی راکێشانی سەرنجی ناوەندە سیاسییەکانی "پترسپورگ"ن بۆلای خۆیان، ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆکەش بەرهەمی ئەم گۆڕانگاری و زوو وەرچەرخانەیە.

٤-بەر لەوەی باسی ئەو ئەنجامانەی کە لە تواناداییە لەو هێزە فریاکەوتنانەیەی "اسلاو" دەستەبەر بکرێن، بابەتی باسەکەمان ئەو سیاسەتەیە بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە کە رووسیا لەو بەشەدا پەیڕەوی دەکات. بەخت و سەرکەوتوویی حکومەتی ناوبراو لەم سەدەیەی دواییەدا زۆر پرشنگدارو گەشەداربووە، لەهەر خاکێکدا کارێکی ئەنجام بدایە لە کۆتایهاتنی بەسەرکەوتوویی پشت ئەستوور دەبوو. سەرەتا لەو چاکسازییانە کە بە نیازی ئەنجامدانی بووین رێگرمان بوو. ئەو ئەرمەنییانەی لە وڵاتی عوسمانی هەڵدەهاتن و دەبوونە پەنابەر تەسلیم بە ئەستەنبۆلی دەکردنەوەو بەشێوازێکی ریاکاریانە دەیگوت ئا ئەمانەن، بیانگرن، بیانکوژن، بە ئارەزووی خۆتان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، مافی حوکمڕانی خۆتانە.

باڵیۆزەکانی رووس لە کوردستاندا هەر خەریکی بەخشینی پاداش بوون و پەیمانی زۆریان پێدەدان، لەهەمان کاتیشدا سەرۆکی خێڵەکانی کوردیان بۆ ئەنجامدانی خراپە دژی حکومەت و ئەرمەنییەکان هان دەدا، بەو هۆیەوە کوردستان کەوتە گێژاوی شەپۆلێکی یاخیبوون. ئەو بڕیارەی کە روسیا دەربارەی جێبەجێکردنی چاکسازی دابوو، لەگەڵ سروشتی زەلیلی سەرای همایونیدا، کەسەری لە سەفاهەت و زۆرداری هەڵنەبڕیبوو، زۆر گونجاو بوو، بەمەیش ئومێدی دامەزراندنی ئەرمەنستانێک، لە شێوەی حکومەتەکانی بەلقاندا، لای ئەرمەنییەکان پەیدابوو، کارەکانیش بەپێی ئارەزووی ئەوان بەڕێوە دەچوون. هاونیشتمانییە ئەرمەنییەکان، کەسەر بە کڵێسای ئارتۆدۆکسن، کە ئەمڕۆ ئەوروپا بێبەشن، گۆڕینی مەزهەبەکە خۆیشیان خستووەتە بەرچاویان.

ئەو میللەتانەی کە مەحکومی زۆرداریی رووسیا دەبوون، سەرەتا دڵنەوایی دەکردن و پەیمانی زۆرو درۆی پێدەدان تا دەیخەڵەتاندن، بەڵام دوای ئەوە کە بەتەواوی دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا دەسەپاندن دەیخستنە ژێر توندو تیژییەکی زۆر، هەوڵەکانی بۆ لەناوبردنی تەواوی میللەتان و سڕینەوەی پێناسەکانیان لە راستییە دەرکەوتووەکانە، بۆیە چاوەڕوانی ئەرمەنییەکان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ئازادی و بەختەوەری، کە ئەو لایەنە بۆیان دەستەبەر بکات، دەبێتە شتێکی زۆر عەیب و ناشیرین.

کاتی خۆی ئەم سڕبستان و قەرەداغ و بولگارستانەی ئەمڕۆ کە بەیارمەتی "اسلاو"ی هاوفاسلیان لە گەڵیاندا لە نیعمەتی سەربەخۆیی گەیشتن، ئەگەر ئەمانە لە سنووری رووسیادا بوونایە ئیدارەی ناوخۆییان لە ئەنجامی

تووشبوونی بەگێرەشێوێنی و ئاژاوە، ناچاری چوونە ژێر دەسەڵاتی رووسیا دەبوون، ئەگەر سەرنج بدەین ئەو حکومەتە بچووکانە، هەرچەندە لە رووسیاشەوە زۆر دوورن، خۆیان لەچەند گۆشەیەکی نیمچە دورگەی بەلقان خزاندووە، لە دەسەڵات و کارە زۆردارییەکانی رزگاریان نەبووە، بەهاندانی ناوەندەکانی مرۆڤایەتی و شارستانێتی پترسبورگ ئەوانەی داوای دامەزراندنی ئەرمەنستانێک لە سنووری قەفقاسیادا دەکەن ئەو بەڵایەی لە ئایندەدا تووشی دەبن روونەدانی جێی سەرسوڕمانە.

بەکورتی: ئەرمەنییەکان ئەگەر لە ژێر ئاڵای ئازادی و سەربەخۆیی عوسمانیدا، لەگەڵ سەرجەم رەگەزەکانی دیکەدا، بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری تێنەکۆشن، دەبێت لە ئێستاوە بە گرفتاربوونیان بە بارودۆخێکی لە مەی ئێستا خراپتر، خۆیان بۆ نیشتەجێبوون لە مەنفای سیبریا ئامادە بکەن، خۆ ئەگەر عوسمانێتی بکەن بەدادپەروەری و ئاسایش، ئەرمەنییەکان توانای ژیانیان نابێت.

بەڵام بەهەڵخەتاندنیان بەو پەیمانە درۆیانەی دۆستەکان، ئەگەر بیانەوێت کوردستان بخەنە ژێر زوڵمی داگیرکەرانی "اسلاو" لەجێی ئازادی ئەوەی تووشی دەبن ویلایەتییەکی هەتا هەتایی دەبێت، ئەگەر عوسمانیەتی نەبێت ئەرمەنێتی دەکوژێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا عوسمانییەکان بە لەدەستدانی ئەرمەنییەکان لە سیاسەت بێبەش نابن، بەڵام تەنیا بە ونبوونی نەتەوەیەکی چەندین سەدەیی لە دڵیاندا هەست بە ئازارو و غەمباری دەکەن.

* * *

## چەند مەسەلەیەکی مایەی بێزاری

سوڵتان عەبدولحەمید، موغناتیز ئاسا، بەراکێشان و هێنانی هەرچی شتێکی خراپ بۆ وڵاتی عوسمانی دەبێتە مایەی زەرەروزیان لە بژێوی چین و توێژە جیاجیاکانی عوسمانی و یارمەتیدەر بۆ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی ئەوروپا.

ئەو ئیمتیازاتانەی، کە بە ئەو پەڕی ترسنۆکی و لە خۆبووردوانەو بێ پێشبینیکردن لەو مەترسیانەی کە لەدوا رۆژدا دروست دەبن، دەبەخشرێن بەبیانییەکان و بە مەبەستی بەردەوامبوونی کەیف و سەفای هەمایۆنەوە ئەنجام دەدرێت، وەک دەڵێن (بیانییەکان سوودمەند نەبن، میللەت لە بێدەسەڵاتی و ترسناکیان ئاگادار نەبن، هەر پاشا لە ئاسوودەیی دابێت، با سەرجەم جیهانی ئیسلامییەت بسووتێت و لەناو بچێت).

پەیرەوکردنی ئەم رێبازە نارەواو زاڵمانەیە لەم چەند مانگەی دواییەدا دوو رووداوی سیاسی بێزارکەرانەی گرنگی هێنا کایە.

لە کاتێکدا میللەتەکەمان بەهۆی زەوتکردنی هەر هەموو مافە موڵکایەتییەکانەوە، بە فەرمان و ئیرادەی پاشامان و بەخشینی و بەو دەردە بردنی، ئەمەیش بنەماییکی بنەبڕی سەرای همایۆنییە لە ژێر باری ناهەمواری زوڵمدا دەناڵێنێت و بەرەو لەناوچوون دەڕوات. ئەو دوو رووداوەیش ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەمیان: بەخشینی ئیمتیازی (رەخنەکان) واتە شوێنی وەستانی پاپۆرەکان لە ئەستەنبوڵ لەگەڵ هەموو مافێکی بەکارهێنانی بەتەسدیقکراوی پێنج ساڵ لەمەوبەر بەکۆمپانیاییکی فەرەنسی.

بەو راگەیاندنی ئەم دواییە (مسیۆ فۆستاف)ی باڵیۆزی فەرەنسە لە دەرسەعادەت کە دەڵێت: هەرچی کاتێک حکومەتی عوسمانی ئەو وێستگەی پاپۆرانە بفرۆشێت، دەبێت هەموو ئەو قەرزانەی کاتی خۆی لە بانکەکانی لۆراندۆ توپینەوە بەسوودەکەیەوە پێمان داون، کە بە برە پارەیەکی زۆر بیداتەوە، دیارە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی رووداوێکی سیاسی. باڵیۆزی ناوبراو کە لە هەندێ ئیمتیازاتی دیکە بە برینی پەیوەندییەکانی لەگەڵ زۆری داوە بە مەسەلەکە لە شێوەی تاوو توێی بارودۆخەکە هەستی زەرەمەندیمان لە ئەنجامەکەی پەیدابووە.

دووەمیان: ئەو ئیدیعایەی ئینگلتەرە لە بارەی حوکمرانی سەلتەنەتی کوێتەوە کە دەکەوێتە کەناری کەنداوی بەسرەوەو کۆتایی رێکاری شەمەندەفەری بەغدا کە ئیمتیازەکەی دراوە بە کۆمپانیایێکی ئەڵمانی.

ئەو ئیدعایەی ئینگلتەرەش، بەهۆی گوێپێنەدانی ئێمە بەو شارۆچکەیە، کە لە ئایندەدا دەبێتە بەندەرگەیەکی گەورە کە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر لە ژێر دەسەڵاتماندا بوو هاتۆتە کایەوە.

**لە چاپخانەی ئینتیقام چاپکراوە**

عەدەد ٣٠ | سالا چھارێ | رووپەر ١

صاحب و محرری
بدرخان پاشا
اوغلی
عبدالرحمن
***
درج اولنمیان اوراق
اعاده اولنمز
***

کردستان
١٣١٥

(هەیڤی جارەکێ دەردکەڤە جەریدەیا کوردی یە)
(کردلری تحصیل علوم وفنونه تشویق ایدر نصایح وادبیات کردیەیی حاوی)
(آیده بر نشر اولنور کردجه وترکجه غزتەدر)

**KURDISTAN**

غزتەنک مسلکنه موافق عربجه فارسیجه مکتوبلر کردجەیه بالترجمه نشراولنور

Adresse:
((KURDISTAN))
GENEVE
(SUISSE)
***
کردستان خارجنده هر یر
ایجون سنەلک آبونه بدلی
٨٠ غروشدر
***
کردستان داخلنده
خصوصی استەینلره مجانا
کوندریلور

اینی ٤ ژی الحجه سنه ١٣١٩/ ١ مارت سنه ١٣١٨


## کوردستانێ دە ئەساسا نیفاقێ

ئەڤ مەعلوومە کو راهبێن ژەزویتا، سەر فەساد و نیفاقا نەشرو تەعمیم دکن ژ حەمی مەملەکەتێن ئەوروپایێ نەفی و تەبعید بین، ئەڤە زەمانەکە موستەولییێ شەرق بینە.

خراپییا وان مرۆوا لە ولاتێ مە دە ژی گەلەک زێدە یە، لاکین ئەوەلەن، دا ئەز قەنج ماهییەتا وان تەعیین بکم، ئەزێ هنەک ژ فەسادا وانا لە چینێ ئیجرا کری، بەحس بکم.

ئەڤە هەمانە دوو سالە چینێ گەلەک قیتال و یەغما ئیقاع بین، گەلەک زولم و غەدر لە خەلقی چینێ کرن، حەمی وەقعەنوویسا، خاسما (بارۆن بازانقۆر) ناڤ ئەسەرا خوە یا سەر ڤی شەری تەبع و نەشر کری، تەمامەن ئیعتیراف دکە کو سەبەبا فەلاکەتا چینێ دوودونە، یەک ژی ئینگلیزە، کو سەر مەنفەعەتا خوە یا مادی، هەر پێلەکێ وی مەملەکەتێ ددە بەر تۆپ و تڤەنگا. سەبەبا دی ژی ئەو راهبن کو بە حیمایا فرانسەیێ هندە ئەحوالێن خیلافێ عەدل و ئینسانییەت لە وی وەلاتی ئیجرا دکن.

هنگا عەسکەرێ دەولەتێن موتەفق غەلەبە لە چینیا کر، بەری حەمی کەسا راهبا دەست یەغمایێ کر. وەقتا کو عەسکەری دیت کو راهب چینیا تالان دکن، ئەوان ژی دەست پێ کر.

میسیۆنەر ژ بەرێ ڤە لە وێ دەرێ نە، لەوما ئەوان دزانی کو مالێ زێدە لە کو دەرا ڤەشارتی یە. بە دەلالەت و قەوەتا عەسکەرێن خوەو بە وان عەسکەرێن چینی کو بە تەلقیناتێن خوە کربین فلە، پاش شەری کەتن ناڤ باژێر، عەسکەرا ئەموال تالان کر و راهبا رە تانی، ئەوان وە ئیعتیقاد دکر کو عەمەلەک خێر دکرن.

ناڤ عەسکەرێن فرانسێن چوویی چینێ دە، یەک رێ دە مر. ئەشیایێن وی تەفتیش کرن، چەکەک شێست هەزار زێر ل سەر دیتن، ئەڤ میقدار بەدەلا ئەشیایێ مەسرووقە بی. حاسلی، گەلەک ئەمسال و ئەحوالێن دی کەفش کر کو میسیۆنەر، ڤان وقوعاتێ موئلیمە دە سەبەبەک موستەقل بین.

ئەو تەفسیلات تەعین دکە کو ئەڤ میسیۆنەرین ها، مەقسەدا وانا ئەسلی ئەوە کو مەنفەعەتا خوە دگەرن، دەولەتێن ئەوروپایێ

ژی، مەقسـەدێن خوەیی نامەشروعە رە وان دکن ئالەت.

گەلـەک وقوعاتیـن دی ئیسـبات دکـە کـو موعامەلاتێـن میسـیۆنەرا تەمامـەن بـە موسـاعەدا وزەراێین وان دبە. ئیختیلافا ناڤ حکومەتا مەو فرانسـایێ دە تەحەدوس کری، بـە سـورەتەک وە نەتیجەپەزیر بـی کو، ئەو پێنج شـەرائیتین لە مـە داین قەبـول کرن. پاشـایکا حالی کوردستانێ دە گەلەک موزرە. ئەو پێنج شەرائیت ژی ئەڤن:

١- قەبولکرنـا حەمی مەکتەبێ فرەنسـزێن لە ملکێ مە مەوجود و موعافییەتا وان ژ باجێ.

٢- قەبولکرنـا حەمـی مبانیودیـن و خەسـتەخانەیێن مەوجود و موعافییەتا وان ژ گومرگێ.

٣- تەعمیـرا حەمـی مەکتەب، خەسـتەخانەو ئەماکنێـن سـائیرە یێـن لـە سـالێن ١٨٩٤، ٩٦،٩٥یـدە وەقعـا ئەرمەنییـا تەخریب و ئان زەرەردیدە بوویین.

٤-هەر جار وەکی حکومەتا فرانسەیێ دەست کر بینائێ ئینشـاو ئان بکە مەوجوود تەعمیر و ئان تەوسیع بکە، هەگەر حەتا شەش هەیڤا حکومەتا مە تو ئیعتیراز تەبلیغ نەکر، ئیدی تو حەقی ئیعتیراز ژ مە رە نامینە.

٥-وەک فرانسـەیێ دڤـێ تەسـدیقا ئینتیخابا ئەمانوئیل راهیبا کلدانیا رە.

ژ ڤـان هەر پێنج مـادا کەفش دبە کو، ئەو مەسـلەکا فرانسـە لـە کوردسـتانێ تەعقیب دکـە، ئیسـتیقبالێ دە کوردسـتانێ دە وێ گەلـەک مودهیشـتر ببـەو میسـیۆنێرێن وێ دەرێ، یەکجار بە ڤان شـەرائیتا مگلق العنان دبـن. فرەنسـزا، میسـیۆنەر ژ وەلاتێـن خوە رە دەرکـرن، لاکین ئەو موفسـید نهۆ چوون لـە ملکێ مـە، وێ دەرێ ب حیمایا فرەنسـزا دە نـە. بینائەن عەلەیهی، فرەنسـزا تو قەنجی ئینسـانییەتێ رە نەکر. ئەو بەلا رێکرن سـەر چاڤێ مەعسـوومین ئەناتولیێ و فرانسـەیێ بـە قووەتولبەحـرا خـوە حەوقـاس ئیمتیـاز دا میسـیۆنەرا کـو، پاش نهـۆ قیتالێن گەلەک خوینرێژ زوهور بکن، چقاس موئەسەسـاتێن فرانسـەیێ وەلاتێ مە هەنە، حەمی دەستێ میسیۆنەرا دەنە. ئەو ژی یا وێ خەلقێن جاهل بینن سـەر دینـێ خوە، ئان یێن نەیێن سـەر دینێ وان، وێ بە ئیفسـاد و تەشـویقا وان ب دەستێ تەوابعێن وان بێن قەتل کرن. حاسلی، کوردسـتانا رەبـەن، مەحـزا بـە تەدابیرێـن فرەنسـەیێ و ب ئیتیفاقـا روسـیایێ، قیتالێن گەلـەک مودهش رە موسـتەقبەلەن موهەیەیا مایە. ئو ژ ڤی رووییێ، ئەو ئەرمەنی و کوردێن هندە زەمانا وەک برا ئیمتیزاج کرن، پاش نهۆ حەتا هەڤدو خلاس بکن وێ ژ میسـیۆنەرا رە خزمەت بکن.

میسـیونەرێن وەلاتێ مـە، مرۆڤێن ئیغفال کریـن هـەر تەشـویقێ حەرەکاتێـن وە دکن کو، نیهایەتـێ دە فائیدەیەک ژ حکومەتێ وان رە دەرکەڤـە. وەکی مرۆڤێن وان دە دەسـت تەجاوزێ کر، مللەتا لەسەر وان حاکم بیلتەبع وێ حەقارەتێ تەحەمول ناکە. ئەو ژێ دەست داڤێژە چەک و بە سـائقا عەرن و شیدەتێ، ژ لزومـێ زێدەتر دگرە دکـوژە، لەوما نامێ مە بێ حەق زالم و غەدار دەردکەڤە.

لاکین ئەسل موتەسەبب هنێن دی نە، یەعنی میسـیۆنەر و ئەشخاسـێن ئەغفالکری نە. چ قاسی قیتال بینە، هەر وەکی ئەم تەحقیق بکن ئەمێ ببینن کو ناڤ مەسـئەلییدە میسیۆنەر و مورەوج ئەفکارێن وان خوە ئیزهار دکن.

ئـەڤ هجوم و ئەڤ غەدرا میسـیۆنەرا و حکومەتێن وان، حەمی سەر وێ خەلقی یە کو ژ روویێ زولما عەبدولحەمید ژ بەرێ ڤە ژار و رەبەن مانـە، لاکین بەنی ئـادەم خیلقەتەن ئینتیقـام چوویە، نە مرۆوێـن وەک کوردا بە پری جاهل، حەتا ئەقوامێن ساحب مەعریفەت ژی نکاریـن بـن تەحقیـرێ دە بمینـن، لەوما کـوردا ژی حەیفا خوە کـر، حەوقاس زەمانە ئەرمەنییا تەجـاوز لە کوردا نەدکـر. بینائەن عەلەیهـی کـوردا ژی وان رە قەنـج ئیمتیزاج دکـر، ئەڤە چەنـد سـالەکە ئیمتیزاجێ قەدیمە تەمامـەن موختـەل بییـە، بینائـەن عەلەیهی سـەبەبەک هەیـە، ئەو سـەبەب ژی فەسـادا میسیۆنەرایە.

زەمانـێ تەیمورلەنـگ روسـیەیی دڤییـا ژ قافقاسـیایی تەجـاوزێ کوردسـتانێ بکە،

ئەرمەنیا ژ هەڤالێن خوە یێ موسولمان زێدەتر کوردستان مودافەعە کر.

ئەڤە ژ ڤان ژی مەعلوم دبە کو ئەڤ نیفاقا ئیرۆ، نە ژ سەبەبەک دیگەرە، نەتیجا مەسئەلێ دە، وەکی حکومەتێن ئەوروپایێ دەعوا دکن، ئەم دبینن کو هەر مەرکەزا تەلەبا وان، سەر مەنفەعەتا خوە، تەبەعەو میسیۆنەرێن خوە یە، نەخوینا ئەرمەنیانە.

پاش شەرێ دەولەتا مەو روسیایی، ئەو موعاهەدا بەرلین هاتی عەقدکرن، روسیایێ شەرائیتێن وە دان قەبول کرن کو، ئەڤە بیست سالە ژ روویی وان شەرائیتا لە حەمی دەرێ ملکێ مە دە ئەڤە بیست سالە مە قانونێ ئەساسی ئیعلان و قەبول کربی، لاکین روسیایێ دزانی کو ئەو حەقێ مە دە خێرە لەوما لە خونکاری مە دا لەغوکرن.

موعاهەدا بەرلینێ دە هن شەرائیت هەنە کو، هەگەر مە ئەحکامێ وان تەمامەن ئیجرا بکرا، وەلاتێ مە دە تفاق و فەسادی زێدەتر ببیا، گەلەک مەوادێن وێ موعاهەدەیێ سەبەبا فەسادا ناڤ خەلقێ دەولەتا مە دە یە، هنگی ئەڤ حالی نیفاقێ دەوام بکە، ئەمێ بێتر کەم بکەڤن.

ڤێ جارێ فرانسەیێ ژی ئەڤ رییا روسیەیێ ژ خوە رە گرت. مەسئەلا پاشایکێ دە ئەوێ ژی پێنج شەرتین دی لە حکومەتا مە دا قەبول کرن.

ژ روویێ وان شەرائیتا، زەمانەکی بی ئەو ئەسبابا وەقتەکی مەعهەدێ تەفەیوز وی بینە مەزبەحەک مەلحەمەک وە کو دنێ هی ئەمسال نەدیتی. حاسلی چارا ڤان بەلا حەمیا قانونێ ئەساسی یە وەقتا کو وەلاتێ مەدە ئەڤ قانون تەئەسوس کر، ئێدی وێ هنگێ خەلق حەمی ژ حقوقێن خوە ئەمین دبە، تەسەلوتا خونکارێ موستەبد و مەئمورێن وی نامینەو ئێدی میسۆنەر ژی ئەفسادا خەلقی رە توجارا نابینن.

حەتا دووەلێ ئەجنەبییە ژی موداخەلە موعامەلاتێن مە ناکن، بەری سی و پێنج سالا دەولەتا ژاپۆنیایێ ژی مەعروزێ موداخەلاتێن دووەلێ ئەجنەبییە بی، لاکین ژ وی هنگێ ڤە ئیدارا خوە کر بنێ ئینتیزامێ و بە ڤی سورەتی خوە ژ موغروز ئەجانبا خلاس کر. ئیرۆ ژ خونکاری وان حەتا کەمترێ وان، حەمی بەر قانونێ وەکهەڤ، موساوی نە، دڤێ ئەم ژی وەک وان بکن، دا ئەم خوە ژ نەیارێن خوە خلاس بکن، چارا ڤێ ژی ئەوە خوە دڤێ ئەم زولما خوە ئیزالە بکن، دا سەبەب موداخەلەیی نەمینە.

* * *

## زین و مەم

### دەولەت و تەقریرا رمالی ژبو پیری

ئەو وارسێ عیلمێ دانیالی
گاڤا فکری د شەکلی فالی
فیلحال د رەحمێ ئوممەهاتان
بێ وەسفی تەوەللودا بەناتان
لەحیان و نەقییێ پێکڤە دیتن
تاجدین و ستی پێکڤە دیتن
شەکلێ فەرەحێ دگەل غەمێ دیت
بێ پەردە وی زین دگەل مەمێ دیت
ئەڤ رەنگە هە ژ بۆ تە قاسیدا پیر
مەقسود ب مەکر و کیزب و تەزویر
ما قەت دبیتن ژ بۆ تە حاسیل؟
بێ راست رەوی موحالە مەنزل
تە دگۆ: کو کورێد من د دینن
نا بێژیە من ستی و زینن
رۆژا وەکو چوونە گەشت و سەیران
وان دینە ل رێ دو دیدە حەیران
یەعنی دوو کورێدە سەر و قامەت
رابوویە ل وان کوران قیامەت
فیلحال ئەڤان دوو ئافتابان
دل چوویە ڤە بال دوو ماهی تابان
ئەو بوونە عیشقی ڤان دبێهوش
ئەڤ بوونە ژ حوسنێ وان دمەدهوش
ئەڤ شیفتەیێ بەلایێ عیشقن
ئەو تشتەیێ کەربەلایێ عیشقن
ئەڤ خاتەمە یێ د وان کورانن
ڤان ژی دو نگین د دەست وانن
چاوا خەملینە ئەڤ کورانی
ئەو ژی گەریانە جل کەچانی

* * *

## بنەماکانی دووڕوویی لە کوردستاندا

لە کاتێکدا ئەو قەشانەی ژەزوێتا، کە لە ژێر پەردەی ریاو خۆ بەگەورە نیشاندانداندا، بوونەتە هۆی ئازاری مرۆڤایەتی، بەهۆی بڵاوکردنەوەی بەدخوویی و دووبەرەکیی لەناوچە جیاجیاکانی ئەوروپا دەردەکرێن، روو دەکەنە هەرچ وڵاتێک، کەچی ئەوەی لە راستییە سەلمێنراوەکانە کە دەسەڵات و حوکمڕانیان، لە رۆژهەڵاتی دوورو رۆژهەڵات بەتایبەتی لە دوروگەکانی ئۆقیانوسدا، خستۆتە ژێر دەستی خۆیان و مەبەستی سەرەکییان ئاگادارنەکردنی ئەو هاوجنسە نەزان و بێ ئاگایانەیانە لە کاروبارو نهێنییە ئاینییەکان بۆ ئەوەی لە ژێر زۆرداریدا پێشێلیان بکەن و بەو شێوەیە بەرهەمی کۆششەکانیان، بێ ئەوەی تووشی زەرڕەیەک هیلاکی و نارەحەتی ببن، لە خەزێنەی نهێنی ئەنگیزەکەیاندا کۆ بکەنەوە. ئەگەر بێت و ئەو کارە خراپ و حەیابەرانەی کە ئەم جۆرە کاربەدەستە رۆحانییانەش ئەوەی لە وڵاتی عوسمانیدا ئەنجامی بدەن کە لە شوێنە دوورەکاندا بەناوی مرۆڤایەتی و شارستانێتییەوە ئەنجامیان داوە باسی بکەم، لەو بڕوایەدام بێسوود نابێت.

گەلێک لەو شتانەی کە لەو جەنگەی (چین)دا کە لە رووی هانی مسیۆکانەوە هەڵگیرسا، وەک لەلایەن نووسەرەکانەوە بەبەردەوامی باسی لێدەکرێت، ئەنجامەکەی بۆ بەرژەوەندی ئارەزووەکانی خۆیان بوو.

بۆ نموونە بەرپرسی نوسینی رووداوەکانی جەنگ (بارۆن بازاکۆس) لە کتێبێکیدا، کە لە ژێر ناونیشانی (جەنگی چین و موشنشین)دا دایناوە، دەڵێت: ئەو دوو دوژمنە سەرسەختەی کە لە لەرزاندنی دەرگاکانی حکومەتی سەماویەدا بەردەوام یەکێکیان ئەو گوشارە توندەیە کە لەلایەن حکومەتی ئینگلتەرەوە بۆ دابینکردنی دەستکەوتەکانی بازرگانییە، ئەوی دیکەشیان ئەو ؟؟؟؟ ئاییینیانەیە کە بەردەوام، بەحیمایەی فەرەنسە، ئەنجام دەدرێت، لەلاپەڕەکانی دیکەی ئەو کتێبەیدا باسی ئەو کردارە دەنائەتکارە مرۆڤایەتی شکێنانە کراوە کە لەلایەن یەکێک لە جەنەڕاڵەکانی فەرەنسە پشتگیری و پەسند کراوە، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەو مسیۆیانە، کاتێک لە چین بوون، لە تاڵانکردنی ماڵ و حاڵ و سامانی بەنرخی دانیشتوواندا رێبەریی سەربازەکانیان کردووە، ئەو مسیۆیانە بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە "پەکین" نیشتەجێ بوون شارەزای ئەو بانکانە بوون کە زێڕیان تێدا دانرابوو، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی گەمارۆ بەهاوکاریی ئەو سەربازە چینییانەی کە چووبوونە سەر ئاییینی مەسیحی شوێنە هەرە نهێنیەکانیان پشکنی بوون، ئەو شتانەی کە بەیارمەتی مسیۆکان زەوتیان دەکردن دەیانهێنان بۆ سەرۆکە رۆحانییەکانیان، ئەوەشیان لەبەرامبەر خوادا بەکارێکی پیرۆزو خێربەخش دەزانی، لەگەڵ ئەوەیشدا گەلێک شتومەکی بەنرخیان هەر لە جێگای خۆیدا فرۆشتووەو پارەکەیان لە چین کردووە بەچەک، لەکاتی گەڕانەوەی ئەو تاڵانکەرانەدا بۆ فەرەنسە، یەکێکیان لە رێگادا مردووە، کە ئەوەیش یارمەتییەکی زۆری ئاشکرابوونی نهێنییەکانی دەدات. ئەو سەربازە مردووە کەسەرو بەرۆکی دەپشکنن لە نێوان ئەو شتانەی لە گیرفانیدا دەبێت: چەکێک بەرچاوکەوتبوو، کە بەبڕی ٦٠٠٠٠ شەست هەزار فەرەنگ بوو و لەلایەن "پسقیوس فاویە"ـەوە مۆرکرابوو، لە "پەکین" پێی درابوو، بەمەدا دەردەکەوێت کە ئەو نەشریاتە درۆو هەڵخەڵەتێنەرانە ئەو قەشانە گوایا بەمەبەستی دەرخستنی رێگای حەق بووە. ئێمەیش دەڵێین نەخێر لە دەست درێژکردنە سەر سەروەت و سامانی چینییەکان بەولاوە هیچی دیکە نەبووە، ئەوەبوو، ئەم راستییە لای ئەوانەیش ئاشکرا بوو کە هەڵوێستیان دەربارەی بارودۆخەکە بێلایەنانە بوو.

ئەو کارە نامرۆیی و ئابڕووبەرو بەدەڕەوشتییانە، کە لە دوورگەکانی ئۆقیانوسدا دژی خەڵکەکە ئەنجامیان دابوون، لەو کارانەی رۆژهەڵاتی دوورو رۆژهەڵات گەلێک ئەو بەستەزمانانەی توندوتیژتر بەڕێوەدەبرێن، کە ئەمەیش لە راپۆرتی نووسەری وردبینی شوناس "ژورژپەرەن"وە

تەئیید کراوە.

مەبەست لەم پێشەکییە، راگەیاندن و روونکردنەوەی ئەوەیە، ئەو ماسۆنیانە بە رِق و نەفرەتەوە لە خاکی زۆرینەی حکومەتەکانی ئەوروپا دەرکراون، لە بەشەکانی دیکەی جیهانیشدا لە شێوەی پریشکی فەسادا بڵاوبوونەتەوە،هۆکارێکی دەستێوەردانی ئەو حکومەتانەی ئەوروپا بەناوی مرۆڤایەتی و شارستانێتی، کەسایەتی نامەشروعی هەمیشەییانە لە رێگای دەستەبەرکردنی دەستکەوت و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانەوەیە. لەو حاڵەدا ئەو رێبازە خراپەی مسیۆکان گرتبوویان روون بووەوە خەڵکانێکی زۆر لەلایەن هاوئایین و هانیشتمانییەکانی خۆیانەوە خرابوونە ژێر وردبینی، بەڵام ئەو هاونیشتمانییانە لە ئەنجومەنی نوێنەران و کۆنفرانسە گشتی و تایبەتییەکاندا نەیانتوانی ئەو نیازە پڕوپووچانەی کە دژی مرۆڤایەتی هەیانە لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا، جگە لە ئەوروپا، ئەنجامی بدەن و بشارنەوە، لەبەر ئەوەی کە چاپەمەنییەکان هەموو رۆژێک ئەو نیازە بە بەڵگەی دەرکەوتووەوە ئاشکرا دەکەن.

ئەو جیاوازییەی لەسەر مەسەلەی شوێنی وەستانی پاپۆرەکان لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و فەرەنسەدا هاتۆتە کایەوە بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندی مسیۆنەکاندا بەو پێنج ماددەیە، کە سووکایەتییە بۆ شان و شەرەفی عوسمانی، لە ١٠ی تشرینی دووەمدا کۆتایی هات، کە بۆ ئایندەی کوردستان زۆر ترسناکە.

١- ئەو خوێندنگە فەرەنسییانەی لە خاکی عوسمانیدا بە یاسایی بناسرێن و بەپێی ئەو پەیماننامەو یاسایانەی پەیرەو دەکرێن لە رەسمی گومرگ لێبوردراون.

٢- نەخۆشخانەو شوێنە ئایینییەکانی فەرەنسە بە یاسایی بناسرێن و بەپێی پەیماننەو مقاوەلاتی پەیرەوکراو لە رەسمی زەوی و گومرگ لێبوردرابن.

٣- یارمەتی دروستکردنەوە، یان ئاوەدانکردنەوەی ئەو خوێندنگەو نەخۆشخانەو ئەو شوینە ئایینیانەی فەرەنسە، کە لە ساڵانی ١٨٩٤، ٩٥، ٩٦دا روویانداوە لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتی عوسمانی و ئەستەنبووڵدا بەهۆی ئەرمەنییەکانەوە وێران بوون، تووشی زیان بوون.

٤- لە ئایندەدا ئەگەر حکومەتی فەرەنسە بەپێی ویستەکانی بیەوێت دامەزراوەکانی خۆی فراوان، یان تەعمیر بکات، ئەگەر لە رۆژی دەستپێکردنی ئەنجامدانی ئەو کارانەوە تا شەش مانگی دیکە حکومەت بە هەستکردنی شتێک کە جێی گومان بێت بەرهەڵستی لە ئەجامدانیدا نەخاتەروو ئەو کارانە بەرێپێدراو دەژمێرێت.

٥- مەئمورییەتی رۆحیانەی ئەمانوێل کە بۆ بەترِیارێکێتیی کلدانییەکان هەڵبژێراوە، بەپێی ئارەزوو داوای فەرەنسە قەبووڵ و تەسدیق بکرێت.

فەرەنسە ئەو رێبازە سیاسی و ئایینییەی لەو رۆژەوەش کە لەرۆژهەڵات لە قاپیت و لاسۆنەکان قەبووڵ کراوە لەسەری دەروات، ئەو دەستێوەردانەی کە لەم کوردستانەدا پابەندی بووە لەهەر خاڵێکی ئەم پێنج ماددەیەی سەرەوەدا بەروونی دەردەکەوێت کە لە داهاتوودا توندوتیژتر دەبێت، وەها هەست دەکرێت کە کاتولیکەکان و ماسۆنییەکان بەدواترین پلەی پاڵپشتی و حیمایەکردن بگەن، ئەو ماسۆنییانەی کە لەفەرەنسە دەرکرابوون، دوای ئەنجامدانی کردارە خراپ و ئابڕوو بەرەکانیان، نابێت لە شوێنە جیاجیاکانی تر بۆیان بە خزمەت بژمێررێت.

ئەو دامەزراوانەی وەک خوێندنگەو نەخۆشخانەو شوێنە ئایینییەکان لە ئەنادۆڵ کە لەژێر حیمایەی فەرەنسەدان و لەلایەن ماسۆنییەکانەوە بەرێوە دەبرێت.

مرۆڤە نەزان و بێ ئاگاکان لەلایەن قەشە فەرەنسییەکانەوە هانی قەبووڵکردنی ئایینی مەسیحی دەدرێن و پێیان دەڵێن ئەوەی ئێمە پێمان دەڵێن دەبێت جێبەجێی بکەن. ئەگەر بێت و یەکێک لەو مرۆڤانە سەرکێشی بکات بەلایەنگرەکانیان دەڵێن ئەوەی نەبێت بە کاتولیک ماڵ و حاڵی پێتان حەلاڵە، لێیان بدەن

و سووکایەتییان پێ بکەن.

مەترسن، حیمایەکەمان فەرەنسییە بەم شێوەیە دووبەرەکییەکی گەورە لەنێوان ئەو هاووڵاتییانەدا، کە چەندین چەرخە بەبێ کێشە ژیانیان بەسەر بردووە، دروست دەکەن، ئەو بیانییانەی کە لەبەر ئەوەی لە رۆژئاوا یارمەتی و ئیمتیازاتیان بەدەست نەهێناوە و لە رۆژهەڵات دەستبەریان کردووە بێ گوێدان بەو ویلایەتی و ژیانە ناهەمواریيەی خەڵکە موسڵمانەکان تیایدان لە هەوڵی بەشارستانیکردنی توخمە مەسیحییەکانی بەم شێوەیەش وازیان لە دروستکردنی دووڕوویی و دووبەرەکی لەنێوان نەتەوە جیاجیاکاندا نەهێناوە.

ماسۆنییەکان ئەو مرۆڤانەنە کە خەڵک هاندەدەن ئالوودەی بیروباوەرە مونافیقییەکانیان بوون بە مەبەستی راکێشانی سەرنجی ئەوروپا بۆ ئاژاوە نانەوەو دروستکردنی رووداو دەیانجووڵێنن.

**ماویەتی**

* * *

**ونبوونی مەزن**

بەرێز ئیسحاق سکوتی ئەفەندی دیاربەکری، کە یەکێک بوو لەسەرفرازان و دامەزرێنەرانی ئازادیخوازانی عوسمانی، لە شاری سان رۆمێو لە وڵاتی ئیتاڵیا دا گیانی پاکی بۆ یەزدان بەخشی و کۆچی دوایی کرد. ئەم سەربەرزە سەبارەت بەو ستەمانەی کە لەلایەن عوسمانیەکانەوە لە میللەت و خاکەکەی دەکرا زۆر غەمبار بوو، هەر بۆیەشە زۆر بایەخی بە کاروباری ئەنجومەن دەداو هەڵوێستی مەردانەو رێگای ناخۆشی و پڕ ئاستەمی لە پێناو وڵات و نەتەوەکەیدا هەڵبژاردبوو. رەحمەتی بەڕاستی رۆڵێکی زۆر دیاری لە خزمەتکردنی ئەم ئەنجوومەنە هەبوو کە ساڵەهای ساڵ بوو خەباتێکی بێوچانی بۆ نواندو جێگایەکی زۆر گرنگی لە نێو دڵانەوە هەبوو. لە ئەنجامی خەباتەکەیدا کەسێکی زۆر خۆشەویست و دیار بوو لەلایەن هەمووماناوە بە تایبەتی لەلایەن خودی میللەتەوە هەروەها ئەوروپییەکان و سیاسەتمەدارە بێگانەکانیش زۆر هاورێی بوون و زۆر بایەخیان بە بیروبۆچوونەکانی دەدا. بە موچەی ١٥٠٠ فرانکەوە لە پۆستی باڵوێزی ئیتاڵیا دامەزرا کە بە هاندانی هاورێکانی قەبوڵی کرد، لە هەمان کاتیشدا لە رێگای باڵوێزخانەکەی خزمەتێکی زۆر فراوانی بۆ ئەنجومەنەکەمان، بەتایبەتی لەوەرگرتنی پشتگیری لە رێکخراوە دامەزراوەکانی عەرەبی و غەیری عەرەبی سازدا. کۆچکردنیشی بە هەژاری و خۆشەویستی باشترین بەڵگە بوو بۆ قەبوڵنەکردنی ستەم و ناخۆشی لە لایەن عوسمانیەکانەوە دەرهەق بە میللەتەکەیەوە. ئەو گیانی بۆ میللەت بەخشی، میللەتیش بەرانبەر ئەو کەسایەتیە نیشتمانپەروەرە، سۆزی وەفاداری بۆ نواند بە لەدەستدانی ئەم سیاسەتمەدارە دڵتەنگ بوون.

**لە چاپخانەی ئینتیقام چاپکراوە**

عەدەد ٣١ | سالا چهارێ | رووپەر ١

صاحب و محرری
بدرخان پاشا
اوغلی
عبدالرحمن
***
درج اولنمیان اوراق
اعاده اولنمز
***

# کردستان ١٣١٠

(هەیڤێ جارەکێ دەردکەڤە جەریدەیا کوردی یە)
(کردلری تحصیل علوم وفنونە تشویق ایدر نصایح وادبیات کردیەیی حاوی)
(آیدە بر نشر اولنور کردجە وترکجە غزتەدر)

**KURDISTAN**

غزتەنک مسلکنە موافق عربجە فارسیجە مکتوبلر کردجەیە بالترجمە نشراولنور

Adresse:
((KURDISTAN))
GENEVE
(SUISSE)
***
کردستان خارجندە هر یر
ایجون سنەلک آبونە بدلی
٨٠ غروشدر
***
کردستان داخلندە
خصوصی استەینلرە مجانا
کوندریلور

دوشمب ٦محرم سنە ١٣٢٠/ ١ نیسان سنە ١٣١٨


## قونغره

بەری سالەکێ لاوێن مەحمود پاشا ئیعلان کر کو وێ موئتەمەرەکێ تەشکیل بکن. ئەڤ وەعدا وان لاوا، گەلەک خەلق مەمنون کر. زیرا ئەڤە حەوقاس سالە هندە مرۆوێ مێر ناڤ وەلاتێ خوە دەو ناڤ وەلاتێن ئەوروپایێ دە هندە دخەبتن، ئەڤە حەوقاس ئەیامە گەلەک سەمەرە ئیقتیتاف نەکرن. ئەما حەمی، ئینتیزارا وێ وەعدێ وان لاوا بین. ئاخر بەری دوو هەیڤا، وان ئەنجالێن مەحموود پاشا سەباحەدین بەگ و لوتفوللا بەگ هاتن پاریس، دەعوەتنامە لە گەلەک ئەحرارێن عوسمانیە رە رێکرن. ئەحرار حەمی لە پاریس ئیجتیماع کرن. سالا ئەفرەنجی هەزار و نەه سەد و دوییدە لە پاریس موئتەمەر تەشەکول کر. ئەم چل ئەعزا هەبین، ئەو مللەتێن حکومەتا مە تەشکیل دکن موسلیم و غەیرێ موسلیم ژ حەمیا دوو - سێ ئەعزا هەبین. ژ ڤێ قونغرەیێ ئەسلێ مەقسەدا مە ئەو بوو کو چقاس ئەحرار هەنە حەمی ئیتیفاق بکن و مەقسەدا خوە یا عەینی رە حەمی ژ یەک رێ بچن، دا رۆژەکێ ئەوەلتر نائیل ئەمەلێ بین.

مە شەش ژارا ئیجتماع کر. لاکین ئەو چل ئەعزا کو مەقسەدا وان حەمییا یەک بی، موزاکەراتێن وان شەش ئیجتیماعا دە زەمان حەمی بە موجادەلا ئەفکارا دە و حەتا موناقەشاتا بوری، ئەوان ئەعزا، نەیلێ ئەمەلا خوە رە ئینتیخابا تەدابیرا دە ژ هەڤ دو جودا مان. موئتەمەر بە دوو پارا ئینقیسام کر، ئەسبابێ ئینقیسام یەک نوقتە بی، ئەو نوقتە ژێ تەلەب و یا رەدکرنا موداخەلا ئەجنەبییا بی.

ئەزێ نهۆ ژ سورەتێ تەشەکول و دەواما موئتەمەرێ بکم.

موئتەمەر لە بن ریاسەتا سەباحەددین بەگێ دە ئیجتیماع کر، چهار مادە ژ مەقامی ریاسەت وەزعێ مەوقعێ موزاکەرە بی.

ژ دەربا ئەول گەلەک مودافەعات و موتالەعات تەوەلود کر، لاکین ژ نائەهلیا وانێن جەمعییەت ئیدارە دکر، گەلەک ئەحوالێن موئسیفە زوهور کر، رەئیێن گەلەک ئەعزا هاتن تەزییفکرن، حەتا موتالەعاتێن گەلەک دەقیق ئێن فەرید بەگی نیهایەت ئیستیماع کرن.

ڤـی موئتەمـەری دە حالـەک دی، گەلەک یەئـس و ئینکیسـارا ئەعزایا موجب بی، ئەو ژی ئەو بی کو موزاکەرات بە عەزمانی ترکی و فرەنسەوی جەرەیان کر. حەتا نیهایەتێ دە بارا گەلەک موزاکەرە بە فرەنسەوی بی.

ئەو موئتەمەر ئیجتیماعەک عوسمانی بی، ئەعزاییـن وێ دەرێ حەمی عوسـمانلی بین. لەومـا جەرەیانـا موزاکەراتـێ بـە عەزمانی فرەنسەوی گەلەک کرێت بی. واقعا لە مەجلیس تەرجومان هەبی، موزاکەراتین فرەنسـزی بە ترکـی تەرجەمـە دکـر، لاکین قسـمێ کوللی نەدهـات تەرجەمەکرن. ئەعزایێن فرەنسـری نەدزانیـن، ژ ئەعزاییـن فرانسـری دزانیـن گەلەکتر بین، لەوما تو سەبەب مەشروع ژ ڤی حالیرە نە مەوجود بی.

حالـەک دی گەلەک کرێت لە موئتەمەری مەوجـود بـی: نـاڤ ئەعزاییـن مەوجـود دە هنـەک ئەعـزا هەبین، نەمرۆڤـن کەفش بین. وەقتـا کو ناڤ موزاکەراتێ دە لەسـەر تەلەبا موعاوەنەتـا ئەجنەبییـا موباحەسـە گەلـەک کەسبێ شدەت دکر، ئەوان ئەعزایێن نەکەفش گەلەک ئیلتیزاما فکرا تەلەبا موعاوەنەتێ دکر. مەجلسـێ دە مەسـئەلا ژ حەمییـا موهیمتر، ئەڤ فکرا موعاوەنەتی بێ، حەمی ئیجتیماعێن موئتەمەرێ دە موزاکەرات لە سەر ڤێ نوقتەیێ جەرەیـان کـر. گەلـەک ئەعـزا تەرەفدارێـن موعاوەنەتـی بیـن. ناڤ ڤـان ئەعزایێن تالبێ موعاوەنەت چەندەک هەبین، زێدە تەرەفداری تەلەبێ ڤێ فکـرێ دکرن. ئەڤی حالی نەزەرێ دیقـەت جەلب کر، لەوما، یـەک ئەعزا ژ ناڤ ئەعزایێن نەتەرەفدارێ تەلەبێ موعاوەنەت، ژ رەئیس رجا کر کو هەوییەتا چقاس ئەعزایێن مەوجـود هەنە، ئیعلام بکە. ئەڤ سـوئالا ڤی ئەعزایی لەسـەر رەئیس تەئسـیرەک گەلەک خـراپ ئیجرا کر. زیرا ئـەوی دزانی کو ناڤ ئەعزایێن دەعوەت کری دە دوو – سێ هەبین کو جدەن نەشـایانێ دەعـوەت بین. لەوما بە عەرن، ئەڤ جەواب دا وی ئەعزایی:

ئـەڤ ئەعزاییـن هـا حەمی مـن دەعوەت کرنە، هوویەتا وان ژ من مەسئولە، تو کەس حەق نینە وان بپرسـە، خراپی و قەنجییا وان ئەز دزانم، نە لازمە کو تو کەسـێ دی بزانبە. ئەڤ تەلەبا وی ئەعزایی، بە ڤی سـورەتی بێ تەئسیر ما. تەلەبا وی گەلەک موحق بی. وەقتا کو چەند مرۆوەک لە سەر مەقسەدەک موهیم موزاکەرە دکن، دڤێ ئەو مرۆ و حەمی هەڤدو ناس بکن. ئەڤ گەلەک تشـتەک تەبیعی یە کو جەمعییەتەکـێ دە دڤـێ ئەعـزا حەمی هەڤدو نـاس بکن. وەکی مرۆ و لـە هەڤدو بیانی یە، نـکارە هەڤـدوو رە موداوەلەیـێ ئەفکار بکن و حەتـا نەجائیزە. حەتا مـرۆ هەڤدوو ناس نەکـە، نـکارە رایا خوە ئاشـکرا بێـژە. لاکین رەئیس ئـەڤ حەق ناس نەکر، ئەڤ سـوئالا هنـدە موحق رەد کر، حەتا بـە گەلەک عەرن جواب دا، یەعنی بەڕاستی ئەو ئەعزا سەر وێ تەلەبـی تەکدیر کر. زیرا نـەدکاری هەوییەتا وان کەفـش بکە، رەئیس دزانی کو ئەو ئەعزا نەمرۆوین تەمامن. ئەوی دزانی کو ناڤ واندە هنەک هەبین کو ژ حوریەتی زێدەتر، ئینتساب لسەفارەتا مە یا لە وێدەری دکرین.

حاسـل، موددەتـا حەمـی ئیجتیماعـا دە موزاکەرە، موباحەسـە، موناقەشە، موجادەلە حەمـی لەسـەر تەلەبا موعاوەنەتـێ تەوەلود کر. ئاخر عەیان بی کو ئەعزا لسـەر سـەبەبا ڤـێ مەسـئەلەیی نەکارین ئیتیفـاق بکن، ناڤ چل ئەعزایێن مەوجود دە یانزدە ژ مەجلیسێ ئیفتیـراق کـر، ل یێـن دی رە ئیتیفاق نەکرن. زیـرا ئـەوان دگـۆ: حەتا نهـۆ چقاس جارا ئەجانبـا موداخەلە لە حالـێ مە کربە، هەر بە زیانا مە مونتج بییە، ئەڤە بیسـت – سی سالە ژ ملکـێ مە نیڤێ بێتر تەفریـق بی، حەمی بە موداخـەلا ئەجنەبییا بی، ئەم موعاوەنەتا وان تەلـەب بکـن، ئەمێ ئیزمیحلالا خوە تەسـهیل و تەعجیـل بکن. خاسـما کو ئـەڤ تەلەب، ژ مللەتیرە گەلەک عارە.

تاریخا مە دە ئەم راستێ میسالەکێ نایێن کو بیانییا لەسەر مەنفەعەتا مە موعاوەنەت لە مە رە کری. واقیعا، دو–سـێ جارا یەک–دوو دەولەت زەمانێ شەری دە عەسکەر و سائیر ئەسبابێ موعاوەنەت ژ مە رێکرن. لاکین ئەڤ نایێ ئینکارکرن کـو موعاوەنەتا وان دەولّەتا نـە ل سـەر مەنفەعەتـا، لاکین مەعزا سـەر

قەنجییا وان، سەر ئەمنیەت و سەلامەتا وان خوەبی. حەتا ئەو ب تەلەبا مە موعاوەنەت ناکن، وەکی ئەو ژ خوە رە لازم دبینن، وێ هنگێ موعاوەنەت دکن.

ئەڤە فکرا وان یازدە ئەعزا بی. دێ ڤێجا مەجلیس بە دو مەلا ئینقیسام کر. ملەک ئەکسەرییەت بی، ملێ دی ژی ئەقەلییەتی. ئەڤ هەر دوو مل سەر ڤێ نوقتەیێ هەرچەند کو مەقسەدێ ئەسلی دە موتەفق موتەحید بین، ئینتیخابا تەدابیرا حسوولێ مەقسەد رە یەکجار ژ هەڤدوو جودا بین. مەجلیسا شەشێ دە، کو ئاخرێ مەجلیسێ بی ئەقەلییەتێ دیت کو ئیتیفاق نابە، ئەکسەریەتێ ژی رەئیا ئەقەلییەتی تەنسیب نەکر. نیهایەت، مەجلیسا رۆژا شەش، کو ئاخرێ مەجلیسێ بی، وان یانزدە ئەعزا کو ئەقەلییەت تەشکیل دکر، بە یەئس و تەئەسورەک گەلەک مەزن فکرا خوە یا مودەتا شەش مەجلیسا دە جەرەیان کری و بە موختەسەر بەیان کرن و ژ مەجلیسێ دەرکەتن جودا بین.

ئەڤە ئەڤ موئتەمەر ژی بە وی سورەتی نەتیجەپەزیر بی. نهۆ هەر ملەکی، ریا ئینتیخاب کری دە دخەبتە، مەقسەدا هەردو ملا ژی، سەلامەتا مللەتی یە، تەوفیقا خوەدێ هاڤالی هەردو ملا بت.

* * *

## بنەماکانی دووڕوویی لە کوردستاندا پاشماوە

هەر خاک و وڵاتێک "میسیۆ"کان تیایدا بگەڕێن، ئاسوودەیی وئاسایشی تێدا نامێنێت. هاووڵاتیان لە رۆژی درووستبوونیانەوە بەیەک دڵ و یەک بیروباوەڕ بە ئاسودەیی بە یەکەوە ژیاون. دوژمنایەتی و ناکۆکییەکی توندوتیژی لەناویاندا دروست دەبێت و رووسیا و فەرەنسە لە خۆرهەڵاتدا هەندێک لە حکومەتانی دیکە لە بڵاوکردنەوەو دەستێوەردان لە کاروباری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا لە مەسەلەی ئایین بەولاوە هیچ شتێکی دیکەیان بەکاریگەر نەدۆزیوەتەوە بۆ پەرش و بڵاوکردنی یەکێتی نێوان دانیشتوانی ناوچەکان بە دوو شێوەیە:

یەکەمین: سپاردنی ئەرک و پڕوپاگەندەی ئایینی و بڵاوکراوەکانی لەرێی فەرمانبەرانی یاساییەوە.

دووەمین: بەرپاکردنی هەندێک تەڵەکەو پڕوپاگەندە، لەلایەن ئەو "میسیۆ"یانەی کە لەخاکی خۆیان دەرکراون.

راستییە بنەبڕەکان ئەوەن کە روسیا، دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، هەندێ بەندی زیادەی نائاسایی خستۆتە سەر پەیماننامەی بەرلین، بە مەبەستی بەخشینی گەلێک مافی لە رادەبەدەری ئەرمەنییەکان لە کوردستانداو بۆلگارییەکان لە ماکدۆنیا، ئەم کارەیشی بۆتە هۆی درووستبوونی رق و کینەو نارەزایی میللەتە زۆرینەکان لەو وڵاتانەدا کە هەمیشە بەردەوام دەبێت.

لەو یاسا بنچینەییانەی عوسمانی، کە پێش جەنگی ساڵی ١٢٩٣ راگەیاندرابوون، دەڵێت: (لەنێوانیان موسڵمان و غەیرە موسڵماندا هیچ جۆرە جیاوازییەک ناکرێت، هەردولایان یەک جۆر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت).

لەبەر ئەو بەخشینەی مافە زۆر بە غەیرە موسڵمانەکان لەلایەن رووسیاوە، لەکاتێکدا موسڵمانەکان زۆر لەوان زیاتر چاوپۆشی لێناکرێت.

ئەگەر مەرجەکانی بەندی ٢٣، ٦١ی پەیماننەی بەرلین، بەپێی ویست و ئارەزووی رووسیا جێبەجێ بکرانایە بەهیچ شێوەیەک تاکو ئێستا ئاشتی بەرقەرار نەدەبوو، بەڵکو کوشتاری زۆرتر رووی دەداو دەبووە وەرچەرخانێک بۆ شەڕی ناوخۆ، چونکە توخمی سەرەکی و زۆرینە لە گەلێک ماف بێبەش دەکرا.

توخمی ژێردەستە، کە هەموویان غەیرە موسڵمان بوون، لە ئاستی یاساکانی وڵاتدا مامەڵەی تایبەتییان لەگەڵ دەکرا، ئەم کارەیش ئارام و خۆگرتنی مرۆڤ ناهێڵێت، چونکە بەپێی یاسای بنچینەیی بێلایەنترین گەورە پیاوانی عوسمانی، تا دەگاتە بچووکترینیان زامنی هەموو جۆرە یەکسانی و بەختەوەرییەک دەبن، دەبێ ئەمەش رەچاو بکرێت و هیچ جۆرە مامەڵەیەکی جیاواز

لەنێـوان میللەتـدا پەیـڕەو نەکرێـت، چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکیی و نائارامی لەناو وڵاتدا، هەروەها دەسـتێوەردانی بێگانە لەکاروباری وڵاتەکەماندا هەموو کاتێک هۆی مشتومڕی بەردەوام، بۆیە دەتوانین.

* * *

## کۆنگرەییکی ئازادیخوازانی عوسمانی

زۆر لە مێژبوو خێرخوازان، چ لە دەرەوەی وڵات و چ لە ناوەوە، لە هەوڵ و تەقەلادا بوون بە هـاوکاری نیشـتمانپەروەران کۆنگرەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەسـەرێک سازبدەن، بـۆ ڕزگارکردنـی میللەت لـەو ناهەمواری و جەورو سـتەمەی کە تووشـی هاتـووە. هەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە جەنابـی سـەباحەدین و لوتفوڵـلا، کوڕانی مەحمود پاشـای پایەبەرز، سـاڵێک لەمەوبەر بانگەوازێکیان بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەک دەرکردبوو کە زۆر بە پەرۆشـن بەزوترین کات ئەو ئاواتەیان بێتەدی.

لە ئەنجامدا، ئەو کۆنگرەیە، کە لەدەمێکەوە چاوەڕێی پێکهاتنی دەکرا، ئێوارەی ٤ی شوباتی ١٩٠٢ لـە خانەی ژمـارە (ک٢٤)ی "موسـیۆ لوفـرور پۆنتالیـس"ی ئەندامـی هەمیشـەیی ئەنجومەنی فەڕەنسـە کە دەکەوێتە شـەقامی "ترۆکادیرو" دەستی بەکۆبوونەوەکە کرد.

کۆنگرەکـە هەروەکـو لـە گشـت نەتەوە ئیسـلام و غەیـرە ئیسـلامەکانی دەوڵەتـی عوسـمانی پێکهاتووە، هەریەک ئەندامێک یان چەند ئەندامێکیان بەشداریی تێدا کردبوو، کۆی ئەندامانـی کۆنگرە، لە چل ئەنـدام تێپەڕیبوو. هەرچەنـدە مـاوەی سـاڵێک بـوو چاوەڕێی پێکهێنانـی ئـەم کۆنگرەیـە دەکـرا، هیـوای دەسـتەبەرکردنی یەکێتییەکی سەرانسەری و دەرکەوتنێکی گشتی لە بیروبۆچوونی هەموو کەسـێک جێگیر ببوو، بەڵام لـە ئەنجامی (٦) جـار کۆبوونـەوە، لـە یەکـدی جیابوونەوەو بوون بەدوو بەشـەوە لـە کۆنگرە پەیدابووە. هەرچەندە ئەم دوو بەشـە لەدڵدا یەکگرتوو بـوون، بەڵام ئەو خاڵـە گرنگەی کە جیاوازی خسـتە نێـوان بیـروڕای ئەندامانـی کۆنگرە مەسەلەی دەستێوەردانی بێگانەبوو.

(بـا ئێسـتا زانیاریتـان لـە بارەی شـێوە دامەزراندنی کۆنگرەکەو ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویاندا بدەینێ)

کاتێک کە جەنابی سـەباحەدین و لوتفوڵڵا بەگـی کوڕانی مەحمود پاشـای پایـەدار، بۆ ئامادەکردنـی کۆنگـرە لـە ئیتالیـاوە بـەرەو فەڕەنسە کەوتنەڕێ، بانگهێشتی سەرجەم ئەو ئازادیخوازانەی عوسمانی کرد کە لە دەرەوەی وڵات بـوون، بۆ ئامادەبوونیـان لە کۆنگرەدا. کـە ٢٥ی کانوونـی دووەم سـاڵی ١٩٠٢ کۆدەبێتەوە، لەبەر ئـەوە هەموو ئەوانەی کە بانگهێشت کرابوون لە پاریس ئامادەبوون بۆ بەشداریکردنیان لە کۆنگرە جگە لە "ئیسماعیل کەمـال بـەگ" و ئـەو ئەندامـە ئەرمەنییانەی کـە بانگێشـت کرابوون بۆ بەشـداریکردن لە کۆنگرەدا، کەمێک دوودڵ بوون، هەر بۆیەش کۆبوونـەوەی کۆنگرەکـە مـاوەی (١٥) ڕۆژ دواکەوت. لەنێوان ئەو ماوەیەدا "منیر بەگ"ی باڵیۆزی تورکیا لە فەڕەنسە، کە بە چوار پەل لـە هەوڵی کۆسـپ خسـتنە بـەر کۆبوونەوە گرنگەکەدا بوو لەو دواکەوتنە کەڵکی وەرگرت و گەلێک خراپەکاریی تێکدەرانەی ئەنجامدان، تەنانەن بەڕێوەبەری پۆلیسـی پاریس "میسۆ لەپیـن" هـەردوو میری بـۆ بارەگاکەی خۆی بانگهێشت کردن و بەراشـکاوی بەرهەڵستی خـۆی بۆ کۆبوونـەوەی کۆنگرەکە لە پاریس پێراگەیاندن. بەڵام ڕێگرتن لە کۆبوونەوەیەک کە هەموو مەبەستی ڕزگارکردنی میللەتێک بوو بێتاوان لەدەسـت زوڵم وستەمی حکومەتێکی زۆردار، بـە هەمـوو شـێوەیەک یارمەتیدانی ئەو حکومەتە زۆردارە دەژمێردرێت. دواجار بەدەسـتەبەرکردنی یارمەتیـی هەنـدێ لـە دەسەڵاتدارانی ناو حکومەتی فەڕەنسە، توانرا ڕەزامەنـدی وەزارەتـی ناوخـۆی فەڕەنسـە دەستەبەر بکرێت و فەرمان بە بەڕێوەبەریی پۆلیس بدرێت بۆ ڕێگادان بەو کۆبوونەوەیە. کۆنگرەکە بە سـەرۆکایەتی میر سەباحەدین سـازدرا، بنەمـای مەبەسـتی هەڵبژاردنـی دەستەییکی هەمیشەیی بوو بۆ جێبەجێکردنی ئـەو بەندانەی لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەکەوە بە گشتی زۆرینەی دەنگ قەبوول دەکرێت.

لـە کۆبوونـەوەی یەکەمـدا لەلایـەن

سەرۆکایەتی کۆنگرەوە پرۆگرامێک، کە چوار بەندی لەخۆگرتبوو، خرایە بەر لێکۆڵینەوەی ئەندامانی کۆنگرە، ئەو بەندانەی لە پرۆگرامەکەدا بوون لەلایەن چەند ئەندامێکەوە بەتوندی بەرهەڵستی کران،هەرچەند لەو بارەیەوە چەند روونکردنەوەو لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و بەرفراوان ئەنجامدران، بەڵام بێسوود بوو، شیرازەی کۆبوونەوەکە تێکچوو، هەراو هۆریاو دژایەتیکردنی نێوان ئەندامانی کۆنگرەکە دەستی پێکرد، زۆر بەداخەوە تەنانەت ئەو وردبینە بەنرخەی "فەرید بەگ" کە پێکشەشی کرد هەر گوێی لێ نەگیرا.

حاڵەتێکی دیکەی کۆنگرەکە، کە زیاتر جێگای داخ و پەژارە بوو، ئەوەیە لەکاتێکدا کە سەرجەم ئەندامانی عوسمانی بوون، بەهۆی چەند ئەندامێکی ئەرمەنییەوە، کە زمانی تورکییان نەدەزانی، گوتارو قسەو باسەکانیان بە زمانی فەرەنسی پێشکەش دەکران. بەشێکی زۆر کەمی بۆ زمانی تورکی وەردەگێردرا، ئەمەش بووە هۆی ئاگادارنەبوونی ئەو ئەندامانەی زمانی فەرەنسییان نەدەزانی لە بارەی لێکۆڵینەوەکان، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوانەی زمانی فەرەنسییان نەدەزانی زۆر لەوانە زیاتر بوون کە زمانی تورکییان نەدەزانی. لە بنەمادا کۆنگرەکە کە تایبەت بوو بە نەتەوەی عوسمانی، رێگادانی سەرۆکایەتی کۆنگرە بەتاوتوێکردنی مەسەلەکانی بەزمانی فەرەنسی کارێکی زۆر ناشیرین و نابەجێ بوو، بووە مایەی رەخنەی زۆرینەی ئەو ئەندامانەی کە فەرەنسییان نەدەزانی ئەوانەیش دەیانزانی. تەنانەت "مۆزرۆس کیکیس" ئەفەندی کە ماوەیەکی درێژ لە ئەستەنبوڵ ئەندامی شوورای دەوڵەت بوو، بە مەبەستی دەربرینی رای خۆی بەزمانی فەرەنسی دەستی بە قسەکردن کرد، هەرچەندە یەکێک لە ئەندامانی کۆنگرە داوای کرد ناوبراو بە زمانی تورکی بیروڕای خۆی دەربڕێت، چونکە ئەندامی شوورای دەوڵەتە "مۆزۆرۆس" ئەفەندی لە وەڵامدا گوتی: (تورکی نازانم)، بە فەرەنسی لەقسەکانیدا بەردەوام بوو. حاڵەتێکی دیکەی کۆنگرەکە کە شایستەی رەخنەیەکی زۆر توندبوو، ئامادەبوونی چەند کەسێکی نەناسراو بوو وەکو ئەندام و لە نەتەوەی عوسمانیش نەبوون، تەنانەت تەنیا ئەو چەند کەسە بوون چەپڵەیان بۆ ئەو داوا لێدەدا کە لەلایەن ئیسماعیل کەمال بەگ و میرەکانەوە کرابوو بۆ دەستێوەردانی بێگانە، کە بەهۆی ئەو چەند کەسەوە بوو ئەو داوا ناشرینە زۆرینەی دەنگەکانی هێنا، هەر بۆیە "ئەحمەد رەزا" بەگی خاوەن رۆژنامەی "مەشوەرەت" بەرەسمی داوای لە سەرۆک کرد کە پێناسەی ئەوان ئاشکرا بکات، کە کۆنگرەکەیان پێکهێناوە، سەرۆک لە وەڵامی ئەو پرسیارە ماقووڵەدا بەتووڕەییەوە گوتی: (سەرجەم ئەندامان لەلایەن ئێمەوە بانگهێشت کراون و پێویست بە سەلماندنی پێناسەیان ناکات)، دوابەدوای ئەو وەڵامەی سەرۆک لەلایەن ئەندامە نەناسراوەکانەوە دەست کرا بە هاوارو بۆڵەبۆڵ و "ئەحمەد رەزا بەگ"یان ناچاری بێدەنگبوون کرد.

لەسەرجەم کۆبوونەوەکانی کۆتاییدا بیرۆکەی داوای دەستێوەردانی بێگانە لەنێوان ئەندامەکاندا تا دەهات دەبووە هۆی دڵتەنگی و نیگەرانی، لەلایەن سەرجەم ئەو ئەندامانەوە کە دەستێوەردانی پێگانەیان قبووڵ نەبوو، بەتایبەتی ئەرکانی جەنگی "فەرید"، ئەرکانی جەنگ "یوسف"، ئەرکانی جەنگ سلسترەلی حەمدی، مسیۆفرا، ئەحمەد رەزا نازم، خواجە قەدری و عەبدولرەحمان بەگ، کە ئەو بیرۆکەیە بەردەوام بە توندی رەت دەکرایەوە، لە بەرامبەر ئەوەدا وەڵامی "زۆرینەی دەستتێوەردانی دەوێت" دەدرایەوە.

لەنێوان ئەوانەدا کە زۆرینەیان پێکهێنابوو کەسایەتییەکی وەکو مەحمود پاشا زادەکان و ئیسماعیل بەگ هەبوون، بەڵام ئەوانەی بە کەمایەتی ناسرابوون هەریەکێک لەوانە چ لە بەندیخانەکانی ئەستەنبوڵ چ لە مەنفاکانی ئەفریقاو قوبرس، پاش چێشتنی هەزارەها جۆر ناهەمواری لە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام خۆیان بە هاونیشتمانەکانیان ناساندووە، گەلێک لایەنیان دەستەبەرکردوون، بۆیە کە بە کەمایەتی ناودەبرێن لەراستیدا ئەوانە

زۆرینەن.
لە کۆبوونەوە سەرەتاییەکانی کۆنگرەدا، ئەو ئەندامە ئەرمەنییانەی کەبریتیبوون لە پێنج کەس خۆیان لە دەنگدان دەدزییەوە، بەڵام لە کۆبوونەوەی پێنجەمی کۆنگرەکەدا لەگەڵ زۆرینەدا، واتا لەگەڵ ئەوانەدا یەکیان گرت کە دەستێوەردانی بێگانەیان قەبووڵ کرد و رایانگەیاند کە ئەو یاسا بنچینەیەی لەلایەن بەرهەڵستکارانی دەستێوەردانی بێگانەوە داوا کراوە قەبووڵ ناکەن. هەروەها داوای سوودمەندبوونیان لەو بەڵێنانە کرد کە لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە لەم ساڵانەی دواییەدا لە کۆنفرانسی "بەرلین"دا پێیان درابوو، ئەم راگەیاندنەی ئەو ئەندامە ئەرمەنییانە لەلایەن گشت ئەندامانی کۆنگرەوە بەتوندی رەخنەی لێگیرا.

ئەرمەنییەکان لە دوا گوتەکانیاندا مەسەلەی دەستێوەردانی بێگانە، کە بووە هۆی نەهێشتنی یەکێتی لەنێوان ئەندامانی کۆنگرەدا، کرد بە داردەستێک بۆخۆیان، ئینجا وتیان "هەر کاتێک ئێوە لەگەڵ یەکدیدا رێککەوتن، ئەو کاتە ئێمەیش دێین بۆ سەردانتان"، بەتوورەیی و دەمارگیرییەکی زۆرەوە کۆنگرەیان جێهێشت، بەم شێوەیە کۆنگرەکە کۆتایی پێهێنرا.

**لە چاپخانەی ئینتیقام چاپکراوە**

کتێب هەواڵنامەی

# لەپەراوێزی
# "ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم"دا

فەرهاد عەونی

**ئەڵقەی نۆیەم و کۆتایی**

**خوێندەوارانی خۆشەویست**

دەربارەی بابەتی ئەو حەفت ئەڵقەیەی کە ماوەیەکە لەژێر ناوی (ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم)لە گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)ی خۆشەویستدا بڵاوی دەکەمەوە، لە سەرەتادا دوو هۆکار هەبوون لە بڵاوکردنەوەی، کە بریتین لە:

**یەکەم:**

وەکو لە ئەڵقەکانی پێشووتریشدا بە درێژی باسم لێوەکردووە، (بەندە) ساڵانێکە سەرقاڵی ئەم بوارەیەم، کە بەڕاستی لە ناخەوە خۆشم ویستووە و پێوەی ماندووبووم و شەونخونیم بۆ کردووە، بەتایبەتی لە کات و ساتی بەرهەمهێنانی گۆڤاری (نضال الطلبة)ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، هەر لە سەرەتاوە، تاکو چوار ژمارە، لەگەڵ هەندێ برایانی دیکە، کە ناویان لە شوێنی خۆیدا هاتووە، بەندە (هەوێنی) زیندوو کردنەوەی پرۆژەکە بووە تاکو ڕۆژانی بەجێهێشتنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە کۆنگرەی حەوتەم، کە لەنێوانی ١٩٧٢/٤/٢٩-١٩٧٢/٥/٢ لە سلێمانی بەسترا، ئەوجا ئەو دوو ساڵەی شەو و ڕۆژانی التآخی و برایەتی (١٩٧٢-١٩٧٤) لە بەغداو دوو ژمارەی (دیاری لاوان)ی شاخ لە ڕۆژانی شۆڕش ئەیلوولی مەزندا (١٩٧٤-١٩٧٥) کە تێیدا لەگەڵ برای ئازیزم خوالێخۆشبوو (دارا شێخ نوری) لە ئەمانەتی ڕۆشنبیربوو و ڕاگەیاندن و لاوان بە شێوازی سەردەمی بەهەشتی (حسێن حوزنی موکریانی) دەرمان دەکرد، پاشانیش ئەزموونی حەوت ساڵەی ڕۆژنامەی برایەتی کە سەرەڕای ئەو چەندین گۆڤار و حەفتەنامانەی دیکەی تێدا بڵاو دەکرایەوە، پاشتریش ئەزموونی ناو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە بواری ڕاگەیاندن، کە تێیدا گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) کە پاشان بوو بە (ڕۆژنامەنووس)، هاوکات لەگەڵ ڕۆژنامەی (الصحفی) بە زوبانی عەرەبی، ئەوە سەرەڕای بەشداری کردن لە نووسین وهێنانە بەرهەمی گۆڤاری ژینۆ، کە لەلایەن شێرکۆ حەبیبی ئامۆزامەوە لە لەندەن دەردەچوو، لەگەڵ ڕۆژنامەی (کوردستان الیوم) کە لێرە لە هەولێری پایتەختی

کوردستان ئامادە دەکراو چاپ و پەخش دەکرا، کە هاندەر و هەوێنــی بیرۆکــەی ئەم چیرۆکە بوون، کــە ناووم ناوە (ئەزموونــی رۆژنامەگەریم) کە تێیــدا (دەرکەنارکردنم) لە برایەتــی (بدون وجە حق) کە ئێســتاو ئێســتاش نەمزانی هۆکارەکەی چی بوو (بەڵکو خودا بکات رۆژێ لەرۆژان بۆم ئاشــکرا بێت) کە تێیدا جۆرە تورەییەکی لا دروست کردم ســەرەڕای ئەو هەموو ماندوو بوون و شــەونخوونییەی کــە بەو رۆژنامەو (برایەتی و بڵاوکردنەوەکانی) دیکەی و دامەزراندنــی دەزگای (برایەتی و خەبات) کە نەدەبوو بەو بڕیارە ناکامڵە منیان دوورخســتبایەوە لە کاتێکدا برایەتی لــە قۆناغی زێڕیندابــوو، جۆرە تــوورە بوونەکەش خۆی لــەو بڕیارە دەبینێتــەوە کە بڕیاری نووســینی ئەزموونی رۆژنامەگەری لا دروســت کردم، چونکە هەندێ (کاڵ فام) بەشێوەیەکی دیکە تەفســیریان بۆ ژیانی رۆژنامەنووسیم دەکرد بێ ئەوەی بەقەد تۆزقاڵێک ئاگاداری ژیانی سیاسی و رۆشــنبیری و رۆژنامەنووســی من بــن (کهذە مصیبة) یاخــود بەڵام خۆیــان لێ گێل دەکەن کە لێــرەدا (المصیبة أعظم).

**دووەم:**

رۆڵی برای ئازیز و رۆژنامەنووس و ئەرشیف ناس و رۆشنبیر کاکە (عبداللە زەنگەنە)یە کە هەمیشە لە روانگەی ئەوەوە کە گوناهە ئەو جۆرە ئەزموونانە بزربن هەرچەند ئەزموونی ئاساییبن، چونکە وەکو گوتەنی ئەزموونی تاک، هەرچەندە سادەو ساکاربن، بەشێکە لە مێژوو کە هەمووی تێکــڕا دەبێتە خەرمانی بوارێک کە رۆژێک دادێت پەنجەی بۆ درێژ بکرێت، دیسان وەکو کاکە عبداللە دەیگوت (خۆت بینووسی باشترە لەجیاتی ئەوەی خەڵکی دیکە بینووسێ). لە راســتیدا لەژێر کاریگەرییەتی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە بوو ملم لێ ناوو ناوی خوام لێهێناو ئاکامەکەی ئەو هەشت ئەڵقەیــە بووە کــە هەر لــەم دوو گۆڤــارەدا بڵاوکرایەوە، ئەگەر خــودای مەزنیش یارم بێت پرۆژەی بەکردنە کتێبم لا دروســت بووە لەگەڵ هەندێ وێنەو دیکۆمێنتی دیکە کە لەم شــوێنەدا بــڵاو نەکراونەتەوە، ئەمجــا نازانم بە کوێ دەگات؟.

شتێکی ئاســاییە هەندێ جار نووسەر، لەکات و ساتی نووسینی بابەتێکدا، هەندێ شتی وردەکاری لەبیر دەچێت، بۆیە لێرەدا کاتێ بەخوێندنەوەی ئەڵقەکاندا دیمەوە هەندێ شــتم دێتەوە یاد کە لام باشــە وەکو سەرە قەڵەم پەنجەی بــۆ درێژ بکەم، واشــی بۆ دەچم کە لەوانەیــە بابەتەکە بە جۆرێــک لەجــۆرەکان دەوڵەمەند بکات، بۆیــە لێرەدا کاتی ئەو وردەکارییە وەکو چەند خاڵێک دەخەمەڕوو، مەبەستم

> **لێــرەدا کــــــاتی ئەو وردەکارییــە وەکــو چەند خاڵێــک دەخەمــەڕوو، مەبەســتم لە تۆمارکردنی هەنــدێ زانیاری راســتە، زیاتــر لەوەی باس کردنی شتێکی دیکە بێت**

لـە تۆمارکردنــی هەنــدێ زانیاری راســتە، زیاتـر لەوەی بــاس کردنی شــتێکی دیکە بێــت، کە ســەراپای هەمووی ســەربوردەی ژیانی مرۆڤێکە لە بواری رۆژنامەنووسیدا، کــە هێنــدێ جــار دەوروبــەری لایەنــی دیکــەی ژیانمی گرتۆتــەوە بــە حوکمــی تێکــەڵاوی بوارەکانی ژیــان، کە ناکــرێ بــە ئاســانی لێکیان جیــا بکەمەوە، ئێســتاکە بۆتە مولّکــی مێژوو، هەموو ئەو کەســانەش کە لــەم ئەڵقانەدا ناویــان هاتووە، وەکو چۆن باســیان لێوە کــراوە، لەگەڵ موراعــات کردنی هەندێ کەس و هەندێ بابەت، کە زۆری لــێ نەچوومەتەپێش، ئەوەیشــیان بەو ســنوور نەبەزاندنە دادەنێــم کە پێویســتە هەموولایەکمان لەو ئاســتەدابین و لە (شــەلم کوێرم نایپارێزم) دوور بکەوینەوە، چونکە هیچ مانایەک نابەخشێ. نووسەری بیرەوەری هەندێ شت باس دەکات کــە رووداوەکانی تێدا زۆر تایبەتین و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانــی چوونــە دەرەوەیە لە هەمــوو ئیلتیزاماتێک و دابوو نەریتێک کە پێویســتە رۆشنبیران خۆی لێ بپارێزن ئەمــە یەکەمیــان، دووەم دوورکەوتنەوە لە بوارێک ئەوجا بــە هــەر هۆکارێک بێت نابێتــە هــۆکاری (تەکفیر) کردنی هەموولایــەن و کەســایەتییەکان، یاخود ئــەو لایەنەی کە مــرۆڤ کاری تێدا کردووە. بە نســبەت خۆمەوە کاتێ کە باسی کەمووکوڕی و بەهەڵەدا چوون و راست نەکردنەوەی هەڵــە زەقەکانی پارتەکەی خۆم دەکەم، کە هەر لە ســاڵی ١٩٦٣ەوە تێیــدا ئەندام بوومەو لــە دوو قۆناغی جیاوازدا وەکو پێشــمەرگە لەگەڵیدا بەشداریم لە شۆڕشی ئەیلوول کردووەو سێ جاریش ماڵ و حاڵم لە سەری رۆیشتووەو تــاڵان کراوم، تەنانــەت خاوەنی دەفتەری نفووسەکەشــم نەبــووم، خــۆم (لەقۆناغی ١٩٦٣-١٩٦٤) و منداڵەکانیشــم (رێــکان و لانە) ئەوانیش لە قۆناغێکدا (١٩٩٥)ســاڵێکی پڕ تەمەنی خوێندنیان لەکیس چووەو ســەرەڕای یەخەگرتنی نەخۆشی بە نسبەت (پەروین)ی هاوسەرم لە بارودۆخێکی دژواردا، ئەمانــە هەمــووی لەگــەڵ دەربەدەربوونی ماڵی باوکــم و تــاڵان کردنی ماڵــی (عەونی) لە کۆیــە لەلایەن (پێشمەرگەی کوردســتان)ی سەر بەلایەنێکی سیاسی، کە بەندە هەر لە ســەرەتای دروستبوونیان بە کوردپەروەرو نیشــتمانپەروەرو دۆســتی لــە قەڵــەم داون و دایان دەنێ بەڵام چاوی ململانێی سیاســی کوێر بێت، زۆر جار ســپی رەش دەکات و بەپێچەوانەوەش رەش ســپی دەکات، زۆر جاریش بۆتە مۆرک و مارکە موسەجلەی ململانێی سیاسی لەوڵاتێک کە تاکو ئەم ســاتە شــتێکی دەســت نەکەوتووە لە رووی یاســایی بناغە ئاســنیندا، بەڵام بە داخەوە (بسم اللــە لە ســفرەی بەتــاڵ دەکات). کە دەڵێم هەمــوو ئەوانە نابێتــە هــۆکاری (تەکفیر) کردنی ئەو لایەنــەی کە هەر لە

**چــاوی ململانێی سیاســی کوێــر بێــت، زۆر جــار ســپی رەش دەکات و بەپێچەوانەوەش رەش سپی دەکات، زۆر جاریش بۆتە مۆرک و مارکە موســەجلەی ململانێی سیاسی لەوڵاتێک کە تاکو ئەم ساتە شتێکی دەست نەکەوتووە لە رووی یاسایی بناغە ئاسنیندا، بەڵام بە داخەوە (بسم الله لە سفرەی بەتاڵ دەکات)**

هەرەتی (لاویم)ەوە (لە ساڵی ١٩٦٣)ەوە هەموو ژیانم بۆی تەرخـان کردووە کـە تێیدا بە دەیان و سـەدان رووداوو چیـرۆک بەخۆیەوە دەگرێ و لە رۆژە هەرە سـەختەکانی پاش نسکۆشـدا خۆم بـە نزیکترین دۆسـت و هەوادار و لایەنگیری ئەم لایەنە داناوە بە شـاهیدی دەیان و سـەدان خەڵکـی ئـەم کوردسـتانە، تەنانەت بۆ ئـەوەی رۆژێک لە رۆژان بـە وەرگرتنی (تاکە وەرەقەیەکی ئەفواجی خەفیفە) خۆم و ئەو لایەنەی کە شانازیم بە رۆڵی مێژوویی خۆی و سـەرکردە مەزنەکەی کردووە عەیبدار نەکرێن، بە هەموو قەناعەتـەوە (رەفزی) ئـەم وەرەقەم کـردووە کە تەنیا و تەنیا خۆمی پێ بپارێزم وەکو سـەدان و هەزاران خەڵکی ئەم کوردسـتانە، کە زۆربـەی هەرە زۆریـان، بەنابەدڵی و بەبـێ قەناعـەت بێ ئەوەی زەرەریان بۆ کوردسـتان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان هەبێت، ناچاری خۆ تۆمارکردن دەبوون لە ئەفواجی خەفیفە، کە زۆربەیان تەنیـا هەر بەناوبوو بۆ خۆپاراسـتن لە شـەڕێکی (مرۆف خۆر) کە بەدەیان هەزار لاوی وڵاتی عێراقی نۆش کردوو بوونـە قۆچـی قوربانی ئـارەزووی سـەدامی دیکتاتۆری ژمـارە یەکـی ئەم سـەرزەمینە لە مێـژووی هاوچەرخدا، بـەڵام دیسـان سـەرەڕای ئـەوەش (بەندە) ئەوەشـی پێ قەبـووڵ نەکرا کە بووە هۆکاری خۆشـاردنەوەم (اختفاء) بـۆ ماوەی (دوو سـاڵ و چـواردە رۆژ) لـە ماڵی خزم و کەسـوکار و دۆسـتی نزیک و دڵسـۆز لە رانیەو سلێمانی و هەولێرو بەغدا، پاشـان فەسڵ کردنم لە فەرمانبەرییەتی میری لە ساڵی ١٩٨٦ وە تاکو پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەوسـا گەڕامەوە وەزیفـە، ئەمانە هەمـووی لە روانگەی ئەوەوەبـوو کە خۆم و ئەو لایەنەی شـانازیم پێوە دەکرد لـە (لەکەدارکردن)ی بپارێـزم، بەڵام ئایا ئەو لایەنە وەکو من حیسابم بۆ دەکرد و لە روانگەی بەرژەوەندی ئەوەوە مامەڵـەم لەگـەڵ رووداوەکان دەکـرد، بێ ئـەوەی، وەکو (هەندێک)، حیسـاب بۆ بەرژەوەندی خۆم بەقەد تۆزقاڵێک بکـەم، کـە ئەویش بووە هـۆکاری ئەو هەمـوو زەرەر و زیانەی کە لە خۆم و خێزانم و بنەماڵەی (عەونی)کەوت.

وەڵامـی ئـەم پرسـیارەی سـەرەوە دەربـارەی ئایـا ئـەو لایەنەی کە خـۆم بۆ تەرخان کردبـوو مامەڵەکردنی لەگـەڵ مـن وەکو مامەڵەکەی من بوو بـۆ ئەو؟! لەوەڵامدا دەڵێـم نەخێـر و سـەدان جـار نەخێر، بەڵام دیسـان لای من مەسـەلەکە (مەحلولە) یانی ئاشکرایە و پرسـیارم لا دروست ناکات، چونکە سیاسەت و حیزبایەتی لە بنەڕەتدا (بـێ وەفا)یـەو بەفراوانیش پەیـڕەو دەکـرێ، بەتایبەتی بەرامبـەر ئـەو ئەندامانـەی کە لـە رادەبەدەر دڵسـۆز و فیداکاری رێبازی ئەون، بەڵام چونکە خاوەن رای خۆیانن

**"چونکـە سیـ......اسـەت و حیزبایەتـی لە بنەڕەتدا (بێ وەفا)یەو بەفراوانیش پەیڕەودەکرێ، بەتایبەتی بەرامبەر ئەو ئەندامانەی کە لە رادەبەدەر دڵسـۆز و فیداکاری رێبـازی ئەون، بـەڵام چونکە خـاوەن رای خۆیانن و نابنە (پیاوی) کەس و سـپی و رەش لایان تێکەڵ نابێت"**

و نابنه (پیاوی) کەس و سـپی و رەش لایان تێکەڵ نابێت، لە روانگەی بیروباوەڕی مەبدەئی خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ رووداوە حیزبـی و نیشـتمانییەکان دەکەن کە ئەمیشـیان لەگەڵ رێبازی تەسـکی حیزبایەتی کە سیمای جۆری ئیش کردنی لەسەر شێوازی (ستالین)یەتە بۆیە زۆر جار مرۆڤی تێکۆشەر و بە ئەمەک و دڵسۆز و مەبدەئی و بڕوا بەتینی پەیڕەووپرۆگرام لە بـەر هەندێ هۆکاری لابەلا بە ناحەق پەراوێز دەکرێ و لە تۆمارگای گشتی (حیزب) بە خەتێکی (سـوور) دەگوازرێتەوە بۆ (تۆمـارگای پەراوێز) کراوان، لە هەمان کاتیشـدا لەجیاتی ئەوان خەڵکانێک (بە قودرەتی قادر) دێنە پێشـەوە، کە نەک تەنیا سـاتێک (ئارەقە)یان بۆ ئـەم حیزبە نەکـردووە بەڵکو بە شـانازییەوەو رۆژێک لە رۆژان (علی مرای ومسمع الناس) گوتویانە:- (دەبمە......... بـەڵام نابمە پارتـی). ئەوجا ئەو و دەیانـی لەو جۆرە، کە تەنانەت لە سـێبەری ئـەم لایەنەش دووربوون، پۆسـتی وەزارەت و ئەندام مەکتەب و مودیر عام و کارگێڕیی لقیان پێ دەسپێردرێ و لەلایەن خودی ئەندامانی سەرکردایەتی (پلەوپایەی) بەرزتریشیان بۆ دەست نیشان دەکرێ، ئەوجا بزانن (قوڕ بەسەر ئەم حیزبە) چ چارەنووسێک چاوەڕوانی ئایندەی دەکات! بەڵام دیسـان وەکو کورد دەڵێ: (ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە!) حیساب بۆ دوا رۆژ و ئاینده ناکرێ گرنگ ئەوەیە کارەکە ئەمڕۆکە دەڕوا.. بۆ دوارۆژیش (خوا کەریمە) بەڵام دیسان بە تەواوەتیش لە (خوا کەریمە)کەش نەگەیشـتوون، چونکە یەزدانی گەورە لە ئایەتێکی پیرۆزدا دەفەرمێ: (وان لیس للانسان إلا ما سعى وان سعيه سوف يرى).

مەبەسـتم لە نووسـینی ئەم ئەڵقەیە وەکو پەراوێز، کە دوایین ئەڵقەی بابەتەکەمە، دەمەوێ هەندێ سـەرە قەڵەم دەربـارەی هێندێ لـەو بابەتانە پەنجەیان بـۆ درێژ بکەم، کە پێموایە پێشـووتر مافی تـەواوی نەدراوەتێ یاخود لە بنەڕەتـدا بە سـەرما تێپەڕیوە، وا لێـرەدا دەیهێنمەوە یاد، مەبەسـتی سەرەکیشـم دەوڵەمەنـد کردنـی بابەتەکەیـە، کاتێکیش چەند دێڕێکیان دەربارە دەنووسـم، مەبەسـتم نـە خۆهەڵکێشـانەو نە بریندار کردنـی ئەم و ئەو و کەس و لایەنێکـە، بەڵکـو مەبەسـتم رووەدەرخسـتنی هەنـدێ لایەنـی شـاراوەیە لـە سـەروبەند و سـەرقاڵیم بەکاری رۆژنامەنووسـی و سـەندیکایی، کە ئەویشیان بەشێکە لە هەمان ئەزموونی رۆژنامەگەریم.

لە سـەروبەری سـەرقاڵیم بە کاری رۆژنامەنووسـی، پاشـانیش بـەکاری سـەندیکایی، هەمیشـە (قەوانێک) بە سـوواوی لێ دەدرایـەوە گوایـە (پارتایەتییەکەی)من کاڵ بۆتـەوەو موجامەلـەی بـێ بنەمای ئەولاو ئەمـلا دەکەم،

"

**مـــەبەسـتی سەرەکیشم دەوڵـــەمەنـد کردنـی بابەتەکەیـە، کاتێکیـش چـــەند دێڕێکیان دەربارە دەنووســــم، مەبەستم نـە خۆهەڵکێشـانەو نـە بریندار کردنی ئەم و ئەو و کەس و لایەنێکە، بەڵکو مەبەسـتم رووەدەرخسـتنی هەندێ لایەنی شاراوەیە**

"

تەنانــەت کار گەیشــتە ئاســتێک کە ڕۆژێک لــە بۆنەیەکی نیشــتمانیدا باس لە کەسایەتییەکی گەورەی ساسیی کورد دەکرا کە خەریکە پۆستێکی گرنگی ئەم عێراقە وەردەگرێ، بــەو بۆنەیەوە دیمانەیەکــی ڕۆژنامەنووســیم لەگەڵ کرا، دەربــارەی ئــەو ڕووداوە گەورەیە، کە تێیدا لە ڕوانگەی مرۆڤێکی کورد و کوردســتان پەروەر وەڵامی پرســیاری ئەم کەناڵە ڕۆژنامەنووسییەم دایەوە، کە هەر لەو ساتەوە قیامەت هەڵسا کە چۆن دەبێت (بەندە) بەم شێوە پۆزەتیڤانە باس لەو کەســایەتییە بکەم و بەم شــێوەیە بەشان و باڵی هەڵبــدەم، پاشــانیش لە یــەک دوو شــوێنەوە تەلەفۆنم بۆ کــرا بە پرســیارێکەوە کە ئایا ئەم (قســانە و پیاهەڵدانەم) ڕاســتە و قســەی منە، منیش لە وەڵامدا بەبــێ کەمو زیاد دەمگــوت: "بەڵێ تەنانەت فاریزەکانیش هی منن نەک تەنها ئــەو قســانەی کــە لەســەر زاری منــەوە بڵاوکراوەتەوە" لێــرەدا من دەزانم هەندێ پارتی نارەســەن کە لە بنەڕەتدا مەبەســتیان لە دەرکەنارکردنی من و خەڵکی هاوشــێوەی منن بە مەبەســتی بنکوڵ کردنی ئەم حیزبەیە کە تەنها بە شــەونخونی و ماندووبوونیی ســەدان هەزار تێکۆشەری ڕێبــازی کوردایەتییــە لە پێشەوەشــیان خوێنــی هەزاران شەهیدی ئەم کوردستانە گەیشتۆتە ئەمڕۆژە کە ئەو جۆرە خەڵکانەی نارەســن و بێ مێژوو بێ بیروورای ڕەســەنی پیــرۆزن، دەیانــەوێ کوردایەتی ئەم ڕێبازە لە بەرچاوی تێکۆشەرانی ڕۆژانی سەخت بخەن، بۆ ئەوەی تەنها خۆیان جڵەوی کارەکانیان بکەوێتە دەست. (بەندە) کاتێ کە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردســتانم هەڵبــژاردووە، پێش چل و چوار ساڵ، مەبەستی سەرەکی لەپێناو کورد و کوردستان بووە، چونکە ئاشــکرایە کە (حیزب) ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک کە لای هەمووان، ئاشکرایشە کە ئامانجی پارتی چی بووە، پارتیش هەمیشــە دووربــووە لە بەرچاوگرتنی ئامانجــی تەســکی حیزبایەتــی، بەتایبەتــی لە ســەردەمی ســەرکردەی نەتەوایەتیمان (بارزانیی نەمــر) کە ئەو زاتە هەمیشــە وەکو ســەرکردەیەکی نەتەوەیی هەڵســوکەوتی دەکرد، نەک وەکو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەمیشیان بەداخەوە و هەزاران جار بەداخەوە هۆکاری ئــەو تۆمەتانــە بوون کە دەدرانە پــاڵ بارزانی نەمر گوایە (بارزانــی دوورە لــە گیانــی حیزبایەتــی و حیزبی ئیهمال کــردووەو حیزبایەتی ناکات). ئێســتا وا بەدەردەکەوێ کە بارزانــی نەمر چەندە ڕاســت بووەو چۆن بــە ئەقڵیەتێکی ستراتیژی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردســتانی دەکرد و چون مامەڵــەی لەگەڵ ڕووداوەکان دەکرد.

کوردایەتی لای من دوورکەوتنەوەیە لە (تەعەسوبی) و

"(بــــارزانیــی نەمر) کە ئــەو زاتە هەمیشــە وەکو ســەرکردەیەکی نەتەوەیی هــــەڵســوکەوتی دەکرد، نەک وەکو سەرۆکی پارتی دیموکراتــی کــوردســتان، کــە ئەمیشــیان بەداخەوە و هەزاران جــار بەداخەوە هۆکاری ئەو تۆمەتانە بوون کــە دەدرانە پــاڵ بارزانی نەمر گوایە (بارزانی دوورە لــە گیانــی حیزبایەتی و حیزبــی ئیهمال کــردووەو حیزبایەتی ناکات)"

لایەنگیری تەسکی حیزبایەتی و هیچ کاتێک من ئەم رێبازەم (یانی رێبازی تەسکی حیزبایەتی)یم پیادە نەکردووە، هەمیشە بە قەدەر ئیمکان و بەپێی لێپرسراویەتی ئامرازی نزیکبوونەوەی ریزەکانی گەلی کوردستان بووم، چ لەو کاتەی کە سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووم (١٩٩٧٠-١٩٧٢) کە لەو کاتەدا هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لەژێر هەمان ناودا بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر یەکیان گرتەوە، ئاشکراشە لای تێکۆشەرانی قوتابیانی کوردستان کە (بەندە) بەهاوکاری برایانی ئەو بەر، یانی قوتابیانی باڵەکەی دیکە، لە پێشەوەشیان برای ئازیز و خۆشەویستم شەهید (فازڵی مەلا مەحمود) کە لەگەڵ شەهید (عبدالرحمن قاسملو) رێبەری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ڤیەننا تیرۆرکران. بە هەردووکمان توانیمان رێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە یەک رێکخستنی تۆکمەدا، هەر لەزاخۆوە تاکو خانەقین و مەندەلی و زڕباتیە، رێک بخەینەوە کە بە جووتە ئەو ئەرکەمان پێسپێردرابوو، ئەزموونی دووەمی ئەم بوارەم جارێکی دیکە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو کە بە هیممەتی هەردوولا، بە دڵسۆزی برایانی هەردوو ئەنجوومەنی (یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) توانرا هەردوو رێکخراوەکە پێش هەموو یەکێتی و سەندیکاو رێکخراوەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی کوردستان، تەنانەت پێش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی (سلێمانی و هەولێر)، لە یەک سەندیکای سەرتاسەری کوردستانی کۆبکەینەوە، بە جیاوازی بیروراو ئایین و نەتەوە کە لێرەدا ئەو ئەرکە لە من دەخوازی کە بە کردەوەو بە بۆچوون و بە هەڵسووکەوت (نەقیبی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کودستان)بم و هیچ جیاوازییەک لە نێواندا قەبووڵ نەکەم و کە ئەمیشیان ئەرکی مرۆڤی تێکۆشەر و دڵسۆز و کورد پەروەرە بەتایبەتیش ئەوانەی کە ئەرکێکی لەوجۆرەیان هەیە، چونکە ئایندە و دواڕۆژی کورد جارێ لەمپەر و ئاستەنگی زۆری دیکەی لەپێشە ئەگەر بە یەکڕیزی و بە یەکگرتنی تەواوی ریزەکانی گەلی کوردستان نەبێت ناتواندرێ ئەم ئەرکە و ئەم پرۆژە نەتەوەییە بگاتە ئەو ئاکامەی کە ماوەی دەیان و سەدان ساڵە رۆڵەکانی کوردستان خەونی پێوە دەبینن.

لێرەدا دێمەوە سەر ئەو بابەتەی کە ناوی پەراوێزم بۆ دەست نیشان کردووە، تێیدا بەم شێوازە، بەم بۆچوونە، بەم بیروباوەڕە هەڵسووکەوتم لەگەڵدا کردووە کە لەسەرەوە باسم کردووە، بەڵام کاتێ گۆڤارێک یاخود تاقمێکی رۆشنبیر، ئەوجا بە چ مەبەست و بە چ نیازێک خەریکی

**"ئایندە و دواڕۆژی کورد جارێ لەمپەر و ئاستەنگی زۆری دیکەی لەپێشە ئەگەر بە یەکڕیزی و بە یەکگرتنی تەواوی ریزەکانی گەلی کوردستان نەبێت ناتواندرێ ئەم ئەرکە و ئەم پرۆژە نەتەوەییە بگاتە ئەو ئاکامەی کە ماوەی دەیان و سەدان ساڵە رۆڵەکانی کوردستان خەونی پێوە دەبینن"**

ئامادەکردنی کردنی (فایلێکن) بەناوی (قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ) و بــە بەربڵاوی لێرەولەوێ بڵاو دەکرێتەوە کە لە دووتوێی ئەم دۆسـیەیە ناوی (فەرهـاد عەونی)یش وەکو قەڵەمێکی شەڕی ناوخۆ بڵاوکراوەتەوە، بەڕاستی ئەویش جێگای سەرسـوڕمانە کە قەڵەمی بەندە و هەندێ قەڵەمی هاوشێوەی بەندە بە قەڵەمی شەڕ ناوزەد بکەن، (سامحهم اللـە) بەهەر حاڵ (بەنـدە) سەرنووسـەری رۆژنامەیەکی بەربـڵاوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـووم و بـە شـانازییەوە شـانازی بەم حەوت سـاڵەی ئەو ئەزموونە دەکـەم و ئـەوەی تێیدا نووسـراوە لـە رووی ئەخلاقی و یاسـاییەوە (بەندە) لێی بەرپرسیارە، ئەوجا چاک بێت یان خـراپ، بەڵام دەبێ بزانـدرێ رۆژنامەی برایەتی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بووە، کە جەمسەرێکی دوو لایەنـەی شـەڕێکی دژوار و نەگریسـی خۆکـوژی بووە، لەگـەڵ یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان، کە تێیـدا دەیان و سـەدانی وەکـو (بەندە) سـەربازی ئەم لەشکرکێشـییەی شەڕی ناوەخۆ بوون، بەبێ ئیرادە و بێ قەناعەتی شەخسی بەم شـەڕە نەگریسە، لەمێژووشدا نەمان دیتووە و نەمان خوێندۆتەوەو نەمان بیسـتووە سـەربازانی لەشکرێک بە تۆمەتی شـەڕەنگێزی و هەڵایسانی شەڕ تۆمەتبار بکرێن، (قوربان ئامادەکاری دۆسیەی قەڵەمەکانی شەڕی ناوەخۆ) دەبوایـە پێش ئـەوەی باس لـە قەڵەمەکانی شـەڕ بکەیت پێویسـت بوو هۆکاری لایەنە مێژووییەکەی هەڵگیرسانی ئەم شـەڕە نەگریسـە بکەیـت و پاڵەوانە راسـتەقینەکانی هەڵگیرسـان و هۆکاری ئەم شـەڕە بکەیـت پێش ئەوەی بێیتە سەر بابەتی قەڵەمەکانی شەڕ، کە ئێمەش تیایدا وەکو سـەربازانی ئەو لەشـکرەین کە بە (اوامـر) و لە روانگەی پابەنـد بوون بەلایەنێکی سیاسـی تووشـی ئـەم تۆمەتە هاتووین، بەندە دیسان بە ئامادەکاری ئەم دۆسیەیە دەڵێم (قوربان دەبوایە باس لە هۆکار و پاڵەوانە سـەرەکییەکانی ئەم (تراژیدیا کوردییـە) بکەیت پێش ئەوەی بێیتە ناو ئەم بابەتـە)، لێـرەدا کەس وا تێ نەگات من بمـەوێ پاکانە بۆ خۆم بکەم و خۆم لە مەسـەلەکە ببەمـە دەر، نەخێر ئەوە مەبەست نییە، بەڵکو مەبەست لێرەدا رەت کردنەوەو رەت دانەوەی ئەو چەواشـە کارییەیە کە هەندێ بە مەبەسـتی تایبەتـی یاخـود بەبـێ مەبەسـت خەریکـی وروژاندنی مەسەلەیەکن کە (شەیتان دەستی لێ هەڵگرتووە) کە دیسان باشـتر وایە رۆشنبیرانی کوردستان پێویستە پێش هەموو شـتێک ببنە هەوێنی یەک ریزی و پێشەنگی یەکگرتنەوەو نووسـین و بڵاوکردنـەوەی ئەو بابەتانەی کـە (برینەکان سـارێژ دەکەن نەک (کولاندنەوەی برینەکان) بە مەبەستی خوێن لێهاتنی).

**رۆشنبیرانی کوردستان پێویستە پێش هەموو شتێک ببنە هەوێنی یەک ریزی و پێشەنگی یەکگرتنەوەو نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە (برینەکان سارێژ دەکەن نەک (کولاندنەوەی برینەکان) بە مەبەستی خوێن لێهاتنی)**

له پەراوێـزی بابەتی ئەزموونی رۆژنامەگەریم هەندێ رووداو بابەت هەیە کە لە ئەڵقەکانی پێشوو مافی تەواوی نەداوەتێ، بە پێویستم زانی بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە چەند دێرێکیان لەســەر بنووســم کە بریتین لەم خاڵانە:

یەکەم:

لەنێوانــی کاری رۆژنامەگەریــم، کە قۆناغــی یەکەمی لە ســاڵانی حەفتاکانەوە دەســت پێ دەکات، تاکو رۆژانی نسکۆی شۆڕش ئەیلوول (١٩٧٥/٣/٦)، قۆناغی دووەمیش کــە لــە ١٩٩٣/١٠/٢٦وە دەســت پێ دەکات تاکــو رۆژانی ئەمڕۆ (٢٠٠٧/٣/٢١)، چەندین جار گەشــتی رۆژنامەوانیم بــۆ دەرەوەی وڵات کــردووە، ئەوجا لەســەر بانگهێشــت کردنی دەزگایەکی رۆژنامەنووسی بووبێت یاخود لەلایەن دەزگایەکانــی خۆمانــەوە نێردراوم) کە بریتین لەگەشــت بــۆ وڵاتانی (رۆمانیا لە رۆژانــی ١٧-١٩٧٣/٦/٣٠، ئەڵمانیا لــە رۆژانی فیســتیڤاڵی دەیەمــی لاوان و قوتابیانی جیهان لە مانگی گەلاوێژی ســاڵی ١٩٧٣، بــۆ قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میســر لە ١٩٧٣/٩/٥، بۆ تاران هاوینی ساڵی ١٩٧٤، بــۆ دیمەشــق پایتەختی ســوریا لە بەهاری ســاڵی ١٩٩٥، بۆتاران لە شــوباتی ساڵی ١٩٩٩، بۆ کرماشان لە زستانی ساڵی ٢٠٠٠، ئەم گەشتانەش کە ئەنجام دراوە تەنها وەکو رۆژنامەنووسێک حیسابی بۆ کراوە کە لەسەر زۆربەشیان بابەتــم، چ بە کوردی چە بە زوبانی عەرەبی، نووســیوەو هەندێکیــان لە گۆڤــاری گولان العربی لەژێر ناوونیشــانی (مــن الذاکــرة)، هەندێکیشــیان لە برایەتی و لــە رۆژنامەو گۆڤارەکانــی دیکــە کە تا لە ســاڵی ٢٠٠٠ کۆتایی هاتووە، بــەڵام پــاش مانگی شــوباتی ٢٠٠٠ گەشــتەکانم بۆ کاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بووە کە زۆر جار بەناوی شەخســی وەکو نەقیبی رۆژنامەنووســان هەندێ جار لێپرســیراویەتیەکەم وای کردووە کــە لەگەڵ برایانی دیکە لە ئەنجوومەنی ســەندیکاو نوێنەری لقەکانی کە ئەم گەشــتانەی دوایــی پەیوەندی بە گەشــتە رۆژنامەییەکانی دیکەم نییە، بەڵام دیسان بەدرێژی لە رۆژنامەی (الصحفی) کە ســەندیکا دەری دەکات هەمووی (بابەت و ریپۆرتاژی لەسەر نووسراوە).

لــە گەشــتەکانی رۆژنامەنووســیی قۆناغــی یەکەمــدا (١٩٧٠-١٩٧٥) و (١٩٩٣-٢٠٠٠) چەندین رۆژنامەنووســی ناودار و کەســایەتی سیاسی یەکەم و یاخود دووەمی ئەم وڵاتانەم دیوە لەگەڵ ئەو شــاندانەی کــە لەگەڵیان، یاخود کەلەگەڵمان بــوون هەروەک (سەرنووســەری رۆژنامەی

**"ئــەم گەشــتانەش کــە ئەنجــام دراوە تەنها وەکو رۆژنامەنووسێک حیسابی بــۆ کــراوە کــە لەســەر زۆربەشــیان بابەتــم، چ بە کــوردی چە بە زوبانی عەرەبی، نووسیوە"**



سەرۆکی رۆمانیا نیکۆلای شاوشیسکۆ لەنێوان سکرتێری پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان و نووسەری ئەم بابەتە- بەغدا

(اطلاعات)ی سەردەمی شای ئێران و سەرنووسەر و جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی (سکانتایا)ی زمانحاڵی حیزبی شیوعی رۆمانی، سکرتێری یەکەمی حیزبی شیوعی رۆمانی و سەرۆکی وڵاتی رۆمانیا (نیقولای شاوشیسکۆ) سەرۆکی مەسڵەحەتی تشخیص نظام) اغای هاشمی رەفسنجانی، یاریدەدەری سەرۆکی سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی بەعسی سوریا عبدالله الاحمر، سەرۆکی وەزیرانی پێشووی سوریا عبدالحلیم خدام، سەدام حسێن کە ئەوکاتە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆک کۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر بوو. دوای چەند رۆژێک لە ئاشکرابوونی پیلانەکەی (نازم گزار) لە باڵەخانەی (المجلس الوطني)لەکاتی کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەی کە بە مەبەستی تیشک خستنەسەر پیلانەکە گرێدرابوو، ئەحمەد حەسەن بەکری سەرکۆمار بۆ دوو جار کە جارێکیان پەیوەندی بە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسییەوە هەبوو (بەندەش) وەکو نوێنەری التآخی ئامادەبووم، جاری دووەمیش وەکو نوێنەری پارتی لە (جمعیه الاقتصادین العراقین المرکز العام) بوو، دیتنی سعدالدین وهبە گەورە رۆژنامەنووسی الاهرام لە باڵەخانەی الاهرام لە قاهیرە ساڵی ١٩٧٣ و صلاح الحافظ رۆژنامەنووسی بەناوبانگی میسری لە قاهیرە، اسامە السرایا سەرنووسەری رۆژنامەی الاهرام، جوناپان راندل و دەیان رۆژنامەنووس و سیاسەتمەداری دیکە.

* زۆر جار لەو گەشتانەی کە ئەنجام دەدرا بۆ دەرەوە هەمیشە بیرم لە مەسەلەیەک دەکردەوە کە تاکو رۆژانی ئەمڕۆش پیادەی دەکەم، ئەویش بردنی دیاری کوردەواری و کوردستانییە بۆ ئەو کەسایەتییانەی کە

سەردانیان دەکەین، یاخود بە رەسمی پێشوازیمان دەکەین، یەکێ لەو گەشتانەی کە دیاریم لەگەڵ خۆم بردبوو بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران پێشوازی کردنی پارێزگاری کوردستان بوو کە پایتەختەکەی شاری (سنە)ی جوان و رەنگینە، ئەوکاتەش شاندی کوردستان کە لە زستانی ساڵی ١٩٩٩ بۆ کرماشان ئەنجام درا بریتی بوون لە دوو شاندی جیاوازی هەردوو ئیدارەی کوردستان، بەڵام بە هەوڵی دڵسۆزانەی هەموو لایەک بە هەر هەمووومان بە شێوەیەک هەڵسوکەوتمان دەکرد هەندێکیان لێیان تێکچووبوو کامەمان پارتین و کاممان یەکێتین، کاتێ پارێزگاری سنە پێشوازی لێکردین د.عزالدین مستەفا رسول وەکو سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد و (بەندەش) وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان هەریەکە وتارێکمان ئاراستەی دانیشتوان کرد، پاشان من کە لە وتارەکەم بوومەوە یەکسەر (پارچە فەرشێکی نایاب کە بە وێنەی باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان چندرابوو) پێشکەش بە پارێزگاری (سنە) کرد و گوتم (ئەمە بە نرخترین دیاری ئێمەیە بۆ بەرێزتان کە پارێزگارێکی کوردن لە پارێزگای کوردستان پێشکەشتان دەکەین بەناوی شاندی کوردستانەوە، دیارییەکەشمان بریتییە لە وێنەی باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان سونبلی ئێستای کوردستان کە لە ئاکامی هەڵبژاردنێکی ئازاد و کەم وێنەدا لە مێژووی گەلی کوردستان ئەنجام دراوە بە دیاری بۆ ئێوەمان هێناوە، هیوادارین ئێوەش دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکەن کە ئەمیشیان ئەرکێکە دەبێت ئێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر (المستظعفین) پیادەی بکەن.

دەربارەی گەشتەکان، وەکو لە پێشەوە باسمان لێوەکرد، لە سەریم نووسیوەو یاخود وەکو پەیامنێر، لەو وڵاتەی کە بۆی چووم، هەواڵ و راپۆرتم ناردووە، بەڵام هەندێ لایەنی تایبەتی هەیە کە لە نێوان ژوورە داخراوەکان باسی لێوەکراوە، لای من تەنیا لە دەفتەری بیرەوەرییەکان تۆمارکراون، چونکە تاکو ئێستاکەش هەندێ شتی تایبەتی هەیە کە پەیوەندی بە دوو لایەن و دوا رۆژی ئەم پەیوەندییەو نهێنییەکانی دانشتنی دوو لایەنەکە هەبووە رێگام بە خۆم نەداوە بە هیچ شێوەیەک باسی لێوە بکەم، بەڵام بەداخەوە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا دەبینین هەندێ رۆژنامەنووس و هەندێ رۆژنامە نەک هەر باسی هەندێ لە نهێنی ئەم وڵاتە دەکەن، بەڵکو هەندێ جار دەچنە ناو بابەتێک کە هیچ بنەمایەکی نییەو

> **لە رۆژگاری ئەمڕۆدا دەبینین هەندێ رۆژنامەنووس و هەندێ رۆژنامە نەک هەر باسی هەندێ لە نهێنی ئەم وڵاتە دەکەن، بەڵکو هەندێ جار دەچنە ناو بابەتێک کە هیچ بنەمایەکی نییە**

دەبێتە مایەی وروژاندنی مەسەلەیەک کە کەسایەتییەکی ئـەم وڵاتە یاخود لایەنێکی سیاسـی بریندار دەکات، من تاکو ئەم ساتەش ئەوە بەباترو و چاکترین بەرژەوەندی دەزانم کە رۆژنامەنووسانی کوردستان مەرج نییە هەموو شتێک بنووسن و (لە بنی کودو بدەن)، چونکە لاسایی کردنـەوەی کاری رۆژنامەنووسی وڵاتانی ئەوروپا و خاوەن کیانی سیاسی یاسایی جیاوازییەکی یەکجار زۆری لەگەڵ وڵاتێکی زوڵملێکراوی دابەشکراو هەیە کە لە هەموو لایەکەوە رەحمی پێناکرێ و دەزگا موخابەراتیەکانیان هەمیشە لە پیلان رێکخستن دان، ئەویش بە مەبەستی زیندە بەچاڵکردنی ئەو ئەزموونەی کە بێگومان بێ کەموکورِی نییە، بەڵام نابێت باس لە کەموکورِی (ئەگەر بەڵگە) هەبێت بێتە ئاستی (شەلم کوێرم ناپارێزم)، وڵاتانی ئەوروپا خاوەن کیانی سیاسی خۆیانن کە دەیان ساڵەو هەندێکیان سەدان ساڵە حکومەتن و هیچ ترسێکیان لەسەر نییە و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانی خاوەن سوپاو پۆلیس و سنووری یاسایی و دەستنیشانکراویان هەیە، مەترسی لەبارچوون و لەناوچوون رووخانیان نییە، ئەوجا ئەگەر رۆژنامەنووسێکی فەرەنسی یاخود ئەڵمانی یاخود سویدی هەر بابەتێک بنووسێ دیسان ناگاتە مەترسی دروست کردن لەسەر بارودۆخی سیاسی ئەم وڵاتە، ئەوجا چ جای کوردستانێکی خۆمان کە لە هەر چوار لاوە ئاشکرایە بە چ دەورە دراوە، سەرەرِای بارودۆخی سیاسی عێراق کە دیسان لە پاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆری سەدام ئاشکرایە کە هێزە سەرەکییەکانی عێراق ئەوانیش تا چ رادەیەک دۆستی گەلی کوردستانن، ئەوجا بۆیە من پێم وایە (کە من باوەرِم پێیەتی وەکو مرۆڤێکی ئەم وڵاتە بانگەشەی بۆ دەکەم) نەراستەو نە دروستە ئێمە خۆمان وەکو رۆژنامەنووسێکی بەلجیکی یاخود ئیتاڵی یاخود سویدی حیساب بکەین، دیسان نە راستەو نەدروست کوردستان لە رووی یاسایی و قەوارەی سیاسی و سنوورەوە وەکو وڵاتانی ئەوروپا حیساب بکەین، بۆیە دەبێت هەمیشە رۆژنامەنووس بەراورد لەنێوان ئەو جیاوازیانە بکات.

> نە راستەو نەدروست کوردستان لە رووی یاسایی و قەوارەی سیاسی و سنوورەوە وەکو وڵاتانی ئەوروپا حیساب بکەین، بۆیە دەبێت هەمیشە رۆژنامەنووس بەراورد لەنێوان ئەو جیاوازیانە بکات

<u>دووەم:</u>

لە یەکێ لە ئەڵقەکانی پێشوودا باس لە پێکهاتەی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن کرا هەر لە سەرەتاوە تاکو رۆژی بەجێهێشتنم بە لێپرسراوەکانیەوە کە تێدا هیچ مەبەستێکی شەخسی یاخود مەبەست نەبووە کە کەس لەو برادەرانە

بریندار بکەم، بابەتەکەم وەکو خۆی گێڕاوەتەوەو باسم لێوە کردووە، بەڵام ئەگەر نووسینەکەی من بۆ برادەرێک بۆتە هۆکاری توڕە بوون و هەڵچوون، من لێرەدا جارێکی دیکە بەو برادەرە دەڵێم کاکەی برا تۆش مافی خۆتە زانیارییەکانم بۆ ڕاست بکەیتەوە ئەگەر خواری تێدایە لە هەمان گۆڤار و لە هەمان شوێن بێ ئەوەی هیچ جۆرە سانسۆرێک ڕێگری بڵاونەکردنەوەی بێت.

لە سەروبەندی دەرچوونی بڕیاری گواستنەوەم لە برایەتیەوە بۆ هیئەتە سێ کەسیەکەی ڕاگەیاندن کە پێک هاتبوو لە ڕۆژنامەنووسان (فلک الدین کاکەیی، کاروان ئاکرەیی و بەندە) چ لە دوو کۆبوونەوەکەی دوایی لەگەڵ جەنابی سەرۆک بارزانی، چ لە دەرەوەی کۆبوونەوەکان چە فران فرانیک بۆ بەمەبەستی جێگرتنەوەکەی جێگای من لەلایەن هەندێکەوە لە ئەندامانی مەکتەبی ڕاگەیاندن و بەرپرسی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە بەداخەوە یەکجار دوور بوو لە گیانی هەڤاڵەتی و برادەرایەتی کە ماوەی چەند ساڵێک ئەم بوارە ڕاگەیاندنە کۆی کردبووینەوە، بەڵام بەندە پاش یەکلاکردنەوەی بڕیاری خۆم کە ئەویش دوور کەوتنەوەبوو لە مەکتەب و بواری لێپرسراویەتی هەیئەت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەڵام دیسان بیرم لە پاشەڕۆژی برایەتی دەکردەوە چ وەکو (یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی لە مێژوودا و چە وەکو پەیوەندی من هەر لە سەرەتاوە لەساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ برایەتی و ئاواتەخوازبووم بکەوێتە دەستێکی ئەمین و لە ڕێبازەکە دەرنەچێت و برایەتی پڕ بە مانای خۆی ڕۆژنامەی برایەتی بێت، لەو برادەرانەی کە بە قەناعەتەوە بیرم لێ دەکردەوە کە بە کەڵکی ئەو شوێنە بێت و نەهێڵێ بۆشایی تێ بکەوێ لەو کات و ساتەدا ڕۆژنامەنووس (زاهیر ڕۆژبەیانی) بوو بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەش ئێوارەی ٢٠٠٠/٢/٢٠ پاش تەواوبوونی دوا کۆبوونەوەم لە مەکتەبی ڕاگەیاندن بە حزوری جەنابی سەرۆک بارزانی لە سەری ڕەش یەکسەر ڕووم لە بارەگای مەکتەبی سیاسی کرد و چوومە لای کاک (جەوهەر نامق سالم) کە ئەوکاتە سکرتێری مەکتەبی سیاسی بوو (تکام لێکرد و لێیپاڕامەوە کە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی بخاتەگەڕ و لەگەڵ جەنابی سەرۆک بارزانی قسە بکات بۆ ئەوەی کاک زاهیر ڕۆژبەیانی دەستنیشان بکرێت بۆ پۆستی سەرنووسەری برایەتی، تاکو گفتیشم لێ وەرنەگرت ژوورەکەیم بەجێ نەهێشت، گەرچی کاک جەوهەریش هەمان بۆچوونی منی

> **تکام لێکرد و لێیپاڕامەوە کە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی بخاتەگەڕ و لەگەڵ جەنابی سەرۆک بارزانی قسە بکات بۆ ئەوەی کاک زاهیر ڕۆژبەیانی دەستنیشان بکرێت بۆ پۆستی سەرنووسەری برایەتی، تاکو گفتیشم لێ وەرنەگرت ژوورەکەیم بەجێ نەهێشت**

هەبـوو، حەزی دەکرد کاک زاهیـر رۆژبەیانی ئەم کارەی پێ رابسپێردرێ، ئەوەبوو پێشنیارەکە سەری گرت و پاش چەند رۆژێکیش کە کاک زاهیر ناوی وەکو سەرنووسـەر لە رۆژنامەکە بڵاوکرایەوە بەخۆم و بە (سـینیە پاقلاوەوە) چوومە بارەگای برایەتی بە مەبەستی پیرۆزبایی کردن لە کاک زاهیـر و کارمەندانی، بەڵام پاش یەک دوو مانگ لەم سەردانەی من، بەوپەڕی داخەوە کاک زاهیر رۆژبەیانی لە دانیشتنێکی لەگەڵ رۆژنامەنووسـان (شێرزاد عبدالرحمن و بەرهـەم عەلـی و هەنـدێ رۆژنامەنووسـی برایەتی لە ژوورەکەی خۆی دەست دەکات بە قسەو باس، دەربارەی (سـەلبیات و گەندەڵی زەمانی مـن دەکات) لەکاتێکدا کاک زاهیر باش دەیزانی کە جەنابی سەرۆک بارزانی (بەندە)ی دانابوو بەوەی لە دەستەی سەرۆکایەتی راگەیاندن ئەرکی کارگێـڕی و دارایی پێ سـپاردم وەکو خۆیان فەرمووبیان یانی جەنابی سەرۆک کە بە بەندەی گوت: (ئەگەر تۆ بتوانی کۆنترۆڵـی ئەم لایەنە بکەیت، چونکـە ئێمە مانگی ئەوەندە ملیۆن دینارە لە راگەیاندن سـەرف دەکەین). بە هەرحاڵ ئەم مەسەلەیەم بۆیە هێناوە یاد پێویستە هەموو لایەکمان ئەگەر کەموکوڕییەکمان هەست پێ کرد لە هەر لایەن و لە هەر کەسێک پێویستە راستەوخۆ پێ رابگەیەنین نەک پاش ملـەو کاتی ئەم شـوێنە بەجێ دەهێڵن (تەشـریح) بکرێت بـە تایبەتی بۆ پیاوێکی وەکـو کاک زاهیر کە هەموو جار کاتێ دەهاتە سەر قسە دەی گوت: (تۆ دووجار مامۆستای منی) کە یەکێکیان دەگەڕێتەوە سـاڵانی (١٩٧٠-١٩٧٢) کە سەرپەرشتی لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستانم دەکرد، کاتێکیش کە سەرنووسـەری برایەتی بووم و کاک زاهیریـش جێگـر بە هەرحاڵ دیسـان مـن کاک زاهیر بە برایەک و رۆژنامەنووسێکی زۆر باش دەزانم و لە ماوەی ئـەم چەند سـاڵەی کە پێکەوە کارمان کـردووە زۆری لێ رازی بـووم وەکو حەزرەتی (مەسـیح)یش دەفەرمێ (من منکم بلا خطیئة فلیرمني بحجارة).

سێیەم:

بە مەبەستی ئامادەبوون لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی رژێمـی عێراقی پێشـوو (مؤتمـر المعارضـة العراقیة) لە لەنـدەن و بەشـداری کردنـم وەکـو رۆژنامەنووسـێک لـەم کۆنگرەیـە کە ماوەی سـێ رۆژی خایاند پاشـان بۆ مەسەلەی عیلاج ماوەی مانگێک لە ماڵی شێرکۆی ئامۆزام مامـەوە کـە تێیدا بـە هاوکاری ئـەو سـەردانی دکتۆر و نەخۆشـخانەمان دەکرد رۆژێکیش بە رێکەوت سـەردانی (سـعد البزاز)مـان کرد لە بـارەگای رۆژنامـەی (الزمان)

> من کاک زاهیر بە برایەک و رۆژنامەنووسێکی زۆر باش دەزانـم و لـە مـاوەی ئەم چەند سـاڵەی کە پێکەوە کارمـان کـردووە زۆری لێ رازی بـووم وەکو حەزرەتی (مەسیح)یش دەفەرمێ (من منکم بلا خطیئة فلیرمني بحجارة)

کــە ئەوکاتە لە لەندەن دەردەچوو و ســعد پێشــوازییەکی گەرمی لێکردم، چونکە پێشــووتریش ئاشــنایەتیم لەگەڵیدا هەبوو. لە نێوانی دانیشتنەکەدا هاتە سەرباسێک کە بەلای منــەوە گرنگ بوو کە وەکو ســەعد خۆی باســی لێوەکرد دەوڵەمەند کردنــی ڕۆژنامەی الزمان بە (٦) یاخود بە (٨) لاپــەڕەی کوردی لە دوو تــۆی ڕۆژنامــەی الزمان وەکو پاشــکۆیەک لــە ناوەڕاســتی الزماندا ڕۆژانــە دەربچێت و گوتی ماوەیەکە بیر لەو مەسەلەیە دەکەمەوە پێشووتریش ویســتوومە پەیوەندیتان پێوە بکەم، بەڵام نەڕەخســاوە و بە گەرمی داوای لێکردم کە من ئەو ئەرکە بگرمە ئەســتۆ بــە مەرجێ وەکو سەرنووســەری ئەو پاشــکۆیە ناوم لە ســەرووی لاپەڕە یەکدا بنووسرێ، بەڵام (بەندە) لەوڵامدا پێــم گــوت (پرۆژەکــەت کارێکی باشــە پێویســتە زووتر بیرتان لــەم مەســەلەیە بکردایەوە، چونکە ئێســتا نەوەی پــاش ڕاپەڕینــی بەهاری ســاڵی ١٩٩١ گوێ بــە عەرەبی زانین نادات، ئەگەر لە قوتابخانەو زانکۆ ئیشــی پێ نەبێت و پێویســتە بیــر لە خوێندەواری کــورد بکەنەوە، بەڵام بە نسبەت من کە ئەرکی ئەم مەسەلەیە بخەمە ئەستۆ ئەوا لە پێشەوە سوپاســت دەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی من ماوەی (٧) ساڵ سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی کوردی کە یەکەمین ڕۆژنامــەی ڕۆژانــەی کوردییــە لــە مێژوو کــە ئۆرگانی پارتێکــی تەمەن (٥٧)ســاڵە بۆ ئــەو کاتــە (١٩٤٦-٢٠٠٣) خاوەن دەســەڵات لە کوردستان جائیز نییە من ئەو ئەرکە وەرگرم، ســەرەڕای ئەوە بەندە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردســتانم کە ئەرکی ئەو جۆرە پۆســتانە بۆ من ناشێ. ســەعد جارێکی دیکە لەسەروبەندی ئازادکردنی عێراق لە مانگی ئاداری ٢٠٠٣ ســەردانی کوردستانی کرد و لەگەڵ بــرای ڕۆژنامەنووس تارق ئیبراهیم شــەریف لە ماڵەوەو دیســان هەمان پرۆژەی دووپات کــردەوەو منیش هەمان وەڵامم هەبوو.

چوارەم:

زۆر جــار کاری ڕۆژنامەنووســی مــرۆڤ تووشــی (موجامەلــە) یاخــود جۆرێــک لــەم بابەتــە موجامەلەیــە دەکات بــە حوکمــی کارەکەی کە پێویســت دەکات جۆرە شــێوازێک بگرێتەبەر بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ئامانجە بپێکێ کــە مەبەســتیەتی، زۆر جاریــش هەندێ لــە موجامەلەیی تێیدەپەڕێنن و دەیکەنە ماستاو سارکردنەوە، کە ئەمەشیان کارێکە ڕۆژنامەنووس ناشرین دەکات و ڕاستگۆیی نامێنی، یاخــود هەنــدێ ڕۆژنامەنووس یاخود هەندێ بەرپرســی دەزگاکانــی ڕاگەیانــدن بــە میزاجــی شەخســی مامەڵــە لەگــەڵ بابەتەکان و ناوی نووســەرەکانیان دەکەن، دیارە

**زۆرجارکاری ڕۆژنامەنووسی مرۆڤ تووشــی (موجامەلە) یاخود جۆرێک لەم بابەتە موجامەلەیــە دەکات بــە حوکمی کارەکەی کە پێویست دەکات جــۆرە شــێوازێک بگرێتەبەر بۆ ئەوەی بتوانێ ئــەو ئامانجــە بپێکــێ کە مەبەستیەتی**

ئەمەشـیان دووره له کاری راستەقینەی رۆژنامەنووسی. بەنسـبەت من لەماوەی کاری رۆژنامەنووسـیم تاکو بلێی دبلۆماسـیانه پێشـوازی خەڵک و میوان و رۆژنامەنووس و سیاسـەتمەدارانم کـردووەو بەوپـەڕی حورمەتـەوە، چ لـه روانگـەی ئەخلاقی شەخسـی چ لـه حورمەتگرتنی شـوێنەکەوە، مامەڵـەم لەگەڵ دەورووبـەر کردووەو هیچ کاتێکیش سکرتێر و نووسینگەی تایبەتیم نەبووه هەمیشه دەرگای من واڵا بووه، بەڵام دیسـان هیچ کاتێکیش سـەرم بـۆ کەس نەوی نەکردووەو هەمیشـه لەناخـەوه خۆم به گەوره زانیوەو موجامەلەی درۆشـم بۆ کەس نەکردووە، برادەرانی مەکتەبی ناوەندی شـاهێدی موسـاجەلەتەکانی منن لەگەڵ لێپرسـراوانی مەکتەبی ئەوسـاو تەنانەت هیچ کاتێکیش لـه ئەندامانی سـەرکردایەتی پارتیشـم قەبووڵ نەکردووه تەجاوزی ئیشـوکارم بکەن یاخود شتێکم دوور له بەرژەوەندی گشتی و پارتی لەسەر فەرز بکەن، چونکه ئەمەیان خەسـڵەتێکه هەر له منداڵییەوه خوالێخۆشـبووی باوکـم فێری کردووم، زۆر جاریش دەیگووت مرۆڤی ئازا ئەوەیه (شـەڕ لەگـەڵ لەخۆ هەژارتـر و بچووکتر نەکات، بەڵکو ئازایەتی ئەوەیه شـەڕی لەگەڵ له خۆ دەوڵەمەندتر و به هێزتر بکات).

دیسـان دەرسـێکی دیکه لـه باوکم فێربـووم که بەبێ کار سـەردانی هیچ فەرمانبەر و لێپرسـراوێک نەکەم بۆیه جارێکیان پاش رێککەوتننامەی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کاتێ که خوالێخۆشـبوو (عەلی بەهـاری) دەبێته قائمقامی کۆیه که پاڵێوراوی شۆڕشـی ئەیلوول بوو بۆ ئەم پۆستە، باوکم وەکو ئەرکێک به شەخسی سەردانی قائمقامی تازه دەکات، کاتـێ دەچێته ژوورەکەی قائمقام تەماشـا دەکات خوالێخۆشـبوو عەلـی بەهاری لەبەر ئـەوو میوانەکان له شـوێنی خۆی هەڵناسـتی، بۆیه باوکیشم یەکسەر روو له قائمقـام دەکات و پێـی دەڵێ (کاک عەلی مـن هیچ کاتێک سـەردانی قائمقامیەت و سـەرای کۆیەم نەکردووه ئیلا به حەپسـکراوی و تەحقیق کردن نەبێت، ئەمەی ئەمڕۆش که هاتوومەته لای جەنابت یەکەم جارمه لەژیان که به ئازادی و بێ حەپس کردن سـەردانی ئێـره دەکەم، ئەویش لەبەر خاتری ئەوەیه که تۆ قائمقامی (شۆڕش و بارزانی)یت دەنا من سـەد ساڵی دیکەش لێرەبیت نایەمەلات و خودا حافیز، باوکم ئیتر دێته دەرەوە، (بەنده)ش لەسەر هەمان رێوشوێن رۆیشـتووم تەنانەت ماوەی چەند سـاڵێکه سەردانی هیچ بارەگایەکی حیزبی لایەنه سیاسـییەکانی سـەر گۆڕەپانی کوردسـتانم نەکـردووه تەنیا یەک دوو جـار بۆلای یەک دوو لایەن ئەویش به مەبەسـتی جێ بەجێ کردنی ئەرکی

> **"هیـچ کاتێکیش سـکرتێر و نووسـینگەی تایبەتیـم نەبـووه هەمیشـه دەرگای من واڵا بووه، بەڵام دیسان هیـچ کاتێکیش سـەرم بۆ کـەس نـەوی نەکـردووەو هەمیشه لەناخەوه خۆم به گەوره زانیوەو موجامەلەی درۆشم بۆ کەس نەکردووه"**

سەندیکایی بووە، لێرەدا مەبەست خۆ بەزلزانین نییە یاخود خوانەخواستە جۆرە ڕکەبەرایەتییەکی ئەم و ئەو بێت، بەڵام من مەسەلەکە بەشێوەیەکی دیکە لێک دەدەمەوە کە ئەویش لەو ڕوانگەوە سەرچاوە وەردەگرێت کە سەردانی بێ کارو بێ مەبەستی دیاری بەرژەوەندی گشتی دەچێتە خانەی کات بەفیڕۆدانی بێ مانا کە دەکرێ خۆمانی لێ بپارێزین.

* خاڵێکی دیکە کە بە پێویستی دەزانم باسی لێوە بکەم یارمەتی دانی قوتابیانی هەژار و پەککەوتەیە لەسەر بودجەی دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، لە سەرەتادا هەر لە ساڵی ١٩٩٤دا (٣) قوتابی کە بواری گوزەرانیان زۆر خراپ بوو و لە ڕێگای چەند خێرخوازێکەوە پێم زانی بوو، ڕۆژێک بانگی لای خۆمم کردن و پێم ڕاگەیاندن مانگانە سەردانی بەڕێوەبەری دارایی دەزگا بکەن بۆ ئەوەی هەریەکەیان (١٥٠)دیناری سویسری وەربگرن، دیارە بۆ ئەوسا ئەو بڕە پارەیە زۆر بوو و سەرنووسەر خۆی ٥٠٠ دیناری وەردەگرت، ساڵی ١٩٩٧یش مامۆستا عەزیزی مەلا ڕەش پێی ڕاگەیاندنم کەوا پرۆژەیەک هەیە چەند خێرخوازێک لە دەرەوەی وڵات ئەویان ڕاسپاردووە تاکو بتوانێ ئەو منداڵانەی لە کوردستان کە بێ باوک و دایکن و بەردەوام دەبن لە خوێندن مانگانە بڕێک پارەیان بۆ تەرخان بکرێت، کاتێکیش مامۆستا عەزیز ئەو مەسەلەیەی بۆ باس کردم یەکسەر دیسان لەسەر بودجەی دەزگا مانگانە (١٠٠٠) دیناری چاپی سویسریم بە مامۆستا عەزیز دەدا، ئەویش بەبێ بەرامبەر سەردانی چەند شارێکی کوردستانی دەکرد بەمەبەستی دابەشکردنی بەسەر ئەو قوتابیە بێ باوک و دایکانە، پاش ئەوەی شێرکۆ حەبیبی ئامۆزاشم زانی ئەویش بە هەمان شێوە مانگانە لە لەندەنەوە بڕێ پارەی دەنارد بۆ هەمان مەبەست، لەلایەکی دیکەشەوە دوو خێزانی هەژاری دیکەش مانگانە بە بڕی (٢٥٠) دیناری سویسری یارمەتی دەدران و تاکو ڕۆژی دەرچوونم ئەم یارمەتیانە بەردەوام بوو، پاش منیش وەکو ئاگاداربووم هەر لە یەکەم ساتی پاش من ئەم هاوکارییە بڕا.

**"ماوەی چەند ساڵێکە سەردانی هیچ بارەگایەکی حیزبی لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانم نەکردووە تەنیا یەک دوو جار بۆلای یەک دوو لایەن ئەویش بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی ئەرکی سەندیکایی بووە"**

**سەرنج:**
**لە ئەڵقەی پێشوودا ناوی ڕۆژنامەنووس (خالید بەکر ئەیوب) واهاتووە کەوا کاری هەڵەچنی لە ڕۆژنامەی (الصحفي)دا دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا ناوبراو سەرەڕای ئەم کارەی نووسەرێکی سەرەکی ڕۆژنامەکەیە.**
**فەرهاد عەونی**



وزارة الصناعات الخفيفة

المؤسسة العامة للصناعات الغذائية

المنشأة العامة للدخان الوطنية في اربيل

القسم : الذاتية والارشيف

الرقم ٤٦٦٧٨ / ذ م / ٨ / ٨ / ٦

التاريخ : ٢ / ١٢ / ١٩٨٦

الى :- السيد فرهاد عثمان عوني حبيب - رئيس ملاحظين

الساكن في قضاء كويسنجق / محلة القلعــة رقم الدار ١ / ٥٧

م / - انذار

استنادا الى كتاب مقر اللواء الاول الخاص / الادارة المرقم آ / ١٨ / ٢٥٤ في ٥ / ١١ / ١٩٨٦ والمتضمن ارتكابك جريمة الهروب من خدمة الاحتياط اعتبارا من ٦ / ٩ / ١٩٨٦

عليه ..

نخطرك بالالتحاق بالخدمة المذكورة اعلاه خلال سبعة ايام اعتبارا من تاريخه اعلاه وبعكسه تعتبر مستقيلا من الوظيفة وتتحمل كافة الاجراءات القانونية الاخرى بحقك.

المدير العام

ابو صالح ابراهيم

صورة منه الى / - معمل تقنيع التبغ في كويسنجق / كتابكم المرقم ٤١٦ في ١ / ١٢ / ١٩٨٦ للعلم رجاء.

- الذاتية والارشيف / مع الاوليات - للمتابعة

- الاضبارة الشخصية

- الاضبارة الدوارة

/ / ساحة ٣ / ١٦ / /

العنوان : اربيل - طريق صيف صلاح الدين

هاتف : ٢١٥٠٥ بدالة ذات ثلاث خطوط

العنوان البرقي : ارسيك

رقم التلكس : ٢١٨٥٠٦

ص. ب : ٦ محافظة اربيل



المنشأة العامة [illegible] الوطنية في اربيل

--------------------

ـ الذاتية والارشيف ـ

العدد/ ١٦٦٩/ ذ م/ ٢/ ٦/٨/ ٦

التاريخ/ ١٥/ ١٢/ ١٩٨٦

ـ أمــــر اداري ـ

بالنظر لانتهاء مدة الاجازة الاعتيادية للسيد [illegible] في منشأتنا بموجب امرنا المرقم ٢٢٦٢١/ ٨/ ٦/ ٨/ ٦ في ٤/ ١١/ ١٩٨٦ [illegible] الاعتيادية خلال مدة الاعتبار المذكور ولعدم التحاقه بخدمة [illegible]

واستناداً الى احكام المادة ٤١ من قواعد الخدمة تقرر ما يلي/ ـ

١ـ اعتبار فترة [illegible] من ٢١/ ٨/ ١٩٨٦ ولغاية ١٤/ ١١/ ١٩٨٦ [illegible]

ثانياً بدون راتب.

٢ـ اعتباره مستقيلاً من الوظيفة اعتباراً من ١٢/ ١١/ ١٩٨٦ [illegible]

المدير العام

انور [illegible]

صورة منه الى/ ـ

ـ المؤسسة العامة للصناعات الغذائية/ التفضل بالاطلاع مع التقدير.

ـ محل [illegible]

ـ الذاتية والارشيف/ الموظفين/ مع الاوليات

ـ الدائرة المالية/ ٢

ـ الرقابة الداخلية

ـ الادارة [illegible] / [illegible] القرار

ـ الادارة الدارية

ـ لوحة الاعلانات

نائمه/ زهير/ ١٤/ ١٦

# بیرەوەرییەکانی ڕۆژنامەنووسیم لە بەغدا



◢ زادوق ئادەم*

ئەلقەی دووەم

هەواڵنامەی کتێب

لە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٨٩دا، پاش تەواوبوونی شەڕی نێوان عێراق و ئێران و ئەو هەموو ماڵوێرانییەی کە تووشی هەردوو دەوڵەتەکە هات، لە خزمەتی سەربازی مەرەخەس کراین و جارێکی دیکە گەڕاینەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆمان، لە هەمان شوێنی جارانم لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیدا جارێکی دیکە درێژەم بە کاری ڕۆژنامەنووسیی خۆم دا، بەڵام ئەمجارەیان بە سەڵتی چوومە بەغدا، چونکە پێشتر لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١دا بە خاوخێزانەوە هاتبوومە هەولێر و لە شارۆچکەی عەنکاوە نیشتەجێ ببووم. دیسانەوە چوومەوە هەمان شوێن کە لە ساڵی ١٩٧٧دا ژوورێکم لە ماڵێ خوالێخۆشبوو شاهین برادۆستی لە کەمپی گەیلانی بەکرێ گرتبوو، ئەوکاتە، واتە ساڵی ١٩٨٩، ئەمڕۆی برایشم لە بەغدا سەربازبوو، ئەویش دوای تەواوبوونی شەڕی نێوان عێراق و ئێران لەگەڵ هەزارەها لاوی ئاشووری راپێچی خزمەتی سەربازیی کرابوو، چونکە لە ساڵی ١٩٨٨ داو ڕێک پاش تەواوبوونی شەڕ بڕیارێک دەرچوو کە هەرچی گەنجی ئاشووری لە فەوجەکانی خەفیفەدا هەیە دەبێت لەماوەی (٤٨) سەعاتدا سەردانی دایەرەی تەجنید بکەن، ئەگینا تووشی سزای توند دەبن، مەبەستی ڕژێمی فاشی لەم هەنگاوەیدا

ئەوەبوو کە ئاشـووری و تورکمان و ئێزدییەکان لە کورد جیا بکەنەوەو لە یەکتریان دوور بخەنەوە.

کەمپـی گەیلانـی کەوتۆتـە نێوجەرگـەی بەغـداو لـە تەنیشـت گۆڕسـتانی غەزالی و دەسـپێکی شەقامی (شێخ عومەر) بـەرەو بابولموعەزەم، کاتی خـۆی ئەرمەنی تێدا نیشـتەجێبوون، بەڵام لە سـاڵی ١٩٦٣دا، لـە پاش ئەوەی بەعسییە فاشیسـتەکان هێرشی دڕندانەی خۆیان بۆ سەر کوردستان لە سەرەتای هاوینی ئەوساڵەدا، دەست پێکرد و تاڵان و بڕۆی گوندو شارۆچکەکانیان کرد، ئاشوورییەکانی ناحیەی حەریـر و گوندەکانی دەوروبـەری، ناوچەکەیان چۆڵکـرد و بەرەو هەولێر و کەرکـووک و بەغدا هەڵهاتن، بەشێکی زۆریشیان روویان کردە کەمپی گەیلانی و لەوێدا نیشـتەجێ بوون و تا ئێستایش زۆرێک لەو خێزانانە هەر لەوێ ماونەتەوە.

کـە هاتمـەوە دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کـوردی، دەزگاکـە لە کارمەنـدە ئەسـڵییەکانی خۆی، کە لـە هەفتاکانی سـەدەی رابـردوودا تیایـدا دامەزرابوون، چۆڵبووبـوو، چونکـە هەریەکـەو بەلایەکـدا ڕۆیشـتبوو، هەندێکیان بەرەو سـلێمانی چووبوون و هەندێکیان بەرەو هەولێـر و دهـۆک و ئەوانـی دیکـە بـەرەو کەرکووک و هەندێکیشـیان بەرەو هەندەران سـەریان هەڵگرتبوو، هەر لەگەڵ دەسـتبەکاربوونم بەڕێوەبەری گشـتیی ئەوسـای دەزگاکە موسـڵیح جەلالی بوو، بەبێ ئاگاداریم فەرمانێکی دەرکـرد بـۆ ئـەوەی بەنـدە ببێتە سـکرتێری نووسـینی ڕۆژنامـەی هاوکاری، بەڵام هەر زوو پەشـیمان بووەوەو فەرمانەکـەی هەڵوەشـاندەوە، کە لە هۆکارەکەیم پرسـی پێی راگەیاندم کە ئەو بەڕێوەبەرەو لە هەموو شـتێکی ئەو دەزگایە بەرپرسیارە ئینجا بەوە نەوەستا بەڵکو فەرمانێکی دیکـەی دەرکرد و منی گواسـتەوە بـۆ هۆبەیەکی دیکەو سـکرتێری کاتی ئەوسـای ڕۆژنامەکە، کە موختار فایەق بوو ئـاگادار کردبـووەوە، کە نابێت بەندە لـە ڕۆژنامەی هاوکاری کار بکات.. بەوەیش نەوەسـتا بەڵکو بە ئاشـکرا کەوتە دوژمنایەتی کردنم، بەڵام ئەمە زۆری نەبردوو پاش ئەوەی کە کاک شـێرزاد عەبدولڕەحمان کە بەشـێوەیەکی کاتی لە هەولێرەوە گواسترابووەوە بەغدا گەڕایەوەو شێخ لەتیفی شاعیریش لەسەر گەڕانەوەبوو بۆ شاری سلێمانی، سـکرتێری هاوکاری بە بەڕێوەبەری گشتی راگەیاند بوو کـە دەبێ بەندە لە هاوکاری کاربـکات، چونکە کارەکەیان بەو سـتافەی کە هەیانە بەڕێوە ناچێت، ئینجا بڕیاردرا کە ئێواران لە ڕۆژنامەکە کار بکەم، ئەوەی راستی بێت ئەوکاتە ڕۆژنامەکە سـتافی کوردی زانی تێیـدا نەمابوو، ئەوەبوو

> **لە پاش ئەوەی بەعسییە فاشیستەکان هێرشی دڕندانەی خۆیان بۆ سەر کوردستان لە سەرەتای هاوینی ئەوساڵەدا، دەست پێکرد و تاڵان و بڕۆی گوندو شارۆچکەکانیان کرد، ئاشوورییەکانی ناحیەی حەریر و گوندەکانی دەوروبەری، ناوچەکەیان چۆڵکرد و بەرەو هەولێر و کەرکووک و بەغدا هەڵهاتن**

ئێمە دەستبەکاربووین، تەنیا نووسەری کارامە کە ئەوسا لەوێ مابوو شێخ لەتیفی شاعیر بوو، ئیتر من و ئەو پێکەوە کەوتینە کارکردن، دوای ماوەیەکی کورت شێخ لەتیفیش خواحافیزی لێکردین و هاتەوە سلێمانی، لەگەڵ شێخ لەتیفی شاعیر دۆستایەتی و برادەرایەتییەکی توندوتۆڵ و کۆنمان پێکەوە هەبوو، ڕۆژێکیان مەولوودی پێغەمبەر بوو، ئەکرەم مەحمود و محەمەد زەهاوی و فوئاد حسێن، داوایان لێکردم کە گوتارێک بەم بۆنەیەوە بنووسم، بووە پێکەنین، منیش گوتم باشە چۆن دەبێت لەجیاتی هەمووتان غەیرەدینێک لە ڕۆژی لەدایک بوونی پێغەمبەردا گوتار بەم بۆنەیەوە بنووسێت، شێخ لەتیف دایە قاقای پێکەنین و گوتی بەخوا ڕەنگە لە هەموومان چاکتر بنووسی.. لەکاتی دەوامی بەیانیان لە هۆبەی (التألیف والنشر)دا دەوامم دەکرد و ئیشوکارم بەدواداچوونی چاپەمەنییەکانی دەزگابوو لە چاپخانەکاندا، ئەو بەدواداچوونە وایکرد زۆرینەی ئەو کتێبانەی لە دەزگا چاپ دەبوون بخوێنمەوە و شارەزاییەکی چاکی شاری بەغدا بووم، لەبەر ئەوەی سەرم بە زۆرینەی چاپخانەکانی بەغدادا دەکرد، کە لە گەڕەک و ناوچە جیاجیاکانی ئەوشارە بوون و بە حوکمی ئیشوکارەکانم پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ زۆرینەی کرێکار و خاوەن چاپخانەکانم پەیدا کرد، ئەم نزیک بوون و دۆستایەتییە زیاتر فێری ڕۆژنامەنووسیی دەکردم و لە هەمانکاتدا شارەزاییەکی باشیشم لە خاوەن چاپخانەو کرێکارەکان لەبارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی و قۆناغەکانی گەشەسەندنی ڕۆژنامەنووسی عێراق بەگشتی و ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەتایبەتی، بەدرێژایی کاری ڕۆژنامەنووسییە وەچنگم دەکەوت و زیاتر لەم بوارەدا قاڵدەبووم. هەندێک لە کرێکارەکان کە هەر لەتافی لاوێتیاندا تا چوونە نێو تەمەنەوە، ساڵانێکی زۆریان لەگەڵ جۆرەها ڕۆژنامەو گۆڤار بەسەر بردبوو، بۆیە قۆناغی گەشەسەندنی ڕۆژنامەنووسیی عێراق و کوردستان لەلای ئەوانەوە ئاشکراو ئاسانتر بوو لەوەی لە کتێب و سەرچاوەکاندا بە دوای بگەڕێین و زانیاری لەو بوارەدا پەیدا بکەیت. ئەو کرێکار و خاوەن چاپخانانە زۆربەیان پەیوەندییان لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی ئەوسای گۆڕەپانی سیاسی عێراق لە ساڵانی چل و پەنجا و سەدەکانی ڕابردوودا هەبوو، لاپەڕەکانی ژووری چاپخانەکان گەلێک جار دەبووە گۆڕەپانی سەرهەڵدانەوەی لاپەڕەکان و پێداچوونەوەی مێژووی سیاسی عێراق کە هەڵبەتە مێژووی ڕۆژنامەنووسیش پەیوەندی چڕی لەگەڵ ئەو مێژووە سیاسییەدا هەیە، تاڕادەیەک لەگەڵێک قۆناغدا

> **ئەم نزیک بوون و دۆستایەتییە زیاتر فێری ڕۆژنامەنووسیی دەکردم و لە هەمانکاتدا شارەزاییەکی باشیشم لە خاوەن چاپخانەو کرێکارەکان لەبارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی و قۆناغەکانیگەشەسەندنی ڕۆژنامەنووسی عێراق بەگشتی و ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەتایبەتی**

هەوالنامەی کتێب

پێوەی لکاوە..

چاپخانـەی –الزمان– کە لە کۆنەوە رۆژنامەنووسـی و کتێبـی کوردی پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵدا دورسـت کردبوو، ئەو پەیوەندییە لە رۆژگاری ئێمەوماناندا درێژەی هەبوو، خاوەن چاپخانەکە لە بنەچەدا مەسیحییەکی خەڵکی موسڵ بوو، بەڵام لە مێژ ساڵ بوو لە بەغدا گیرسابووەوەو تا ئەوکاتەی کە من لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٩٢ دا بەغدام جێهێشـت هـەر مابـوو، چاپخانەی–الزمـان– لەناوچـەی مەیـدان بوو، هەر لە دەسـپێکی شـەقامی رەشـید لەلای دەسـتە راستەوە، توولە رێگەیەک بەپێش ئەو چاپخانەیەدا بەرەو کەناری رووباری دیجلە دەڕۆیشت و ئینجا بەپێش قشلەی کۆندا رەت دەبوو، ئەوکاتەی کە هاتووچۆی ئەوێم دەکرد، هەموو جارێ دەیگوت هەڕەشەم لێدەکرێت دەبێت لێرە بگوێزمەوە، چونکە هەر بەرانبەر دەرگای چاپخانەکە، دەرگای بەڕێوەبەرایەتـی گشـتیی حیسـاباتی پێشـووی عەسـکەری لێبوو، بە بیانووی ئەمنیەوە دەیانویست لەوێ دەریپەڕێنن، هەر بۆیە ئەو پرسیارە دەکەم و دەڵێم نازانم مـاوە یان نەء؟! دەبێ ئەوەیشـمان لەبیـر نەچێت تەلاری وەزارەتـی بەرگری عێراق پەنجا مەترێک لەوێ دووربوو، لە ١٩٩١دا لەکاتی شەڕی عێراق و کوێت ئەو تەلارە تەخت کرابوو، بۆیە دەڵێم رەنگە ئەو چاپخانەیەش لەوێ نەمابێ، جگـە لەمەیش کوڕی خـاوەن چاپخانەکە کە ئەگەر هەڵەم نەکردبێـت ناوی دکتـۆر فایەق بوو دکتۆرای لە زانسـتی ئابـووری هەبـوو و لـە زانکـۆی بەغدایش مامۆسـتابوو لەگەڵ رژێمی فاشـی بەعسـدا بەینی نەبوو، هەموو جارێ کە بەتەنیا دەبووین ئەوەی بۆ دەدرکاندم.

هەر لە سەری کۆڵانی چاپخانەکە کە بەرەو بابولشەرقی دەچووی لە چێشتخانەی (ئەلجمهوریە) رەتدەبووی، سەد دوو سـەد مەترێـک دەگەیشـتییە گازینـۆی (پەرلەمـان) و گازینـۆی (بەرازیلیە) کـە لە پەنجاکان و شەسـتەکانی سـەدەی رابردوودا شوێنی دانیشـتن و دیداری زۆربەی ئەدیـب و رۆژنامەنـووس و سیاسـەتمەدارانی عێـراق و کوردستان بوو...

گازینـۆی (پەرلەمـان) و گازینۆی (بەرازیلیە) کە لە پەنجاکان و شەسـتەکانی سـەدەی رابردوودا شوێنی دانیشتن و دیداری زۆربەی ئەدیـب و رۆژنامەنووس و سیاسەتمەدارانی عێراق و کوردستان بوو...

هـەر لەو دەوروبەرەیش ئوتێلـی هەولێر (فندق اربیل) هەبـوو، شـەقامی رەشـید بـۆ خـۆی چێژێکـی تایبەتی هەبوو، خەڵکی کوردسـتان کە دەچوونە بەغدا، تا کۆتایی هەفتاکان و هەشـتاکانی سـەدەی رابردوو، زیاتر روویان لـەو شـەقامە دەکـرد.. هـەر لـە زووەوە ئەوێ شـوێنی رابواردن بوو، خەڵکیش دەیانویست لەو کۆڵانە بەناوبانگ و تەنگەبەرانـەدا نزیـک بـن و ئارەزووی کـەف و کوڵی دڵیان لەوێ دابمرکێنن.. هەرکەسـێک لـە بەغدا ژیابێت بۆ

ماوەیەک ناتوانێت ئەو شــارە لەبیر بکات. چونکە ئەوەندە یادەوەریی لەگەڵیدا دەبێت کە لەبن نایەت، بازاڕ و گەڕەک و کـۆڵان و باڕەکانی بەغدا تایبەتمەندێتیی خۆیان هەبوو، ئـەو شـارە پـان و بەرینەو پـڕ لـە جەنجاڵـی رۆژانەدا، جیاوازییەکی گـەورەی لەگەڵ هەموو شـارەکانی دیکەی عێراق و کوردسـتاندا هەبوو، هاووڵاتیانی بەغدا بەتایبەتی گەڕەکـە کۆنەکانـی، داب و نەریـت و ئەدگارێکـی فـرە تایبەتییـان هەبوو، رەفتار و هەڵسـووکەوتیان لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە لە شوێنە جیاجیاکانی عێراقدا دەهاتنە بەغدا جیاوازبوو، گرنگترین سیفەتی هاووڵاتیانی بەغدا ئەوەبوو، کـە لە ئەندازە بەدەر هێمن و لەسـەر خـۆ بوون و دڵ و دەروونێکی فراوانیان هەبوو بەرانبەر ئەو هاووڵاتیانەی کە روویان لەو شارەدا دەکرد، خزمەتخۆش و رێزگرتنی زیاد لە پێویسـت بەرانبەر خەڵکی هەبوو، زۆر جار ئامادەبوون بەبێ بەرانبەر داخوازییەکانی خەڵک جێ بەجێ بکەن، ئەو گیانی لێبوردنەی لەلایەن خەڵکی بەغداوە، بەرووی خەڵکی دەرەوەی شـارەکەوە دەکرا، هۆکارێکی سەرەکی و گرنگ بـوو کە وای لەخەڵکی شـارەکانی دیکـەی دەکرد روو لە بەغدا بکەن و تێیدا سەقامگیر و نیشتەجێبن..

ئەو ئاسانکاری و تەساموحەی لە شاری بەغدا هەبوو، شـتە گەلێک لەو شـارەدا ئامادەو فەراهەم کردبوو، کە لە شارەکانی دیکەدا بەدی نەدەکران، لە هەموو کات و ساتدا ئەمبەر و ئەو بەری ئەو شـارە گەورەیـەدا بکردبا، کەس نەبوو بڵێ ئەرێ کابرا تۆ خەڵکی کوێی و لە کوێوە هاتووی و چیت دەوێت. مەگەر لەکاتی زۆر دەگمەندا نەبێت.

هەموو جارێک ئێستایشی لەگەڵدابێت تەئکیدی دەکەمەوە کە بەغداو دیمەن و شـەقام و باخچەو بێستانەکانی ئیلهام بەخشـی شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووسانی کوردستان بـوون، ئەمانـە کە دەهاتنـە بەغداو لە کووچـەو کۆڵان و شـەقامەکانیدا دەگەڕان قەریحەیان دەکرایەوە، فریشـتەی ئەفرانـدن و بەهرەیان زیاتر چەکەرەی دەکرد و بەرهەمی بەهێز و بەپێزیان بەرهەم دەهێنا.

بەغدا گەلێک شوێن و جێگەی تایبەتمەندی تێدا بوو کە هەریەکە ناوبانگی خۆی بەشتێک دەرکردبوو. (شارع النهر) یەکێک لەو شـوێنە تایبەتیانەی بەغدا بوو، کە هاوشانی لە هەموو دونیادا کەمبوو، دکتۆر کەمال مەزهەر لە گوتارێکی دا کـە لـە دوو ژمـارەی گۆڤـاری بەیاندا لە ناوەڕاسـتی هەفتاکانـی سـاڵانی سـەدەی رابـردوودا بەناوونیشـانی پاریسـی جوان و ئەمسـتردامی ئاوەدانـدا بڵاوکردۆتەوە، کاتێـک بەراوردێـک لەنێـوان پاریـس و ئەمسـتردامی پایتەختی هۆڵەندا دەکات لە بواری هەڵسوکەوتی رۆژانەی

> **هەموو جارێک ئێستایشی لەگەڵدابێت تەئکیدی دەکەمەوە کە بەغداو دیمەن و شەقام و باخچەو بێستانەکانی ئیلهام بەخشی شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووسانی کوردستان بوون**

ئـەو دوو شــارەدا، ئاماژەیـەک بە (شــارع النهـر) دەکات و بەراوردێـک لەنێـوان کیژۆڵە جوانەکانی ئەو شـەقامەو شــەقامی شــانزلیزێی پاریس دەکات و کیژۆڵە جوانەکانی ئـەو شـەقامەی پێ لـە کیژۆڵەکانـی شـانزلیزێ زۆرترو جوانترن. ئەو تەساموحەی کە لە بەغدا هەبوو، باسمان کرد هۆکارێکی سەرەکی بوو کە نووسەر و ئەدیب و شاعیرانی عێـراق و کوردسـتان روویان لەو شـارەدا دەکرد و کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبییـان لەوێدا دادەمەزراند و گۆڤار و ڕۆژنامەکانـی بەغدایان لە هەمـوو رووییەکەوە دەوڵەمەند دەکرد، ئەم رەوشــە تا کۆتایی ساڵانی هەفتاکانی سەدەی رابـردوودا درێـژەی کێشـاو لەگەڵ چەخماخەی شــەڕی نێوان عێراق و ئێراندا و کەوتنی دەسـەڵاتی بوو دەسـتی ســەدامی دیکتاتۆردا، بەرەبەرە بەرەو کزی رۆیشت و بۆ دواوە گەڕایەوە، کار گەیشـتە ئەوەی رۆژنامەی هاوکاری و هەردوو گۆڤاری (بەیان) و (رۆشـنبیری نوێ) گلۆڵەیان بکەوێتـە لێژی و خوێنەران و نووسـەرانی کورد لێیان بە دوور بکەونەوە.

لـەدوای ئەو بـارە ناهەموارەو بە مەبەسـتی برەودان بەرۆژنامــەی (هــاوکاری) کــە بــە تــەواوی کوژایــەوە، رۆژنامەکـە کرایە هەفتەی دوو جـار و بە چوار لاپەڕەی قــەوارە گــەورەوە، بــەڵام ئەمە دادی نەداو بــەو کلۆڵی و کزییــەوە تــا راپەڕینـی ئـاداری ١٩٩١دا بــەردەوام بوو، دوایـش هەربـۆ ئەوەی بڵێـن هــاوکاری دەردەچێت، هەر دەردەکـرا. پاش ئــەو ناکۆکیــەی کەوتە نێـوان عەبدوڵڵا عەباس و عەبدولوەهاب تاڵەبانی لەلایەک و حەمە سـەعید حەمەکەریم کە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی، موسـڵیح جەلالییەوە پشتگیریی لێدەکرا، گۆڤارێکی هەمەرەنگی ئەدەبی و هونەری بەناوی گۆڤـاری (رەنگیـن)ەوە دەرچوو، ئەو گۆڤـارە بە حوکمی ئەوەی کە گۆڤارێکی تازە بوو لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە بە حوکمی ناسیاوی و دۆستایەتیی حەمە سەعید حەمەکەریم کە سەرنووسـەری بـوو، چەند نووسـەرێکی لە دەورەی کۆبوونەوەو تـا ماوەیەکی باش درێژەی بەرەوتی خۆیدا، بەڵام دوای راپەڕین بەماوەیەکی کورت ئەویش کوژرایەوە.. دوای ئەوەی هەموو کەسـێک لە کۆتایی شـەڕی ئێران و عێراقـدا راپێچی خزمەتی سـەربازی کـرا، عەبدولوەهاب تاڵەبانـی و عەبدوڵـڵا عەباس و عەبدولکەریـم بەرزنجی، ئیمتیـازی رۆژنامەیەکیان وەرگـرت و بەناوی رۆژنامەی (ئاسـۆ)کە رۆژنامەیەکـی هەفتانەبوو دەرچـوو، بەرامبەر ئەمەیـش بەشـێوەزاری کرمانجی سـەر و رۆژنامەیەکی دیکە بە ناوی (بزاڤ) و سەرنووسەرەکەی خوالێخۆشبوو

> **ئـەو تەسـاموحەی کە لە بەغـدا هەبـوو، باسـمان کـرد هۆکارێکی سـەرەکی بوو کە نووسـەر و ئەدیب و شـاعیرانی عێـراق و کوردسـتان روویـان لـەو شـارەدا دەکـرد و کـۆڕ و کۆبوونـەوەی ئەدەبییـان لەوێـدا دادەمەزرانـد و گۆڤـار و رۆژنامەکانـی بەغدایـان لـە هەمـوو روویەکـەوە دەوڵەمەنـد دەکرد**

دوکتـــۆر نافع ئاکرەیی بـــوو دەرچوو، ئەو دوو ڕۆژنامەیە لـــە کتێبەرکێدابوون بـــۆ دوورخســـتنەوەو لەیەکترازاندنی زمانی یەکگرتووی کوردی، هەڵبەتە مەبەستی حکومەتیش لـــە ڕێگەدان بـــە دەرچوونـــی ئـــەم دوو ڕۆژنامەیە و کار ئاســـانی و یارمەتیدانیان هەر بە مەبەستی تێکدانی زمانی کـــوردی بـــوو ئەمەیش لە ســـاڵی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ دابوو. بە دەرچوونـــی ئـــەم دوو ڕۆژنامەیـــە بەتایبەتیش ڕۆژنامەی ئاسۆ دوژمنایەتیی نێوان عەبدولوەهاب و عەبدوڵڵا عەباس لەلایەک و موســـڵیح جەلالی لەلایەکی دیکەوە توندتر بوو، من بـــەش بەحاڵی خـــۆم لـــەو دوژمنایەتـــی و ململانێیەدا دووربـــووم و لایەنگریـــی هیـــچ لایەنێکیان نەبـــووم، بەڵام موســـڵیح جەلالی بـــە حوکمی ئەو پەیوەندی و ناســـیاوییە کۆنـــەی نێـــوان مـــن و ئەواندا هەبـــوو، منی بـــە لایەنگری ئەوانـــی دادەناو بەرەبەرە کانێی دەکردم و خراپ لەگەڵمدا ڕەفتـــاری دەکرد، بە مەزەندەی خـــۆم هەر ئەوەبوو کە لە بەڵینی پێشـــووی خۆی کە بڕیاری دابوو بمکاتە سکرتێری هاوکاری و پاشگەزبێتەوەو دوژمنایەتیمان بکات...

عەبدولوەهـــاب و عەبدوڵڵا عەبـــاس دریخییان لە ڕوو وەستانی موسڵیح جەلالیان نەدەکرد و بە هەموو ڕێگەیەک دژایەتییـــان دەکـــرد. ئـــەو ناکۆکی و دژایەتییە تـــا زیندانی کردنی موسڵیح جەلالی و خانەنشین کردنی درێژەی کێشا. موســـڵیح جەلالـــی بە حوکمـــی ئەوەی کە لەلایـــەک ئەندام شـــوعبەی حزبی شـــۆفێنی بەعس بـــوو، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندییەکـــی ڕاســـتەوخۆشـــی لەگـــەڵ بەڕێوەبەرایەتـــی ئاسایشـــی گشـــتی عێراقدا هەبوو، ڕۆڵێکـــی خراپی دەگێڕا لـــە ڕاوەدوونانـــی کارمەندانـــی دەزگای ڕۆشـــنبیری و بڵاوکردنـــەوەی کـــوردی و چاودێـــری کردنـــی ئەدیـــب و نووسەران و ڕاپۆرت لەسەرنووسینیان بۆ لایەنە ئەمنی و پەیوەندارەکان لە دام و دەزگا سیخوڕییەکاندا..

ئـــەو بارودۆخە کە لە ئاکامی شـــەڕی نێـــوان عێراق و ئێراندا هاتەکایەوەو ئەدیب و نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پەڕاگەندەکرد، کۆمەڵە و دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی کوردیش لە بەغدادەستی تێوەردراو لە چالاکیی ڕاستەقینەی خۆیـــان کەوتن، کۆڕی زانیاریی کورد ســـەروەریی خۆی لێسەندرایەوەو کرایە پاشکۆیەک لە کۆڕی زانیاریی عێراق بەناوی دەســـتەی کۆڕی زانیاری کـــورد و کارمەندەکانی پەرت و بڵاوبوونەوە، لە هەمانکاتدا کۆمەڵەی ڕۆشـــنبیری کوردی لە بەغدا ئەویش دەســـتی تێـــوەردراو لە پەلوپۆ و چالاکییەکانـــی کەوت و گۆڤارەکەی کە مانگانە دەردەچوو ئەویش نەما، پاش ئەوەی دەســـتەیەکی کارگێڕی ســـەر بە ڕژێم دەستی بەسەردا گرت و کۆمەڵە کرایە یانەیەکی مەی

"
ئـەو بارودۆخـە کـە لـە ئاکامی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانـدا هاتەکایـەوەو ئەدیـب و نووسـەران و ڕۆژنامەنووسانیکوردستان پەڕاگەندەکـرد، کۆمەڵە و دەزگا ڕۆشـنبیرییەکانی کوردیش لە بەغدادەسـتی تێـوەردراو لـە چالاکیـی ڕاسـتەقینەی خۆیـان کەوتن
"

خواردنـــەوە.. بەمجۆرە دوایین بارەگای ئەدیب و روناکبیر و نووســـەرانی کورد کە جاروبار تێیـــدا یەکتریان دەبینی نەماو لە بەین چوو.

جێـی وەبیـر هێنانەوەیـە کـە کاتـی خـۆی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی، جۆرەها کۆڕ و کۆبوونەوەی لێ ئەنجام دەدراو گۆڤارەکەی کە بەناوی (رۆژی کوردستان) بوو بە یەکێک لە گۆڤارە هەرە باشەکانی کوردی دادەنراو بایەخێکی زۆری بە ژانرەکانی کلتووری کوردی دەدا.. لە ســـەرەتای ساڵی ١٩٩٠ بوو خواڵێخۆشبوو مەسعود محەمەدی گەورە نووســـەر و روناکبیری کورد، ئەوســـا لە بەغدا نیشتەجێ بوو، کتێبەکەی بە ناوونیشـــانی (مـــرۆڤ و دەوروبەر) لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی چاپ دەکرد، منیش ئەوکاتە لە شوعبەی دانان و بڵاوکردنەوە (التأليف و النشر). کارم دەکرد، بۆ هەڵەچن کردنی کتێبەکە دەچوومە ماڵیان، بەوە ناسیاوی و دۆستایەتیم لەگەڵ مامۆستا پەیدا کرد، هەر ئەوکاتانەیش بوو، رەخنەیەکم لەسەر رۆمانێکی خوسرەوی جاف کە بەناوونیشانی (کۆڕدەرەبوو) نووسی و لـــە رۆژنامـــەی هاوکاری بڵاو بووەوە، ئەو نووســـینەی من لەســـەر رۆمانەکە دەنگی دایەوەو هەڵڵایەکی گەورەی لەنێـوان رۆشـــنبیر و ئەدیبانـــی کورد نایـــەوە، بەڵام زۆر نەمابوو لەســـەر ئەم نووســـینە کە بەدڵی کاک خوســـرەو نەبوو، سەرم تیابچێت، ئەم هەڵوێستەی دانەر وای لێکردم کە چیتر بەرهەمەکانی نەخوێنمەوەولێی دوور بکەومەوە.. دوا بـــەدوای ئەو فیســـتیڤاڵەی کە دەزگای رۆشـــنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بە هاوبەشـــی زانکۆی سەلاحەدین لـــە شـــاری هەولێـــر ســـازکراو کۆتایـــی پێهات، موســـڵیح جەلالـــی بـــە ماوەیەکـــی کـــورت دەســـتگیرکراو راپێچـــی ژووره تاریکەکانی ئاسایشـــی گشـــتی بەغدا کراو تا چەند رۆژێـک لە بەرپابوونی شـــەڕی عێـــراق و کوێت و لێدانی هاوپەیمـــان لە عێراق لە زیندان مابووەوە، ئەو رۆژەی کە هەواڵی دەســـتگیرکردنی موســـڵیح جەلالی گەیشتە دەزگا، لەبـــەر دەرگا هاوار و قیژەیەکی گـــەورە بەر گوێم کەوت، بەغـــارە غار خۆم گەیاندە بـــەر دەرگا، کاوە بەرزنجی کە نەیارێکی موســـڵیح بوو ئەویش پیاوی ئاسایشـــی گشـــتی بـــوو، هاواری دەکـــرد دەیگـــوت: "انتهت أسطوره مصلح الجلالـــی"، ئەو رۆژە بـــۆ نەیارانی موســـڵیح جەلالی وەکو ئێمەو مانان جەژن بوو بۆ هەندێکی دیکەیش شین و گرین بوو، ئا بەم جۆرە دەزگای رۆشـــنبیری بۆ هەتا هەتایە لە موســـڵیح جەلالـــی و نموونەی ئـــەوو هەوادارانی رزگاری بوو. دوای دەســـتگیر کردنی موسڵیح، عەبدوڵڵا عەباس و عەبدولوەهاب تاڵەبانی کە لـــە رۆژنامەی (العراق)دا کاری

> **"جێـی وەبیـر هێنانەوەیە کـە کاتی خـۆی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی، جۆرەها کـۆڕ و کۆبوونـەوەی لـێ ئەنجام دەدراو گۆڤارەکەی کـە بەنـاوی (رۆژی کوردستان) بوو بە یەکێک لە گۆڤارە هەرە باشەکانی کوردی دادەنراو بایەخێکی زۆری بـە ژانرەکانـی کلتووری کوردی دەدا"**

دەکرد هەوڵێکی زۆریانداو، بووە کێبڕکێ لەنێوانیان تاوەکو پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی دەزگا وەچنگ بخەن، بەڵام هەوڵەکانیان بێهودە بوو و مایە پووچ دەرچوون. بۆ ماوەیەکی کورت عەبدوڵڵا عەباس کاروباری دەزگای بەڕێوە دەبرد بەناوی جێگری بەڕێوەبەری گشتی، یاخود بەڕێوەبەری گشتی بە وەکالەت، وەکو بە بیرم دێت. عەبدوڵڵا عەباس بە ئاشکرا سلێمانچیەتی دەکرد، بەینی لەگەڵ نووسەر و ئەدیبانی هەولێر نەبوو تەنها چەند کەسێکیان نەبێت، لەگەڵ نووسەرانی بادینان ئەسڵەن بەینی نەبوو، حەزیشی لێنەدەکردن دوژمنایەتییەکی ئاشکرای لەگەڵ ئەدیبە گەنجەکانی دهۆک هەبوو، چونکە گومانی لێدەکردن و یاخود دەیزانی کە پەیوەندییان بە ڕێکخستنی نهێنی شۆڕشەوە هەیە بەتایبەتیش (پارتی)، بەڵام سۆزی لەگەڵ هەوادارانی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی هەبوو، ئەوانەی لە شەستەکاندا دوای لە یەکترازانی پارتی کەوتنەوە لای باڵی مەکتەبی سیاسی.. زۆرم بەلاوە سەیر بوو، پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی (هاوکاری) لە ئامێدی هەبوو، ناوەکەیم زۆر باش نایەتە بیر وابزانم عەبدوڵلایەکی پیوەبوو، ئەوەی ڕاستی بێت ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام لەلای عەبدوڵڵا عەباس ڕێز و تەقدیری تایبەتیی خۆی هەبوو، دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی لق و مەڵبەندەکانی پارتی و یەکێتی، دوای ئەوەی بەندەش کەوتە دونیای سیاسەتەوەو تێکەڵاویم لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی گۆڕەپانی کوردستاندا کرد، پەیامنێری ئامێدیم بینی جێگری مەڵبەندی دهۆکی یەکێتی بوو، ئینجا ئەوەم بەبیرهاتەوەو تێگەیشتم کە پەیامنێرەکە لەگەڵ عەبدوڵڵا عەباسدا لە یەک حزبدا کاریان کردووە، واتە سەردەمانێک هەواڵی یەکتر بوون.

عەبدوڵڵا عەباس لەگەڵ مندا برادەربوو، ڕێزی دەگرتم بەتایبەتیش ئەو کاتەی کە بەڕێوەبەری دەزگا بوو، پێشتریش هەر وابوو، جاروبار کە تووشی کێشە دەبوو لەگەڵ خێزانەکەی، بۆ ناوبژی و پێکهاتنەوەیان منی دەبردەماڵەوەو دەیکردم بە حاکم. بەیانییەکی زوو لە ژوورەکەی خۆم لە نهۆمی خوارەوە دانیشتبووم، ژووری بەڕێوەبەری گشتی لەسەرەوە بوو، تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای کرد سەر بکەومە سەرەوە، وام زانی بۆ نانخواردنی بەیانی بوو، کە چوومە ژوورەکەی هەر جنێوی دەدا، منیش گوتم خێرە بەو سەحاری سپێدەیە گارەگارتە، ئەویش وەڵامی دامەوەو گوتی بە غیرەتم بە ناموسم، (هەندێک لەو نووسەرانە کە لە کوردستان دێنە بەغدا، یەکسەر

> **بەڕێوەبەری گشتی لەسەرەوە بوو، تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای کرد سەر بکەومە سەرەوە، وام زانی بۆ نانخواردنی بەیانی بوو، کە چوومە ژوورەکەی هەر جنێوی دەدا، منیش گوتم خێرە بەو سەحاری سپێدەیە گارەگارتە**



هەواڵنامەی کتێب

دەچنـە (ئەمنـی عامە) و لەوێ ناوی خۆیان دەنووسـن و ئینجا دێنەوە لای خۆمان، منیش گوتم ئەمانە کێن، وەڵامی دامەوەو گوتـی: فڵانە رۆژنامەنووس و نووسـەر، چووە خەبەری داوەتە ئاسایشی گشتی لەسەر چیرۆکێکی حەمە کەریـم عارف کە لە هاوکاری دا بـڵاو بۆتەوە، من نازانم ئەمانـە بۆ وا دەکەن حەمەکەریم بە بڕیاری (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)!! گەڕاوەتەوە بۆچی وازی لێناهێنن، منیـش گوتـم جـا چی قەومـاوە، گوتـی، لە ئاسایشـەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم.. بەهەرحاڵ ئەمە رەوشی رۆشنبیریی کوردی بوو، بەر لە راپەڕین..

رۆژێکیـان (عەبدولوەهـاب تاڵەبانـی) هاتـە دەزگاو داوای لێکردم پیاسـەیەکی (سەدرولقەنات) بکەین، ئەوکاتە سـەدرولقەناتی بەغدا بەناوبانگ بوو، هەمووی چێشخانە و شـوێنی خواردنەوە بوو، سواری ئۆتۆمبێلەکەی بووین لە تەنیشـت گازینۆیەک هەڵوێسـتەیەکی کرد و دووسـێ بیرەی کڕی و سـوار بووەوە، زیاتر لە دوو سەعات لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیـدا بەنـاو بەغـدا گەڕاین، من لـە دڵی خۆمدا دەمگوت مسۆگەر عەبدولوەهاب کارێکی هەیە، ئەگینا قەت لەگەڵمدا وانەبووە، زۆر لەسەرخۆ دەیڕانی، دوای دوو سێ قومی بیرە، رووی تێکردم و گوتی کاک زادوق، ژیانمان لە بەغدا نەماوە، منیش زۆرم بەلاوە سەیر بوو!!

عەبدولوەهـاب ژیانـی لە بەغـدا نەمابێـت، ئەمە یانی چـی؟! گوتم بۆچی؟! گوتی با بۆت بگێڕمەوە، دوێنێ لەبەر تەلەفزیۆن دانیشـتبووین، یەکسـەر بەبێ موناسەبە چیای کوڕم هەڵسـایە سـەرپێ و گوتی، ئەرێ وەڵـڵا تەنها بابە گەورە-واتە باپیری- کوردایەتیی دەکا، ئەمەی ئێمە هەموو درۆیـە کە لە بەغـدا کوردایەتی دەکرێـت؟ عەبدولوەهاب گوتی منیش تێی خوڕیم و قسـەیەکی ناشیرینم پێیگوت و داوام لێکـرد جارێکی دیکە ئەمە دووبارە نەکاتەوە. رۆژی دووەم کـە گەڕامەوە ماڵـەوە عەبدولوەهاب دەڵێت: تارای کچم دەگریاو دەیگوت ناچمە قوتابخانە، کچەکەی لە چوار و پێنجـی ئامادەیی بوو، گوتی: منیش پرسـیم بۆچی تارا خـان، پێی گوتم بابە لە قوتابخانـە گاڵتە بە کورد دەکەن، منیـش پێم گوت حەدیان چییـە!! تارایش گوتی بەخوا بابە ئەگەر نەچیتە لای بەڕێوەبەری قوتابخانە، من پێنم ناکەوێتە ئـەوێ، عەبدولوەهاب گوتی: چوومە لای بەڕێوەبەر و پێم گـوت بۆ مەسـەلەیەک هاتـووم، ئەویش گوتـی: فەرموو چیت دەوێت. گوتم کچەکـەم ئەوها دەڵێت، بەڕێوەبەریش گوتی: جا وانییە کورد چییە؟! ئینجا بۆی گێڕامەوەو گوتی: بەخـوا قسـەکەی چیای کوڕم زۆر راسـتە، باپیرە گەورە کوردایەتیی دەکات و هی ئێمە بەلاشـە.. بڕیارمداوە بەغدا

> **بەڕێوەبەریـش گوتی: جا وانییە کورد چییە؟! ئینجا بـۆی گێڕامـەوەو گوتـی: بەخـوا قسـەکەی چیـای کوڕم زۆر راسـتە، باپیرە گـەورە کوردایەتیی دەکات و هی ئێمە بەلاشە**

بەجێ بێڵم و بەرەو کوردستان بچم. منیش گوتم، بەخوا کەیفی خۆتە، ئەوەی راستی بێت دەترسام نەوەکو ئەمە تەڵەیەک بێت بۆ من. باوەڕم نەدەکرد، دوای راپەڕین بە ماوەیەکی کورت، ئێوارەیەکی زوو لە تەنیشت یانە کۆنەکەی فەرمانبەران لە شاری هەولێر، عەبدولوەهاب تاڵەبانی و سەلاح شوانی شاعیر لەلای شیراتۆنەوە بەجل و بەرگی کوردییەوە بەرەو بازاڕی هەولێر دەهاتن، پاش چاک و چۆنی و ئەحواڵ پرسین عەبدولوەهاب گوتی، بەڵێنەکەی سەدرولقەناتی بەغدام جێبەجێ کرد. منیش گوتم بەخێربێن..

ئاخر و ئۆخری ۱۹۹۱و سەرەتای ۱۹۹۲ بوو د.بەدرخان سندی بووە بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەڵام ئەوکات کار لەکار ترازابوو، بارێکی دیکە لە کوردستاندا هاتبووە دی، خەڵک ئەوانەی پێشتر لە بەغدا بوون زۆر هەوەسیان بە بەغدا نەمابوو، هێدی هێدی بەرەو کوردستان هەڵدەکشان، گفتوگۆی حکومەت و بەرەی کوردستانی تا دەهات بەرەو دوورکەوتنەوەی هەردوو لا واتە رژێم و بەرە، بەرەو تەلاقی یەکجارەکی دەچوو، چونکە رژێم نەیدەویست بچێتە ژێر باری داخوازییەکانی بەرەی کوردستانی، لەبەر ئەوەی بێ منەت بوو، دوای ئەوەی لە شەڕی عێراق و ئێراندا بە سەلامەتی رزگاری بوو و مایەوە..نیەتی خراپی رژێم یەکەمجار لە رۆژنامەی هاوکارییەوە دەستی پێکرد، بەرەبەرە بەهێرشکردنە سەر بەرەی کوردستانی و جاروباریش بە قسەی ناشیرین و جنێودانەوە. پاش ئەمە من بڕیاری خۆم وەرگرت و گوتم تەواو. د.بەدرخان دەیزانی لە چ بارێکی دەروونی دام رۆژێکیان بانگی کردم و پێی گوتم: هەستم کردووە گەلێک نارەحەتی وەرە چیت دەوێ بۆت بکەم، حەز دەکەی بۆ هەولێرت دەگوازمەوەو لەوێ ببە بە پەیامنێری دەزگا، خۆ لەوێ نووسینگەمان هەیە، منیش گوتم سوپاست دەکەم ئەگەر ویستم ئاگادارت دەکەمەوە. رۆژێکیان د. نافعی خوالێخۆشبوو هاتە بەغداو سەردانی دەزگای کرد، منیش گوتم کەی دەگەڕێیتەوە، گوتی: سەعات یازدەی بەیانی، پێم گوت، منیش دێم، گوتی: باشە بەسەرچاو. لە دەسپێکی شوباتی ساڵی ۱۹۹۲دا بەیەکجاری بەغدام بەجێ هێشت و رووم لە کوردستان کرد و پاش ئەمە بەماوەیەکی زۆر کورت لە راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەوسا لە ئوتێلی مەشکوور (میدیای ئێستا)بوو لە هاوینەهەواری شەقڵاوە گیرسامەوەو لەوێدا درێژەم بە پیشەی رۆژنامەنووسیی خۆمدا..

**”چونکە رژێم نەیدەویست بچێتە ژێر باری داخوازییەکانی بەرەی کوردستانی، لەبەر ئەوەی بێ منەت بوو، دوای ئەوەی لە شەڕی عێراق و ئێراندا بە سەلامەتی رزگاری بوو و مایەوە..نیەتی خراپی رژێم یەکەمجار لە رۆژنامەی هاوکارییەوە دەستی پێکرد“**

هەواڵنامەی کتێب



له راسـتەوە: غازی سـەعدوڵڵا، مەحموود زامدار، زادوق، محەمەد زادە- یانەی راگەیاندن لەسەر ئەبو نەواس ساڵی ١٩٨١



له راستەوە: زادوق، بەداخەوە ئەم دوو کیژۆڵەیە ناویان لەبیرم نەماوە



لە راستەوە: عەواتف، زادوق، حوسێن عارف، خوالێخۆشبوو خێزانی سەلاح شوان، سەلاح شوان- لە بەلەمێک لەنێو (شط العرب) لە ساڵی ١٩٧٧ گیراوە



لە راستەوە: سەرگوڵ، زادوق، بەشارەت، بەغدا- ١٩٧٧ گیراوە



له راســتەوه ریزی پشــتەوه: غازی، نەژاد، عەبدوڵلا عەباس، زادوق، حەمەسەعید حەمە کەریم
له راستەوه ریزی پێشەوه: موکەڕەم، عەبدولوەهاب تاڵەبانی



له ساڵی ۱۹۷۷ له سەدرولقەناتی بەغداوه گیراوه
لەراستەوه ئەوانەی ناســراون: زادوق، عەواتف، ســاجیده، ئەمین شوان، خیزانی سەلاح شوان، حوسێن عارف، حەلیمە حوسێن



خوالێخۆشبوو غازی تەڵوب و زادوق
لە ساڵی ١٩٨٠ لە سەرسەنگ لە پارێزگای دهۆک گیراوە



سەرجەم کارمەندانی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا، بە مەزەندەی خۆم لە ساڵی ١٩٧٨دا گیراوە

لەراستەوە بۆ چەپ: سەلاح شوان، غازی تەڵوب، یوئیل خامیس، حەمە سەعید، موسڵیح جەلالی، سوعاد ئەدیب، خوالێخۆشبوو نوری حەیران. لە پشتەوەی لای دەستە چەپ: ئەکرەم مەحموود، زادوق، ئەمین شوان، خوالێخۆشبوو ئەحمەد غەفوور، دوایین کەس عەبدوڵڵا عەباس. دوو ئافرەتی پێشەوە لە راستەوە: سەمیرەو ئەویدیکەیان نەناسراوە

# وێستگەی

# ڕۆژنامەنووس

# ٥٣ ساڵ لەمەوبەر، داوای مام جەلال بەلاتینیکردنی ڕێنووسی کوردیی بووە

عەبدوڵڵا زەنگەنە

هەواڵنامەی کتێب

نەتەوەی کورد لەو ڕۆژگارەوەی سەربەخۆیی خۆی لە دەستداوە، چارەنووسێکی سەیر پێشی پێگرتووە، زۆر هۆکار هەبووە، نەهێشتوویە وەکو نەتەوەکانی پێش خۆی بتوێتەوەو تەنیا ناوەکەی بچێتە نێو لاپەڕەکانی مێژوو، نەقەدەریشی وابووە نەتەوەکانی دەوروبەر لە خۆی کراوەتر و پێشکەوتووتر بن، ئەوەتا کورد ماوەو هەر هەولێک بۆماڵیکردن و دەستەمۆکردنی درابێت، ئەوا ئاواتی (سەربەخۆیی) بوون لە بێئاگاییدا نەسڕاوەتەوە، بۆیە لەو ڕۆژەوەی بیری نەتەوەخوازیی پەڕیوەتەوە نێو گەلانی ڕۆژهەڵات، کوردیش هەر بەو ئومێدەوە بووە ڕۆژێک دابێت وڵاتەکەی قەوارەو ئاڵای خۆی ببێت، لەسەردەمی جەنگی یەکەمینی جیهانی تەمای بە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی و چواردە بەند و ڕاسپاردەکانی سەرۆکی ئەمریکا وودرو ویلسۆن بووە، تا کۆتایی بەژێر دەستەیی و کۆیلەیی و داگیرکاریی وڵاتەکەی بهێنێن، بۆیە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، پێشەنگانی ئەو نەتەوەیە، ئەوەندەی بۆیان کرا، پاڵپشتی بۆچوونەکانی سەرۆکی ئەمریکایان کرد، تەنانەت دەگێڕنەوە شێخ مەحمودی زیندوو، دوای محاکەمەکردنەکەی دەربەندی بازیان-ی، چواردە بەندەکەی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لەنێو فەقیانەکەی دەرهێناوەو بەدەمووچاوی یەک لە ئینگلیزەکانیدا داداوەو داوای حەقی نەتەوەکەی خۆی لێیان کردووە.

دواتر کە ئینگلیزەکان هەموو مافێکی کوردییان کردە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، ئەو نەتەوەیە، هەر کۆڵی نەدا، ئەمجارەیان دەستی بەخەباتی ڕێکخراوەییبوون و ڕۆژنامەنووسیی کرد، ئەوەبوو یەک لەدوای یەک کۆمەڵێک پارت و کۆمەڵەو ڕێکخراوە سەریان هەڵداوەو دواتر دەپووکانەوە.

لێرەو لەوێ چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێک دەردەچوون و دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەک ڕەش دەبوونەوە. دیارە ئەوەش کۆمەڵێک هۆکاری خۆی هەیەو لێرەدا جێی نابێتەوە بیانژمێرین.



هەولێر

لەسینی کوردی بە

لاتینی

لەم نێوەندەدا شــاری هەولێری هەڵوێست و کوردایەتی، لەبواری ڕۆژنامەنووســییەوە، لــە دوای شــاری سلێمانییەوە، بەدووەمیــن شاری کوردســتان دەژمێردرێت کە چالاکیی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی تێکەوتووە.

من پێموایە دیســان کۆمەڵێک هۆکار هەن وایانکردووە ئەم شارە درەنگتر ئەم چالاکییە گرنگــەی تێبکەوێت. ئەوەی لێــرەدا دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم، ڕۆژنامەی هەولێر (١٩٥٠-١٩٥٣) لەســەر ئاســتی شــار لەنێو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردیدا، سێیەمین بڵاوکراوەیەو لەســەر ئاســتی پارێزگایــش چوارەمیــن

بڵاوکراوەیە لەم دەقەرە دەرچووە.

رۆژنامەی هەولێر: رۆژنامەیەکی ئەدەبیی سەقافیی هەفتەیی بووە، بە زمانی عەرەبی و کوردیی لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە، پێموایە لە دەرچوونیدا، لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا، لە وێنەی نییە، رۆژنامە یان گۆڤارێک بە دوو زمان دەرچووبێت، بابەتەکانی زمانێکیان لە شارێک تایپ و ئامادە کرابێت و بۆ چاپکردنەکەشی برابێتە شارێکی دیکەی وەک موسڵ و بابەتەکانی زمانەکەی دیکەی لەوێ تایپ و چاپ کرابێت. ئەگەرچی ئەمڕۆکەش لەژێر سایەی چاپ و چاپەمەنییدا، ئەم شێوە چالاکییە ئەوەندە ئاسانە، رۆژنامە لە کوردستان ئامادە بکرێت و لە لەندەن چاپ دەکرێت، ئەوا ئەم جۆرە رۆژنامەوانییە بۆ ئەوسا جۆرە داهێنانێک بووە. ئەوەتا رۆژنامەی هەولێر کە کۆمەڵەی مامۆستایان ژمارە (١) یان لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٠دا دەرکەوتووە، لە ژمارەکانی سەرەتا بەشە کوردییەکەیان لە چاپخانەی (کوردستان) لە (هەولێر) و بەشە عەرەبییەکەیان لە چاپخانەی (الحداد)ی موسڵ چاپکردووە، لە ژمارە (١٤)شەوە تا دوا دانەی رۆژنامەکە، بەشە کوردییەکەی لەهەولێر تایپ کراوە، بە بەشە کوردی و عەرەبییەکەیەوە، لە چاپخانەی (ام الربيعين)دا هەر لەم شارەدا چاپکراوە.

لێپرسینەوەش بەم جۆرە دابەشکراوە:

خاوەنەکەی: کۆمەڵەی مامۆستایانی هەولێر.

مودیری مەسئول: جەمیل رەشید: دەستەی نووسەران: عەبدولمەجید حەسەن- عیزەدین فەیزی-ئەستێر سەعید.

مودیری ئیدارە: جومعە محەمەد. لە ژمارە ١٤وە یوسف شێخ یەحیا بووە بە مودیری ئیدارە و (مستەفا حەسەن)یش خراوەتە نێو دەستەی نووسەران.

لە ژمارە(٦٢)وە مودیری ئیدارە بووە بە (جەمال جەمیل) و (مستەفا حەسەن) لە دەستەی نووسەران نەماوەو یوسف شێخ یەحیا لە مودیری ئیدارە نابینرێت.

لە ژمارە (٦٣)دا (نافیع دەباغ) بووە بە ئەندامی دەستەی نووسەران، تا ژمارە (٨٨) لەگەڵیان بووە.

لە ژمارە (٨٩) (حسێن رەشوانی) شوێنی گرتووەتەوە تا دوا ژمارەکانی کاری لەگەڵ کردوون.

ئەگەر هەروا پێدابچین دەبێت بە چەند ئەڵقەیەک و بە چەند لاپەڕەیەکی ئەم رۆژنامەیە نهێنییەکانی (هەولێر) هەڵبدەینەوە، سەیرەکە لەوەدایە: چاپخانەی (کوردستان)یش تەنیا تا (٦) ژمارەکەی بەرایی بەشە کوردییەکەی بۆ چاپکردوون، دواتر ئەو بەشەی رۆژنامەکەش براوەتە موسڵ چاپکراوە.

**"کاتێک لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە هەڵدەدەینەوە دەبینین کۆمەڵێک لە رۆشنبیرانی ئەوسای کوردستانی هاریکارییان کردووەو بەنامەو بابەتەکانیان بەسەریان کردووەتەوە"**

هەواڵنامەی کتێب

کاتێک لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە هەڵدەدەینەوە دەبینین کۆمەڵێک لە رۆشنبیرانی ئەوسای کوردستانی هاریکارییان کردووەو بەنامەو بابەتەکانیان بەسەریان کردووەتەوە، تەنانەت لە قاهیرەی پایتەختی میسرەوە لەلایەن خوێنەرانی بەسەر کراوەتەوە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر بۆ ئەمڕۆ، ئەوەی لەسەر لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە چاوم پێی کەوتووە، دوو بابەتە بە ئیمزای ئاشکرای (جەلال تاڵەبانی) بڵاوکراوەتەوە، یەکێکیان بە ناوونیشانی (میللەتە یەکگرتووەکان) بووەو لە ژمارە (١٩)ی رێکەوتی شەممەی ٢١ی نیسانی ١٩٥١ بڵاوکراوەتەوە.

دووەمیشیان بە ناوونیشانی (نووسینی کوردی بە لاتینی) لە ژمارە (٢٤)ی رێکەوتی شەممەی ٢٦ی مایسی ١٩٥١دا بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی یەکەمیان بۆ ئەوانە بەجێدەهێڵم کە بایەخ بە سیاسەت و لێکۆڵینەوەی سیاسی دەدەن، بەڵام هەرچی بابەتی دووەمیانە پێموایە تا ئەمڕۆکەش بایەخە زانستییەکەی خۆی لەدەست نەداوە، نووسەر تیایدا ئاماژەی بۆ رای مێژوونووسانی بێگانەو خۆماڵی کردووە. لەوانە (لوسی پۆل مارگرێت)، ئەمین زەکی بەگ، هەروەها ئاماژەی بۆ دوو جۆرە رێنووسی لاتینی کردووە، یەکێکیان هی (تۆفیق وەهبی) بووە، دیارە ئەوەی دووەمیان هی جەلادەت بەدرخان بووە، بەڵام نووسەر ئەوەی دووەمیانی بە باشتر زانیوە، هەروەها نووسەر باوەڕی وابووە زمانی کوردیی بە پێی گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی گۆڕاوە.

زمانێکی فراوان و پڕ لە ئیدیۆمە، زمانێکە بە ئاسانی دەسازێ و لەگەڵ گۆڕانی ژیان رۆژ بەرۆژ سەربەخۆیی و پەسەندی خۆی زیاتر بەخەڵک دەسەلمێنێت و لەگەڵ رۆژگاریشدا وشەی تازەی تێدەکەوێت.

هەروەها نووسەر لە وتارەکەیدا ئەوەشی لەبیر نەکردووە بەبیر خوێنەرانی ئەوسای بهێنێتەوە کە مێژوونووسەکانی بێگانە سەلماندوویانە زمانی کوردیی بەهیچ شێوەیەک لقێکی فارسی و عەرەبی نییە، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆیە.

سەرنجی لێکۆڵەران بۆ ئەوە رادەکێشم ئەم دوو وتارەو هەموو وتارەکانی دیکەی نێو ئەم رۆژنامەیە هەڵدەگرێت جارێکی دیکە چاویان پێدا بخشێنرێتەوەو هەڵبسەنگێندرێنەوە.

**پەراوێز:**

* مەحمود زامدار لە ساڵی ١٩٨٨دا کتێبێکی بە ناوونیشانی رۆژنامەی هەولێر (١٩٥٠-١٩٥٣)، حیکایەتی سەرهەڵدان و کۆتایی لە بارەیەوە نووسیوە، دیارە لەبەر باروزرووفی ئەوسا بووە بە (ج.ت) ئاماژەی بۆ ئیمزای نووسەری هەردوو وتاری ئاماژە بۆ کراو کردووە.

هەروەها بێتەوە (زامدار) کتێبەکەی خۆی بە لێکۆڵینەوەیەکی (٤٠ لاپەڕەیی) کتێبەکەو چەند نموونەیەکی نێو رۆژنامەکە کۆتایی پێهێناوە.

بەشەکەی دیکەی بۆ ئیندێکسی بابەتەکانی نێو رۆژنامەکە تەرخان کردووە، وەک ئاماژەم پێداوە ئیمزای جەلال تاڵەبانی-ی تیایدا بە (ج.ت) تۆمار کردووە.

یەکێکی وەک من کە خەون و خەیاڵم بووەتە گەڕان بەدوای نهێنییەکانی رۆژنامەنووسیی تا ئەو چەند رۆژانەو بینینی چەند ژمارەیەکی رۆژنامەکە نەمزانیوە ئەو دوو پیتە (ج.ت) لە بریی ئیمزای ئەو زاتەیە بووبێت، دەبێت حاڵی خوێنەرێکی ئاسایی لەبارەیەوە چۆن بێت..؟

# چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە ژیانی "دارا تۆفیق"ی ڕۆژنامەنووس

فەرهاد عەونی

وەرگێڕانی: محەمەد وەسمان

هەواڵنامەی کتێب

نزیکەی کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکی سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠ بوو.

بۆ سەردانی مامۆستا دارا تۆفیق چوومە باڵەخانەی دامەزراوی گشتی گواستنەوەی ئاوی کە دەڕوانێتە گۆڕەپانی شەهید کەمال جونبولات، ئەم جۆرە سەردانانە ببوونە ئاسایی لەنێوانماندا "لەبەر ئەوەی هەرچەند سەردانی بەغدام کردبا" هەندێ جار لەماڵەوە دەمبینی، هەندێ جاری دیکەش لەنووسینگەکەیدا.

لەو سەردانەیدا کە چوومە لای، بەهزرمدا نەدەهات کەوا دواجار دەبێت و ئیتر لەسەر شانۆی ژیان، بەو شێوە تراژیدیایە، ون دەبێت و گرێیەک لە پاش خۆی جێ دێڵێت کە ١٨ ساڵە تا ئەمڕۆ نەکراوەتەوە! (ئەم بابەتە لە ساڵی ١٩٩٨ نووسراوەو لە ژمارە ٢٣ی گوڵان العربی لە ٢٥ی نیسانی ساڵی ١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە).

هەر کە چوومە نووسینگەکەی خەریکی گوێگرتن بوو لەدوایین ڕاگەیاندنەکانی ڕادیۆ سەبارەت بە جەنگی ئێراق –ئێران کە هێشتا دوو هەفتەی بەسەردا ڕەت نەببوو. کە چاوی بەمن کەوت لە پشت نووسینگەکەی هەڵسایەوەو پێشوازییەکی گەرمی لێکردم، هەوڵی دا وا پیشان بدات لەبارێکی ئاسایی دایە. هەرچەندە سیمای خەمباری پێوە دیار بوو، بەپێچەوانەی جاران هەستم کرد دڵشکاوە، وام لێکدایەوە، کە لەئاکامی ماندوو بوون و شەکەتی کاری ڕۆتینی بێت، لە فەرمانگە میرییەکان. لەناکاو بەپەنجەی دەستی ڕاستی ئاماژەی تەلەفۆنەکانی سەر مێزەکەی خۆی کرد داوای بێدەنگ بوونی لێکردم، یەکسەر زانیم بارودۆخەکە دژوارەو ئاسایی نییە، بەڵام نەمدەزانی چییە، لەبەر ئەوە تەنیا پرسیارم لەخاوو خێزانی و کاروباری کەسی خۆی کرد. کاتی کۆتایی هاتنی دەوام هات. پێشنیاری کرد، لەو کاتەی بەرەو ئۆتۆمۆبێلە (ڤۆلڤۆ) کەی دەچووین، کەلەسەر شۆستەی



پێش دامەزراوەکەیان راگیرابوو.

داوای کرد "گەر لاریم نەبێت" بچین نانی نیوەڕۆ لە چێشتخانەی ئیتاڵی نزیک فەرمانگەکەیان بخۆین و لەوێش کات بەسەر ببەین، بەبیانووی ئەوەی چێشتخانەکە کەشێکی هێمنی هەیەو خواردەمەنی وای هەیە لە چێشتخانەکانی دیکەدا نییە. کە بەگاڵتە ئاماژەم بەوەدا کە بۆچی وازی لە چێشتخانەی ستراند هێناوە، لەم جۆرە بۆنانەدا، لەسەرەتای حەفتاکاندا کە زۆربەی جاران میوانەکانی بۆ ئەوێ بانگهێشت دەکرد.

وەڵامی دامەوەو گووتی (دەشێ حاڵەتی دەروونیم رێم لێبگرێت بچم بۆ چێشتخانەی ستراند کە لە رۆژانی شکۆییدا هەڤاڵانمان تێدا میوانداری دەکردو تێیدا ناسراو بووین، ئێستا چۆن بچم بۆ ئەوێ کە لەحاڵەتێکی دیکەدام!!).

لە گۆشەیەکی چێشتخانە ئیتاڵییەکەدا، کە هۆڵێکی فراوانی هەبوو، لابەلا دانیشتین. حاڵەتی برسێتی رێی لێ نەگرتم و لەو بابەتە رەت نەبووم کە هزری خەریک کردبووم، هەوڵمدا راکێشی ئاخاوتنی بکەم سەبارەت ئەو بابەتە، بەتایبەتی هۆڵەکە هیچ نیشانەیەکی وای تێدا نەبوو ئاماژە بێت بۆ چاودێری کردن یان شتێکی دیکەی لەم بابەتە. خواردنەکەمان داوا کرد، ئەو دەستپێشخەر بوو وتی : ماوەیەکە وا هەست دەکەم کەچاودێری خراوەتە سەر تەلەفۆنەکانی نووسینگەکەم، هەستی شەشەمیشی"وەک خۆی گوتی" پێی دەڵێت تووشی نالەبارییەک دێت، رووداوێکی دیکەی بیرکەوتەوە لە کاتی کۆچی دوایی باوکی چۆن مۆڵەتی ئاساییان نەداوەتێ بۆ چوونە سلێمانی تەنیا دوای ئەوەی لە رێگای دەزگا تایبەتییەکانی خۆیان دڵنیا بوونە لە مردنی، هەروەها گوتی: "لەو کاتەی لە پرسەی باوکی دانیشتبوو" لەمزگەوتی گەورەدا، هەستی کرد دوو ئۆتۆمۆبێلی پۆلیسی (نەجدە) لەدەرەوەی مزگەوت وەستاون، ئەوەیان باش نەبوو، بەتایبەتی لەشاری خۆی سلێمانی ناوبانگی هەبوو، کە پرسیاری کرد، لە رێگای خزمانییەوە. لەو ئەفسەرانەی لەنێو ئۆتۆمۆبێلەکاندا بوون: بۆ لێرەن؟ وەڵامیان ئەوەبوو کە بۆ پاسەوانی دارا لێرەن، لەوکاتەدا خۆی بەگفتارە جوانەکەی توانی دوو ئەفسەرەکە دڵنیا بکات لە شوێنەکە دوورکەونەوە. لێکدانەوەی کاک دارا بۆ ئەم حاڵەتە ئەوە بوو کەئەوان چاودێریان دەکرد نەوەکا لە دەرفەتێکدا هەڵبێت بۆ ناوچەکانی

ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد.

هەولمدا هێوری بکەمەوە، بە ئاخاوتنی گشتی سەبارەت بەوەی کە دەسەلات دەتوانێت هەر کەسێکی بیهەوێت لەناوی ببات و زیانی پێبگەیەنێت، جگە لەوە، ئەو بەتایبەتی لەسەر بەرزترین ئاست ناسراوە، ئەو رۆژێک لە رۆژان ناوبژیوان و گفتوگۆکارو یەکێک بووە لەشاندی کوردی بۆ گفتوگۆ کردن کە رێککەوتنی یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لێی هاتەبەر. لێرەدا ئاهێکی قوڵی هەڵکێشاو دەستی بە پرچی داهێنا، زۆر جاران کە هەستی بە شتێکی نائاسایی دەکرد: وازی تێکدابێت، وای دەکرد، لە کۆتاییدا هەولیدا حاڵەتەکە ئاسایی کاتەوە تا ئەمن وەرس نەبم، بە تایبەتی دەیزانی چەند رێزی دەگرم.

چێشتخانەمان جێهێشت، بە ئۆتۆمۆبێلەکەی گەیاندمییە شوێنی حەوانەوەم، رێک کەوتین لە ئێوارەی هەمان رۆژ، لەماڵی خۆی نزیک کۆتەڵی نوێی سەربازی ون، لە لای کەرخ یەکدی ببینین.

سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ مامۆستا دارام ناسی، بەوردی دوای کودەتای ٨ی شوبات کە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن فراوان بوو، زۆر لە رۆڵەکانی کوردستان لەهەمان تەمەن و پیشەو مەزهەب لەخۆگرت.

لەبەر تاوو پرشنگ و دادپەروەری هێزی پێلی نەتەوەیی، کە خۆی لەبنەماکانی شۆڕش دەنواندن، تێکەڵ بەرۆشنبیریەتی ئەوانەی خەون بە پاشەرۆژی کورد و کوردستانەوە دەبینن.

لەم کەش و هەوایە دا منیش وەک رۆڵەکانی گەلەکەم هاتمە رێزی ئەو شۆڕشەی بارزانی نەمر، کە لەقووڵایی مێژووی نەتەوەیەکی کەرت کراو لە رووی جوگرافییەوەو بندەست و مافخوراو لێ هەڵکەوتبوو. لەم کەش و هەوایەدا خۆم لەتەک مامم خوالێخۆشبوو (عومەر حەبیب ) بینییەوە لە شارۆچکەی ماوەتی سەر بەپارێزگاری سلێمانی، لە بارەگای دادگای ماوەت لە رێزی پێکهاتەکانی دادگای بەرزی شۆڕش.

لەسەرەتای مانگی تشرینی دووەم لەهەمان ساڵ گواستمانەوە بۆ دێی عیساوی سەر بەناحیەی ماوەت، لە نێوان دێی ژاژلی و رووباری (تیتی) لەسەر سنووری رۆژهەلاتی کوردستان، لە خانوویەکی لادێی لە خشت و قوڕ دروست کرابوو، وەک هەموو خانووەکانی دیکەی لادێیان. لەناو ئەو خانووانەی بەرپرسی کارگێڕی و تەیارکردن و هەواڵگری و گەیاندن لەنزیک بارەگای ئەو کاتی مەکتەبی سیاسی پارتی، ئەو خانووانە لە بن سێبەری دارە گەورەکان دروست کرابوون بۆ شاردنەوەی

> **لەم کەش و هەوایە دا منیش وەک رۆڵەکانی گەلەکەم هاتمە رێزی ئەو شۆڕشەی بارزانی نەمر، کە لەقووڵایی مێژووی نەتەوەیەکی کەرت کراو لە رووی جوگرافییەوەو بندەست و مافخوراو لێ هەڵکەوتبوو**

هەواڵنامەی کتێب

بارەگاکان لە فڕۆکەکانی دوژمن.

ئـەو خانـووەی تێیدا دەژیان لـە دوو ژووری ناویەک و نـزم دروسـت کرابوون، یەکێکیان بۆ خەوتن و پشـوو تەرخـان بوو، ئـەوی دیکە وەک نووسـینگە بـوو، تیایدا بڕیارەکانی دادگەی تێهەڵچوونەوەیان لەسـەر دەکرا کە لە دادگاکانی شۆڕشەوە دەهات.

ئـەو خانـووەی ئێمە تێیـدا بووین یەکـەم خانوو بوو بەگوێرەی ئەو کەسەی لەلای ماوەتەوە بێت چەند مەترێک دوور بـوو لە وێسـتگەی گشـتی کەلەبەر بەفر لەبەرچاومـان ون بووبوو، بەتایبەتی لەزستانی ساڵی ١٩٦٣. جووڵەی هاتووچۆ زۆر سسـت بوو بە هـۆی کەش و هەوای تونـدو سـەخت، تەنیا لەحاڵەتی گەیشـتنی بروسـکەیەکی بەپەلـە نەبێـت، سـەبارەت بـە سـەرکەوتنێکی هێزی پێشـمەرگە یان تێکشـکاندنی تانکێک لە یەکێک لەبەرەکانی جەنگ دژی دوژمن.


مستەفا بارزانی و دارا تۆفیق

لە سێیەکی دوایی مانگی تشرینی دووەم لەسـاڵی ١٩٦٣، بە وردی لە رۆژی (٢٢)ی ئـەم مانگە، لەو کاتی چێشـت خواردندا کە قاپـە نیسـکێک و چەند ئەسـتوورکە نانی جـوان نەبرژاو بوو، لەوکاتیـدا هونەرمەند عومـەر دزەییمـان لەگەڵ دابـوو کە پێش دوو رۆژ بە میوانی هاتبووە لامان. لەوکاتە میوانێک لێمان بەژوور کەوت، لاوێکی کۆک، جلکە خاکییەکەی لەگەڵ باڵای رێک نەبوو. شەرواڵەکەی زۆر کورت بوو، پشتێنەکەی کـەم و کورت لەدوو مەتر قوماشـی رەش زیاتـر نەبـوو. جانتایەکی قاوەیـی لەکۆڵ بـوو، بـە شـەرمەوە سـڵاوی لێکردیـن کەسـمان لەیەکەم ترووکە نەمانزانی کێیە، فەرمووما‌ـن لێکـرد، لەو گومانـە دابووین کەوا کەسێکە رێی ون کردووەو هاتووە بە شوێن برادەرێکی یان ناسیاوێکی و لێی دەپرسێت.

کە لە گەڵ ئێمە دانیشت و عومەر دزەیی هاواری کرد، دارا، ئەوەیـان بـووە هۆی ئـەوەی میوانەکەمان سـیمای بگۆڕێت، عومەر میوانەکەی بەکورتی پێناسـاندین، گوتی: ( دارا تۆفیق، ئەندازیاری شارسـتانی، خەڵکی سـلێمانییەو تێکۆشـەرێکی ناسـراوە). زۆر بەگەرمی بەخێرمان هێناو هەر لە سـیمای دیار بوو سـادەو دەم بەخەندە بوو، وای کـرد زۆر بایەخی پێبدەین، هەر نیو کاتژمێر بوو لای ئێمە

بوو خۆبەخشانە ئامادە بووم و چووم بۆ چێشتخانەی گشتی لە بارەگا بۆ چێشت هێنان، کە قاپە نیسکێک و سەلکە پیازێک و چەند ئەستوورکێکی تەندوور بوو. دوای ئەوەی چێشت خواردن تەواو بوو باسی ئەرکەکانی خۆی دەکرد لە ماوەی رابردوو، واتە دوای داکەوتنەوەی شەڕ لەگەڵ حکومەتی نوێ. لەوماوەیەدا ئەو ئەرکەی پێسپێردرابوو کەوا سەرپەرشتی تیمێک بکات لە ناوچە جیاجیاکانی ئازاد کراوەکان گەنم کۆبکاتەوە بۆ پشتگیری شۆرشی کورد، لە و کاتەدا رووبەڕووی توندوتیژ ترین هێرشی سەربازی دەبووەوە لەدوا ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣. ئەوەشی باس کرد کەوا تیمەکەی چالاک تر بوو لە هەموو تیمەکانی دیکە، لەوکاتی دا زۆر بەبێ ورەیی قسە دەکات بەچاو دەدویێت، لەو کارەی خۆشحاڵ نەبوو هەرچەندە بەباشی ئەنجامی دابوو.

کاکە دارا هەفتەیەکی تەواو لای ئێمە مایەوە، کەش و هەوای ژوورەکەمان بەتەواوی بە بوونی وی گۆڕابوو، بەردەوام سەبارەت بە ژیانی ئەوروپاو ژیانە سیاسییەکەی دەدوا، لەبەرئەوەی هەر لەلاوییەوە کە قوتابی بوو لە قۆناغی ئامادەیی(خۆی لە شاری سلێمانی ساڵی ١٩٣٢ لە دایک بووە) تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بووەو کە بۆ بەغدای پایتەختیش چووەتە چالاکی سیاسی کارابووە، دوای چوونە زانکۆی بەغدا، لە بەشی شارستانی کۆلێژی ئەندازە.

دینامیکیەتی چالاکی سیاسی و رۆشنبیرییەکەی بوونە هۆی ئەوەی دوو ساڵ لە زانکۆ دەربکرێت. لە ئاکامدا لە ساڵی ١٩٥٢ چووەتە ئینگلتەرا بۆ تەواوکردنی ئەندازە لە زانکۆکانی ئەوێ و لەساڵی ١٩٥٧ بوو بەئەندازیار.

لەو ماوەیەی لە وێ بووە کاری سیاسی واز لێ نەهێناوە، بەڵکو چالاکی سیاسی زێتر بووە، بە هۆی کەش و هەوای سیاسی لیبرالی و دیموکراسی. بەم شێوەیە لە هاوکارە چالاکەکان بوو بۆ یەکەم کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کە لە شاری (فیزبادن)ی ئەڵمانی لە ١٩٥٦/٨/١٠ لەگەڵ هەڤاڵە دامەزرێنەکانی دیکەی سازکرا. لەوانە (عیسمەت شەریف وانلی، نورەددین زازا، سەعدی حەمەدەمین دزەیی، تەحسین هەورامانی، زاهیر حوسێن، نیهاد ماجید مستەفا) هاوکاریان کرد لە دامەزراندنی رێکخراوی خوێندکارانی کوردی تێکۆشەر کە رۆژێک لە رۆژان باڵیۆزی کورد و کوردستان بوو، پێش ئەوەی دەستی کەرتکردنی بگاتێ.

کاک دارا پێگەیەکی بەرچاوی لە سکرتارییەتی یەکێتی لاوانی دیموکراسی جیهانی هەبوو، لە بڕیارەکانیشی بۆ

> **دینامیکیەتی چالاکی سیاسی و رۆشنبیرییەکەی بوونە هۆی ئەوەی دوو ساڵ لە زانکۆ دەربکرێت**
> **کاکدارا پێگەیەکی بەرچاوی لە سکرتارییەتی یەکێتی لاوانی دیموکراسی جیهانی هەبوو**



هەواڵنامەی کتێب

بەرژەوەندی کێشـەی نەتەوەکەی کاریگـەر بوو، بەهۆی پاشخانی سیاسی و کارامەیی کە لەکارەکەی دەینواند.

پێش هاتنی ئـەو بـەردەوام گوێدێری رادیـۆ بووین. رادیۆکەمـان لـە جـۆری (ماسـکوت) بـوو، بۆ بیسـتنی هەواڵەکان، تامەزرۆی بیستنی هەواڵەکانی شۆڕشی کورد بوویـن. بە تایبەتی ئەوکاتەی پڕ بوو لەهەواڵ سـەبارەت بـە کورد، دوای ئـەوەی راگەیاندنی ئەوروپای رۆژهەڵات دەرگای بۆ هەواڵەکانی کردەوە، دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و جاردانی لەناوبردنی شیوعییە ئێراقییەکان لەلایەن ئـەو رژێمەی دوای کوشـتنی زەعیم عەبدولکەریم قاسـم هاتـە سـەر تەخت. هاتنـی کاک دارا هـاوکات بوو لەگەڵ رووداوێکـی زۆر سـەرنجڕاکێش، ئەویـش تیرۆرکردنـی سەرۆکی ئەمریکی لاو جون کینیدی، بوو لە شاری دالاس هەندێ لە لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کەوا کوبا پلانی ئەم رووداوەی کێشـا بێـت. کاک دارا لەهەموومان زیاتـر بایەخـی بەبابەتەکـە و بەدواداچوونـی دەدا، هەتا درەنگانـی شـەو خەریکی گۆڕینـی میلی رادیـۆ بوو بۆ راسـت و چـەپ بەدوای هەواڵەکانی ئـەم ئێزگە و ئەوەی تـر و بەزمانەکانـی عەرەبـی و ئینگلیزی بۆ بیسـتنی دوا هەواڵەکانی رووداوە ناوبراوەکە دەگەڕا.

هەر لەدێی عیسـاوی و دوای یەک هەفتەی تەواو دارا ماڵئاوایی لێکردین، ئەمجارە بەرەو کارێکی دیکەی جیاواز لەئەرکی پێشـووی، دوای ئەوەی شـارەزای خەسـڵەت و مەعدەنی کاک دارا بووین. ئێمەی جێهێشـت دوای ئەوەی یـەک ئامـۆژگاری زۆر گرنگی کـردم ئەویش بـەردەوام بوونە لەخوێندن،بەهەر شـێوەیەک بێت، ئامۆژگاری کردم بەهانەی نابەجێ نەهێنمەوە بۆ نەخوێندن، بەشی یەکەم و دووەمی رۆمانی (هالفولاذ سقیناه) وناملیکەیەکی رەنگین هەندێ لەچوارینەکانی خەیامی بەزمانی فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی لابەجێهێشتم لەسەر تۆمارکرابوو.

ئەم ناملیکەیە(پاراسـتراو بوو تاکو) لە ساڵی ١٩٧٤ کە دەسـتی پیاوانی رژێم گەیشـت ماڵیان تالانکرد بەبیانووی ئەوەی لەساڵی ١٩٧٤ چووبوونە ریز شۆڕش.

بـەم شـێوەیە کاک دارا هەسـتێکی زۆر باشـی لابەجێهێشـتم،رۆژو مانـگ و سـاڵان نەیانتوانی لە بیرمی ببەنـەوە، ئامۆژگارییەکەی بەبـەردەوام بوون لە خوێندن هاندەرێکی گەورەم بوو بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی لە کۆیە. لە ئەزموونی وەزارەتی شیاوی وەرگرتنم بوو لە کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی بەغدا بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٦-١٩٦٧.

لەو رۆژانەدا سەردانی بینایەی رۆژنامەی (التآخی) مان

**"بـەم شـێوەیە کاک دارا هەسـتێکی زۆر باشـی لابەجێهێشتم،رۆژو مانگ و ساڵان نەیانتوانی لە بیرمی ببەنەوە، ئامۆژگارییەکەی بەبـەردەوام بـوون لـە خوێنـدن هاندەرێکـی گەورەم بوو بۆ تەواوکردنی خوێندنـی ئامادەیـی لە کۆیە"**

دەکرد کە لە گەڕەکی عیوازییە بوو، ببووە شوێنی بەیەک گەیشتنی هەمووان (ڕۆشنبیر، سیاسەتمەدار، قوتابی، حیزبی، سەربەخۆی عەرەب و کورد، بوو بە بنکەیەکی ڕاکێشانی هێزە دیموکراسییەکان لەبەرئەوەی (التآخی) لایەنی دووەمی هاوکێشە سیاسییەکەی عێراق بوو، کەشی سیاسی لەباربوو لەماوەی حوکمڕانی فەریق (سوپا سالار) عەبدولرەحمان عارف؛ لە یەکێک لە ئێوارەکانی پایزی ١٩٦٧ دووبارە لە خانەی (التآخی) دارام بینیەوە، بینیم لاوێکی ڕێکپۆشی قەشەنگ و زۆر جیاواز لەوەی ئەوکاتی کە لەزستانی ١٩٦٣ لەدێی عیساوی ناسیم.

یەکسەر منی ناسیەوە زۆر خۆشحاڵ بوولای وی بمێنمەوە کەزانی قوتابیم لەزانکۆدا، بانگێشتی کردم، دوای سەردانی شەهید ساڵح یوسفی و ئەندامانی دەستەی نووسەران، دوای دەرچوونی دەستی گرتم و لە بینایەی ڕۆژنامەکە دەرچووین و روومان لەشەقامی گشتی کرد، بەرەو گەڕەکی (رەئس ئەلحەواش) ئاخاوتنەکەمان سەبارەت باری سیاسی گشتی کوردستان و باری جیابوونەوەکەو هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانمان لە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، تێبینییەکانی سەبارەت بەو بوارە زۆر سوود بەخش بوون، بەڵێنی پێدام جارێکی دی وچەند جارێکی دیکە یەکدی ببینینەوە.

هەرچەندە دەرفەت بڕەخسێت ڕێکەوت وا هات جارێکی دیکە بەیەک بگەینەوە کە لەگەڵ شاندی کوردی بوو بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ تێکۆشەران (ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، نوری شاویس، ساڵح یوسفی، سامی عەبدولرەحمان، نافیز جەلال، د. مەحموود عوسمان) لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ لە (قەسری ئەبیەز) لە بەغدا، کەمیوانداری حکوومەتی عێراقی بوون بۆ وتووێژکردن سەبارەت بە بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ئاشتی کە پێشینەی دڵنیابوونی هەردوولا (کوردو حکوومەت) بوو بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەیەک داخوازییەکانی گەلی کوردستان دێنێتەدی، بۆ ئەو مەبەستە دارا لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٩ بەراسپاردەی بارزانی چوو بۆ بەیروت بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمینداری گشتی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی (میشیل عەفلەق). هەروەها سەردانی بەغدای کرد لە سەرەتای هەمان ساڵ چاوی کەوت بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەوکاتی بۆ ئامادەکردنی گفتوگۆ سەبارەت بە چارەکردنی ئاشتییانەو دادپەروەرانەی مەسەلەی کورد. سەرەنجام سەرکەوتنی لە دەستپێشخەری ئاشتی بەدەست هێنا و هەردوو لا گەیشتنە شێوەی ڕێکەوتنێک بەندەکانی لە ١١ی ئاداری

**"دارا لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٩ بەراسپاردەی بارزانی چوو بۆ بەیروت بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمینداری گشتی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی (میشیل عەفلەق)"**

١٩٧٠ ڕاگەیاندرا. تیایدا دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا دانی نا بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی، ئەم ڕێککەوتننامەیە بە گرنگترین ڕێککەوتننامە دەژمێردرێت لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقییەوە لە بیستەکانەوەو تا ئەمڕۆ. سەرەڕای ئەوەی بەڵگەنامەیەکی مێژوویە لە مێژووی گەلی کورد بنچینەیەکی پتەوی دانا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ئاشتیانە.

دوای ڕێککەوتننامەکە، کەشێکی گونجاو لەنێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد پەیدابوو، بەتایبەتی لەمانگەکانی بەرایی و بوار ڕەخسا کۆنگرەی هەشتەمی پارتی بەئاشکرا ببەسترێت و بە ئامادەبوونێکی فرەوان سەرەڕای هەڤاڵەکانی ئەندامی کۆنگرە کەوا لە کۆنفرانسەکانی حیزب هەڵبژێردرابوون، ژمارەیەکی زۆر نوێنەری حزبە عێراقییەکانی دیکە ئامادەبوون، لە پێشەوەیان نوێنەری حیزبی شیوعی عێراقی وحیزبی بەعس و حیزبە کوردییەکانی دیکە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانی گەورەو ڕێکخراوە دیموکراسییەکان و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو کەسایەتی کوردی بەناوبانگ کامەران بەدرخان.

لەو کۆنگرە گەورەیەدا کە ئاکام و بڕیاری گرنگی لێکەوتەوە دارا تۆفیق بۆ یەکەم جار بوو بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی، پاش حەوت ساڵ لەهاتنە ڕیزی شۆڕش، کە تیایدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا پێش ئەوەی ببێتە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، لەبەر متمانەی بارزانی نەمر بەدارا، سەرەڕای ئەوەی ڕۆشنبیر بوو. پاشخانێکی سیاسی پێشینەی هەبوو لە ڕیزی حیزبی شیوعی عێراقی و سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی جیهانی و زانینی زمانی ئینگلیزی، لەبەر خوێندنی لە ئینگلتەرا، سەرەڕای ئەوەی خاوەن ئاکارێکی بەرزو سادەبوو لە ڕەفتارو دڵسۆز بوو. سەرەتا، پاڵێوراوبوو بۆ بوونە وەزیری کشتوکاڵ لە پێکهاتەی وەزارەتی دوای ڕێککەوتننامەکە، کە لە ئاکامدا بەڕێزان (سامی عەبدولرەحمان، نوری شاوەیس، ساڵح یوسفی، ئیحسان شێرزاد، نافیز جەلال) بوونە وەزیر، بەلام پالاوتنی گۆڕاو خوالێخۆشبوو نافیز جەلال بوو بە وەزیری کشتوکاڵ لەبری دارا تۆفیق، ئەویش بۆ ئەرکێکی دیکە پالێورا، دواتر ١٩٧١/٤/٥سەرۆکایەتی ستافی ڕۆژنامەی (التآخی) گرتە ئەستۆ، لەم پۆستەدا بە توانایی و لێهاتوویی خۆی ئەم دەزگا ڕاگەیاندنە گەورەیەی بەڕێوە دەبرد. بواری ڕۆژنامەنووسی لەکاتیدا گەنگەشەی ڕۆژنامەنووسی گرنگی بەخۆوە بینی، کەم وێنەبوو، واتە (التآخی) دەرکرد، جارێک لەگەڵ ڕۆژنامەی (الجمهوریە)ی بەغدادی، کەزمان

"ئەم ڕێککەوتننامەیە بە گرنگترین ڕێککەوتننامە دەژمێردرێت لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقییەوە لە بیستەکانەوەو تا ئەمڕۆ"



حاڵی حکومەتی عێراقی بوو، جارێکی دیکە لەگەڵ ڕۆژنامەی (الثورة) زمانحاڵی حیزبی بەعس وجارێکی دیکە لەگەڵ ڕۆژنامەی (طریق الشعب) زمانحاڵی حیزبی شیوعی عیراقی بە شێوازێکی ڕەسەن و سەرنجڕاکێش و لۆجیکێکی هۆشمەندانە، بەم جۆرە (التآخی) بوو بە ڕۆژنامەی یەکەمی عێراق.

جارێکی دیکە مامۆستا (دارا تۆفیق)م لەساڵی ١٩٧٢ بینیەوە، لە جارەکانی دیکە جیاواز بوو، مامۆستا سامی عەبدولڕەحمان (ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وەزیری کاروباری باکوور) ئەوکاتی بڕیاری دامەزراندنی منی لە ڕۆژنامەی (التآخی) وەک بەڕێوەبەری کارگێڕی پێی ڕاگەیاندم.

دوای ئەوەی ئەرکم لە سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق کۆتایی هات، بەم تەکلیفە زۆر خۆشحاڵبووم، لەبەر دوو هۆ، یەکەم: کارکردن لەگەڵ کاک دارا، لەوکاتەی ئەو بەرپرسی ئەو دەزگا ڕۆژنامەوانییە بوو. دووەمیان: چوونە نێو جیهانی ڕۆژنامەگەرییە لە فرەوانترین شوێن و دەرگاکانیەوە.

دوای ئەوەی چوومە (التآخی) کاکە دارام لەنزیکەوە ناسی، پەیوەندییەکەمان پڕبوو لە خۆشەویستی، یەکەم متمانەی تەواوی بەمن دا لەکارگێڕی و کاروباری دارایی، دووەم چاوگێڕان بە پۆستەی ڕۆژنامەو خوێندنەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان و لەدواکایە تەکلیفی لێ کردم سەرپەرشتی ڕۆژنامەی(برایەتی)بکەم بە تایبەتی لە هەڵبژاردن و شیانی بابەتە سیاسییەکان،دوای کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو ڕەفیق چالاک لە ١٩٧٣/١١/٣٠ کارەکەم تامانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بەردەوام بوو واتە کاتی دەرچوونمان لە بەغدا بۆ چوونە ریز شۆڕش لەگەڵ دەرکەوتنی سەرەتاکانی سەرهەڵدانەوەی شەڕ پاش ئەوەی حکومەت خۆی دەدایە دواوە لە جێبەجێ کردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە.

کە ئەو متمانەی کاکە دارا ئەوکاتی بەمنی بەخشی،

**دوای ئەوەی چوومە (التآخی) کاکە دارام لەنزیکەوە ناسی، پەیوەندییەکەمان پڕبوو لە خۆشەویستی، یەکەم متمانەی تەواوی بەمن دا لەکارگێڕی و کاروباری دارایی، دووەم چاوگێڕان بە پۆستەی ڕۆژنامەو خوێندنەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان**

بەبیردێنمەوە، لەکاتی ئامادەنەبوونی لە بەغدا بەهۆی سەردانە زۆرەکانی بۆ بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان یان لە سەردانەکانی بۆ دەرەوەی ئێراق. زۆر حاڵەت هەن دەشێ نەتوانم مافی خۆیان پێبدەم. ئەوەندە شانازییەم بەسە کەلەگەڵ مامۆستا سامی عەبدولرەحمان تەکلیفی ئەوەیان لێکردم نامەی سەرۆک بارزانی بۆ کۆنگرەی دەوڵەتانی بێلایەن ببەم کە لەجەزائیر بەستران لەیەکێک لە بابەتەکانی لە یادگەوە (من الذاكرة) باس دەکەم. سەرەڕای دیاری کردنم بۆ چوونە دەرەوەی ئێراق دوو جاران یەکەم بۆ کۆماری رۆمانیای سۆشیالیستی، دووەم بۆ کۆماری ئەڵمانیای دیموکراسی. سەرەڕای چەندان جار تەکلیف کردنم بۆ سەردانی کوردستان. بەسروشت لەبڕیاردان تاکڕەو نەبوو، وا راهاتبوو رای هەندێ برادەری لە نووسەرو دەستەی نووسەرانی (التآخی) لە کاروبارە گرنگەکان وەردەگرت، کەوا نووسینگەکانی (التآخی) گەواهی دەرن. لەهەڵسوکەوتی برایانەیدا گەورەبوو. لەهەڵسەنگاندنی کەسانی دیکە مەزن بوو، لەهەڵسوکەوتیدا لەگەڵ ئێمە وای پێشان نەدەدا کە هەموو شتێک دەزانێت، یان دەتوانێت بەتەنیا کارێک بکات یانیش (یەک تیم) ی باو بوو لای ئەو. لەم رێگایەوە خۆشەویستی دەورو‌بەری بۆ خۆی رادەکێشا بێ ئەوەی تەنیا بە رواڵەت وا پێشان بدات.

ئێستا کە باسی خەسڵەتەکانی ئەم پیاوە دەکەم رووداوو بۆنەکانی لەیادەوەریم دا هەڵکەندراون، بە لێشاو رووم تێدەکەن! وەک سەرکردەیەک لە پێگەی خۆی کاری دەکرد، بەبێ ئەوەی کاربکاتە سەر کاکڵە مرۆییەکەی و رەفتاری لەگەڵ کەسانی دیکە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەوانەی رۆژێک لە رۆژان ئەستێرەبوون، لە بازنەی بەناوبانگی و (پیاوی سەردەمی خۆیان بوون) لەبەر ئەوەی وا هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردن کە وا بزانن هێشتا لەهەمان پێگەدان کە رۆژێک لەرۆژان هەیان بووە.

لەپاش نیوەڕۆی رۆژێکی پایزی ١٩٧٣، راهاتبووم لەسەرمانەوە لەبارەگای رۆژنامە بۆ ئەنجامدانی کارە رۆشنبیرییەکان و بەدواداچوونی کاروباری پەیوەندیدار بە رۆژنامە لەناکاو کاکە دارا بەژوورکەوت، ژووری من لەتەک ژووری ئەو بوو، لە ئەپارتمانێکی چوار ژووردا لە کۆی دوازدە ئەپارتمانەکەی چینی یەکەم لە باڵەخانەی ئەتلەسی سەر شەقامی سەعدون، بەچەند مەترێک دوور لە گۆڕەپانی (نەسر).

کەم وا دەبوو دوای کاتژمێر دوازدە بمابایەوە مەگەر بۆ نووسینی سەروتاری رۆژنامە لەبەر ئەوەی کاتژمێر

> **ئێستا کە باسی خەسڵەتەکانی ئەم پیاوە دەکەم رووداوو بۆنەکانی لەیادەوەریم دا هەڵکەندراون لەهەڵسوکەوتی برایانەیدا گەورەبوو. لەهەڵسەنگاندنی کەسانی دیکە مەزن بوو، لەهەڵسوکەوتیدا لەگەڵ ئێمە وای پێشان نەدەدا کە هەموو شتێک دەزانێت**

شەشـــی ئێوارە دیســـان دەهاتەوە دەوام، تا کاتژمێر دەی شـــەو. هاتنی بـــۆ ژووری من لەو ڕۆژەو لـــەو کاتژمێرەدا سـێی پـاش نیوەڕۆ، جێی سەرسـوڕمانی من بـوو لەبەر ئەوەی بەیانی کە دەوام کۆتایی هات، کەلە شەوی پێشوو کوردســـتان هاتبووەوە هیچی پێ نەگوتـم، پێی گوتم (نانی نیـوەڕۆت خـواردووە؟) وەڵامـم بە نەخێر دایـەوە، ئینجا پێشـنیاری کـرد بەیەکـەوە لە چێشـتخانەی سـتراند نان بخۆیـن، بەرەو ئۆتۆمۆبێلە (فیات)ەکـەی چووین، بەخۆی لێیدەخـوڕی. لە ڕێـگادا پێی گوتـم بەیەکـەوە دەچین بۆ سەردانی کەسایەتییەکی سـەربازی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان جێی باســی خەڵک بووە. هەر ئەوەندەی گوت تا گەیشتینە چێشـتخانەو دانیشـتین، دیسان گەڕایەوە سـەر ئاخاوتن سـەبارەت ئـەم بابەتـە، پێی گوتـم: لە کاتژمێـر چواری عەسری ئەمڕۆ دەچینە ماڵی فەریقی خانەنشین نورەددین مەحمـوود سـەرۆک وەزیرانـی ئێراقی هەرە پێشـوو بۆ ئەوەی نامەیەکی ڕێزدار بارزانی، کە بۆ ئەویان نووسیوە، بۆی ببەم، ئەوەشـم زانی کەوا ئەوەیان دووەم سـەردانە دێتە ئێرە.لەهۆیەکانی ئەم سـەردانەم نەپرسـی، چونکە دەمزانی تەنیا باسی شتە پێویستییەکانی دەکرد.

خوالێخۆشبوو نورەددین مەحموود گەورە سەرکردەی سوپای ئێراقی بوو، کورد بوو، سەرۆک ئەرکەکانی سوپا بوو. لەوکاتەی لەلایەن دەرباری شاهانەوە لەساڵی ١٩٥٢ تەکلیف کرا سـەرۆکایەتی وەزیران لە ئەسـتۆ بگرێت لەو ڕۆژانەدا لە ساڵی ١٩٥٢ خەڵک زۆر نائارام بوون هەر لەبەر ئەمەش دەرباری شـایانە کەسـایەتییەکی وەک نورەددین مەحموودی هەڵبژارد کە سـەرکردەیەکی سـەربازی بوو بـۆ ئەوەی بەرهەڵسـتکاران بێ دەنگ بـکات و کۆنترۆڵی بارودۆخی گشتی بکات.

دیمەنـی ماڵەکـەی لـەدەرەوە (ماڵـی فەریـق رووکن نورەددیـن مەحمـوود) لەبەر دەرگاکەی بـە ئۆتۆمۆبێلێک وەسـتاین. کە هیچ نیشـانەیەکی وەهای تێدا نەبوو پێشان بـدات خاوەنەکەی ڕۆژێـک لە ڕۆژان سـەرۆک وەزیران بووبێـت، خانوویەکـی سـادە بـوو لەگەڕەکێکی شـاری بەغـدا. پیرەژنێک دەرگای لێکردینەوە ئێمەی بردە ژووری سـاڵۆنەکە دەیروانییـە باخچەیەکی پێشـەوەی ماڵەکەی. وێنەیەکی ناوەنجی کە پێکهاتەی وەزاری ١٩٥٢/١١/٢٣ ی پێشان دەدا کە خوالێخۆشبوو سەرۆکایەتی دەکرد، لەسەر یەکێـک لـە دیـوارەکان هەڵواسـرابوو.وێنەیەکی دیکەش کـەوا بە پلەو پایەی سـەربازی و مەدالیـا ڕازێندرابۆوە، کەلەسـەر لای چەپی سـینگی هەڵواسراو لەتەک وێنەکەی دیکە بوو. زۆر بەخێرهاتنی کردین وادیاربوو زۆر ماندوو

> **دیمەنی ماڵەکەی لەدەرەوە (ماڵی فەریق رووکن نورەددین مەحموود) لەبەر دەرگاکەی بە ئۆتۆمۆبێلێک وەستاین. کە هیچ نیشانەیەکی وەهای تێدا نەبوو پێشـان بدات خاوەنەکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرۆک وەزیران بووبێت**



بسم الله الرحمن الرحيم

القسم/ الاداري/ الافراد
الرقم/ ٧٨
التاريخ/ ١٩٨١/١/١٣
وزارة النقل والمواصلات
المؤسسة العامة للنقل المائي العراقية

بدالة عشرة خطوط ٩٥٠١١
شارع سعدن — بغداد
ص.ب ٣٠٥٢

سري و شخصي وعلى الفور

الى/ وزارة النقل المواصلات/ المكتب الخاص

م/ تحير عن سيارة

لاحقا بكتابنا المرقم ٢٤١٨ في ١٩٨٠/١١/١٠ اعلمنا مديرية شرطة محافظة دهوك/ الحركات بكتابها المرقم ٢٨ في ١٩٨١/١/٣ —المعنون الى مديرية شرطة بلدة دهوك ونسخة منه المنشأة العامة للنقل النهري بداد ومرفقة برقيتها المرقمة في ١٩٨٠/١١/١٠ بنه العثور على السيارة المرقمة حكومي ٥٥١ فالفو صالون بيضاء اللون والتي كان بصحبة مدير عام المنشأة العامة للنقل النهري دارا توفيق فتح الله والذي انقطع عن الدوام بتأريخ ١٩٨٠/١١/٥ مروكية بالقرب قرية (ديره بون) ناحية السليفني وبعد الكشف وجد عليها آثار اطلاقات نارية من الامام وخلف ولم يشاهد مايستفاد منه عن وقوع جريمة قتل او غيرها وطلبت تزويدها باسم السائق التي كانت السيارة بذمته. راجين العلم بان سائق السيارة مذكورة هو السيد هادي سمير راجين التفضل بالموافقة على ايفاده الى محافظة دهوك لغرض جلب السيارة واعلامنا مع التقدير.

رئيس المؤسسة بالوكالة
علي حسين العسكري

صورة منه الى/ المنشأة العامة للنقل النهري/ بغداد كتابكم المرقم ٨ في ١٩٨١/١/١٠.
الاداري/ الافراد — مع الاوليات.

و شـەکەتە، بەهـۆی ژیانـی سـەربازی کە بەسەری بردبوو. سـەرەڕای بەساڵاچوون و فەرامۆشـکردنی لەلایەن بەرپرسـانەوە بـە پێی ئـەو داب و نەریتە ڕۆژهەڵاتییەی کە تیایـدا خەڵک خانەنشـین دەکرێن یان لادەبردرێن بەزەبری چەک یان بە ساڵان دادەچن،فەرامـۆش دەکرێـن. تەنیـا لەو کاتانە بەبیریان دێنەوە کە مێژوونووسێک یاخود یـادەوەری نووسـێک، بابەتێک دەنووسێت (پاڵەوانەکە) جارێکی دیکە لەسەر شانۆ بەدەردەکەوێتەوە، بەڵام ئەمجارەیـان تەنیا لەچەنـد دێڕێکداو لەچەند لاپەڕەیەکدا.

قاوەی تاڵمان خواردەوە،کە دڵنیا بوو من کێم پاش ئەوەی کاکە دارا منـی پێ ناسـاند وتووێژەکان بەم شێوەی خوارەوە بوون:

دارا تۆفیـق: بارزانـی سـڵاوێکی گەرمـت لێـدەکات، لـە تەندروسـتیت دەپرسـێت، هیواداربوو لەکوردسـتان بتانبینێت ئەگەر بارودۆخـی تەندروسـتیت یارمەتـی دەر بـوو، هەروەها بارودۆخی گشـتیت ئەو (بارزانی) نامەیەکی دەستنووسی خۆی بۆ بەڕێزتان ناردووە (لێرەدا کاکە دارا دەسـتی برد بـۆ جانتاکەی، نامەکەی لێوەدەرهێنا ودایە دەسـت فەریق نوورەدیـن مەحموود) هەروەها رای سـپاردووم (هێشـتا قسەکان هی کاکەداران) کەوا چ داوایەکت هەبێت بۆتی جێ بەجێ بکەم. دەتوانن بەم ژمارە تەلەفۆنانەی رۆژنامەکەمان پەیوەندیم پێوە بکەن.

فەریق نورەددین مەحموود:

زۆر سوپاسی بەڕێزیان دەکەم (نەیتوانی ئاخاوتنەکەی تەواو بکات، لەبەر ئەوەی فرمێسکی لەچاوان هاتنە خوارەوە. چونکە زۆر کاری تێکرد چاویلکە پزیشـکییەکەی نەیتوانی بیانشارێتەوە، دەستی بە خوێندنەوەی نامەکە کرد نزیکەی دە خولەکی خایاند)کە هاتەوە سـەرباری ئاسـایی دیسان دەسـتی بـە ئاخاوتن کردەوە، گوتی: لەگەڵ زۆر کەسـان دابووم، لەگەڵ گەورە سـەرکردەکانی سوپا کارم کردووە سیاسەتمەدارانم لەنزیکەوە بینیوە، لەهەموو ئەو ماوەیەدا ئەوەندە هەسـتم بە ڕێزلێنـان نەکردووە، وەک لەنامەکەی بارزانی هەسـتم بەرێزلێنان کرد، کەوا ستەممان بەرامبەر کرد (مەبەسـتی ئەفسەرە ئێراقییەکان بوو) لە راستەقینەی

**لەگەڵ زۆر کەسـان دابووم، لەگەڵ گەورە سەرکردەکانی سـوپا کارم کـردووە سیاسەتمەدارانم لەنزیکەوە بینیـوە، لەهەمـوو ئـەو ماوەیەدا ئەوەندە هەسـتم بە ڕێزلێنان نەکردووە، وەک لەنامەکەی بارزانی هەستم بەرێزلێنان کرد**

ئـەو پیاوە نەگەیشـتبووین رژێم بە هەمـوو هێزو توانای لەگەڵی دەجەنگا (مەبەستی سـەردەمی پادشایەتی بوو تا ئەم کاتەی ناچارکرا لەسەر سنووری سێ وڵاتدا بچێت بۆ یەکێتی سۆڤیەت.

رۆژێکیـان گلەییم لـە عومەر عەلی کرد بە مەبەسـتی (عومەر عەلی بوو کە لەژیانی سـەربازی خۆیدا گەیشـتە پلەی سەرکردەی فرقەی یەک تا شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بەرپـا بـوو)، لەبەر ئـەوەی پەیڕەوەی شـێوازێکی توندوتیژی دەکرد لە بزووتنەوەکانی بارزان سـاڵی ١٩٤٧ لەو کاتەی (هێزی ئەمیر)ی سـەرکردایەتی دەکرد بە پلەی موقـەدەم روکـن بوو، بەڵام لەم سـاڵانەی دوایی سـەرم سـوڕما لەهەڵسوکەوتی هەندێ لە سـەربازەکان و توندو تیژییان بەرامبەر دانیشـتوانی بێ گوناە و گەلی کورد، بە شێوەیەکی گشتی، سوپاس بۆ خوا ئێستا باروودۆخ باشە و گەیشتوونەتە داواکارییەکانتان، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە سـەرکردەکەتان پشـوو بدات پاش ئـەوەی زۆرماندوو و شەکەت بوو.

دارا تۆفیـق : بەڕێـز فەریـق نورەددیـن ئێوە باشـتر ئاگاداری سەردەمی پاشایین و باشترین گەواهیدەرن.

بارزانـی بەتوندو تیژی شـەڕی لەگەڵ کـرا، بنەماڵەو عەشـیرەتەکەی سـتەمێکی زۆریان لەگەڵ کرا، ناچار بوو وڵات بەجێ بهێڵێت چوو بۆ یەکێتی سۆڤیەت. شێخ ئەحمەدی بارزانی بەبەندکردنی هەتاهەتایە بڕیاری لەسەردرا، ئەوەی بەسـەر بارزانییەکان هات دوای کۆتایی هاتنی بزووتنەوە سـەربازییەکانی ساڵی ١٩٤٧ و لەسـێدارەدانی هەر چوار ئەفسەرەکە، سوپاستان دەکەین، گلەییتان لە عومەر عەلی کردووە، راستە زۆر توندو تیژ بوو لەو کاتەی سەرکردەی هێـزی ئەمیر بوو هەروەها لەو کاتـەش دا کە پارێزگاری (موتەسەڕیفی) سلێمانی بوو.

فەریق نورەددین مەحموود:

ئێسـتا شـت زۆر لەبیر دەکەم، تەندروستیم باش نییە، ئەگـەر باری تەندروسـتیم باش بوایـە، هیواخوازدەبووم لەگەڵ ئەو دابم(واتە لەگەڵ بارزانی نەمردا).

دارا تۆفیق:

رێزدار فەریق نورەددین( بەدرێژایی دیدارەکە بە (فریق) ناوی دەبرد)هەسـت و نەسـتی بەڕێزتانـی دەزانی نامەی بـۆ بەڕێزتان نارد جگە لەکەسـانی دیکـە، لەدڵەوە هیوای خۆشـیتان بـۆ دەخوازێت، بێگومان شـارەزای بەرێزتانی دەزانـێ کە چەند گەلەکەتان خـۆش دەوێت و پلەو پایەی ئەفسەرە کوردەکان دەزانێت و دەزانێت چیان بەسەرهات، تەنها لەبەر ئەوەی لەنەتەوەی کورد بوون.

**بارزانـی بەتونـدو تیژی شـەڕی لەگـەڵ کـرا، بنەماڵەو عەشـیرەتەکەی سـتەمێکی زۆریان لەگەڵ کرا، ناچار بوو وڵات بەجێ بهێڵێـت چوو بـۆ یەکێتی سۆڤیەت**

هەواڵنامەی کتێب

دیدارەکـە نزیکەی یەک کاتژمێـری خایاندو لەکۆتاییدا هەستم کرد کەوا فەریق نورەددین زۆر رازی بوو لەوەی لەم دیدارەدا گوترا. لەئاخاوتنەکانی دا زانیم کەنزیک بوو لە ساڵۆنەکە دەهاتینە دەرەوە کەوا لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ەوە کەس بەسـەری نەکردۆتەوە و کەس وەک بارزانی رێزی لێنەناوەو ئەو ئاخاوتنانەی لەدارا تۆفیقی بیستن، ئەوەشی لە بیر نەچووبوو کەوا کەچووە لای عەبدولکەریم قاسم لە رۆژی بەرایی شۆڕشی ١٤ی تەمووز، بەڵام عەبدولکەریم لێبووردنی خواسـت لە چاوپێکەوتنەکە، تائێسـتاش کەس باسـی نـاکات. مکوڕ بوو لەسـەر ئەوەی تا بـەردەرگای دەرەوەی بەڕێمـان بـکات، بەڵام کاکـە دارا بەدەم و دوە شـیرینەکەی وای کرد پەشـیمان بێتە. رۆیشـتین، هەستم کـرد کاکە دارا زیاتر لە پێویسـت رێزی لـەو پیاوە ناوە، ئـەوەم بە کاکـە دارا راگەیاند کەلەنێـو ئۆتۆمۆبێلەکەمان دابووین لەڕێی گەڕانەوە بۆ بارەگای رۆژنامە، لەوکاتی دا بەتییە چاوێک سەیری کردم، یەکسەر تێگەیشتم مەبەستی چییە. دوای خولەکێک لە بێدەنگی پێی گوتم: (هەرچەند پلەو پایەت بـەرز بێت خۆت وەک مرۆڤ لەبیر نەچێت، مرۆڤ بگاتە هەر پایەیەک بوونی خۆی لە بیر نەچێت، گەر وابێت سـتەم لە کەسـانی دیکە ناکات، واتە سـتەم لەمرۆڤایەتی خۆی ناکات. درێژەی پێداو گوتی: رێزگرتنی گەورە پیاوان و خـاوەن دەوڵەمەندی و دەسـەڵاتداران لـە ترۆپکی هێز یـان بۆ کـەس بە چاکـە ناژمێردرێـت و ناکەوێتە خانەی خۆشەویسـتی و بەخشـندەیی، وابکەیت (لەبیرکراوەکان) هەسـت بەوە بکەن کەوا ئێسـتا ئامادەییان هەیە،رێزگرتنە لەخـۆت و مـرۆڤ رزگار کردنە لە باجی مەینەتییەکانی و چەند بەخشـندە دەبین گەر توانیمان خانەنشین کراوەکان و فەرمۆشـکراوەکان والێبکەین هەسـت بـەوە بکەن کەوا بایەخـدارن و هێشـتا لەیـاددا ئامادەن و لەیـاد نەکراون (ئاخاوتنەکـە هـەر هی کاکـە دارایـە ) هەریەک لـە ئێمە لەقۆناغـی جیاجیادا دەگاتـە ئەم حاڵەتـەو پیریەتی کەس نابوێرێت!!.

لەچەند مانگی دوای سـاڵی ١٩٧٣ کەشـی سیاسـی پڕ هـەوری رەش بوو، پەیوەنـدی بزووتنەوەی کورد، لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بەقۆناغێکی دژواردا دەڕۆیشت. هەستم بـەوە کرد لەکاتـی کۆپیکردنی لاپەڕەکانی کۆنووسـەکان بـەدەزگای کۆپیکـردن کە لە ژوورێکـی ئەپارتمانەکان لە بینایـەی رۆژنامـە دانرابوو، ئەو لاپەڕانـەی کە کاکە دارا پاکنووسـی دەکردن و منیش کۆپیم دەکردن. کۆنووسـی گفتوگۆو دانیشـتنەکانی، کـەوا لەنێوان برایـان ئەندامانی مەکتەبی سیاسـی سـاز دەکراو بە ئامادەبوونی مامۆستا

> رێزگرتنی گـەورە پیاوان و خـاوەن دەوڵەمەنـدی و دەسەڵاتداران لە ترۆپکی هێز یان بۆ کەس بە چاکە ناژمێردرێـت و ناکەوێتە خانـەی خۆشەویسـتی و بەخشـندەیی، وابکەیـت (لەبیرکـراوەکان) هەسـت بـەوە بکـەن کەوا ئێسـتا ئامادەییان هەیە

حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری حیزب –ئەوکاتی- ولایەنی حکومەت و حیزبی بەعس، هیواو ئاواتەکان بەئاکامی ئەم وتووێژانە بەستراوبوون. لایەنی کوردی بەپێی توانا هەوڵیدەدا ئەم دەرفەتە مێژووییە لەدەست خۆی نەدات، کە کەرکووک، ناوچەکانی کە بەناوچەی تێکەڵ ناسراوبوون (ژەنگارو خانەقین) گرێی نەکراوە بوون لە گفتوگۆی نێوان هەردوو لا، سەرکردایەتی کوردی ئامادەنەبوو لەداواکارییەکانی کەمکاتەوە، هەرچەند هەوڵی دەدا بابەتەکە دوا بخات بۆ ماوەیەکی دیکە، بەڵام سەرکردایەتی ئێراقی هەر جۆر دەربازبوونێکی لەتەنگژەکە ڕەتکردەوە،دوای ئەوەی لە لایەنی سۆڤیەتی دڵنیا بوو. لەم کەش و هەوا ناسروشتییەدا کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆبوونەوەیەکی ئاسایی دوای نیوەی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣ بەست بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی باری سیاسی. لە ١٩٧٣/١٢/٢٢ کاکە دارا لە کوردستان گەڕایەوە بۆ بەغدا، کات چواری پاش نیوەڕۆ بوو. سەرەتا هاتە ژووری من، دوای پشوودانێکی کورت هەواڵێکی پێدام کەوا دەیەوێت لەگەڵ کادیرو نووسەرانی ڕۆژنامەی برایەتی کۆببێتەوە بۆ ئەوەی هەواڵیان پێبدات ڕۆژنامەی برایەتی بکاتە ڕۆژانە، لەبری هەفتانە و خۆ ئامادەکردن بۆ دەرچوونی ژمارە(٠)ی برایەتی بە ڕۆژانە، لەیەکەم ڕۆژی ساڵی ١٩٧٤. ڕۆژان ڕەت بوون لەگەڵ گزنگی یەکەم ڕۆژی ساڵی ١٩٧٤، بۆیەکەم جار لەمێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی لەسەر دەستی دارا تۆفیق و دوای ٧٦ ساڵ لەدەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی(کوردستان) لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لەقاهیرە، لەلایەن ڕۆڵەیەکی بنەماڵەی بەدرخانییە تێکۆشەرەکان، میقداد مەدحەت بەدرخان، برایەتی بەردەوام بوو لە دەرچوون، ژمارە یەکی لە ١٩٧٤/١/١٨، دەرچوو ئەم ئەزموونە ڕۆژنامەنووسییە پێشەنگە، بەهۆی بڕیاری وەزیری ڕاگەیاندنی ئێراقی ئەوکات(حەمید الجبوری) درێژەی نەکێشا دیسان برایەتی گەڕایەوە سەر دەرچوونی هەفتانەو ژمارەکانی گەیشتە(٨٦) لە ١٩٧٤/٣/٢ لەکۆتایی قۆناغی سێیەمدا. لەو ڕۆژانەدا کادیرانی ڕۆژنامەی برایەتی ناچار بوون بگەڕێنەوە کوردستان بۆ وەڵامدانەوەی بانگەوازی ئەرکی نەتەوەیی و لە پێشەوەی هەمووانەوە دارا تۆفیق، کە قۆناغێکی دیکە لەراگەیاندنی پارتی دەستپێکرد(دواتر لەیەکێک لەئەڵقەکانی لە (من الذاکرە) باسی دەکەین ئەم قۆناغەش لە ١٩٧٤/٣/١١ دەستپێکرد تا پیلانە چەپەڵەکەی شەشی ئاداری ١٩٧٥،ڕوویدا کە بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر ناسرا.

ئەم پیلانە داوەکانی لەچەندان پایتەخت چنرابوون و

**"کەرکووک، ناوچەکانی کە بەناوچەی تێکەڵ ناسراوبوون (ژەنگارو خانەقین) گرێی نەکراوە بوون لە گفتوگۆی نێوان هەردوو لا، سەرکردایەتی کوردی ئامادەنەبوو لە داواکارییەکانی کەمکاتەوە"**

چەندان حکومەتــی عەرەبی و ناعەرەبی وناوەندی دەولی تێیـدا هاوبــەش بوون. هەریەک لە گۆشــە نیــگای خۆیان و بەرژەوەندییــە تەسـکەکانیانەوەو رێککەوتــن لەســەر پەردەدادان بەســەر درێژترین شــۆڕش لە مێژووی کورد (١١ی ئەیلوولــی ١٩٦١-١٩٧٥/٣/٦). چونکــە هێزی کورد وای لێهاتبوو هەندێکی دەترســاند ؛ نەوەک هەندێ بەشــی دیکەی جەســتەی کوردســتان بگەڕێتــەوە، کەچی هەندێ لایــەن ئامادەبــوون واز لەنیوەی ئــاوی هەرێمیی خۆیان بێنن،ســنوور دووبــارە دیارکەنەوە بۆ ئــەوەی کورد (بێ بــەش بکــەن) لەســەر خاکــی بــاب و باپیرانیــان، لەوەی بەئــازادی بژین و بەمافەکانیان شــاد بن، کەخودای مەزن بەهەمووانی بەخشیوە، بەبێ جیاوازی، ئەوەش لەبەرچاوی هەمــوو جیهان روویـدا بەهەردوو بلۆکــی رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییەوە، بڕوانە گاڵتەجاڕی سیاسەت و بەرژەوەندییە نێو دەوڵەتییەکان!!.

کاتژمێر نزیکەی یەکی پاش نیوەشــەوی ٦-١٩٧٥/٣/٧ بوو لەبەڕێوەبەرایەتی گشــتی لاوانی ســەر بــە ئەمانەتی راگەیاندن-رۆشــنبیری و لاوان لە یەکێک لە ژوورەکانمان دابووین، گوێمان لەدەنگوباس و لێکدانــەوە ئێزگەییەکان دەگــرت، ســەبارەت بــەو رووداوەی هەموومانی هەژاند. پڕاوپڕی وشە ئەوەم لەبیرە کە ئێزگەی مونتی کارلۆ گوتی لە پەخشی دووەمی هەواڵەکانیدا وەک شیکردنەوەیەک بۆ ئــەو رێککەوتنەی کە لەجەزائیردا لــەو رۆژەدا راگەیەندرا کــە گووتی (هــەردوو زەرەرمەنــد زەفارو کــورد و مەلا مســتەفا بارزانییەو براوەکانیش لەوەدا دوژمنانی کوردن لەهەمــوو شــوێنێکدا). کاتژمێر یەکی شــەو بــوو لەناکاو کاک دارا خۆی کــرد بەژووردا،وادیار بوو هەوڵی ئەوەی دەدا بەپێــی توانــا خۆی وا پیشــان بدات کــە لەحاڵەتێکی سروشــتیدایە لە هەڵسوکەوتەکانیدا، کاتێ لێمان پرســی سەبارەت بە ناوەڕۆکی رێککەوتننامەکەو دەرەنجامەکانی، دەیویســت ئاســەوارە خراپەکانی ســووک بکاتــەوە بەبێ پشــتگوێ خســتنی مەترســییەکانی، ئەوە بوو ئامۆژگاری کردیــن کە خوێنســاردی خۆمان بپارێزیــن تا ئەو دەمەی راســتی دەردەکەوێت. ئەو کاتەی ویســتی بڕواتە دەرەوە منــی بەتەنیا لەگەڵ خۆیدا بردو لەتاریکایی شــەودا و لەو کاتــە درەنــگ وەختەی شــەودا بەرەو چۆمان رۆیشــتین کەبارەگامــان لەدەربەندەکــەدا بــوو، بەبــێ ئــەوەی هیچ کامــمان بۆ چەنــد چرکەیەک هیچ قســەیەک بکەین و لەو ســاتەدا گوێمان لەدەنگی تەقەبــوو لەبەرەی چیای زۆزک و ئەو دەمی لێم پرســی(چی لەئاســۆدا روودەدا چۆن ئەو دۆخە هەڵدەســەنگێنی؟) وەڵامی دامــەوەو خەم و خەفەت

"
**ئێزگــەی مونتــی کارلــۆ لـــــــە پەخشــی دووەمی هەواڵەکـــــــانیـدا وەک شـیکردنەوەیەک بـۆ ئـەو رێککەوتنەی کە لەجەزائیردا لــەو رۆژەدا راگەیەندرا کە گووتی (هــەردوو زەرەرمەند زەفارو کورد و مەلا مستەفا بارزانییــەو براوەکانیــش لــەوەدا دوژمنانــی کــوردن لەهەمووشوێنێکدا**
"

لەقسەکانیا دیاربوو (پێش ماوەیەک لەلای ئۆتۆمۆبێلەکەی بارزانی بووم ئەو پرسیاری لێکردم دەربارەی ئەو پرۆژە تازەیە کەداوا کراوە لە کۆمەڵی یاسا زان و سیاسەتزان بۆ ئامادەکردنی دەربارەی چارەسەرکردنی دۆزی کورد، لەسەربنەمای فیدرالیزم، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەک لەدانوستانەکانی ئایندەمان، لەگەڵ حکومەتی ئێراقی ئەو کاتەی کە لێم پرسی (ئەو مەبەستی پرسیارەکەی بارزانی بوو) تاچ رادەیەک بەرێزتان گەش بینن؟ لەوەڵامدا گوتی: (ئێمە ئەو رێگایە بەرنادەین لەپێناوی گەلەکەمان و ئەوەی ئەمڕۆ پێی قایل دەبین لە ئایندەدا وا پێی رازی نابین) ئا لێرەوە کاکە دارا ئاهێکی بەبەردا هاتەوە رووی قسەکانی تێکردم (ئامادەبن ئەوەتا بە ئارەزووی خۆمان هاتووینەتە ناو شۆڕش و گەلی کوردیش بەبوونی سەرکردایەتی بارزانی توانای مانەوەی هەیەو هیچ چارەسەرێک بۆ دوژمنی کورد نابێت تەنیا لەگەڵ سەرکردایەتییەکەیدا نەبێت). ئائەلێرەدا لەدڵی خۆمدا ئەوگفتوگۆیەم بەبیرهاتەوە کەلەگەڵ (غانم عەبدولجەلیل) ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەنجامی دا، کە ئەو کات پۆستی بەڕێوەبەرایەتی نووسینگەی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەدەست بوو، ئەو دەمەی کاکە دارا لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی نەمر بۆ دوایین جار لە١٩٧٤/٣/٨ سەردانی بەغدای کرد وەک هەوڵێک لەسەرۆک بارزانی نەمرو سەرکردایەتی پارتی بۆ رێگەگرتن لە شەڕو کوشتار بە پێشکەشکردنی پێشنیازێک دەربارەی دواخستنی خاڵەکانی ناکۆکی بۆ ماوەی یەک ساڵی دیکەو رانەگەیاندنی یاسای(ئۆتۆنۆمی) بەشێوەیەکی یەکلایەنە بەمەبەستی رێگەگرتن لەو مەترسییانەی کە تووشی گەلی ئێراق دەبن، بەگشتی، بەڵام لایەنی حکومی سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی و ئیتر ئەوەی کە قەوما.
ئەو گفتوگۆیەی کەئێمە مەبەستمانە کاک دارا بۆی باس کردم لەکاتی یەکێک لەسەردانەکانمان بۆ شاری رەواندز لەدواییەکانی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ دا ئەو دەمەی کە دەگەڕاین بە ئوتێلە گەشتیارەکەدا کە بووبووە یەکێک لە مومتەلەکاتی ئەمینداری راگەیاندن و ناچاری کردم کە ئەم نهێنییە بپارێزم کە ئەو کات بۆی ئاشکرا کردم، لەبەر چەندین هۆکار (دەبووایە ئەو دەرئەنجامەکانی کە لەپێناویدا هاتبووین لە گەڵ خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی لەشەوی ٩-١٠/٣/ ١٩٧٤ سەبارەت بە پێشنیارەکەمان کە پێشکەشمان کردبوو بەلایەنی حکومی،لە دەوروبەری کاتژمێر ٨بوو (غانم عەبدولجەلیل) پەیوەندی تەلەفۆنی پێوە کردو پێشنیاری کرد لە جێگایەک بەتەنیا چاومان بەیەکتر

**ئێمە ئەو رێگایە بەرنادەین لەپێناوی گەلەکەمان و ئەوەی ئەمڕۆ پێی قایل دەبین لە ئایندەدا وا پێی رازی نابین**

هەواڵنامەی کتێب

بکەویت، لەسەرەتاوە پێم وابوو پێشنیازێکی بەرامبەر هەیە دەیانەوێت لەپێشەوە قسەم لەگەڵدا بکەن بەر لەوەی بیخەنە بەردەم خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی، لەکاتی بەیەکگەیشتنەکەدا ئەم دانوستانە هاتە ئەنجامدان لەنێوان من و (غانم عەبدولجەلیل).

غانم عەبدولجەلیل: ئێمە سوورین لەسەر راگەیاندنی ئۆتۆنۆمی بەشێوەیەکی یەکلایەنە،هەروەکو ئەوەمان بۆ گەلی ئێراق ئاشکرا کردووە ئێوە لەسەرتانە پشتگیری پرۆژەکە بکەن، بەبێ مشت و مڕ.

دارا تۆفیق:ئێمە لەگەڵ مامۆستا ئیدریس بارزانیدا هاتووین بۆ رزگارکردنی ئەو پەیوەندییەی کە لە ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ وە پێکەوە دەمانبەستێتەوەو هەروەها بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە تەنگەژاوییەو پێشنیازی تازەشمان پێشکەش کردووەو ئێمە چاوەڕێی دەرەنجامی پۆزەتیڤین.

غانم عەبدولجەلیل: ئەو مەسەلەیە لادەو وازی لێبێنەو من دەمەوێ دەروازەی بابەتێکی تر بکەمەوە کە لەبایەخیدا کەمتر نییە بۆ تۆ لەهەر بابەتێکی دیکە.

دارا تۆفیق: فەرموو چیت هەیە بیڵێ.

غانم عەبدولجەلیل: لەبەرزترین ئاستەوە داوام لێکراوە پێت رابگەیەنم کە پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار هەیە کە لەیاسای تازەدا تۆمار کراوەو سەرکردایەتی پێی وایە تۆ باشترین کەسی بۆ ئەو پۆستە، لەبەرخوا، ئامۆژگاریت دەکەم قبووڵی بکەیت و ئەم هەلە بۆ تۆ دووبارە نابێتەوە. دارا تۆفیق :من ئەندامم لەکۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە سەرۆکایەتی بارزانی و پێگەی من لەناو حیزب و سەرباری ئەوەش متمانەی بارزانی بەمن، منییان شیاوکردووە تاوەکو لەناو پێگەی دانوستانەکەدا بم لەگەڵ مامۆستا ئیدریس بارزانی داو،پێشنیازەکەی ئێوە بۆ دامەزراندنم لە پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار، هیچ شتێک ناخاتە سەر رەسیدی سیاسی من. بگرە بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەو پێشنیازەی ئێوە قبوڵ بکەم متمانەی سەرکردایەتی و رێزو نەوازشی گەلەکەم لەدەست دەدەم، چونکە من بەهۆی قوربانییەکانی گەلەکەمەوە بوومەتە ئەو کەسەی کە دەمبینی. هەروەها من پێشنیار دەکەم کە بگەنە حاڵیبوون و لێک گەیشتن لەگەڵ سەرکردایەتی کورد بۆ چارەسەری دۆزی کورد لەجیاتی کڕینی لاگیرییەکان!!

غانم عەبدولجەلیل(بەهەڵچوونەوە): (ئەو ئەرکەی لەسەر شانم بوو جێبەجێم کردو تۆش زەرەر دەکەیت !!). لەکاتی گەڕانەوەمان لەگەڵ کاک دارا بۆ بینایەی دایەرەکەمان

**من پێشنیاردەکەم کە بگەنە حاڵیبوون و لێک گەیشتن لەگەڵ سەرکردایەتی کورد بۆ چارەسەری دۆزی کورد لەجیاتی کڕینی لاگیرییەکان!!**

لەدەربەند کاتژمێر ٢ی نیوەشەوی تێپەڕاندبوو خواحافیزیم لێکرد بەو ئومێدەی بەیانی ڕۆژی دواتر پێی بگەمەوە.

ڕووداوەکان بەشێوەیەکی تراژیدی هاتنە پێش و چووینە ئێران و لەسەرەتاوە سووربووین لەسەر ئەوەی تیایدا بمێنینەوە و چاوەڕێی ئەوە بکەین کە چارەنووس بۆ مانی هەڵگرتووە، ئەوەبوو لێرەو لەوێ گوێ بیستی دەنگوباس دەبووین. لەگەڵ سەرەتای گۆڕانی ڕەفتاری ئێران لەگەڵ پەنابەرەکاندا، لەکاتێکا کە هێشتا ١٠ ڕۆژ بەسەر مانەوەمان لەوێ تێنەپەڕیبوو، ئەوەبوو لە ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٢٦ ڕێکەوت کۆی کردینەوە ئەوکاتەی کە(من و جەلال خۆشناوی برادەرم لەگەڵ برادەرێکی دیکەدا بووین) پیاسەمان دەکرد لەنزیکی چوارریانی گەرەکی (بالقچی) لە شاری (نەغەدە) ئۆتۆمۆبێلێکی جۆری لاندرۆڤەری مامناوەندیمان تووش هات، کاکە دارا لێیدەخووڕی و لیوای خانەنشین کراو فواد عارف لەتەنیشتی دانیشتبوو، کە ئێمەی بینی ئۆتۆمۆبێلەکەی لەتەنیشت ڕێگاکەوە ڕاگرت و دابەزی و دوای ئەحواڵ پرسین لەنێوانماندا ئەم گفتوگۆیە بەڕێوەچوو :



دارا تۆفیق: پێموابوو ئێوە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکانە گەڕاونەتەوە بۆ ئێراق و سوودتان لەو ماوەیەی لێبوردنە گشتییەکە بینییوە، ئەی چاوەڕێی چی دەکەن؟

نووسەری ئەم دێڕانە:بڕیارمان داوە لێرە لە ئێران بمێنینەوە.

دارا تۆفیق: بۆچی مانەوە لە ئێران، ئەوەتان بەس نییە کەشا پێی کردین و ئەوەش کە لە دوارۆژدا پێماندەکات؟

جەلال خۆشناو: مانەوە لە ئێران باشترە لە ڕووی ئاسایشەوە بۆ کەسەکان و دیارە گەڕانەوەمان بۆ ئێراق واتای چوونە بەرەو نادیارو بەرەو چارەنووسی ڕەش کە چاوەڕێمان دەکات.

دارا تۆفیق: ئەوەی دەیڵێن ڕاستە ئەگەر کۆمەڵێکی بچووک و کەم بووینایە، بەڵام ئێستا بەچاوی خۆتان گەڕانەوەی سەدان هەزاران دەبینن و ئەمڕۆ خزمێک تازە لە ئێراق هاتبوو ئاگاداری کردم کە گەڕاوەکان(العائدین) بە شێوەیەکی باش مامەڵە دەکرێن و کەس دەست ناخاتە کاروباریان و هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی بەرامبەر بەهیچ کەسێک نەکراوە و سوور بوونی من بۆ گەڕانەوە دوای

دڵنیایی کردن لەرێوشـوێنی یاسایی کردن لەئێراق لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە گەڕانەوە بۆ وڵات باشترە لە مانەوە لێـرەو لەســەرمانە وڵاتەکەمان بەجێ نەهێڵین وشـەیەک دەربارەی کوردستان لە ئێراق لانی کەم باشترە لەمانەوەی ئێوە لێرەو کوردستان پێویستی بە رۆڵەکانیەتی و پێویستە لەسەرمان ئەزموونی فەلەستینییەکانمان لە بیرنەچێت و من لەگەڵ گەڕانەوەی هەموان دانیم،بەڵام سووک کردنەوەی بـاری گرانی سـەر شـانی سـەرکردایەتی شـتێکی زۆر پێویستەو ئەوان لەم دۆخەدا ناتوانن هەموان بەڕێوەبەرن و رەنگە پێویسـتیان بەم ژمارەیە نەبێت و سـەرکردایەتی لۆمــەی کەس ناکات ئەو دەمەی دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی و بە خائینی دانانێ و من بڕیارم داوە بگەڕێمەوەبۆ ئێراق، بــەڵام لە رێگــەی بەیروتەوە بۆ تەسـفیە کردنــی هەندێ کاروبــار). ئەو گفتوگۆیەمــان نزیکی نیو کاتژمێری خایاند بەبێ ئەوەی بتوانێ قەناعەتمان پێبکات لەسەرەتاوە،دواتر داوای لێکردیـن رۆژی دواتر سـەردانی بکەین لەشـاری رەزاییــە (ورمێ).لەبەیانی رۆژی دواتر هەرسـێکمان (من و جەلال و برادەرەکەی دیکە) ژوانمان هەبوو لەگەڵ کاک داراو هەرکە گەیشتینە ورمێ رووممان کردە ماڵەکەیان کە لەبەشی رۆژئاوای شارەکەدا بوو پێمان خۆشبوو بەپیاسە بــە شــەقامە پـڕ دارو درەختەکــەدا بچین کە دەگەیشــتە دەوروبــەری باخــەکان و کەش زۆر لە بــارو خۆش بوو، بەڵام ئێمە هیچ هەسـتمان بە جوانی و گەشـاوەیی کەش و دیمەنە جوانەکانی ئەم شـارە نەدەکـرد، کە لەلایەکەوە چیـاکان و لەلایەکی دیکەوە دەریاچە شـۆرەکەی پێکەوە کۆ دەکردەوەو کە ناکۆکییەکی لەناو سروشـتدا دروسـت کردبـوو، زۆر کەم و دەگمەن هەڵکەوتووە شـارێک ببینی لە باکـوورو باکووری رۆژهەڵاتەوە دەریاچەیەکی شـۆر دەوری دابێت کەهیچ گیانلەبەرێکی دەریایی و ماسـی تێدا نەژی و لەلایەکانی دیکەیەوە باخ و هاوینەهەواری (بندی) دەوری دابێت و نزیک بێت لە چیاکانەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو جوانییە نەیدەتوانی خۆشـی بخاتە ناو دەروونمانەوە، چونکە ئێمە لەناکۆکییدا دەژیاین وەکو ناکۆکی سروشتی ئەو شارەی کە بەشەقامە لاوەکییەکانیدا دەڕۆیشتین. کاکە دارا توانی قەناعەتمان پێبکات بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتیمان لەگەڵ جەخت کردنەوە لەســەر دووخاڵ یەکەمیــان: پارێزگاری کـردن لــەو یەکانگیرییەی کە لەنێوان ئــەو کۆمەڵانە هەیە نەخاســمە هەڤالانی تێگەیشـتووی ئەو رێبازە. دووەمیش: پارێـزگاری کردنی نهێنییەکان و دوورکەوتنەوە لەبازنەی رووناکییەکان.ئەوەبـوو ئەو تێبینییانەیـم بیرهێنایەوە ئەو کاتەی کە لە ئۆتۆمۆبێلەکەی دابووین (فۆلگسواگن) لەسەر

> لەگــەڵ ئەوەشــدا ئــەو جوانییە نەیدەتوانی خۆشی بخاتە ناو دەروونمانەوە، چونکە ئێمە لەناکۆکییدا دەژیایــن وەکــو ناکۆکــی سروشــتی ئەو شــارەی کە بەشەقامە لاوەکییەکانیدا دەڕۆیشتین

ڕێگای گەڕانەوە لە پارێزگای کوتەوە بۆ بەغدا لە پشووی کۆتایی هەفتە دابوو لەوەرزێکی هاوینی ساڵی ١٩٧٧ سەردانیم کرد کە ئەو کات بەڕێوەبەری شارەوانی کوت بوو (ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی کە گەڕابوونەوە بۆ ئێراق لە هەندێ وەزیفەی وەک بەڕێوەبەی شارەوانی، بەڕێوەبەری دارستان و هاوشێوەی ئەوانە دادەمەزراند) وەکو تۆڵە سەندنەوەیەک لێیان و هەروەها بۆ زەلیل کردن و کاتێک کە ئەو تێبینییانەم بیر خستەوە کە ڕێنمایی پێکردبووین ئەو دەمەی کە قەناعەتی پێکردین بۆ گەڕانەوە بۆئێراق و قسەکانم زیاتر بەلای گلەییدا دەشکانەوە، ئەو دەم خێرایی ئۆتۆمبیلەکەی کەم کردەوەو گووتی (ئەوە ئیتر کۆتایی مێژوو نییە، مێژوومان دەستی کردووە بەدووبارە بوونەوەو ئەوانەی بەم شێوازە مامەڵە لەگەڵ کورددا دەکەن پەشیمان دەبنەوە). هەستم کرد لەوانەیە بەم قسانەم هەستیم بریندار کردبێت و مەبەستم بەهیچ شێوەیەکیش ئەوە نەبوو، شتێکی هاوشێوەی داوای لێبووردنم بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ پێشکەش کردو هەوڵمدا تونێی قسەکان هێور بکەمەوە و بابەتەکە بگۆڕم بەبارێکی تردا. لێرەدا کاکە دارا پەی بەوە برد کە چی بەمێشکمدا دێت و دەچێت، زانی من دەمەوێ و هەوڵ دەدەم پاساو بهێنمەوە بۆ پەراوێزکردنی بابەتەکەو لەو ساتەدا هیچ بوارێکی بۆم نەهێشتەوەو گوتی: ویستت لۆمەم ئاراستە بکەیت و من ئەوەم قبووڵە، بەڵام متمانەت هەبێت کە من زۆر نیگەرانم و ئەم پێگەیەم بۆ خۆم نەدەویست وەکو پێم گوتی گرنگ ئەوەیە ئەمە کۆتایی مێژوو نییە و لەبرایانی ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە،ئەوانەی کە لە بەغدان ئاگاداربوون، کە چالاکی گەورە هەیەو سەرکردایەتی کاتی پارتی کاروباری حیزب و شۆڕش بەڕێوەدەبات و لەپێشکەوتنێکی هەست پێکراو دایە، بەڵام من زۆر لە تەندروستی بارزانی نیگەرانم چونکە بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی کە هەیە تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە،هیوادارم هەر بمێنێ و هیچی لێنەیەت. هەرچۆنێک بێت دەبێتە مایەی بەهێزی و ورە بەرزکردنەوە، ئەمە جگە لەکەسایەتییە ئەفسانییەکەی کە هەردەم حیسابی بۆ دەکرێت، چ لە لایەن دۆستان، یان لە لایەن ناحەزانەوە بێت. دوای ئەوەی بڕیاری بەیەک گەیشتنەوەمان بە شەو بەیەکتریداو دوای ئەوەی بە ئۆتۆمۆبێلەکەی گەیاندمییە جێگای دانیشتنم.لە دواین سەردانمدا لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠ هەروەکو لەسەرەتای بابەتەکەوە باسم کرد کە لەچێشتخانەیەکی ئیتاڵیدا نانمان خوارد، دوای ئەوەی جیا بووەوەو لەعەسری ئەو ڕۆژەدا هەستم

**"مـن زۆر لـە تەندروستی بارزانـی نیگەرانـم چونکە بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی کە هەیە تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە،هیوادارم هەر بمێنێ و هیچی لێنەیەت"**

کرد کاکە دارا لە بارێکی نالەباردایە نالەبارییەکەشی ئەوەیە هەست بە نیگەرانی دەکات و ئەو نیگەرانیەشی لە بۆشاییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، ئەوکاتەی هەوڵمدا لەگەڵی کە لەگۆشەیەکی چێشتخانەی (الانـاء الژهبی) دا دانیشتبووین لەو شەوەدا.حاڵەتەکەی گۆڕی بۆ ویستم نهێنی و رازی ئەو هەست کردنەی بەنیگەرانی بزانم و بەتایبەتیش ئەو هێشتا لە پۆستی بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوی گشتی ئاویدابوو، هیچ شتێکیش دیار نەبوو ئەو خەم و نیگەرانییەی دووپات بکاتەوە. زانیی سوور بوونی من بۆ زانینی ئەو رازو نهێنییەو هۆیەکەی ئەو نیگەرانییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەلای من جێگای رێزو خۆشەویستییە، هەوڵی نەدا شتەکانم لێ بشارێتەوە بەقسە خۆشەکانی گوتی (پێش دوو ساڵ فەرمانی دامەزراندنم لە پۆستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کوردی لەناو نووسینگەی رێکخراوە میللییەکاندا دەرچوو) ئەوە بوو حەزم نەبوو لەو دامەزراندنەو بەنێوانکارانی خێرومەندم گووت من بۆ ئەو پۆستە دەست نادەم، لەو کاتەداو ئیتر چاوپۆشی کرا لەوەو پێش ساڵێکیش لەمەوبەر لەرێگای یەکێکیانەوە ئاگادار کرامەوە کە سەرکردایەتی ئێراقی پێیان باشە بەرپرسیارییەتی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی کارگێڕی رۆژنامەی (العراق) و هەروەها سەرنووسەری وەربگرم، ئەوەم رەتکردەوەو لەو کاتەداو پێش ماوەیەکیش ئەو داوایەم لەرێگای یەکێکیانەوە لێکرایەوە، دووبارە داوای لێبووردنم لێکردەوە. دوای ئەوەی لە گەڵ ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی سەربەوەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بانگکرام بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ کەسایەتییەکی گەورە لەدەوڵەتدا لەکاتێکدا کە چاوەڕێمان دەکرد بە پێی ئەلفو بێ ناوەکانمان نووسرا دوای نیو کاتژمێر پێیان راگەیاندن کە کۆبوونەوەکە دواخرا.دوای یەک هەفتە کۆبونەوەکە بەسترا لەگەڵ ئەو کۆمەڵە بەرێو بەرەدا جگە لە من و دیارە ئەویش شتێک دەگەیەنێ هەر وەکو ئاگادارم کردیت ئەو کاتەی نیوەڕۆی ئەمرۆ سەردانت کردم لە نووسینگەکەم و هەست دەکەم لە تەلەفۆنەکانما بۆ چاودێری کردنم دەزگای تایبەتی بەستراون و خۆم ئەوەم تەئکید کردۆتەوە).

جارێکی دیکەش هەوڵم دا هێوری بکەمەوە گوتم عێراق بە گەل و حکومەتەوە سەرقاڵی شەڕی ئێرانە و مەعقوول نییە ئەم دۆزە چارەنووسازە لە لایەن دەوڵەتەوە پشت گوێ بخرێ خۆیان بە کاروبارێکەوە سەرقاڵ بکەن کە بابەتەکە نە پێشدەخات و نەدوا دەخات.کاکە دارا ویستی وا خۆی پێشان بدات کە گوێ ناداتێ لە کۆتاییدا.لە کاتژمێر

**پێش ساڵێکیش لەمەوبەر لەرێگای یەکێکیانەوە ئاگادار کرامەوە کە سەرکردایەتی ئێراقی پێیان باشە بەرپرسیارییەتی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی کارگێڕی رۆژنامەی (العراق) و هەروەها سەرنووسەری وەربگرم**

١٠،٣٠ بوو جیا بووینەوە بە ئومێدی پێکگەیشتنێکی تر لە سەردانێکی ترمدا بۆ بەغدا.بەڵام جارێکی تر نەگەیشتمەوە کاک دارا، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ون بوونی و دیار نەمانی و چیرۆکی دیار نەمانەکەش بەم شێوەیە بوو لە کاتژمێر ٧،٥ بەیانی ڕۆژی ١٩٨٠/١١/٥ کاکە دارا ئامادەبوو بڕوات بۆ فەرمانگەکەی (دامەزراوی گشتی گواستنەوەی رووبارەکی لە بەغدا) کە ئەو بەڕێوەبەری گشتی بوو، دەستی کرد بە خستنەکاری ئۆتۆمبێلەکەی بۆ ئەوەی گەرم ببێت (ئۆتۆمبێلەکەی لە جۆری ڤۆلڤۆ سالۆنی حکومی ڕەنگ سپی بوو تابلۆی ژمارە ٥٥١)ی لەسەر بوو سوواری ئۆتۆمبێلەکە بوو لەگەڵ کچە بچووکەکەیدا بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە قوتابخانە کە نزیکی ماڵەکەیان بوو،کەوتبووە رۆژهەڵاتی کۆتەڵە(نەسبە) تازەکەی سەربازی ون لە بەشی کەرخ. دوای گەیاندنی کچەکەی بۆ قوتابخانە بەرەو فەرمانگەکەی بەرێ کەوت هەروەک ئاشکرایە رێگایەکەی بەجادەی گشتی کەرادە مەریەم داو بە پردی هەڵواسراو (الجسر المعلق) رەت دەبوو تا دەگاتە گۆڕەپانی شەهید کەمال جونبوڵات ئەو جێیەی فەرمانگەکەی لێبوو لەبینایەکدا، کە دەیڕوانی بەسەر گۆڕەپانەکەدا. ئەوەبوو کاکە دارا نیوەڕۆ نەگەڕایەوە بۆ ماڵ و فەرمانگەکەشی دابڕانی ئەوی لەدەوامی فەرمی لە رۆژی ١٩٨٠/١/١٥ وە تۆمارکرد. دوای راپەرین شەهیدی قارەمان (شێروانە سوور) کۆمەڵێ نووسراوو دیکۆمێنتی فەرمی پێدام کە لەکاتی رزگارکردنی شاری کەرکوک دا دەستی کەوتبوون لە کارەکانی قەدەریش وایە لەناو ئەونووسراوانەدا نووسراوێکی فەرمی هەبوو تایبەت بەکاک دارا، کە چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەر و نامۆ لەبارەیەوە دەگێڕێتەوە و لێرەدا وشە بەوشە تۆماری ئەکەین :بەم چەشنە کاکە دارا دیار نەماو شوێن بزر کرا. رۆژنامەی لۆموندی فەرەنسی هەواڵی دیارنەمانی دوای شەش مانگ بڵاوکردەوە و رێگای کوردستانیش دوای ماوەیەک هەواڵێکی بێنازی بەناونیشانی کە زۆر جێگای سەرسوڕمانە (دەستی دەسەڵات درێژ دەبێتەوە بۆ پیاوەکانی خۆیشی) ودواجار رۆژنامەنووس و پارێزەر جەرجیس فەتحوڵلا لەهەندەران لە وڵاتی سوید کەوتەوە یادی کەلەبارەیەوە بنووسێ بەهەڵسەنگاندنێک (لەورێنەی شێتان دەچێت) لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی دا لەگەڵ د. حوسێن محمد عزیز، وەکو تۆڵە سەندنەوەیەک لێی لەبەر ئەو نووسینەی کە لە رۆژنامەی (التآخی) لە ساڵی ١٩٧٣ نووسیبووی بەهۆی ئەوەوە کە لەبارەی جەرجیس فەتحوڵلاوە هاتبوو کە گوایە دووچاری تێوەگلان بووە لە

**"ئەوەبوو کاکە دارا نیوەڕۆ نەگەڕایەوە بۆ ماڵ و فەرمانگەکەشی دابڕانی ئەوی لەدەوامی فەرمی لە رۆژی ١٩٨٠/١/١٥ وە تۆمارکرد"**

پرسگەلێکدا کە لە بەرژەوەندی ئەو دابووەو لافی ئەوەی لێداوە ئەو کات کەناوبراو هێشتا پەیوەندی بە (التاخی)یەوە هەیە.چوار ساڵ بەسەر دیارنەمانیا تێپەڕی و لەزستانی ساڵی ١٩٨٤ دا بەڕێز حوسێن سنجاری بووە میوانی ماڵمان لە شاری کۆیە لەکاتی دانوستانەکەی نێوان دەوڵەت و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەو شەوە زستانییەدا نەخەوتین و خەومان بەگێڕانەوەی رووداوو پەرەسەندنەکان و دۆزە گەرماو گەرمەکانەوە سەرقاڵ کردو بیرورای جیاوازمان هەبوو لە ئاراستە سیاسییەکاندا لەو دەمەدا ئەو لەسەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دابوو ئەندامێک بوو لە وەفدی دانوستانەکە. لەکاتێکدا من لەگەڵ هێڵەکۆنەکەی خۆم دابووم، بەڵام جیاوازی بیروبۆچوون لەنێوان من و بەڕێز حوسێن سنجاری بەهیچ شێوەیەک کاری نەدەکردە دۆستایەتی برایانەمان. بەڕێزی لەو پرسیارانەی کەلێی کردم پرسیارێک بوو دەربارەی دارا تۆفیق و چارەنووسە نادیارەکەی چونکە ئاگاداری دۆستایەتیمان بوو لەگەڵ کاک دارا لە رابردوودا پێشنیاری کرد من سەردانی (سورداش) بکەم و داوا لەسەرکردایەتی یەکێتی بکەم لە کاتی چاوکەوتنیان بەبەرپرسان لەبەغدا لە چارەنووسی بپرسن بەڵکو بتوانن شتێکی بۆ بکەن، بەڵام کاتێک کە بەڕێز حوسێن زانی منیش کەوتوومەتە هەڵوێستێکی نالەبارەوە سەبارەت بەسەردانم بۆ سورداش، هەوڵی دا قەناعەتم پێبکات بەوەی کە ئەو داوەتێکی کەسایەتییم ئاراستە بکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تر لێکنەدرێتەوە دوای هەفتەیەک بەڕێز سنجاری چاوپێککەوتنەکەی رێکخست و ئەو مەسەلەیە خرایە بەردەم بەڕێز نەوشێروان مستەفا ئەویش بەڵێنی دامێ کە لەئەنجامەکەی ئاگادارم بکاتەوە دوای گەڕانەوەی لەبەغدا. لەجاری دووەمدا کاک نەوشیروان ئاگاداری کردم کە ئەو مەسەلەیان بەعزەت دوری راگەیاندووە لە یەکێ لەکۆبوونەوەکانیاندا و دوری بەو برگەیە وەڵامی داونەتەوە کە وشە بە وشە بۆیان گێڕامەوە دەڵێ (ئەگەر باش بێت –زیندووە-دەگەڕێتەوە بۆ لای کەس و کاری) ساڵان تێپەڕین و(دیجلەی خێر) هێشتا بێدەنگەو لەوانەیە دیجلە لەسەر حەق بێت لەو بێدەنگییەیدا لەرۆژنامەی (التاخی)یدا جارێک لە بارەی خراپ تێگەیشتنەوەی نووسی و دەسەپاچە مابوو لە هەڵبژاردنی ناونیشانێک بۆ وتارەکەی و کاتیش عەسر بوو بابەتی هەڵبژاردنی ناونیشانی وتارەکەی واز لێهێنا بۆ کاتژمێرەکانی داهاتوو لە شەو ئەو کاتەی کە شەو (.....) هات بۆ بارەگای رۆژنامەکەو گفتوگۆ لەنێوان ئەو(....) روویدا سەبارەت بە ناونیشانی سەروتارەکەی هاورێکەمان ئەم ناونیشانەی هەڵبژارد(خراپ تێگەیشتن وەک ئێمە لێی تێدەگەین و هەروەها وەک هەندێ لە ناحەزانمان تێدەگەن) بەڵام دارا قایل نەبوو ئەم ناونیشانە دابنێت و ئەم ناونیشانەی پێ چاکتربوو(خراپ تێگەیشتن وەک ئێمە لێی تێدەگەین و هەروەها وەک هەندێ لە دۆستەکانمان لێی تێدەگەن) ئەوەبوو هەرگیز بەخەیاڵ و مێشکی دارادا نەدەهات کە ئەو دەمەی دەربارەی خراپ تێگەیشتن تووشی رۆژێک ببێت. قوربانی خراپ تێگەیشتنی خۆی نەخاسمە لەگەڵ ئەوانەدا کە رۆژێک لەرۆژان (بەدۆستی) دادەنان، ئەگینا لەوانەبوو ناونیشانی وتارەکەی لەسەر ئەو لۆژیکەدا دەرشت کە رەحمی پێنەدەکرد و رەحمیشی بەوانی تر نەکرد).

**تێبینی:**

**لە ژمارە (٢٣)ی رێککەوتی ١٩٩٨/٤/٢٥ لە گۆڤاری "گولان العربی" ئەم بابەتەبلاوکراوەتەوە**

# دارا تۆفیق
# سەرکردەو ڕۆژنامەنووسی شەهید

**وەرگێڕانی: هیوا ساڵح ئەحمەد**
**hewasalh@yahoo.com**

هەواڵنامەی کتێب

کەڵەپیاوان بەخوێن و کاروکردەوەی خۆیان مێژوو دەنووسنەوە، تا بۆ نەوەی داهاتوو ژیاننامەیان ببێتە نموونە، (دارا تۆفیق) لەو کەڵە پیاوانەیە کەسایەتییەکی سیاسی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگە، چاوی بە فیکری پێشکەوتنخوازی چەپڕەو هەڵهێناوەو دەرچووی قوتابخانەکەی بارزانی نەمرە، کەسایەتییەکی پەسندو دڵگیرە، وەک جوانی سروشتی دڵڕفێنی چیا سەرکەشەکانی کوردستان، تا ببێتە سروودێک بۆ تێگەیشتن لە مێژووی گەلی کوردی ڕەسەن بمێنێتەوە، کە بە درێژایی دەیان ساڵ دووچاری زوڵم و زۆرو ستەم و توندوتیژی و تیرۆرو شۆڤێنیزم بووەتەوە.

هەردەبوو قارەمانەکانی کورد لە کاروانی سەختی خەباتدا بەردەوام بن، تا ژیان و شەهیدبوون لەلایان هاوتا ببێتەوە، دیاردەی گیانبەختکردن کە دابونەریتی مرۆڤایەتی و یاساکانی ئاسمان بڕیاریان لێی داوە، کاتێ لەسەر ناسنامەی نەتەوایەتی دژ بە زوڵم و زۆرداری و ملکەچی و چەوسانەوە، مرۆڤ گیانی خۆی بەخت دەکات.

(دارا تۆفیق) ژیان و شەهیدبوون و پێ ڕەوابوونی مردنی لە پێناوی کێشەیەکی ڕەوادا، دژ بە هەموو جۆرە شۆڤێنیزمی و زۆرداری و چەوسانەوەو دان نەنان بە بەرانبەرداو نکۆڵی کردن لە تایبەتمەندێتی جیاوازی کورد وەک گەلێک، کە لە تەواوی گەلانی جیهان هیچ جیاوازییەکی نییە، بەرگری لە عێراقی گەورەو لە گەلی کورد دەکرد.

باپێکەوە ئەم ڕاپرسییەی ڕۆژنامەی (التآخی) لەگەڵ دەستەبژێرێکی ڕۆژنامەوانی و کلتووری بەرچاو (دکتۆر بەدرخان سندی و عەبدولمونعیم ئەلئەعسەم و محەمەدی مەلاکەریم و حەسەبەڵلا یەحیا و فەرهاد عەونی) سەبارەت بە شەهیدی بەجەستە ون و لەیادەوەریدا زیندووی (دارا تۆفیق)ی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (التآخی لە ١٩٧٠-١٩٧٤)دا بخوێنینەوە..

**دکتۆر بەدرخان سندی:** ڕۆشنبیری (دارا تۆفیق) پتەوبوو، بەدوای دەستەبژێری بەتوان و بوێردا دەگەڕا.

بیرمە یەکەم ڕۆژی ناسینی لە ساڵی ١٩٧٠بوو، کاتی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناوپردان شەهید (دارا تۆفیق)م ناسی، پێدەچوو پێش ئەوەی ببێتە سەرنووسەری (التآخی) کتێبەکەم (طبیعه المجتمع الکردی فی أدبه) و چەند بابەتی منی لە ڕۆژنامەی (التآخی)دا خوێندبێتەوە، داوای لێ کردم زیاتر بنووسم، لە بۆنەیەکی دیکەداو لە شاری (بەغدا) داوای لێ کردم لە ڕۆژنامەکەی کاربکەم، بە فیعلی لە (هەولێر)ەوە، کە مامۆستا بووم گواستمەوە بۆ (بەغدا)و لەوێ پێوەندیم بە ڕۆژنامەکەوە کرد، بەناونیشانی سەرۆکی بەشی ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی دەست بەکاربووم، هەروەها ئەرکی نووسینی لاپەڕەی یەکێتی نووسەرانی کوردم پێ سپێردرا.

لەو هاوڕێ نووسەرانەی لە یادمن (عەبدولمونعیم ئەلئەعسەم) ڕۆژنامەنووسەو حاڵی حازر لە لەندەن نیشتەجێیەو (عادل ئەلهاشمی) ڕەخنەگری هونەری ناسراو، (یاسین عومەر یاسین) کە لەڕووداوێکی دڵتەزێندا گیانی سپارد، (ئیسماعیل...) خافڵکوژکراو، (عەبد ئەللامی) لە بەشی ڕیپۆرتاژدا لەگەڵمدا کاریان دەکرد، مامۆستای خوالێخۆشبووم وا ناسی کە بەرزترین نیشانەکانی ڕووخۆشی و هێمنی و سەنگینی و ڕەوشتبەرزی و ئارەزووی گوێگرتن لە بیروراو پێشنیاری نووسەرانی تێدابوو، هەر بەراستی دەڵێم لەوپەڕی ڕۆشنبیری سیاسیداو توانای وتووێژی هەبوو. کابرایەکی ماندوونەناس بوو، هەر بەتەنیا بۆ کاری (التآخی) لێ نەبرابوو، بەڵکو لەدانوستاندا ئەندامێکی لایەنی کوردی بوو، لەماوەی چوار ساڵی دوای ڕێککەوتنەکەی ١١ی ئادار، زۆرجار ئامادەی کۆبوونەوەی دوورو درێژی لیژنەی ئاشتی یا لیژنەی باڵای دیکە دەبوو، تا شەو درەنگانێک بۆ ڕۆژنامەکە دەگەڕایەوە، سەرباری ئەو هەموو بروسکانەی کە لە سەرکردایەتییەوە، واتە لە بارەگای بارزانی نەمرەوە، پێی دەگەیشت کە دەبوو لەوێ ئامادەبێت، بە پەلە بە ئۆتۆمبێلە (رینۆ)کەی و لەگەڵ شوفێرەکەی بەرێ دەکەوت و بۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵاڵە دەگەڕایەوە، شەکەتی و ماندوو بوون بە ڕووخسارییەوە دیاربوو، هەردەم دەم بە پێکەنین بوو، بەڵام لەڕووی پیشەییەوە (دارا تۆفیق) شارەزاییەکی تارادەیەک باشی لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا هەبوو، لەوانەبوو لەماوەی چالاکیی سیاسیی خۆیدا لە ڕێکخراوێکی لاوانی جیهانیدا، ئەو کاتەی خوێندکاری ئەندازیاری بوو لە لەندەن، شارەزایی پەیداکردبێت، بەهەرحاڵ، وەک سەرنووسەر ئەوە ئاراستەی بیرکردنەوەی ئەوبوون:

**"خوالێخۆشبووم وا ناسی کە بەرزترین نیشانەکانی ڕووخۆشی و هێمنی و سەنگینی و ڕەوشتبەرزی و ئارەزووی گوێگرتن لە بیروراو پێشنیاری نووسەرانی تێدابوو، هەر بەراستی دەڵێم لەوپەڕی ڕۆشنبیری سیاسیداو توانای وتووێژی هەبوو. کابرایەکی ماندوونەناس بوو، هەر بەتەنیا بۆ کاری (التآخی) لێ نەبرابوو، بەڵکو لەدانوستاندا ئەندامێکی لایەنی کوردی بوو"**

١- ئارەزووی بەدرێژدادڕی و وردکردنەوە نەدەکرد، پێی وابوو گووتاری سەرکەوتوو لە رۆژنامەدا هی نووسەرێکە کورت و پوخت بنووسێت، هەر بۆیە زۆرجار دەمانبینی لەسەر ئەو گووتارانەی دەیخوێندنەوە دەینووسی (تا چارەکێکی کورت بکرێتەوە) یا (نیواو نیو کورت و پوخت بکرێتەوە).

٢- خۆی سەرگووتاری نەدەنووسی، پێدەچێ لەبەرئەوە بووبێت کە دەسەڵاتی بەسەر زمانی عەرەبیدا نەدەشکا، بەڵام بۆ یەکێک لەوانەی پشتی پێ دەبەستن چەند سەرەقەڵەمی دەنووسی، بیرمە زۆرجار ئەو ئەرکەی بە مامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم) دەسپارد، هەروەها دادوەر (رەسمی ئەلعامل) رەحمەتی خوادی لێ بێت (نەجدەت سەفوەت فەتحی) و (سەید ئەحمەد جەزراوی) سکرتێری نووسینی رۆژنامەکە، چەندجار بۆ ئەو مەبەستە داوای لەمنیش کردووە.

٣- لە ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکاندا پێی لەسەر کێشەو ناسۆرو نەهامەتی خەڵکی دادەگرت، مەیلی بەلای ریپۆرتاژو ستوونی بوێرانەوەبوو، وەک (بزمار) و (گەل دەخوازێ)، بەڵام ئەو ستوونانەی بۆ قووت نەدەچوون لە دەربڕی خودی نووسەری بابەتەکە بوایە، واتە هەر ستوونێکی رانواندن (استعراضی) باس لە کارە باشەکانی خاوەنەکەی بکات، ستوونەکە بکاتە بانگەشە بۆخۆی، (دارا تۆفیق) بەرەنگاری ئەوە دەبووەوەو بەرانبەر بەوە بێزارو جاڕس دەبوو، هەروەها ئەو نووسینانەیشی پێ خۆش نەبووە کە مۆرکێکی ویژدانی پێوەبوو، ئەو هەر بەهەق کەسایەتییەکی پراگماتیکی بوو.

٤- لەنووسیندا بەدووی دەستەبژێردا دەگەڕا، لە نووسینی رۆژنامەکەدا هەر یەک لە (نەجدەت سەفوەت فەتحی)ی سیاسەتمەدارو رووناکبیری گەورەو پێشتر وەزیر بووە، (عەبدولغەنی ئەلمەلاح)ی نووسەرو مێژوونووس و (جەعفەر یاسین)ی ئابووریناس و نووسەری سیاسی و (بەشیر مستەفا)ی شاعیرو (حەلیم ئەلئەعرەجی)ی رۆژنامەنووس و مێژوونووس، سەرباری نووسەرانی دەرەوەی رۆژنامەکەیش کە لەگەڵماندا کاریان دەکرد..

٥- مەیلی بەرەو نۆژەنکردنەوەی ماددە ئەدەبی و هونەرییەکانەوە بوو، تەنانەت بیرمە جارێکیان لێی پرسیم: گەر کەسێک بناسم بتوانم لە باری شانۆی نوێوە بنووسێ، (برێخت)یشی بە نموونە دیاری کردبوو، منیش (ناسر یوسف)ی خوالێخۆشبووم هەڵبژارد، (ناسر) بە فیعلی چەند بابەتی لەم بوارەدا نارد، بەڵام سەرباری رۆشنبیرییە بەرزەکەی لە نووسیندا بەردەوام نەبوو، (دارا تۆفیق) وەک

**"لە ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکاندا پێی لەسەر کێشەو ناسۆرو نەهامەتی خەڵکی دادەگرت، مەیلی بەلای ریپۆرتاژو ستوونی بوێرانەوەبوو"**

هەواڵنامەی کتێب

سەرنووسەر لەسەر مەسەلەی خۆماڵی کردنی نەوت بە بایەخێکی زۆرەوە بەردەوام بوو، ئەو کاتە ئێمە لە نهێنی بایەخ پێدانی ئەو حاڵی بووین، پێی وابوو مەسەلەکە لەیەک کاتدا چەکێکی دوودەمە (خێرو بێری بۆ عێراق، بەڵاو نەگبەتی بۆ عێراق). ئەوە سامانێکی نیشتمانییە، بەڵام ماشێنی سەربازی کە هەڕەشەی لە شۆڕشی گەلی کورد دەکرد، ئەگەری زیندووبوونەوەی بە بوژاندنەوەی ئابووری عێراق، مایەی نائارامی ئەوبوون. (دارا تۆفیق) ئارەزووی بوو قوتابیانی کورد خوێندنی باڵا تەواو بکەن، کاتێک پێیم گووت ئارەزوومە خوێندن تەواو بکەم، زۆر بە گەرمی لە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت بۆم تێکەوت، بەڵام منداڵە تاقانەکەم بووە مایەی سەفەرنەکردنم، لە باڵیۆزخانە پێیان گووتین کە ناتوانین منداڵ لەگەڵ خۆمان ببەینو ئەوان بەرپرسی ئەوە نابن، وەک دوو خوێندکاری سەربەخۆ مامەڵەی خۆم و هاوسەرەکەم دەکەن و هیچی دیکە، بەڵام پاش ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا شاندەکانی راگەیاند، بەرەحمەت بێت هەوڵیدا تا چەند کورسی دەستەبەر بکات یا چەند قوتابی کورد وەربگیرێن، ئەوە روویدا. ئەگەرچی ژمارەمان زۆر کەم بوو لە چاو وەرگرتنی (٦٠٠) قوتابی لەو شاندەی ئەو ساڵەدا. ئەو قوتابییە کوردانەی وەرگیران و بیرم بێت (حەمید عەزیز) دکتۆرای لە فەلسەفەدا وەرگرت و (مەحمود زامدار) سەفەری نەکردو مانەوەی بەلاوە باش بوو، هەندێکیش چوون و نەگەڕانەوە...

بەرەحمەت بێت لە خزمەتکردنی کێشەی گەلەکەیدا کەسێکی زۆر دڵسۆز بوو، لەوانەیە تاقە هەڵەیەکی کە پاش نسکۆ کردبێتی گەڕانەوەی بوو بۆ بەغدا، بێ خەم بوو لە حوکمی دکیتاتوری، کە تەگبیری پلانی خافڵکوژکردنەکەی کرد، ئەوەندەی بزانم تا ئەمڕۆکە وردەکارییەکەی نازانرێ.

فەرهاد عەونی: شەهید (دارا تۆفیق) گەورەترین و بەنرخترین ئامۆژگاری کردووم.

بۆ تەواوکردنی بابەتەکە پێمان باش بوو چاومان بە مامۆستا (فەرهاد عەونی) نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بکەوێت..

*** لێمان پرسی: چۆن شەهید (دارا تۆفیق)ت ناسی؟**

– گووتی: (عومەری دزەیی) لە ماوەی شۆڕشی کوردی، کەمێک پێش یا دوای ساڵانی ١٩٦٣دا هات، (عومەر) لە پڕ بە هاوارێک ناوی (دارا)ی بردو بەکورتی ناساندو گووتی: (دارا تۆفیق) ئەندازیارێکی شارستانی خەڵکی شاری سلێمانییە، خەباتکارێکی ناسراوە، پێشوازی زۆری

> **بەرەحمەت بێت لە خزمەتکردنی کێشەی گەلەکەیدا کەسێکی زۆر دڵسۆز بوو، لەوانەیە تاقە هەڵەیەکی کە پاش نسکۆ کردبێتی گەڕانەوەی بوو بۆ بەغدا، بێ خەم بوو لە حوکمی دکیتاتۆری**

لێ کرا، لە یەکەم بینینەوە رووخساری خۆش خولقی و سادەیی و خاکەرایی و رووخۆشی پێوەدیاربوو، کەلێی جیانەدەبووەوەو وای لێ کردین زۆر بە دەوریدا بێین، نیوکاتژمێر تێنەپەڕی بوو تا هەڵسام و چوومە چێشتخانەی گشتی بارەگا تا خواردنی نیوەڕۆی بۆ بهێنم، قاپێک شۆربای نیسک و سەلکێک پیازو چەند کولێرەی تەندوورم بۆ هێنا..

پاش لێبوونەوە لە نانخواردن، سەبارەت بە ئەرک و فرمانی لەماوەی رابردوودا، پاش هەڵایسانەوەی شەڕ لەگەڵ حکومەتی تازە کەوتە قسەکردن، بۆ پشتگیریکردنی شۆڕشی کورد لەناوچە ئازاد کراوەکاندا سەرپەرشتی تیمێکی کۆکردنەوەی گەنمی دەکرد، کە لە دوای حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٣)ەوە بەرەو رووی هەڵمەتێکی توندی عەسکەری بووەوە، (کاکە دارا) هەفتەیەکی رەبەق لەگەڵمان بوو، بەبوونی ئەو رەوشی ژوورەکەمان گۆڕا، بەردەوام باسی ژیانی ئەوروپاو ژیانی سیاسی خۆی بۆ دەکردین، هەر لە هەرەتی لاوییەوە کاتێک قوتابی قۆناغی ئامادەیی بوو لە شاری سلێمانی و زێدی لەدایکبوونی لە ساڵی (١٩٣٢)دا، کەوتە مەیدانی سیاسەتەوە، سەرباری ئەوەی لە خێزانێکی دەستڕۆیشتوو بوو، پاش گواستنەوەی بۆ بەغدای پایتەخت لە خەباتی سیاسیدا چالاکانە هەروا بەردەوام بوو، دوای ئەوەی لە بەشی شارستانێتی کۆلێجی ئەندازیاری لە زانکۆی بەغدا وەرگیرا، بەهۆی چالاکیی دینامیکی ئەو لە بواری سیاسی و کلتووریدا دووساڵ بەدەرکردن سازا درا، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٥٣دا بەرەو ئینگلتەرا سەفەری کرد تا خوێندنی ئەندازیاری لە یەکێک لە زانکۆکانی ئەوێ تەواو بکات، ساڵی ١٩٥٧ بووە ئەندازیارو لەو ماوەیەدا دەستبەرداری کاروباری سیاسی نەبوو، بەڵکو بەهۆی هەلومەرجی سیاسی لیبرالی و دیموکراسییەوە چالاکانەتر کەوتە خۆی، لەگەڵ هاوڕێ دامەزرێنەکانی دیکەی (عیسمەت شەریف وانلی و سەعدی حەمەد ئەمین دزەیی و تەحسین هەورامی و زاهیر حوسێن و نیهاد ماجید مستەفا)دا یەکێک لە بەشداربووە هەرە چالاکەکانی ئامادەکاری کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بووە، کە لە (١٩٥٦/٨/١٠)دا لە شاری (فیزبادن)ی ئەڵمانیا بەسترا، لە پێکهێنانی ئەو رێکخراوە خوێندکارییە کوردییە خەباتگێڕەدا بەشداربووە کە ئەو رۆژگارە پێش ئەوەی دەستی تێکدان و لێکدابڕانی بگاتێ، باڵیۆزی کوردو کوردستان بووە، (دارا) پلەیەکی بەرچاوی لە سکرتارییەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهانیدا هەبووە، بەهۆی ئەو پێشینە سیاسییەو نەرمونیانییە

**"**

**(کاکە دارا) هەفتەیەکی رەبەق لەگەڵمان بوو، بەبوونی ئەو رەوشی ژوورەکەمان گۆڕا، بەردەوام باسی ژیانی ئەوروپاو ژیانی سیاسی خۆی بۆ دەکردین**

**"**

بەرزەی کە هەیبووەو لە کارەکانیدا دەی خستە بەرچاوان توانیویەتی لە بەرژەوەندی کێشەی گەلەکەیدا کار بکاتە سەر بڕیارەکانی یەکێتی.

*** دەکرێ بەکورتی کاریگەری خوالێخۆشبوو لەسەر ئێوەو ئامۆژگاری بەتایبەتی بۆ ئێوەمان بۆ بگێڕنەوە، لەماوەی گەشتی ژیانی خەباتی ئێوە لە رۆشنکردنەوەی رێگای ئازادی گەلی کوردی خەباتگێڕ، ئێوە چۆن ئەوتان ناسیووە؟**

-بەڵێ، پاش تێپەڕبوونی یەک هەفتە، (دارا) لە گوندی عیساوێ ماڵئاوایی لێ کردین، ئەمجارە رووی کردە کارێکی تازەو تەواو جیاواز لە ئەرکی پێشووی، پاش ئەوەی ئەو کەسانەی کە بایەخیان بە چارەنووسی شۆڕش دەدا، لەناخ و خەسڵەتی (کاکە دارا) تێگەیشتبوون، دوای ئەوەی لە ژیانمدا گەورەترین و بەنرخترین ئامۆژگاری پێشکەش کردم، ئێمەی بەجێ هێشت، ئەویش بەردەوام بوون بوو لە خوێندندا، سا بەهاکەی هەرچەندە زۆریش بووبێت، ئامۆژگاری کردم خۆم لە پەنا بردنە بەر بڕوبیانووی بێ بناخە بەدووربگرم، دووبەشی یەکەم و دووەمی رۆمانی (پۆڵاکەمان ئاودا) و ناملیکەیەکی رەنگاورەنگی جوانی پێدام کە چەند چوارینەی (عومەری خەیامی) بە فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی لەسەر چاپکرابوو، پاراستبووم، تا ساڵی ١٩٧٤ لە بەغدا دەستی پیاوانی رژێمی گەیشتێ، ماڵی من و چەند ئەندامی دیکەی پارتی تالان و برۆ کران، چونکە ساڵی ١٩٧٤ پێوەندیمان بە شۆڕشەوە کردبوو.

بەمجۆرە (دارا) تێڕوانینێکی زۆر باشی لەلا بەجێ هێشتم، رۆژو مانگ و ساڵان نەیانتوانیوە بیسڕنەوە لە یادەوەریمدا تۆمارکراوە، ئامۆژگاریەکەی ئەوەبوو لە خوێندندا بەردەوام بم، هاندەرێکی باش بوو تا خوێندنی سانەویم لە کۆیە تەواو بکەم، ئەنجامەکەیشم لە تاقیکردنەوەی بەلەکەلۆریدا گەیاندمییە کۆلێجی ئابووری و زانستی سیاسی، ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٧ لە زانکۆی بەغدا وەرگیرام، لەو ماوەیەدا کە دووکەرت بوون، خراپ کاری کردە سەر ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەسەرکردایەتی بارزانی نەمر..

ئەو رۆژانە سەردانی تەلاری رۆژنامەی (التآخی)مان لە گەڕەکی (ئەلعیوازیە) دەکردو ببووە شوێنی کۆبوونەوەی هەمووان (رووناکبیرو سیاسەتمەدارو خوێندکارو حزبی و بێلایەن لە عەرەب و کورد)، بەو پێیەی کە رۆژنامەی (التآخی) لایەنی دووەمی هاوکێشە سیاسییەکەی عێراقی دەنواند، بووە ناوەندی سەرنجراکێشانی هێزە دیموکراتییەکان، بەجۆرێ کەش و هەوای سیاسی

> "(دارا) تێڕوانینێکی زۆر باشی لەلا بەجێ هێشتم، رۆژو مانگ و ساڵان نەیانتوانیوە بیسڕنەوە"

تارادەیەک لەماوەی دەسەڵاتی (فەریق عەبدولڕەحمان عارف)دا گونجاوبوو، ئێوارەیەک پایزی ساڵی ١٩٦٧ بۆ جارێکی دیکە (دارا)م لە (دار التآخی) بینییەوەو کوڕێکی شۆخ و شەنگ و ڕێکپۆش تەواو جیاوازبوو، لەو کاتەی کە گوندی عیساوێ لە زستانی ساڵی ١٩٦٣دا ناسیم، دەستبەجێ منی ناسییەوەو زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کە خوێندکاری زانکۆم، دوای کۆتایی هاتنی سەردانی (شەهید ساڵح یوسفی) و ئەندامانی دەستەی نووسەران، داوای لێ کردم لەگەڵیدا بمێنمەوە. هەر کە چووە دەر دەستی گرتم و لە ساختمانی ڕۆژنامەکە وەدەرکەوتین و ڕوومان کردە شەقامی گشتی ڕووەو گەڕەکی (رأس ئەلحەواش) و زیاتر باسی ڕەوشی سیاسی گشتی کوردستانمان دەکرد.

چالاکی ئێمەی لە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا هەڵدەسەنگاند، لەو بوارەدا زۆر سوودم لە سەرنج و تێبینییەکانی وەرگرت، بەڵێنی دا دووبارەو سێبارە هەرچەندە دەرفەت بڕەخسێت یەکدی ببینینەوە..

*** دەکرێ دوا سەردانی ئێوە بۆ لای خوالێخۆشبوومان بۆ بگێڕنەوە، تا کاتی هەلومەرجی بێ سەروشوێن کردنی باسی چیتان دەکرد؟**

- گفتم بە خوالێخۆشبوودا شەو یەکدی ببینین، دوای ئەوەی بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی منی گەیاندە شوێنی نیشتەجێ بوونم، لەدوا سەردانمدا لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠داو لە چێشتخانەی ئیتالیادا پێکەوە نانمان خوارد، پاش نیوەڕۆی ئەوڕۆژە کاتی لێی جیابوومەوە هەستم کرد (کاکە دارا) لە مەینەتدایەو هەستی بە نارەحەتی دەکرد، هەروا لە خۆڕا نارەحەت بوو، لەکاتێکدا لە گۆشەیەکی چێشتخانەی (الاناء الذهبی)دا کە ئەو شەوە ڕوومان تێی کردبوو، هەولمدا ماڵەکەی بگۆڕێ. زانینی نهێنی ئەو نارەحەتییەی، بەتایبەتی کە هێشتا بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوەی گشتی گواستنەوەی ئاو بوو، هیچ شتێکی دیارو ئاشکرا بە بەرچاوەوە نەبوو، تا ئەو ترس و بیمە بیسەلمێنێت. زانی کە سوورم لەسەر زانینی هۆیەکەی کە لەڕێزو خۆشەویستی و شانازیمەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەوڵی نەدەدا مەسەلەکانم لێ بشارێتەوە، بە زمانێکی خۆشەویستییەوە گووتی: دوو ساڵ بەر لە ئێستا فەرمانی دامەزراندنم بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کوردی لە نووسینگەی ڕێکخراوە میللییەکان دەرچوو، بەدەنگییەوە نەچووم، بە چەند کەسی خێرخوازم گووت: حاڵی حازر بە کەڵکی ئەو پلەیە نایەم، چاوپۆشی لەو باسەکرا، هەر پێش یەک ساڵ کەسێک ئاگاداری کردمەوە کە سەرکردایەتی عێراق ئارەزوویەتی سەرباری

چالاکی ئێمەی لە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا هەڵدەسەنگاند، لەو بوارەدا زۆر سوودم لە سەرنج و تێبینییەکانی وەرگرت، بەڵێنی دا دووبارەو سێبارە هەرچەندە دەرفەت بڕەخسێت یەکدی ببینینەوە..

نووسـینەکەی بمکەنە بەرپرسی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی رۆژنامەی (العراق)، ئەو کاتە ئەویشـم رەت کردەوە، ماوەیەک بەر لە ئێستا دووبارە هەمان داوایان لێ کردمەوە، جارێکی دیکە داوای لێبوردنم کرد کە پێم ناکرێ، لەگەڵ چەند بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوەکانی سـەر بە وەزارەتی گواسـتنەوەو پێوەندی داوایان لێکردم ئامادەی کۆبوونەوەیەک ببم لەگەڵ کەسایەتییەکی گرنگی دەوڵەتدا، کاتـێ ئێمە چاوەڕێ بوویـن، بەپێی پیتی ئەبجەدی ناومان نووسـرا، ناوی من یەکـەم بوو، پاش نیـو کاتژمێر پێیان راگەیاندین کە کۆبوونەوەکە بۆ وادەیەکی دیکە دواخراوە، پـاش یەک هەفتەی رەبەق لەگـەڵ هەموو ئەوانەی ناویان نووسرابوو جگە لەمن کۆبوونەوەکە کرا، ئەمەیش بەڵگەی شـتێکە هەروەک پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ کاتێ هاتیتە لام لە نووسینگەکەم پێم گووتی: هەست دەکەم چاودێری خراوەتە سـەر تەلەفۆنە تایبەتییەکانم، لەو راستییە خۆم دڵنیابووم، جارێکـی دیکە هەوڵم دا کەمێ بارەکەی لەسـەر سـووک بکەم، پێیم گووت عێراق بە گەل و حکومەتەوە سـەرقاڵی شەڕی ئێرانە، رێی تێ ناچێت ئەم مەسەلە چارەنووسسازە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ بخرێت، خۆیان بە مەسەلەی واوە سەرقاڵ بکەن، کە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، دواجار (کاکـە دارا) هەوڵیـدا وا خۆی پێشـان بـدات کە گوێی پێ نادات، بەڵام بەهۆی ون بوونییەوە یا بە واتایەکی دیکە بێ سەروشوێن بوونییەوە، جارێکی دیکە چاوم پێی نەکەوتەوە. بەسەرهاتی ون بوونی بەمجۆرە بوو: (کاکە دارا) کاتژمێر ٧,٣٠ی سـەرلەبەیانی رۆژی ١٩٨٠/١١/٥ خۆی ئامادەکرد بۆ فەرمانگەکەی (دامەزراوەی گشتی گواستنەوەی ئاو لە بەغـدا) بچێت، کە بەڕێوەبەری گشتی بـوو، کەوتە ئیش پێکردنـی ئۆتۆمبێلەکـەی تا گەرمی بـکات (ئۆتۆمبێلەکەی جـۆری ڤۆلڤۆی سـالۆن حکومی رەنگ سـپی ژمار ٥٥١ بـوو)، لەگەڵ کچـە بچووکەکەیدا سـواری سـەیارەکەی بوو تـا بیگەیەنێتە قوتابخانەکەی کـە لەماڵەکەیەوە نزیک بوو، لەرۆژئاوای پەیکەری نوێی سـەربازی ون، لە بەری کـەرخ بوو، پاش گەیاندنی کچـە قوتابیەکەی رووی کردە فەرمانگەکـەی، هەروەک زانراوە، (کاکـە دارا) نیوەڕۆ بۆ ماڵ نەگەڕایەوە، بەڵام فەرمانگەکەی رۆژی ١٩٨٠/١١/٥ی بە دابڕانی لە دەوامی رەسمی تۆمارکرد.

**محەمـەدی مەلا کەریم:** ئـەوزۆر بەروون و ئاشـکرایی پێملبوونی تـەواوەوە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دەردەبڕی.

دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی مەزن، بۆ یەکەمین جار شـەهیدی خوالێخۆشـبوو (دارا تۆفیق)م ناسـی، ئەو

> **پێیم گووت عێراق بە گەل و حکومەتـەوە سـەرقاڵی شـەڕی ئێرانـە، رێـی تێ ناچێـت ئـــەم مەسـەلە چارەنووســــازە لەلایەن دەوڵــەتـەوە پشـتگوێ بخرێـت، خۆیـــان بە مەسـەلەی واوە سـەرقاڵ بکەن**

رۆژە دارا لە کادیرە پێشکەوتووەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهانی بوو، نوێنەری لاوانی دیموکراتی عێراقی و یەکێتییە گشتییەکەی بوو، لەدوای شۆڕش بۆ عێراق گەڕابووەوە، نازانم بۆ کارێکی یەکێتی جیهانی بوو، یا بۆ سەردانی کەس و کارو هاوڕێ و نیشتمانەکەی بوو، سا سەبارەت بە دەزگاکانی ئاسایشەوە بووبێ، یا سەبارەت بە نێوەندی سیاسی دیموکراتی عێراق، بەو پێیەی لێرەو لەوێ لە بوارەکانی خەباتی یەکێتیدا ناسراو بوو، هەروەک زانراوە (دارا) لەنێو دەستەی راپەڕاندنی یەکێتی لاوانی جیهانیدا ناسراوبوو، هەر بۆیە رۆژانی سەردەمی پاشایەتی کە پێوەندی زۆری بە ئیستیعماری جیهانییەوە هەبوو، نەیدەتوانی بۆ عێراق بگەڕێتەوە، (دارا)م لەم گەڕانەوەیەیدا ناسی، سەرەتا سادەو ساکار ناسیم و منیش ئەوەندە نەبوو کە لە بەغدا بووم، هاوڕێی تەمەن (دکتۆری ئەمڕۆ) (عیززەدین مستەفا رەسول)م لەگەڵ بوو، کە هەر لە رۆژانی لاوێتی و سەرەتای سالانی خەباتی نیشتمانییەوە هاوڕێی (دارا) بوو، ناوبەناو بۆ ئەم لاو ئەولای بەغدام دەبرد، بەهۆی ئەو هاوڕێیەتییەوە، زۆر لە هاوڕێ خەباتکارو رۆشنبیرە نیشتمانپەروەرەکانیم لە بەغدا ناسین، چاوم بە شوێنەوارەکانی شارە رزگارکراوەکە کەوت ئەو (عیززەدین) پێشتر وەک خوێندکاری زانکۆو نووسەر لەچەند رۆژنامەی دیموکراتیدا، چەندین ساڵی لە بەغدا بەسەر بردبوو، هەروەک پێشتر چەندین کەسایەتی رۆشنبیری و دیموکراتی و سیاسی، نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازی لە زیندان ناسیبوو، هەر بۆیە رێبەرێکی باش بوو تا بەغدا شارەزابین و چاومان بە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی بکەوێ..

پاش ئەو ماوەیە دەرفەتم بۆ نەڕەخسا تا چاوم بە (دارا) بکەوێتەوە، جارێکی دیکە بۆ ئەوروپا گەڕابووەوەو دووبارە بۆ عێراق نەگەڕایەوە، یا من نەمبینییەوە، مەگەر دووبارە لە کۆتایی شەستەکاندا گەڕابێتەوە، پاش ئەوەی منیش لە زیندان ئازاد بووم، ئەو ماوەیە (دارا) چووبووە ناو ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردییەوە بە سەرۆکایەتی بارزانی گەورە، بەڵام بە ئاشکرا نەبوو، ئەو رۆژە سا لەسەردەمی (عەبدولرەحمان عارفدا) دوای دووەمین کودەتای بەعسی، بزووتنەوی کوردی شەڕی حکومەتی عێراقی دەکرد، (دارا) بە ئاشکرا سەرقاڵی کاری سەربەست بوو، لەکۆتایی شەقامی (الجمهوریە)دا نزیکی تونێلەکەی ئێستا نووسینگەیەکی لە تەلاری (عەلی) کردبووەوە، هاوڕێ و ناسیاوەکانی لەوێدا سەردانیان دەکرد، لەوانە خەباتگێڕانی عێراقی و نەتەوەیی کوردی.

**هەروەک زانراوە (دارا) لەنێو دەستەی راپەڕاندنی یەکێتی لاوانی جیهانیدا ناسراوبوو، هەر بۆیە رۆژانی سەردەمی پاشایەتی کە پێوەندی زۆری بە ئیستیعماری جیهانییەوە هەبوو، نەیدەتوانی بۆ عێراق بگەڕێتەوە**

من بەڕاستی لەوکاتەوەکە بووە سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیە تا کاتی سەفەرکردنم بۆ یەکێتی سۆڤیەت لەدواچارەکی ساڵی ١٩٧٣ ناسینم، ئەو کاتە لە گۆڤاری (برایەتی) بەناوبانگدا کارم دەکرد، لەو رۆژنامەیەدا نووسەری بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەبی کوردی بووم، کاتێ (کاکە دارا) بووە سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیە، کە پاش ماوەیەکی کورت (تەواو بیرم نییە) وەک رۆژنامەیەکی رۆژانە یا هەفتانە بۆ سلێمانی گوازرایەوە، منی لە (برایەتی)یەوە راکێشاو کردییە نووسەری سەروتارەکانی. (دارا) سیاسەتمەدارێکی ژیرو خاراو و قاڵ بوو، هەر بەراستی دەیتوانی لە گووتاردا بەوردی دەستنیشانی ئەوە بکات کە دەیویست بینووسێت، خۆی لەهەر رستەیەک بە دوور بگرێ کە پێدەچوو بە ئەندازەی پێویست ورد نەبێ لە بەجێهێنانی ئەو شتانەدا کە دەیویست بیانکات، هەر بۆیە رای سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بەروون و ئاشکرا پێملبوونی تەواوەوە دەردەبڕی. راڤەی سیاسەت و ئاراستەکانی بەرەو ئەو بابەتانە دەکرد کە لە رۆژنامەکەدا دەینووسین، لە وەڵامدانەوەی نەیاران و بەرهەڵستکاراندا وردو بابەتی و سەنگین بوو. ئەو بەڵگانەی بەدرۆ دەخستەوە کە دژ بە سیاسەت و جێی و شوێنی بزووتنەوەکە دەیان هێنایەوە، گەر لە گووتارەکانی (التآخی) بروانین، ئەو مشتومڕەی فیکری و سیاسییە گەرم و گوڕانەی نێوان رۆژنامەکەو رۆژنامەی (الپورە) شایەتێکی راستگۆیی ئەو گۆڕەپانە بووە. ئەو کاتە گووتارەکان بە کتێبێک چاپکران، هەروەک گووتارەکانی (الپورە)یش بە کتێبێک چاپکرا.

بەڵام (مامۆستا دارا) بە ئەندازەی پێویست دەسەڵاتی بەسەر زمانی عەرەبی (رێزمان و نووسین)دا نەدەشکا، هەر بۆیە لە ژیانی رۆژنامەنووسی خۆیدا کەسێک نەبوو ئەم کەلێنەی بۆ پڕبکاتەوە، هەر لە یەکەمین رۆژەکانی بەرپرسێتی نووسینی (التآخی)و لەبەر ئەوەی دەیزانی دەسەڵاتێکی باشم لە زمانی عەرەبیدا و شارەزاییەکی پیشەییشم لە رۆژنامەوانیدا هەیە، دواجار لەبەر ئەمانەتی سیاسی بۆ ئامانجە بەرزەکانی جوڵانەوەی نیشتمانی عێراق و جوڵانەوەی نیشتمانی کورد هەڵی بژاردم و دەستنیشانی کردم، ئەو چەند سەردێری بە کورتی دەنووسین و بۆ منی دەنارد، لە ژوورێکی تەنیشت ژوورەکەی خۆیەوە لە بارەگای (التآخی) لەهەر کوێیەک بوایە، سا لە شەقامی (الرشید) (تەلاری چاپخانەی تایمز کە رۆژنامەکەی لێ چاپدەکرا) یان لە (السعدون)، منیش گووتارەکەم بەجۆرێ دادەڕشتەوە کە سەردێر یا ئەو چەند رستە کورتەی لەخۆ

> **دواجار لەبەر ئەمانەتی سیاسی بۆ ئامانجە بەرزەکانی جوڵانەوەی نیشتمانی عێراق و جوڵانەوەی نیشتمانی کورد هەڵی بژاردم و دەستنیشانی کردم**

بگرتایە، دەمخستەوە بەردەستی و ئەویش بە وردی و بەرامانەوە دەیخوێندنەوەو ئەوەی بەدڵی نەبوایە لەهەر جێیەک پێویست بوایە لێی دەسڕییەوە یا چاکی دەکرد یا دەیخستە سەری.هەرگیز رێک نەکەوتووە سەرنج بدەم لەچوارچێوەی فیکری ئەو دەرچووبووم، کە ئەو دەیویست دەری ببڕێت، کەوا دەڵێم خۆمم هەڵ نەکێشاوە، هەروەها لەنێو دەستەکەی ئەودا کارم دەکرد، تا ئەو دەرفەتە بقۆزمەوە کە (دارا) ئەم دنیا پڕ زوڵم و زۆرەی ئێمەی بەجێهێشتووەو بە خوای خۆی گەیشتووە، چونکە ئەوەی دەیڵێم راستییەو دەبێ زۆر راستگۆیانە بگووترێ، جارێکیان رێکەوت سەبارەت بە رێپۆرتاژێکی رۆژنامەنووسی بەو سیفەتە تایبەتییەی کە لە میهرەجانی لاوان و خوێندکارانی جیهانی هەمبوو، کە لە بەرلین وەک نوێنەری رۆژنامەکە ئامادەی بووم، چەند رستەی دیاریکراوی بەلاوە وابوو کە مۆرکی لایەنگیریان پێوەیە، گەر دەربڕینیەکە راست بێت لایەنگری ئەڵمانیای دیموکراتی بووە، بەدەر لە چوارچێوەی بێلایەنی کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی پابەندی بوو، بەو چەند رستەیە، مەبەستم ئەو چەمکە نەبوو کە بە زەینی (مامۆستا دارا)دا هاتبوو، بەهەرحاڵ باسی چەند راستی چەسپاوم کردبوو کە بە چاوی خۆم بینیبووم، لەگەڵ ئەوەیشدا لەسەر ئارەزووی ئەو یا کاتێ بە دەربڕینێکی وردتر نووسیم، ئەو رستانەم کوژاندەوە.

ئەوە تاقە جارێکە (مامۆستا دارا) بە رستەیەکی من نووسیبێتم نارازی بووبێت، هەرگیز دووبارە نەبووەوە.

تا مانگی ئەیلوولی ١٩٧٣ لە شوێنی خۆم لە رۆژنامەکە مامەوە، کاتێ بەمەبەستی فێربوونی زمان رووم کردە یەکێتی سۆڤیەت، لەسەر داوایەکی نووسراوی (مامۆستا دارا) حکومەتی سۆڤیەت پێی بەخشیبووم، تا پێش ئەوەی (کاکە دارا) لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤جا بەغدا بەجێ بهێڵێت، ماوەی پێوەندی نێوان بزووتنەوەی کوردی و رژێمی بەعس کۆتایی هات، لە (مۆسکۆ)وە بەردەوام بۆ (التآخی)م دەنووسی.

کاتێ لە بەهاری ١٩٧٥دا لە (مۆسکۆ)وە گەڕامەوە، بینیم زۆر لەوانەی لە بەغداوە پێوەندیان بە شۆڕشەوە کردبوو، سەرلەنوێ پاش رێککەوتنی نێوان شاو سەدام و دوای دەست لێهەگرتنی چەند ناوچەی سنووری مایەی ناکۆکی نێوان هەردوولا بۆ ئێران، بە پیرۆزبایی لێکردنی بۆ میدیەن و هێنری کیسنجەر لەلایەکی دیکە، بۆ بەغدا گەڕابوونەوە.

(مامۆستا دارا) و (دکتۆر کەمال مەزهەر) و (مامۆستا محەمەد رەسول هاوار) و زۆر کەسی دیکەیش لەوانەبوون

**ئەو دەرفەتە بقۆزمەوە کە (دارا) ئەم دنیا پڕ زوڵم و زۆرەی ئێمەی بەجێهێشتووەو بە خوای خۆی گەیشتووە، چونکە ئەوەی دەیڵێم راستییەو دەبێ زۆر راستگۆیانە بگووترێ**

کە بۆ بەغدا گەڕابوونەوە، بەبۆنەی گەڕانەوەی ئەو هاوڕێیانە، لە ماڵی خۆمان لە گەڕەکی (الأمانە) لە بەغدا ئێوارەخوانێکم بۆ سازکردن، ئەو شەوە سەبارەت بە رووداوەکانی کوردستان گفتوگۆیەکی دوورو درێژمان کرد، بیروڕامان جیاوازبوو، کاتێ ئەو برایانە سووربوون لەسەر گێڕانەوەی هۆیەکەی بۆ پیلانی نێودەوڵەتی، دەبوو خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی بەدووربگرێ، کە ئازاری زۆری بە گەلی کوردمان دەگەیاند.

پێم وابوو گەر راستە پیلانی نێودەوڵەتی چەند لایەنە بۆ نەهێشتنی بزووتنەوەی گەلی کورد لە گۆڕێدابوو، بەڵام ئەوەی لە بنەڕەتەوە روویداوە لە ئەنجامی زنجیرەیەک هەڵەی کوشندەی بزووتنەوەکە بوو، کە لە بەرەنگاربوونەوەی هەڵسوڕاندنی رەوشی تازەی کوردستان و لە ساتی مۆرکردنی رێککەوتنی ئادارەوە کردبووی. پێم وابوو لە بری چەک دانانی کاتی، پاش ئەو کارە ناپەسندە رژێمی سەدام بە ملکەچ بوونی بۆ نێوەنێوەی شاو راگرتنی پشتیوانی لۆجیستی و ...ی بۆ بزووتنەوەی کوردی لە رقی سەدام، وا پێویست بوو وەڵامی پیلانەکە بە کۆکردنەوەی دەستەیەک پێشمەرگەی بەهێزو شێلگیرو چالاکی ناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگە لەیەک کاتدا بەردەوامی بە شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی دەستەی شاو سەدام بدەن. بەلامەوە وابوو لە بەردەم بوونی بەرگرییەکی ئاوها دەبووە مایەی هەرچی زیاتر شێلگیرترکردنی حەماسەتی نیشتمانی لەناو دەروونی خەباتگێڕانی گەلی کورد و لەقبوونی بەرەی پێکهاتوو دژ بە گەلی کورد، کە گرنگترین ئەڵقەیشی (بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز) بوو، کاتێ پێشمەرگەی گەلی کوردمان لە بەرەیەکی پتەودا دژ بە دوژمنانی کورد لە ئێران و عێراق دەوەستنەوە، زەحمەت بوو حزبێکی وەک شیوعی عێراق لە بەرەیەکدا بمێنێتەوە، کە گرنگترین لایەنی چووبێتە ریزی دەستەی شای بەکرێگیراو، کە دژ بە کورد کەوتووەتە شەڕ، بەو پێیەی کاردەکاتە سەر هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات کە لەگەڵیدا لەیەک ئۆردووگادان. هەموو ئەوە لە سەرتاسەری کوردستانداو دەبێتە مایەی جۆشدانی ئاگری شێلگیری نیشتمانی، ئەوەیش لای خۆیەوە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە هەڵوێستی نێودەوڵەتیدا کە لە بەرژەوەندی رژێمی سەدام حسێن دا نەبێ، کاتێ روون دەبێتەوە کە هێزە کۆنەپەرستەکان لە هەموو ناوچەکەدا دژ بە شۆڕشی کوردو گەلی کورد دەبن. چەند جارێک پاش گەڕانەوەی بۆ بەغدا لە کۆڕی زانیاری کورد چاوم بە (مامۆستا دارا)

> **گەر راستە پیلانی نێودەوڵەتی چەند لایەنە بۆ نەهێشتنی بزووتنەوەی گەلی کورد لە گۆڕێدابوو، بەڵام ئەوەی لە بنەڕەتەوە روویداوە لە ئەنجامی زنجیرەیەک هەڵەی کوشندەی بزووتنەوەکە بوو**

کەوتەوە، کە لە کۆمپانیای گواستنەوەی ئاودا بەڕێوەبەری گشتی بوو، پێش ئەوەی چەتە سەدامییەکان بیرفێنن و دوا شوێنەواری لەبووندا بسڕنەوە، لە دەروونی هەموو دۆست و هاوڕێکانیدا خەم و کەسەرێکی وا بەجێ بهێڵێت کە هەرگیز کۆتایی پێ نایەت، هەر کەس ناسیبێتی ناتوانێ لە بیری بکات.

سەربارەت بە هەڵوێستی (کاکە دارا)کە بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی ئاو بوو، بۆ ئەو فەرمانبەرو کرێکارانەی لەگەڵیدا کاریان دەکرد، (شیرین فەرەج)ی هاوسەرم کە لەوێ فەرمانبەر بوو گێڕایەوە: لای فەرمانبەران و کرێکارانی کۆمپانیاکە تا ئەوپەڕی خۆشەویست بوو.

کاتێ یەکێک باسی زوڵمێکی خۆی بۆ دەکرد، لەبەری هەڵدەستاو پێشوازی لێ دەکردو تەوقەی لەگەڵدا دەکردو لەسەر پێ رادەوەستا، فەرمووی دانیشتنی لێ دەکرد، چی لەدڵدا بووایە بۆی هەڵبڕێژێ، کاتی سەر لەبەیانیان دەگەیشتە فەرمانگە، لە ڕاڕەوەکاندا سڵاوی لە کرێکارو خزمەتگوزارەکان دەکردو لە حاڵ و باریانی دەپرسییەوەو ئەوان بەون بوونیشی زۆر خەمباربوون، تا ماوەیەکی زۆر پاش ون بوونی ئەو بۆ هەتا هەتایە، هەر بەخێر باسیان دەکرد.

دوو هەڵوێست لە ژیانی رۆژنامەنووسی خوالێخۆشبوو (دارا تۆفیق)دا هەیە، تیایدا بەشداربووم، شەوی پاش پیلانی سەدام بۆ سەر ژیانی بارزانی بە بەکارهێنانی چەند مەلای مینڕێژکراوی سوننەو شیعەی عەرەب بۆ کوشتنی لە (ناوپردان) *حاجی ئۆمەران بوو)و، شەوی خۆماڵی کردنی نەوت بوو، بیرم نایەت کامیان پێش ئەوی دیکەیان کەوتووە، تا شەوی دواتری رۆژی پیلانەکە، پێکەوە تا بەرەبەیان لە چاپخانەکەداو لەگەڵ چەند کەسی دیاری کراوی کرێکارانی چاپخانەکە ماینەوە، پاش ناردنەوەی کارمەندانی دیکە جگە لە بەڕێوەبەرە متمانە پێکراوەکەی (ئەحمەد شەبیب) یادی بەخێر، بە مەبەستی پیتچنین و خستنەجێی پیتەکان هەواڵێکی دیکەی ئاسیایی لای سەرووی رۆژنامەکەو گۆڕینی کلێشەی سەرەکی ژمارەی ئەو رۆژە رۆژنامەکە، بەو مەبەستەی رێ لە دزەکردنی هەر هەواڵێک لە رۆژنامەکەدا بگرێ، تا سبەی (ئەمنی عام) نەبێتە مایەی بە سەلامەتی بڵاوبوونەوەی رۆژنامەکە، کاتی دابەشکردنی برێکی بۆ پارێزگاکان رەوانە کراو، دواتر لە دەوروبەری بەغداوە دابەشکرا تا بەناوجەگەری شار دەگەیشت.

بەڵام شەوی خۆماڵی کردنی نەوتەکە، (کاکە دارا) تا کۆتایی شەو هەر لە چاپخانەدا کمایەوە، من و بەڕێوەبەری

**کاتێ یەکێک باسی زوڵمێکی خۆی بۆ دەکرد، لەبەری هەڵدەستاو پێشوازی لێ دەکردو تەوقەی لەگەڵدا دەکردو لەسەر پێ رادەوەستا، فەرمووی دانیشتنی لێ دەکرد، چی لەدڵدا بووایە بۆی هەڵبڕێژێ**

چاپخانەکەو (سەلاحەدینی مودەریس)ی برام کە هەڵەبڕی ڕۆژنامەکە بوو تا سەرلەبەیانی ماینەوە، تا دڵنیابین لەوەی کەسانێک بەنهێنی کە لەوانەیە لە چاپخانەکەدا بن، دەستکاری ئەو بابەتانە بکەن کە لە بارەی خۆماڵی کردنەوە بڵاوکرابوونەوە. ئەمەیش بەهۆی ئەو ژاوەژاوەی بەعسییەکان لە بارەی هەڵوێستی بزووتنەوەی کوردییەوە ورووژاندبوویان لەو باسەی کە کۆمپانیاکانی نەوت و دەوڵەتان و وڵاتەکانین پێوەندیان پێوەی هەبوو.

ئەم دوو هەڵوێستە بە قووڵی بەڵگەی ڕادەی پەیوەست بوونی داران بەڕایی کردنی ئەرکی سەرشانی، وەک ڕۆژنامەنووسێک تا ئەوپەڕی بەخۆڕاگری و سووربوون و هۆشیاری شۆڕشگێڕی و پیشەییەوە کارەکانی ڕایی دەکرد.

دوا هەڵوێستێکی شەهید کە بیرم مابێ و دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە: وەفدێکی شیوعی بەریتانیا ساڵی ۱۹۷۳ لە بەغدا بوون، لەو بڕوایەدام کە حزبی بەعس داوەتی کردبوون.

(شەهید دارا) ئاهەنگێکی ئێوارەخوانی گەورەی لەسەر شەرەفی وەفدەکە لە یانەی (الصید) سازکرد، ژمارەیەکی زۆری سیاسەتمەدارانی نیشتمانپەروەرو دیموکراتی داوەت کردبوو، لەوانە سەرکردەکانی حزبی شیوعی عێراق کە لەناویاندا خوالێخۆشبوو (زەکی خەیری)م لەیادە، (کاکە دارا) منیشی داوەت کردبوو، داوای لێ کردم ماوەیەک لەگەڵیدا دابنیشم، بەکورتی بەشێک لەو قسانەی نێوان خۆی و ئەندامانی وەفدەکەی کە پێی گووتبوون بۆ وەرگێڕام، چونکە ڕۆژانی خوێندنی ئەندازیاری لە زانکۆکانی بەریتانیاندا پێوەندی بە حیزبی شیوعی بەریتانیاوە پتەوبوو، لەنێو ئەو قسانەدا پێی گووتبوون: ئێمە ئەو شەوە لەو هۆڵەدا خواردنمان دەخواردو شەرابمان دەخواردەوە، لەنهۆمی ژێرەوەی ئەم هۆڵە کە لەژێر پێماندایە کۆمۆنیست و دیموکراتی هەن کە لە سەردەستی بەعسییە جەلادەکان ئازار دەدرێن، ئەوانیش وەک پەسند نەکردن و نارەزایەتی ئەوەی کە ڕوو دەدات، سەریان دەلەقاند، یادی بەخێرو سەربەرزی و نەمری بۆ (شەهید دارا تۆفیق) و گشت شەهیدانی خەباتی ڕزگاریخوازی جیهان..

حەسەبەڵڵا یەحیا: (دارا تۆفیق) خەباتگێڕێکی ئازاو کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو بوو، نیشانەیەک لە یادەوەریدایە، لە دڵ و عەقڵ و هەستدا ناوی (دارا تۆفیق)ی لەسەر هەڵکۆڵدراوە.

پیاوێکە دڵسۆزییەکی قووڵی نەک هەر بۆ کورد، بەڵکو بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی هەبوو، هەروەک مۆری پەنجەو

**ئەم دوو هەڵوێستە بە قووڵی بەڵگەی ڕادەی پەیوەست بوونی داران بەڕایی کردنی ئەرکی سەرشانی، وەک ڕۆژنامەنووسێک تا ئەوپەڕی بەخۆڕاگری و سووربوون و هۆشیاری شۆڕشگێڕی و پیشەییەوە کارەکانی ڕایی دەکرد**

ڕەنگی خوێن و وردەکاریی هۆشیاری ئەو نووسینەکانی ڕاستی ئەو دەخەنە بەرچاوان..

(دارا تۆفیق) ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرنووسەری (التآخی)، لە کۆتایی شەستەکاندا کە من پەیامنێرێکی سادەبووم، یەکەمین هەنگاوم لە ڕۆژنامەنووسیدا هەڵدەهێنایەوە، بەدوویدا ناردم، لەناوچەیەکی شاخاوی دووری سەر زێی گەورە، مامۆستاو بەڕێوەبەری قوتابخانەی (گەیلان)ی سەرەتایی بووم. ڕێگای هاتووچۆی بەسەرەوە نەبوو، هەفتەی یەک ئۆتۆمبێل ڕووی تێ دەکرد، کە بەرپرسێکی دەهێنا بەزۆری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دەبوو،یا شێخێکی گوندەکەی دەگواستەوە کە گوندنشینەکان زۆریان خۆشدەویست، پێشتر پێی ڕانەهاتبووم، پاشان لەگەڵ (التآخی)دا وەک پەیامنێر بەردەوام بووم، جارێکیان ڕێکەوت لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە فەرمانی گرتنم دەرچووبوو، قوتابخانەکەم داخست و ئامادەبووم تاخۆم بشارمەوە، چونکە دەمزانی کە دەستگیرکردن بە مانای ونکردن و ئازارو چەرمەسەریە.

دەمزانی بۆچی دەستگیر دەکرێن؟. بەڵام دەربازبووم، هۆی گرتنەکەمم نەدەزانی، بەڵام وەک من لای خۆمەو زانیم سیاسی بوو. مامۆستای بەشکۆ (دارا تۆفیق) بانگی کردم و ئەمجارە داوای لێکردم لە بەغدا ئامادەبم، چۆن و بۆچی؟ ڕووم کردە بەغداو لەبەردەم ئەو پیاوەدا وەستام، کە بە گەرمی پێشوازی لی کردم و لێی پرسیم: تۆ لەو زانیارییانە دڵنیایت کە لە ڕیپۆرتاژەکەتدا سەبارەت بە پارێزگاری هەولێر باست کردووە، لە (التآخی)دا بۆمان بڵاوکردوویتەوە؟

بەوپەڕی متمانەوە گووتم:

– لە گشت پیت و هەمووژمارەیەکی ئەو ڕیپۆرتاژە دڵنیام.

گووتی، فەرمانی چوونە دادگای شەقڵاوەو دەستگیرکردنت پێ دەکات. گوێ مەدەرێ و تەنیا ئاگادارم بکە، لە بری تۆ خۆم لەو دادگایەدا ئامادە دەبم.

من سەرنووسەرم و خۆیشم بەرپرسی هەر بابەتێکم کە بڵاودەکرێتەوە. باکت نەبێ، بە فیعلی داوای لێ کرا وفەرمانی گرتنم لەیەک ڕۆژدا گەیشتە قوتابخانە. من لەوێ نەبووم. کەسێکی خەڵکی گوندەکە بۆی هێنام کە متمانەم پێی هەبوو، بەڕێز (دارا تۆفیق)م لەو مەسەلەیە ئاگادارکردەوە، پاش چەند ڕۆژ پێی ڕاگەیاندم کە لە بری من خۆی چوو بۆ ئەوێ و لەبەردەم قازیدا وەستاوەو ڕاستی و دروستی ئەوەی نووسیی بووم بۆی ڕوون کردبووەوە، تا دادگا بەبێ تاوانی من ڕازی بوو. ئەوە

> **پیاوێکە دڵسۆزییەکی قووڵی نەک هەر بۆ کورد، بەڵکو بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی هەبوو، هەروەک مۆری پەنجەو ڕەنگی خوێن و وردەکاریی هۆشیاری ئەو نووسینەکانی ڕاستی ئەو دەخەنە بەرچاوان..**

هەواڵنامەی کتێب

حاڵەتێکی دەگمەنە کە سەرکردەیەکی بەرچاو بەرگری لە پەیامنێرێکی رۆژنامەوانی گوندێکدا بکات، پێشتر ئەوە لە هیچ رۆژنامەیەکی عێراقیدا رووی نەدابوو، ئەوە بوو نموونەی خاکەڕایی و جوامێری و مەردایەتی و پیاوچاکی و شەرەفی پیشە، کە خۆی سەر بەو پیشەیە بوو، کاتێک دنیا بووە شەوە زەنگ و رێکەوتنی مارت سەری نەگرت کە دەسەڵات دەیویست تێدا بەسەر کوردا زاڵ بێ.
پاش ئەوەیش کە خۆم بەرپرسی لاپەڕەی رۆشنبیری و رۆشنبیری کوردی و دوالاپەڕە بووم. پاش گواستنەوەم بۆ بەغدا لەلایەن (التآخی)ەوە، سەرنووسەر بانگی کردم و متمانەی تەواو پێ کردم. گووتی: کاکە حەسەب. ئێمە سەفەر دەکەین، لە دەرچوونی (التآخی)دا متمانەمان بەتۆیە، بەهەمان هەڵوێست و سیاسەتەوە کە ئێمە بۆیمان دارشتووە، ئێمە رێزت لێ دەنێین و مایەی متمانەی ئێمەن، ئەو رۆیشت، خۆمم لە سەرکردایەتی دەرچوونی (التآخی)دا بە تەنیا بینییەوە. مێژووی ئەورۆژەم لەبیرە، بەلام بە تەنگەوەبووم رۆژنامەکە (التآخی) لە چاپخانە کە دەکەوتە (السنک/ بغداد) دەرنەچێ، مەگەر هەر وەک پەیمانی بەخوێنەرانی خۆی دابوو.. رۆژنامەیەکی کوردی نیشتمانی پێشکەوتنخواز بێ و لەگەڵیدا بەردەوام بووم. تا هێزەکانی (أمن) هاتن کەوتنە لێپرسینەوەم و بەزەبری چەک رۆژنامەکەم دا بەدەستەوە. کاتێ رازی نەبووم کاربکەم بە تۆپزی بانگ کرامەوە...
تەنانەت گەر (ئەمن) دەرچوون و چاپخانەکەیشی پێ بدرێ. کە سانی تازەیان بۆ هێناو، فەرمانیان پێدام دەستبەجێ رۆژنامەکە بەجێ بهێڵم، تووڕەیی بەعسی درێژەی کێشا. کەوتە بەر گوێم کە (دارا تۆفیق)ی بەڕێز بە بەڕێوەبەری شارەوانی کوت دامەزراوە، لەگەڵ خێزانەکەمدا چووینە سەردانی تا وەک وەفاو شانازی کردن بە کەسایەتی دەگمەن ئەوەوە، لە حاڵ و باری بپرسینەوە..
پێشوازییەکی زۆری لێ کردم، پێی گووتم: کە من تاقە کەسێکم لە خێزانی (التآخی) سەردانیم کردبێت، تا گەڕایشمەوە بۆ بەغدا، ئەو زۆر دڵبەندی من بوو، ئەمە یادگاری بەسەرچووی پیاوێکی بەڕێزو گەورەیە.
لە تەرزی سیاسەتمەدارێکی بەدەگمەن و مرۆیی قووڵ و پڕاوپڕی هۆشیاری و خۆشەویستی و بەها، بەلام نائامادەیی ئەو هێشتاکە هەر نادیارە، وای لێ کردن نائومێدو تێشکاوبم، بەو قەناعەتەی کە زوڵم و زۆر چاوی بەرایی نایەت تەرزە پیاوێکی کەم هەڵکەوتووی وەک (دارا تۆفیق) لە ژیاندا بژی. بەو سیفەتەی عەقلێکی زیندوو و دڵێکی

**ئەوە حاڵەتێکی دەگمەنە کە سەرکردەیەکی بەرچاو بەرگری لە پەیامنێرێکی رۆژنامەوانی گوندێکدا بکات، پێشتر ئەوە لە هیچ رۆژنامەیەکی عێراقیدا رووی نەدابوو، ئەوە بوو نموونەی خاکەڕایی و جوامێری و مەردایەتی و پیاواچاکی و شەرەفی پیشە**

بە خۆشەویستی و بەخشندەیی لێ دەدات، نموونەیەکی خەباتگێرانەی بۆ کوردو مرۆڤایەتی پێکهێناوە..

**عەبدولمونعیم ئەلئەعسەم:** روخسارێکە لە یادەوەریم دەرناچێت، پێش ئەوەی چاوم پێی بکەوێت، بۆ یەکەم جارو لە رۆژێکی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٠دا، هەندێ تێروانینی گشتی پرژوبڵاوم لەبارەی زیرەکی و توانای زۆری لە کارکردنە سەر گوێگری بیستبوو، دواتر لەبارەیەوە خوێندمەوەو زۆریشی هەبوو، لەوەی بیستبووم و خوێندبوومەوە جیاوازییەکم نەدییەوە، تەنیا یەک شت نەبێت، ئەویش ئەو نەرمونیانییە خۆماڵییەی کە لە روانین و وشەکانییەوە سەررێژ دەبوون، لەوانە بوو لە سەرچاوەیەکەوە بێت کە من پێم نەدەزانی، پێدەچوو لە ئاوازی ناوەکەی (دارا تۆفیق)ەوە بێت، لەو رۆژە بەغدادییە ساردو تەڕو تووشەدا بوو، وادەم لەگەڵ یەکەمین هەنگاوی پیشەی کاری رۆژنامەنووسیم بوو، لە ژێرەوەی چاپخانەیەکی میللی، (ئەوەی من لە نووسەران چاپخانەیان کردبووە نووسینگەی خۆیان) بەرەو مێزی فراوانی نووسین گواستمەوە، (التآخی) رۆژنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانی بە زمانی عەرەبی، لەو گەشتەدا یەکەمین پلەی من بوو، (دارا تۆفیق)ی سەرنووسەر چاکەیەکی بەسەرمەوە هەیە، هەرگیز لە یادم ناچێت، کاتێ بەرپرسیارێتی دوا لاپەرەم وەرگرت، ترس و پەشۆکانی منی رەواندەوە، کە قوناغ وای خواست لەو کاتەدا تاقە دەنگێکی دەرەوەی راگەیاندنی دەسەڵاتی کودەتای ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ مەچەکی ئاسنینی فاشیزمی روو لەزیادی بەعس بوو.

بیرمە، ئەو کاتە (دارا) پێی گووتم: ماوەی مانگێکە لە (التآخی)دا دەنووسیت، خۆم چاودێری چالاکیتم کردووە، داوات لێ دەکەین لە ناو تیمی نووسیندا کاربکەیت، دڵنیام کە سەرکەوتوو دەبێت.

خۆشەویستانە زەردەخەنەیەکی بۆ کردم، کەشوهەواکەی گەرم کردەوە، هەرزوو پێموابوو وەک بەڵێننامەیەکە لەسەر وەفای پەیامی رۆژنامەنووسی بەشکۆ پێش ئەوەی لە نووسەرەوە ببم بە نووسەری رۆژنامە، (التآخی) رای سپاردم سەبارەت بە ئۆردووگای قوتابیانی کورد کە لە شاری چەمچەماڵ هەڵدرابوو، ریپۆرتاژێکی رۆژنامەوانی بنووسم، ئەو کاتە (فەلەکەدین کاکەیی) بەتووندی دەستی گوشیم و ئومێدی سەرکەوتنی بۆخواستم.

دوای سێ رۆژ پێکەوە ژیان بەزنجیرەیەکی لێکۆڵینەوەی بە وێنەوە گەڕامەوە، هاوڕێی پیشەکەمم

**"(دارا تۆفیق)ی سەرنووسەر چاکەیەکی بەسەرمەوە هەیە، هەرگیز لە یادم ناچێت"**

نائومێد نەکرد، کە بە شـەوقەوە ستوونە رۆژنامەییەکەیم دەخوێنـدەوە، نازانم بە درێژایی سـێ سـاڵ کارکردنم لە (التآخـی)دا چەندجـار چـاوم بـە (دارا تۆفیـق) کەوتبێت، بـەڵام پێموایـە بەهـۆی ئەوبایـەخ پێدانـە زۆرەی بەدوا لاپەڕەی دەدا، ئـەوە رۆژانەبـوو. کەمتەرخەمی نەدەکرد، زۆرجـار دەستنیشـانی کەموکوڕی هەڵـەو پەڵەو لاوازی لاپەڕەکەی دەکرد، بەڵام هەمیشـە سـەرنج و تێبینییەکانی بـەم قسـەیە (کاک عەبدولمونعیم زویر مەبـە) کۆتایی پێ دەهێنا، بەدوا نوکتەیەکی بیسـتبووی یا داوای لێ دەکردم نوکتەیەکی لەسـەر سـەرانی تازەی رژێمی بۆ بگێڕمەوە، یـا بەرەزامەندی رۆژنامەنووسـە بەرچـاوەکان دەکەوتە دڵدانەوەم و ئاشـتی دەکردمەوە، ئەو کاتە حوکمی بەعس کەمـە کەمـە کەوتە خـۆلادان لـە ئاشـتکردنەوەو جەنگ راگرتـن لەگەڵ گەل و ددانە تیژەکانی خۆی پیشـان دەدا. دژ بە کەسـانی دیموکراتی کەوتـە زنجیرە خافڵکوژییەک، سـەرەنجام بەرتەسـک کردنـەوەی درفەتـی ئـەوەی کە (التآخـی) بڵاوی دەکردەوە، لـەوەی پێوەندی بە گوزەران و نەهامەتـی رۆژانەی خەڵکەوە هەبـوو، هەروا بێ مەغزا نەبوو، وای لێ هات بوو رۆژانە تەنگ بە رۆژنامەنووسان هەڵ بچنرێ و چاودێری و هەڕەشەیان لێ بکرێت.

(دارا تۆفیق) ناوبەناو لێی دەپرسـیم گەر بەرەو رووی دەسـەڵات بوویتەوە، منیش بێ خەمم دەکرد، دەم گووت: (واستە)م هەیە، سـەر لەنوێ لێی دەپرسیمەوە (واستە)ی ئـەم رۆژانە چۆنە؟.! قسـە قسـەی بـەدوودا دەهات هەر لەرووداوەکانی سـەرجادەو پروپاگندەی پشـت پەردەوە. کاتـێ دەزگای (الامن) تەگبیری هەوڵی سـەرنەکەوتووی کوشـتنی (مەلا مستەفای بارزانی)ی سـەرۆکی شۆڕشی کوردی دابوو، لەرێی شاندێکی ئایینی مینرێژکراو لە ٢٩ی ئەیلوولـی ١٩٧١دا، (دارا تۆفیـق) پێش لێکۆڵینەوە کەوت و، ئامـاژەی کرد کە ئـەوە (کاری بەڕێـز جێگرە) و خۆم لێیم بیسـت، ئێسـتایش وەک نهێنییەکی پارێزراو لەگوێمدا دەزرنگێتەوە..

پێش ئـەوەی لە دەوامی تـەلاری رۆژنامە بپچڕێت، تا (لەهـەر جێیەکدابێ) (لەناو تیمی سیاسـی) وەڵامدانەوەی رۆژنامـەی (الپـورە)ی پێی بسـپێردرێت کە سـەرڕێژی شۆڤێنیزم بوو، بەناوی حزبی دەسەڵاتدارەوە دەردەچوو.

وای لێ هات ئەو مشتومڕو دەمەقاڵانە بەرەو لووتکەیەکی نوێ لەبەهاو دابەشکردن و راستگۆیی (التآخی) زیاد بکات. لەهەلومەرجێکدا کە فاشیزمی نوێ، لەو پەراوێزە فشۆڵەی ئازادی و چالاکیی سـەندیکاییدا، شـانۆی جەنگێکی تازەی بۆ سەر گەلی کورد رێک دەخست، جیا لەوە، (دارا تۆفیق)

**"سـەرەنجـام بەرتەسـک کردنـەوەی درفەتی ئەوەی کـە (التآخـی) بڵاوی دەکردەوە، لەوەی پێوەندی بـە گـوزەران و نەهامەتی رۆژانەی خەڵکەوە هەبوو، هـەروا بێ مەغـزا نەبوو، وای لـێ هات بـوو رۆژانە تەنگ بە رۆژنامەنووسان هەڵ بچنرێ و چاودێری و هەڕەشەیان لێ بکرێت"**

بە پلەی زۆر بـاش پیاوێکی جوامێرو مەردو ڕەند بـووە، لەو تەرزە دانسـقەو دەگمەنانەی سیاسەتمەداران بوو، کەسایەتیان لەجوامێری جیا نەدەکردەوە، لەو کەسایەتییە زۆر کەم و بێ وێنانەی ڕۆژنامەنووسان بوو، کە بڕوایان وابوو، ڕۆژنامەنووسی بڵندکردنەوەی بەهای جوامێرییـە لـە ئاسـتی یەکەمداولـەم خاڵەدا ڕوحـی ئـەو حیکمـەت و پەنـدی بـە نرخی لەبارەی شایستەیی مردن لەپێناو کێشەیەکی جوامێریدا بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە.

دواجار، هـەروەک (مامۆسـتا فەلەکەدین کاکەیـی) گووتـی: مەرجـە لەبیرمـان بێـت (دارا تۆفیـق) کەسـایەتییەکی بـێ وەی و ڕووناکبیرێکـی گـەورەو سەرنووسـەرێکی پێشـووی ڕۆژنامـەی (التآخـی) و ئەندامـی سـەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامێکی بەرچـاوی کۆمەڵەو ئەنجومەنی ئاشـتی و دۆسـتایەتی جیهـان بـووە، لـە سـەردەمی فڕاندنیشدا (دارا) هیچ چالاکییەکی سیاسـی بەرهەڵسـکارانەی نەبـووە، لەنـاو ئەندامانی خێزانەکەیدا لە بەغدا دەژیاو هیچی دیکە. تا پیـاوە هەڵکەوتووەکانی لە نموونەی (دارا تۆفیـق) و کەڵـە پیاوانـی خەباتگێـڕی شەهیدانی کوردسـتان لەبیرنەچنەوە، خۆزیا قوتابخانەیەک یا شـەقامێکی یـا گەڕەکێک یا باخچەیـەک بەناوییەوە دەنـرا، یا پەیکەرێکی یـادگاری لـە شـاری سـلێمانیدا، شـوێنی لەدایکبوونـی بـۆ دادەنرا، تـا بەچاوتێبڕاوی و زندوویـی و یـادگاری بۆ نـەوەی داهاتوو بمێنێتـەوە. چونکە ئـەو شـەهیدە زیندووانە ئاڵای ئـازادی و ڕەمـزی دیموکراتین، با ناو و یادگارییان لە دڵی خۆشەویستان و هاوڕێ و دۆستان و لە ئاسمانی عێراق و شاخەکانی کوردسـتان و لـە کوچەو کۆڵان و نسـاران بشـەکێتەوەو.. بیرخسـتنەوەیەکی خێزانـی شـەهیدان بێت.. کە خوێنی خۆشەویستانیان هەروا بـە فیڕۆ نەچووە، نـەوەی داهاتووش خۆشـحاڵ بن بـە بەختەوەری و خۆشـی و کامەرانی و ئومێدو دوارۆژی ڕۆشنی خۆیان .. هـەروا نەهاتـووە، مەگـەر پـاش ئـەوەی شـەهیدان بەخوێـن و ئێسـک و پروسـکی خۆیان زەوییان بەگوڵ و ڕوحانەوە ئاوداوە.. تـا جگەر گۆشـەکانیان بە ئارامی و خۆشـی و کامەرانییـەوە لەگشـت گۆڕەپانەکانی ژیان بەسەریدا بڕۆن...

**سەرچاوە:**
**(التآخی) ژمارە (٤٨٨١)ی ٢٠٠٦/١٠/١٨، لاپەڕە دوو..**

# دارا تۆفیق*



فەلەکەدین کاکەیی

لەوەوبەر دووراو دوور دەمناسی و نامەم بۆی دەنارد، ساڵی ١٩٧١ لە نزیکەوە ئاشنای بووم.

شەهید (دارا تۆفیق) مرۆڤ دۆست بوو، زوو دەچووە دڵەوە. کەسم نەدی رقی لێی بووبێت، مەگەر لە نوختەو نەزەری تەسکی سیاسییەوە.

ئەو، کە ئاشنای بووم، سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەی (التآخی)بوو، کە لە ساڵی ١٩٦٧ەوە بە عەرەبی، لە بەغدا، لە لایەنی پارتی کوردستانەوە، دەردەچوو.

لە یادم ناچێ کە شەهید (دارا) پشتگیریی تەواوی کردم تا لە رۆژنامەکەدا، دواجار لە راگەیاندنی شۆڕشدا، پێشبکەوم. من لە ساڵی ١٩٦٧ەوە لە رۆژنامەکەدا دەمنووسی و گۆشەی نیمچە رۆژانەم هەبوو.

زوو بەزوو بە بەڕێوەبەری نووسینی لاپەڕەی (کاروباری کرێکاران و جووتیاران) دامەزرام، کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ بە سکرتێری نووسین دانرام.

تا داخستنی رۆژنامەکە لە ١٩٧٤/٣/١١دا، ئەویش بە بڕیاری سەرکردایەتی پارتی، کە ئیتر هەموو بەغدامان بەجێهێشت و چووینە ریزی شۆڕش لەناوچەی گەلاڵەو چۆمان. دیاربوو رژێمی بەعس رۆژنامەکەی هەر دادەخست، چونکە بارزانی نەمر لەگەڵ رژێمی بەغدا رێک نەکەوت. رژێم دەیویست پرۆژە یاسایەکی پڕ لە کەموکوڕی بەسەر گەلی کوردستانا بسەپێنێ، کەرکووک و خانەقین و ناوچەی گرنگی دیکە لە سنووری (ئۆتۆنۆمی)دا نەبێ. سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بە رێبەری مستەفا بارزانی پرۆژەی رژێمی رەتکردەوەو لە ئەنجامدا حکومەتی بەعس شەڕێکی سەختی دژ بە کوردو کوردستان هەڵایساند کە تا

١٩٧٥ بەردەوامبوو، دوا شکستی ١٩٧٥یش هێرشی رژێم بۆ قەڵاچۆی کوردو گۆڕینی مۆرکی نەتەوەیی کوردستان دەوامی کرد تا بەئەنفال و کیمیاباران گەیشت.

(دارا تۆفیق) لەو دەمەدا، جگە لەوەی سەرنووسەری (التآخی) بوو، لە پارتیدا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی دۆستایەتی ئاشتی لە عێراق و ئەندامی ئەنجومەنی جیهانی ئاشتی و چەندین رێکخراوی گرنگی دیکە بوو. بە کەسایەتییەکی ئاشتیخوازو دیموکرات و ئازادیخوازی نیشتمانپەروەر ناسرابوو.

ئاداری ساڵی ١٩٧٤، ئەویش وەکو ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتی چووە چیا، لەوێ دەزگاکانی پارتی و شۆڕش سەر لە نوێ دامەزرێندرانەوە، بۆ یەکەمین جار ئەمیندارییە گشتییەکان (ئەمانە عامەکان) بە سەربەخۆیی، لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی و چاودێری راستەوخۆی بارزانی لە ئاداری ١٩٧٤دا دامەزران.

هەر ئەمیندارێکی گشتی جێگەی (وەزیر)ی ئێستای دەگرتەوە. هەر بۆیەش دەڵێم: (وەزیر)، چونکە دوای چەند مانگ، ئەنجومەنی یاسا دانان و ئەنجومەنی جێبەجێکاریش دامەزران، لە پرۆژەیەکی تازەدا پلەی (وەزیر) بۆ ئەمیندارە گشتییەکان دانرا.

بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین کە لیستی ناوی هەندێ وەزیری سەردەمی شۆڕشی لە ١٩٧٤دا بەمجۆرە بوو:

- شەهید دارا تۆفیق، وەزیری راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان، دواتر: وەزیری زانیاری (پەروەردە) بە وەکالەت.
- شەهید ساڵح یوسفی، وەزیری دادو ئەوقافی ئیسلامی.
- شەهید نوری شاوەیس، وەزیری گەیاندن و رێگاو بان.
- مامۆستا عەلی عەبدوڵلا، وەزیری دارایی.
- د.مەحمود عوسمان، وەزیری تەندروستی.

ئەو ناوانە، بۆ نموونە دێنمەوە، داوای لێبووردن دەکەم کەناوی هەمووانم لە یاد نەماوە، یا دڵنیانیم لەوەی لە یادمن. ئەوەندە دەزانم وەزیرانی: شارەوانی و کشتوکاڵ و هی دیکەش دامەزرابوون، لەگەڵ دەزگای دیفاعی مەدەنی و بەرگری (عەسکەری) و پەنابەران.

ئەوەش وەبیردێنمەوە کە دواتر ئەنجومەنی جێبەجێکار (تەنفیزی) دامەزرا، بۆ بەڕێوەبردنی وەزارەتەکان (ئەمیندارییە گشتییەکان)، شەهید سامی عەبدولڕەحمان بەسەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی دامەزرا، واتە: سەرۆک وەزیران بوو.

وەزیرە هێژاکانی شۆڕش تا ئاداری ١٩٧٥ کاروباریان بە رێکوپێکی بەڕێوەبردن، بە شایەدی ئەو کەسانەی لەو سەردەمەدا لەوێ بوون، لە ماوەیەکی کورتدا

**"هەر بۆیەش دەڵێم: (وەزیر)، چونکە دوای چەند مانگ، ئەنجومەنی یاسا دانان و ئەنجومەنی جێبەجێکاریش دامەزران، لە پرۆژەیەکی تازەدا پلەی (وەزیر) بۆ ئەمیندارە گشتییەکان دانرا"**

دامودەزگایەکـی خنجیلانەی ڕێکوپێکی یاسـایی لەژێر چەتری شۆڕشدا پێکهات.

شـەهید (دارا)، هەروەهـا لـە بەڕێوەبـەردن و ڕێکخسـتنی وەزارەتـی (زانیاری)، واتـە: (پەروەردە) بەپێـی زاراوەی ئەو وەختە، بە چاکی سـەرکەوت و لـە کۆبوونەوەیەکـی کۆمیتەی ناوەندیدا سـەرەتای ١٩٧٥. یەکەمیـن وەزیر بـوو کە بە فەرمی لەلایەنی بارزانـی و کۆمیتـەی ناوەندییەوە سـوپاس کراو سوپاسنامەکەی ڕاگەیەندرا.


دارا تۆفیق

ئـەو لەنـاو خەڵکیشـدا خۆشەویسـت بـوو. لەناومانا، وەکو ئێمە دەژیا، بە جلوبەرگی سادەی خاکـی و بـە دەگمـەن مۆڵەتی وەردەگـرت. لە ئاسـتی ڕووبەڕووبوونەوەی فڕۆکەو هێرشـی ڕژێمـدا، چاونەترس و دلێربوو، هەمیشـە ورە بەرز بوو، کە بە ئیجابی لە دەوروبەری ڕەنگی دەدایەوە.

لەلایەکـی دیکـەوە، لـە وەزارەتـدا بەشـێکی گرنگـی دامەزراند بۆ ڕۆژنامەنووسـانی بیانی کە لە ١٩٧٤-١٩٧٥ نزیکەی (١٤٥) پەیامنێرو ڕۆژنامەنووسـی بیانی سەریان لەناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردسـتان دا، ئەو ژمارەیە بۆ ئەو سـەردەمە زۆر بەرز بوو، چونکە شۆڕش لە چەندین لاوە ئابلۆقە درابوو. بۆ خزمەتی هاتوچۆی ڕۆژنامەنووسان بەنێو مەیدانەکانی نەبەردو سـەنگەرەکانی پێشـمەرگەدا، چەنـد تیپـی وەرگێـڕان و پاسـەوانی دانا. جگـە لەوەش بەشـێکی گرنگی گوێڕاگرتن (انصات)ی دامەزراند، کادیرو کارمەندانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان، کە لە (٢٣٠) کەس زیاتربوون، دڵسـۆزانە هاوکاریـی (دارا)یان دەکرد، بەخۆیشـی پەیوەندی لەگەڵیان هێمن و برایانەو دۆسـتانە بوو. هەر بۆیەش، جێگەی پشتگیری و متمانەمان بوو.

**لە ١٩٧٤-١٩٧٥ نزیکەی (١٤٥) پەیامنێرو ڕۆژنامەنووسی بیانی سـەریان لەناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان دا، ئـەو ژمارەیـە بۆ ئەو سـەردەمە زۆر بـەرز بوو، چونکە شۆڕش لە چەندین لاوە ئابلۆقە درابوو**

بەو ڕەوشتە بەرزە بوو بە جێگەی ڕێزی هەموو لایەک. شـایانی باسە کە جێگەی بڕواو متمانەی سەرۆک بارزانی نەمر بوو، بەتایبەتی بۆ پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سـۆڤیەت و وڵاتـە سۆسیالیسـتەکانی دیکـە لە بلۆکـی ڕۆژهەڵاتی ئەو سـەردەمەدا، (دارا تۆفیق) جێگەی ڕێزو بڕوای کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتیی سەردەمی خۆی بوو. لە گفتوگۆکانی ئاشتی بەشدار دەبوو.

هەروەهـا جێگـەی خۆیەتی بڵێـم، کە من لـەو ماوەدا کە شـان بە شـانی شـەهید دەژیام و کارم دەکرد، وەکو هاوکارانـی دیکەم، بۆم دەرکەوت کە (دارا) ڕووناکبیرێکی مەزنـی هەڵکەوتـووە، خـاوەن بیـری ڕوون و قووڵبوو، بەشـێوەیەکی سادەو ڕەوان مەبەستی خۆی دەربڕی و

بیرۆکەی وتارەکانی دادەڕشت.

بەداخەوە، دوای کارەساتی ئاداری ١٩٧٥، لەبەر هۆیەکی نادیار (بەلای منەوە هێشتا ئەو هۆیە نەزانراوە) لەکاتێکدا کە دەبوو بەناوی سەرکردایەتییەوە بچێتە ولاتی (یوگسلافیا)، کە دەعوەتیش کرابوو، بەڵام گەڕایەوە بۆ بەغدا.

تا لە هاوینی ساڵی ١٩٨٠، لەچیا بووین هەواڵی گرتنی (دارا) بەدەستمان گەیشت وەکو ئەو کاتە گوترا: بەیانییەک لە شاری بەغدا، بە تەنیا چووبوو کچەکەی بە قوتابخانە بگەیەنێت، بەلام ئیتر نەگەڕایەوە ماڵ، دوای چەند رۆژ سەیارەکەی دەدۆزنەوە، بەڵام خۆی لەو کاتەوە تا ئێستا بێ سەرو شوێنە.

کەسوکاری دواتر، زانیویانە کە لەلایەنی رژێمی بەعسەوە گیراوەو دەڵێن کە بارزان تکریتی لە هەموو کەس زیاتر ئاگای لە گرتنەکەیەتی. ساڵی (٢٠٠٣) ئەو بۆچوونەمان لە رۆژنامەی (التآخی) لە بەغدا بلاوکردەوە، بەلام بێ ئەنجام بوو، چارەنووسی ئاشکرا نەکرا.

چەندین جاریش چاوم بە خوالێخۆشبوو (خوسرەو تۆفیق)ی برای و هاوسەری بەڕێزی و کچەکانی کەوتووە، بەلام هێشتا ئاگادارنیم کە ئایا هیچ نیشانەیەکیان لە چارەنووسی بەدەسکەوتوبێ، چونکە ئەوانیش و ئێمەش زۆر بە پەرۆشەوە بووین بۆ زانینی چارەنووسی.

بەهەرحاڵ، وەزارەتی رۆشنبیری ئەمساڵ، لەکاتێکی گونجاودا، دوو رۆژ یادەوەری (دارا تۆفیق)ی مەزنی شەهید دەکاتەوە، دڵنیاین کە ئەو برایانەی دەیانناسی و هێشتا ماون، بەشدار دەبن لەو یادەوەرییە. شەهید (دارا تۆفیق) کەسایەتییەکی رۆشنبیری و سیاسی مەزنی کوردە، شایانی ئەوەیە نەوەکانی ئیمڕۆو ئایندە بیناسن و هەمیشە یادی بکەنەوەو شانازی پێوەبکەن...

هەواڵنامەی کتێب

* لە گۆڤاری (هەرێمی کوردستان)، ژمارە (٤٠٥)، (٢٧)ی ئاداری ٢٠٠٧دا وەرگیراوە.

** جارێکیان لە بارەگای (بنکەی ژین) لە سلێمانی، لەگەڵ (رەفیق ساڵح)ی سەرۆکی بنکەو (سدیق ساڵح)ی دەستەی کارگێڕی باسی لە یەک لە دانیشتنەکانمدا، ئەو پرسەی شەهید کرا، ئەوەی یەکەمیان لەسەر زاری برادەرێکی ئاگادار، کەمن هەقی ئەوەم نییە ناوی بێنم، گێڕایەوە، گوایە (قیادەی موەقەتە) کاتی خۆی سێ نامەی بە کەسێک بۆ شەهید دارا و دوو کەسی دیکە ناردووە، ئەو دوو کەسە گومانیان لە نامەبەر کردووە، بۆیە چوونەتە لای ناوبراو و هەموو وردەکارییەکانیان پێی گوتووە، هەرچی (شەهید دارا) بووە ئەوا خۆی لە گەیاندنی هەواڵەکە بێدەنگ کردووە، ئەوانیش لە رقی ئەوە وایان بەسەر هێناوە...

سەرنووسەر

# پەیڤێک دەربارەی
# راگەیاندنی تورکمان

سمکۆ هەولێری

تورکمان وەک نەتەوە، ساڵانێکی زۆرە لە کوردستانی باشووردا، بە تایبەتیش لە شارە گەورەکانی وەک (هەولێر و کەرکووک) و شارۆچکەی دوزو داقوق و ئالتون کۆپری و شوێنی دیکەش، لە پاڵ برا کوردەکانیان ژیان دەگوزەرێنن و لە تاڵی و شیرینی دا لەگەڵ یەکتر روو بە رووی رووداوەکان دەبنەوە تورکمان بە هاتنی رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقی لە زۆربەی زۆری مافەکانیان بێبەش کرابوون نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ گوزارشت لە داخوازی و ئاواتە نەتەوەیەتییەکانیان بکەن بە تایبەتی لە رووی رۆشنبیری و راگەیاندن. بۆیە تا ئەمڕۆش هۆی پێش نەکەوتنی و لەناوچوونی سیمای رۆشنبیری و ئەدەبیاتی تورکمانی دەخەنە ئۆباڵی ئەو رژێمە دکتاتۆرانەی کە لەماوەی نزیکەی سەدەیەک بەر لە ئەمڕۆدا حوکمی عێراق و ناوچەکانی لە ژێر دەستا بووە.

بەم جۆرە نەتەوەی تورکمان لەم مافە بێبەش کران وەک هەر چۆن کوردیش لەم مافە بێبەش کرا بوون. رووناکبیرو رۆشنبیرانی تورکمان هەستیان بە بۆشایی راگەیاندن دەکرد، هەر بۆیەش لە دوای هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلولی مەزن بەرابەرایەتی بارزانی نەمر، هەندێ لە تورکمانە نیشتمانپەروەرەکان پەیوەندییان بەم شۆرشە مەزنەوە کرد، ئەوانی ناو شاریش لەگەڵ گەلی کورد یەک هەلوێست بوون.

هەر بۆیە دوای دامەزراندنی رژێمی کۆماری لە عێراقدا، رژێمی ئەوسا هەر وەکو چۆن لە ئێسگەی رادیۆی عێراق بەشی کوردی هەبوو بەشی ئێزگەی تورکمانیش لە ساڵی ١٩٥٩ دا کرایەوە، کە وەک راگەیاندن نیمچە مژدەیەک بوو بۆ رۆشنبیرو هونەرمەندانی تورکمان بۆ ئەوەی خواست و ئاواتەکانیان لەم ئێزگەیەدا تۆمار بکەن و بابەتە ئەدەبیەکانیان بڵاو بکەنەوە.

ئەم کاتەش تا رادەیەک شوێنی خۆی کردەوە بە بەشداری کردنی هەندێ لە رۆشنبیرو هونەرمەندانی تورکمان هەر وەکو لە سەرەتای بابەتەکەمان ئاماژەمان بەوەدا کە

نەتەوەی تورکمان لە عێراقدا لەگەڵ برا کوردەکان لە تاڵی و شـیرینیدا بەیەکەوە ژیان و لەگەڵ یەکتردا ڕووبەڕووی ڕووداوەکان بونەتـەوە بـۆ ئەم مەبەسـتە و وەک مافێکی نەتـەوەی تورکمـان سـەرکردایەتی کـورد لە شۆڕشـی ئەیلولـی مەزنـەوە دانی بە مافی میللەتـی تورکمان، مافی ڕۆشنبیری، ئیداری، سیاسییان ناوە، وەک ئاشوری وەکو کلدان کە سیاسـەتێکی دێرینە، ئەمەش هەر لە سـاڵەکانی شەسـتەوە یەکێـک لە سیاسـەتەکانی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردسـتان بە سەرۆکایەتی (مسـتەفا بارزانی نەمر) گرنگییەکی تایبەتی پیـداوەو ئەوەبوو لە ڕادیۆی دەنگی کوردسـتانی عێراقدا هەر چەنـدە ماوەیەکی کەمی هەبوو، بـەڵام بەرنامەی بۆ زمانـی تورکمانـی زمانی ئاشـوری و سـریانی تەرخان کردبوو.

جگە لـەوەش لـە ڕێککەوتنامەی (١١)ی ئـادار یەکێک لـە خاڵەکان کە وەفدی پارتی دیموکراتی کوردسـتان پێی لەسـەر داگرت ئەوەبوو مافی نەتەوەیی و ڕۆشـنبیری و ئیداری تورکمان و ئاشـوری لە ڕێککەوتنامـە کە دابێت. بەکردەوەش ئەوەی بە پارتی کرا هەوڵی بۆ دا.

هەروەهـا ئـەو مافە لـە یەکەمین بەڵگەنامـەی بەرەی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٨ چەسپاوە.

واتـە لە پێش ڕاپەڕین تاکو نەتـەوەی تورکمان وەک میللەتانـی دیکە عێراق مافی خۆی هەبێت لەم وڵاتەدا و بە ئاشتی و ئازادی بژیت.

ئێسـتا هەنـدێ جار کەسـانێکی مشـەخۆر بازرگانی پێـوەدەکات و خـۆی دەکاتە خاوەنـی دۆزی تورکمانی و ڕاسـتیەکان دەشـێوێنێ و تفەنگ بە تاریکەوە دەنێ دیارە ئەوانەش شارەزای لە مێژوودا نییە.

سسـتی بـواری ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنـی تورکمانی درێژەی کێشـا تاکو ڕاپەڕینی بەهـاری ١٩٩١. هەر بۆیە، مێژوو گەواهی لە سـەر ئـەوە دەدات، کە میللەتی کوردو پەرلەمانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش ئازادکردنی شـارەکانی کوردسـتان، بەتایبەتی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسـی لە عێراقی فیدراڵ کە لە دانانی یاسـایی عێراقدا چۆن باسـی لە دۆزی تورکمان و مافی تورکمان کردووە. کە چەندین ساڵ بوو لێی بێبەری کرابوون.

> ئێسـتا هەنـدێ جـار کەسـانێکی مشـەخۆر بازرگانـی پێـوەدەکات و خۆی دەکاتە خاوەنی دۆزی تورکمانـی و ڕاسـتیەکان دەشـێوێنێ و تفەنـگ بە تاریکـەوە دەنـێ دیـارە ئەوانـەش شـارەزای لـە مێژوودا نییە

### ڕاگەیاندنی تورکمانی بەرەو کوێ؟

دەبـوا لەگەڵ ئەو تەوژمـە گۆڕانکارییەی کە لە بواری پێشـکەوتنی فیکـری و ڕۆژنامەنووسـیی و ڕاگەیـادن زانیاریانـەی ئەمـڕۆ کە لە تەشـەنە سـەندن و خەملاندن

دانـە، لە سـێبەری ئـەو ئازادییە پڕ لە دیموکراسـیەتە بێ سانسۆرەی کە ئەو پەڕی سەربەستی تێدایە لە رادەربڕین و گوزارشـت کـردن لـە دیـاردە جیـا جیاکانـی ژیانـدا، ڕاگەیاندنی تورکمانی زۆر لەوەندە زێتر گەشـە بسێنێ کە جاران هەبوون، گەرچی لە ژێر دەسـتی رژێمی بەعسـی دەتوانین بڵێن هەر بەناو هەبووە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین لە شاری هەولێر لێرەو لەوێ. دەزگای ڕاگەیاندنی تورکمانی ناوەناوە سەریان هەڵدا، بۆ ئەوەی ئەو دەزگایانە لە رووی ڕاگەیاندنەوە بیرو ڕای خۆیان هەبێت لەسەر ئەو پرسانەی کە پەیوەسـت بوونێکی بنەڕەتیان هەیە بە ژیان و ئایندەو رەوتـی کۆمەڵگای تورکمانی، بەڵام ئەوەی لە نزیکەوە لەو پرسە وردبێتەوە درک بەوە دەکات کە جۆرێک لە سستی و لاوازی لـەو کلاو رۆژنەیـەدا دەبیندرێت.. بە تایبەتی لە کەناڵەکانی T.V و رادیۆ رووپەڕی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا. بـە پێچەوانـەی ئـەو هاوکێشـەیە ئەگـەر تورکمانـەکان بیانەوێـت ئاوێتـەی ئەو بزاڤـە رۆشـنبیری و ڕاگەیاندنە ببـن کە ئەمڕۆ لە ئارادایە. پتر دەتوانن گەشـە بە پرسـی نەتەوەیی خۆیان بدەن و لە ململانێی ڕاگەیاندندا ئەوانیش دەنگـی خۆیان هەبێت و لەو کێشـەو گیرو گرفتانە بدوێن کـە ئـەوان خوازیاری دەربڕیـن دەکەن، لە جێـی خۆیانە دایـە ئەگـەر دەرفەت هەبێـت و ئەو بوارە برەخسـێ کە بـە زمانی زگماکی خۆیان بنووسـن و بڵێـن، بەڵام ئەگەر ئـەو دەرفەتەش وەک پێویسـت نەبوو، ئـەوە دەتوانن بە زمانی کوردی و عەرەبی، هەڵویست و بیرو ڕاو تێروانینی خۆیـان دەربڕن. یان هەوڵی بارنامـەی زیندووکردنەوەی کەلەپـوورو کەلتووری نەتەوەیـی خۆیان بدەن، لەو چەند ساڵەی رابـوردوودا هەنـدێ دەزگای ڕاگەیاندن لە دایک بـوون و بۆ ماوەیەک کاری ڕاگەیاندنی چاکیان ئەنجام دا، بەڵام پاش ماوەیەک وەستان.

دەزگاکانـی تورکمان پێویسـتیان بەوە هەیە کە لەتەک ڕاگەیاندنـی خۆیـان کە ئەمڕۆکـە رووەو هەنـگاوی چێتر دەڕوات، ئەوەندەش بایەخ بە باری رۆژنامەنووسیی بدات، بـە تایبەتی لە بواری پەرەپێدان و پیشخسـتنی چاپەمەنیە تورکمانیـەکان، یـان ئەو ڕاگەیاندنانەی کە گوزارشـت لە ناسنامەی تورکمان دەکەن.

لەلایەکـی دیکـەوە هەوڵـی دروسـت بوونـی کادیری ڕاگەیانـدن و رۆژنامەنووسـیی بـدات و هانیـان بدات کە بەرەو گۆڕەپانەکانی بواری رۆژنامەنووسـی تەکان بدەن، چونکـە شـتی نیە لەو پتر لە سـێبەری رۆژنامەنووسـیی و ڕاگەیانـدن ناسـنامەی تورکمانـەکان دەربخـات، یـان گوزارشت لە مێژوو کولتوورو کەلەپووری ئەوان بکات.

**لـە ژێـر دەسـتی رژێمی بەعسـی دەتوانیـن بڵێن هـەر بەنـاو هەبـووە، بـەڵام لـە دوای ڕاپەڕیـن لە شـاری هەولێـر لێرەو لەوێ. دەزگای ڕاگەیاندنی تورکمانـی ناوەنـاوە سەریان هەڵدا**

### (راگەیاندن) ناسنامەی نەتەوە دەردەخات

هەموو دەزگایەکی راگەیاندن چ لە وڵاتی ئێمەدا یا خود لە جیهاندا بێت، ناسنامەی نەتەوەکەی دەردەخات، لەبەر ئەوەی راگەیاندن زمانی دەربڕینی ئەو هەموو کێشە و هەواڵ و کارەساتانەیە، کە لەنێو کۆمەڵگاو نەتەوەیدا رۆژانە روو دەدەن، لەگەڵ ئەو پەیوەندییە دوورو نزیکانەی مرۆڤ مەبەستیەتی شتی تازەیان لێ فێر دەبێت. یا گواستنەوەو گەیاندن و تۆمارکردنی ئەو بابەتە گرنگانەیە کە نەوەکانی بە تاسەوە چاوەڕوانیەتی لە پاڵ گەیاندنی راستیەکانی ژیان. راگەیاندن لە ناوەڕۆکدا، یانی دەنگی میللەت، یا چەسپاندنی دیموکراتی، یا خزمەتکردنی جەماوەر، یانی نووسین و لێکۆڵینەوەو باسکردن لەسەر هەموو بەشەکانی ژیان، یانی بەرزکردنەوەی ئەو پرسیارانەی کە خزمەت بە جەماوەر دەکەن، یا گەیاندنی ئێش و ئازاری گەل.

یا ئاگادار کردنەوەی جەماوەر لە کاری نێوو دەوڵەت سیاسەت. ئەو پێشکەوتنە بەرفراوانەی ئەمڕۆ لە بواری راگەیاندندا هاتۆتە کایەوە گەلێ هەنگاوی نوێی لە بواری پیشەییەدا دروست کردووە، کە تەنیا بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و گەیاندنی بەشەکانی تری کاری راگەیاندن کۆتایی نایەت. لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ جیهان لە گوندێک بچووکتر کردۆتەوەو ئەو ئامێرو دەزگایانەیە، کە پەیوەندی مرۆڤ لە سەرڕووی زەوی پێیەتی ئاسان و ساکار کردووەو هەروا خەریکە پێشکەش دەکرێت و زیاتر پەرە دەستینێت، ئەمڕۆ دەزگاکانی پەیوەندی بە تایبەتی ئامێرەکانی پەیوەندی گشتی وەکو رادیۆ، تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت، هێندە خزیونەتە نێو ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگاکان، کە گوزاران بەبێ سوود وەرگرتن لەم ئامێرانە تەحەمول ناکرێت و تەنیا یەک کاتژمێریش بەرێوە ناچێت.

راگەیاندنی تورکمانیش وەک پێویستیەکی سەردەم لە دوای راپەرین و ئازادکردنی شاری قەڵاو منارە لە ساڵی ١٩٩١ دا، کە چەندین پارتی سیاسی تورکمانی دامەزرا، هەوڵیان دا کە دەزگای راگەیاندنی خۆیان هەبێت، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٩٣ (رادیۆی دوغوش) دامەزرا لە سەرەتا بارەگاکەی لە شەقلاوە بوو. لە دوایدا ئەم رادیۆیە گۆزرایەوە بۆ شاری هەولێرو کەنالی تەلەفزیۆنیش بە ناوی تەرەتەو رادیۆکەش بوو بە تەرەتە لە پارتی نیشتمانی تورکمانی بوو، گۆرا بە ناوی بەرەی تورکمانی لە ساڵی ١٩٩٤ دا.

لە هەمان ساڵدا رادیۆی تورکمانیش کرایەوە لەلایەن کەسایەتیکی تورکمان (ریاز ساری کەهیە) لە شاری هەولێر دا. - رادیۆی برایەتی (الاخاء) لەلایەن بەرێز (وەلید شەریکە) ئەمینداری گشتی پارتی برایەتی تورکمانی لە

**"راگەیاندنی تورکمانیش وەک پێویستیەکی سەردەم لە دوای راپەرین و ئازادکردنی شاری قەڵاو منارە لە ساڵی ١٩٩١ دا، کە چەندین پارتی سیاسی تورکمانی دامەزرا، هەوڵیان دا کە دەزگای راگەیاندنی خۆیان هەبێت"**

شـاری هەولێر لە سـاڵی ١٩٩٨ دامەزرا لەسـەر هەردوو مەوجـی (FM، AM) . تاکـو ڕوخانی ڕژێمی بەعسـی لە هەولێر مایەوە، لە پاشان دەنگی ڕادیۆکەیان گۆزرایەوە بۆ شـاری کەرکووک ئێستاش لە شـاری بابا گورگوری دلی کوردسـتان بەردەوامە. کە بە هەرسـێ زمان تورکمانی و کوردی و عەرەبی بابەتەکانی بڵاو دەکاتەوە.

– ڕادیـۆ ئۆجاغی تورکمانی– ئەم ئێزگەیەش سـەر بە یانـەی برایەتی تورکمان (ئۆجاغ) بوو، لە سـاڵی ٢٠٠١ لە شـاری هەولێر دامەزراوە و بەردەوام بوو. لە سەرکاری ڕاگەیانـدن و کـە چەندیـن ئاسـتەنگ و گرفـت بۆتەوەو بەرنامـەی هەمەلایانـەی پیشـکەش کـردوەو لـە دویـدا وەستاوە.

– ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنی هەرێم– کەسـەر بە وەزارەتی ڕۆشـنبیری حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بوو، لە ساڵی ٢٠٠١ تاکو سـاڵی ٢٠٠٤ ماوەی یـەک کاتژمێری تەرخان کردبـوو، بـۆ بەرنامـەی زمانـی تورکمانی دایـک. کە لە ئامادەکـردن و پێشـکەش کردنی کادیرانـی ڕاگەیاندن و ڕۆشـنبیری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمانی بوو لە شاری هەولێر. ئامادە دەکراو چەند بەرنامەی هەمە لایەنی لە خۆ گرتبوو جگە لە هەواڵەکان بە زمانی تورکمانی پێشکەشیان دەکرد.

–ڕادیـۆی حقیقـە– ئـەوە بـوو کۆمەڵەی ڕۆشـنبیری تورکمانـی لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێراقـدا کەناڵێکی ئێزگـەی سـەربەخۆی دامەزرانـد ڕۆژانـە بەرنامەکانـی لـە کاتژمێـری (٨) بەیانی تاکـو (١٠)ی شـەو بەردەوامە بە سـێ زمـان تورکمانی و کـوردی و عەرەبی، لەسـەر شەپۆلی (FM) بڵاودەکاتەوە، کەچەندین بەرنامەی بە پێز لـە خۆدەگرێت، لە سـاڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە بارەگاکەشـی لە شـاری هەولێـرە، ئەم ڕادیۆیـە بەو ئامانجە پەخشـی خـۆی بڵاودەکاتەوە کە ئامانجی سـەرەکی و بنەڕەتی لە خزمـەت کـردن بەڕاگەیانـدن و ڕۆشـنبیری تورکمان و زیندوکردنەوەی کەلتووری تورکمانی و خەبات دەکات بۆ پتەوکردنی برایەتی و تەبایی و خۆشەویسـتی لە نێوەندی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندن نێـوان نەتەوەکانی تر وەک براو بۆ بتەوکردنـی باوەڕێکی یەکگرتوو، خزمەتی یەک ئامانج و یـەک بڕوا بکەن کە ئەویش خزمەت گەیاندنە بە گەلانی کوردسـتان و ئامانجە پیرۆزەکانی تـر. ئەدەب و هونەرو ڕۆشـنبیری تورکمانیش لـە ژێر ئالای ئـەو ئازادیەی کە ئەمڕۆ لە کوردسـتاندا لـە ئارادایە. مافی خۆیەتی کە پەرە بـە ڕاگەیاندنی تورکمانی بدات و سەربەسـتیەکی فراوانی هەبێـت و ڕۆڵـی کاریگەرو بەرچاوی خـۆی دیاری بکات لەکاروانی پێشڤەچوونی ئەو دەڤەرە کە دەیەها ڕاگەیاندنی

**-ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـی هەرێم- کەسەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بوو، لە ساڵی ٢٠٠١ تاکو ساڵی ٢٠٠٤ ماوەی یەک کاتژمێری تەرخـان کردبـوو، بـۆ بەرنامەی زمانی تورکمانی دایک**

تر هەیە لە گۆرەپانی خزمەتکردنی زمانی زگماکی خۆیاندا هەن و هەریەکە دەوری خۆی دەبینێت بۆ گەشەسەندنی ئەو بوارە راگەیاندنە. تاکو ئێستا ئەم رادیۆیە بەردەوامە.

جگە لە رادیۆو کەنالی T.V تەرەتە کە جاران سەربەناو بەرەی تورکمانی بوو، ئەم پارتە بە ناوی پارتی چاکسازی تورکمانی ماوەی دووساڵ بەر لە ئێستا لە ناو بەرەی تورکمانی جیا بۆوەو دەزگاکانی راگەیاندن و رۆشنبیری لەگەڵ خۆی هێنا بۆیەی ناوی کەنالی تەلەفزیۆنی و رادیۆکەی بوو بە (رادیۆ تەلەفزیۆنی چاکسازی تورکمان).

لە شاری هەولێرەو بە سێ زمان (کوردی و عەرەبی و تورکمانی) پەخش و راگەیاندنی خۆش پیشکەش و بڵاو دەکاتەوە. بۆ خزمەتی رۆشنبیری و کەلتوری تورکمانی تاکو ئێستاش بەردەوامە.

جگە لەم کەناڵانەی راگەیاندن کە ئاماژەمان پێ دا، چەندین دەزگای تری راگەیاندن ناوە ناوە هەبووە، بەڵام ماوەیی کارکردنیان کورت بووە، بۆیە زانیاری تەواومان لانەبووە و نەپرژاینە سەر باسکردنی داوای لێبوردن دەکەین، ئەم کەنالە راگەیاندنانەی تورکمانی کە باسمان کرد تەنها شاری هەولێری لە خۆ گرتبوو، کە لایەنێک بووە، لە راگەیاندنی تورکمانی لە بابەتەکەماندا ئاماژەمان پێ داوە.

هەروەکو لە سەرەتای بابەتەکەمان ئاماژەمان بە دەستەکەوتە هەرە گرنگەکانی ئازادکردنی شارەکانی کوردستان و دابینکردنی ئازادی راگەیاندن، ئازادی رادەربرین، ئازادی گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاریە، ئاگادار بوون لە رووداو و پێشهات و رۆشنبیری جیهانیە کەمافێکی سەرەتایی مرۆڤە، گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری لە ئینتەرنێت و سەتەلایت و سەرچاوە مەعریفییەکانی دیکە بەشێکن لە مافەکانی مرۆڤ کە چەندین ساڵ بوو گەلی تورکمانیش لێ بێ بەشکراوە ئەم دیاردەیەش بە زەقی دوای ئازادبوونی عێراق خۆی نواند. دەتوانین بڵێن هەزاران دەزگای راگەیاندن و رۆشنبیری دامەزراوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەسەدان کەنال هەیە و بە تایبەتی دەزگای راگەیاندنی تورکمانیش بە دەیان کەنالی جیا جیا دەبینین لە شاری هەولێردا، تورکمانەکان کە بەشێکن لە مێژووی ئەو شارە وەکو کوردەکان ساڵانێکی زۆر بێبەش بوون لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و رۆشنبیری و راگەیاندنی خۆیان، ئەمرۆکەش ئێمە لە پەیڤێکدا دەربارەی راگەیاندنی هەولێر هەندێ شتمان خستە روو. بۆ ئەوەی سوود بە هەموو لایەک بگەیەنێت.

**"لە هەرێمی کوردستان بەسەدان کەنال هەیە و بە تایبەتی دەزگای راگەیاندنی تورکمانیش بە دەیان کەنالی جیا جیا دەبینین لە شاری هەولێردا"**



# "بين النهرين"
# گۆڤارێکی پڕشنگداری کەلەپووری ڕۆشنبیرییە



ئەکەد مراد

لەو گۆڤارە ناوازەو دیارانەی کە لە ساڵانی هەفتادا دەردەچوو، گۆڤاری "بين النهرين"ە، کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٣ کەوتۆتە بازاڕی ڕۆژنامەڤانییەوە، یەکەمین ژمارەی "نەینەوا" دەرچوو نەک لە بەغدا..

### سەروتار یەکەمین ژمارەی

لەمیانەی چاوپێخشاندنماندا بە سەروتاری ژمارە یەکی ئەم گۆڤارە، بە پەیامە میدیاییەکەی ئاشنا دەبین. کە دەڵێت: "(بين النهرين) گۆڤارێکی ژیاریی کەلەپوورییە، دەکۆشێ کەلەپوورە بە پێزو دەوڵەمەندە هەمەلایەنە مێژوویی و ئەدەبی و هزری و هونەرییەکەمان، بە توێژنەوەی ئەو تۆمارکرنە پەل دەهاوێ بەرەو دۆزینەوەی لایەنە ڕۆشن و دەوڵەمەندەکانی شارستانییەتەکەمان و هەڵسەنگادنی بە شێوەیەکی مرۆییانە، (بين النهرين) بۆ ئەوە نیە ببێتە مۆزەخانەیەک گەشتیارە فزوولییەکانی سەردانی بکەن بەقەد ئەوەی ئامانجی ئەوەبێ ببێتە کارگەیەک هزرڤانێک بخوڵقێنێ بەنێو بۆتەی شارستانییەتی دێریندا قاڵ بن تاوەکو بتوانن ڕەهەنگەلێکی ژیانی لەسەر ئاستی بەها مرۆییە ژیانییەکاندا هەم بۆخۆیان و هەم بۆ

کۆمەڵەکەیان پێشکەش بکەن.

### دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە

لە ژمارەکانی هەوەڵی گۆڤارەکە، ئەمانەمان بەرچاو دەکەوێ:

گۆڤارێکی وەرزیی کەلەپوورییە – لە موسڵ دەردەچێ – بارەگاکەی/ مەترانییەی کلدانە[٢].

خاوەن ئیمتیاز: قەشە (د. جاک ئیسحاق)ە.

سەرنووسەر: قەشە (د. یوسف جی)ە.

دەستەی نووسەران: قەشە ئەلبیرا ئەبونە – قەشە (د.پوترس یوسف) – حنا ئیبراهیم.

لە بابەتەکانی ژمارە (١)[٣]:




ژمارە یەکی گۆڤارەکە چەند بابەتێکی گرنگی لەخۆگرتووە بە پێنووسی چەند نووسەرێکی بەناوبانگ لەنێوەندە رۆشنبیرییە عیراقییەکان. لەو بابەتانەی بەرچاومان دەکەوێ:

دووتر لە لانکی ژیارییەکان/ د.قەشە یوسف جی، گۆرانییەکانی نێوان دوو رووبار گەوهەری هەوەڵین شۆڕشی کشتوکاڵی لەمێژوودا بەخۆیەوە دەبینێ.

د. بەهنام ئەبولصوف – زمان سوریانی/ مەتران گریگوریس سلبیا – یعقوب ئەفراهات/ قەشە ئەلبیرابونا – قوتابخانەی موستەنسریە/ مامۆستا گیورگیس عەواد – سەرچاوەکانی مێژووی کلێسای رۆژهەڵات پێش ئیسلام/ قەشە د.حنا حبی – کۆنگرەی نێونەتەوەی یەکەم سەبارەت بە توێژینەوەی سوریانی/ قەشە میخائیل جەمیل.

### گۆڤارەکە لە یەکەمین ساڵدا

* ژمارە (٢)ی گۆڤارەکە لە نیسانی ساڵی ١٩٧٣ دەرچووەو ژمارە (٣)ی لە تەمووزی ساڵی ١٩٧٣ و ژمارە (٤)ی لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣ دەرچووە.

* ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە لە ژمارە (١)ی دا گەیشتۆتە (١١٤) لاپەڕەو لە ژمارە (٢) گەیشتۆتە (٢١٥) لاپەڕەو لە ژمارە (٣)دا گەیشتۆتە (٣٧٦) لاپەڕەو لە ژمارە (٤)یشدا گەیشتۆتە (٤٩٢) لاپەڕەو بەشێوەیە تەرقیمکردنی ژمارەکانی ساڵێکی تەواوکەری یەکتر بوونە.

* بابەتەکان لە ژمارەکانی ساڵی هەوەڵیدا بەپیر ئەو پەیام و ئامانجەوە هاتوون کە گۆڤارەکە لە پێناویدا دەرچووە. بەشداریکردنی نووسەرە دیارەکانیش بە نووسینی بەپێزیانەوەو لە ئاستێکی باشدا بەردەوام بووە و دواجار نووسینەکانیان بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەو رۆشنبیرە کلدو ئاشوورییە سوریانییەکانی گەلەکەمان و رۆشنبیرانی عێراق بەگشتی، لەبەر ئەوەی خوێنەرانیش زۆر ئەلهایان کردووە بۆیە لەلایەن ناوەندی نیشتمانی بڵاوکردنەوە دابەش دەکرا، ئەوکات لایەنێکی فەرمی بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری عێراق بۆ بڵاوکردنەوەو فرۆشتن و هێنانی چاپەمەنی بۆ هەمو سووچێکی عێراق.




هەروەها لە ژمارە (٢)ی گۆڤارەکەدا لیستێکی فرەوان لەخۆدەگرێ سەبارەت بە بریکارانی دابەشکردن گۆڤارەکگە لە بەغداو مووسڵ و هەولێرو پارێزگاکانی تری عیراق.
بەمجۆرە گۆڤارەکە بەپێی پلانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی دەگەیشتە دەستی خوێنەران و لەچاو چاپەمەنییە سوریانییەکانی تر زۆر سەرکەوتووانەتر بووە لە هەموو روویەکەوە.

### گۆڤارەکە لەنێوان ساڵانی ١٩٧٣-١٩٨٢

* لە دووهەمین ساڵدا ١٩٧٤ ژمارەکانی (٥-٦-٧-٨) بە شێوەیەکی رێک و پێک دەرچووە. لە ساڵی سێهەمدا هەردوو ژمارە (٩-١٠) بەجووتە دەرچووە، دوای ئەوەش ژمارە (١١) پاشانیش ژمارە (١٢) لەمیانەی (١٠) ساڵی کاروانی گۆڤارەکە دەرچووە. تاکە گرفتی ماددیانە بووە بۆیە هەندێ ژمارەی دەمج کراوە یان دواکەوتووە. کۆی ژمارەکانی اوەکو ساڵی ١٩٨٢ گەیشتۆتە (٤٠) ژمارە، (٧) ژمارەیان بە جووت دەرچووە(٤)، سوهیل قاشا لەپێرستکردنیدا بۆ ژمارەکانی گۆڤارەکە لەماوەی (١٠) ساڵدا، دەڵێت:
- ژمارەی ئەو نووسەرو توێژەرانەی بەشدارییان تیا کردووە (١٠٣) نووسەرو توێژەرەوە بوون.
- ژمارەی بابەتەکانی (٣٨٠) بابەتی بڵاوکراوەبوون کە بریتی بوون لە وتارو ریپۆرتاج و وەرگێران و بە دواداچوون و.. هتد.
- ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە لەماوەی (١٠) ساڵدا

(٤٢٥٢) لاپەڕە بوو.
– لەنێوان (٤٠) ژمارەیدا، ژمارە (١٤-١٥) وەکو ژمارەیەکی تایبەتی دەرچووە لەمەڕ (عیراق لە سەدەی ٧ و ٨ی زایینیدا).

## گۆڤاری "بين النهرين".. و بەردەوامبوون لە دەرچووندا

گۆڤارەکە لەبەر ئەوەی پەیامەکەی بریتیبوو لە پەیامێکی ژیاری، کلتووری و پابەندبوونی بەم مۆرکەوە، زۆرێک ڕووبەڕووی دەزگا چاودێرییە ڕاگەیاندنەکان عیارق نەبۆوە. بەڵکو بە شێوەیەکی بەردەوام دەردەچوو ئەگەرچی لەهەندێ بارودۆخدا تووشی تەگەر دەهات و ئەمە وای دەکرد هەندێ جار بە ژمارەی جووت نەخاس لە نەوەتەکاندا دەربچێت ئەوش لەبەر گرفتی ماددی.

گۆڤارەکە کە وێڕای ئەو بارودۆخە دژوارانەی بەسەر عێراقدا هاتن توانیی لە دەرچووندا بەردەوام بێت و ئێستاش وەکو ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە لە ئاسمانی ڕۆشنبیری کلدو ئاشووری سوریانیی عێراقدا.

## سەرنووسەری گۆڤارەکە لەنێوان ژمارە (١ و ١١٢)[٥]

د. یوسف حبی(٦) بە دامەزرێنەری گۆڤارە (بين النهرين) و یەکێک لە کۆڵەکەکانی دەستەی نووسەرانی دادەنرێ لە ژمارە (١)ەوە تاوەکو ژمارە (١١٢) تا ئەو کاتەی تووشی ڕووداوێکی دڵتەزێن بوو بەهۆی پێکدادانی ئۆتۆمبێل کە لەبەغداوە بەرەو عەمان دەچوو لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠ بۆ بەشداریکردن لە یەکێک لە بەرنامەکانی کەناڵی (الجزيرە).

د. یوسف حبی کەڵە نووسەرێکی هۆشمەندو بە توانا بوو و خاوەن خامەیەکی بەپێزو ماندوونەناس و بە ئۆقرە بوو، توێژینەوەو نووسنە بەهادارەکانی لەماوەی (٣٠) ساڵی تەمەنی گۆڤارەکەدا شایەتحاڵی بە توانایی و کارامەیی ئەم زاتە بوو..

لەژمارە جووتی ١١٣-١١٦ ساڵی ٢٠٠٠ نووسەری ناودارۆ قەشە ئەلبرو ئەیونا بووە سەرنووسەری گۆڤارەکە دوای ئەوەی یەکێک بوو لە دەستەی نووسەران.

لە ساڵانی ڕابردوودا. هەروەها خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری نووسین مەتران د. جاک ئیسحاق بە بەردەوامی لە گۆڤارەکەدا کاری کرد.

دەستەی نووسەران لە ساڵەکانی (٩٠)دا ئەم بەڕێزانە بوون:

د.پوترس حەداد و د. لویس ساکۆ و د. ئەکرەم زیباری و د. عەبدولعەزیز حەمید و فەتحوڵڵا عەزیزە[٧].

## گۆڤارەکە لە ساڵەکانی دواییدا

بێگومان تواناو کارامەیی بەڕێز ئەلبێر ئەیۆنا لە بواری نووسین پڕ بەپێزو بەهادارەکانی ڕۆڵێکی گرنگ و تایبەتیان هەبووە نەخاس پاش ئەوەی بووە سەرنووسەری گۆڤارەکە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ واتا پاش ڕووخانی ڕژێم لە عێراقدا و ئەو قۆناغە نوێیەی هاتە ئاراوە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بواری کاری ڕۆژنامەڤانیدا و ئەو دەرەنجامە باشانەی لێکەوتەوە وەکو ئازادی نووسین و پێویستییە تازەکانی ئەم قۆناغە و ئەو بۆچوونانەی کە لە خزمەتی گەلی کلدو ئاشووری سوریانیماندان بەتایبەتی و عیراق بەگشتی، ئەمانە هەموو ڕەنگدانەوەی دیاریان هەیە بەسەر نووسینەکانی گۆڤاەرکە، هیوای ئەفراندنی باشتر دەکەین لەپێناو ڕۆژێکی ڕووناکتر و گەشەدارتردا و لەسای توانایی کارمەندانی گۆڤارەکەدا.

**پەراوێزەکان:**

**١– لە سەروتاری ژمارە (١)دا، گۆڤارەکە دەخوازێ توێژینەوەی زانستییانە لای دانیشتووانی وڵات گەشەبکات، نەوەک بۆ ئەوەی زانست هەروەکو تەنیا ئامانجێک بمێنێتەوە، بەڵکو توێنییەتی زۆرێک بشکێنی و هەوڵەکانیان چڕو پڕتر بکات، جیهان گەیشتۆتە پلەیەکی بەرز لە پێشکەوتندا، ئێمەش هێشتا منداڵی نێو بێشکەین و گڕوگاڵ دەکەین..**

٢- نرخی گۆڤارەکە سەرەتای دەرچوونی (٢٠٠ فلس)ی عیراقی بووە، بۆ بەشداربوونی ساڵانەش (٩٠٠فلس) بووە، چاپکردنی ژمارەکانی هەوەڵ لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لە زانکۆی مووسڵ بووە، پاشان لە چاپخانەکانی (الجمهور)، لە موسڵ، چاپخانەی (العراق - بغداد)، چاپخانەی (الامه - بغداد)، چاپخانەی (الاديب - بغداد).
پێوانەی گۆڤارەکە ١٧ × ٢٤ سم بووە.
٣- وەرگێڕانی پوختی بابەتەکانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی پوخت و باش بووە لە ژمارە (١) تاوەکو ئەمڕۆ/ ژمارەکانی هەوەل مامۆستا (فارس ئەلجەراح) کاری وەرگێڕانی تیا ئەنجام داوە.
٤- ئەو ژمارانەی بەجووت دەرچوون لە ١-٤٠: (٩-١٠) ١٩٧٥، (١٤-١٥) ١٩٧٦، (١٨-١٩) ١٩٧٧، (٢٢-٢٣) ١٩٧٨، (٣٤-٣٥) ١٩٨١، (٣٧-٣٨) ١٩٨٢، (٣٩-٤٠) ١٩٨٢.
٥- لەگەڵ ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٧) ١٩٧٩، دەستەی نووسەران/ دەستەیەکی راوێژکاری هەبوو لە مامۆستیانی زانکۆی بەغداو مووسڵ و دەزگای بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار، هەروا کارگێڕی گۆڤارەکە لەگەڵ ژمارە (٣٣) ساڵی (٩) (١٩٨١) گواسترایەوە بۆ (راهبات القلب الاقدس-المباسه، موسڵ) لەناوەڕاستی نەوەتەکان بارەگای گۆڤارەکە لە موسڵەوە گواسترایەوە بۆ بەغدا، ئێستاش لە بەغدایە و لە گۆڤارە هەرە ئەکادیمییە باشەکانە لە عیراق.
٦- لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ خوالێخۆشبوو د. یوسف حبی لە سەردانەکەیدا بۆ عینکاوە لە نەوەتەکانی سەدەی پێشوو، باس لە بارەی بڕیاری مافی کلتووری سوریانەوە کرا لەسەر وەخی رژێمی پێشوو، بەم بۆنەیەوە گوتی:
من بەتایبەتی رۆڵێکی بەرچاوم هەبوو لەگەڵ د. جاک ئیسحاق و چەند برایەکی خۆشەویست بۆ دەرکردنی ژمارەیەک لە بڕگەکانی ئەو مافانە...
دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە/ دوایین دەستەی نووسەرانی دەستیان بەکارکرد لە گۆڤارەکەدا لە ژمارە (١١٣-١١٦) ساڵی (٢٠٠٠) ئێستاش دەستبەکارن، ئەم بەڕێزانەن:
د. بوترس حەداد، د. لویس ساکو، د. عەبدولعەزیز حەمید، د. دونی جورج، بەڕێز حەبیب هورمز و بنیامین حداد.
دروشمی گۆڤارەکە لەسەرەتا وەکو ئەمڕۆ ئەمە بوو:
- هەردوو رووباری مەزن دیجلەو فورات بناغەی سروشتی شارستانییەتی وڵاتی نێوان دوو رووبارە.
- روخسارە فرەکان بەرجەستەی لە ژیارییە یەک لەدوای یەکەکانی ئەم عاردەن و رەنگدانەوەی شارستانییەتیەکەمانن بەهەمخوو رەهەندە مرۆییە بەرزەکانیانەوە.
- ئەو باڵە بەرجەستەیە لە کلتووری دێرینەمانەوە، هێمای سەروەری و پێشکەوتن و نەوەستانن بەرەو بەرزی.

## سەرچاوەکان:

- گۆڤاری (بين النهرين) لە ژمارە (١) تا دوایین ژمارە.
- پێڕستەکانی گۆڤارەکە ١٩٧٣-١٩٨٢.
- پێڕستی ساڵی (٣١)، ٢٠٠٣ز.
- سەرچاوەکانی تر.

# لەیادی
# رۆژنامەنووسیی کوردیی ئەم ساڵدا



حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

هەواڵنامەی کتێب

**بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەو پاش**
**لەگشت لاوە دەتانهارن وەکو ئاش**
**حاجی قادری کۆیی**

ئەمساڵ وەکو ساڵانی دیکە، یادی بەرزی یەکەمین رۆژنامەی نۆبەرە "کوردستان" دەکرێتەوە، ساڵانی رابردوو فێستیڤاڵی بەدرخانیان (١-٣)، کە لە سلێمانی و دهۆک و هەولێر ساز کرا، گرۆتینێکی دەخستە نێو ماڵی رۆژنامەنووسان و بە هەزارەها رۆژنامەنووسی مەست و حەیران دەکرد بەو لێکۆڵینەوەو ئەو دیاری بڵاوکراوانەی دەردەچوون یادی. ئەمساڵیش بەهەمان شێوەی پێشوو ئەو یادە پیرۆز دەکرێت و بە چەندین بەرنامەو لێکۆڵین و بڵاوکراوەی نوێ لێرەو لەوێ، پێشکەش بەو رۆژە دەکەن...

کورد قەرزباری بەدرخانییەکانن، بەدرخانییەکانیش توانیان ببن بە سومبولێک بۆ نەوەو مێژوو و زمان و خاک و نیشتمان. ئەوان توانیان زمانی کوردی شیرین بکەن و بپارێزن، توانیشیان لە جزیرو بۆتانەوە پەیامی کوردان بگەیەننە قاهیرەو لەندەن و جنێڤ..

ئەوان شارەو شارو وڵات بە وڵات گەڕان تا بتوانن دەنگی میللەتێکی بێ ناسنامە بگەیەننە کەشکەڵانی فەلەک، لەکاتی میرنشینی میر بەدرخانیش لە جزیرو بۆتان میر دەیگۆتە کاربەدەستانی عوسمانی: من دەزانم ئێوە لە رووی دارایی و سەربازی و سیاسییەوە لەمن بەهێزترن، بەڵام من لەئێوە بە شەڕەفترم..

یادی (١٠٩) ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی لەهەموو کوردان پیرۆز، بەتایبەتی ئەمساڵ کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کوردستان یادی ئەو رۆژە پیرۆز دەکاتەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی بەدرخانیش، بەیارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرلین گەشتێکی بۆ (٣٥) دەزگای رۆژنامەنووسی و رووناکبیری و کلتووری و هەندێک لە رۆژنامەنووسان ساز دەکات، سەرەڕای ئەوەی لە برۆکسل و چەندین شوێنی دیکەش ئەو یادە دەگێڕن..

هەر شەکاوە بێت ئاڵای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و هەموو رۆژنامەنووسانی جیهان...

**بەغدا**
**٢٠٠٧/٤/١٢**



پۆستەری یەکەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ٢٢-٢٣/٤/٢٠٠٤- سلێمانی



پۆستەری دووەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ٢١-٢٣/٤/٢٠٠٥- دهۆک



پۆستەری سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخان
لە ٢١-٢٣/٤/٢٠٠٦- هەولێر













هەواڵنامەی کتێب

# ئاگاداری

**ناچاربووین هەندێک لە بابەتەکانی ئەم ژمارەیە بۆ ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکەمان هەڵبگرین**

ڕۆژنامەوس

# هەواڵ و
# چالاكییەكان

ئامادەكردنی: سكرتێری نووسین

# بەشداربوونێکی کاریگەری سەندیکا
# لە کۆنگرەی پاریس و دیدارەکەی جەزائیر




لەسەر بانگهێشتی دەستەی راگەیاندن و گەیاندنی عێراقی، نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی دەربارەی ئازادی رادەربڕین و گەشەپێدانی راگەیاندن لە عێراقدا لەژێر دروشمی (بەرەو راگەیاندنێکی عێراقی ئازادو فرەلایەن و گەشەسەندوو) کە لە رۆژانی (٨-١٠)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ لە پایتەختی فەرەنسا (پاریس) بەسترا.. بەشداربوون..

هەروەها لەم کۆنگرەیەدا (٢٧) رۆژنامەنووس و کارمەندی راگەیاندن لە کوردستان و نزیکەی (١٠٠) لە کارمەندانی راگەیاندنی عێراق و ژمارەیەک لە کەسایەتی میدیاکانی عەرەبی و جیهانی بەشدارییان تیاکرد.

کاروباری کۆنگرەش لە بارەگای رێکخراوی (یونسکۆ) بەڕێوەچوو..

لە دانیشتنی یەکەمی رۆژی سێیەمی کۆنگرەکە (فەرهاد عەونی) نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان گوتەیەکی پێشکەش کرد کە تیایدا بەناوی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سڵاوی لە ئەندامانی کۆنگرە کردو ئاماژەش بە رەوشی نالەباری رۆژنامەگەری لە کوردستاندا، لە سەردەمی پادشایەتی و کۆماری کرد، کە لە زۆربەی ماوەکانی ئەم دوو سەردەمەدا. رۆژنامەگەری یا لە ئەشکەوتەکاندا یا لەژێرزەمینەکاندا کارەکانی بەڕێوە دەبرد..

هەروەها نەقیبی رۆژنامەنووسان باسی سەردەمی دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کرد کە رۆژنامەگەری کوردستانی کەوتە قۆناغێکی تازەوە، ئەویش بە دەرچوونی دەیەها رۆژنامەو گۆڤارو جگە لە دامەزراندنی چەندین رادیۆو کەناڵی تەلەفزیۆنی و ئاسمانی، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوە ژمارەی رۆژنامەنووسان و کارمەندانی راگەیاندن بە رێژەیەکی بەرچاو زیادبکات..

لە درێژەی گوتەکەیدا نەقیبی رۆژنامەنووسان ئاماژەی بەچەندین دەسکەوتی سەندیکا کە بۆ رۆژنامەنووسانی هێناوەتەدی

کرد. لەنێوانیاندا: (دابەشکردنی سەدەها پارچە زەوی بەسەر رۆژمانەنووساندا، دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی سەندیکا، بەبێ ئاگاداری سەندیکا نابێت رۆژنامەنووس دەستگیر بکرێت، یاسایی کاری رۆژنامەنووسیی کە پێشکەش پەرلەمان کراوەو سزای بەندکردنی رۆژنامەنوسی تیا نییە).

لەکۆتایی گوتەکەیدا بەڕێزیان داوای لە رێکخراوەکان و دام و دەزگاکانی پەیوەندیدار بە ئازادی بیروڕا دەربڕین و مافەکانی مرۆڤ کرد کەوا یارمەتی (مادی و مەعنەوی) پێشکەش بە هەرێمی کوردستانی عێراق بکەن ئەویش لە پێناو چەسپاندن و پێشخستنی ئەزموونی راگەیاندن لەم هەرێمەدا..

شایانی باسە لەدانیشتنی کۆتاییدا لێژنەیەک بۆ دارشتنی بەیاننامەیەی کۆتایی و ئامادەکردنی راسپاردەکان لە چەندین رۆژنامەنووس و نوێنەرانی یونسکۆ.. بەبێ بەشداریکردنی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانی و نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراقی پێکهێنرا، ئەمەش بووە هۆی نیگەرانی هەردوو نەقیب کە هەڕەشەی دەرکردنی بەیاننامەیەکیان کرد، لەژێر کاریگەری ئەم هەڕەشەدا هەردوو نەقیب و دکتۆر (دلێر حەقی شاوێس) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بوونە ئەندامی لێژنەکە، ئەمەش لەکاتێکدابوو کە لێژنەکە لە دوا قۆناغەکانی دارشتنی بەیاننامەی کۆتاییدا بوو.

ئەوەی پێویستە بگوترێت.. نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و (دکتۆر دلێر) گفتوگۆیەکی توندیان لەگەل ئەندامانی لێژنە سەبارەت بە دانانی وشەی (کوردستان) و ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان لە بەیاننامەکەدا بەرپاکرد، دواتر لە ئەنجامی پێداگرتندا وشەی (کوردستان) و پێشخستنی کاری رۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا لە برگەی (٩)ی بەیاننامەیەی کۆتایی کۆنگرەدا چەسپێندرا...



**دیداری جەزائیر**

هەروەها لە رۆژانی ٢٦-٢٠٠٧/١/٢٨ دیدارێکی فراوان لە پایتەختی وڵاتی جەزائیر لە ژێر دروشمی (راگەیاندن لەنێوان خۆجێی و جیهانیدا یارمەتی هەرێمایەتی لەگەڵ جیهانی عەرەبی و ئێراندا) بە سەرپەرشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان بەسترا..

لەم دیدارەدا (ئایدان وایت) سکرتێری گشتی (IFJ) و (جیم موبیلا) لە سەندیکای




ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیاو ئێرلەندا و ڕاوێژکاری (IFJ) و (مارتین سیمونیز) لە سەندیکای بەلجیکاو (منیه بلعافیه) لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان و (ڕەجەب مەزروعی) لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کۆماری ئیسلامی ئێران و (فەرهاد عەونی) نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و (شەهاب تەمیمی) نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و (موئەیەد لامی) ئەمینداری گشتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق ئامادەی دیدارەکە بوون.

لە دانیشتنی یەکەمیشدا بەڕێزان (هاشمی جەیار) وەزیری گەیاندنی جەزائیر و (تەیب لوح) وەزیری کارو (کەمال عەمارنی) ئەمینداری گشتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جەزائیری و نوینەرانی سەندیکاکانی ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتانی عەرەبیدا جگە لە سەندیکاکانی(میسرو سوریا و لوبنان...) ئامادەبوون.

لە دانیشتنی سەر لەبەیانی ڕۆژی دووەمدا کە بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتە نیشتمانییەکانی (بەحرێن و عێراق و فەلەستین و تونس) تەرخانکرابوو، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان. گوتەیەکی پێشکەش کرد، تیایدا بە دوورو درێژی باسی لە واقیعی کاری ڕۆژنامەگەری و ڕۆڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە بواری دەستبەرکردنی ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ ڕۆژنامەنووسان کرد.

هەروەها ئاماژەی دا بە پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا کە دوای گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و پەیوەندیداران بەکاری ڕاگەیاندن. پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە.

لە درێژەی گوتەکەیدا نەقیبی ڕۆژنامەنوسان جەختی لەسەر ئەوەکرد، کەوا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەندیکایەکی پیشەیی سەربەخۆیەو زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەندامن تیایاو بڕیاریشە لە هاوینی ئەمساڵدا دووەمین کۆنگرەی گشتی ببەسترێت و خۆشحاڵیشین نوێنەرانی (IFJ) نوێنەرانی سەندیکاو ڕێکخراوەکانی عەرەبی و جیهان لەم کۆنگرەیەدا ئامادەبن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری واقیعی کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا بن.

شایانی باسیشە لە دانیشتنی پێش کۆتاییشدا، بەیاننامەی کۆتایی گفتوگۆی لەسەر کرا.. ئەوەی تێبینی کرا کەوا وەرەقەی تایبەت بە (دامەزراندنی مەکتەبی سەلامەتی پیشەیی لە عێراقدا) هیچ ئاماژەیەکی بۆ کردنەوەی خولی راهێنان لە کوردستاندا تیا نەبوو، کە ئەمەش بووە مایەی بەرپابوونی گفتوگۆیەکی توندوتیژ لەنێوان نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی تونس و جێگری سەرۆکی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی عەرەب، بەڵام (شەهاب تەمیمی) نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراقی هەڵوێستێکی مەبدەئی هەبوو، راشکاوانە پشتگیری لە نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد، لە ئەنجامی ئەم پێداگرتنەی نەقیبی رۆژنامەنووسان دەسکاری ئەو برگە تایبەتییەی عێراق کراو بەم شێوەیەی خوارەوەی لێهات:

(کارکردن لەگەڵ پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ سەلامەتی هەواڵەکان لە پێناو دامەزراندنی نووسینگەکانی سەلامەتی رۆژنامەگەری بەهاوکاری لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەم نووسینگانەش لە بەغداو هەولێرو بەسرە دەکرێنەوە).

لەدوا شەودا. پاش ئەوەی کارەکانی دیدارەکە بە کۆتا هات. بەڕێز (هاشمی جەبار) وەزیری گەیاندن لە حکومەتی جەزائیردا. ئێوارە خوانێکی لە ئوتێلی (هلتن) بۆ بەشداربووان رێکخست..

لەم ئێوارە خوانەدا نەقیبی رۆژنامەنووسان دیارییەکی کوردستانی کە بریتی بوو لە قووتوویەک (گەزۆ) پێشکەش بە وەزیری گەیاندن کرد گوتی: پێخۆشحاڵم ئەم دیارییە کوردستانییەت پێشکەش بکەم. کە بریتییە لە شیرینییەک کە دەبارێتە سەر چیاکانی کوردستان، ئەم چیایانەی پشت و پەنای گەلی کوردستان بوونەو. یارمەتی مانەوەی ئەم گەلەیان داوە، سەرەڕای ئەم رێکەوتنامانە زاڵمانەی دژ بەم گەلە ئیمزاکراون، هەروەها گەلی کوردستانیش پشتگیری خەباتی میللەتانی دیکە لە پێناو ئازادیدا کردووەو دەکات، هەروەک چۆن پشتگیری لەخەباتی گەلی ئێوەی لە سەردەمی شۆرشەکەی دژی ئیمپریالیزمی فەرەنسی کرد.

❊ ❊ ❊

# لە عەمان پرۆژەی یاسای راگەیاندنی عێراقی تاوتوێدەکرێت

بە سەرپەرشتی و پشتگیری رێکخراوی مادده (۱۹). لە رۆژانی ۱/۲۸ – ۲۰۰۷/۳/۱) لە عەمانی پایتەختی شانشینی ئەردەن. ژمارەیەک لە یاساناسان و رۆژنامەنووسانی عێراقی و کوردستانی بە مەبەستی تاوتوێکردنی پرۆژەی (یاسای راگەیاندن لە عێراقدا) کۆبوونەوە..

لە هەرێمی کوردستانەوە بەڕێزان: (دادوەر ئازاد عیزەدین) وەزیری دادی پێشوو و (کەمال رەزا) بەرپرسی لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەران، لە بەغدای پایتەختەوەش بەڕێزان (موفید جەزائیری) ئەندامی پەرلەمانی عێراقی و (خاتوو سفیە سوهیل) و (دادوەر فازیل عیزەید ن و محەمەد عوبێد و دکتۆر جەواد هاشمی و دکتۆر هاشم جاسم و دکتۆر عەبدولئەمیر فەیەسڵ و زوهێر جەزائیری و سەعادی جەزائیری، لە شاری بەسرەش عادل ناسری) و (شێرکۆ حەبیب) سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا لە بەریتانیاوە. ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

لەمیانی ئەم دوو رۆژەدا چەندین لایەنی پەیوەندیدار بە یاسای سزاکانی عێراق کە پەیوەستە بەکاری راگەیاندن تاوتوێکران..

لە رۆژی یەکەمدا بەڕێز (بیترنور لاندر) لە



ڕێکخراوی ماددەی (١٩) بەخێرهاتنی میوانانی کردو خاتوو (سوفی ردموند) ئەندامی هەمان ڕێکخراو ئاماژەی بە گرنگی ئەم کۆبوونەوەیە کرد.

دواتر ئامادەبووان گفتوگۆیان سەبارەت بە چەندین تەوەر کرد، لەنێوانیاندا: ڕێکخستنی ڕاگەیاندن، شەفافیەت، یاسای ستایش و توانجگرتن، ئاسایشی نیشتمانی، یاسا پەیوەندیدارەکان بەکاری تیرۆریستی..

هەروەها ئامادەبووان جەختیان لەسەر پێویستی دانانی یاسای ڕاگەیاندن لە عێراقدا کرد، لەم ڕووەوە ڕۆژنامەنووس (شێرکۆ حەبیب) ئاماژەی بە پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا کرد، کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەی کردووەو ماوەیەکە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی کردووە.

شایانی باسە ڕێکخراوی ماددەی (١٩) بایەخ بە ڕاگەیاندنی عێراقی دەدات و لەلایەن (UN)ەوە پشتگیری دەکرێت...

❊ ❊ ❊

# دیدارێک لەنێوان شاندێکی سەندیکاو مولحەقی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لە باڵیۆزخانەی ئەمریکی

شاندێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە ڕۆژنامەنووسان: (فەرهاد عەونی/ نەقیبی ڕۆژنامەنووسان، حامید محەمەد عەلی، ئەکەد موراد، خالید بەکر ئەییوب/ ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا)، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٧ لە شارۆچکەی عەنکاوە، چاویان بە بەڕێز (ماریو کریفو) مولحەقی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری/ تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەغدا. کەوت.

لە سەرەتای دیدارەکەدا بەڕێز (کریفۆ)



خۆشحاڵی خۆی بەدیدارەکە دەربڕی و ئاماژەی بەوەکرد کە ماوەیەکی کەمە لە هەرێمی کوردستاندا دەست بەکاربوونەو ئەرکەکانیشیان تایبەتن بە هۆیەکانی راگەیاندن و کاروباری رۆشنبیری و پەروەردەیی لە هەرێمدا.

ئینجا نەقیبی رۆژنامەنووسان سوپاسی بەڕێزیانی کردو سەبارەت بە پێکهاتە ئیئتیلافییەکەی سەندیکا دوا کە نوێنەرانی هەموو لایەنێکی سیاسی و نەتەوەیی دەگرێتەخۆ.

هەروەها جەختی لەسەر پێویستییەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد کە بریتین لە کردنەوەی خول لە دەرەوەو ناوەوەی هەرێمدا لەپێناو گەشەسەندنی توانای رۆژنامەنووسان و فراوانکردنی پانتایی شارەزاییان.

پاشان کورتە باسێکی سەبارەت بەمێژووی رۆژنامەگەری کوردی پێشکەشکردو هیوای خواست رۆژنامەگەری کوردستان لەلایەن هاورێیانییەوە پشتگیری بکرێت..

دواتر ئاماژەی بەوەکرد کە سەندیکا (٣) سێ یاسای پێشکەش پەرلەمانی کوردستان کردووە، دوانیان پەسندکراون و سێهەمینیشیان کە (یاسای کاری رۆژنامەنووسییە) چاوەڕێی رەزامەندی و پەسەندکردن دەکات، سەبارەت ئەم یاسایەش بەڕێز نەقیبی رۆژنامەنووسان گوتی: لەم یاسایەدا سزای بەندکردنی رۆژنامەنووس نەماوەو تەنها بە (غەرامە) سزا دەدرێت.

هەروەها رێز لە نووسینگەو ماڵی رۆژنامەنووس دەگیرێت و بەهیچ جۆرێک نابێت بپشکنرێن و ئازادی بیرورا دەربڕینیش لەم یاسایەدا پارێزراوە..

لە کۆتایی دیدارەکەدا بەڕێز (کریفو) ئاماژەی بەوەدا کە بەرنامەیەکیان بۆ راهێنانی رۆژنامەنووسان لە عەمان و ئەمریکا لە ژێر دەستە، ئەم بەرنامەیەیش بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کاری پێدەکرێت.

هەروەها بەڕێزیان پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی بەرز نرخاندو سوپاسی سەندیکای کردو گوتی: ئەمە باشترین دەستپێشخەرییە. جەختیشی لەسەر کاری هاوبەش لەنێوان هەردوولا کردەوە..

* * *

# سەندیکا برە یارمەتییەکەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان IFJ بەسەر بنەماڵەی ڕۆژنامەنووسە شەهیدەکان دابەشدەکات



لە ڕێوڕەسمێکدا کە ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/١٤ لە بارەگای سەندیکا لە شاری هەولێردا بەڕێوەچوو، ئەو برە یارمەتییەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان (IFJ) بەسەر بنەماڵەی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس دابەشکرا.. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان و عێراق و جیهاندا دەستپێکرد.

پاشان نەقیبی ڕۆژنامەنووسان گوتەیەکی پێشکەشکرد، تیایدا جەختی لەسەر ئەوە کرد کەوا سەندیکا هەردەم لە خەمی ئەوەدایە باشترین خزمەت پێشکەش بە ڕۆژنامەنووسان بکات بەتایبەتی بنەماڵەی ڕۆژنامەنووسە شەهیدەکان، هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کەوا سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی پێی ڕاگەیاندووە کەوا سندوقێکی جیهانی بۆ یارمەتیدانی بنەماڵەی شەهیدانی ڕۆژنامەگەری دامەزراوەو بێگومان ئەم یارمەتییەش شەهیدانی ڕۆژنامەگەری کوردستانیش دەگرێتەوە..

شایانی باسە ئەم برە یارمەتییە کە (٤١٢) یۆرۆ بوو بنەماڵەی (١٧) شەهیدی ڕۆژنامەنووسی گرتەوە. شایانی باسە سکرتێری سەندیکا (زیرەک کەمال) و ئەندامانی ئەنجومەن (حامد محەمەد عەلی و ئەکەد موراد و خالید بەکر ئەیوب) و سکرتێری لقی موسڵ و سەرۆک و ئەندامانی لێژنەی چاودێری و نوێنەرانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئامادەی ڕێوڕەسمەکە بوون..

* * *

# لە سلێمانی و كەركووكدا یارمەتییەكەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان IFJ بەسەر كەس و كاری شەهیدانی رۆژنامەنووس دابەشدەكرێت

لە رۆژی (١٤)ی شوباتی ٢٠٠٧ و لە بارەگای لقی سلێمانی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان و بە ئامادەبوونی (مستەفا ساڵح كەریم) جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان و (فەرید زامدار) سكرتێری لقی سلێمانی سەندیكاو (ئەنوەر حسێن و سۆزان مامە) ئەندامانی ئەنجومەن برە یارمەتییەكەی (IFJ) كە (٤١٢) یۆرۆ بوو، پێشكەش بە كوڕی رۆژنامەنووسی شەهید (محەمەد سەنگاوی) كرا، ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەم رۆژنامەنووسە لە بەغدا بە دەستی چەپەڵی تیرۆریستان شەهید بووە.

بەڕێز جێگری نەقیب لە گوتەیەكیدا رۆڵی رۆژنامەنووسان لە بواری وەستان دژی تیرۆرو تیرۆریستان بەرز نرخاندو سوپاسی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی (IFJ) كردی، پاشان سكرتێری لقی سلێمانی ئاماژەی بە رۆڵی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان لە پێناوخزمەتكردنی رۆژنامەنووسان، بەتایبەتی رۆژنامەنووسە شەهیدەكان كرد.

بە هەمان شێوەش (ئەنوەر حسێن) ئەندامی ئەنجومەن بۆ ئامادەبووان دوا.. لە كۆتاییدا كوڕی شەهید سەنگاوی سوپاسی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كرد بۆ ئەم بایەخدانە..

### كەركووك

هەروەها لقی كەركووكی سەندیكا لە رۆژی (٢٠٠٧/٢/٢٢) لە بارەگای لقدا. رێورەسمی دابەشكردنی برە یارمەتییەكی (IFJ) سازكردو ئەندامانی دەستەی كەركووك و نوێنەرانی كەناڵەكانی راگەیاندن و كەسوكاری شەهیدانی رۆژنامەنووس ئامادە رێورەسمەكە بوو.

لە سەرەتادا ئامادەبووان دەقیقەیەك وەستان بۆ رێز لێنان لە گیانی پاكی شەهیدان، دواتر سكرتێری لق (شێخ سدیق ئەحمەد) گوتەیەكی پێشكەش كرد تیایدا كورتەیەك لە ژیانی رۆژنامەنووسە شەهیدەكان كە لەكاتی جێبەجێكردنی ئەركەكانیاندا شەهید بوونە خستە روو، هەروەها سوپاسی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) بۆ ئەم برە یارمەتییە كرد.

لە كۆتاییدا یارمەتییەكەی (IFJ) كە (٤١٢) یۆرۆ بووبۆ هەر شەهیدێك، بەسەر كەسوكاری رۆژنامەنووسە شەهیدەكان (سامان عەدوی عەبدوڵڵا، خەلیل عەبدوڵڵا، لایق ئیبراهیم كاكەیی، محەمەد رەزا محەمەد) دابەشكرا...

* * *

# هەرێمی كوردستان یەكەم هەرێمە لە ناسنامەیەكی نێودەوڵەتیدا هێمای بۆ دابنرێت

رۆژی (١٦)ی مانگی شوباتی ٢٠٠٧، (شێركۆ حەبیب) سكرتێری مەكتەبی پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەندیكا، سەردانی بارەگای سەرەكی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسانی كردو لەگەڵ بەڕێز (ئایدان وایت) سكرتێری گشتی فیدراسیۆن سەبارەت بەشداربوونی شاندی سەندیكا لە كۆنگرەی (٢٦)ەمینی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی دوا،

ئەم كۆنگرەیـەش بڕیارە لە ڕۆژانی (٥/٢٨ – ٢٠٠٧/٦/٢) لە (مۆسـكۆ)ی پایتەختی ڕووسیا ببەسـترێت.بەڕێز (وایـت) لـە دیدارەكـەدا خۆشـحاڵی خۆی بە بەشـداربوونی شـاندی سەندیكا دەربڕی..

لـە تەوەرێكـی دیكـەدا سـكرتێری پەیوەندییەكانی دەرەوە داوای لە سـكرتێری گشتی فیدراسیۆن كرد كەوا ناوی (كوردستان) لەسەر ئەم ناسنامە نێودەوڵەتییەی فیدراسیۆن دەریدەكات دابنرێت، هەر لەم دیدارە بڕیاردرا هێمـای (I.K) كە واتای (كوردسـتانی عێراق) دەبەخشێت لەجیاتی (IRQ) لەسەر ناسنامەكە بچەسپێت، بەمەش هەرێمی كوردستان دەبێتە یەكەم هەرێم كە هێماكەی لەسەر ناسنامەیەكی نێودەوڵەتیدا دادەنرێت..

هـەر لە میانی سـەردانەكەیدا سـكرتێری پەیوەندییەكانـی دەرەوە، چـاوی بـە (مونیر زەعرور و ئۆلیڤەر مونی) كەوت و سەبارەت بە كردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ ڕۆژنامەنووسان كوردستان گفتوگۆیان كرد..

* * *

# دابەشكردنی پارچە زەوی نیشتەجێبوون بەسەر ڕۆژنامەنووساندا



ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٢١ لـە بارەگای سـەندیكا لـە شـاری هەولێـردا ئەنجومەنی سـەندیكا كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنووسی بەست. لە میانی ئـەم كۆنگرەیەدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسـان لە گوتەیەكیدا ئامـاژەی بەوەدا. كەوا سـەندیكا بـە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوەدایە دروشـمە سـەرەكییەكەی جێبەجـێ بكات و لە بواری دابینكـردن و چەسـپاندنی ئازادییـەكان و فراوانكردنیان و داكۆكی لە ڕۆژنامەنووسـان هەر لـە ڕۆژی دامەزراندنییەوە كۆششـێكی زۆری كردووەو لەم دواییەشدا لە بەرواری ٢٠٠٦/١٠/١٧پـڕۆژەی (یاسـای كاری

ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا) خستۆتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان.

سەبارەت دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش، ئەوا سەندیکا هەوڵی ئەوی داوە پارچە زەوی نیشتەجێبوونیش بۆ ڕۆژنامەنووسان دابین بکات، کە تاکو ئێستا (٣) وەجبە دابەشکراوە، لە هەولێر (٦٠٠) پارچە، لە کەرکووک (٢٠٠) پارچەو لە سلێمانی و دهۆکیش بەهەمان شێوە، وەجبەی سێیەمیش کە لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥ پێشکەشی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم کرا (١٨٩) پارچە زەوی بووە ئەم ڕۆژنامەنووسانەی سوودمەند نەبوونە دەگرێتەوەو ڕەزامەندی بۆ وەرگیراوە. لەلایەکی دیکەشەوە نەقیبی ڕۆژنامەنووسان ئاماژەی بەوەدا کەوا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بایەخ بە سەندیکا دەدات و لەم ڕووەوەش بەڕێزیان ڕەزامەندی بۆ دروستکردنی بارەگایەک بۆ سەندیکا دەربڕیوە، هەروەها نەقیبی ڕۆژنامەنووسان باسی لە تەرخانکردنی (٤) کوررسی خوێندن لەلایەن وەزارەتی خوێندن باڵاوە بۆ ڕۆژنامەنووسان کرد، کە دووانیان لە زانکۆی سەلاحەدینەو دوانی دیکەش لەزانکۆی سلێمانییە..

هەر لە میانی کۆنگرەدا (حامد محەمەد عەلی) ئەندامی ئەنجومەن ڕایگەیاند کەوا لە مانگی ئاداری ٢٠٠٧ دەست بە دابەشکردنی مووچەی ڕۆژنامەنووس شەهیدەکان و کۆچکردووەکان دەکرێت.

شایانی باسە ڕۆژنامەنووسان (زیرەک کەمال) سکرتێری سەندیکاو (ئەکەد موراد و حامد محەمەد عەلی و خالید بەکر ئەییوب) ئەندامانی ئەنجومەن و ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران ئامادەی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکە بوون..

❊ ❊ ❊

# بەیاننامەی نارەزایی

**ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا نیگەرانی خۆی سەبارەت بە هەڵکوتانەکەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر بارەگای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی لە بەغدا دەربڕی.. ئەمەی خوارەوەش دەقی بەیاننامەکەیە:**

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی هەڵکوتانەکەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق لە بەغدا (بە شێوەیەکی نایاسایی)مان پێگەیشت.

ئێمە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان نارەزایی و نیگەرانی خۆمان بەرامبەر ئەم پێشێلکارییە بۆ سەر یەکێک لە دامەزراوە گرنگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراقدا دەردەبڕین..

هەروەها لەکاتێکدا داوا لە لایەنی بەرپرس لەم پێشێلکارییە دەکەین. کەوا پارێزگاری لە حورمەتی دامەزراوە مەدەنییەکان و بارەگای سەندیکاکان بکەن. جەختیش لەسەر ئەوە دەکەینەوە کەوا پێویستە ئەم جۆرە کارانە لە ئاییندەدا دووبارە نەبنەوەو پشتگیریش لە هاوکارانمان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق دەکەین.

**ئەنجومەنی سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٧/٢/٢٠**

**دوا بەدوای ئەم بەیاننامەیە هاوکارانمان (شەهاب تەمیمی) نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراق و (موئەیەد لامی) ئەمینداری گشتی سەندیکای عێراقی.. سوپاسنامەیەکیان ئاراستەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کردو ئەمەی خوارەوەش دەقی سوپاسنامەکەیە:**

برای بەڕێز مامۆستا فەرهاد عەونی/ نەقیبی

ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

برای بەڕێز مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم/ جێگری نەقیب.

برای بەڕێز مامۆستا شێرکۆ حەبیب/ سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

برایانی بەڕێز ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا.

هەڵوێستە پیشەییە جوامێرانەکانتان بە پشتگیری سەندیکاکەمان و مەحکوم کردنی هێرش کردنە سەر بارەگاکەی و شکاندنی کەلوپەلەکانی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە..

بەرز دەنرخێنین..

سوپاس و پێزانینمان دەردەبڕین...

بەرەو پەیوەندی توندو تۆڵتر و پتەوتر لەنێوان هەردوو سەندیکاکەمان و لەنێوان ڕۆژنامەنووسانی هەردوولا.

لەگەڵ ڕێزماندا...

**شەهاب تەمیمی**

**نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی**

**موئەیەد لامی**

**ئەمینداری گشتی سەندیکای**

**ڕۆژنامەنووسانی عێراق**

❊ ❊ ❊

# لە کۆبوونەوەیەکدا
# ئەنجومەنی سەندیکا چەندین بڕیار دەردەکات

بە ئامادەبوونی تەواوی ئەندامەکانی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان. سەرلەبەیانی ڕۆژی (١٠)ی مانگی ئاداری/٢٠٠٧، لە بارەگای سەندیکا لە شاری هەولێر کۆبوونەوەیەکی بەست.

لەم کۆبوونەوەیەدا چەندین خاڵ تاوتوێکرا. لەمیانیاندا:

* هەموو ئەو کارانەی پەیوەندیدارن بە دووەمین کۆنگرەی گشتی کە بڕیارە لە کۆتایی هاوینی ئەمساڵدا ببەسترێت.

* دانانی بەرنامەیەک. بە مەبەستی ئاهەنگێران بەرۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی لە (٢٢)ی نیسان.

* ئەوەی پەیوەندیدارە بە (٢٦)ەمین کۆنگرەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان (IFJ).

* تاوتوێکردنی چالاکییەکانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

* چەند خاڵێکی دیکەی پەیوەندیدار بە کاری سەندیکایی. سەبارەت بە بەستنی کۆنگرە بڕیاردرا ڕۆژی (٢٠٠٧/٦/١) وەک دوا کات بۆ تازەکردنەوەی ناسنامەی ئەندامان دەستنیشان بکرێت. بۆ ئەوەی بوار برەخسێت بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە کە لە (٦/١٥ تا ٨/١٥) لەلایەن لقەکانەوە بەڕێوەدەچێت، هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندنیش نوێنەری خۆی بۆ کۆنگرە هەڵدەبژێرێت بە ڕێژەی (٥٪)..

هەروەها بڕیاردرا ڕۆژانی (٢٩-٤/٣٠ و ٥/١) بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ لقەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی بە ئامادەبوونی نوێنەرانی (IFJ) و (UN) دەستنیشان بکرێت.

ئەم کۆبوونەوەیەش بە مەبەستی هەماهەنگی لەنێوان سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی دەبەسترێت.

ڕۆژانی (٤/٢ تا ٤/٩)یش بۆ میوانداری شاندی ڕێکخراوی (پەیامنێرانی بێ سنوور) دەستنیشانکرا، کەوا بڕیارە ئەم شاندە بە مەبەستی ئاگاداربوون لەکاری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاناو دابەشکردنی یارمەتی بەسەر خێزانی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس و بریندارانی ڕۆژنامەگەری سەردانی هەرێم بکات.. دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژیش ئەنجومەنی سەندیکا لەگەڵ سکرتێری لقەکانی (سلێمانی – کەرکوک – دهۆک – موسڵ – بەغدا) کۆبوونەوەیەکی دیکەی بەست، هەمان خاڵەکانی کۆبوونەوەکەی بەیانی گفتوگۆیان لەسەرکرا...

***

# نوێنەری ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور سەردانی بارەگای سەندیکا دەکات

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٢١ بەڕێز (فردریکۆ بارۆییتا) سەرۆکی نێردراوی پزیشکانی بێسنووری، سەردانی بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کردو لەلایەن (فەرهاد عەونی) نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و (ئەکەد موراد) ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا پێشوازی لێکرا..

لەدیدارێکدا سەرۆکی نێردراوەکە ئامانجی سەردانەکەی ڕوونکردەوە کە بریتییە لە سوود وەرگرتن لە کاری ڕاگەیاندن لە کوردستاندا لەپێناو خستنەڕووی چالاکییەکانی نێردراو کە لەکاتی ڕوودانی کارەساتەکاندا یارمەتی و فریاگوزاری سەرەتایی پێشکەش بە بەرکەوتووەکان دەکات، لەلایەن خۆیەوە نەقیبی ڕۆژنامەنووسان ئامادەباشی بۆ پێشکەشکردنی هەموو جۆرە یارمەتییەک لەم بارەیەوە دەربڕی..

***

# شاندی پەیامنێرانی بێسنوور سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات

لەسەر بانگهێشتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و بە مەبەستی ئاگاداربوون لە واقیعی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانداو بەسەرکردنەوەی دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمدا، شاندێکی پەیامنێرانی بێسنوور دوای نیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٠٧/٤/٢) بۆ ئەنجامدانی گەشتێکی یەک هەفتەیی گەیشتە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.

شاندەکەش پێکهاتبوو لە (روبیر مینار/ سەرۆکی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، لیۆنیل تۆمسۆن/لە ڕادیۆ فەرەنسای نێودەوڵەتی، ئەندریس ئەلمۆند/ سەرۆکی بەشی نێودەوڵەتی لە ڕۆژنامەی تریبۆن "D"، ئۆلیڤی/ وێنەگری ڕۆژنامەنووسی لە هەمان ڕۆژنامە، دکتۆر قەیس عەزاوی/ سەرۆکی لێژنەی نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاریکردنی ڕۆژنامەنووسان، د.وەساب سەعدی/ سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەکان سەبارەت بە عێراق، د. حوسنی عوبیدی/ بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەکان دەربارەی جیهانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست).

شاندی مێوان سەر لە بەیانی ڕۆژی (٤/٣) لەگەڵ ئەنجومەنی سەندیکا کە پێکهاتبوو لە ڕۆژنامەنووسان (فەرهاد عەونی/ نەقیب، زیرەک کەمال/ سکرتێری سەندیکا، حامد محەمەد عەلی و ئەکەد موراد و خالید بەکر ئەییوب/ ئەندامانی ئەنجومەن و شێرکۆ حەبیب سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە) کۆبووەو لە سەرەتادا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان سەبارەت پێکهاتە ئیتیلافییەکەی سەندیکا دواو کورتەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی و دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامە بەنێوی کوردستان لە ساڵی (١٨٩٨ز) لە شاری (قاهیرە) پێشکەشکرد.

دواتر ئاماژەی بە پێویستییەکانی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە بواری ڕاهێنان و پێگەیاندندا کردو سەبارەت بە ئازادی بیروڕا دەربڕینیش نەقیبی ڕۆژنامەنووسان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کەوا هیچ سانسۆرێک لەسەر ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا نییەو هەموو کەسێکیش ئازادە لە دەربڕینی بیروڕاکانی بە مەرجێک زیان بە ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی نەگەیەنێت و بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان بە خراپە ناو نەهێنێت.

هەروەها باس لە پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی کرا، کەلە (٢٠٠٦/١٠/١٧)ەوە



بە مەبەستی پەسندكردنی پێشكەش پەرلەمانی كوردستان كراوە. لە بەرامبەردا رۆژنامەنووس (روبیر مینار) بەناوی شاندەكەوە سوپاسی ئەنجومەنی سەندیكای كردو پشتگیری خۆی بۆ رۆژنامەنووسانی كوردستان دەربڕی و پرۆژەی یاسای كاری رۆژنامەنووسی بەرزنرخاندو بە هەنگاوێكی پێشكەوتووی وەسف كرد.

لە كۆتایی كۆبوونەوەكەدا نەقیبی رۆژنامەنووسان دروشمی سەندیكای وەكو دیاری پێشكەشی سەرۆكی شاندەكە كرد.

**سەردانی دەزگاكانی راگەیاندن لە هەولێر**

دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ.. شاندەكە سەردانی بارەگای دەزگاكانی راگەیاندن لە شاری هەولێر كرد، كە ئەم دەزگایانە بوون: (نووسینگەی رۆژنامەی كوردستانی نوێ و " الاتحاد"، تەلەفزیۆنی یەكگرتووی ئیسلامی، بارەگای رۆژنامەی رێگای كوردستان، بارەگای رۆژنامەی خەبات، رۆژنامەی جەماوەر، راگەیاندنی بزووتنەوەی دیموكراتی ئاشووری، كۆمەڵەی رۆشنبیری كلدان، كەناڵی ئاسمانی عەشتار). لە هەریەك لەم دەزگایانە.. باس لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی كاروبارەكان كراو پێویستییەكانی رۆژنامەنووسان (بە كردنەوەی خولی راهێنان) خرانە روو.

**رێورەسمی دابەشكردنی یارمەتییەكەی رێكخراوی پەیامنێرانی بێسنوور**

دوای نیوەڕۆی رۆژی (٢٠٠٧/٤/٤) لە بارەگای سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی كوردستان رێوڕەسمی دابەشكردنی یارمەتییەكەی رێكخراوی پەیامنێرانی بێسنوور بەسەر بنەماڵەی شەهیدانی رۆژنامەنووس بەڕێوەچوو...

لە سەرەتای رێوڕەسمەكەدا (فەرهاد عەونی) نەقیبی رۆژنامەنووسان گوتەیەكی پێشكەشكرد، تیایا جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كەوا سەندیكای رۆژنامەنووسان هەموو دەم لە خەمی رۆژنامەنووسانی كوردستان بووەو لە داكۆكی كردن لێیان درێغی نەكردووە. لە پێشەوەی ئەم بایەخدانەش خێزانی رۆژنامەنووسە شەهیدەكان بووە.

ئینجا ئەو بڕە یارمەتییەی رێكخراوی پەیامنێرانی بێسنوور كە (٥٠٠) دۆلار بوو بۆ هەر خێزانێك لەلایەن سەرۆكی رێكخراوەكە بەسەر كەس و كاری شەهیدان دابەشكرا، دواتر رۆژنامەنووس (روبیر مینار) لە گوتەیەكیدا هاوخەمی خۆی بۆ خێزانی شەهیدان دەربڕی و گوتی: (من هەست بە شانازی دەكەم كە دەبینم كچی شەهیدێك لەسەر رێبازی باوكی دەڕواو كاری رۆژنامەنووسی دەكا، دیسان هەست بە پەژارەیی دەكەم كە دەبینم كچە شەهیدێك كە لە تەمەنی كچەكەمە لەگەڵ دایكیكدا بۆ ئەم رێوڕەسمە هاتووە، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە كردەوە، كەوا ئەم بڕە یارمەتییە شتێكی ئەوتۆ نییە بەرامبەر ئەم قوربانییە گەورەیەی ئەم شەهیدانە داویانە).

لە كۆتاییدا كوڕی رۆژنامەنووسی شەهید (مەهدی خۆشناو).. گوتەیەكی پێشكەشكردو سوپاسی رێكخراوی پەیامنێرانی بێسنوورو سەندیكای رۆژنامەنووسانی كرد. بۆ ئەم گرنگیدانە بە شەهیدانی رۆژنامەنووس...

لەمیانی سەردانەکەشیدا شاندی میوان سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کردو لەلایەن (عەدنان موفتی) سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لێکراو هەروەها سەردانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین کردو لەلایەن بەڕێزان وەزیری خوێندنی باڵاو سەرۆکی زانکۆ بە گەرمییەوە پێشوازیکرا.

**شاندی میوان سەردانی سلێمانی و دهۆک دەکات**

نیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٠٧/٤/٥) شاندی میوان بەیاوەری نەقیبی ڕۆژنامەنووسان بەرەو شاری سلێمانی بەڕێکەوتن و لە دەروازەی شاردا لەلایەن بەڕێزان جەوهەر کرمانج یاریدەدەری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ کاروباری ڕۆشنبیری و جێگری نەقیب و سکرتێری لقی سلێمانی پێشوازییەکی گەرم لە شاندەکە کرا.

لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا و لەهۆڵی هۆتێلی (سلێمانی پالاس) بڕە یارمەتییەکەی ڕێکخراوی بێسنوور کە (٥٠٠) دۆلار بوو بۆ خێزانی هەر شەهیدێک لەلایەن بەڕێز (روبیر مینار) سەرۆکی ڕێکخراوەکە بەسەر کەسوکاری ڕۆژنامەنووسە شەهیدەکان دابەشکرا.

لە درێژەی سەردانەکەی بۆ شاری سلێمانی. شاندی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور سەردانی هەردوو بارەگای ڕۆژنامەکانی (هاوڵاتی و ئاوێنە) و کەناڵی ئاسمانی کوردسات کرد.

سەر لە بەیانی ڕۆژی دواتریش شاندەکە سەردانی شاری (هەڵەبجە)ی شەهیدو گۆڕستانی شەهیدان لەشارەکەدا کرد.

لە نیوەڕۆی ٢٠٠٧/٤/٧ شاندەکە سەردانی مەزاری نەمران لە ناوچەی بارزان کردو لەوێشەوە سەرۆک و ئەندامانی شاندەکە بۆ شاری دهۆک بەڕێکەوتن و بە گەیشتنیان لەلایەن (فەهیم عەبدوڵڵا) ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا و سکرتێرو ئەندامانی دەستەی کارگێڕی لق پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا..

دواتر لەهۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆی دهۆک بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرسانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵێ لە ڕۆژنامەنووسان کۆبوونەوەیەکی فراوان بەسترا..

ڕۆژی دواتر شاندەکە سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆی دهۆک و سەنتەری ئەنفال و کۆمەڵگای (مازێ)یان کردو بەسەر چیای (شندۆخە) کەوتن.

لە ڕێگەی گەڕانەوەشدا سەردانی پەرستگای (لالش)یان کرد.

نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٩ سەرۆک و ئەندامانی شاندی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور هەولێری پایتەختی کوردستانیان جێهێشت و بەرەو پاریسی پایتەختی فەرەنسا بەڕێکەوتن و لەلایەن نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە بە گەرمییەوە بەڕێخران...

* * *

# ڕاوێژکاری کاروباری ئابووری لە باڵیۆزخانەی کۆماری چیک.. سەردانی بارەگای سەندیکا دەکات

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/١ (دکتۆر خەلیل شمە) ڕاوێژکاری کاروباری ئابووری لە باڵیۆزخانەی کۆماری چیک بە یاوەری (دکتۆر قاسم مەندەلاوی) مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەدین، سەردانی بارەگای سەندیکایان کرد و لەلایەن (فەرهاد عەونی) نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و (شێرکۆ حەبیب) بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا پێشوازییان لێکرا.

لەم دیدارەدا واقیعی کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا و پێویستییەکانی ڕۆژنامەنووسان بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان تاوتوێکرا.

* * *

# تەقینەوەیەک
# لە نزیک بارەگای لقی کەرکووکی سەندیکا

ڕۆژی دوو شەممە ٢٠٠٧/٤/٢ تیرۆریستێک کە ئۆتۆمبێلێکی بەمین چێنراوی لێدەخوڕی لە گەڕەکی ڕەحیماوە لە شاری کەرکووک. لەپشت بارەگای لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بە ئۆتۆمبێلێکەوە خۆی تەقاندەوە، ئەمەش بووە هۆی شەهید بوونی (٢٥) کەس و بریندار بوونی زیاتر لە (١٥٨) کەس.

ئەم تەقینەوەش زیانێکی گەورەی بە بارەگای لقی کەرکووکی سەندیکا گەیاند.

* * *

# سەرۆکی دەزگای (المدی) ٢٠ ملیۆن دینار
# دەبەخشێتە لقی کەرکووک

دوا بەدوای تەقینەوەیەکی نزیک بارەگای لقی کەرکووک..

ڕێزدار (فەخری کەریم زەنگەنە) سەرۆکی دەزگای (المدی) (٢٠) ملیۆن دیناری بەخشییە لقی کەرکووکی سەندیکا بە مەبەستی نۆژەنکردنەوەی بارەگاکەی.

ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش سەبارەت بەم دەست پێشخەرییە نامەیەکی سوپاس و پێزانینی ئاراستەی بەڕێزیان کرد..

* * *

# دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دیانا)
# سەردانی بارەگای سەندیکا دەکات

سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/٢٨ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دیانا) کە لە شارۆچکەی (دیانا) دەردەچێت، سەردانی بارەگای سەندیکای کردو لەلایەن نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەن پێشوازییان لێکرا.

لەم دیدارەدا دەربارەی گرنگی دەرچوونی گۆڤارو ڕۆژنامە بۆ نەتەوە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان کراو ئەنجومەنی سەندیکا هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن، لە بەرامبەریشدا دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دیانا) سوپاسی ئەنجومەنیان کرد، بۆ ئەم پشتگیرییە.

* * *

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان یادی (١٠٩) ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی پیرۆز دەکات

لە ٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێکدا رۆژنامەنووسان و نووسەران و رۆشنبیرانی کورد لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان یادی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی دەکەنەوە، کە ئەویش (کوردستان)ەو لەسەر دەستی نەوەکانی بنەماڵەی خانەدان و رۆشنبیر و نیشتمانپەروەری بەدرخانیەکان پێشی (١٠٩) ساڵ لە شاری (قاهیرە)ی پایتەختی میسر لەدایک بوو. بەوشێوە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە مێژووی پڕ لە ناسۆر و کارەساتی گەلی کورد و، لەوکاتەوە چەندین هەوراز و نشێوی سەختی بڕیوە تا بەم قۆناغەی ئەمڕۆی گەیشتووە، کەلانی کەم لەم بەشەی کوردستاندا هەنگاوی زۆر گەورەی ناوەو بە ئومێدی خوا ئاسۆیەکی گەش چاوەڕوانی دەکات.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سەرفرازە کە لەم یادە گەشەدار و پڕشکۆیەدا، پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی سەرجەم رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی کورد بکات، و پەیمانی ئەوەیان پێ دەدات کە وەک ساڵانی پێشوو زیاتریش لە ئاست بەرپرسیاری نیشتمانی و پیشەیی خۆیدابێت و، بێ وچان لە خەمی بەرجەستەکردنی دروشمی سەرەکی خۆیدا بێت:

(لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و، دابین کردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان)..

ئەمڕۆکە پێکەوە ئەو یادە بەرز رادەگرین، بەختەوەر و ئاسوودەین کە بەگوێرەی تواناو بۆ رەخسان، لە خزمەتی رۆژنامەنووساندا بووین و، داکۆکیمان لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان کردووەو، وەک بەشێک لە ئەرکەکانی خۆی و، بەهاوکاری و یەکریزی هەموولا، سەندیکا چەندین دەسکەوتی گرنگی بۆ رۆژنامەنووسان دابین کردووە، ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان ئەم یادە بە هەل و دەرفەتێکی گونجاو دەزانێت، بۆ ئەوەی جەخت لەسەر دروشمەکەی خۆی بکاتەوەو، پشتگیری خۆی بۆ ئازادی رۆژنامەنووسی دووپات بکاتەوە.

هەروەها ئەم یادە بە گونجاوترین دەرفەت دەزانین بۆ ئەوەی بانگهێشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان بکەین کە ئازادی و بەرپرسیاری بکەنە دووڕووی پیشەکەیان و پەیامی رۆژنامەگەری بکەنە هەوێنی چاکسازی و، رێز لە تایبەتمەندی و پیرۆزییەکانی گەلەکەمان بگرن، چونکە بێگومان رۆژنامەگەری دەتوانێت رۆڵی زۆر مەزن بگێڕێت لە پرۆسەی گۆڕان و گەشەپێدانی مرۆییدا، کە گەلەکەمان لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدایە و، پێویستی بە هاوکاری و پشتیوانی هەموو لایەکمانە.

هەروەها داواش لە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان دەکەین کە رێزی زیاتر لە کاری رۆژنامەگەری بگرێت و وەک ئامرازێکی شارستانی و نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

لە هەمان کاتدا چاوەڕوانین کە پەرلەمانی کوردستان هەرچی زووتر پرۆژەی (یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان) پەسەند بکات، بۆ ئەوەی ببێتە بنەماو چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ئازادی رۆژنامەنووسی و پاراستنی مافی رۆژنامەنووسان.

بەرز و شکۆداربێت یادی رۆژنامەگەریی کوردی، سەرکەوتووبێت کاروانی بێ وچانی رۆژنامەگەریمان لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی هۆشیار و پێشکەوتوو و مەدەنی.

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**






جەمال شالی



ئیحسان فوئاد



کەریم زەند



عەبدوللا رەزا "ئەژدەر"
١٩٣٢-٢٠٠٧/١/١٤

# "ئەژدەر"ی رۆژنامەنووسیش کۆچی دوایی کرد

لە سەرەتای سالّی(٢٠٠٢)دا بوو، بە تەمابووین لێکۆڵینەوەیەک لەسەر گۆڤاری "رۆژی نوێ" بکەین، ئەوەبوو بەدوای یەکبەیەکی ئەندامانی "دەستەی نووسین"دا گەڕاین، محەمەد ئەحمەد تەها "کامەران موکری"ی سکرتێری نووسین و "موحەرەم محەمەد ئەمین"ی دەستەی نووسین کۆچی دواییان کردبوو، قسەمان لەگەڵ "جەمال شالی"ی خاوەن ئیمتیازو ئیحسان فوئاد و عەبدوللا رەزا "ئەژدەر" و کەریم زەندی ئەندامانی دەستەی نووسین کردو وێنەمان گرتن.

لەبەر ئەوەی "ئەژدەر"یان تازە نەشتەرگەری بۆ کرابوو، بۆ ماوەیەک پرۆژەکەمان راگرت، دواتر کاک "سدیق سالح"یش بابەتێکی لەسەر ئەم گۆڤارە لە ژمارە (١١ -١٢)ی رۆژنامەڤانی بلاوکردەوە، ئەوەی شایانی باسە "رۆژی نوێ" گۆڤارێکی "ئەدەبی، سیاسی، کۆمەلایەتی" بووە، ژمارە (١) نیسانی (١٩٦٠)دا دەرچووە، مانگانە بووە، (١٨) ژمارەی بە رێک و پێکی لێ دەرچووە، لە ئەنجامی بەرپابوونی شۆرشی ئەیلول داخراوە.

# ROZHNAMANOOS

*Aperiodical magazine specialized in press*
*Issued by Kurdistan Journalist's Syndicate*